ئایا دیموکراسی هەناردە دەکرێ؟

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

زۆڵتان بارانی **ڕۆبێرت مۆزەر**

ئایا دیموکراسی هەناردە دەکرێ؟

لە عەرەبییەوە

حەمە ڕەشید

2022

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ناوی کتێب: ئایا دیموکراسی هەناردە دەکرێ؟

نوسەر: زۆڵتان بارانی و ڕۆبێرت مۆزەر

وەرگێڕان: حەمە ڕەشید

بابەت : لێکۆڵینەوە

دیزاینی بەرگ: ساسان هۆندی

دیزاینی تێکست: ساسان هۆندی

چاپی یەکەم: 2022

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (1950)ی ساڵی 2022 پێدراوە.

لەسەر ئەرکی (دەزگای مرۆیی مام) چاپکراوە

Title: Is Democracy Exportable?
Author: Zolatn Barany and Robert G.Moser
Translation: Hama Rashed
Cover Design: Sasan Honde
Interual Design:Sasan Honde
Third Edition: 2022
Isbn: 1950
Sponsored by: Mam Humanitarian Foundiation

ناوەڕۆك

گرووپەکەی ئێمە و هەناردە کردنی دیموکراسی 13

دیموکراسی و عەرەب 21

ئایا دیموکراسی هەناردە دەکرێ؟ 29

بەشداربووان.. 30

پێشەکی 35

دیموکراسی و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان 39

مشتومڕە نوێیەکە 45

چەند دید و بۆچوونێك.. 48

سەرچاوەکانی ئەو بەدگومانە تەقلیدییەی پەیوەستە بە دادپەروەری دیموکراسییەوە....... 57

جۆرێکی نوێ لە کۆماری دیموکراسی.. 65

گومانە هاوچەرخەکان و ئالەنگارییەکەی چەپی ڕادیکاڵ 72

وەڵامدانەوە کۆسمۆپۆلێتییەکەی کانت.. 75

ئەنجامگیری 79

پێشمەرجە بونیادییەکان... 85

سەرلەنوێ یەکخستنەوەی توێژینەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت 87

هەر دوو دۆخی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا 90

دۆخی ئەڵمانیا 90

دۆخی ئیتاڵیا 96

ئیسلامیزم 100

ئەنجامگیری 108

ڕووبەڕووبوونەوەی کولتور... 115

ئەندێشەکردنی کولتور 116

هەڵسەنگاندنی ئەنگێزەی کولتوری بەرامبەر بە دیموکراسی 119

لێبوردەیی.. 121

ڕۆحی یەکسانی... 128

لێبوردەیی، یەکسانی و مەیلی گشتی بەرامبەر بە دیموکراسی.............................. 133

هەڵسەنگاندنی خواستی کولتوری بەرامبەر پشتگیریکردنی دەرەکی بۆ دیموکراسی......... 135

ناسیونالیزمی توند و ناسیونالیزم نەرم 137

ناسیونالیزم و پشتگیریکارانی دیموکراسی 141

هەڵسەنگاندنی جۆرێتی ناسیونالیزم 143

کولتورو پشتگیریکردنی دیموکراسی دەرەکی: هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و ڕێنماییەکان 151

هەڵسەنگاندنێکی گشتی.. 151

ڕێنماییەکان 153

بەشی چوارەم ئایا دیموکراسی لەو کۆمەڵگایانەی بەقووڵی دابەشبوون، سەرکەوتوو دەبێت؟
.... 161

گرفتی ئەو ناسنامە دابەشبووانەی بنەمایەکی تایبفی و کولتوری بەهێزیان هەیە......... 162

کاتێك هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان، ململانێ کۆمەڵایەتییەکان توندتر دەکەنەوە 169

کاتێك هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان لە ئاستی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان کەم دەکەنەوە.. 177

دروستکردنی دیموکراسی: هێندێك پێشینەی نائومێدکارانەی مێژوویی...................... 182

ستراتیجییەتی ئاشتیخوازانە و ستراتیجییەتی نائاشتیخوازانە بۆ ئاوێتەکردنی کەمایەتییەکان
.... 187

چۆنێتی پشتگیریکردنی دیموکراسی لێبوردە 193

بەشی پێنجەم دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و کێشەی لێبوردەیی 199

دەسپێك.. 199

کورتە مێژوویەك دەربارەی بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنی 201

کێشەی جیاوازی و ڕژێمە دیموکراسییەکان.. 204

جیاوازی جەوهەریی و لێبوردەیی.. 212

ئەنجامگیری 222

دامەزراوەکان و پرۆسێسەکان 225
1 - پێناسەی ئەندازەیی هەڵبژاردن 230
سیستمەکانی هەڵبژاردن 230
یاسا لاوەکییەکانی هەڵبژاردن 231
دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن 231
کاریگەری نێودەوڵەتی 232
2 - ئامانجەکانی ئەندازەیی هەڵبژاردن: سنورداركردنی مەترسییەکان، کاتێك پارێزگاری لە سوودەکانی هەڵبژاردنی پێشبڕکێکارانە دەکرێت 232
هەڵبژاردن وەك میکانیزمێك بۆ کۆنتڕۆڵی ستەمگەرانە 234
سەرکەوتووە نادیموکراسییەکان 235
هەڵبژاردن و ململانێی ئەتنیکی 236
دوورخستنەوە: ژنان و کەمایەتییە ئەتنیکییەکان 238
سیستمە حیزبییە لاسەنگەکان یا ناجێگیرەکان 239
3 - ئەندازەیی هەڵبژاردن: ئاسۆ و کۆتوبەندەکان 240
ئەندازەیی هەڵبژاردن و براوە ناپەسەندەکان 241
چاودێرێکردنی هەڵبژاردن، هاوکارییە بیانییەکان و دەستکاریکردنی هەڵبژاردن 245
سیستمەکانی هەڵبژاردن و ململانێی ئەتنیکی 248
سیستمی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتیکردنی وەسفیی 250
سیستمەکانی هەڵبژاردن و سیستمی حیزبی 256
4 - ئاراستەکردنی (ڕێدۆزی) ئامانجەکانی پێشبڕکێ 261
ئەنجامگیری 263
بەشی حەوتەم ئایا گرنگە دەستوورێك چۆن دەنووسرێتەوە؟ 265
ساتەکانی دەستوور 265
ئایدیاڵ و پرۆسێسەکان 267
دیموکراسی 267

میانڕەوی 268
بەردەوامێتی 269
گریمانەکان.. 271
ئاڵەنگارییەکانی ئەزموون 273
داتاکان 275
ڕێکارە گشتگیرەکان... 276
بکەرە دامەزراوەییخوازەکان... 276
ڕاپرسی... 280
پێوانەکردنی بەجێهێنانی دەستوور 281
دیموکراسی.. 281
کۆتوبەندە سەپێنراوەکانی سەر دەسەڵاتی حکومەت 282
بەردەوامبوون 282
ئامارەکانی وەسفکردن... 282
شێوازی داتاکان.. 286
وێنەی 7-3: 291
وێنەی 7-4:.. 292
وێنەی 7-5: 293
ئەنجامگیری.. 294
بەشی هەشتەم... 297
بونیاتنانی سوپاکانی دیموکراسی 297
سوپای دیموکراسی چۆنە؟... 301
سەربازە تەوزیمییەکان یا خۆبەخشەکان؟ 301
دابەشکردنی ئەتنیکی-ئایینی.. 302
جێندەر و ناسنامەی سێکسی 303
هێزە چەکدارەکان وەك تاقیگەیەکی کۆمەڵایەتی................................. 303

تایبەتمافە سەربازییەکان.. 305
سەرپەرشتی کردنی مەدەنی 307
ڕاڤەکردنی سیاسەتی سەربازی لە ناوکۆییە هەمەجۆرەکاندا 309
پێشەوەری کۆنترۆڵی مەدەنی بەسەر هێزە چەکدارەکان لە قۆناغی پۆست ئیمپراتۆری.... 310
پلانەکانی پۆلێنکردن، تیورە خوازراوەکان و لێڕوانینە هەمەڕەنگەکان 312
بەراوردکردنی دۆخەکانی بیناکردنی سوپایەکی دیموکراسی.......................... 314
ڕژێمە حوکمڕانەکانی دوای حوکمڕانی دەستەبژێری سەربازی 314
قۆناغی دوای کۆمۆنیزم 323
ئەنجامگیری 332
بەشی نۆیەم 337
دیموکراتیزەکردن، ململانی و بازرگانیکردن.................................. 337
بەدیموکراتیزەکردن و جەنگ 338
مەترسییەکانی دیموکراتیزەکردنی ناتەواو.................................... 343
دیموکراتیزەکردن و جەنگ لە ڕوانگەی مێژووییەوە................................ 346
دیموکراتیزەکردن و ئەرکی بەجێهێنانی ئابوری.................................. 349
دیموکراتیزەکردن و بازرگانی لە ڕوانگەی مێژووییەوە............................. 352
ئەنجامگیری 360
بەشی دەیەم 363
ئایا هەناردەکردنی دیموکراسی سەرکەوتوو دەبێت؟ 363
لێکۆڵینەوەکەی پێشوو: چیمان فێر دەکات؟ 368
هاوکارییە دەرەکییەکان ئەمەریکا بۆ دیموکراسییەت: چەندە؟ 379
هاوکاری دیموکراسی: چ کاریگەرییەکی هەیە؟ 382
هەڵسەنگاندن.. 382
ئەنجامەکان 388
ئەنجامگیری 390

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

دووماییی... 395
ئایا دیموکراسی هەناردە دەکرێت؟... 395
هەناردەکردنی دیموکراسی 397
دیموکراسی وەك بیرۆکە 400
دیدوبۆچوونی گەل دەربارەی دیموکراسی.. 400
دیموکراسی - ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە حکومییەکان 403
هۆیەك بۆ تیامان و سڵکردەیی... 407
هاوکاری دیموکراسی 411
کێ؟.. 413
پێویستە چی بکرێت؟ 416
چ شتێك پێویستە وەلاوەبنرێت؟ 421
سەرچاوەکان... 429
MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی هاوڕێی زێدە خۆشەویستم "شوان ئەحمەد" دەکەم کە هەموو جارێك سەرەڕای سەرقاڵییەکانی خۆی، منیش ئەوەندەی دی سەرقاڵی دەکەم، کەچی زۆر بەسینگێکی فراوانەوە بابەتەکەم لێ وەردەگرێت و لەو سەریشەوە بە کۆمەڵێك خەتی سوورەوە بۆم دەگێڕێتەوە، هەروەها پێزانێکی زۆرم بۆ هاورێ و هاوسەنگەرم کاکە سەروەر (میرزا) هەیە کە زۆر بەوردی و کەوکۆژی لە بابەتەکە دەنوارێت و بەدەیان هەڵەم بۆ چاك دەکاتەوە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

گرووپەکەی ئێمە و هەناردە کردنی دیموکراسی

ڕەنگە سەرەتا ئەم سەردێرە کەمێك سەیر و نامۆ دەربکەوێت، بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم نووسینە و پاشان خوێندنەوەی کتێبەکە و کەمێك لێ ورد بوونەوە، ئینجا تێدەگەین چەند پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان هاوڕێیەتی گرووپەکەی ئێمە و ناوەڕۆکی ئەم کتێبەدا هەیە. زۆر بەکورتی ئێمە چەند برادەرێکین کە دەتوانم بڵێم شێوازی کۆبوونەوە و قسەکردن و دڵسۆزیمان بۆ یەکتری خۆی لە گرووپێکی بچووکدا دەبینێتەوە، ئەگەر چی کۆبوونەوەکانمان خۆڕسکی و هاوڕێیانەیە و تەنها وەفاداریمان بۆ یەکتری کۆمان دەکاتەوە و هیچ مەبەستێکی سیاسی یا ڕێکخراوەیی یا دەستەگەری لە پشت نییە، تەنیا ئەوەیە بەرێکەوت هەمووومان خەڵکی شارێکین. گەڕەك و قوتابخانە و زانکۆ ئەو هاوڕێیەتییەی خولقاندووە، بەڵام بەردەوامبوونی هاوڕێیەتیمان تاکو ئێستا و دیدار و کۆبوونەوەکانمان و بەسەر بردنی چەند ساتێکی خۆش و گێڕانەوەی چەندین سەربووردەی منالی و هەرزەکاری و سەردەمی زانکۆ و ڕووداوەکانی ئێستا، ئەوەندەی دی بەرۆح لە یەکتر نزیك بووینەتەوە، ئەگەر چی لە ئێستادا هێندێکمان لەو شارە ژیان ناکەین، بەڵام لە بچوکترین دەرفەتدا کۆدەبینەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی مەرگی نەگریس بەبێ پرس و لە ناکاو، رۆحی چەند هاوڕێیەکی لێ دزیوین، بەڵام دیسانەوە هەر کۆدەبینەوە و هەموو جارێکیش بە ناسۆرییەوە یادی ئەو هاوڕێیانەمان دەکەینەوە و قسە خۆش و سەربوردەکانیان بەسەر دەکەینەوە. گەر مێژووی هاوڕێیەتیمان بە ساڵانی تەمەنی خۆمانەوە بەراورد بکەین، دەبینین مێژوویەکی کورت نییە، بەڵام خۆشبەختانە بەدرێژایی ئەو ماوەیە و بە ئێستاشەوە، هیچ کۆسپ و تەگەرە و بەڵایەك، جگە لە وەیشومەی مەرگ، درزی نەخستۆتە نێوانمانەوە و لە یەکتری دانەڕیوین، بۆیە گەر لە ئاڵۆزی و بێئۆقرەیی ناوچەکە و عێراق و کوردستان بڕوانین، ئینجا دەزانین بەردەوامیدان بەوجۆرە هاوڕێیەتییە چەند قورسە، بۆیە دەبێت ئاستی ئەو ڕێز و خۆشەویستییەی نێوانمان چەند بێت تا بەدرێژایی ئەو ماوەیە و بە دوورکەوتنەوە و ئاوارەبوون و ناخۆشی و بژێوی ژیان، کەچی هێشتا دڵسۆزیمان بۆ یەکتر نەك لە کەمی نەداوە، بگرە رووی لە هەڵکشان کردووە، ئەوەشمان لە کاتی ناخۆشییەکاندا بۆ دەردەکەوێت. چەند مایەی سەرسووڕمان و مایەی ڕێزە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە، هەر لە منداڵی گەڕەك و هاوپۆلی قوتابخانە و خوێندکاری

زانکۆوە، تا هەنووکە کە ژیانی تایبەتی خۆت و کێشەی خۆت هەبێت، شوێنی ژیانکردنت گۆڕابێت، کەچی بەرامبەر بە هاورێکانت بە وەفاداری بمێنێتەوە.

لە ئێستادا سەرەڕای ئەوەی هەمووومان لە شاری کەرکوك ژیان ناکەین، بەڵام هێشتا هەر لەیەك دانەبڕاوین، هەر دەرفەتێکمان بۆ بڕەخسێت، پێکەوە لەلای برادەریکمان بە دیداری یەکتر شاد دەبین، بۆ نموونە، جارێك لە کەرکوك لە باخەکەی عەبدوڵڵا میروەیس، جارێك لە باخەکەی حەسەن ئەبوبەکر و جارێکی دی، لەلای بەندە، لە سلێمانی کۆدەبینەوە. بە ڕاستی نایشارمەوە زۆرجار هەوێنی کۆبوونەوەکانمان عەبدوڵلا میروەیس-ە، ئەو خەمخۆر و مامە خەمەی گرووپەکەیە، لە کاتی دانیشتنەکانیشدا خەم لە هەموو شتێکی ئێمە دەخوات، بیر لە هەموو پێداویستییەکان دەکاتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی ئاگاداری زۆربەی کەسانی دەرەوەی گرووپەکەشە، بۆیە زۆربەی جار کۆبوونەوەی گرووپەکەمان میوانی تێدەکەوت، جاری واش هەبووە ژمارەی میوانەکان لە ئەندامانی گرووپەکەمان زیاتر بوون. ئێمە هەر ئەوەندەی بە کات و ساتی ژوانەکە دەزانین، ئیدی بەبێ خۆدزینەوە و پاساوهێناوە واز لە زۆر شتی خۆمان دەهێنین بەرەو جێ ژوانەکە بەرێدەکەوین، بۆ نموونە، من لە سلێمانییەوە دەڕۆم، سیروان سەعید لە هەولێرەوە، ئەوانەی دەرەوە و کەرکوکیش، هەر یەکەیان لە شوێنێکی جیاوازەوە لە کاتی خۆیدا بەرەو جێ ژوانەکە بەرێدەکەون، ئەوەندە نابات هەمووومان لە شوێنی دیاریکراو ئامادە دەبین. کاتێك بەیەك شاد دەبینەوە و هەناسەیەك دەدەین، ئیدی بە دەم ئامادە کردنی خواردنەوە، هێندێك جار دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی منداڵی یا قوتابخانە یا بۆ قۆناغی زانکۆ، چەندین سەربووردەی خۆش و ناخۆش وەیاد دەهێنینەوە، جاری واش هەیە، تا دەمەو بەیان باسوخواس و دەردە دڵی دەکەین، یا شەنوکەوی مەسەلە هەنووکەییەکان دەکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی بیرکردنەمان جیاوازە، بۆیە ئاساییە شێوازی ڕوون کردنەوە و دەربڕینەکانیشمان جیاواز بێت.. تا ئێرە شتەکان بە ئاسایی دەڕوات، بەڵام وەیشومەی مەرگ دۆخە نائاساییەکەیە، چونکە ئەو هەموو ناخۆشی و چەرمەسەریی و دەربەدەرییەی ڕۆژگار نەیتوانی لێکمان جیا بکاتەوە، ئەوا لەناکاو مەرگی نەگریس و دزێو هەر جارەی دەستی دەچێتە رۆحی یەکێکمان، بێ ئەوەی کاتی مردنی هاتبێت، بۆ هەتاهەتایە لێمانی دوور دەخاتەوە، مەرگ ئەوەندە دزێوە لە ماوەیەکی کورتدا سێ هاوڕێی ئازیزی گرووپەکەمانی بۆ یەکجارەکی لێ دوورخستینەوە.

مەرگ سەرەتا دڵە بێگەرد و گەورەکەی ئەنوەر حەمە ئەمین-ی لە لێدان خست. ئەنوەر مرۆڤێکی جوان و ماندووی خێر لەخۆ نەدیو، ژیانی بە ئیشوکاری ڕێکخراوەیی و دوورخستنەوە و دەرکردن و ترس بەرێکرد، هێندێك جار، چەند کارێکی ناخۆش پێکەوە و لەیەك کاتدا یەخەیان پێی دەگرت. هەر لە منداڵییەوە تا ئەو کاتەی لە دوورە وڵات گیانی لەدەستدا، ژیانی لە نێوان کاری ڕێکخراوەیی و خوێندن و کارکردن بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی و خێزانەکەی جۆلانێی دەکرد. من لە ناو برادەران و هاوپۆلەکانم بە رەشید فاروق بانگ دەکرێم، لە شاری سلێمانی هاوسەنگەر و هاورێ و هاوپیشەکانم بە حەمەڕەشید بانگم دەکەن، بەڵام ئەنوەر تا ئەو ڕۆژەی مەرگ لە یەکتری دابڕین، هەر بە ڕەشەی برام بانگی دەکردم، لە گەڕەك، لە زانکۆ، لەناو برادەران، هەر بەو ناوەوە بانگی دەکردم، ئەو ناوەی تا ئێستاش لەلام شیرینە، چونکە دەنگ و ڕەنگ و بۆن بەرامەی ئەنوەری هەڵگرتووە.

دووەم مەرگی ئەندامێکی گرووپەکەمان، سەباح عەبدوڵڵا بوو، سەباح لەلای ئێمە بە سەباحە سوور ناسرا بوو، زۆر جاریش برادەران لەبەر رۆحسوکی و شیرینیی و خۆشەویستییان بۆی، سەباحەکەشیان لێدەکردەوە، بە سوورە بانگیان دەکرد. سەباح کەسێکی قسە خۆش و ژیاندۆست بوو، ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی ئەوی تیا نەبوایە، هەستت دەکرد شتێکی کەمە. سەباح هەوێنی دانیشتنەکان بوو، بەردەوام بزە و خەندە لەسەر لێوەکانی بوو، بەردەوامیش نۆکتەی حازر بەدەستی هەبوو، بەڵام هێندێك جار منی لە نوکتە و گۆڵمەزە خۆشەکانی بێبەش دەکرد، بۆیە کاتێك پێمدەزانی و هۆکارەکەیم لێدەپرسی، یا پێم دەوت؛ بۆچی نۆکتەی لەوجۆرە دەکەیت، بۆچی داوت بۆ فلانە کەس ناوەتەوە و من لێی ئاگادار نەبووم، هەمیشە وەڵامەکەی ئەوە بوو، بەڕاستی شەرمت لێ دەکەم لەبەردەمی تۆ ئەو قسانە بکەم. زۆر جاریش لە کاتی خوێندنەوەدا شتێکی نامۆی بەر چاو بکەوتایە، یا مانای وشەیەکی نەزانیبایە بە تەلەفۆن مانای وشەکەی لێدەپرسیم، یا حەزی دەکرد ڕوون کردنەوەی زیاتری لەسەر ئەو بابەتە پێ بدەم، منیش بەپێی توانا خاکییەکەی خۆم وەڵامم دەدایەوە. بەڵام سەد مەخابن مەرگ بێ ڕەحمانە و لە ناکاو و بەبێ پرس ئەو مرۆڤ جوانەکەی لێ کردین. ئێمە ئەوەی بیریمان لێی نەکردەوە مردن بوو، هەر بۆیە بڕیارمان دابوو لە دوای لە نەمانی نەخۆشی کۆرۆنا، چەند جارێکی دی پێکەوە سەفەر بکەین و بەردەوام گوێبیستی نوکتە و قسە خۆشەکانی بین. هێندێك جار سەرم دەخستەسەری

و دەمجوڵاند، کەچی لە جیاتی وەڵامدانەوە کە هەمیشە وەڵامی حارزی پێ بوو، ئەوەندەی دی سوور هەڵدەگەڕا، بۆیە بە خشکەیی وازم لێی دەهێنا بۆ ئەوەی ئەوەندی دی لەڕوو دانەمێنێت. بەداخەوە کەمێك درەنگ بە نەخۆشییەکەیم زانی، بۆیە کاتێك تەلەفۆنم بۆ کرد، خۆی وەڵامی نەدامەوە، ئیدی بەردەوام لەڕێی عومەری برایەوە هەواڵیم دەپرسی. ئێوارەیەکیان عومەر تەلەفۆنی بۆ کردم، کە ژمارەکەم بینی تووشی دڵەخۆرپێ بووم، هەستم بە تەنگەفەسی کرد و یەکسەر تێگەیشتم شتێکی نەخوازراو ڕوویداوە، کە وەڵامم دایەوە، یەکسەر بە دەم گریانەوە پێی وتم براکەت مرد، من لەو کاتەدا هیچم بۆ نەوترا، بەڵام ئەو شەوە تا دەمەوە بەیان هەر دەگریام، چونکە سەباح هەم هاوڕێیەکی خۆشەویست بوو، هەم ژیانی لەبەردەم بوو.

ئەحمەد محەمەد ئەمین، هاوڕێیەکی دیکەی گرووپەکەمان بوو، بەڵام بەرلەوەی مەرگ زەفەری پێبەرێت، نەخۆشی ئازارێکی زۆری دا. لە دوا کۆبوونەوەی گرووپەکەمان لە 27/ ئۆگستی/ 2021دا، دوا وێنەمان پێکەوە گرت، لەو دیدارەدا ئازارێکی زۆری هەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی وەزعەکە لە ئێمە تێك نەدات، بەرگەی دەگرت، ئێمە هەستمان پێی دەکرد، بە تایبەتی سیروان زۆر خەمی بوو. ئەحمەد مرۆڤێکی بێوەی و لاشەڕ بوو، ئاشنایەتیمان بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتاکان دەگەڕێتەوە، تێکەڵبوونی زیاتریشمان بۆ کێشەیەکی تایبەت دەگەڕێتەوە. ئەوەش ئێمە لە سلێمانی لە بەشە ناوخۆی 10 بوین، هەر شەوەی شتێك ڕوویدەدا، جارێك بڵاوکراوەی شۆڕش لە ناو ژوورەکاندا بڵاو دەکرایەوە، جارێك لە ناکاو ئەمنی بەعس خۆی دەکرد بە بەشەکەدا و خوێندکارێکیان دەبرد و بێسەروشوێنیان دەکرد، شەوێك لەو شەوە نائاساییانەش، سوتاندن یا دڕاندنی چەند وێنەیەکی سەدام حسێن بوو، لە بەرامبەر ئەوەشدا هەموو چاوەکانی ئیتحاد تەڵبە و پیاوانی ئەمن لەسەر ئێمە گیرسانەوە (ڕەوانشاد ئەحمەد، حەسەن ئەبوبەکر، حەسەن عەبدولقادر (شاهۆ)، ئەمین جەبار، عەبدوالرحیم شاڵی "شڤان - بەداخەوە شڤان بووە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی و لە ئەنفالە بەدناوەکاندا شەهید بوو"، لەگەڵ بەندە). دائیرەی ئەمن، لە ڕێگەی ئیتحاد تەڵبەی عێراقەوە ئێمەی ئاگادار کردەوە کە سەردانی ئەمنی سلێمانی بکەین، بە جیا کۆڵینەوەیان لەگەڵمان دەکرد، یەکێك لەو قسانەی لە کاتی لێکۆڵینەوەکەدا پێیان وتین، ئێوە چۆن وێنەی سەرۆك دەدڕن، ئەوێك، خوا بیپارێزێت، خەڵکی ئەفەریقیا هوتافی بۆ دەکشێن و ستایشی دەکەن، کەچی ئێوە وێنەی سەرۆك دەدڕن، دواتر بە

هەزار فەلاکەت ڕزگارمان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لە چاو خوێندکارە شیعەکاندا بەخت یاوەرمان بوو، چونکە شەوانە دەهاتنە بەشە ناوخۆیەکانی ئەو کاتەی زانکۆی سلێمانی و خوێندکارە شیعەکانیان قووڵبەست دەکرد، ئیدی کەس چاوی پێیان نەدەکەوتەوە، زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا هەبوو، چیدی ژیانیان نەبینییەوە، بەڵام کاتێك گەیشتمە قۆناغی چوارەمی کۆلێج، یەك دووانێکیانم لە زانکۆ بینییەوە، بەڵام مەخابن دوای ماوەیەکی کورت، جارێکی دیکە ونبوونەوە. شایانی باسە، دوای ئاگادار کردنەوەکە لەبەردەم ئیتحاد تەڵبە وێنەکمان گرت و ئێستاش ئەو وێنەیەم وەك یادگارییەك لەلا ماوەتەوە کە ئەحمەد یەکێك بوو لە کەسە بانگکراوەکان. لە دوای ئەو ڕووداوەوە نێوان ئێمەش پتەوتر بوو، لەو ڕۆژەوە تاکو ئەو دەمەی بۆ یەکجارەکی بەجێهێشتین گەردێك نەکەوتە نێوانمانەوە، ئەحمەد مرۆڤێك بوو نیشتمان و شارەکەی خۆی خۆشدەویست، باوکێکی میهرەبان و برادەرێکی بەوەفا بوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی پێکەوە هاوڕێ بووین، ڕۆژێك نەهات گلەیی لە برادەرێکی ناو گرووپەکەمان بکات، تورەیان دەکرد و سەریان دەخستەسەری، بەڵام هەرگیز کاردانەوەیەکی زۆر توندی نەبوو.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

گرووپەکەی ئێمە بچووککراوەی کۆمەڵگەیە، لەوپەری چەپەوە تا ئەوپەری ڕاستی تیایە، هەڵگری دونیابینی جیاوازە، ئیماندار و کەم ئیمان و بێئیمانی تیایە، بیروڕای سیاسی جیاوازی تیایە، هەروەها خەڵکی بێوەیشی تیایە (بۆ نموونە، نەوزاد عەبدوڵا، بە نەوە چاوشێن ناسراوە، نەوزاد هاوڕێی گەرەك و قوتابخانە و زانکۆمە، تەمەنی برادەریمان لە نێو سەدە لای داوە، مرۆڤێکی ناخ پاکە، شەرمنە و زۆر پابەندە بە خێزانەکەیەوە و هەوڵ دەدا هەموو شتێکیان بۆ دابین بکات، بەڵام کەمترین گرنگی بەخۆی دەدا، یا یاسین میرعەزیز، کوردێکی ناو شوانی ئیماندارە، زۆر بە ئەدەبە، کەمترین جار گفتوگۆ دەکات و زیاتر گوێگرە، باوکی کەسێکی زۆر جوانی شاری کەرکوکە (کاکە پەیڕەو)، یا حسێن بایز، کەسێکی خوێنەوارە، دەتوانم بڵێم بەردەوام دەخوێنێتەوە و خۆمانەیە، زۆر جار ئەو سەری بابەت و گفتوگۆکان دادەمەزرێنێت، هێندێك جاریش بەدەنگێکی کەمێك ناوخۆش گۆرانیمان بۆ دەڵێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆشمان دەوێت گوێی لێدەگرین)، بەڵام هیچ کاتێك ئەو جیاوازییانە هاوڕێیەتی ئێمەیان سارد نەکردۆتەوە، گفتوگۆی گەرم دەکەین، دەنگ بەرزدەکەینەوە و جیاوازییەکانمان دەخەینەڕوو، پەیوەندیشمان توندتر و پتەوتر

دەبێت، جیاوازی ماددی نێوانمان زیاتر کۆماندەکاتەوە نەك لەیەك دوورمان بخاتەوە، لەکاتی پێویستدا، هەر کەسێك دەیەوێت دەستپێشخەرییەك بکات، بۆیە دەبینین بە درێژایی تەمەنی هاوڕێیەتیمان، سەرەڕای جیاوازییەکان، زیاتر ئامێزی خۆشەویستی بۆ یەکتر دەکەینەوە، هێندێك جار هیواخوازین کۆمەڵگەش لە ئێمە بچێت، بۆ نموونە، ڕۆژێك گرووپەکەمان لەلای حەسەن ئەبو بەکر (حەسەن لە شووشە دەچێت، چۆن تەماشای بکەیت ئەو دیوی دەبینیت، نە ناخی دەشارێتەوە، نە دەشتوانێت بیشارێتەوە) کۆببووینەوە، لەگەڵ سیروان (کەسێکی نیشتمانپەروەرە و مێژوویەکی پاکی هەیە و ئاگادرییم لەسەر بەشێك لە خەباتە نهێنییەکەی هەیە، برای شەهید شوان-ە، هاوڕێیەکی بەوەفا و باوکێکی میهرەبان و دڵسۆزی خێزانەکەیەتی)، پێکەوە چەند وتەیەکمان گۆڕییەوە کە ئەمە پوختەی دەمەتەقێکەی نێوانمان بوو: سیروان گیان، چی دەبێت گەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە من و تۆ بچن، تۆ هەر چەندە پاشخانێکی چەپت هەیە، بەڵام ئێستا نوێژ دەکەیت و ڕوو لەخوای، من نوێژ ناکەم و هیچ سرووتێکی ئایینی جێبەجێ ناکەم، تۆ زۆر پابەندی بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، من پێچەوانەی تۆم، من دەخومەوە و تۆ دووری لە خواردنەوە، ئەوەتا ئێستا لە نوێژکردن تەواو بویت و منیش داو پێکم هەڵدا، کەچی وا لەسەر یەك قاپ نانەخۆین (بیرمە تەشریبمان دەخوارد و وێنەی خواردنەکەشم وەك یادگارییەك لەلای خۆم پاراستووە)، کەچی نە دینداری و نوێژکردنی تۆ و نە خواردنەوەی من، ڕێگە لەو هاوڕێیەتی ئێمە دەگرێت، چەند خۆش دەبوو گەر کۆمەڵگەش وەك ئێمە بوایە، پێموابوو، لە زۆر کێشە دوور دەکەوتینەوە و ئێستامان بە شێوەیەکی دیکە دەبوو، بەڵام مەخابن واقیع شتێکی دیکە دەڵێت.

بەڵام ئەو کۆبوونەوانە و ئەو کەسایەتییانەی گرووپەکەی سەرەوە چ پەیوەندییەکیان بە هەناردەکردنی دیموکراسییەوە هەیە. هاوڕێیانی ئەو گرووپەی ئێمە بە حوکمی هەلومەرجی عێراق و بارودۆخی کورد، هەر یەکەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان پاشخانێکی سیاسییان هەیە، هەر هەمووشمان لە ڕۆژە سەختەکاندا، ڕۆژانی تەعریب و تەبعیس و تەرحیل دا، هەوڵمان بۆ دونیاییەکی دادوەرانەتر دەدا، لە ئێستاشدا کەسمان لەو ئەرکە چۆکمان دانەداوە، بەڵام ڕەنگە شێوازی هەوڵەکانمان گۆرا بێت، ئێمە ئەوسا و ئێستاش، نەماندەسوێت دیموکراسی لە وڵاتانی ئەوروپا یا لە ئەمەریکاوە هاوردە بکەین، مۆدێلی یەکێتی سۆڤێت، یا چین کۆپی بکەین، هەر

یەکەمان هەوڵی دەدا بەشداری لە بەدیهێنانی دونیایەکی کەمێك دادپەروانەتر بکات و دونیایەك دوور بێت لە سڕینەوەی نیشتمان و ناسنامەی کەسایەتی، ئازادییەکی کەمێك زیاتر بەردەست بکات کە دوور بێت لە شکاندنی شکۆی تاکی کورد، هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بوون، دەرفەتی کار بۆ هەموو هاوڵاتیانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی بەردەست بکرێت، دەمانویست بە ئازادی و بە بێقەیدوشەرت سەفەر بکەین و بە دونیای دەرەوە ئاشنا بین، دەمانویست لەسەر جادە و لە فەرمانگە و شوێنە گشتییەکان کەس شکۆمان نەشکێنێت، بە کورتی و بە کوردی هەوڵمان بۆ دونیایەکی جوانتر و پڕمیهرتر دەدا کە لە دونیای حیزبی بەعس نەچێت، لە ئێستاشدا هەوڵ دەدەین لەگەڵ کەسانی دیکەی نیشتمان دونیایەك بخولقێنین کە زۆرترین دادپەروەری و ئازادی و دەرفەتی کار و کەمترین گەندەڵی و خیانەتی تیا بێت، ئایا بەدیهاتنی ئەمە ئەستەمە، گەر کەسێك لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بێتەوە تێدەگات قبووڵکردنی جیاوازییەکانی یەکتری و بەوەفایی بۆ هاوڕێیەتی و هاوخەباتی ناو گرووپەکە، بە ئەمەکیمان بۆ برادەرانی کۆچ کردوو، چەند لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەوە نزیکە، لەوە تێدەگات گەر خۆمان هەوڵ بۆ دونیایەکی گەشتر بدەین، چەند ئاسانە سوود لە ئەزموونەکانی دونیای دەرەوە وەربگرین، چۆن دەتوانین ئێمە و ئەوان، دوور لە دەستوەردان، کارگەلێك ئەنجام بدەین کە لە ئێستادا لە خەیاڵەوە نزیکە.

ئێمە چەند کەسێکین کە لە ژمارەی هەر دوو دەست کەمترین، هەر هەمووشمان جیاوازین، بەڵام چەتری هاوڕێیەتی هەموومانی کردۆتەوە، چی دەبێت گەر ئەم وێنەیە گەورەتر بکرێتەوە، نیشتمان و بەرژەوەندییەکانی و ڕێزگرتن لە مافی گرووپ و حیزب و تاکەکەس بکرێت بەچەترێك و هەموو جیاوازییەکانیش قبووڵ بکرێت، چی دەبێت گەر دەستوورێکمان هەبێت، ماف و ئەرکەکان وەکیەك بۆ هەمووومان دیاری بکات و ببێت بەو چەترەی هەمووومان بەجیاوازییەکانەوە کۆبکاتەوە. نامانەوێت و ناخوازین وەك کۆمۆنیستەکان ئایدیایەك بهێنێن و بە بەری میللەتێکدا بیدورین، یا وەك پیاوانی ئاینی بەناوی بڵاوکردنەوەی دینی خودا ڕۆح لە ملیۆنان کەس بسەنینەوە یا وەك بەعسییەکان لە پێناوی فیکرە عروبەدا میللەتێك جینۆساید بکەین و وڵاتێکیش پەلکێشی دوو جەنگی خوێناوی بکەین، وڵاتێکی دەوڵەمەند بخەینە سواڵ، یا وەك ئەوانەی بە ناوی فیکری دیموکراسییەوە هەزارویەك بڕوبیانو دەهێننەوە بۆ ئەوەی دیدوبۆچوونی خۆیان بسەپێنن، بەڵکو

زۆر بە سادەیی ئێمە دەخوازین، هەموومان پێکەوە بە جیاوازییەکانمەوە لە ژێر چەترێکدا ژیانێکی شکۆمەندانە بژین.

ئێمە جیاوازین، بەڵام جیاوازییەکان قبووڵ دەکەین، بۆ نموونە، کەسێکی وەك یاسین میر عەزیز، هەموو هەوڵێك دەدا خزمەتگوازییەك بۆ ناحییەی شوان دابین بکات، قەناعەت بە خەڵکی دەهێنێت مزگەوتێك نۆژەن بکاتەوە، جادەیەك پینە بکات، تەنانەت ڕەنگە بگاتە ئاستی سواڵکردن بۆ ئەوەی خزمەتێك بە خەڵکی ناحییەکەی بگەیەنێت، بەڵام زۆر لە کەسێکی وەك من ناکات، بۆ ئەوەی ڕێچکەیەی ئەو بگرمەبەر، بەڵکو وەك دوو کەس بە دوو ئاراستەی تەواو جیاواز دادەنیشین و قسە دەکەین ڕێز لە یەکتری دەگرین، کاری جیاواز ئەنجام دەدەین، بەوەش یەکتری تەواو دەکەین، نەك بەپێچەوانەوە، ئایا گەورە کردنی ئەو مۆدێلە ئەستەمە؟، پێموایە قورسە بەڵام ئەستەم نییە، یا عەبدوڵلا ئاسا خەم لە هەموو برادەرەکانی دەخوات و هەوڵ دەدات دایانمەزرێنێت یا زەوییان بۆ وەربگرێت، کۆیان بکاتەوە و جاربەجاریش دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکات، ئایا بڵاوکردنەوەی رۆحی یارمەتیدان و خەمخۆری ئەستەمە؟ یا وەك حەسەن، پیاوە شوشەییەکە دەستمان بەکەسوکار و هاورێکانمانەوە بێت و چاومان لە پاداشت نەبێت، یا وەك سیروان بەو پاشخانەوە کە لە ئێستادا خەونەکانی بووە بە هەڵم، کەچی سەرەڕای نائومێدبوونی بەڵام کۆڵی نەداوە، تەنیا پەیامەکەی گۆڕیوە، یا هەموومان وەك نەوزاد دڵ پاك و یەك ئاراستە بین یا بایزانە خۆمان وشیار بکەین و ئاگامان لە دونیا و چوار دەورمان بێت و هەمووشمان بەرامبەر بە رۆحی هاورێ کۆچکردووەکان بەوەفا و دڵسۆزین، لە بەرامبەردا ئەوانیش دەتوانن پەند لە وانەکانی ڕابردوو وەربگرن، زیاتر لە نیو سەدە لە ناکۆکییەکی خوێناوی و خوێنی بەناحەقرژاوی هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە و تێگەیشتن لە ئامانج و ستراتیجییەتی دوژمن، بکەن بە ڕێبازی کارکردنی خۆیان، بۆ ئەوەی پێکەوە بە هەموو جیاوازییەکانەوە وڵات بەرەو کەناری ئارام بەرن و بە هەزارانی وەك ئێمەش دەستی یارمەتیان بۆ درێژ دەکەن بۆ ئەوەی لەو ئەرکەدا کە خەمی هەموومانە سەرکەوتووبن.

حەمە ڕەشید

سلێمانی 2022/7/10

دیموکراسی و عەرەب

عەبدولرەحمان ئەلڕاشد

شتێکی سەیر و نامۆ نییە لە ئێستادا دیموکراسی یەکێك بێت لەو وشانەی بە شێوەیەك بووە بە وێردی سەر زمانی هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە هاوشێوەیمان بەرچاو نەکەوتووە. هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ شکستی زۆربەی ئەو سیستمە سیاسییانەی بەرگی جۆراجۆیان پۆشی بوو، ئیدی چی چەپڕەو بێت، یا ڕاستڕەو و سەربازی و ئایینی و ناسیونالیستی، بەوانەشەوە کە ناوی دیموکراسییان لە خۆیان نابوو. چوار لەو سیستمە عەرەبییانەی لە ناوچەکە بانگەشەی گەمەی بژاردەی هەڵبژاردنیان دەکرد، لە ناکاو لە ماوەی یەك ساڵدا، (ساڵی 2011) داڕوخان.

لەڕووی میللییەوە، توێژینەوەی جدی لەبارەی ئەو سیستمەی هەڵگری دوو سیفەتە، بەشداریکردن و لێپێچینەوە، دیموکراسی لە دوای چەندین ساڵ مشتومڕکردن لە دژی، هەر لە گرنگیپێنەدان و کەمتەرخییەوە تا ڕەتکردنەوەی لە زۆرێك لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کردووە بە سیستمێکی سەرنجڕاکێش و جێیسەرنج. گروپەکان، بەوانەشەوە کە هەڵگری فیکری "پەراوێزخستن"و سڕینەوەی ئەوانی دین، وەك ئایینی و ناسیونالیستەکان، تەبەنی چارەسەری دیموکراسی دەکەن، ڕەنگە بە قەناعەت و لەڕووی ئەزموونەوە بڕوایان پێ هێنابێت، یا لەبەر ئەوەی تاکە گوزەرە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، دوای ئەوەی شکستیان هێنا لەوەی لە ڕێگەی هێز یا لە ڕێگەی بزوتنەوەی میللییەوە خۆیان بسەپێنن.

وادیارە دیموکراسی بۆ زۆرێك وشەیەکی ئاڵتونی جادوئامێز بێت، ڕەنگە دەرکیان بەوە نەکردبێت کە چارەسەرێکی سیحراویی هەموو گرفتەکان نییە، بگرە ڕەچەتەیەکی ئاڵۆزە، گەلێك پێداویستی هەیە و هێندێك کەرەتیش ناکۆك و دژبەیەکن. کاتێك وەك چارەسەرێك بۆ دەردەکانی وڵاتە تۆتالیتارەکانی ناوچەکە، باس لە "چارەسەری دیموکراسی" دەکرا، سادەیی و ساکارییەکی زۆر بڵاوبویەوە کە ڕەنگە لە سەرەتای ئەزموونکردنیدا شۆکێکی سیاسی و نائومێدییەکی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە. بۆیە تێگەشتنێکی قووڵ و کورتنەکردنەوەی کولتورەکەی بۆ دەستەبژێری کۆمەڵگە، مەرجێکی سەرەکییە لە وەرگۆڕان و گواستنەوەی بە

ئاشتیانە. چونکە بەبێ کولتورێکی وشیارانە بۆ ماناکانی دیموکراسی، شکستێکی حەتمی چاوەڕوانی دەکات.

لەبەر ئەوەی دیموکراسی تەوەری گفتوگۆی ئەم ڕۆژگارەی کۆڕ و کۆبوونەوە عەرەبییەکانە، بۆیە خۆم بە سوپاسگوزار دەزانم، کاتێك مامۆستا محەمەد ئەلسەیف، دەستنووسی ئەم کتێبەی پێم دا بۆ ئەوەی پێشەکییەکی بۆ بنووسم، هەست دەکەم خوێنەری عەرەبی شایستەی ئەوەیە زۆرێك لەم بارەیەوە بخوێنێتەوە کە گرنگییەکی زۆری بۆی هەیە. گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە لە زۆر لایەنەوە و بەخامەی هەمەڕەنگ گفتوگۆی مەسەلەکە دەکات. هێندێك جار گرفتەکان دەخرێنەڕوو، وەڵامی پێویستیش نادرێنەوە، چونکە زۆر بە سادەیی دیموکراسی، مەسەلەیەکە جیاوازییەکی زۆر وردەکارییەکانیدا هەیە و پێوەرگەلێك نییە نێوانیان یەکبخات، ئەگەر چی لە کەرنەڤاڵەکانی دەنگداندا لەیەکدەچن.

دیموکراسی لە شەقامەکانی جیهانی عەرەبیدا، بوو بە ناونیشانێکی سەرەکی بەهاری عەرەبی، هەژموونی بەسەر کایەی بیروبۆچوون و گفتوگۆی عەرەبیدا پەیدا کردووە و مشتومڕێکی زۆر لە نێوان دەستەبژێر و نێوەندی گشتیدا دەروژێنێت.

لەگەڵ ئەوەی دیموکراسی یەکێکە لەو زاراوانەی زۆر بەکاردەهێنرێت، بەڵام چەمکێکە خەڵکی لەبارەی مانا و مەبەست و ئامانجەکانییەوە مشتومڕی لەسەر دەکەن. یەکێك لە چالاکوانە ئیسلامییەکان لە تویتەردا دەنووسێت: "گەر گروپە ئیسلامییەکەمان لە مانای دیموکراسی تێبگەیشتنایە، ئەوا درێغیان لە تەبەنی کردنیدا نەدەکرد. چونکە دیموکراسی مانای وایە گەل ئەو حکومەتە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت، ئایا بە ئەقڵدا دەچێت حوکمی شەریعەت هەڵنەبژێرن"! هەڵبەتە پرسیارەکەی ڕاستە و لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام وەڵامدانەوەکەی ورد و دروست نییە. چونکە پێیوایە هەڵبژاردنی ئیسلامییەکان لەلایەن گەلەوە بۆ ئەوەی حوکمڕانی بکەن، هەمیشە مەسەلەیەکی مسۆگەرە، ئەوەش کارێکە ئازادی هەڵبژاردن لە ماناکەی بەتاڵ دەکاتەوە.

ئەو لیبراڵانەی پەرۆشییەکی زیاتریان بۆ ڕێبازی دیموکراسی هەیە، لە چارەسەرکردنی دیاردەکانی دیموکراسی ئیسلامیدا پەشێو و شپرزە دەبن کە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بە زۆرینەی دەنگ دەیبەنەوە و سەردەکەون و بە ناوی

زۆرینەوە ڕای ئەوی دیکەی نائیسلامی پێشێل دەکرێ، ئیسلامییەکان لە دەرکردنی بڕیارەکانی پەرلەماندا مافەکانی کەمایەتی و ژنان پەراوێز دەکەن و بەناوییەوە ئازادی رادەربڕین زەوت دەکرێ، ئایا دیکتاتۆرییەتی زۆرینە کارێکی دیموکراسییانەیە؟ لێرەدا ئەم کتێبە ڕوخسارە وێکچووەکانی نێوان فیکری هێندێك حیزبی ئایینی و بزووتنەوەی فاشی ڕوون دەکاتەوە و لەبارەیەوە ئاگادارمان دەکاتەوە.

هەر بە ڕاستی ئەم کتێبە لە ناونیشانەکەیەوە دەخوێنرێتەوە. دیموکراسی هاوچەرخ بەرهەم و داهێنراوێکی خۆرئاوایە، بە رێککەوت هاوەڵێتی پەرەسەندنی پیشەسازی نەکردووە، لەگەڵ ئۆتۆمۆبێل و گلوپ و پەنسیلین و شامپۆ و کۆمپیوتەر و یارییەکانی ڤیدیۆ، لەگەڵ ئەوەی پێویستە و ئەوەی بۆ خۆشگوزەرانییە، هاوردەمان کردووە. لە بارەی هاوردەکردنی دیموکراسییەوە تیوریستانی عەرەب لە نێوان ئارەزوومەند (ویستن)و ڕقلێبوونەوە (نەویستن) دابەشبوون، لە نێوان ئەو بانگەشەکارانەی بە کالآیەکی کۆنی عەرەبی ئیسلامیی و ئەوانەی بە کالآیەکی ژەهراویی دادەنێن. دیموکراسی وەك هەر کارێکی کولتوری بەرهەمێکی کەڵەکەبووە و لە مرۆڤدا پراکتیزە دەکرێ، نەك وەك ئەوەی خەڵکی ئەسینا پیادەیان کردووە، ئەگەر ڕەورەوە بەر لە پێنج هەزار ساڵ لە عێراق پەیدابووبێت، ئایا مانای وایە ئۆتۆمۆبیلیش داهێنراوێکی عێراقی سومرییە؟ لە ڕاستیدا: ئەسڵی دیموکراسی گرنگ نییە، بەلانیکەمەوە لە دیدی خۆمەوە، بەڵکو ئەوەی گرنگترە: ئایا ڕەچەتەیەکی گونجاوە بۆ ناوچەی خۆرهەلآتی ناوەڕاستی کۆن؟ ئەگەر وایە، بۆچی لە ئێستادا سەردەکەوێت و بەدرێژایی حەفتا ساڵی رابوردوو، لە ناوچەکەماندا تاقیکراوەتەوە و شکستی هێناوە، ئەو کاتەی خۆرئاوا لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، لە ماوەی کۆڵۆنیالی دا لەگەڵ خۆیدا هاوردەی کرد و لە سوریا و میسر و عێراق و سودان چاندی، لە دوای ڕۆیشتنی و دوای ئەوەی سیستمە سیاسییە تەقلیدییەکەی لەناوبردن، شکستێکی گەورەی هێنا؟.

لێرەدا ئەرکی بیریار نییە پێشبینی بۆ ئایندەی دیموکراسی بکات، بەڵکو دەبێ توێژینەوەی بۆ بکات و گرفت و خەسڵەت و تایبەتمەکانی ئاشکرا بکات، هەروەها ناتوانێت لە سەرکەوتن یا شکستی دڵنیا بێتەوە، چونکە داتا گەلێکی پێوە پەیوەستە. هەموو دەزانین کە دیموکراسی بەرهەمی کولتورێکە، گرنگییەکەی پێویستی بە

ئاستێك لە تێگەیشتنی كولتوریی هەیە، مەبەستم ئاستێك لە كولتور نییە، لەبەر ئەوەی ئاراستەی خەڵكی دەكرێ بە جیاوازی ئاستی تێگەیشتن و نەزانینیانەوە. لەبەر ئەو هۆیەشە نەیارانی هاوردەكردنی سیستمی دیموكراسی گومانی لێ دەكەن و پێیان وایە ناتوانرێ سێ سەد ساڵ لە گەشەسەندنی شارستانی كە بووە مایەی گەشەسەندنی سیاسی خۆرئاوا، بۆ چەند دەیەیەك لە ئەزموونی عەرەبی كورت بكرێتەوە، بۆ ناوچەكی بەرفراوان كە هێشتا هێندێك بەشی كارەبایان پێ نەگەیشتووە و ئاودەستی هاوچەرخ بەكارناهێنن. سەرەڕای ئەوەش دەڵێن؛ كۆمەڵگەی پیشەسازی خۆرئاوا، ئەو كۆمەڵگە كشتوكاڵییە خێڵەكییە ئایینییە عەرەبییە نییە تا شێوازی ئیدارییەكەی بۆ كۆمەڵگە دواكەوتووەكان هاوردە بكرێ. هەروەها هێندێك لە گومانبەران گرفتی گەورە لە سود و گونجاندنیدا دەخەنەڕوو، ئەویش بەخاتری ئەوەی بەرهەمی لیبراڵییەتی خۆرئاوایە، لەگەڵ سیستمی ئایینی ئیسلامدا بەریەكدەكەوێت. لە بەرامبەریشدا ڕووناكبیرانی عەرەبی، ئەوانەی بەرگری لە دیموكراسی دەكەن، گەشەیان بە پاساو و ئارگیومێنتەكانی خۆیان داوە و ئاماژە دەكەن بەوەی ئەزموونێكی جیهانییە و لە هەر پێنج كیشوەرەكە سەركەوتنی بەدەست هێناوە و لە وڵاتە ئیسلامییە گەورەكانیشدا سەركەوتوو بووە، پاشان بانگەشەی ئەوەی لەگەڵ ئیسلام یا دواكەوتوویی كولتوری و ماددی عەرەب دا بەریەك دەكەوێت، پاساوێك نییە بۆ سوكایەتی كردنیان و خۆیان بە كەم بزانن لەوەی شایستەی سیستمێكی حوكمڕانی پێشكەوتووبن. هەروەها پێیانوایە سیستمێكی زەرورییە بۆ جیهانی هاوچەرخ و دەبێ هەر كۆمەڵگەیەك بەپێی قەوارەی خۆی بەكاریبهێنێت، ئەوەش وەیاددەهێننەوە كە خۆرئاوا تەنها بەم دواییانە بەم فۆرمۆڵەی ئێستای گەیشتووە.

ئەو سیستمە دیموكراسییەی لە ئێستادا لە خۆرئاوا بوونی هەیە، فۆرمۆڵەیەكی تازە هەموار كراوە، بەڵام دیموكراسی لە ڕووی مێژووییەوە بە ئەندازەی كۆنی مرۆڤ كۆنە و تاكە پێناسەیەكی دیاریكراوی نییە كە هەمووان لەسەری ڕێك بكەون، چونكە كۆمەڵگەكان فۆرمۆڵەی دیموكراسی جیاوازیان هەڵبژارد كە بەشێوەیەك لە شێوەكان خۆی لەسەر چەمكی بەشداریكردنی سیاسی ڕاگرتووە. دیموكراسی خۆرئاوا بێگەرد و بێ شەڕەئەنگێزی نەبووە، فاشیزم لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لە ڕێگەی دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی ئەو دوو وڵاتەوە گەیشتن بە حوكم و لە ڕێگەی سنووقەكانی دەنگدانەوە بەناوی زۆرینەوە حوكمی كۆمەڵگەیان دەكرد كە

لە مێژووی هاوچەرخی خۆرئاوادا خراپترین ستەمی ڕەگەزپەرستی و دڵڕەقییەکی گشتگیر بوو. بۆیە، تەنها بەم دواییانە، واتە دوای جەنگی جیهانی دووەم، یاسادانەران لەسەر پێناسەکردنەوەی ئامانجەکانی دیموکراسی، بەپەرۆش بوون ڕێگری گەورەی بۆ دابنێن تا ڕێگە لە خۆسەپێنی زۆرینە لەسەر کەمینە بگرن و دەستوور، یاسای ڕوون و ڕاشکاوانە زامن بکات کە ئازادی فیکریش بپارێزێت. بانگەشەکارانی دیموکراسی عەرەب لە ڕوون کردنەوەی ئەو کارەدا شکستیان هێنا، بۆیە ئەزموونی شێواو لەو وڵاتانەدا دەبینین کە دەستیان بە پراکتیزەکردنی کردووە.

کاتێك ئەم کتێبەم دەخوێندەوە، لە شەقامە عەرەبییە شێواوەکەمانەوە، بەهۆی پێکدادانی بەردەوام دەربارەی حوکمڕانی و میکانیزم و فەلسەفەکانییەوە، گوێبیستی دەنگدانەوەیەك دەبووم. بەشەکانی ئەم کتێبە بە نزیکەیی گفتوگۆ لەسەر زۆرینەی مەسەلە هەنووکییەکانی عەرەب دەکات. چی شتێك بەلای مرۆڤی عەرەبەوە گرنگیی هەیە؟ سەقامگیری و بەردەوامبوون، مەبەستم ئەوەیە بەردەوامیی سیستمێك لایەنیکەمی زەرورەتی بەرخوازییەکان بۆ هەموان بەدیدەهێنێت، یا مافی تاك لە بەشداریکردن لە بڕیارداندا. هەموومان دەزانین کە کۆمەڵکەی عەرەبی وەك پێویست ئاڵۆز بووە تا لە سیستمێك بڕوانێت کە بە بەشداریکردن لێی تێبگات، پاشان لەگەڵیدا بەرپرسیارێتی هەڵگرێت. بۆ هیچ سیستمێك ئاسان نییە، بەهۆی ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخەوە، حوکمڕانی بکات، چونکە حکومەت، بەپێچەوانەی کۆمەڵگە سادەکانی عەرەب لە ڕابردوودا، خۆی لە هەموو ورد و درشتەکانی ژیانی هاوڵاتیانی هەڵدەقورتێنێت و بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی. بەهۆی ململانێی حوکمڕانی کردن، گرژی و کێشەکان بووە بە سیمایەکی لکێنراو بە زۆرینەی کۆمەڵگە عەرەبییەکانەوە و شکستیش بووە بە بەشێکی دانەبڕاوی ڕژێمەکان. دواجار پێویستە لەسەر سەرکردەکان، نەك تەنها هاوڵاتیان، بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێن کە هیوا و ئارەزووەکانی خەڵکی دابین بکات و لە بەرپرسیارییەتدا بەشداریان پێ بکات و بەردەوامێتی سیستمی حوکمڕانی زامن بکات، بەجۆرێك کە دامەزراوەکانی ڕژێم، نەك تاکەکان، هەمووان بە جیاوازیی ئەسڵ و مەزهەبیانەوە لەخۆبگرێ. ئەوەش هەر بەڕاستی داواکارییەکی قورس و زەحمەتە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

ئایا دیموکراسی هەناردە دەکرێ؟

زۆڵتان بارانی و ڕۆبێرت مۆزەر

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

ئایا دیموکراسی هەنارده دەکرێ؟

زۆڵتان بارانی و ڕۆبێرت مۆزەر

ئایا وڵاتە دیموکراسییەکان دەتوانن تۆوی دیموکراسی لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا بچێنن؟ چی شتێك بیریارە سیاسییەکانی هاندا بۆ شار - وڵاتەکانی گریگ بگەڕێنەوە تا بیر لە توانایان لەسەر لە پشتگیری کردنی دیموکراسی بکەنەوە؟ چۆن دەتوانرێ دیموکراسی لە کۆمەڵگە دابەشبووەکاندا جێگیر و پایەدار بکرێ؟

ئەم کتێبە کە لە کاتێکی گونجاودا دەردەچێت، گروپێکی جیاکار لە زانا سیاسییەکان، هەوڵدەدەن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، ئەمە جگە لە پرسیارەکانی دیکەش کە باس لەو چەمکە دەکەن بە "پشتگیری کردنی دیموکراسی" ناسراوە. نووسەرەکان، بە پەیڕەویکردنی گفتوگۆیەکی کورتی وشیارانە، پەی بە بیرکردنەوەی بیریارە سیاسییەکان دەبەن، هەر لە ئەفلاتونەوە تا مۆنتسکیو (Montesquieu)، ئەوەش مەرجی پێشوەختەی بونیادگەرانەیە (کولتور، کۆمەڵگە دابەشبووەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی)، هەروەها دامەزراوەی بیناکردنی دیموکراسی و پرۆسێسەکانی (دەستوور، هەڵبژاردن و ڕیفۆرمی کەرتی ئاسایش و ململانی و بازرگانی). سەرباری ئەوەش، نووسەرەکان بەشداری لە بیروڕای سیاسەتە سەرکەوتووەکاندا دەکەن، ئەو سیاسەتانە چین کە پێویستیان بە باشتر کردن هەیە و ئەوانەش کە پێویستە وازیان لێ بهێنرێ. بە شێوەیەکی گشتیتر، دەشێت دیموکراسییە پێشکەوتووەکان چی بکەن بۆ ئەوەی پشتیوانی و پاڵپشتی مەسەلەی بەدیموکراتیزەکردن لە جیهانێکی گلۆبالیزدا بکەن. بە دەستەواژەیەکی دی، ئەو نووسەرانە هەوڵدەدەن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: "ئایا دیموکراسی هەنارده دەکرێ؟".

بەشداربووان

زۆڵتان بارانی (Zoltan Barani)؛ پرۆفیسۆری کورسی فرانك س. ئەروین، پرۆفیسۆری حکومەت لە زانکۆی تەکساس، هاوڕێی کامپڵی نیشتمانی، هاوڕێی سەلام سۆزان لویز دایر لە پەیمانگەی هۆڤەر لە زانکۆی ستادفۆرد. لە نوێترین بەرهەمەکانی "داڕوخانی دیموکراسی و پاشەکشێی هێزی سەربازیی ڕوسیا - Democratic Breakdown and the Decline of the Russian Military" (پرینستۆن، 2007)، و "ئایندەی فراوانبوونی پەیمانی ناتۆ - The Future of NATO Expansion" (کامبردیج، 2003)، و "قەرەجەکانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا - The East European Gypsies" (کامبردیج، 2001).

شێری بیرمان (Sheri Berman)؛ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بۆ زانستە سیاسییەکان لە کۆلێجی بارنارد لە زانکۆی کۆڵۆمبیا. لە نوێترین بەرهەمەکانی "پێشەنگی سیاسەت: سۆشیال دیموکراسی و دروستکردنی سەدەی بیستەمی خۆرئاوا - The Primacy of politics: Social Democracy and the making of Europe's Twentieth Century" (کامبریدج، 2006)، هەروەها وتارگەلێکی دەربارەی سیاسەتی ئەوروپا، گەشەسەندنی سیاسەت و مێژووی چەپ، نووسیوە.

نانسی بیرمیۆ (Nancy Bermeo) کورسییەکی نۆفیلدی لە سیاسەتی بەراوردکاری لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دا گرتووە، نێوەندی ئۆکسفۆرد بۆ توێژینەوەی نایەکسانی و دیموکراسی بەرێوە دەبات. نوێترین کتێبی لەگەڵ ئۆگۆ ئەمۆریتی (Ugo Amoretti) نووسیوە، دەربارەی "فیدراڵیزم و پەرتبوونە هەرێمایەتییەکان - Federalism and Territorial Cleavaged" (جۆن هۆبکنز، 2005)، و "خەڵکە ئاساییەکان لە کاتە نائاساییەکان: ڕۆڵی هاوڵاتیان لە داڕوخانی دیموکراسیدا - Ordinary people in extraordinary Time: the Role of the Citizenry in the Breakdown od Democracy" (پرینستۆن، 2003).

جۆن م. کاری (John M. Carey)؛ پرۆفیسۆری کورسیی جۆن وێنتۆرس-ە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆلێجی دارتماوسز. نوێترین نووسینی "دەنگدانی پەرلەمانی و لێپرسینەوە - Legislative Voting and Accountability"

(کامبریدج، 2009). توێژینەوەکەی جەخت لەسەر دانانی دەستوور و سیستمی هەڵبژاردن، سیاسەتی یاسادانان و شەفافییەتی سیاسی و لێپرسینەوە دەکاتەوە. توێژینەوەکانی ئێستای و وەرگرتنی بەرهەمە بڵاوکراوەکانی لەم وێپسایتدا بەردەستە.

http://www.dartmouth.edu/~jcarey

دانیاڵ چیرۆت (Daniel Chirot): پرۆفسیۆری جۆب و جیرفۆد تاماکییە بۆ توێژینەوەی نێودەوڵەتی لە زانکۆی واشنتن لە سیاتل. کتێبەکانی بریتین لە "بۆچی هەموویان نەکوژین؟ لۆجیك و ڕێگرتن لە کوشتنی سیاسیی بەکۆمەڵ - Why Not Kill them All? The Logic and Prevention of Mass Political Murder" (پرینستۆن، 2006) کە لەگەڵ کلارك ماکولی (Clark McCaulry) نووسیانە، و "ستەمکارە هاوچەرخەکان: هێزی شەڕەنگیزی و تەشەنەسەندنی لە سەردەمی ئێمەدا - Modern Tyrants: The Power and Prevalence of Evil in Our Age" (پرینستۆن، 1996). هەروەها بەرهەمێکی لە بارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ململانێی ئەتنیکی و سیاسەتی ئەورووپای خۆرهەڵات و مێژووەکەی بڵاوکردۆتەوە.

ستیڤن ئی. فینکڵ (Steven E. Finkel): پرۆفیسۆری کورسی دانیاڵ واڵاس لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی پیتسبۆرگ. بەزۆری لە بوارەکانی بەشداریکردنی سیاسی و هەڵویستە دیموکراسییەکان و ڕەفتارەکانی هەڵبژاردندا بڵاوکراوەی هەیە. لە ساڵی 1997ەوە هەڵسەنگاندنێکی زۆری کردووە بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر بەرنامەی پەروەردەی مەدەنی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەخشکارەکانی دیی لە گەشەکردنی دیموکراسییەکاندا.

م. ستیڤن فیش (M.Steven Fish): پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی. خاوەنی کتێبی "دیموکراسی لە ڕوسیا لە ڕێڕەوی خۆی لایداوە: شکستی سیاسەتی کرانەوە - Democracy Derailed in Russia: The failure of Open Politics" (کامبریدج، 2005) و دیموکراسی لە هیچەوە: ئۆپۆزیسیۆن و ڕژێم لە شۆڕشی نوێی ڕوسیا " Democracy from Scratch: Opposition and Regime in the New Russian Revolution" (پرینستۆن، 1995)، هەروەها بەشداری کردووە لە دانانی کتێبی

"ڕێبەری ئەنجوومەنەکانی یاسادانانی نیشتمانی: ڕووپێوێکی جیهانی - "The Handbook of National Legislatures: Aglobal Survey (کامبریدج، 2009)، و پۆستکۆمۆنیزم و تیورەی دیموکراسی "postcommunism and the Theory of Democracy" (پرینستۆن، 2001).

ئیدوارد د. مانسفێلد (Edward D. Mansfield): پرۆفیسۆری کورسی هۆم رۆزین بۆ زانستە سیاسییەکان و بەرێوەبەری نێوەندی کریستۆفەر هـ. براونـ بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی پەنسلڤانیا. لە توێژنەوەکانیدا جەخت لەسەر ئاسایشی نێونەتەوەیی و ئابوری سیاسی نێونەتەوەیی دەکاتەوە. خاوەنی کتێبی : هێز، بازرگانی و جەنگـ "Power, Trade and War" (پریستۆن. 1994)، هەروەها لەگەڵ جاك سنایدەر بەشداری لە نوسینی کتێبێکدا کردووە بەناوی "هەڵبژاردنی شەڕ: بۆچی دیموکراسییە تازەپێگەیشتووەکان جەنگ هەڵدەگیرسێنن - "Electing to Fight: Why Emeging Democracies Go to War (پەیمانگەی ماساچوستس، 2005).

ڕۆبێرت مۆزەر: پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە توێژینەوەی سیستمی حوکم لە زانکۆی تەکساس. خاوەنی کتێبی "دەرئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکان: سیستمەکانی هەڵبژاردن و حیزبە سیاسییەکان و نوێنەرایەتی کردن لە ڕوسیا - Unexpected Outcome: Electoral Systems, Political Parties and Representation in Russia" (پێتسبورگ، 2001)، لە ئێستاشدا بە هاوبەشی لەگەڵ ئیسان شاینەر کار لەسەر تەواوکردنی کتێبێك دەکەن بەناوی "سیستمە تێکەڵاوەکانی هەڵبژاردن لە دیموکراسییە تازە و جێگیرەکان دا - Mixed Electoral Systems in New and established Dempcracies".

تۆماس ل. پانگڵ (Thomas L. pangle): کورسیی جۆ ئار. لۆنگـی لە توێژینەوە دیموکراسییەکان لە زانکۆی تەکساس گرتووە. هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی کۆربەندی جیهانییە بۆ توێژینەوەی دیموکراسی لە ڕێکخراوی دەستئاوێزی (وەقفی) نیشتمایی دیموکراسی، دانەری کتێبی "پایەدارکردنی دیموکراسی: ئاڵەنگاری سەردەمی پۆستمۆدێرنە - The Ennobling of Democracy: The Challenge of Posmodern Age"

(جۆنز هۆبکینز، 1993)، هەروەها لەگەڵ پیتەر ئەهرینسدۆرف "peter Ahrensdorf" بەشداری لە نووسینی کتێبێکدا کردووە بەناوی "دادوەری نێوان نەتەوەکان: لە بارەی بنەما ئاکارییەکانی دەسەڵات و ئاشتی - Justice Among Nations: On the Moral Basis of Power and Peace".

ئانیباڵ پێرێز- لینیان (Anbal Perez-Lin): پرۆفیسۆری یاریدەدەری زانستە سیاسییەکان و ئەندامی سەرەکی کۆلێجە لە نێوەندەکانی توێژینەوەی ئەمەریکای لاتینە لە زانکۆی پیتسبۆرگ. توێژینەوەکانی جەخت لەسەر سەقامگیری سیاسی و بەجێهێنانی دامەزراوەیی لە دیموکراسییە تازەگەشەکردووەکان دەکەنەوە. نووسەری کتێبی :"دادگایی کردنی سەرۆکایەتی و ناسەقامگیری سیاسی هاوچەرخ لە ئەمەریکای لاتین - Presidential Impeachmeant and the New Political in Latin America" (کامبریدج، 2007).

مارك ف. پلاتنەر (Marc F. Plattner): جێگری سەرۆکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانە لە ڕێکخراوی دەستئاوێزی نیشتمانیی دیموکراسی و هاوبەڕێوەبەری کۆربەندی توێژینەوە دیموکراسییەکان و هاونووسەری "گۆڤاری دیموکراسی - Journal of Democracy"یە، هەروەها خاوەنی کتێبی "دیموکراسی بێسنوور-ە؟" (Democracy Without Borders?) (ڕۆمان ولیتلفێڵد، 2008)و کتێبی "دەوڵەتە سروشتییەکەی ڕۆسۆ - Rousseau's State of Nature" (نۆرتێرن ئەلیۆنز، 1979)، هەروەها نووسەر یا هاونووسەری زیاتر لە بیست کتێبە دەربارەی ئەو مەسەلە هاوچەرخانەی پەیوەندییان بە دیموکراسییەوە هەیە.

ئادەم ب. سیلیگمان (Adam B. Seligman): پرۆفیسۆری دیيانەتە لە زانکۆی بۆستن و یاریدەدەری لێکۆڵینەوەکانە لە پەیمانگەی کولتوری و ئایین و کاروباری نێونەتەوەیی لە زانکۆ. هەروەها گەلێك کتێبی نووسیوە، لە نێویاندا "بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنی -The Idea of Civil Society " (پرینستۆن. 1995)، و "گرفتی متمانە - The Problem of Trust" (پرینستۆن، 2000)و "گرەوی مۆدێرنە - Modern Wager" (پرینستۆن، 2003)، هەروەها هاودانەری کتێبی "ڕێوڕەسم و ئاکامەکانی: وتارێك دەربارەی سنوری دڵسۆزی -

Ritual and Its Consequences: An Essay on the Limits of Sincerity" (ئۆکسفۆرد، 2008).

میچڵ ئەی. سەلیگسۆن (Mitchel A. Seligson)؛ پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی ڤاندربیلت و هاوکاری نێوەندی ڤاندربیلتە بۆ توێژینەوەکانی ناشفیل. نوێترین بەرهەمی بە هاوبەشی لەگەڵ جۆن بووت (John Booth) نووسیوە، مەتەڵی شەرعییەت: دیموکراسی و پاڵپشتی کردن لە ئەمەریکای لاتین - The Legitimacy Puzzle: Democracy and Support in Latin America (کامبریدج، بەو نزیکانە بە چاپ دەگەیەنرێت)و گەشەکردن و دواکەوتن: ئابوری سیاسیی لە نایەکسانی جیهانی - Development and Underdevelopment: The Political Economy of Global Inequality (چاپی چوارەم، لین راینەر)، بە هاوبەشی لەگەڵ جۆن پاس سمیس - John Passe Smith نووسیویەتی.

جاك سنایدەر: پرۆفیسۆری کورسی ڕۆبێرت و ڕینیە بەلفەر بۆ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە بەشی زانستە سیاسییەکان و پەیمانگەی سالتزمان بۆ توێژینەوەی جەنگ و ئاشتی لە زانکۆی کۆلۆمبیا. کتێبەکانی بە هاوبەشی لەگەڵ ئیدوارد مانسفیلد نووسیوە: "هەڵبژاردنی شەڕ: بۆچی دیموکراسییە تازەپێگەیشتووەکان جەنگ هەڵدەگیرسێنن - Electing to Fight: Why Emeging Democracies Go to War" (پەیمانگەی ماساچوستس، 2005)، و "لە دەنگدانەوە بۆ توندوتیژی: بە دیموکراتیزەکردنی ململانێی ناسیونالی - From Voting to Violence: Democratization of National Conflict" (نۆرتۆن، 2000)، و "ئەفسانەی ئیمپراتۆری: سیاسەتی ناوچەیی و بەرخوازی نیونەتەوەیی - Myths of Empire: Domestic Politics and Inernational Ambition" (کۆرنێل، 1991).

پێشەکی

مارك ف. پلاتنەر

ئەو پرسەی هەڵگری ناونیشانی ئەم کتێبەیە، بۆ ڕیزی پێشەوەی گفتوگۆ گشتییەکان گەڕاوەتەوە، بە تایبەتی بەهۆی ئەو زەحمەتییە گەورانەی کە لە دوای داگیرکارییە سەربازییە سەرکەوتووەکەی ئەفغانستان و عێراق، ڕووبەڕووی بونیاتنانی سیستەمە دیموکراسییەکان دەبێتەوە. لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، سازانێکی گەورەی نێودەوڵەتی و ئەمەریکی لە بەرژەوەندی ئەو هەوڵە چالاکانە هاتەئاراوە، بۆ ئەوەی یارمەتی ئەو وڵاتانە بدرێن کە هەوڵ بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی دیموکراسی و پاراستنیان دەدەن. بەڵام لە ئێستادا ئەو سازانە خەریکە کۆن دەبێت، خەڵکی جارێکی دی پرسیار دەکەنەوە: ئایا دیموکراسی هەنارده دەکرێ؟ ئایا دەشێت، یا پێویستە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتە دیموکراسییەکانی دیکە، هەوڵ بۆ هەناردەکردنی بدەن؟

چۆنێتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەمانای وشەی "هەناردەکردن" دەبەستێت. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە ناتوانرێ دیموکراسی بە هەمان ئەو شێوازە هەنارده بکرێ کە خۆراك یا جلوبەرگ یا تەنانەت ئامێرەکانیشی پێ هەنارده دەکرێ. لە واقیعدا، ئەو ڕێکخراوە تایبەتمەندانەی هانی گەشەسەندنی دیموکراسی لە دەرەوە دەدەن، پێیان خۆش نییە چالاکییەکانیان بە جۆرێك وەسف بکرێن کە مەبەستیان تەنیا "هەناردەکردنی" دیموکراسییە، تەنانەت دۆکومێنتە ستراتیجییەکەی پێنجساڵی داهاتووش کە ڕێکخراوی دەستئاوێزی نیشتمانی بۆ دیموکراسی لە ساڵی 2007دا ئامادەی کردبوو، ڕایدەگەیەنێت: "نابێت دیموکراسی هەنارده بکرێ یا بسەپێنرێت".

ئەو ڕێکخراوانەی هەوڵ بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی دەدەن، بەرەتکردنەوەی بیرۆکەی بەشداریکردنی لە کردەی هەناردەکاریدا، دان بەوەدا دەنێن کە جۆرە ڕاستییەك لەو گوتەیەدا هەیە کە دیموکراسی گەر ناوخۆیی بێت، دەشێت ڕەگ دابکوتێت. دیموکراسی بە حوکمی سروشتەکەی، بریتیە لە سیستمێکی سیاسی لەسەر ڕەزامەندی حوکمبەرەکان دادەمەزرێت. بۆیە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە گەر میللەت لە وڵاتێکدا ڕازی نەبێت بە شێوەیەکی دیموکراسییانە حوکم بکرێ، ئەوا هیچ

هەوڵێکی دەرەکی بۆ چاندنی دیموکراسی سەرکەوتوو نابێت. دەتوانین لەوەش واوەتر بڕوێن و بڵێین گەر میللەتێك لە وڵاتێکدا ئامادەیی تیا نەبێت پاڵپشتی و بەرگری لە دیموکراسی بکات، هەرگیز هیچ سیستمێکی دیموکراسی بەردەوام نابێت. ئەزموونی بەکۆتاهاتنی کۆڵۆنی لە سەدەی بیستەمدا، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر ئەوەی کە دروستکردنی چوارچێوەی دامەزراوە دیموکراسییەکان بە تەنها بەس نییە بۆ ئەوەی دیموکراسی بەردەوام بێت. لایەنگران و ڕەخنەگرانی پشتگیریکردنی دیموکراسی، وەك یەك پەی بەو سنوورە دەبەن کە پشتیوانی کردنی دەرەکی بتوانێت بەدی بهێنێت.

زۆرێك لە ڕەخنەگران جەخت و پێداگری لەسەر ئەم سنوورە دەکەنەوە کە "هەناردەکردن"ی دیموکراسی کارێکی ناژیرانەیە یا بەتەواوەتی ئەستەمە. هێندێك پێیانوایە دیموکراسی بیرۆکەیەکی ئەمەریکی یا ئەوروپی یا خۆرئاواییە لەگەڵ کولتور و شارستانییەکانی دیکەدا ناگونجێت، پاشان، بەشێوەیەك لە شێوەکان بەسەر گەلانی دیدا سەپێنراوە. هەروەها هێندێکی دی دەڵێن: دیموکراسی هەر دەبێ بە شێوەیەکی ئۆرگانی لەدایك بێت و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتوری، پێویستی بە ماوەی ژانگرتنێکی دووروودرێژ هەیە، هاوشێوەی ئەو گۆڕانەی کە بووە مایەی دەرکەوتنی حکومەتە دیموکراسییەکانی هەوڵجار لە بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هەروەها هێندێکی دی، جەخت لەسەر گرنگی بەردەستکردنی "هەلومەرجی پێشوەخت"ی کۆمەڵایەتی و ئابوریی دیموکراسی دەکەنەوە - واتە ئاستێکی دیاریکراو لە گەشەسەندنی ئابوری و پەروەردە و خوێندن، ئەمە سەرباری چینێکی مامناوەندی گەورە و کاری دیکەی لەوجۆرە.

شتێك لە ڕاستی لەو وتانەدا هەیە کە بە هەموو دڵنیاییەکەوە خۆی لە پەیوەندییە گشتگیرانەکەی نێوان ئاستەکانی گەشەسەندنی ئابوری و سەقامگیری دیموکراسی دەبینێتەوە. بەڵام لێرەدا گرفتێکی گەورە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هەیە کە دەڵێت ناتوانرێ دیموکراسی هەنارده بکرێ، چونکە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی خێرا و بەرچاو لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوبۆتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا، دیموکراسی لە ماوەی دوا دەیەکاندا لەو وڵاتانەدا ڕەگی داکوتاوە کە کولتور و ئاستی جیاوازیان لە گەشەسەندنی ئابوریدا هەبووە. پاشان، چیدی ئەو ڕا و

بۆچوونەش قاییلکەر نییە کە دەڵێت دیموکراسی تەنها بە بوونی فاکتەرە کولتوریی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ئابورییە دیاریکراوەکاندا گەشە دەکات.

بەدڵنیاییەوە، مرۆڤ دەتوانێت بڵێت، بڵاوبونەوەی حاشاهەڵنەگری دیموکراسی لە نیوەی وڵاتانی جیهاندا، بە تەنها بۆ فاکتەرە ناوخۆییەکان دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وادیارە ئەوە هەرگیز مایەی بڕوا پێکردن نەبێت، بەتایبەتی دیموکراسی بەپێی زنجیرە "شەپۆلێك" بڵاوبۆتەوە و وڵاتانی هەمان ناوچەی جوگرافیا، زۆرجار لە دوابەدواهاتنێکی خێرادا دیموکراتیزەکران. هەر چۆنێك بێت، زۆر زەحمەتە، هێڵێکی ڕوون بکێشرێت لە نێوان گۆڕینی سیاسی (هەناردەکار)و ئەوەی بە لۆکاڵی پەیدا بووە، بەتایبەتی لەبەرڕۆشنایی ئەو هاوبەندییە گەورە نێونەتەوەییەی لە جیهانی ئێستادا هەیە. تەنانەت لە ڕابردووی دووریشدا، ئەو پرەنسیپ و ڕێکخستنە دامەزراوەییە هەمەجۆرانە تەبەنی کران کە سەرەتا لە کۆمەڵگەیەکدا پەیدابوون، پاشان لەلایەن ئەوانی دیکەوە گونجێنران. ئایینە سەرەکییەکانی جیهان بەوشێوەیە هەناردەکران. ئەگەر تەماشای لایەنگرانی "پێکدادانی شارستانییەکان"ی ساموئیل هینتینگتۆن (.Samuel P Huntington) بکەین، دەبینین گشت ئەو شارستانییانەی لەسەر ڕێنمایی و ڕێباوەرە (تعالیم) ئایینییەکانەوە دروست بوون، ڕەگوڕیشەیان لە شوێنێکی دیکەدا بووە. کاریگەری ئەو ڕێباوەرانە لە ڕێی ئامرازگەلێکی هەمەڕەنگەوە بڵاوبوونەوە کە لە نێوان کتێب و شمشێردا پاکوتێیان دەکرد. ئایا ئەوە بەو مانایە دێت کە ئیسلام لە ئێران یا ئیندونیسیا بە کاڵایەکی هەنارده کراو دابنرێت؟ یا مەسیحییەت لە ئیتاڵیا یا بریتانیا؟

بە تەنیا ئایینەکان بەوشێوەیە بڵاونەبوونەوە. لە سەدەی ڕابردوودا، کۆمۆنیزمیش بەنزیکەیی لە تەواوی جیهاندا، سەلماندی کاڵایەکی هەناردەکراوی زۆر سەرکەوتووە. لە ڕێی کۆمەڵە ئامرازێکی هەمەڕەنگی سەربازی و فیکریی بڵاوبووەوە، بەو دەستیاری و کۆمەکە ڕاستەوخۆیانەشەوە کە لە مۆسکۆوە پێشکەش بەحیزبە کۆمۆنیستەکانی هەموو جیهان دەکران. لە نەمانی کۆمۆنیست و پۆچەڵ بوونەوەی جێمتمانەییدا، دیموکراسی بووە تاکە سیستمی سیاسی کە بەشێوەیەکی ماقووڵ بانگەشەی شەرعییەتی جیهانی دەکات. هەروەکو ئەمارتیا سەن "Amartya Sean" دەڵێت:

لە هەر سەردەم و کەشوهەوایەکی کۆمەڵایەتیدا، بیروباوەڕی ڕامالەر (جارف) وەك ڕیسایەکی گشتی ڕێزدار دەردەکەوێت - ڕێك وەك بەرنامەڕێژی "گریمانەیی" لە ئامێری کۆمپیوتەردا؛ بەڕاست و دروست دادەنرێ گەر بە شێوازێك لە شێوازەکان ڕەتنەکرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا دیموکراسی بە شێوەیەکی گشتگیر پیادەناکرێ، هەروەها بە شێوەیەکی یەکگرتووش قبووڵ و پەسەند ناکرێ، بەڵام لە کەشوهەوایەکی گشتیی ڕای گشتی نێونەتەوەییدا، حوکمی دیموکراسی بە گشتی بە حوکمڕانییەکی دروست دادەنرێت. ئەمرۆ تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەو کەسانەدایە کە دەیانەوێت لە پێگەی دیموکراسی کەم بکەنەوە و پێویستە پاساوێك بۆ ئەو ڕەتکردنەوەیە پێشکەش بکەن.

بەڵام فۆرمۆڵەیەکی دیکەی سەرنجڕاکێش بۆ هاندانی دیموکراسی لە بیریاری سیاسیی جۆرجی، گیا نۆدیا (Ghia Nodia) دێتەگۆڕێ:

بۆچی وەرچەرخانەکان ڕوودەدەن؟ لاساییکردنەوە یەکێکە لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەو وەرچەرخانانە (زانا سیاسییەکان کاتێك زاراوەگەلی وەك "کاریگەری خۆپێشاندان"و "بڵاوبوونەوە" بەکاردەهێنن، قسەی لەسەر دەکەن). گەورەترین سەرکەوتنی دیموکراسی لە جیهانی هاوچەرخدا کە لەبەر هەر هۆیەك بێت، بووە بە کارێکی ئاسایی و باو. ئەوەی مرۆڤ لە سایەی ئۆتۆکراسیدا ژیان بکات، یا خۆی کەسێکی ئۆتۆکراسی بێت، بە کارێکی جیاواز و ناشارستانی و قێزەون دەردەکەوێت - بە دەستەواژەیەکی دی - کارێکی نابەجی و ناشایستەیە. لە جیهانێکدا دیموکراسی زیاتر لە ئازادی بەجێگرەوەی خودی شارستانی دابنرێت، ئیدی کەس چاوەروان نابێت تا بۆ دیموکراسی "ئامادە" بێت.

دیموکراسی بەدەر لە خودکێشییەکەی، شەرعییەتی جیهانیی دەیکاتە کارێك خەڵکی لە سەرتاسەری جیهاندا حەزی پێبکەن و بۆی بەپەرۆش بن. هەروەها لەمرۆدا زۆرینەی خەڵکی لە زۆربەی شوێنەکاندا بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابوری و یەکسانییان لە مامەڵەکردندا دەوێت، ئەوان بە تەواوەتی دەیانەوێت توانای هەڵبژاردنی حکومەتەکانی خۆیان هەبێت و ڕێز لە مافەکانیان بگیرێت. نۆدیا دەڵێت:

"مۆدیلەکانی دیموکراسی.. ئەوەندەی دەستەبژێرە ناوچەییەکان هەوڵی بۆ دەدەن، ئەوەندە خۆرئاوا نایسەپێنێت... پێویست ناکات خۆرئاوا لە بەرامبەر "سەپاندنی" مۆدێلەکانی بەسەر "باقی جیهاندا"، هەست بە تاوان بکات: ئەو "باقییە"ش لە چەق و تەوەریبوونی پرۆژەی دیموکراسی هاوچەرخی خۆرئاوا تێدەگەن و دەخوازن بەشداری تیا بکەن".

ڕەنگە کۆمەڵە ئامانجێکی جیاکاری مۆدێرنە - واتە ئۆتۆنۆمی، ئازادی تاکەکەسی، یەکسانی سیاسی، سەروەری یاسا و گەشەسەندنی ئابوری - و ئەو دامەزراوانەی خزمەتی پێ دەکات، یەکەمجار لە بریتانیا و ئەمەریکا، بەدیار کەوت بێت، بەڵام ناتوانرێ بە میراتی ئەنگلۆ-ئەمەریکی دابنرێت. هەر زۆر زوو مۆدێلە سیاسییەکانی بریتانیا و ئەمەریکا، بەگۆڕوتینێکی زۆرەوە لەلایەن فرەنسییەکانەوە - مۆنتسکیۆ و تۆکڤێڵ، پێشکەش بە باقی جیهان کران. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە ڕەگداکوتانی دیموکراسی لە ئێستادا بە نزیکەیی لە تەواوی ئەوروپا و زۆربەی سەرزەمینی خۆرئاوا، دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو مۆدیلانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر هەموارکرانەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخە ناوچەییەکەدا بگونجێت. لەم ڕوانگەیەوە، "هەناردەکردنی" دیموکراسی بە بابەتێکی زۆر کۆن دادەنرێت.

دیموکراسی و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان

هەروەکو تۆماس بانگڵ لە وتاری دەسپێکی ئەم کۆمەڵەیەدا ئاماژەی پێدەدا، پاڵپشتیکردنی ئەو هەوڵانەی بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی لە دەرەوە دەدرێ، حەکایەتێکی زۆر کۆنە لە مێژووی ئەمەریکا و ڕەگوریشەکەی بۆ سەرەتاکانی کۆمار دەگەڕێتەوە. بەرگری کردن لە دیموکراسی، بەلانیکەمەوە لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە، ئامانجێکی ڕوونی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە و لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم و جەنگی ساردیشدا هەر بەردەوام بووە، بە هەر دوو جەنگی ئەفغانستان و عێراقیشەوە. لە ڕوانگەی ئەخلاقی و لە دەسپێکی "واقعییەتی سیاسی"، پاساو بۆ ئامانجی بە دیموکراسیکردنی زیاتری جیهان دەهێنرایەوە. پاساوە ئەخلاقییەکە بە پێویستی دەزانی ئاسۆی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ فراوان بکرێ، بەوەی مافی مرۆڤەکانە لە هەموو شوێنێکدا، ئەو مافەیان هەبێت. هەروەها ئێمە بە هاندانی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی، خزمەت بە بەرژەوەندییە ئەمنییە تایبەتەکەی خۆمان دەکەین، ئەوەش بە بەشداری کردن لە دروستکردنی ئەو ڕژێمانەی

بەئەگەریکی زیاد دەبن بە هاوپەیمانمان، تا ئەوەی ببنە ڕژێمی دوژمنکار. دیارترین دەستەواژە لەبارەی ئەم حاڵەتی دووانەییە بۆ پشتگیری کردنی دیموکراسی لە گوتارەکەی جۆرج دەبلیو بوش دا هاتووە کە لە ئاهەنگی دانانەوەی بۆ جاری دووەم بە سەرۆك وتی:

"ڕووداوەکان و هەستی ڕاست و دروستمان بەرەو یەك ئەنجامگیریمان دەبات: مانەوە و پایەداربوونی ئازادی لە وڵاتەکەماندا، زیاتر پشت بە سەرکەوتنی ئازادی لە وڵاتانی دی دەبەستێت. باشترین هیوا بۆ بڵاوبوونەوەی ئاشتی لە جیهانەکەمان، بڵاوبوونەوەی ئازادییە لە سەرتاسەری جیهاندا.

بەرژەوەندییە بنچینەیی و زیندووەکانی ئەمەریکا و بیروباوەڕە قووڵەکەمان لە ئێستادا یەك شتن. لە ساتەوەختی دامەزراندنی وڵاتەکەمانەوە، ئەوەمان ڕاگەیاندووە کە هەموو پیاو و ژنێکی سەر ئەم گویٚ زەمینە، ماف و شکۆ و بەهایەکی بێوێنە و بێهاوتایان هەیە، لەبەر ئەوەی گشت مرۆڤەکان وێنەی ئەفرێنەری ئاسمانەکان و زەوییان هەڵگرتووە. هەروەها لە باوباپیرانمانەوە لەپێشبوونی خودموختاریمان ڕاگەیاندووە، چونکە نابێت و کارێکی نەشیاوە یەکێك سەروەر بێت، هیچ کەسێکیش شایستەی بەکوێلە کردن نیە.

نەتەوەکەمان لەسەر بڵاوکردنەوەی پرەنسیپە ئایدیاڵەکان دامەزراوە. ئەوەش دەسکەوتە شەرەفمەندانەکانی باوانمانە. بەڵام ئێستا، داواکارییەکی هەنووکەیی ئاسایشی نەتەوەکەمان و بانگەوازی سەردەمەکەمانە. بۆیە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بە مەبەستی لەناوبردنی ستەمکاری لە جیهاندا، هەوڵ دەدا پاڵپشتی گەشەسەندنی بزووتنەوە و دامەزراوە دیموکراسیەکانی هەموو نەتەوە و کولتورەکان بکات".

زەحمەتە دژایەتی ئەو قەناعەتە بکریٚ کە پێیوایە بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لە وڵاتانی دیکە "لە مەودا دووردا"، خزمەت بە بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی ئەمەریکا دەکات، بە بیروباوەر قووڵەکانیشییەوە. تەنانەت لە مەودا کورتیشدا، زەرورەتی ئاسایش و پشتگیریکردنی دیموکراسی لە زۆربەی جاردا، ئاماژە

بە هەمان ئاڕاستە دەکات. هەروەها ناتوانرێ لە حاڵەتەکانی دیکەدا، نکۆڵی لەوە بکرێ کە ئامانجە ئەمنییە و خێرا و ڕاستەوخۆکان، ململانێیەکی توند لەگەڵ ئامانجی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لە وڵاتێکی دیاریکراودا دەکات. ڕەنگە ئەم جۆرە حاڵەتانە زیان بە بیروباوەرە دیموکراسییەکەمان بگەیەنێت (نموونەیەکی کلاسیکی، ئەگەر چی پەرگیریشە، هاوپەیمانێتی دیموکراسییەکان و ڕوسیای ستالینە، دژ بە ئەڵمانیای نازی). ئیدارەی بوش ناچار بوو دووبارە پەی بەم واقیعە بەرێتەوە، هەروەها لە سیاسەتەکانی بەرامبەر بە هێندێ وڵاتی سەرەکیی وەك میسر، ڕوسیا، پاکستان و چین ڕەنگیدایەوە.

بەدرێژایی مێژووی ئەمەریکا، بە بەکارهێنانی هەموو ئامرازە بەردەستەکانی نێو هەمانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی دراوە: ئیدی چی بە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بێت، یا لە ڕێی کۆمەکی دارایی، یا بە سزادانی ئابوری، یا بە گوشاری دیبلۆماسی، یا لە ڕێی کردەی نهێنی، یا بە گوتارەکانی سەرۆکایەتی یا بە دیبلۆماسییەتی گشتی، یا بەشێوازی دیکە... بەڵام، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە، ئامرازی دیکە زیاد کرا، وەك پێشکەش کردنی پاڵپشتی دارایی بێسنوور و ڕاهێنانی گرووپەکانی لایەنگری دیموکراسی لە دەرەوە. ئەم میتۆدگەرا تازەیە کە بەزۆری بە "هاوکارییەکانی دیموکراسی" یا "هاوکارییەکانی گەشەسەندنی سیاسی" ئاماژەی پێدەدرێ، مێژوویەکی سەیر و جێ سەرنجیان هەیە.

حەکایەتەکە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە لەگەڵ دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی مەسەلەی مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ، دەست پێدەکات. لە سەرەتادا ئەم مافانە سیمایەکی دیاری لە کۆنگریسی ئەمەریکی پێ بەخشرا، پاشان لە سایەی ئیدارەکەی جیمی کارتەردا باڵای کرد و پێگەیەکی سەنترالی گرت. ئەم دەسپێشخەرییە بەپشتبەستن بە پەسەندکردنی فەرمی نێونەتەوەیی جارنامە جیاوازەکانی مافەکانی مرۆڤ، وەك پاساوێك بۆ خۆی، ئەو کارەی پێشێل کرد کە لە ڕۆژانی ئاشتیدا، بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکەدا حیساب دەکرا.

لە سەرەتادا، بوێری نوێ لە پاڵپشتی کردنی مافەکانی مرۆڤ لە دەرەوەدا، هاودەمی پێ بەپێی ئەو هەوڵانە نەبوو کە لە بەرژەوەندی دیموکراسیدا دەدرا. بەڵام

ئەو هەنگاوە لە سەردەمی ڕۆناڵد ڕیگان (Ronald Reagan)ی سەرۆکی ئەمەریکا گیرایەبەر. ڕیگان لە حوزەیرانی 1982دا، لە گوتارێکی مێژوویی لە پەرلەمانی بریتانیا، ئاماژەی بەو هەوڵانە دا کە هەر دوو حیزبە سەرەکییەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پێی هەڵدەستن، لە بارەی "دیاریکردنی چۆنێتی بەشداریکردنی ئەمەریکا بە شێوەیەکی باشتر لەو هەڵمەتە جیهانییەی لە پێناوی دیموکراسیدا دەدرێ کە لە ئێستادا گوڕو تین دەداتە بەر خۆی". ئەو گوتارەی بووە مایەی ئەوەی لە کۆتایی ساڵی 1983دا، ڕێکخراوی دەستئاوێزی "وەقفی" نیشتمانی بۆ دیموکراسی - National Endoment for Democracy" دروست بێت، ئەوەش ڕێکخراوێکی ناحکومی بوو کە کۆنگرێس مایەدانی (تمویل) دەکرد و ساڵی 1984 یەکەم بەخششی پێدرا.

لە ساڵانی یەکەمی دامەزراندنی ڕێکخراوی "دەستئاوێزی نیشتمانی بۆ دیموکراسی"، بیرۆکەی دەستیاری کردنی دیموکراسی بابەتی مشتومڕێکی گەورە بوو. بەهۆی ئەو هەستە باوەی کە پێیوابوو پاڵپشتی کردنی گرووپەکانی لایەنگر بە دیموکراسی لە وڵاتانی دیکەدا، بە جۆرێك لە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانە دادەنرێ، بۆیە ڕێکخراوەکە وەك ڕێکخراوێکی ناحکومی دروست بوو. ئەوەش بە کارێك دادەنرا کە حکومەت لە ڕووی یاسایی و بە ئاشکرا، ناتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵکو دەبێ ڕێکخراوێکی تایبەت لە دەرەوەی حکومەت ئەو کارە ئەنجام بدات. هەروەها دەشێت ڕێکخراوی دەستئاوێزی نیشتمانی، هەمان ڕێچکەی هەر حیزبێکی ئەڵمانی بگرێتەبەر کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پاڵپشتی حیزبە هاوتاکانی دەکرد، ئەوانەی لە دەرەوە هەڵگری هەمان بیروباوەر بوون و لە هەر یەك لە ئیسپانیا و پورتوگال، ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لە یارمەتیدانیان گێڕا، بۆ ئەوەی بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێن. بەڵام سەرباری پاڵپشتی کردنی کەرتە گەورەکانی کارکردن و پاڵپشتییە گەورەکەی هەر دوو حیزبە سەرەکییەکە (دیموکراسی و کۆماری) بۆ ڕێکخراوی "دەستئاوێزی نیشتمانی دیموکراسی"، کەچی هێشتا گومانێکی زۆر لە خۆی و نیازەکانی هەیە.

هێندێك جار دژایەتیکردن لە پشتگیرکردنی دیموکراسی پشتی بە کۆنسێرڤاتیزمی دارایی یا بە گۆشەگیری دەبەست، بەڵام ناڕەزایەتییەکی تاڕادەیەك توند، لەو کەسانەوە بوو کە زۆر بە سیاسەتی مافەکانی مرۆڤەوە پابەندبوون. وادیارە

لە ئێستادا تێگەیشتن لەم دابەشبوونە قووڵەی نێوان "کۆمەڵگەی مافەکانی مرۆڤ"و "کۆمەلگەی دیموکراسی" قورس و زەحمەت بێت، بەتایبەتی لەگەڵ هەبوونی هاوبەندییەکی توندی تیوریی و پراکتیکی لە نێوان مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیدا. بەشێکی ئەم درزە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی لە کێبەرکێی حیزبیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەوێتەوە، بەتایبەتی ناکۆکی هەر دوو حیزبەکە دەربارەی ئەمەریکای ناوەڕاست، ئەوەش سیاسەتی ئەمەریکای لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا شێواند بوو. هەروەها هێندێك لە فەرمانبەرانی ئیدارەکەی ڕیگان پشتگیری دیموکراسییان بە هەمان شێواز پێناسە کرد کە مافەکانی مرۆڤی لە ئیدارەکەی کارتەردا پێ پێناسە کرابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دابەشبوونە حیزبییە تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ بەکۆتاهاتنی جەنگی سارد، لەنێوچوون. کاتێك ئیدارەی کلینتۆن لە ساڵی 1993دا حوکمی گرتەدەست، "بەرفراوانکردنی دیموکراسی" کردە یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی. ئیدارەکەی پێشنیازی بودجەیەکی زۆر گەورەی بۆ ڕێکخراوی دەستئاوێزی نیشتمانی بۆ دیموکراسی کرد. لە هەنگاوێکدا کە بەهێمای تێپەراندنی دژبەیەکی نێوان لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ و لایەنگرانی دیموکراسی دادەنرێ، نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ و کاروباری مرۆیی لە وەزارەتی دەرەوە، ئەو نووسینگەیەی لەسەردەمی سەرۆك کارتەر دا دامەزرا، بۆ نووسینگەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و کارکردن، بونیاد نرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ناکۆکی لە نێوان گرووپی مافەکانی مرۆڤ و گرووپی دیموکراسی، هێندێك جار زۆر بە جوانی دەبینرێ، بەتایبەتی لەو گفتوگۆیانەی باس لە ڕۆڵی دامەزراوە نێونەتەوەییەکان دەکەن. بەڵام لە ئێستادا، بە مەبەستی پراکتیکی، دوو هاوپەیمانی زۆر بەهێزن. دەبێ ئەوەش وەیادبهێنینەوە کە ململانێ هاوچەرخەکانی پێناو مافەکانی مرۆڤ، ئیدی چی لە ڕوسیا بێت یا بۆرما یا زیمبابۆی یا چین یا ئۆزباکستان، ململانێیەکە لە پێناو دیموکراسیدایە.

کۆدەنگییە نوێیەکە بەزۆری بە ڕوخانی دیواری بەرلین و نەمانی کۆمۆنیزم لە بەرژەوەندی دیموکراسیدا کەوتەوە. ئەو ڕووداوە گەورانە بەتەنیا هەر جەنگی ساردیان لەنێونەبرد، بگرە لێشاوێك گۆڕانی ڕاستەقینەی لەو شێوازە هێنایە گۆڕێ کە لێوەی تەماشای دیموکراسی پێ دەکرا. هەروەها پێگە و شەرعییەتی

دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ ئاستە بێوێنەکان بەرزبوونەوە. لەپڕ کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر و دامەزراوەکان لایەنگرییان لە پشتگیری کردن و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی دەکرد. ئەم گۆڕانکارییە بە شێوەیەکی بەرچاو خێرا بوون. بۆ نموونە، فەرمانبەرانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەسەندنی نێونەتەوەیی (USAID) کە پێشتر خۆیان وەك ئاژانسێکی ناسیاسی و ئاژانسێکی هونەریی پسپۆر حیساب دەکرد، بۆ ئەوەی پشتگیریی پێشکەوتنی ئابوری لە وڵاتە هەر هەژارەکاندا بکەن، سەرەتا ئۆقرەیان لێ بڕا و تووشی شڵەژان و شپرزەیی بوون لە بیرۆکەی بەشداریکردنیان لە پێشکەش کردنی ئەو هاوکارییە سیاسییانەی کە مەبەست لێی پشتگیری کردنی دیموکراسی بوو. بەڵام سەرانی ئاژانسەکە هەر زوو دەرکیان بەوە کرد کە ئەمە بوارێکە بۆ گەشەسەندنی هاوکارییە دەرەکییەکانی ئەمەریکا، بۆیە بڕیاریاندا ئاژانسەکە بەشداری بکات.

کۆدەنگی نوێی پشتگیریکردنی دیموکراسی، دیاردەیەکی تایبەت بە ئەمەریکا نەبوو. هەموو لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە کاروانەکە ڕابگەن، بە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و هەرێمایەتییەکان و حکومەتە دیموکراسییەکانیشەوە. سکرتارییەتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێستادا "هۆبەیەکی بۆ هاوکارییەکانی هەڵبژاردن" هەیە و ڕاسپێردراوە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاك و ئازاددا، هاوکاری وڵاتانی ئەندام بکات. هەروەها سنوقێکی نوێی دیموکراسی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە بۆ ئەوەی بەخشش پێشکەش بەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی بکات کە کار لە پێناو پشتگیریکردنی دیموکراسیدا دەکەن. لە پاڵ ئەوەشدا، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان نێونەتەوەیی و یۆنیسکۆ و ئاژانسە تایبەتمەندەکانی دی، بەرنامەیان دانا بۆ ئەوەی پاڵپشتی دیموکراسی بکەن. یەکێتی ئەوروپا، ئەنجوومەنی ئەوروپا و ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپی، بە تەنیا لە نێو ئەو ڕێکخراوە هەرێمایەتییەدا نەبوون کە بەشدارییان لە پشتگری کردنی دیموکراسی دەکرد، بەڵکو هەمان کاریش لەسەر ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکا (Organization of American States)و کۆمنۆڵس پیادە دەبێت. هەروەها هەر یەك لە یەکێتی ئەفەریقیا (پێشتر ڕێکخراوی یەکێتی ئەفەریقیا بوو)و ڕێکخراوی ئاسیان (ASEAN)، هاتنە نێو ئەم بوارەوە، ئەوانەش دوو ڕێکخراو بوون کە وڵاتانی نادیموکراسی تێیدا ئەندام بوون و بە شێوەیەکی تەقلیدی لەوە دەترسان دەستوەردان

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

له سیاسەتی ناوخۆی یەکتریدا بکەن. سەرباری ئەوەش، یەکێتی ئەورووپا و ئاژانسەکانی هاوکاری کردنی دوولایەنەی سەر بە وڵاتە سەرەکییە هەرە دیموکراسییەکان، مایەدانیان لە بەرنامەی پشتگیریکردنی دیموکراسی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیستدا دەکرد.

لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، هاوڵاتیان و بەرپرسە حکومییەکان لە دیموکراسییە تازەکاندا، بەپەرۆش بوون "هاوکاری گەشەسەندنی سیاسی" بەدەست بهێنن. لایەنە بەخشکارە دەرەکییەکان ئەوپەری ئامادەییان تیابوو ئەو دەستیارییە بەردەست بکەن، بەتایبەتی لە وڵاتە پۆست-کۆمۆنیستەکاندا. وەرگرانی هاوکارییەکان هیچ ترسێکیان لە قبووڵ کردنی هاوکاری دیموکراسیدا نەبوو، تەنانەت گەر ڕاستەوخۆ لە وڵاتانی خۆرئاواشەوە بوایە. هەر زۆر بەخێرایی ئەو بڕە پارانەی کە ئاژانسە حکومییەکانی، وەك ڕێکخراوی دەستئاوێز دیموکراسی، ڕاستەوخۆ خەرجیان دەکرد، خەرجییەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کەم کردەوە. لە ئێستادا خەرجی ساڵانەی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی بۆ دیموکراسی و حکومەت، بە زیاد لە ملیارێك دۆلار دەخەملێنرێت. هەروەها پشتگیری کردنی دیموکراسی بە تەنها نەبوو بە پڕۆژەیەکی زۆر زەبەلاح، بگرە هەروەکو مایکڵ ماکفاوڵ " Michael McFaul" دەڵێت، بوو بە جۆرێك لە تەقلیدی نێونەتەوەیی.

مشتومڕە نوێیەکە

سەرباری ئەوەش، مەسەلەی پشتگیری کردنی دیموکراسی، بەم دواییانە، سەرلەنوێ بووە بە مەسەلەیەکی مشتومڕئامێز، لەگەڵ ئەوەی خەرجیی ئەم مەسەلەیە هەرگیز پاشەکشێی بەخۆیەوە نەبینیوە و بەردەوام لەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە پاڵپشتی لێدەکرا. لێرەدا دەمەوێت بڵێم دەرکەوتنەوەی مشتومڕەکە دوو سەرچاوەی هەیە. یەکەمیان پێی دەوترێ "پەرچەکردار" بەرامبەر هاوکارییەکانی دیموکراسی. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر لە ڕژێمە نیمچە دیموکراسییەکان یا "ستەمگەرە کێبەرکێکارەکان"ەوە دێت کە هاوکاریکردنی دیموکراسی لە دوای "شۆڕشی ڕەنگاڵەکان" لە جۆرجیا و ئۆکرانیا ((شۆڕشی ڕەنگاڵە، زاراوەیەکە بۆ کارو کردەوەکانی بزوتنەوە و یاخیبوونە مەدەنییەکان و کردە ئاژاوەگێڕییەکان یا بزوتنەوەکانی داخوازی لە هێندێك وڵاتدا، بەتایبەتی ئەوانەی دژ بە خۆرئاوا بوون، وەك وڵاتە پۆست-کۆمۆنیستەکان لە ناوەڕست و خۆرهەڵاتی

ئەوروپا و ئاسیای نێوەند. بەشداربووان لەو شۆڕشە بەرهەڵستکارییە ناتوندوتیژییانە و لە ناڕەزاتییەکان و خۆپێشاندانەکاندا، دەستماڵێکی ڕەنگ تایبەتیان بەکاردەهێنا یا گوڵێك وەك هێمایەك، بۆ نموونە "شۆڕشی گوڵ" لە جۆرجیا و "شۆڕشی پرتەقاڵی" یا "شۆڕشی پرتەقاڵ" لە ئۆکرانیا))، بە هەڕەشەیەك لەسەر دەسەڵاتەکانی خۆیان دەزانی. بەر لەوەش، وڵاتانی وەك فەنزەویلای چافیز و ڕوسیای پوتین لە نێو ئەو وڵاتانە بوون کە کۆت و بەندێکی توندیان لەسەر ڕێکخراوە لۆکاڵیە ناحکومییەکان و لەسەر پارەوەرگرتنی بیانی دانا؛ هەروەها وڵاتانی میسری حوسنی موبارەك و زیمبابۆی مۆگاپی و بیلاڕوسیای لۆکاچینکۆ-یش دەگرێتەوە. ئەو کۆت و بەندە نوێیە بە پاراستنی سەروەری نیشتمانی و بەرهەڵستی هەژمونی خۆرئاوا پاساو دەدرێتەوە. ئەو ڕژێمانە لەبارەی سوود و قازانجی هاوکاریکردنی دیموکراسی کە زۆر قورسیان دەکرد، گومان و دڵەراوکێیان لە هێندێك نێوەنددا دەچاند، ئەمە لە پاڵ هەراسان کردنی ئەو لایەنانەی هاوکارییەکانیان وەردەگرت.

بەڵام دووەم هۆکار، گرنگتر و پڕبایەختر بۆ نوێبوونەوەی مشتومڕەکە و زیاتر پشتگیریکردنی دیموکراسی بە جەنگی عێراقەوە دەبەستێتەوە کە شەعبییەتێکی زۆر کەمی هەبوو. لەلایەکەوە، کارێکی گومڕاکەرە، لەبەر ئەوەی پشتگریکردنی دیموکراسی بەداگیرکاری لە ڕابردوودا زۆر بە دەگمەن ڕوویداوە و ڕەنگە هەر بەو جۆرەش بمێنێتەوە. بە مانایەکی دیکە، ئەو هەوڵانەی لە عێراق و ئەفغانستان دران، بەشێکن لە توێژێکی گەورەتر، زۆر جاریش پێی دەوترێ "بیناکردنی دیموکراسی لە دوای بەکۆتاهاتنی ململانێ"، ئەوەش توێژێکە خەریکە بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەدەکات. زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ململانێی ناوخۆی توندی ئەم توێژەیان بەخۆوە بینیووە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەوڵی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی لە ئەستۆ گرتووە، هەروەکو لە هاییتی، مۆزامبیق، کەمبۆدیا، بۆسنە، سیرالیۆن، تیمۆری خۆرهەڵات، کۆسڤۆو لیبیریا ڕوویاندا. سەرباری ئەوەی ئەو وڵاتانە دووچاری کارەساتی جەنگی ناوخۆیی بوونەوە، زۆربەشیان بە دەست هەژارییەکی زۆرەوە دەناڵێنێن. هیچ یەکێکیان لە پراکتیزەکردنی خودموختارییەکی میللیدا، بە پاڵێوراوێکی چاوەڕوانکراو دانانرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بیناکردنی دیموکراسی بەشێکی دانەبڕاوی

هەوڵە نێودەوڵەتییەکانە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ زۆربەی ئەو وڵاتانە ئاوەدان بکرێنەوە. بۆچی؟

بەشێك لە هۆکارەکە ئەوەیە کە دەشێت هەڵبژاردن ببێتە میکانیزمێکی بەسوود بۆ چارەسەرکردنی ئەو ململانێ ناوخۆیانەی کە درێژەیان کێشاوە، بەڵام فاکتەرە گرنگەکە لەو شەرعییەتەدا مت بووە کە دیموکراسی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەدەستی دەهێنێت. سەرجەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و ئەو زلهێزانەی دەسپێشخەرییان کردووە کە دۆخی دوای ململانێیەکە لە ئەستۆی بگرن، بە گونجاوی نازانن لەو ناوچانەی پارێزگارییان لێ دەکەن، خۆیان لە پابەندبوونی ئاشکرای دیموکراسی بدزنەوە. سەرباری ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان هێشتا لەگەڵ دیکتاتۆرە دڵسۆز و خۆشەویستەکاندا مامەڵە دەکات، کەچی هێشتا مرۆڤ وێنای ئەوە ناکات سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان - یا ڕای گشتی ئەمەریکا ڕەزامەند بێت - پاساو بۆ بڕیارێك بهێنێتەوە کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕادەستی سەرکردەیەکی ستەمگەری هەڵنەبژێردراو بکات. سەرباری ئەوەی لە نێو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا، ڕژێمی ستەمکار هەیە، ئەوا ناچارە دامەزراوەی دیموکراسی لەو ناوچانە جێبهێڵێت کە ڕاستەوخۆ بەرپرسیارییەتی قۆناغی دوای ململانێ لە ئەستۆ دەگرن.

بونیاتنانی دیموکراسی لە سایەی هەلومەرجێکی دژواری لەوجۆرەدا، ئەرکێکی پڕئاڵۆزە، چونکە گێڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش و دووبارە بونیاتنانەوەی دەوڵەت، پێویستی بە زنجیرەیەکی تەواویی ئەو توانا و سەرچاوانە هەیە کە داواکارییەکانی هاوکاریکردنی دیموکراسی لە هەلومەرجێکی سەقامگیرتردا تێپەڕێنێت. هەروەها شارەزایی بەدەستهێنراو لە پێشکەش کردنی هاوکاری گەشەسەندنی سیاسی بۆ ئەو وڵاتانەی دامەزراوەکان بە شێوەیەکی دروست کاری تێدا دەکەن، بەگشتی شارەزاییەکی زۆر سنووردارە لەو شوێنانەی هەموو دامەزراوەکانی پێویستیان بەوە هەیە لە سفرەوە دووبارە بونیات بنرێنەوە. هەروەها تۆمارگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەوجۆرە حاڵەتانەدا، کارگەلێکی لێ دەکەوێتەوە کە ئارەزووی بەجێهێنانیان دەکرێ. ئیدی بەوشێوەیە و بەدەر لە ژمارەی وڵاتە لەرزۆکەکانی جیهان، ڕەنگە بیناکردنی دیموکراسی لە ئایندەدا، ڕووبەڕووی زۆرێك حاڵەتی دژواری لەوجۆرە بێتەوە.

بەو شێوەیە و بە ڕێگەیەك لە ڕێگاكان، هاوكاریكردنی دیموكراسیی لەمرۆدا باجی سەركەوتنەكانی ڕابردوویی دەدات. بەزۆری لە دوو ژینگەی جیاوازی پڕ لە ئاڵەنگاریدا كار دەكەن. ژینگەی یەكەم كۆمەڵە وڵاتێكە كە دیكتاتۆری ترسناكیان هەیە، بەڵام ژیر و چاپووكن، لەسەر چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموكراسی و چۆنێتی لەناوبردنی، هێندێك وانە فێربوون. بەڵام دووەم، كۆمەڵە وڵاتێكە كە ئاژاوە و پشێوی هەڕەشەیان لێ دەكات، بەبێ هاوكاری دەرەكیی هیچ شتێك تێیدا سەركەوتوو نابێت. لە هەر دوو ژینگەكەدا دژواری و زەحمەتی گەورە هەیە، بەڵام مادامەكی دیموكراسی پارێزگاری لەو شەرعییەتەی دەكات كە بەراورد ناكرێ و مادامەكی ویلایەتە یەكگرتووەكان هێزێكی پێشەنگە لە جیهاندا، ئیدی پێشبینی دەكرێ هاوكاریكردنی دیموكراسی وەك سیمایەكی دیار لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بمێنێتەوە.

چەند دید و بۆچوونێك

هەروەكو گفتوگۆكانی پێشتر ئاماژەیان پێداوە، مەسەلەی "هەناردەكردن" یا پشتگیریكردنی دیموكراسی پرۆسەیەكی ئاڵۆزە و كۆمەڵێك پرسی ئەخلاقی و تیوری و پراكتیكی دەوروژێنێت. بەشەكانی دواتر لە گۆشەنیگا و شێوازی زانستی جیاوازەوە، هێندێك لەم پرسە گرنگانە چارەسەر دەكات. چەند بەشێكی ئەم كتێبە پشت بە شیتەڵكاری داتاگەلێكی زۆر گەورە دەبەستێت، ئەمە لە كاتێكدا بەشەكانی دیكە شێوازی میتۆدێكی جۆریی پوخت دەگرێتەبەر. هەروەها هێندێك بەش بە شێوەیەكی سەرەكی بایەخ بە خودی داخوازییەكانی دیموكراسی دەدا، هێندێكی دیكەشی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بابەتی ئاڵەنگارییەكانی پشتگیریكردنەكەی لە وڵاتانی دی چارەسەر دەكات.

ئەم كتێبە هەوڵ نادات ڕووماڵی هەموو ئەو پرسانە بكات كە كۆشش و تەقەلاكانی پشتگیریكردنی دیموكراسی دەیوروژێنێت. لە واقیعدا و لەبەر گەورەیی و ئاڵۆزی بابەتەكە، زۆر قورس و زەحمەتە وێنای ئەوە بكرێ تاكە كتێبێك توێژینەوەیەكی سەرتاپاگیر پێشكەش بكات. بۆیە ئەم كتێبە دەیەوێت شتێك بەدیبهێنێت كەمتر مایەی بەرخوازییە، بەڵام بەهایەكی گەورەی هەیە - ئەوەش تیشك خستنە سەر ئەو پرسە سەرەكییانەیە كە پێویستە لە بیركردنەوەدا

بەرەنگاریان بینەوە، بەوەی داخۆ پشتگیری کردنی دیموکراسی سەرکەوتوو بووە یا چۆن سەرکەوتوو دەبێت.

تۆماس ل. بانگڵ، لە بەشی یەکەمدا، بە بەراورد کردنی دید و بۆچوونە جیاوازەکانی بیریارە سیاسییەکان، هەر لە بیریارە کۆنەکانەوە تا بیریارە مەسیحییەکان و تەقلیدە فەلسەفییە هاوچەرخەکان، چارەسەری وانە ئەخلاقییەکانی هەناردەکردنی دیموکراسی دەکات. ئامانجی ئەم بەشە بەردەست کردنی کۆمەڵە پرەنسیپێکی توند نییە، کاتنامە و ئەو ئامرازانە ڕێکدەخات کە پێویستە لە پشتگیریکردنی دیموکراسیدا پەیڕەوییان لێ بکرێ، بەڵکو چوارچێوە فەلسەفییە کێبەرکێکارەکان هەڵدەسەنگێنێت و تیشك دەخاتە سەر ئەو بایەخە ئەخلاقی و پەیوەستیدارانەی کە دەشێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بەکاربهێنرێت.

هەروەها چوار بەشەکەی دواتر تەرخان کراوە بۆ توێژینەوەی هێندێك "پێشمەرجە بونیادییەکان"ی دیموکراسی سەرکەوتوو، چ مانایەکیان بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی هەیە. لێرەدا جەخت لەسەر فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان ناکرێتەوە کە هێندێك جار بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی، بە مەرج یا داخوازی سەرەکی دادەنرێت. لە جیاتی ئەوە، ئەم بەشانە جەخت لەسەر پرسەکانی وەك متمانە، لێبوردەیی، ئایین، هاوکاری، کولتور و ئەتنیك دەکاتەوە. هەر یەك لە "ئادەم سلیگمان" لە بەشی پێنجەم و شێری بیرمان لە بەشی دووەمدا، لە ڕوانگەی جیاوازەوە باس لە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و پەیوەندیی بە دیموکراسییەوە دەکەن کە بەم دواییانەدا دەرکی پێکراوە، چونکە "سلیگمان" بیر لە پەیوەندی کۆمەڵگەی مەدەنی و لێبوردەیی بەرامبەر بە جیاوازی دەکاتەوە، بەڵام "بیرمان" لە ناوکۆی ئەو دامەزراوە سیاسییانەی کە گەشەسەندەکەیان فۆرمۆڵەی کردووە، پێداگری لەسەر زەرورەتی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.

بەڵام لە بەشی سێیەمدا، "ستیڤن فیش" چارەسەری کاریگەری کولتور لەسەر خواست و ئارەزووی وڵاتە جیاوازەکان دەکات، بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی پارێزگاری لە دامەزراوە دیموکراسییەکان بکەن و لەڕێی هاوکارییە دەرەکییەکانەوە کارەکەیان ئەنجام بدەن. لە بەشێکی دیکەشدا "دانیاڵ چیرۆت" هەوڵ دەدا ئەو کێشە

و گرفته هەڵسەنگێنێت کە بەهۆی توندیی جیاوازییە ئەتنیکی و تاییفییەکانەوە ڕووبەڕووی دیموکراسی دەبێتەوە و تا چی مەودایەك لە ڕێی پشتگیریکردنی لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە مافەکانی تاکەکەسیدا، بەسەریاندا زاڵ دەبێت.

تەوەری سێیەمی ئەم کتێبە لە پێنج بەش پێکدێت کە بۆ توێژینەوەی دامەزراوە و پرۆسە سیاسییەکان تەرخان کراوە. لە بەشی شەشەمدا، ڕۆبێرت مۆزەر و بەشی حەوتەم جۆن کاری، باسخواس لەسەر دوو خەسڵەت لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سیستمی سیاسی و هەڵبژاردن و دەستوورەکان دەکەن. مۆزەر باس لەو مەودایە دەکات کە بشێت تێیدا سیستمی هەڵبژاردن بۆ ئەندازەیی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و سیاسەت لە دیموکراسییە نوێیەکاندا بەکاربهێنرێت، ئەمە لە کاتێکدا "کاری" باس لە کاریگەری ئەو پرۆسانە دەکات کە دەستوورەکانی پێ ئامادە کراوە و لە سەرکەوتن و سەقامگیری دواتری دیموکراسیدا تەبەنی کراون. بەڵام لە بەشی هەشتەمدا، زۆڵتان بارانی باس لەو دامەزراوە سیاسییە دەکات کە بۆ بەردەستکردنی ئەو ژینگە ئارامەی کە دیموکراسییە نوێیەکان دەیخوازێت، ناتوانرێ دەستبەرداری بین و بەزۆری دیموکراسیخوازان و بانگهێشتکارانی پشتگوێی دەخەن - هێزە چەکدارەکان. هەر یەك لە ئیدوارد د. مانسفیلد و جاك سنایدەر، بەشی نۆیەم تەرخان دەکەن بۆ ئەزموونکردنی دوو بانگەشە لەو بانگەشە سەرەکییانەی لە بەرژەوەندی هەوڵەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسیدا دەدرێن - واتە، بەئەگەرێکی زیادەوە دیموکراسییەکان بتوانن پێکەوە بە ئاشتی بژین و توانایەکی زۆریشیان بۆ برەودان بە گەشەسەندنی ئابوری و ئازادی بازرگانی هەیە.

بەڵام لە بەشی دەیەمدا، هەر یەك لە میچیل سیلیگسۆن و ستیڤن فینکڵ و ئانیپاڵ پێرێز-لینیان لە فۆکس خستنە سەر چۆنێتی پشتگیریکردنی دیموکراسییەوە دەگوێزنەوە بۆ پرسی ئەوەی داخۆ لە ڕاستیدا پشتگیریکردنی دیموکراسی سەرکەوتوو دەبێت. لە چوارچێوەی دەرخستنی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەیەکی گەورەدا کە دەربارەی بەرنامەی دیموکراسی و سیستمی حوکمڕانی تایبەت بە ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی ئەنجامیان دا، بەو دەرئەنجامە گەیشتن کە واقیع دەریدەخات ئەو دوو بەرنامەیە دەسکەوتی مەزنیان هەیە.

لەمڕووەوە، ئەو بەشەی تایبەتە بەو نووسەرانەوە، لە بەشەکانی پێشووتر جیاکارترە. بەشێوەیەکی گشتی، گومانکردن بە زۆربەی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەوە دیارە، سەرباری ئەوەی هیچ یەکێك لەو نووسەرانە دژ بە دیموکراسی نین. هەموویان دەیانەوێت دیموکراسی بە گەشەکردوویی ببینن و لە بڵاوبوونەوەیدا بەردەوام بێت. هیچ یەکێکیان دوودڵن نییە لەوەی ڕاسپاردە و ئامۆژگاری لە بارەی شێوازی باشکردنی کاری پشتگیریکارانی دیموکراسی پێشکەش بکات. لەگەڵ ئەوەشدا وادیارە زۆرینەیان گومانێکی زۆریان لە توانای دیموکراسی هەیە کە بتوانێت ئامانجەکانی بەدیبهێنێت. بە بۆچوونی تایبەتی خۆم، هێندێکیان (لەگەڵ زۆرێك لەوانەی کۆمێنتیان لەسەر ئەم بابەتە هەبووە)، لەمەر ئەو لێڕوانینەی دیموکراسی بەدیبهێنێت، بە بیرۆکەیەکی زێدەڕەوانە دەست پێدەکەن، پاشان دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە لە توانایدا نییە ئەم پێودانگە بەجێهێنێت.

بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، پوختەی ئەو بەشەی کە هەر یەك لە سیلیگسۆن و فینکڵ و پێرێز-لینیان نووسیویانە، بریتییە لەوەی بەرنامەی دیموکراسی و بەرنامەی سیستمی حوکمڕانی سەر بە ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی، کاریگەرییەکی ئەرێنی گەورەیان هەیە، لەسەر پێشکەوتنی گشتیی دیموکراسی لەو وڵاتانەی ئەم بەرنامانەیان تیا پیادە دەکرێ. هەروەها تۆماری ئەو سەرکەوتنانەی کە شیکردنەوەی داتاکانیان ئاماژەی پێداوە، تۆکمەتر و دروستترە، لە تۆماری زۆربەی بەرنامە حکومییەکان، پێم خۆشە بڵێم: زۆر لەوە گەورەترە کە ڕەنگە زۆربەی بەشداربوانی پرۆژەی پشتگیریکردنی دیموکراسی پێشبینی بکەن. بەدەر لەو پارە زۆرەی لە سەرتاسەری جیهاندا، بۆ هاوکاریکردنی دیموکراسی خەرج دەکرێ، لە پاڵ بایخپێدانە زۆرەکەی توێژەران لەم بوارەدا، ئەوا گومانی تێدا نییە زۆرێك لە هەوڵەکانی دواتر بۆ پێوانەکردنی چالاکی بەرنامەی پشتگیریکردنی دیموکراسی - کە ڕەنگە لایەنگری بکات یا نەیکات، لەو گەشبینییەی لە توێژینەوەکەی سیلیگسۆن و فینکڵ و پێرێز-لینیان کەوتەوە. بە هەر حاڵ، بەدڵنیاییەوە گفتوگۆکە بەردەوام دەبێت، نەك تەنها دەربارەی هەڵسەنگاندنی کاریگەری بەرنامەی هاوکارییەکانی دیموکراسی، بگرە دەربارەی ئەو مەسەلە مۆراڵی و سیاسییە بەرفراوانەش کە هەوڵەکان بۆ بڵاوبونەوەی دیموکراسی دەیوروژێنێت. ئەم کتێبە دەخوازێت دەلاقەیەکی بەسوودی ئەو گفتوگۆیە بۆ خوێنەران بکاتەوە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

لەپێشبوونی مۆراڵ؟

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی یەکەم

مۆراڵێتی هەناردەکردنی دیموکراسی؛ دیدگایەکی مێژوویی - فەلسەفی

تۆماس بانگڵ

ئەم ڕۆژگارەی ئێمە، ڕۆژگارێکە دیموکراسیی تێیدا خۆبەخۆ بە وزەیەکی سەرسوڕهێنەرەوە بەرەو بڵاوبوونەوەی هەنگاو دەنێت. یەکێتی ئەوروپا کە بەم فراوانبوونەی بووە بە بیست و حەوت دەوڵەت، لە ئێستادا پابەندە پارێزگاری لە دیموکراسی نێوان گەلانی خۆرهەڵات بکات، ئەو گەلانەی لەم سەردەمەی ئێمەدا وەك گەلانی نائومێد و بێهیوا لێیان دەڕوانرێت، لە ژێرپۆستاڵی تۆتالیتارییەتی کۆمۆنیزمدا دەیانناڵاند. هێندێك لە ئەوروپییە دەرکەوتووەکان، پێشنیازی ئەوەیان دەکرد کە نابێت بەبێ بڵاوبوونەوەی یەکێتییە دیموکراسییەکەیان، وەرگۆڕان لە سنوور و کولتورە ئەوروپییەکەیاندا ڕووبدات. لۆرد ڕاڵف دارێندۆرف (Ralf Dahrendorf) لە میونیخ لە گۆتارێکی بەناوبانگیدا پێشنیازی ئەوەی کرد کە دەبێ یەکێتی (ئەوروپا) بەرخوازی خود فراوانبوونی هەبێت، نەك هەر بە تەنیا تورکیا و ئۆکرانیا بگرێتەوە، بگرە تەنانەت سەنغافورە و نیوزیلەنداش بگرێتەوە - هەمان ڕێچکەی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا بگرێتەبەر، هەروەکو یەکێك سەرنجنووسەکان دەڵێت. بەڵام پیار مانیە (Pierre Manet)، فەرەنسییەکی دیاریی خاوەن تیۆرییە، بەنیگەرانییەوە قسە لەبارەی بڕیاری ئەوروپییەکان دەکات، لەسەر ئەو دەسکەوتەی ناوی لێدەنێت "ئیمپراتۆرییەتی دیموکراسی"[1]. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بۆ ماوەیەك کەمتر بەرخوزانەتر بوو، کەچی بە سیاسەتێکی "دیموکراتیزەکردن" لەسەر ئاستی جیهاندا، چالاکتر و بەگوڕتر بوو. هەروەکو هەموومان زۆر باش دەرك بەوە دەکەین کە دوا ڕووداوەکان، بەتایبەتی لە عێراقدا،

---

[1] - ئەگەر ڕەفتاری ئەوروپییەکان لەگەڵ چالاکی ئەمەریکی لە خۆرهەڵاتدا دژبەیەك بێت، ئەوا هەر دووکیان وەرگێڕانی "ئیمپراتۆرییەتی دیموکراسییە" کە بە هەمان قەناعەت و متمانە، تەنانەت لەخۆباییبوونیشەوە پێشنیازی دەکەن (مانیە. 2006: 15؛ هەروەها بڕوانە 57 - 58).

گومانەکانی وروژاند یا قووڵتر کردەوە و ئەو ڕەخنانەشی بەهێزتر کرد کە ئاراستەی ئەم پڕۆژە هەمەڕەنگە بەرخوازانەیە دەکرا. پرسیارەکەش لە سەرنج و تێبینییە ئەخلاقییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، نەك تەنها لە حەقیقەتە پەیوەندیدارەکانەوە، چونکە زۆر بە توندی ئەرك و پێداویستییەکانمان وەبیردەهێنێتەوە، بۆ ئەوەی بە وەڵامدانەوەی هێندێك پرسیاری سەرەکیی ئەخلاقی بگەین. چی نهێنییەك لەو فۆرمۆڵە لیبراڵییە خۆرئاواییە بۆ ئەو دیموکراسییە تایبەتەمان هەیە کە ئەو ماف یا ئەرکەمان پێ دەبەخشێت تا هەوڵی چاندنی بدەین لە جێی ئەو ڕژێمانەی سیمای جیاوازیان هەیە؟ چۆن دەکرێ سیاسەتێکی لەوجۆرە، لە باشترین حاڵەتدا، خۆی لە فۆرمۆڵەیەکی باوکسالاری نەرمی ئیمپریالیزمیی هێزە دیموکراسییە مەزنەکان بەدوور بگرێت؟ ئەگەر ئەوەش ڕووبدات، چی کاتێك بەکارهێنانی هێزی سەربازی شەرعی دەبێت بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە بەدیبهێنێت؟

کاتێك بە جیدی هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە ئەخلاقییە نزیکبەیەکانە بدەینەوە، ئیدی پەی بەوە دەبەین کە پرەنسیپە دیموکراسییە هاوچەرخەکانمان، بە تایبەتی لە گوزارشتە نێونەتەوەییەکەیدا، دەرئەنجامی ئەو ململانێ مێژووییە یەك لەدوای یەکانەیە کە لێوانلێوە لە گرژییەکانی چەندین سەدە. لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی ئەم پرۆسەیەدا، چەمکی نوێ یا نوێکراوە بۆ دادپەروەری ناوچەیی و نێونەتەوەیی پەیدا دەبێت کە لەسەروو، و دژ بە نەریت و ئایدیاڵە باوە کێبەرکێکار و دژبەیەکەکانە، ئەمە سەرباری ئەوەی بە شێوەیەك لە شێوەکان گشتگیریشە. ئەگەر بەتەواوەتی وشیار بینەوە، کاتێك لە وردەکاری و لۆجیکی هەناردەکردنی دیموکراسی ڕادەمێنین، ئەوا پێویستیمان بە گەڕاندنەوە دەبێت، تەنانەت بەلانیکەمەوە پێویستیمان بە دووبارە یاسادانانەوەی قۆناغە سەرەکییەکانی ئەم میراتییە گفتوگۆئامێزە دەبێت کە بیرکردنەوە ئەخلاقییە پڕ لە گرژییەکانمان پێك دەهێنێت. بۆیە پێم باشە بەشداری لەمجۆرە گەڕاندنەوە و یاسادانانەوەیەدا بکەم.

سەرچاوەکانی ئەو بەدگومانە تەقلیدییەی پەیوەستە بە دادپەروەری دیموکراسییەوە

سەرەتا و بەر لە هەموو شتێك، ئەمجۆرە پرسیار و لێپێچینەوە ڕێژەییە بە گرفتێکی ئەخلاقی سەرەکی لە ململانێی دیموکراسی بۆ خود هەناردەکردن دەست پێدەکات: ئەوەش گرفتێکە دەبوو کۆمارە لیبراڵە هاوچەرخە جیاکارەکەمان چارەسەر یا سوکی بکات. ئەم گرفتە بەتەواوەتی لە نموونە گەورە کۆنەکەی مێژوو بۆ گرفتی هەناردەکردنی دیموکراسی ڕوون دەبێتەوە: ئەویش نموونەی ئەسینای کلاسیکییە. ئەسینا بە زەبری هێز بەماوەیەکی تاڕادەیەك کورت، زیاتر لە سەد دیموکراسی و شۆڕشی دیموکراسی لە جیهانی دەریای سپی ناوەڕاستدا دروست کرد، یا پارێزگاری لێیان دەکرد. بەڵام ئەم نموونە کلاسیکییەی سیاسەتی هەنارکردنی دیموکراسی پەردە لەسەر سیاسەتێك هەڵدەماڵێت کە لە ڕاستیدا یەکێك بووە لە کۆڵەکە ستراتیجییە گشتگیرییەکانی ئیمپریالیزم[2].

زۆر بە سادەیی ئیمپریالیزمی ئەسینا، لە واقیع و لە ناوەڕۆکدا، ستەمگەر نەبوو. لە لاپەرەکانی مێژووی توسیدیدیس (Thucydides)، مێژوونووسی یۆنانیدا، ئەوە دەبینین کە ئەوانەی بەناوی ئەسیناوە لێدوانیان دەدا، گوزارشتیان لە شتێك دەکرد کە مرۆڤ بتوانێت بە بەرگریکردنێکی نیمچە مۆڕاڵی لە هەڵمەتەکەیاندا ناوزەدەی بکات، ئەوەش لە پێناوی ئەو هەژمونەی کە بە هەندەکی بە سەپاندنی دیموکراسی گوێڕایەڵی بەسەر زۆرێك لەو گەلانەدا بەدیهات کە لە ژێر دەسەلاتی ئەسینا دا بوون. هەروەها پێویستە لە باشترین حاڵەتدا پاساوی ئەسینی بە نیمچە ئەخلاقی ناوبنرێت، لەبەر ئەوەی دیموکراسییە توندەڕەوە ئەسینییەکان زۆر بەڕوونی ڕەتیانکردەوە بە دووڕوویی دابنێن، ئەوەی بە گاڵتەجارییەوە بە "گوتاری دادوەرانەیان" دادەنا کە ئسپارتە و کۆڵۆنییەکانی، بەتایبەتی میلیینییەکان "Melians" پاڵپشتییان لێی دەکرد. بەپێی ئەو "گوتارە دادوەرانەیە"، دەبوو شار

---

[2] - بڕوانە زەینەفون (ئەوەی بە شێوەیەکی تەقلیدی پێی دەوترێ "ئۆلیگارشی کۆن")، "دەستووری ئەسینا" 14.1 ، 16.1-18 ، 11.3 ؛ کاگان؛ 1969، 45 - 56، 72 - 73، 95، 100 - 101، 120 - 126، 347؛ میگس: 1972، 208 - 209، 220؛ بلیکین: 1994، بەشی 15؛ شولەر: 1995، 310 - 323.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

- دەوڵەتەکان ڕێز لە سەربەخۆیی یەکتری بگرن. دەوترێ ئەم ئەرکە لەسەر دوو بۆچوون خۆی ڕاگرتبوو (سازان و هەڵکردنی هەریەکەیان کە قابیلی ڕەتکردنەوەیە، ئاماژە بۆ مەتەڵێکی کۆنسێپچواڵی قووڵ دەکات). یا ملکەچی ئەو ئەرکە دەبێت، بەوپێیەی گوێرالی کردنە لە یاسایەکی باڵای نەنووسراو، بەوەی هەر دەوڵەتێك بەرژەوەندی تایبەت بەخۆی هەیە - بەوەش دادپەروەری هەر دەوڵەتێك بەرفراوان دەبێت، بە تایبەتی لە ساتەوەختی ڕیسکی جوامێری و قوربانیداندا یا بەرژەوەندی ڕاستەقینەی دوور مەودای هەر دەوڵەتێك وەك بەشێك لە بەرژەوەندی گشتی ڕاستەقینەی هەموو دەوڵەتە دراوسێیەکان بەدیدێت کە لە هاوبەندییەکی پشتیوانی یەکتردا دەژین.

دیموکراسییە ئەسینییەکان لە بەرامبەر هەر یەکێك یا هەر دوو قەناعەتەکەدا، بانگەوازی ئەو شتەیان دەکرد کە ئەزموونە جیهانییەکە دەیسەلمێنێت: گشت مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا، بە شێوەیەکی خۆڕسکی و بە زەرورەت، بەشێوەیەکی سەرەکی و تایبەتی، گرنگی بە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان دەدەن (ڕەزامەند و پەسەندی ڕۆحیی حوکمدانیش دەگرێتەوە). هەوڵدانی ڕوون و ئاشکرای هەموو کۆمەڵگەیەك بۆ ئەم بەرژەوەندییە، بەدەر لە کێبەرکێی بەردەوام بۆ پراکتیزەکردنی حوکم و ئەو سیفاتە هاوبەشە لاواز و ترسناکانەی ژیانی نێونەتەوەیی پێدەناسرێتەوە، وادەخوازێت هەر یەکەیان هەوڵ بدات بەپێی توانا دەسەڵاتە سیاسییەکەی فراوان بکات.

ڕەگەزی نیمچە ئەخلاقی دێتە ناوانەوە بۆ ئەوەی خود ڕەزامەندی ئەسینی بەرەو باڵایی (زیاتر ئاڵۆزکردن) بەرێت، چونکە ئەسینییەکان ئیمپراتۆرەکەیان لە ئیمپراتۆرەکانی دی جیادەکەنەوە و ئەو کارەش بەلانیکەمەوە بەخاتری بەها دیاریکراوەکانی ڕژێمە دیموکراسییەکەیان ناکەن

سەرەتا ئەسینییەکان مشتومڕیان لەسەر ئەوە دەکرد کە لە ئەنجامی بەدەستهێنانی ئیمپراتۆرییەتەکەیاندا، دیموکراسییەکەیان بەپێشەنگیەکەی، ژیری و شارەزایی لە هەوڵدان بۆ زامنکردنی ئاسایش و ئازادییەکەی بەدیارکەوتووە، ئەوەش بەشێوازێکی دیکە زامنکردنی ئاسایش و ئازادییەکی دەخواست کە لە باقی وڵاتانی دیکەی یۆنانی دیموکراسیدا بەردەست نەبوو - بە تایبەتی بۆ

ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی فارس، بەوەش ئیمپراتۆرییەتی دیموکراسی ئەسینا جۆرێك لە "بەرژەوەندی گشتی" دەنواند.

سەرباری ئەوەش، ئەسینییەکان بە شانازییەوە ڕایدەگەیەنن کە "شایستەی هەموو ستایش و پیاهەڵدانێکن"، چونکە (هەروەکو خۆیان دەڵێن) "بەدادوەرییەك کە لە هێز و توانای خۆیان زیاترە، حوکمی ئەوانی دی دەکەن". بە دەستەواژەیەکی دی، ئەسینییەکان ڕەتیدەکەنەوە کە تەنها گرنگی بە دەسەڵات بدەن. هەر بەڕاستی، وادەبینین تاڕادەیەك بەخاتری ڕەعیەتەکانیان، ڕیسك بە دەسەڵات و ئاسایشی خۆیانەوە دەکەن. ئەم بەخشندە جوامێرییە، بایەخدانیانی بە "شەرەف" گۆڕی بۆ گرنگیدان بەو کەرامەت و شکۆمەندییەی کە تەنانەت پێویستی بە قوربانیدانی پێگە باڵاکانیش هەبوو، بەلانیکەمەوە لە نێوان هاوچەرخەکانیاندا: نارەزایەتی دەردەبڕن (بەدەستەواژەکانی خۆیان) "بەشێوەیەکی نائاسایی بەهۆی ڕەوشتمانەوە، لەجیاتی ستایش و پیاهەڵدان، تووشی ڕیسوایی و شەرمەندەیی بووین"[3].

سەرباری هەموو ئەوانەش، پێریکلیز "pericles" بە لەخۆباییەوە لە "گوتارێکی ماتەمینیدا" دەڵێت، ئەسینییەکان بەبێ سەرچاوە و ئاڵەنگارییە پاڵنەرەکان و ئەو بەرپرسیارێتییەی بەتەنها دەکەوێتە سەر ئیمپراتۆرییەت، لە توانایاندا نەدەبوو ئەوەی پێی دەوت "ڕژێمێکی سیاسیی نموونەیی" دامەزرێنن. پێریکلیز درێژەی پێدەدا: "ڕژێمەکەمان پێی دەوترێ (دیموکراسی)، لەبەر ئەوەی لەپێناوی کەمایەتیدا جێبەجێ ناکرێ، بەڵکو لە پێناو زۆرترین ژمارەی کەسەکان"دا جێبەجێ دەکرێت. بەڵام (درێژە بە باسەکەی دەدا) "لە هەمان کاتیشدا لە بارەی حوکمڕانی و شەرەفەوە، لە هەڵبژاردن و پێشبرکێدا مێرۆتۆکراسییە". لە کاتێکدا باشترینەکان بە هەڵبژاردنیان بۆ پراکتیزەکردنی حوکمڕانی ڕێزیان لێدەگیرێت، "باقی هاوڵاتییانیش کەمتەرخەم نین، لە بارەی کاروبارە سیاسییەکاندا ڕا و بۆچونی خۆیان دەربڕن"، هەروەکو پێریکلیز دەڵێت. لە پاڵ ئەوەشدا پێریکلیز پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی، ئەم دیموکراسییە نموونەییە، لەبەر ئەوە نییە کە باشترین بەهای چالاکی بۆ پراکتیزەکردنی حوکمڕانی دەخاتەڕوو، بەڵکو لە چۆنێتی

---

[3] - تیوسیدیدیس "جەنگی پێلۆپۆنیسیە"، 2.76.1 - 3.77.1. گشت وەرگێڕانەکانی ئەم سەرچاوەیە و ئەو سەرچاوانەی دی کە ئینگلیزی نین، خۆم وەرمگێڕاوە.

وەگەڕخستنی ئەو خۆشنوودی و خۆشژیانییە تێدەگات کە تەنها هێزی ئیمپراتۆرییەت ئەوانەی لە توانادا کردووە. هەر لەم بارەیەوە پێریکلیز ڕایدەگەینێت "سەلماندمان ئێمە جوانیمان بەبێ زێدەڕەوی خۆشدەوێت، ژیری و زاناییمان بەبێ نەرمی خۆشدەوێت... بە کورتی دەڵێم شار بەتەواوەتی کولتوریی گریگی بەردەست دەکات (هەمان سەرچاوە 2.37 -2.41).

ئەو دوا دەستەواژانە ئاماژە بەوە دەکەن کە دیموکراسی ئەسینیی بە بەرزی ئایدیالەکەیەوە، لە ترۆپکی ئیمپراتۆرە باشەکەی سەرتاسەری وڵاتی گریگدا بووە، بەو وڵاتانەشەوە کە لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون و ئەسینا دیموکراسیەکەی بۆ هەناردە کردوون. دەشێت ئەو وڵاتانە پەسەنی و سەرسوڕمانی خۆیان دەربڕن و فێری ئەوە بن کە گەشەکردنی مرۆیی چ مانایەك دەگەیەنێت، ئەوەش بە بینینی ئەو دەسکەوتانەی لە دیموکراسی ئەسینادا بەدیهات.

بەڵێ، بەڵام ئایا نابێت ئەو دیموکراسییەی پاشکۆکان، بە هەمان شێواز، تەنیا کەمایەتییەك چێژ لە دەسکەوتەکانی وەربگرێت (واتە ئەو هاوڵاتیانەی بەشداری لە دیموکراسییە ئەسینییەکە دەکەن)و دەبێ زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەش ملکەچ بکرێن یا بەکاربهێنرێن کە هاوڵاتی دیموکراسییە هەناردەکارەکانی دیکەن؟ شتێکی ڕوون و ئاشکرایە پێویست ناکات دیموکراسییە هەناردەکان، وەك دیموکراسییە بەهەژموونەکان، بە شێوەیەکی دروست، فێری چۆنێتی خودنموونەیی کردن بن (ئەوەش وەك حاڵەتی سیراکوز، دەیکات بە ئاڵەنگارییە یاخییەکان). تەنانەت لە حاڵەتەکانی سەرشۆریشدا، دەبێ "لێهاتوویی" کە بەهۆیەوە فەرمانڕەواکانی دیموکراسییە ملکەچەکان هەڵدەبژێردرێن، کۆیلایەتییەکی پوخت و پەتی بەرژەوەنییەکانی ئەسینای حوکمڕان لەخۆبگرێت.

بەڵام، ئایا دیموکراسییە ملکەچەکان ناتوانن دڵنەواییەکی شکۆمەندانە بدۆزنەوە، گەر ڕەزامەند نەبن بەبەشدارییە سەرەکییە دانپیانراوەکانی، دەسکەوتی تەواوتر بۆ فەرمانڕەوا هەژمووندارە ئەسینییەکان بەدیبهێنن؟ هەرگیز پێریکلیز ئاماژە بۆ ئەو کارە ناکات، چونکە ڕایدەگەیەنێت "سەبارەت بە فەزیلەت"، ئەوا ئێمەی ئەسینی، "بەپێچەوانەی زۆرینەوە: دۆست و هاوڕێ بۆ خۆمان پەیدا دەکەین،

نەك لەبەر ئەوەی خۆبەخۆ ڕوودەدا، بەڵكو لەبەر ئەوەی ئێمە وا دەكەین ڕووبدات" (هەمان سەرچاوە 2.40.4).

پێریكلیز هەوڵ نادات پاساو بۆ بارودۆخی كۆیلایەتیی دیموكراسییە ملكەچەكانی ئەسینا بهێنێتەوە. ئەو چاوی خۆی و جەماوەرەكەی لە بینینی ئەو دەرئەنجامە لادەبات كە پێی دەڵێت "فەزیلەت -ڕەندی"ی ئەسینی. هەروەها پێریكلیز هەرگیز لێڕوانینی نییە، لەلایەك، بۆ گرژیی نێوان ڕەتكردنەوەی ئاشكرای بەخۆنازین و لەخۆرازیبوونی "گوتاری دادوەرانە"و لەلایەكی دی، ئەو بیروباوەرە سۆزدارییەی كە بەخشندەیی جوامێرانە ڕیسك لەدووتوێدا لەخۆدەگرێ، تەنانەت قوربانیدان بە دەسەڵات و پێگە باڵاكەشی، ئەو بەشە سەرەكییە كە دیموكراسی ئەسینی والێدەكات شایستەی ناوبانگێكی "هەتاهەتایی" بێت، هەروەكو پێریكلیز پێداگری لەسەر دەكات.

ئەم كێشە ئەخلاقییە (المشكلة الاخلاقية) گەورەیە بە تێپەربوونی كات لەگەڵ كێشی (جاذبية) دیموكراسی پێریكلییەتدا ناكۆك دەكەوێتەوە. بەڵام كێشێكەی تا ئەم ڕۆژگارەی ئێمەش بەردەوامە - بە شێوەیەكی ڕوونتر لە تیوریزە دیموكراسیییەكەی هانا ئارێنت "Hammah Arendt"و شیڵدۆن وۆڵین "Sheldon Wolin"دا دەردەكەوێت. هەر یەك لە هاناو وۆڵین، پێیانوایە دیموكراسی پێریكلییەت، سەرباری ئەوەی، یا لەبەر ئەوەی لە دواجاردا دانیپیادەنێت، بەپێی ئەو دەستەواژانەی لە دوا گوتارە توندەكەی پێریكلیز دا هاتووە، ئیمپراتۆرەكەی لە ستەمگەری دەچێت، ئەم لێكچوونە حەتمییەش تا ئەوپەری ئاستی مومكین گەورە و مەزنە[4].

---

[4] - سەبارەت بە ئارێنت، پێریكلیز و ڕوانینەكانی فۆرمێكی نموونەیی ژیانی سیاسییە: بڕوانە ئارێنت 1958، بە تایبەتی هەر دوو بەشی 27 و 28. بۆچوونەكەی ئارێنت سوود بە هەڵسەنگاندنەكەی شیڵدۆت وۆڵین لە بارەی ئیمپریالیزمی ئەسینی دەگەیەنێت (1996: 63 -90، بە تایبەتی 77 -78؛ هەروەها بڕوانە سەرنج و تێبینییەكانی نووسەران لەسەر پێگەی وۆڵین/ 7 - 8)، بەنموونەیەكی ڕوون و ئاشكراش، بڕوانە تێبینییەكانی ئەڵفێرد زیمیرن (هەر تەنها نەبووە پرۆفیسۆرێكی لیبراڵی بەناوبانگی پەیوەندییە نێونەتەوەییەكان،

سەرباری ئەوەش، ئایا ناکرێ بەشێوازێك لە شێوازەکان لە پێناوی هێزێکی دیموکراسی گەورەتردا، لە ئیمپراتۆرییەتی باوکسالاری دوور بکەوینەوە - تەنانەت، یا بەتایبەتی، بەدەستی ئەنقەست هەوڵ بۆ هەناردەکردنی دیموکراسی دەدا؟ ئەمە ئەو پرسیارە گەورەیە کە ئەسینای پێریکلییەت لەم گفتوگۆیەماندا دەیخاتەڕوو. پێمان وایە لێرەدا ئەم پرسیارە لە زەقترین فۆرمیدا خۆی مانیفێست دەکات، بۆیە ناوی "ئاراستەی ئەسینی" لێدەنێم. لە ڕێگەی ئەم زاراوەیەوە بەلای ئەو بیروباوەڕەدا دادیدەشکێنمەوە کە خواستێکی گشتیی دیموکراسییە چالاکەکانە: بەرخوازی سۆزداریی بەکۆمەڵی میللەتێکی دیموکراسیخواز لە پێناوی باڵابوونی جوامێرانە لە جیهاندا، لە ڕێگەی خەڵاتی نێودەوڵەتی و فەرمانڕەوایی و سەرکردایەتییەوە بەدیدێت - واتە حوکمڕانێك دیموکراسی بڵاو بکاتەوە و ببێتە نموونەیەك پەنجەی بۆ ڕاکێشرێت یا ببێت بە "مۆدێلێك"، هەروەکو پێریکلیز دەڵێت. بەبێ ئەم بەرخوازییە جوامێرانەیە، دەشێت گەلێکی دیموکراسی ببێتە گەلێکی هیچوپووچ یا پاسیڤ یا تەنانەت ملکەچیش - هەروەکو حاڵەتی زۆربەی گەلانی دیموکراسیی ملکەچ کە ئەسینا دایمەزراندبوو. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، زۆرجار ئەم بەرخوازییە بەجیدی

بەڵکو بووە کەسایەتییەکی دیاریش لە کۆمەڵەی نەتەوەکان (پاشان لە دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا) لە کتێبە کلاسیکییەکەی دا "Greek Commonwealth - 195 - 194: 1961" لە نامەیەکی تایبەتی ئەرنۆڵد ج. تۆینبی): "ئەسینییەکان توانای پاشەکشێیان نەبوو، بەو ئەندازەیەی کە زۆربەی ئینگلیزەکان پێیوابوو هیندستان بەجێدەهێڵن. ئەسینا وەك ئیمپراتۆر خەبەری بووەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی پراکتیزەی ئەو ڕۆڵەش بکات". "تا ئێستاش جیهان لەسەر ئەو کارەی سوپاسگوزاری دەکات". "ڕەنگە ئەوەش نیو سەدەی کورت بکاتە مەزنترین و بەختیارترین کات لە مێژووی تۆمارکراودا". ئەسینییەکان "دەیانزانی کارەکەیان لەسەر ڕێچکەیەکی دروستە و لەسەر بنەمایەکی دروست دامەزراوە و نەوەکانی ئایندە لێی تێدەگەن". بەرگریکارانی ئەمجۆرە لە ئیمپراتۆرییەتی دیموکراسی، هەر بە ڕاستی دەیانتوانی بڵێن: "کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانمان باشترین شتگەلێکی مرۆڤە کە توانای بەخشێنی هەبێت. هەر ئەوەی مرۆڤ لە چوارچێوەی دەسەڵاتماندا بێت، بەمانای پاشکۆیەتی نایەت، ئەوەندی مانای تایبەتماف دەگەیەنێت. گشت سەروەت و سامانەکەی خۆرهەڵات ناگات بەو سامانەی کە خەرجی دەکەین. بۆیە دەتوانین بە دڵخۆشییەوە کار بکەین و ئەو سەرچاوە و داهاتەی پێمان دەگات، بەکاربهێنین و خەرجی بکەین، چەند هەوڵ بدەن، ئەوا دڵنیایین، ئێمە قەرزدەرین".

دەردەکەوێت، هەروەکو نموونەکەی ئەسینا ڕوونی دەکاتەوە، ئەوەش پێویستییەکی زۆری بە هێندێك کۆتوبەند هەیە - ئەگەر لە ڕێگەی هێزی دەرەکیی یا هێزێکی گەورەی کێبەرکێکارەوە نەبێت، ئەوا لە ڕێگەی پرەنسیپێکی باڵا یا بەرخوازییەکی هاوسەنگی ناوخۆوە دەبێت.

"گوتاری دادوەرانە"و "یاسای نەتەوەکان"

"گوتاری دادوەری" ئەو پرەنسیپە باڵایەیە کە دەشێت بەرخوازی گەلان لە باڵاییبوونیان بەسەر گەلانی دیکەدا جڵەو بکات. ئەم گوتارەی "میلیان" دایناوە، بەردی بناغەی ئیمانێکە کە دواجار بە بوونی تەگبیرێکی ئاسمانی کاروباری دەوڵەت بەڕێوەدەبرێت. نموونەکەی تیوسیدیدیس ئەو ئیمانە ڕوون دەکاتەوە کە لە بەڵگەی ئەزموونێکی بەهێز بەدەر نییە. گومانی تیا نییە کە دووڕوویی ئسپارتەکان سەلمێنرا و میلینییەکانیش لەلایەن ئەسینییە ستەمگەرەکانەوە شکستیان پێ هێنرا، بەڵام لە دووتوویی درامای تیوسیدیدیس دا ئەو سەرکەوتنە بچووکەکەی ئەسینا (دژ بە میلینییەکان) دەبینین کە خلیسکانێکی دەمودەستی ئەسینای بەرەو کارەساتێکی ئەقڵانی برد، ئەوەش کارەساتێکە کە موژدەی بەدیهاتنی پیامبەرێتی قەشە دیلفیك (Delphic)ە، بەوەی سەرکەوتنی حەتمیی ئەو ئسپارتییانە ڕوودەدا کە لەلایەن ئاسمانەوە سزا دراون و تیوسیدیدیس-یش پێداگری دەکات لەوەی تووشی نەخۆشی ڕشانەوە نەبوون (پیامبەرێتی بۆ قەشەیەکی دیکەیە) کە ئەسینا لەماوەی جەنگە درێژخایەنەکانیدا بەشێوەیەکی وەرزی تووشی دەبوو. بەوەش تیوسیدیدیس ئاماژە بۆ ئەو بەڵگەیە دەکات کە بەلانیکەمەوە پرسیارە سەرەکییەکە، سەبارەت بە بوونی یا نەبوونی چاودێری خوداییانە، بەکراوەی دەهێڵێتەوە.

دەشێت بوترێ بیرکردنەوە لەو پرسیارە، زیندووکردنەوەی فیکرە سیاسییە کلاسیکییەکەیە. بەڵام ئەم پرسیارە سەرەکییە لە تیولۆجیای سیاسیی مەسیحییەتی پۆست-کلاسیکیدا، وەڵامێکی دوگمای ئەرێنی دەدرێتەوە کە بناغەی ڕێبازی مەسیحی جیاکار بۆ یاسای نەتەوەکان (ius gentium) بەردەست دەکات. ئەم ڕێبازە زارەکییە دانپیانراوە نێودەوڵەتییە کە پێوەرە سەرەکییەکانی ڕەفتاری نێونەتەوەیی بەردەست دەکات، تا ئەمرۆش بەردی بناغەی فیکری تەواوی یاسای نێونەتەوەییە لە خۆرئاوا. گرنگترین بەکارهێنانی ئەم مەزهەبە مەسیحییە سەبارەت بە

هەناردەکردنی دیموکراسی، بەکارهێنانی بانگهێشتە ڕوونەکەی ئەدموند بورک (Edmund Burke)ە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا، بۆ بە سیاسییکردنی جەنگی خاچخوازی نێونەتەوەیی - هەروەکو ناوی لێناوە "جەنگی ئایینی"- لە پێناوی جڵەوکردنی تەشەنەسەندنی کۆمارە دیموکراسییەکان، کە لە کاریگەری وێرانکارەیی و چالاکی شۆڕشگێرانەی ڕژێمی شۆڕشی فرەنسی دەکەوتنەو ە[5] . سەرباری بەرگریکردن لە ڕژێم، تەنانەت لە ڕێی داگیرکاریشەوە، بەخاتری ئەوەی دوا پەناگەی شەرعیی تیوریستەکانی جەنگی دادوەرانەی تەقلیدییەکانە، هەر لە ڤیکتۆریا-ەوە تا بورک، بەڵام ئەو تیوریستانە هەتەر نەبوون لەسەر ئەوەی بەرگری لەو گۆڕانە بکەن کە دیموکراسی لێ دەکەوێتەوە یا دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی. ئەو پرسیارە بێ وەڵام دەمێنێتەوە، بۆچی یاسای مەسیحی پێشوازی لە تەقلیدی نەتەوەکان بۆ بڵاوبونەوەی دیموکراسی نەکرد؟ هۆکارە پڕمەترسییەکەش، تۆمارە مێژووییە نێگەرانهێنەکەی دیموکراسی بوو، یا ئەو ترسەی پێی دەوترا "ئاراستەبڕی ئەسینا" - کە تەنیا لە ئەسینای پێریکلییەت دەرنەکەوت، بەڵکو لە دوای پەیدابوونی دادگا میللییەکان (لەو ڕژێمەی میکاڤیلی وەك بەرخوازییەك بۆ ئایندە بانگەوازی بۆ دەکرد) لە کۆماری ڕۆما و پاشان لە شۆڕشی فرەنساش دەرکەوت. ئەو نموونە دیار و کاریگەرانە، مێژووی کۆمارە هەرە میانڕەوەکانی شاردەوە. ڕێبازی مەسیحی تەنها لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا و دوای بەرپابوونی شۆڕشێك لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسی و پراکتیزەکردنی، پێشوازی لە دیموکراسی و بڵاوبوونەوەی کرد.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

---

[5] **- نامەی یەکەم دەربارەی ئاشتی کوشتنی پادشا (1839: 398 - 403)؛ سەرەقەڵەم دەربارەی دۆخی ئێستای کاروبارەکانی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری 1792، (هەمان سەرچاوە 65 - 66)؛ "تێبینەکانی دەربارەی سیاسەتی هاوپەیمانان لەمەر فرەنسا" (هەمان سەرچاوە: 102 -103، 114 -118)؛ نامەیەك بۆ وەزیری دەرەوە لۆرد گرینڤایل، 18 ئاب/ ئۆگستس 1792 (1958 - 1978: 176 -177). بڕوانە گفتوگۆ بەسوودەکەی بورك و کۆمێنتەکانی لەسەر وتارەکەی ڤاتێل "یاسای نەتەوە (Law of Nation)" لە 1839: 132 - 141 لە زمانی وێڵزییەوە وەرگێراوە، 1995: 84 - 85 ، 127 - 128، 131 - 133، 137**

جۆرێکی نوێ لە کۆماری دیموکراسی

"دامەزراندنی ئەمەریکا" موژدەی ڕوودانی وەرگۆڕانی شۆڕشگێڕانەی پرەنسیپ و پراکتیزە دیموکراسییەکانی لەسەر شانۆی نێونەتەوەییدا هەڵگرتبوو. هەروەکو جێمس مادیسۆن "James Madison"و ئەلیکسەندەر هامیلتۆن "Alexander Hamilton" لە پەرتوکی "پەیپەرەکانی فیدراڵی - Federalist Papers"دا بەتێروتەسەلی باسی لێوەدەکەن، ئەو ئامانجە بنەرەتییەی دەستووری ئەمەریکی پێکدەهێنێت، دامەزراندنی جۆرێکی نوێیە لە کۆماری دیموکراسی کە بە تەواوەتی لە جۆرە کلاسیکییەکەی پێریکلی جیاواز دەبێت. ڕەگوریشەی ئەم داهێنانە کۆمارییە لە نوێکردنەوەیەکی مەزنی پادشایەتیدا بوو کە لەلای خۆیەوە شیکردنەوەی دەستووری بریتانی لێکەوتەوە و بەرزراگیرا، هەروەکو لەلای هەر یەك لە لۆك (Locke)و مۆنتسکیو (Montesquieu) بە نموونەی (پارادایم) ئازادی مرۆڤ دادەنرێت.

لە تیورەی کۆمارە نوێیەکەدا، ژیانی سیاسی بە زاراوەی کلاسیکی دەرکی پێناکرێ، بەخاتری ئەوەی گوزارشتێکە دەربارەی "مەیلێکی خۆڕسك"انەی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی خود لە ڕێی بەشداریکردن لە حوکمڕانیدا کە بەها مەدەنییە ڕێکخراوەکانی ناو کۆمەڵگە ئاراستەی دەکات. بەڵام لە جیاتی ئەوە، کۆمەڵگەی مەدەنی تێدەگات کە جگە لە کۆمەڵە ڕێوشوێنێکی کۆنتراکتچواڵی دەستکرد، شتێکی دی نییە و تاکە سەربەخۆکان لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدەن بەسەر حاڵەتە خۆڕسکە ئاژاوەگێڕییەکەیاندا زاڵ بن کە سیفەتی کێبەرکێی بەرابەری وێرانکارانەی هەیە. لەم دیدگا تازەیەشەوە لیبراڵییەت، بەشێوەیەکی سەرەکی مانای بەشداریکردنی لە حوکمڕانی ناگەیەنێت، بەڵام مانای پاراستن لە دەستوەردانی ئەوانی دی دەگەیەنێت. هەر لە بنەڕەتەوە لیبراڵییەت ئەو گرەنتییە دەگەیەنێت کە بوار بۆ هەر تاکێك دەڕەخسێنێت هەوڵی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی بدات - سەرەتا و بەر لە هەموو شتێك، کەڵەکەکردنی خاوەندارێتی تایبەتی یا باشکردنی دۆخی ئابوریی.

ئەزموونی دیموکراسی نوێ لەسەر دەستبەرداربوونی ئەوەی مادیسۆن ناوی لێ دەنێت "دیموکراسی بێگەرد" لەنگەری گرتووە کە مەبەست لێی کۆمەڵگەیەکە لە ژمارەیەکی کەم لە هاوڵاتیان پێکهاتبێت، ئەوانەی گرد دەبنەوە و حکومەت بەڕێوەدەبەن (هەروەکو مادیسۆن لە فیدارڵییەتی دەیەمدا "Tenth Federalist"

ڕوونی دەکاتەوە). ئەوەی جێگۆڕکێی پێکراوە ئەوەیە کە مادیسۆن پێی دەڵێت کۆمەڵگەی "فراوان"و "هەمەڕەنگ"و زۆرێك لە حیزبە پێشبڕکێکارەکان، بەبوونی "حکومەتێك بەرنامەی نوێنەرایەتیکردنی تیابێت"، لاسایی دەکەنەوە. هەروەکو مادیسۆن لە "فیدراڵییەتی شەست و سێ"دا ڕوونی دەکاتەوە - جیاکاری ڕاستەقینەی "نێوان" کۆمارە کلاسیکییەکان و "حکومەتە هاوچەرخەکانی ئەمەریکا وەلاوەنانی تەواوەتی گەلە وەك کۆلێکتیف لە هەر توانایەکی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە حوکمڕانیدا. هەڵبژاردن، پارێزگاری لە کۆنترۆڵی تەواوەتی وشیارانە و حیزبییانەی هاوڵاتیان دەکات، بەڵام بەشداریکردنی گەل لە حوکمڕانیدا (بەپێی دەستەواژەکەی مادیسۆن)، لە ڕێی کەمایەتییەکی زۆر بچووکی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانەوە "فیلتەر کراوە" (هامیڵتۆن، جای، مادیسۆن، 2011: 42 - 49، 329).

ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەم جۆرە تازەیە لە کۆماری لیبراڵی (هەروەکو جۆن ئادامز "John Adams" ناوی لێ ناوە)، گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. پێشبینی دەکرێ میللەتی سەرقاڵ و دابەشبوو بەهۆی بەدەستهێنانی پێشبڕکێی خۆشنودی و دەسەڵاتی ئابوری تایبەتەوە، لە بەرخوازی سیاسی پێکەوەیی مەترسیدار و پرتێچوو دوور بکەوێتەوە کە لە پرۆژە بیانییە شکۆدارەکان یا ئیمپریالییەکاندا گوزارشت لە خودی خۆی دەکات. بە دەستەواژەیەکی دی، دەبێ "ئاراستەبڕی ئەسینی" کۆنترۆڵ بکرێ، بەڵام، نەك لە ڕێگەی پرەنسیپی باڵاوە، بەڵکو بە بەرخوازییەکی کێبەرکێکاری کەمتر، واتە بە بەرخوازییەکی ئابوریی تایبەت. پێشبینی دەکرێ سەرقاڵبوونی هاوڵاتیان بە بازرگانییەوە، پرۆژەیەکی بیانی دینامێکی بەهێز بکات کە لە دۆخی جەنگ و ئیمپریالیزم کەمتر بێت. لەمەشەوە بەهۆی بازرگانی و مایەدانی نێونەتەوەییەوە، لەپێشبوون و پێویستییەك بۆ پشتبەستن بە بازرگانییەکی ئاشتیانەی بەرابەری بەرهەم نایەت. هەروەکو مۆنتیسکیۆ دووپاتی دەکاتەوە، تا کاریگەرە مەبەسەتدارەکە وەرگۆڕانێکی رۆحانی بێت بە ئاراستەی مرۆڤدۆستییەکی سیکولار، بەهەمان شێوە لە توندیی ئەخلاقییاتە ئایینیە کۆنەکان کەم دەکاتەوە. مۆنتیسکیۆ لە کتێبی "رۆحی یاساکان" (L’espirit des Lois)دا (2.20)، لە برگەیەکی سەرەکی پەیوەندیداردا، بەمشێوەیە ڕوونی دەکاتەوە.

"بازرگانی کینە و پێشداوەری وێرانکارانە چارەسەر دەکات و یاسایەکی گشتییە لە هەر شوێنێك ڕەوشتی نەرم هەبێت، بازرگانی بوونی هەیە، لە هەر شوێنێك بازرگانی هەبێت، ئەخلاقی نەرم هەیە.. دەتوانرێ بوترێت کە یاساکانی بازرگانی ئەخلاق تەواو دەکات، لەبەر هەمان هۆکاریش ئەخلاق لەناو دەبات. بازرگانی ئەخلاقی پاك و بێگەرد گەندەڵ دەکات؛ هەر لەبەر ئەوەشە ئەفلاتون بێزاری لێ دەردەبڕی، بەوەی بازرگانی، هەروەکو ڕۆژانە دەیبینین، ئەخلاقی بەربەری پۆلش و مشتومالْ دەکات".

دواتر مۆنتیسکیۆ دەنووسێت (25.12)؛

چاکەکاری و کالآکانی ژیان و هیوای سەروەت و سامان، لە شێوازە دڵنیاکەرەوەکانە بۆ ئەوەی پەلاماری ئایینی پێ بدرێ؛ نەك وەبیری مرۆڤی بهێنێتەوە، بەڵکو ئەوەی مرۆڤ وا لێ دەکات لەبیری بکات؛ نەك خەڵکی وا لێ بکات لێی بێزار بن، بەڵکو وایان لێ دەکات پەرۆشییان بۆی کەم بێت، ئەوەش کاتێك سۆزدارییەکانی دی بێدەنگ دەبن، ئەوانەی کار لە ڕۆحمان دەکەن و ئەوانەی ئایین سرووشیان لێ وەردەگرێ".

ئەو جەنگە ئایینییە ترسناکانەی لە دوای ڕیفۆرم ئەورووپای هەژاند، دامەزرێنەرانی کۆماری هاوچەرخی وا لێ کرد سڵ لە هەر سیاسەتێك یا تیوریزەیەکی سیاسی بکەنەوە کە منەی ئاراستەی سروشێکی بانئەقڵانی دەکات. دەرئەنجام ڕێنماییە تەقلیدییەکانی مەسیحییەت لە بارەی "یاسای نەتەوەکان"ەوە کە هەوڵی دەدا کۆمەڵگەیەکی سیاسی نێونەتەوەیی لە نەتەوەکان دامەزرێنێت، لەبەرچاوان دیارنەمان. وادەبینرا مەسیحییەت، پێوەر و بانگەشەی ململانێکارانەی بەرووکەش خواپەرستانەی بالآی بە شەرعییەت کراو، دەخزێنێتە نێو کاروباری نێونەتەوەییەوە، بەوەش دەستوەردانی بەرابەری تەشەنەیسەند کە دواجار جەنگگەلێکی تۆڵەستێنی دڕندانەی لێکەوتەوە. هەموو ئەوانەش لەگەڵ لێبوردەیی دوولایەنە و دانپیانانی ڕاشکاوانەی بەرژەوەندییە ئابورییە نیشتمانییە پێشبرکێکارەکان ناکۆك دەکەوێتەوە کە لە ئێستادا بە بناغەیەکی تۆکمەی ئەو ئاشتییە دادەنرێ کە بە پاراستنی ئەو هاوسەنگییە بەدیدێت، ڕێز لە هێزە نێونەتەوەییەکان بگرێت.

NAHI HUMANITARIAN FOUNDATION

سەرباری ئەوەش، ئەوەی مایەی گاڵتەجارییە، کۆماری لیبراڵی بازرگانی هەر لە سەرەتاوە بە رۆحە خاچخوازییەکەی ڕەنگرێژکرا، هێندێك جاریش بە رۆحە ئیمپریالییە مۆرکە چاکەکارەکەی. لە بیرۆکەی کۆماری - لیبراڵی پراکماتیی نوێدا پەیمانێك یا هیوایەك بە دەرکەوتنی "بزوتنەوەیەکی ڕۆشنگەرا"ی گشتگیرانەتر هاتەئاراوە کە فراوان بوونی بواری ئاشتی جیهانی و گەشەسەندنی لیبرالی لێ دەکەوێتەوە. بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی ناسیونالیستی پێکەوەیی زلهێزە لیبراڵەکان، تەقەلاّ و کۆششی جیدیان سەپاند تا ئەو فراوانبوونە تۆکمە و پتەو بکەن. بەلاّم کارێکی جوامێرانەتر لە ئاسایشی ناسیونالیستی پێکەوەیی (کۆلێکتیڤ)دا هەبوو. هەر لە سەرەتاوە، کۆماری نوێی لیبراڵ، تاڕادەیەك، سرووشی لە مرۆڤدۆستی و ئەخلاقی جیهانییەوە وەردەگرت.

بەلاّم جۆن لۆك لەو نامەیەی تێیدا پرەنسیپە هاوچەرخەکانی لە فۆرموڵە کلاسیکییەکەیدا بەیان کردووە، بە بانگهێشتکردنی هەلاّیسانی شۆڕش و شەڕی ناوخۆی بۆ ڕزگاری نیشتمانی، وازی لەو فۆرموڵەیە هێنا - بە دیاریکراویش ئیمپراتۆرییەتی تورکیا (نامەی دووەم دەربارەی حکومەت " Second Treatise of Government"، بڕگەکانی 178، 192 - 196، 221 - 232). هێندێك لە دامەزرێنەرە ئەمەریکییەکان لەوەش واوەتر ڕۆیشتن. بنیامین فرانکلین (Benjamin Franklin)، گەورە دیپلۆماتی ئەمەریکی، بە پێشنیازی مەرجی ئاشتەوایی بەسەر بریتانییەکاندا لە ساتەوەختی شۆڕشی ئەمەریکیدا (بە سەرسوڕمانی ولیام پیت - William pitt)، پێداگری دەکرد لەوەی دەبێ گۆڕینی ڕژێم لە کەنەدای فرەنسی لەنێو مەرجەکاندا بێت و یاسا و دامەزراوە لیبراڵییە بریتانییەکان جێگەی یاسا تەقلیدییە فرەنسییەکان بگرێتەوە. هۆکاری پێشنیازەکەشی بەم دەستەواژانە ڕوون کردۆتەوە: "لەبەر ئەوەی لیبراڵییەتمان پێ خۆشە، بۆیە حەز دەکەین گشت مرۆڤایەتی بگرێتەوە، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بنەمای کۆیلایەتی لە ئەمەریکا دانەنرێت"[6]. لە هەنگاوێکی گەورەتریشدا، تۆماس پین

---

[6] - فرانکلین، 1959 -: 21. 560؛ هەروەها بڕوانە 499.21 (کەنەدا: ناتوانین ستەمگەری دژ بە هیچ هاولاّتییەکمان قبووڵ بکەین. یا دەبێ هەمووومان ئازاد بین، یا نا)؛ 21. 367، 382، 522، هەروەها نامەیەکی جێمس بۆدوێن بۆ فرانکلین لە 6 ئەیلول/ سێپتەمبەری 1774(هەمان سەرچاوە: 21.283).

(Thomas Paine)، "ئایدیۆلۆجیستی" بەرجەستەی شۆڕشی ئەمەریکا، هێرش دەکاتە سەر کۆتوبەندە مەسیحییەکەی ئەدمۆند بۆرك دژ بە شۆڕشی فرەنسی و هەناردەکردنی دیموکراسییەکەی، هەروەها بەدحاڵیبوونە قووڵەکەی بۆرك لەمەر دەلالاتە ئەخلاقییە جیهانییەکەی، شۆڕشی ئەمەریکی ڕوون دەکاتەوە. پین دەنووسێت، شۆڕشی ئەمەریکا لە ڕووی جیهانییەوە ئەم مانایە دەگەیەنێت:

"حکومەت لەسەر تیورەی مۆڕاڵی و سیستمی ئاشتەوایی جیهانی و لەسەر ئەو مافە میراتیانەی قابیلی هەڵوەشانەوە نییە، دامەزرا، لە ئێستادا لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات بە ترپەیەکی بەهێزتر لە حکومەتی شمشێر دەسوڕێت کە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا دەسوڕا. ئەوەش بەدیاریکراوی سەرنجی تاکەکان، بەڵکو سەرنجی نەتەوەکانیش لە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنیاندا ڕادەکشێت و بەڵێنی سەردەمێکی نوێ بە ڕەگەزی مرۆڤ دەدا"[7].

بەڵام مەتەڵەکە بەمشێوەیە بەدیارکەوت: چۆن کۆمارە لیبراڵە زلهێزەکان - لە سەدەی نۆزدەهەمدا، واتە بەدیاریکراوی بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان - توانیان لە پێناوی بلاوکردنەوەی ئۆتۆنۆمییەکی سەربەخۆی ئاشتییانەدا، بێ ئەوەی ببێتە ئیمپریالییەکی باوکسالاری، بەکارایی ڕژێمەکانیان هەناردەی دەرەوە بکەن یا بلاویبکەنەوە، بەوەش مەبەستەکە دەبەزێنێت، ڕەنگە لە کاتی ئەنجامدانی ئەوەشدا خۆی گەندەڵ بکات؟

جدیترین وەڵامدانەوەی بریتانی، جۆن ستیوارت میڵ " John Stuart Mill" لە وتارێکیدا بەناوی "چەند وشەیەك دەربارەی دەستوەرنەدان - Few words on Non-Intervention (1965 - 1981)"، گوزارشتی لێدەکات ("چاپە ئۆریجیناڵەکەی 1859"؛ 21. 111 -124، بەتایبەتی 118 - 124). میڵ، لە لایەکەوە بە توندی بەرگری لە ماف، بگرە لە حەقیقەتدا، لە ئەرکی زلهێزە لیبراڵەکان دەکات تا ئەو وڵاتانە داگیر بکەن کە ناوی گەلانی بەربەریان لێ دەنێت.

---

[7] - مافەکانی مرۆڤ، بەشی دووەم، پێشەکی. هەروەها بڕوانە کۆمێنتەکانی فرانکلین لەو نامەیەی بۆ لیژنەی نامەگۆڕینەوەی نهێنی ناردوویەتی، 12 ئازار/ مارس 1777 (1959 ،: 23.473)و بۆ سامۆیل کوپەر لە 1 ئایار/ مایۆ 1777 (هەمان سەرچاوە: 24: 6- 7).

بەپێی دەستەواژەکانی خۆی، پێشبینی لەمجۆرە ئیمپراتۆرییەتە دەکرێ "ڕۆحیان داغان بکات تا بە شێنەیی لە حاڵەتی پاشکۆیەتیدا نقوم بن"- بەوەش، بەپێی وتەکەی میڵ، ڕێڕەوێك دەگرنەبەر کە بە ئاستێکی "زۆر نزم" دەست پێدەکات و بە "بە ئاستێکی بەرز لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی" بە کۆتا دەگات. هیندی بریتانی و جەزائیری فرەنسی لەو نموونانەن کە مێل ئاماژەیان پێدەدا.

لەلایەکی دی، میڵ پێیوایە کاتێك میللەتێکی داگیرکراو دەگاتە ئاستی شایستەیی سیاسیی لیبراڵی، ئیدی شۆڕشێکی دیموکراسی ڕاستەقینە دژ بە حوکمڕانەکانی هەڵدەگیرسێنێت، میڵ دەنووسێت؛ ئەو دەمە "وەك ڕێسایەکی گشتی، کارێکی دروستە تەنها بە پاڵپشتی مەعنەوی و مەشورەت، هاوکاری و دەستیاری بکرێ". میڵ دوو هۆ بۆ ئەم سیاسەتی دەستوەرنەدانە پێشکەش دەکات.

یەکەم، میڵ دەڵێت "ئەگەر میللەتێك ئەوەندە تاسەی ئازادی تیانەبێت کە بتوانێت لە سەرکوتکەرە لۆکاڵییەکانی بەدەستی بهێنێت، ئەوا ئەو ئازادییەی دەستەکانی دی پێشکەشی دەکەن، ئازادییەکی ڕاستەقینە یا هەمیشەیی نابێت". کەواتە "تاکە تاقیکردنەوە بۆ ئەوەی میللەت ئامادە و لەبار بێت بۆ دامەزراوە میللییەکان" ئەوەیە کە "ئامادە بێت ڕووبەڕووی زەحمەتی و مەترسییەکانی بێتەوە بۆ ئەوەی ئازادییەکەی بەدەست بهێنێت". دووەم، میڵ دەڵێت "کاتێك میللەتێك تا ئەو ڕادەیە بێبەخت بێت لە ژێر باری حکومەتێکدا بناڵێنێت کە لەگەڵیدا هەست و بەها زەرورییەکان خۆبەخۆ لە پارێزگاری کردنی ئازادییەکەیدا گەشە نەکات، ئیدی باشترین دەرفەت بۆ پەرەسەندنی ئەو هەست و بەهایانە لە تێکۆشانێکی قورسدا دەبێت، بۆ ئەوەی بە هەوڵ و کۆششە تایبەتەکانی ئازادییەکەی بەدەست بهێنێت".

میڵ درێژەی پێدەدا و دەڵێت، هەر کاتێك زلهێزێکی لیبراڵی، دژ بە ڕژێمە نالیبراڵەکان، شەری بەرگری لەخۆکردن دەکات، ئیدی ئەو هەق و ئەرکەی دەبێت هاوپەیمانی لەگەڵ شۆڕشگێڕە لیبراڵەکانی ئەو ڕژێمانەدا ببەستێت، هەروەها هەموو مافێکی بۆ گۆڕینی ڕژێمەکە هەیە یا شۆڕشێکی سەرکەوتووانە وەك مەرجێك بۆ سەرخستنی ئاشتیی هەڵگیرسێنێت. سەرباری ئەوەش میڵ دەڵێت: کاتێك میللەتێك دژ بە کۆتوبەندی بیانییەك ڕادەپەڕێت، ئیدی دەستوەردانی هێزە لیبراڵەکان بۆ شەڕکردنی غەوارە بیانییە نالیبراڵەکە، بەپێی دەستەواژەکانی میڵ، "هەمیشە ڕاست

و دروستە، هەمیشە ئەخلاقییە و هەمیشە حەکیمانەیە". میڵ وتارەکەی بە بانگەوازێکی سۆزداری بە کۆتا دەهێنێت کە ئاراستەی بریتانیا یا هێزە لیبراڵە گەورەکانی دیکەی دەکات، خۆی بە بانگەشەکەری ئەوە دادەنێت کە پێی دەڵێت هاوپەیمانییەکی چەکداری "قارەمانانە" کە ئامادەیی تیابێت دژایەتی هەر دەستوەردانێکی بیانی لە هەر شۆڕشێکی دیموکراسیدا بکات، ئەوەش لە پێناوی ئەوەی میڵ ناوی لێ دەنێت "ڕزگاری دەمودەستی گشت ئەو میللەتانەی ئەوەندە ئارەزووی ئازادی دەکەن کە بتوانن پارێزگاری لێ بکەن".

بەڵام وەڵامدانەوەی ئەقڵانەتر و میانڕەوانەتری ئەو مەتەڵە لەلایەن ئەلیکسەندەر هامیلتۆن -ی ئەمەریکییەوە بوو، کاتێك کاغزە هێمنەکانی "Pacificus Papers" بڵاو کردەوە کە تێیدا لە دژی پشتگیرییە ناحەکیمانەکەی تۆماس جیفرسۆن "Thomas Jefferson" بۆ شۆڕشی فرەنسی و هەناردەکردنە بەهێزەکەی بۆ دیموکراسی، ئارگیۆیی دەکرد. هامیلتۆن ئەم هەڵوێستەی لای خوارەوەی خستەڕوو کە پێی وابوو هەڵوێستێکی گونجاوی ئەمەریکییە (1961 - 1987: 15. 60):

کاتێك نەتەوەیەك نیازی هەیە لەو کۆتوبەندە ڕزگاری بێت کە لە ژێر باریدا دەناڵێنێت و پێ لەسەر ئازادییەکانی دادەگرێت - ئیدی کارێکی ڕێگەپێدراوە و شایستەی ئەوەشە نەتەوەیەکی دی دەستی یارمەتی بۆ ئەو نەتەوە چەوساوەیە درێژ بکات کە لە قۆناغی خۆڕزگارکردندایە، بەڵام هیچ نەتەوەیەك بۆی نییە بانگەوازی پێشوەختە بۆ یاخیبوون و شۆڕش بکات".

ئەبراهام لینکۆڵن (Abraham Lincoln) بەهەمان ڕۆحییەت وەڵامی گەیشتنی لایۆس کۆسوتی (Lajos Kossuth) بە ئەمەریکا دایەوە کە دژ بە دەستوەردانی ڕوسیی داوای هاوکاری ئەمەریکای دەکرد، بەوەی لە سەرکووتکردنی شۆڕشی هەنگاریا لە ساڵی 1848دا پاڵپشتی نەمسا دەکات. لینکۆڵن لە وەڵامدا (1953 - 1955: 2. 115 - 116) ڕەچاوی کۆمەڵێك بڕیاری ڕاگەیەنراوی کردووە، ئەمە سەرباری ئەوەی سەرسامییەکی مەعنەوی زۆری بۆ "کۆسوت"و پرسەکەی هەبووە، بەپێی ئەوەی لینکۆڵن ناوی لێ ناوە "پرەنسیپە بەنرخەکانی ئەمەریکا دەربارەی دەستێوەرنەدان، ئەرکی حکومەتەکەمانە هانی هەڵایسانی

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ئەمجۆرە شۆڕشانە نەدا یا دەستیاریان بکات" - سەرباری ئەوەی (لینکۆڵن لەسەری دەڕوات) "پێویستە ئەم دەوڵەتە هاوسۆزی بۆ هەموو میللەتێك دەربڕێت کە تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی بە ئازادی بژیت".

گومانە هاوچەرخەکان و ئاڵەنگارییەکەی چەپی ڕادیکاڵ

سەرتاپای وێنەکە تاریك دەبێت و بەو گەورە گومانانەش ئاڵۆز دەبێت کە هەر لە سەرەتاوە دەربارەی گریمانە سەرەکییەکەی نیتەرناسیونالیزمی لیبراڵی وروژێنران - ئەو گریمانەیەی کە ئاشتیگەرای کۆماری بازرگانی دووپات دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەلێکسەندەر هامیلتۆن کە لێهاتوویی و شایستەیی پراکتیزە ژیرییەکەی بۆ برەودان بە بازرگانی و مایەدانی هاوچەرخ، کێبەرکێکاری نەبوو، زۆر بە توندی ئەو تێزەی ڕەتکردەوە، هەروەکو لە کتێبی "فیدراڵیەت"دا بە "خەسڵەتە جیاکارەکانیی کۆمارە ئاشتیخوازەکان" وەسفی کردووە، لەبەر ئەوەی "ڕۆحی بازرگانی بەوە دەناسرێتەوە کە ڕەوشتی پیاوان نەرم دەکات". هامیلتۆن بەمشێوەیە وەڵامی دەداتەوە (2001: 23):

> "ئایا خۆشەیستی سامان، چەشنی سۆزی دەسەڵات یا شکۆمەندی، سۆزێکی ستەمگەر و بوێر نییە؟ ئایا چەندین جەنگ بەهۆی پاڵنەری بازرگانییەوە هەڵنەگیرساوە کە بووە سیستمێکی باوی نێوان نەتەوەکان، هەروەها پێشتریش بەهۆی چاوبرینە خاك یا فراوانکردنی دەسەڵات چەندین جەنگ هەڵنەگیرساوە؟ ئایا ڕۆحی بازرگانی، لە زۆر حاڵەتدا، ئەنگیزەی نوێی بۆ ئیشتیهای یەکەم و دووەم پێشکەش نەکردووە؟".

پێشتر ڕۆسۆ "Rousseau" گومانێکی زۆری لەسەر ئەم شێوازە هەبوو. ڕۆسۆ دووبارە ناڕەزایەتی دیموکراسی کلاسیکی، بەشداریکردن، بێگەردی، وەك پێوەرێك دەکرد کە بەهۆیەوە حوکم بەسەر کۆمارە لیبراڵە گەشەکردووەکان و سەرکۆنەکردنیان بدرێت. ڕۆسۆ زۆر بە توندی ئەو دڵڕەقی و خودنامۆییەی سەرکۆنەکرد کە دڵنیابوو لەوەی دەرئەنجامی حەتمی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی تاکگەرای بازرگانی - نیولیبراڵە. ڕۆسۆ پێیوابوو ئەم شێواندنە ڕۆحییەی کە بەشێوەیەکی یەك لە دوای یەك لەگەڵ تیورەی ئەندازەیی هاوچەرخی تایبەت بە سەروەری باڵای نیشتمانی کار دەکات، زۆر بێبەزەییانە ڕەوشتی نێونەتەوەیی

نامرۆڤانەتر دەکات. هەروەها پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ئەو نامرۆڤایەتییەی بازرگانی نێونەتەوەیی بە چەکی ترسناکتر چەکدار دەبێت - ئەو سامانە مایەدانی دەکات کە لە ڕێی بازرگانییەوە بەدەست دێت و بەهۆی دەسپێکی فەلسەفەی نوێی تەکنۆلۆجیای زانستی لە توانادا دەبێت. ڕۆسۆ لەو بانگەشەیەش واوەتر ڕۆیشت بەوەی دەوڵەتە بازرگانییە مۆدیرنەکان، لە کۆمارە هاوبەشە کۆنەکان زیاتر خواستیان بۆ هەڵگیرسانی جەنگی کاولکارانەی سەرتاسەری هەیە[8].

فیکری شکڵ گۆڕاوی ڕۆسۆ، سروشبەخشی ڕادیکاڵەکانی نێو شۆڕشگێرە فرەنسییەکان بوو، ئەوانەی بە سەرکردایەتی ڕۆبیسپێر "Robespierre" (19؛ 26.10 - 237، 350 - 367) لەدایکبوونی دیموکراسییەکی ئەڵتەرناتیڤی نالیبراڵییان ڕاگەیاند: دیموکراسی "برایەتی" کە "ڕەندی -فەزیلەت" جۆشوخرۆشی پێدەبەخشی و لە ڕێی سیاسەتی "تیرۆریکی" دەستەقەستەوە پراکتیزە دەکرا. بەراورد بەو لیبراڵە کەم ڕەوشتەی پێشتر، ئەم فۆرمە تازەیە پڕشەرەنگیزییە هەوڵی دەدا جیهان بەپێی وێنا تایبەتەکەی خۆی بگۆڕێت. ئیدی لێرەوە جڵەو بۆ فۆرمێکی ئەخلاقیی "ئاراستەکراوی ئەسینی" شل کرا. تا چ مەودایەك ئەم بەرخوازییە دیموکراسییە یەعقوبییە ڕۆحێك دەنوێنێت، هێشتا لە ڕۆحە ئەمەریکییە دەچێت -

---

[8] - پەیمانی کۆمەڵایەتی "Social Contract" 1.4؛ "گوتارێك دەربارەی ڕەگوریشەی نایەکسانی" لە 1959 - 1995؛ 178.3- 179.3؛ "پڕۆژەی دەستووری کۆرسیکا"، لە هەمان سەرچاوە: 903.3؛ "ئیمیل": لە هەمان سەرچاوە: 848.4؛ "لێکۆڵینەوە دەربارەی حکومەتی پۆڵەندا"، هەمان سەرچاوە: 1013.3 - 1014.3؛ "پوختەیەك لە پڕۆژەی ئاشتییەکی هەمیشەیی ئەبی دی سانت پییر"، لە هەمان سەرچاوە: 564.3، 568 -574، 584، 587 - 588؛ "ڕایەك دەربارەی ئاشتییەکی هەمیشەیی" لە هەمان سەرچاوە: 593.3 - 595.3؛ هەروەها بڕوانە "دۆخی جەنگ لە دۆخی کۆمەڵایەتییەوە لە دایك دەبێت" (بەشێکی بڵاونەکراوە، بەگشتی بە "دۆخی جەنگ" دەناسرێت)، لە هەمان سەرچاوە: 601.3 - 612.3؛ "بەشەکان دەربارەی جەنگ" (بڵاونەکراوەتەوە)، ژمارە 3، لە هەمان سەرچاوە: 614.3؛ "جەنگ و دۆخی جەنگ" (بەشێکی بڵاونەکراوە)، لە هەمان سەرچاوە: 1899.3 - 1904.3 . هەروەها دەتوانین ئاماژە بەوەش بدەین کە مۆنتیسکۆ لە ئاست مەیلی تەشەنەسەندنی پێشبرکێی خۆپڕچەککردنی نێوان ئەو نەتەوە ئەوروپییانەی لەڕووی بازرگانییەوە بەهێزن، گوزارشتی لە مەترسییە گەورەکان کردووە، 17.13.

گومانی تێدا نییە کە زۆر سەرەتایی و ڕەقە، بەڵام ڕەنگە تا ئاستێکی کەمیش "پێشکەوتوخوازانەتر" بێت؟ تا چ مەودایەك هێشتا تیرۆر و هەناردەکردنی دوژمنکارانەی دیموکراسی[9]و ئیمپریالیزمی ڕاپرسییانەی حەتمی ناپلیۆن و لادانە نەخوازراوەکان لە شۆڕش و خیانەت لێکردنی، بە پرەنسیپە دیموکراسییە لیبراڵەکان دەناسرێنەوە؟ تا چ ڕادەیەك هەر یەك لە ڕۆبسپییر و ناپلیۆن - لە باشترین حاڵەتدا (وەك فیکری هیگل، مارکس و نیچە)، لە خراپترین حاڵەتیشدا (چەشنی فیکری هامیلتۆن و تۆکفێل) - بەڵگەن لەسەر ئەوەی چ شتێکی بانلیبراڵی بزوتنەوەی دیموکراسی مۆدێرنی لەخۆگرتووە؟ گشت ئەو پرسیارانە لە نیوجەرگەی ئەو گفتوگۆیانەدا بوو کە لە نەوەدەکانی سەدەی هەژدەهەمدا لە ئەمەریکا، لایەنگرانی جیفرسۆن و ئەو فیدراڵیستانەی شۆڕش و هەناردەکردنی دیموکرسیان سەرکۆنە دەکرد، گفتوگۆیان لەبارەیەوە دەکرد[10]. مرۆڤ گومان دەبات لەوەی داخۆ ئەو

---

[9] - بڕوانە بڕیارەکانی کۆنگرەی فرەنسی لە 15و 19ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر/ 1792دا کە تێیدا هاوکاری سەربازی بۆ گشت ئەو گەلانە ڕاگەیەنرا ئارەزووی بەدەستهێنانی ئازادییان دەکرد، هەروەها ئەوەش ڕاگەیەنرا کە نەتەوەی فرەنسی وەك "دوژمن" مامەڵەی ئەو کەسانە دەکات کە بە مەبەستی پاراستنی نازناو و تایبەتمافی میرانە، ئازادی یا یەکسانی ڕەتدەکەنەوە یا دەستبەرداری دەبن - یا تەنانەت ئەو کەسانەش کە هاوپەیمانیان لەگەڵدا دەبەستن، هەروەها لە دووەم پەیپەرە نەرمەکانی هامیلتۆنیشدا هاتووە و گفتوگۆی لەسەر کراوە (1961 -1987: 59.15 - 61.15).

[10] - لە پێناو ڕانانێکی کاریگەری ئەم پرسانەدا، بڕوانە هەر دوو توێژنەوەکەی هامیلتۆن "دوو ئەمەریکا" (1794)، بەتایبەتی سەرەتای توێژانەوەی یەکەم، دوو وتارەکەی یەکەم لە وتارەکانی "Camillus" تەموز/ یۆلیۆ/ 1795، (سەرباری توێژانەکەی) دووەم پەیپەرە نەرمەکان "Pacificus" (تەموز/ یۆلیۆ/1793) - 1961 - 1987: 55.15 - 61.15، 669 - 678: 12.16 - 19.16؛ 479.18 - 489.18، 493 - 501، بەراوردی بکە بە نامەکەی جێفرسۆن بۆ ولیام شۆرت لە بەرواری 3 کانونی دووەم/ یەنایەر (1948: 1003 - 1006)، کە تێیدا دەڵێت لە قۆناغەکانی یەکەمی حوکمی یەعقوبییەکاندا: "لەو ململانێیەی پێویست بوو، زۆرێك لە تاوانبارەکان بەبێ هیچ دادگاییکردنێك کەوتن، لەگەڵیشیندا هێندێك بێ تاوان تیاچوون. من بە توندی ئەوە سەرکۆنە دەکەم، ئیدی هەر کەسێکی دی ئەو کارە بکات.. بە کەوتنی هێندێك شەهیدی ئەو پرسە، هەستی نزیکایەتی و خۆشەویستیم کاری تێکرا، بەڵام لاریم نییە لەوەی گەر نیوەی خەڵکانی سەر زەوی تیابچن،

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پرسیارانە قابیلی ئەوەن وەڵامی ڕوون و دیاریکراو بدرێنەوە، ئەوەش بەشێوەیەکی هەندەکی بەهۆی ئەو ئالۆزییانەی لەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی فرەنسی و پرەنسیپەکانی یا مانا مۆڕاڵییەکانی پڕبوون لە گرژیی، هەروەکو کۆمەڵەیەك لە هاندەرە هەمەچەشنەکان و دۆستانی لە لایەك و نەیارەکانیشی لەلایەکی دی، وێنایان دەکرد. هەر لە دەسپێکی شۆڕشی فرەنسییەوە تا دەگاتە بەجیهانیبوونی سۆسیالیزم و سەردەمی مارکسیزم، مانای جەوهەری "دیموکراسی مۆدێرن" - بە حوکمی زەرورەتی "هەناردەکردنی" - قابیلی ڕکابەرییەکی توند بوو لە نێوان فۆرمە لیبراڵەکەی و "برایەتی" و "کۆمۆنە"دا، ئەمەش بە هەموو دڵنیاییەکەوە لەگەڵ شۆڕشی فرەنسیدا کۆتایی نەدەهات.

وەڵامدانەوە کۆسمۆپۆلێتییەکەی کانت

لە فیکری ئەمانوێڵ کانت دا، لە ڕێگەی دارشتنی پێکهێنانێکی پرەنسیپانەوە، هەوڵی زۆر کاریگەر بۆ چارەسەری ئەم ململانێیە بەدیدەکەین. کانت دەربەستی کۆماریی لیبراڵی یا دەستووری بوو. بەڵام لەو کاتەی لایەنگیرێکی بەهێزی شۆڕشی فرەنسی بوو، لە هەمان کاتیشدا بەتەواوەتی کاریگەری ڕەخنەکانی پێشوتری ڕۆسۆی بەرامبەر لیبراڵیزم لەسەر بوو. بۆیە کانت دەستی بە دامەزراندنەوەی کۆماری لیبراڵی و جیهانیبوونەکەی کرد.

کانت دووبارە ڕاڤەیەکی ئەخلاقی نایابی بە فیکرە لیبراڵەکانی تایبەت بە یەکسانی و ئازادی تاکەکەسی و تەنانەت نائەخلاقییەکانیش بەخشی، بەڵام یاساییانە. ئازادی تاکەکەسی و یەکسانی، مانا ڕاستەقینە و پاساوەکەیان وەك پێشمەرجێك بۆ کەرامەتی مرۆیی دەبیننەوە کە بە تەواوەتی لە خودیاسادانانی ئەقڵانیی ئەخلاقی پێکدێت.

بۆ ئەوەی ئەم خودیاسادانانە بە شێوەیەکی ڕاست ودروست سەربەخۆ بێت، دەبێ هیچ کۆتوبەندێکی زۆرەملێی دەرەکی لەسەر نەبێت. دەوڵەتی لیبراڵی هەر بە ڕاستی بەشێوەیەکی دژەڕوویانە (پارادۆکسییانە) لەگەڵ مۆڕاڵدا دەسازێت، لەبەر ئەوەی تا لە تواناداد بێت لە گشت یاسادانانە ڕەوشتییەکان خۆی بەدوور دەگرێت.

بەس شکستەکەی نەبینم. گەر لە هەر وڵاتێکدا تاکە ئادەم و حەوایەکی ئازادی بمێننەوە، ئەوا جیهان لە ئێستای باشتر دەبوو".

هەروەها دیسانەوە بە شێوەیەکی پارادۆکسییانە، پێویستە لەسەر دەوڵەتی لیبراڵی، لە دەسپێکی ڕێزێکی زۆری بۆ ئەخلاق، وەك خودیاسادانان، زۆر بەوردی سیاسەتەکانی ناچارکردنی یاسایی، ئەوانەی پێویستن بۆ پشتگیریکردنی ئازادی دەرەکی سنوردار بکات، ئەمە سەرباری ئاسایش و پێشکەوتنی هاوڵاتیان. دەبێ جەوهەری پێشکەوتنی ڕاستەقینەی ئەخلاقی لە بواری هەڕەمەکییانەی کولتوری و کۆمەڵگەدا ڕووبدات کە دەوڵەتی لیبراڵی بەرهەمی دەهێنێت و دەیپارێزێت، بەڵام لە نزمترین ئاستدا ڕێکی دەخات.

بەڵام ئەم پێشکەوتنە ئەخلاقییە وادەخوازێت دانیشتوانی کۆمارە لیبراڵەکان هەستی بەرپرسیارێتی کۆسمۆپۆلینانەیان هەبێت، بۆ ئەوەی هەر بە ڕاستی خودیاسادانانەکەش ڕەوشتیانە بێت، دەبێ لە دەسپێکی جیهانییەوە وێنای خۆی بکات. دەبێ پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی تاك، ڕێز لە یەکسانیی شکۆی نێوان هەموو مرۆڤەکان بگرێت - ئەوانەی بە یاسادانەری هاوبەش دادەنرێن و هەموو مرۆڤایەتی پێکدەهێنن، ئەوەی کانت ناوی لێدەنێت "شانشینی ئامانجەکان". واتە پێویستە ئامانجی کۆسمۆپۆلیتی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤایەتیی لە ئازادی ئەخلاقی کردەیی و سیاسی لەخۆبگرێت کە تەنها لە ڕێگەی ڕژێم و یاساکانی کۆماری لیبراڵییەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەوەش سیاسەتی دەرەوە کە دواجار ئامانجی بڵاوبوونەوەی کۆماری لیبراڵە لە سەرتاسەری جیهاندا، بایەخێکی ئەخلاقی بێوێنە پەیدا دەکات. ئیدی لێرەوە "ئاراستەکراوی ئەسینی" باشترین دەستەواژە ئەخلاقییەکەی دەدۆزێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پاڵپشتی کردنی "کانت" لە بڵاوبوونەوەی کۆماری لیبراڵی بە ئاڵۆزی دەمێنێتەوە.

کانت لە پێناوی تێگەیشتنێکی دروست بۆ خەسڵەتی ئەخلاقیی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، سوور بوو لەسەر ئەوەی پێویستە لەو دەرکپێکردنە تەواو ئاگایانەوە دەست پێبکەین کە ڕۆسۆ بە شێوەیەکی دروست دەست نیشانی کردووە. هەروەکو ڕۆسۆ ڕوونی دەکاتەوە، دەوڵەتی جەنگ لە دەوڵەتی هۆبزی (مەبەست هۆبزی فەیلەسوفی ئینگلیزییەکە کە لایەنگری لە حوکمڕانی پادشایەتی ڕەها دەکرد) خراپترە کە بە شێوەیەکی سروشتی لە نێوان نەتەوەکاندا باڵادەست بوو. نەتەوەکان،

لە سەربەخۆیی سەروەریاندا کە هەڕەشەی دوولایەنەیان لەسەرە، ناچارن بە شێوازێك ژیان بکەن، زۆر خراپترە لەو هەلومەرجەی خەڵکی تێیدا ناچاربوون بەخۆڕسکی ژیانی تیا بەسەر بەرن، بەرلەوەی ناچاربکرێن کۆنتراکت لەسەر دروستکردنی دەوڵەتێکی یاسایی ببەستن کە پەیوەندییە دەرەکییەکانیان ڕێك دەخات. بەڵام، هەروەکو دیارە، کانت، بەوردی دزێوی ئاژاوە دڕندایيەکەی ئەو "دەوڵەتە خۆڕسکە"ی نێوان نەتەوەکان شیدەکاتەوە، تا بنەماکانی تێپەڕاندنی دیالیکتیکیان بۆ دابنێت. چونکە کاتێك بەشێوەیەکی زۆر ڕوون لە خەسڵەتە دزێوەکەی "دەوڵەتە خۆڕسکە" نێونەتەوەییەکە تێدەگەیت، ئەوا گرنگیی ئەقڵانییانەی ڕەهای ئاسایشی نەتەوەیی کە پشتگیری بایەخی ئەخلاقی هەر دەوڵەتمەدارێك بۆ برایەتی مرۆیی دەکات، ئیدی هەلومەرجی مۆدێرنە، زەرورەتی ڕەها بەو هێزە سەربازییە تۆقێنەرە دەدات، بۆ ئەوەی هەلومەرجی خۆڕسکی تێپەڕێنێت. هەروەها لۆجیکی پراگماتیکی و ئەخلاقی بەئاراستەی جۆرێك لە پەیمانی کۆمەڵایەتی نێوان دەوڵەتە سەربەخۆکان هەنگاو دەنێت کە دەبێتە مایەی دروستکردنی هێزێکی یەکگرتووی نێونەتەوەیی بە یاسایەکی نێودەوڵەتییەوە پابەند دەبن.

ئێستا، کاتێك نەتەوە ژیرەکان و سەرکردەکانیان بەم دەرئەنجام پێوانەییە دەگەن، ئیدی سەرلەبەری دۆخی نێونەتەوەیی لەڕووی ئەخلاقییەوە گۆڕانی بەسەرا دێت. بەڵام دۆخی خۆڕسك لە بواری نێودەوڵەتیدا، هەر لایەنێك تەنها حوکمی خۆی دەکات، ئیدی لەو دەمەدا هیچ جەنگێکی دادوەرانە بوونی نابێت (یا لە بەرامبەردا، هەموو جەنگێك، دەبێتە جەنگێکی دادوەرانە). بەڵام کاتێك دەوڵەتە هەرە ئەقڵانییەکان، دەست دەکەن بە دروستکردنی، ئەوەی "کانت" ناوی لێ دەنێت، "کۆمەڵەی نەتەوەکان"، دۆخەکە بەو جۆرە نامێنێتەوە. "کانت" دەڵێت (1902، 349. 6)؛ کاتێك دەست بەو بزوتنەوە پێشکەوتنخوازانەیە دەکرێ، ئیدی "ئیرادەی هەر نەتەوەیەك کە بەئاشکرا گوزارشتی لێدەکرێ (چ بە وتن بێت یا کردار)"، بە "گوزارشتکردن لە حەقیقەتێکی بڕیاردەر" دادەنرێت - "وەك پێشێلکردنی پەیمانە گشتییەکان"- ئەوا ڕێ لەو بزوتنەوەیە دەگرێت و دەبێتە "دوژمنێکی نادادپەروەر"ی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی. پاشان دەوڵەتە پێشکەوتووخوازەکان، ئەو ماف و ئەرکەیان دەبێت لە دژی دوژمنێکی لەوجۆرە یەکبگرن، ئەگەر پێویستیش بکات بەزەبری هێز

ڕژێمەکەی بۆ ڕژێمێکی لیبرالانەتر بگۆڕن. بەگشتی خودی ڕژێمێکی لیبراڵی کۆماری هەموو ڕاستییەکان قبوڵ دەکات و کاریان پێ دەکات. بەڵام حکومەتی نوێنەرایەتیکردن بەرپرسیارە لەبەردەم گەل و گرنگی بەئازادی تاکەکەسی و ئاسایش و گەشەسەندنی مادی دەدات، ئەوەش حکومەتێکە ناتوانێت ئەو گەلە بۆ جەنگێکی ترسناکی پڕتێچوو پەلکێش بکات. بەوەش کانت، وەك لیبراڵە پێشینەکان، زۆر پشت بە کاریگەرە هێورکەرەوەکانی کۆماری بازرگانی دەبەستێت. بەڵام "کانت" بەپێچەوانەی پێشینەکانی خۆی، ئەو کارە بۆ ئەوە ناکات، نەك لەبەر ئەوەی زۆر بەسادەیی متمانەی بە خودی بازرگانی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی متمانەی بە بازرگانی کۆمارەکە هەیە کە لەسەر ڕێچکەیەك دادەنرێت لە ڕێی ئەخلاق و ڕێبەری پراگماتیکەوە، بەرەو دامەزراندنی ڕێکخراوێکی یاسایی نێونەتەوەیی دەڕوات.

بەوشێوەیە "کانت" پێیوایە دەبێ "کۆمەڵەی نەتەوەکان"ی وێناکراوەکە یەکەمین "مادده سەرەکییەکانی" بەمجۆرە بێت: "دەبێ دەستووری مەدەنیی هەموو دەوڵەتێك کۆماری بێت"- واتە، هەروەکو کانت شیدەکاتەوە، حکومەتی نوێنەرایەتی میللی، ملکەچی یاسای دەستوورێکی جێگیر و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بێت. بەوەش ئەو کۆمەڵەیەی نەتەوەکان کە کانت وێنای دەکات لەم ڕێکخراوەی ئێستای هاوپەیمانی ناتۆوە نزیکە تا نەتەوە یەکگرتووەکانی ئێستا. لەگەڵ ئەوەشدا، کانت سوورە لەسەر ئەوەی پێویستە کۆمەڵە، یا "ماددەکانی پێشەکییەکەی کە تایبەتە بە ئاشتییەکی هەمیشەیی"، لە دەستوەردان بە زەبری هێز لە دەستوور یا ڕژێمی حوکمڕانی دەوڵەتێکی دیکە" ئاوارتە بکرێ- گەر ئەو دەوڵەتە نەبێتە "دوژمنێکی نادادپەروەری"ی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هۆکارە سەرەکییەکەی "کانت"یش، بریتییە لەوەی دەستوەردانی چەکدارانە، لە ڕێی شەڕی ناوخۆوە، مەترسی گەڕانەوەی بۆ دۆخێکی خۆڕسکی پرپشێویی ترسناکی نامرۆڤانەی لێ دەکرێت[11].

[11] - "ئاشتی هەمیشەیی" لە 1902: 8.343 - 8.347، 349-351، 376، جگە لە 368، 381، 386: "پرەنسیپە میتافیزیکییەکانی ماف" (Metaphysical Principles of Right) لە هەمان سەرچاوە: 6.344 ، 350-351 ، 354 - 355: "مێژووی جیهانی بەنیازییەکی کۆسمۆپۆلیتی" گریمانەی حەوتەم و هەشتەم: "تیورە و پراکتیك" لە هەمان

"کانت" بنەمایەکی بەهێزتری تیورەیی بە ئامانجی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی لیبراڵ پێشکەش دەکات کە یاسایی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکات و پێوەرەکانی کۆماری لیبراڵی ڕێنمایی بکات و بڵاویانبکاتەوە. بەڵام پرسیارە گەورەکە ئەوەیە، گەر ئەو هیوا سروشبەخشانەی کانت - بۆ جۆرێك لە حکومەتێکی جیهانیی کۆماری لیبراڵی ڕاستەقینە - بەشێوەیەکی ناحەکیمانە دیدگەی دەوڵەتمەدار لە بارەی کاروبارە واقعییەکانەوە بەلارێدا نەبات، ئەوەش بەهۆی پڕۆژە خاکییەکانی پێشینە لیبراڵە کەمتر ئەخلاقییەکان، ئەوانەی هیوای کەمتریان بۆ بەدیدیهێنانی هاوسەنگییەکی لێبوردەتری هێزە سەربەخۆکان هەبوو. بەڵام لەلایەکی دی، پرسیارە گەورەکە لەبارەی بیرکردنەوە لیبراڵییە کەمهیواتر و کەممۆڕاڵیترەکەی پێشوو، دەتوانێت بوار بڕەخسێنێت بۆ ئەو شتەی دەوڵەتمەداری ئەمەریکی "هێنری کلای" کە باس لە بەرپرسیارێتی ئەمەریکا دەکات لە هاندانی کۆماری لیبراڵی لە ئەمەریکای لاتیندا، ناوی لێناوە "گەورەیی و جوامێری میللەتێکی مەزنیی بەخشندە" (1961، 2.524).

ئەنجامگیری

ئێستا ئەو ڕەهەندە سەرەکییانەم خستەڕوو کە دەربارەی هەناردە کردنی دیموکراسی، پەیوەندییان بە قۆناغە گرنگەکانی جینالۆجی "genealogy" بیرکردنەوەی ئەخلاقمانەوە هەیە. بەڕوونکردنەوەی ئەم گۆشەنیگا ئەخلاقییە ئاڵۆزە کە لە رووی مێژووییەوە ڕەگمان تێیدا داکوتاوە، دەتوانین لەو سەرنج و تێبینییە هەمەڕەنگانە تێبگەین کە دیدوبۆچونەکانمان لەخۆدەگرێ لە بەرامبەر هەمەچەشنیی سیاسەتی دەرەوەی لیبراڵ کە هەوڵی هەناردەکردنی دیموکراسی دەدا. لە هەمان کاتیشدا دەتوانین وردتر و ئاگایانەتر لە هۆکاری دابەشبوونی بیروڕاکانمان بەهۆی مشتومڕی مەبدەئییەوە تێبگەین - هەروەها بەهۆی مەتەڵی پراکتییەوە، بە پشێوی و شڵەژاوی بمێنینەوە.

لێگەرێ با وتوێژەکە بە پێشنیازی هێندێك لەو دەرئەنجامانە بەکۆتا بهێنم کە وا بۆم دەردەکەوێت لەو هەوڵی زیندووکردنەوەی تەقلیدییە ئەخلاقییەوە

سەرچاوە: 8.313-8.310، "پرسە کۆنەکە نوێ دەبێتەوە" لە هەمان سەرچاوە: 7.85-7.86، 91-92.

سەریهەڵدا بێت کە لێوانلێوە لەو گرژییانەی یەکمان دەخات و شکڵمان پێ دەبەخشێت.

ڕۆحی کۆماری لیبراڵ هەر لە ساتەوەختی پەیدابوونییەوە، بە ئاستی جیاواز، لاسایی دەکرایەوە، بەتایبەتی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە یا هەناردەکردنی دیموکراسییەوە گشت مرۆڤایەتی ڕزگار بکرێ. بەگومان بووم لەوەی کە کۆماری لیبراڵی بتوانێت دەستبەرداری ئەو ئەرکە بێت، بێ ئەوەی ڕۆح و دڵی لە دەست نەدات. بەڵام بە تێگەیشتنی تەواومان لەم ئەرکەدا، لەو مەترسییانە تێدەگەین کە لێرەدا خۆی متکردووە. سیاسەتی دیموکراسی لیبراڵی کە هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی دەدا، دەشێت زۆر بەسادەیی لە ڕووی پراکتیکەوە نایەکانگیر و لێکدابڕاو بێت؛ چونکە زۆر بەخێرایی لەگەڵ ڕێزی لێبراڵییەت بۆ مافی چارەنووسی نەتەوەکانی دی بەریەکبکەوێت - هەروەها لەگەڵ لێبوردەیی لیبراڵییەت بەرامبەر هەمەڕەنگی کولتورە مەدەنییەکان ناکۆك بێتەوە.

هەوڵدان بۆ هەناردەکردنی دیموکراسی بە زەبری هێزی سەربازی، ئەم ئەخلاقییەتە تاڕادەیەکی زۆر ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە. نەریتەکانمان ئەوەمان نیشان دەدا کە بەدەگمەن، ئەمە ئەگەر هەر لە بنەڕەتەوە ڕوویدابێت، حاڵەتێك هەبێت، تەنها بۆ بڵاوکردنەوەی کۆماری لێبراڵی، پاساو بۆ جەنگێك هێنرابێتەوە. لەلایەکی دی، وادیارە ئەم سەپاندنە بەزەبری هێز، پاساوی هەبێت، هەروەکو لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە ژاپۆن ڕوویدا، یا لە دەستوەردانی پەیمانی ناتۆ لە کۆسۆڤۆ، ئەوەش وەك دواپەناگەیەك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشەیەکی دیاریکراوی ترسناك، یا تاوانێکی دزیۆی ڤێزەون - لە حاڵەتێکدا ئەوە دەستنیشان بکرێ کە دەربازبوون لە هەڕەشەیەکی دیاریکراو، یا تاوانێکی ڤێزەون، پێویستی بە گۆڕینی ئەو ڕژێمە نالێبراڵە دیاریکراوە هەبێت کە هۆکاری ئەو حاڵەتە بووە.

لێرەدا دەڵێم، بنەمای ئەو مشتومڕە ئەخلاقییەی پشتگیری لە ڕەوایەتی داگیرکاریی ئەفغانستان و عێراق دەکات، بەشێوەیەکی هەندەکی دەدرێتە پاڵ هێنانەوەی فۆرمێك لە فۆرمەکانی کۆماری لیبراڵی: چونکە دەتوانرێ پاساوی گۆڕینی ڕژێم بەوە بهێنرێتەوە کە لەڕووی ئەخلاقییەوە تەواوکردنی زەرورەتێکە بۆ جەنگێکی پێویست بۆ خستنی دوو ڕژێمی دیاریکراوی نالێبراڵی کە سەلمێنراوە دوو

دوژمنی زۆر ترسناکی ئاشتین و ناتوانرێ چاویان لێ بپۆشرێت، هەروەها بە دوو دوژمنی سەرەکی شکۆی مرۆڤایەتیی ناوچەکە و جیهان دەژمێردرێن.

بەڵام لێرەدا دژەمشتومرێکی بەهێز لە نەریتمانەوە پەیدا دەبێت کە پشت بە هەڵسەنگاندێکی جیاوازیی بەڵگە دەبەستێت. دژەمشتومڕەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر، یەکەم، مەترسییەکە نەگەیشتۆتە ئاستێك نەتوانرێ ئاسانکاری لەگەڵدا نەکرێ؛ دووەم، ئەو مەینەتییە مرۆڤایەتییە پێشبینیکراوەی لە کاری سەربازیی دەکەوێتەوە، وەك تێچوون، زۆر لەسەرووی سوود و قازانجە مرۆییە شیمانەکەیە. بەوەش نەریتمان زەمینەی ململانێیەکی ڕاستەقینە فەراهەم دەکات. بە دەستەواژەیەکی دی، ئەم حاڵەتە دۆخێکی ئەخلاقی بۆ ئەو هەوڵە تیایە تا گفتوگۆیەکی جیدی لەلایەن کەسانی هەر دوو لایەنەکەوە ئەنجام بدرێ کە نیازێکی باشیان هەیە. گفتوگۆکە دەربارەی ئەدگاری پرەنسیپە ئەخلاقییەکان نییە کە بشێت جێبەجێ بکرێ، بەڵکو دەربارەی ڕاڤەکردنی ئەو بەڵگەیەی کە پیادەکەی لەسەر دەکرێ - زۆرێکیشیان ڕوون نین.

گفتوگۆکە لەبارەی عێراقەوە ڕەهەندێکی دی وەردەگرێت، کاتێك مرۆڤ دەپرسێت - ڕەنگە لێڕوانینەکانی یۆرگن هابەرماس (Jurgan Habermas) لە کتێبی "خۆرئاوای دابەشبوو - Divided West" (2006)دا هانی بدات - گەر مەزنیی تێچووی جەنگی عێراق هۆی دابەشبوونەکەی نێو ناتۆ نەبێت: بێگومان لە ڕوانگەی مێژووی جیهانییەوە شکستی پرۆژەکەی "کانت"ە، سەربارەت بەفراوانبوونی هەمیشەیی کۆمەڵەی نەتەوەکانی کۆماری لیبراڵی. پێم خۆشە بڵێم کە زەمینەی ئەخلاقی هاوبەشی زیاتر هەیە لەوەی خاوەنی تیۆرەکانی وەك هابەرماس دووپاتی دەکەنەوە- بەوەش بنەما و هیوایەکی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلینە هەیە وەکئەوەی لەسەرەتادا دەردەکەوێت. بە هەموو دڵنیاییەکەوە خەڵکانی کاریگەر لە هەر دوو لایەنی گفتوگۆکەوە دەربارەی جەنگی عێراق، بەئاگایی و پەشیمانییەوە بەشداری لەو مەترسییە دەکەن کە ئەو کەلینە لە دوور مەودادا لە ناتۆ دروستی دەکات.

بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر دوو لایەنەکە جیاوازییەکی زۆریان دەربارەی ئەوە هەیە، چ کەسێك یا ئەو مۆتیڤانەی پێویستە لەسەر ئەو دابەشبوونە زۆر خەماوییە

سەرزەنشت بکرێ. لەلایەکەوە، دەنگە کاریگەرەکانی نێو ئەمەریکی و بریتانییەکان، ئەوانەی بەجووتە بەرەو جەنگ ڕۆیشتن و خۆیان وادادەنا بەرگری لە یاسای نێونەتەوەیی دەکەن و ویستی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ دەکەن، گلەییان لە کیشوەری ئەوروپا دەکرد، بەتایبەتی فەرەنسا - شکستی هێناوە تا ئاستی هەتەری ئەخلاقی و هاوڕێی چەك باڵا بکات کە پێویستە پەیمانی ناتۆ بەرجەستەیان بکات. لەلایەکی دی، ئەوروپییەکان، ئەوانەی دواکەوتن و خۆیان بە نوێنەری میانڕەوی و وریایی و ئاشتی دەزانی، بەبێ سڵەمین و ترس، ئەمەریکییەکانیان سەرکۆنە دەکرد، بەتایبەتی ئەخلاقی یەکلایەنەی خۆبەزلزانینیان کە لووتبەرزی و لەخۆباییبوونی لێدەکەوێتەوە. لێرەدا دەڵێم پێویستە لەسەر هەر دوو لایەنەکە لە حەقیقەتە هەندەکییەکەی هەر دوو بۆچوونە دژبەیەکەکە تێبگەن و لە ئەگەری تاڕادەیەك هەڵە لە هەر دوو دیدە تووڕە و بێزارەکەی خۆیان تێبگەن.

بەڵام بە نیگایەکی دوورتر لە حاڵەتە بەسوێ و شڵەژێنهێنەکەی عێراق، نەریتەکەمان پێشنیازێکی گشتی دەکات، بەوەی لە حاڵەتی پێواری هەر هەڕەشەیەك یا تاوانێکی ڤێزەونی دیاریکراودا کە نەتوانرێ چاولەئاستیاندا بپۆشرێ، دەبێ پرۆژەیەك بە تاکتیکی شەڕەنگیزانەی کەمتر و تاڕادەیەکی زۆر ناسەربازییانە بۆ هاندانی دیموکراسی لیبراڵی هەبێت - دەبێ ئەو تاکتیکانە زیاتر لەچوارچێوەی توندیی، یا دەستوەردانی گرفتەکە لەبەرچاو بگیرێن.

تاکتیکە نادوژمنکارییەکان کە کەمتر کێشە و گرفت دەوروژێنن، ئەو تاکتیکانەیە کە پێی دەڵێین تاکتیکی "ئایدیۆلۆجی"- بە دایەلۆگی نێوان حکومەتەکان، هاندان، پروپاگەندە، ئاڵوگۆڕی کولتوری، هەوڵی پەروەردانەی هەموو توێژەکانیشەوە، وەکیەك ئاراستەی هاوڵاتیان و ڕژێمە نالیبراڵەکان دەکرێ. خۆرئاوا ئەمجۆرە تاکتیکانە بەشێوەیەکی بەرچاو لە چین بەکاردەهێنێت. وادیارە ئەمجۆرە هەوڵانە لەلایەن حکومەتەکانی کۆماری لیبراڵی هەمیشە ڕەوایەتی هەبێت و بەڕاستیش بە ئەرك دادەنرێت - وەك گوزارشتێك لە ئامانجە دیاریکراوە باڵاکانی کۆماری لیبراڵی و گوزارشتێك لەخود و خوددووپاتکردنەوە.

ئەوەی وریایی و ئاگاییەکی ئەخلاقی زۆرتری گەرەکە، بە لەبەرچاوگرتنی مەترسی و ناسەقامگیرییەکان و ڕێزلێگرتنی شایستەی ڕژێمە نالیبراڵ و

ناسەرکوتگەر و تاڕادەیەك ناشەڕەنگیزەکان، هەوڵەکانی پراکتیزەکردنی گوشارە لە ڕێگەی سەپاندنی هەموو جۆرە سزا پڕتێچووەکانەوە - مەبەست لێی گۆڕینی شێنەیی و ئاشتییانەی ڕەفتارە، تەنانەت خەسڵەتە دیاریکراوەکانی ڕژێمە نالیبراڵەکانیش. بە هەموو دڵنیاییەکەوە ئەفەریقیای باشوور بە یەکێك لە حاڵەتە هاوچەرخە سەرکەوتووەکان دادەنرێت.

هەروەها سیاسەتی دەستێوەردان وریایی و پەرێزێکی ئەخلاقی زۆری دەوێت، وەك پاڵپشتی ماددی و پەروەردەیی ڕێکخراوە دیموکراسییە ناحکومیی و نیمچە حکومی و بزوتنەوە لۆکاڵییەکانی وڵاتە نالیبراڵەکان. بەکارهێنانی ئەو تاکتیکانەی دەستوەردان هێندێك سەرکەوتنی لە چەند شوێنێکی وەك ئۆکرانیا و جۆرجیا و چەند بەشێکی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، بەخودی ڕوسیاشەوە بەدەستهێناوە. وردی و نەرمی ئەم دەستوەردانە پەیدابوونی نەوەیەکی نوێی لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان لێکەوتەوە کە خەسڵەتی دەستپێشخەرانەی سەربەخۆی کۆمەڵگەی مەدەنی لیبراڵی دەقۆزێتەوە، هەروەها گردبوونەوەی کۆمەڵە مەدەنییە تایبەتەکان لە هاوپەیمانیی و ڕێکخراوەکاندا کە لە پێناوی ڕیفۆرمدا گۆشار دەکات، بێ ئەوەی لەلایەن حکومەتە لیبراڵەکانەوە هەڕەشەی دەستوەردانی هێز بکرێ.

دواجار، وادیارە حکومەتە لیبراڵەکان، لە حاڵەتی دەگمەندا، ئەو مافو ئەرکەیان هەیە، تەنانەت بەچەك یارمەتی ئەو شۆڕشگێرانە بدەن کە لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانیدا، بەشداری لە شەڕی ناوخۆدا دەکەن - چونکە ئەو یارمەتییە، دەستپێشخەرییەکە و سەرکردایەتی لۆکاڵی بەهێز و تۆکمە دەکات، لەجیاتی ئەوەی جێگەی بگرێتەوە یا هەژمونی بەسەرا بکات، بێ ئەوەی ئەگەری تێچووی مەینەتییە مرۆییەکە لەبەرچاو بگیرێت.

ئەم وتارە بەوە بە کۆتا دەهێنم کە جارێکی دی دووپاتیدەکەمەوە، مەبەست لە دوا تێڕوانینەکانم، پێشنیاز کردنە، نەك یەکلاکردنەوە. ئەمە سەرباری وروژاندنی لێڕامان و گفتوگۆی زیاتر. ئامانجی جیدی من، زیندووکردنەوەی وشیاریی ئەو تەقلیدە فەلسەفییە دیالیکتیکەیە کە ڕەنگە بناغەیەکی تیوریی بۆ گفتوگۆی هەر حاڵەتێك بەجیا، دەربارەی چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵەنگارییە هەمەچەشنەی پیشە هاوبەشەکەمان دەستەبەر بکات کە بەشێوەیەکی ئاقڵانە هەوڵ

دەدا ئازادییە دیموکراسییە لیبراڵەکەمان و بەرگری لێ کردنی بڵاوبکاتەوە. دواجار پێمخۆشە دووپاتی بکەمەوە کە تەقلیدە فەلسەفییەکەمان بنەمایەکی ئەخلاقی هاوبەشمان پێدەبەخشێت و دەشێت گێڕانەوەی ئەو بنەمایە تاڕادەیەکی باش، لە هەر دوو بەرەی ئوقیانوسی ئەتڵەسیدا، ئەو بنەما هاوبەشەمان پێببەخشێت کە بتوانین لە ڕێگەیەوە ئێستای خەماوی و ترسناک و دابەشبوونە ڕۆحییەکەمانی پێ دەرمان بکەین، هەروەکو هیواخوازم و بڕاوشم پێی هەیە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

پێشمەرجە بونیادییەکان

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی دووەم

سەرلەنوێ یەکخستنەوەی توێژینەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت

شێری بیرمان

لە ئێستادا کۆمەڵگەی مەدەنی بابەتێکی گەرمیی ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوە زانستییەکانە. لە دەیەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەمدا، توێژەران بە پلەی یەکەم چاویان لەسەر گەشەسەندنی ئابوری و ڕێکخستنی دامەزراوەکان و گۆڕینی دوور مەودای ڕێڕەوی مێژوو بوو، ئەویش کاتێك هەوڵیاندەدا ڕوونی بکەنەوە دیموکراسی لە وڵاتە دیاریکراوەکاندا بوونی هەیە یا نا. بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکاندا، ئەوانەی گرنگییان بە توێژینەوەی دیموکراسی و پشتگیری کردنی دەدا، گرنگیی کۆمەڵگەی مەدەنییان بۆ دەرکەوتەوە[12]. سەرباری ئەوەی دەشێت مرۆڤ پێناسەگەلێکی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی بەرچاو بکەوێت، ئەم زاراوەیە بەگشتی مانای گشت ئەو کۆمەڵە خۆبەخشانە دەگەیەنێت کە لە خوار ئاستی دەوڵەت و لەسەرووی ئاستی خێزانەوەن[13]. بەڵام "کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانێکە ژیانی ڕێکخستنەکەی کراوەیە و خۆبەخشە و خۆبەرهەمهێنە، بەلانیکەمەوە بەشێوەیەکی هەندەکی توانای خۆبژێوی و سەربەخۆیی لە دەوڵەت هەیە، پابەندی یاسایە یا پابەندی

---

[12] - وتم دەرکەوتنەوە (سەرلەنوێ دۆزینەوە)، لەبەر ئەوەی، هەروەکو حاڵەتی گشت ڕەوتەکان لە زانستە سیاسییەکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فرەیی فیکرەکان و ئارگیومێنتەکان کە نەوەی پێشووی بەکاریان هێناوە. بۆ نمونە، بڕوانە کۆرنهاوسەر 1959، ئارنێت 1973، نیومان 1942، مانهایم 1980، فرۆم 1941، شیلز 1963، والتەر 1964.

[13] - ئەم پێناسەیە لە ڕووی سیاسییەوە بێلایەنە؛ شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئامانجی ئەو کۆمەڵانە ناڵێت کە شایانی ستایش بێت، بەتایبەتی ئەمە وا دەکات تاڕادەیەك لەڕووی تاتیولۆجیکاڵەوە بەدیموکراسییەکی سەرکەوتووەوە بیبەستێتەوە. ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژە پێدانە، هێندێك هەوڵیان دەدا ئەم پێناسەیە تەسك بکەنەوە بۆ دوورخستنەوەی گشت ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی بۆچوونێکی دژ بە دیموکراسی و لیبراڵییان هەیە. ئەمە لە پاڵ دانانی ئارگیومێنت دەربارەی شوێنەوارە باشە تاتیولۆجیکاڵەکانی (tautological) کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوا ئەم پێناسەیە زۆرێك لە ڕای تاکەکەسی دەهێنێتە ئاراوە لەمەر ئەوەی دیاردەیەکە بابەتیانە پێناسە کراوە.

کۆمەڵە ڕێسایەکی هاوبەشە" (دایمۆند 1999؛ 221). بەگوزارەیەکی دی، کۆمەڵگەی مەدەنی چەندین پەیوەندی تۆڕ و کارلێکی کۆمەڵایەتی و فەرمی و نافەرمی لەخۆدەگرێ، هەر لە یانەکانی بۆلینگ تا گروپەکانی کڵێسە، لە بازنەکانی خوێندنەوە تا ڕێکخراوە ناحکومییەکان (بیرمیۆ 2000، ئینکارسیۆن 2003:24؛ فولی، ئیدواردز ودیانی 2001)[14].

هۆکاری سەرلەنوێ گرنگیدان بە کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ئاراستە زانستییەکان و ڕووداوەکانی دونیای ڕاستەقینە دەگەڕێتەوە. لە توێژینەوەکەی پێشوودا، بڵاوکردنەوەی ژمارەیەك بەرهەمی پێشەنگ دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە تایبەتی کتێبی "سەرخستنی دیموکراسی - Making Democracy Work" لە نووسینی ڕۆبێرت پوتنام (Robert Putnam) (1993)، بووە جێ سەرنجی کۆمەڵێك زانا و توێژەری کۆمەڵایەتی، ئەوانەی بەردەوام هەوڵیاندەدا زانیارییان لەسەر گۆڕانکارییەکان و مۆدێلە تازەکان هەبێت. لە هەمان کاتیشدا، دەرکەوتنی بزوتنەوەی مەدەنی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دوا قۆناغی کۆمۆنیستدا، لە پاڵ بایەخی هاوچەرخانەی فیکری نیولیبراڵ و فیکری پێکەوەیی دا، بایەخ و گرنگیدانیش بە کۆمەڵگەی مەدەنی لەلای بڕیاردەرانی سیاسی و چالاکوانەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، زیادی کرد (کارۆسەرز، 1999؛ ئۆتۆوای و کارۆسەرز، 2000).

بەڵام بەتایبەتی سەبارەت بەوانەی بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئاماژە و مەرجێکی سەرەکی دیموکراسی و سیستمی حوکمڕانی و کۆمەڵگەیەکی تەندروست دادەنرێت. "کۆمەڵگەی مەدەنی بە دژە ستەمگەر دادەنرا" (هاڵ 1995؛ 1)، هەروەها "سەبارەت بە زۆر کەسی دیکە، بەرجەستەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی ئەخلاقیی ئایدیاڵ دەکات" (سیلیگمان 1992؛ هەروەها بڕوانە سیلیگمان لەم کتێبەدا). دەوترێ چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی "نەریتی خۆشەویستانەی پێویست بۆ دامەزراوە دیموکراسییە سەقامگیر و چالاکەکان بەرهەم دەهێنێت" (بیلا و ئەوانی دی 1985؛ پوتنام 1993، 11). وادادەنرێ کۆمەڵگەی مەدەنی توندیی هەڵویستەکان خاو بکاتەوە و برەو بە کارلێکی کۆمەڵایەتی بدات و کارئاسانی بۆ گەشەسەندنی متمانە بکات و هاوکاری و هەستی هاوبەش زیاتر بکات.

---

[14] - پێناسەکەم کەمێك جیاوازترە لەو پێناسەیەی سیلیگمان لەم کتێبەدا بەکاریهێناوە.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشداریکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هاوڵاتیان فێری دەربەستبوون و کرانەوە دەکات، لە هەمان کاتیشدا چالاکوانەکان و سەرکردەکان لەسەر پێداویستییە دیموکراسییەکان ڕادەهێنێت، ئەمە سەرباری ئەوەی بنەماکانی سەرکەوتنی گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی قایم و جێگیر دەکات. لە کۆتایی نەوەدەکاندا، زانایان و توێژەران ئەدەبیاتێکی زۆریان بەرهەمهێنا کە کۆمەڵگەی مەدەنی بە دەرئەنجامی جیاواز دەبەستێتەوە، وەك داڕوخانی یەکێتی سۆڤێت، سروشتی دیموکراسی ئەمەریکی، ململانێ ئەتنیکییەکان (فۆکۆیاما 1995؛ هاریسۆن و هینتینگتۆن 2000، پوتنام 1993، 1995؛ ڤارشنی 2001، 2003)، هەروەها ئەو کۆمەڵانەی پشتیوانیان لە دیموکراسی دەکرد پارەیان بۆ گشت جۆرە بەرنامەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵڕشت بوو (هاوسۆرن 2004؛ هێرن 2000؛ ئۆتەوای و کارۆسەرز 2000؛ بانکی نێونەتەوەیی 2000).

سەرباری ئەو ئەدەب و بەرنامە پراکتیکییانەی کە لە دووبارە دەرکەوتنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنیی کەوتنەوە زۆر دەوڵەمەند و بەسوود بوون، هەروەکو حاڵەتی هەموو ئاراستەکان، کەچی داواکاری و کاریگەرییەکانی تاڕادەیەك زێدەڕەوی پێوە دیارە. ئاراستەگرتن بەرەو فۆکسختنەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی، بەدەر لە دەوڵەت و چوارچێوەی ئەو دامەزراوە فراوانەی کە بە بەشێکی دانەبڕاوی دەژمێردرێت، یەکێك لە کارە پڕکێشەکان بوو. ئەم ئاراستەیە بەشداری کرد لەوەی وێنەیەکی زیاد لە پێویست لە گەشبینی بە کۆمەڵگەی مەدەنی ببەخشێت، ئەمە سەرباری بەدحاڵیبوونیی ئەو ڕۆڵەی کە دەشێت لە پشتگیری کردنی بارودۆخی پێشکەوتنخوازانە یا سوودبەخشانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی پراکتیزەی بکات. ئەم توێژینەوەیە لە هەلومەرجی دیاریکراودا دەریدەخات چۆن دەکرێ کۆمەڵگەی مەدەنی، لەبری پاڵپشتی کردنی دیموکراسی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لە دەرخستنی بزوتنەوە سیاسییە پەرگیرە ئەنتی دیموکراسییەکان و کارئاسانی لە ململانێی کۆمەڵایەتی و پیادەکردنی توندوتیژیشدا بکات. ئەم توێژینەوەیە بە تایبەتی باس لەوە دەکات چۆن لە حاڵەتی بوونی دەوڵەت و دامەزراوەی سیاسی لاواز یا لە نەبوونی شەرعییەتدا، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان ناتوانن پشتگیری لە دیموکراسی بکەن و بیپارێزن، بەڵکو بەزۆری کارەکە بە زەقبوونەوەی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکۆتا دێت. بۆ

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ڕوونکردنەوەی ئەو داینەمیکانە، ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر چەند حاڵەتێکی گوزارشتکار و زۆر دۆکیومێنتکارانە دەکاتەوە: داڕوخانی دیموکراسی لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لە ماوەی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانی و دەرکەوتنی ئیسلامی پەرگیر لە وڵاتە عەرەبییە هاوچەرخەکاندا. گشت ئەو حاڵەتانە گرنگیی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی شیکارییەکان لە بارەی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەتەوە دەردەخەن. تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەتوانین تێبگەین، پاشان کاریگەری لەسەر چارەنووسی ڕژێمە سیاسییەکان دابنێین.

هەر دوو دۆخی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا

دۆخی ئەڵمانیا

دۆخی ئەڵمانیا جێی بایەخ و سەرنجی خوێندکارانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنییە، ئەوەش بەهۆی هێزیی دواهەمین و داڕوخانە سەرسورهێنەرەکەی یەکەم. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، ژیانی کۆمەڵایەتی ئەڵمانی ئەوەندە چالاك بوو کە زۆرێك لە چاودێرە هاوچەرخەکانی والێکرد باس لە (Vereinsmeierei - پیرۆز کردنی کۆمەڵەکان یا شەیدایی بوونیان) بکەن کە کۆمەڵگەی ئەڵمانی تەنیبوو. لە واقیعدا، ئەو ئاراستەیە ئەوەندە ڕوون بوو کە هێندێك کەس لە کاتی کۆبوونەوەی سێ ئەڵمانی یا زیاتر، بە گاڵتەوە دەیانوت؛ ئەوانە پەیڕەوی ناوخۆ دادەنێن و کۆمەڵەیەك دادەمەزرێنن. بەڵام سەرباری گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەچی ئەڵمانیا بەر لە داڕوخانی ڕژێمە کۆنەکە، لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بەرەو سیستمێکی دیموکراسی هەنگاوی نەنا، هەوڵی یەکەمی لە پراکتیزەکردنی دیموکراسیدا تەنها پازدە ساڵی خایاند. لە پاڵ ئەوەشدا، لەماوەی ئەو پازدە ساڵەدا، ململانێی کۆمەڵایەتی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی کۆماری وایماری دەدا و زۆر بەخێرایی بۆ توندوتیژی ئاشکرا هەڵکشا تا بزوتنەوەیەکی تۆتالیتاری بەدەسەڵات گەیشت. بۆچی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو ئاسەوارە باشەی نەبوو کە برەوپێدەرانی پێشبینییان بۆی دەکرد؟ بۆچی ژیانی هەمەڕەنگ و چالاکی کۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیا پشتگیری (یا بەلانیکەمەوە پاراستنی ئارامی و سەقامگیری) دیموکراسی و تەبایی کۆمەڵایەتی نەکرد؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکانی ئەڵمانیای کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدایە.

ئەڵمانیا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا لە چالاکی کۆمەڵگەییدا، قەڵەمبازێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. سەرباری کرانەوەی ڕێژەیی لە سیستمی نوێی ڕایخ-دا، کەچی ئەم ئاراستەیە لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە لەو ماوەیەدا ڕوویاندا، ڕووبەڕووی بێزاری و ناڕازیبوون بووەوە. لە پاڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتوودا، وڵات لە حاڵەتی وەرگۆڕانێکی ئابوریدا دەژیا - کۆمپانیا و دەسەڵات و کۆمەڵگە کۆنەکان، بەهۆی دەسپێکی کاروانی بەردەوامی سەرمایەدارییەوە داڕوخان، هەروەها خەڵکی ناچار کرا ڕووبەڕووی ئەو جیهانە بێتەوە کە زۆرێك لە نەگۆڕەکان و پەیکەرە کۆنەکانی بەسەردەچوون. زۆرێك لە هاوڵاتیانی ئەڵمانی لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی لە دەوروبەریان ڕوویدەدا، هەستیان بە نیگەرانی و سەراسیمە دەکرد، بۆیە پەنایان بۆ ڕێکخراوە تازە دروستبووەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبرد کە هەستێکی نوێی بەرامبەر بە کۆمەڵگە و چالاکی پێ دەبەخشین (بلاکبۆرن 1948، ویهلەر 1974، وینکلەر 1972). لەو کاتەی ئەو هەموو گۆڕانکارییانە ڕوویان دەدا، سیستمی سیاسیی ڕایخ بەشداری لە زل کردنی ئەو دابەشبوونەوەی نێوان هاوڵاتیانی ئەڵمان دەکرد، لە جیاتی ئەوەی ئەو دابەشبوونە کەم بکاتەوە. ڕاوێژکاری یەکەمی ئەڵمانیا، ئۆتۆ ڤۆن بیسمارك (Otto von Bismark) کە ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی کرد، هێندێك گرووپی دیاریکراوی، بە تایبەتی کرێکار و کاسۆلیکەکانی بە "دوژمنی ڕایخ" وەسف دەکرد. بیسمارك لە ماوەی ململانێی کولتوری (*Kulturkampf*)و دژەیاساکانی سۆسیالیزمدا، کاسۆلێك و کرێکارەکانی دابڕی و جیایانی کردەوە، ئەوەش بێ متمانەییانی بە ڕژێمەکە زیاتر کرد. سەرباری ئەوەی ڕایخی نوێ پشتگیرییەکی جیهانیی زۆر باشی بەدەستهێنا بوو، کەچی سیستمێکی پەرلەمانی نەبوو، پاشان ئەو ڕۆڵەی حیزبە سیاسییەکان دەیان گێڕا، تاڕادەیەکی زۆر سنووردار و شێواو بوو. لەبەر ئەوەی لایەنەکان نەیاندەتوانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ حکومەت پێکبهێنن، بۆیە رۆحی هاوکاری هەمیشەیی ڕوو لە کزیی بوو، ئەو حیزبەی پێگەیەکی گەورە و جەماوەرێکی زۆری هەبوو - حیزبی سۆسیال دیموکرات - ڕێی پێ نەدرا بەجۆرێك دەسەڵات بگرێتە دەست کە لەگەڵ پشتگیرییە میللییەکەیدا بگونجێت. حیزب و لایەنگرانی ڕووبەڕووی ئاستەنگییەکی زۆر دەبوونەوە، ئەوەش وایلێیان کرد گومان لە گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دی بکەن. حیزبە لیبراڵەکانیش، لەو دەمەدا، تەنها چەند کۆمەڵەیەکی ناڕەسمی بوون و توانایان نەبوو لەگەڵ جەماوەرە ئاساییەکەیان لە چینی مامناوەند پەیوەندی گرێ

بدەن، ئەوەش زۆرێك لەو كۆمەڵانەی ناچار كرد بە دوای ڕێگەی ئەڵتەرناتیڤدا بگەرێن، بۆ ئەوەی بەشداری لە ژیانی وڵاتەكەیاندا بكەن. زۆرێك لەو كەسانە ڕێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنی زۆر گونجاو و چالاكیان دروست كرد تا گوزارشت لە خەم و داخوازییەكانیان بكات (ئیلی 1994؛ كۆشار 1986). گەشەسەندنی ڕێكخراوە ناسیونالیستەكان، لە دیاردە گرنگەكانی ئەو ئاراستەیە بوون كە بە شێوەیەكی تایبەتی بە "نیشانە و توخمەكانی گۆڕان" دادەنرێ، بەپێی وتەكانی جێف ئیلی (Geof Eley). ئەو ڕێكخراوانە "وەك ڕێكخراوی جیاكار لە چوارچێوەی فەزایەكدا دروستبوون كە پانتایی زەحمەتییەكان و بەسەرچوونی شێوازە كۆنەكەی سیاسەتی چینی فەرمانڕەوا ئاواڵەی كردبوو" (ئیلی 1994). ئەو ڕێكخراوە ناسیونالیستانە، تاڕادەیەك بانگەوازی فراوانی دەست پێكرد و تا ئاستێكیش دیموكراسیانە بوون، پێداگرییان لەسەر یەكسانی و كۆمەڵگە دەكردەوە و كەناڵی نوێیان بۆ بەشداریكردن لە ژیانی گشتیدا ئاوەڵە كرد.

بەوجۆرە، لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمدا، مرۆڤ دەیتوانی هەر بەڕاستی پەیدابوونی شێوازێكی نوێی نیگەرانهێن لە ئەڵمانیا بەدیبكات: گەشەسەندنی كۆمەڵگەی مەدەنی لە ماوەكانی گوشار و گرژیدا، وەك پەرچەكردارێك بوو لە هەمبەر شكستی دامەزراوە سەرەكییەكانی سیاسەتدا. لەبەر ئەوەی دامەزراوە سیاسییە نیشتمانییەكان توانای ئەوەیان نەبوو پێداویستییەكانی هاوڵاتیان دابین بكەن، بۆیە زۆرێكیان ڕوویان كردە كۆمەڵگەی مەدەنی كە لە بەرژەوەندی ڕێكخستنەوەی هاوڵاتیان و پڕكردنەوەی كەلەبەرەكەی نێوانیان لە ڕێكخستنێكی سیاسیی نیشتمانی گەورەتردا كاری نەدەكرد، بەڵكو بۆ پەرتەوازەكردن و قووڵی كردنەوەی جیاوازی نێوانیان بوو.

ئەم شێوازە بەردەوام بوو، لە دوای جەنگی جیهانی یەكەمیشەوە زۆر ڕوونتر بووەوە. ساڵی 1918 دیموكراتیزەكردنی تەواو لە ئەڵمانیا، لەسەر ئاستی كۆمەڵەكاندا، قۆناغێكی نوێ بوو لە ژیانی وڵاتدا؛ قۆناغێك چالاكییەكی گەرموگوڕی لەسەر ئاستی هەموو بەرەكاندا بەخۆیەوە بینی. دۆخەكە لە قۆناغی فیلهیلماین (Wilhelmine)یشدا، سەرباری پاڵپشتی فایمار بۆ كۆمەڵەكان هیچ یەكانگیرییەكی كۆمەڵایەتی، سازان یا سەقامگیرییەكی نەهێنایە گۆڕێ، بگرە بەپێچەوانەوە بوو. ئەوەی لە نێوان چینە ناوەنجییەكاندا ڕوویدەدا، زۆر مایەی نیگەرانی بوو. هەڵاوسانە

ئابورییە گەورەکە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕوویدا، سەرباری کێشە ئابورییەکانی دی کە ڕووبەڕووی حکومەتی فایمار بووەوە، پشتگیریی ئەم ئاراستەیەیان کرد. "لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، دۆخی ئابوری چینە ناوەنجییە سەربەخۆکە ئەوەندە خراپ بوو کە لە ڕووی داهاتەوە لەگەڵ چینی کرێکاراندا جیانەدەکرایەوە" (جۆنز 1972: 25). ئەو دۆخە دژوارە ئابورییە، وای لە چینی ناوەنجی کرد بەرامبەر چینەکانی دی - بەتایبەتی کرێکاران - بەرگەی زیاتر بگرن، چونکە هەستی دەکرد بەشێوەیەکی هاوسەنگ سوود لەو سیستمە نابینێت کە پاڵەوانی سیاسیی دیاریکراویان لێی هەبوو (حیزبی سۆسیال دیموکرات و کۆمۆنیستەکان). ئەوەش وایکرد چینی ناوەنجی لە ئاکامی شکستی حیزبە لیبراڵ و کۆنسێرڤاتیڤەکانیدا، هەست بە نائومیدی و ستەمێکی زۆر بکات کە لە دەرئەنجامدا پشتگیرییە جەماوەرییەکەی لە دەستدا. ساڵی 1928، حیزبە جیابووەکان (بۆ نمونە، جوتیاران، باڤارییەکان و گرووپە تایبەتەکانی دی)، ڕەتیان کردەوە دەنگ بەو حیزبانەی پێشوو بدەن کە لە ژیانی سیاسیدا جێگیرتر بوون.

چینی ناوەنجی ئەڵمانی لە ئەنجامی نائومیدبوونی لە ڕەوتی کۆماری ڤایمار، بەتەنها پشتی لە حیزبە تەقلیدیی و لیبراڵ و کۆنسێرڤاتیڤەکان نەکرد، بەڵکو بە شێنەیی بەرەو خولگەی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆیشت. لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، چینی ناوەنجی ئەڵمانی، بە مەبەستی گەڕان بە دوای چەمکی ئامانج و چالاکیدا کە حیزبە سیاسییە نیشتمانی و سیاسەتە نیشتمانییەکان توانای دەستەبەر کردنیانی نەبوو، تێکەڵ بە یانەی وەرزشی و گرووپی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵەی نیشتمانی تایبەت بە خۆی بوو. چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەلای خۆیەوە، بەشداری کرد لە دوورخستنەوەی هاوڵاتیان لە هاوەڵ و هاورێ و چالاکی سیاسی تەقلیدیی، هەروەها بەشداری قەبەکردنی ئەو گرفتانەشی کرد کە ڕووبەڕووی کۆماری ڤایمار دەبوونەوە. بە وەرگۆڕانی زۆرێك لە وزە و نیازە باشەکانی جەماوەری ئەڵمانی بۆ ئەو گرووپانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کەلێن و بۆشایی دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان گەورەتر کرد، لە جیاتی ئەوەی پڕی بکەنەوە، هاوکاری کۆمەڵگەی کرد تا پەیمانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڤایمار هەڵبوەشێنێتەوە کە خۆی پەیمانێکی فشەڵ و لەرزۆك بوو. یەکێك لە شرۆڤەکارەکان دۆخەکە بەمشێوەیە وەسفی دەکات: "ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی زۆریی گرژییە سیاسییەکانەوە، هاوکار بوون لە

دووركەوتنەوەیەكی بێوێنە لەو سیاسەتەی لە كۆنترۆڵی دەستەبژێری بۆرجوازی دەرچووبوو... ژمارەیەك لەو كەسانەی داوای دووركەوتنەوەیان دەكرد لە سیاسەتی ڤایمار، پاساوی ئەوەیان هەبوو كە ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییەكان لە سوككردنی ململانێی سیاسی زیاتر دەڕۆن- كۆمەڵە مۆڕاڵیست و ئەنتیسۆسیالیستەكان پێكەوە كۆدەكاتەوە و "كۆمەڵگەیەكی میللی" لە چین و توێژە جیاوازەكان دروست دەكات.. بەوەش هەر دوو قۆناغی ناوەڕاست و كۆتایی بیستەكان... هەڵكشانی ئەو گرژییانەیان بەخۆیانەوە نەبینی كە تەنها لە ئیمپراتۆرییەتدا سەریانهەڵدا، بەڵكو دابڕانێكی بێوێنەشی لە نێوان دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسیی بۆرجوازی لۆكاڵی بەخۆیەوە بینی (كۆشار 1986: 166).

لە كۆتایی بیستەكاندا، بۆشاییەكی گەورە لە سیاسەتی ئەڵمانیادا باڵادەست بوو. كاتێك قەیرانە گەورەكەی وڵات دەستی پێكرد، ئەڵمانیا خۆی لە دۆخێكی سیاسی ناجێگردا بینییەوە. هاوڵاتیانی، بەتایبەتی چینی ناوەنجی، بێئومێد و ناڕازی بوون. حیزبە لیبراڵ و كۆنسێرڤاتیڤەكان لە قۆناغی پەرتەوازەیی و تێكشكاندا بوون. كۆمەڵگە مەدەنییەكەی زۆر پێشكەوتوو بوو، تا ڕادەكیش پارچەپارچە و خۆی لە ژیانی سیاسی بەدوور دەگرت. وادەردەكەوت ئەم قۆناغە بە تایبەتی وا نەخشەی بۆ كێشرابێت تا بزوتنەوەیەكی سیاسیی توندڕەو بیقۆزێتەوە كە سیاسەتێكی ژیرانە و بەدیسپلینی هەبێت.

لە واقیعدا، نازییەكان، لەكۆتایی بیستەكان و سەرەتای سییەكاندا، بەجیدی هەوڵیان دەدا سوود لەو ژیانە كۆمەڵایەتییە دەوڵەمەندە وەربگرن و لێی بەهرەمەندبن كە چینی ناوەندی لە كۆماری ڤایماردا دروستی كردبوو. تۆڕە زۆروزەوەندەكانی ڕێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنی كە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو گەشەی كردبوو، ئەو كادرە چالاكانەی بۆ نازییەكان ئامادە كرد كە شارەزایی و لێزانی پێویستیان بۆ بڵاوكردنەوەی پەیامی حیزب و دوو هێندەی كردنی ژمارەی ئەندامەكانی هەبوو. هەر بەڕاستی، "پەیوەندیكارانی" بۆرجوازی و ئەو ڕێكخراوەی وابەستەی بوو، ڕەگەزێكی یەكلاكەرەوەیان لە سەركەوتنی حیزبی كرێكارانی سۆسیالیستی نیشتمانی ئەڵمانی دا هەبوو. مێژوونووسی ئەڵمانی "پیتەر فریچ - Peter Fritzsche": "كارە بەراییەكەی ئەم ساڵانەی دوایی بەردەم دەركەوتنی سۆسیال ناسیونالیست، بەڕوونی گرنگی ڕۆژنامە لۆكاڵییەكان و ناودارانی شارەوانی

و کۆمەڵە خۆبەخشەکان دووپات دەکاتەوە و ئاماژەش بۆ بەهێزیی نەریتی مەدەنی و گەشەسەندنی دەکات. هەروەها بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن، گەر کۆمەڵگەی بۆرجوازی پارچەپارچە و نارێکخراو بوایە، نازییەکان نەیاندەتوانی سەرچاوەکانیان کۆبکەنەوە و لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە وەگەڕی بخەن کە بۆ سەرکەوتنی سیاسییان پێویست بوو" (فریچ 1990؛ 13).

نازییەکان لەوە تێگەیشتن کە دەتوانن شارەزایی و لێزانی ئەوانەی هاتونەتە ریزییانەوە، لەگەڵ پەیوەندی کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرچاوەکانیان بۆ مەبەست و ئامانجی خێرو شەڕ وەك یەك بەکاربهێنن. بۆیە نازییەکان هەوڵێکی زۆریان دا ئەو کەسانە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن کە لایەنگرێکی زۆریان لە کۆمەڵەکاندا هەبوو، هەروەها پەیوەندی و توانای ڕێکخستنی ئەو چالاکوانانەیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی پرسی حیزب پێشبخەن و پەرەی پێبدەن. زێدەڕەوی نییە گەر بڵێین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی "ستوونی پێنجەم" بوون، ڕێگەی بە نازییەکان دا بەر لەوەی کۆنترۆڵی دامەزراوە سیاسییە سەرەکییەکانی وڵات بکەن، دزە بکەنە نێو کەرتە سەرەکییە گرنگەکانی ژیانی ئەڵمانیاوە.

بەکورتی، کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەڵمانیا توانای ئەوەی نەبوو بەسەر ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ململانێیانەدا زاڵ بێت کە لە ساتەوەختی پەیدابوونیەوە یەخەی بە وڵات گرتبوو. کۆمەڵگەی مەدەنی پشکی لە پاڵپشتی کردنی ئەو جیابوونەوانە و مۆبێلیزەکردنی هاوڵاتیان بۆ دژایەتیکردنی یەکتر هەبوو. کۆمەڵگەی مەدەنی زۆرێك لەو هاوڵاتییە بێزار و بێهیوایانەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و پسپۆری و پەیوەندیی پێویستی بۆ دابینکردن تا بەشداری لە هەموو چالاکییەکی دژەسیستم، تا دەگات بەتوندوتیژیش. نازییەکان لە توانای کۆمەڵگەی مەدەنی تێگەیشتبوون، بۆیە زۆر بە وردی هەوڵیان دەدا دامەزراوەکانیان ببڕن و ئەو خەڵکە بێزار و بێهیوایانە بە لای خۆیاندا ڕاکێشن و بۆ دروستکردنی بزوتنەوەیەکی ئەنتی دیموکراسیی سیاسی بەکاریان بهێنن. بەبێ بوونی ئەو جۆرە کۆمەڵگە مەدەنییە چالاك و پێشکەوتووە، نازییەکان نەیاندەتوانی هێزەکانیان کۆبکەنەوە و بزوتنەوەیەکی سیاسی دامەزرێنن، هەروەها نەیاندەتوانی دیموکراسییەتی ئەڵمانیا لەنێوبەرن و بەو خێرایی و چۆست و چالاکییەوە بە دەسەڵات بگەن، هەروەکو ئەو کارەشیان کرد.

دۆخی ئیتاڵیا

دۆخی ئیتاڵیا گەلێك ڕوخساری وێکچوویی جارسکەر و نیگەرانهێن لەگەڵ دۆخی ئەڵمانیا دەخاتەڕوو. لەوەش گرنگتر، ئەستەمە لە هەر دوو دۆخەکەدا لە داڕوخانی دیموکراسی و دەرکەوتنی بزوتنەوە توتالیتارەکان تێبگەین، گەر گرنگییەکی گەورە بە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکان نەدەین. بەتایبەتی فراوانبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە دۆخی ئیتاڵیا هەروەکو دۆخی ئەڵمانیا، لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ڕەنگدانەوەی حاڵەتی بێزاریی سیاسی و تۆکمەکردنی ئەو بێزارییە بوو، هەروەها هەوڵێکی زۆری نەدا تا ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە هەڵکشاوە چارەسەر بکات کە وڵاتی ڕادەماڵی. کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینی لە کارئاسانی کردن بۆ دەرکەوتنی فاشیزم و گەیشتنی بە حوکم.

سەرباری ئەوەی بۆ دواجار بووە خاوەنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، بەڵام ئیتاڵیای نوێ کە لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتە بوون، نەتەوەیەکی یەکگرتوو نەبوو. بیروڕاکان بە شێوەیەکی بەرچاو دەربارەی شەرعییەتی ئەم سیستمە تازەیە جیاواز بوون، دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتربوونەوە کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر ژیانی سیاسیی وڵات هەبوو. سێ گرووپی سەرەکی هەژمونیان بەسەر ئیتاڵیای نوێدا هەبوو: لیبراڵەکان، کاسۆلیك و سۆسیالیستەکان. لیبراڵەکانی ئیتاڵیا، هەروەکو کەیسی ئەڵمانیا و بەشەکانی دیکەی ئەوروپا، تاڕادەیەك گرووپێکی دەستەبژێر بوون، گومانیان لە دەرکەوتنی سەردەمێکی سیاسی میللیانە هەبوو، نەیاندەتوانی یا ئارەزوویان نەدەکرد تێکەڵ بە توێژە فراوانەکانی کۆمەڵگەی ئیتاڵیا بن. لە دەرئەنجامی ئەوەشدا، حیزبە لیبراڵییەکە تا ئاستی ڕێکخراوێکی هاوچەرخی بەربلاو گەشەی نەکرد و تواناشی لەسەر مۆبێلیزەکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئیتاڵییەکان بۆ پرۆژە سیاسییەکان یا ئامانجە گەورەکان دیاریکراو بوو. ژیانی کۆمەڵایەتی چینی ناوەنجی بەشێوازی جۆراوجۆر ڕەنگدانەوەی ستراتکچەر و کێشەکانی ژیانی سیاسیی لیبراڵ بوو. ڕێکخراوە لیبراڵەکان ئامانجی بچوك و دیاریکراویان هەبوو. وادیاربوو زۆرێك لە ئەندامانی چینە ناوەنجییەکانی ئیتاڵیا بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی وەرگۆڕان بۆ ئەوەی دووبارە زنجیرەی هەڕەمی و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێك بخەنەوە کە بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و

سیاسییەوە بە خێرایی دادەڕوخان. بۆیە بواری هاوبەندی بۆرجوازی کە بەزۆری گوندییانە و ئەندامێتی تێیدا سنووردار بوو، زۆرجار "لە دەوری تاکە کەسایەتییەك یا بنەماڵەیەکی دیار، یا گروپێك لە کەسە ناسراوەکان تەوەرەی دەبەست" (پانتی و لیتلتۆن لە بێرمیۆ و نۆرد 2000).

لە هەمان کاتدا، کاسۆلیك و سۆسیالیستەکان لە لیبراڵەکان زیاتر و چالاکانەتر گەشەیان بە تۆڕە بەرفراوانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دا. بەڵام بە پێچەوانەی لیبراڵەکانەوە لە دەوڵەتە تازەکە دوور کەوتنەوە، چونکە کاسۆلیکەکان پێیانوابوو پێکهێنانی ئیتاڵیایەکی یەکگرتوو، دەسەڵات و سەروەرییەکی زۆری لە پاپا زەوت کردووە، ئەوەش وای لێکرد بڕیارێك دەربکات ڕێگە بە کاسۆلێك نەدات بەشداری لە ژیانی سیاسیی نەتەوەییدا بکات. بەڵام پاڵنەرەکانی سۆسیالیستەکان چەشنی هاوتاکانیان لە ئەڵمانیا و زۆربەی ئەوروپا بۆ مەینەتییەکانیان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو جیاکارییەی لەلایەن دەوڵەت و دەستەبژێری فەرمانڕەوا ڕووبەڕوویان دەبوویەوە. سۆسیالیستەکان گومانیان لە ڕژێمی "سەرمایەداری بۆرجوازی"ی فەرمانڕەوا هەبوو، و سڵێشیان لێی دەکردەوە. ئیدی، سەرباری ئەوەی ژمارەی ئەو کۆمەڵانەی کە کاسۆلیك و سۆسیالیستەکان دروستیان کردبوو یا چووبوونە ریزیانەوە، بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ڕوویان لە زیادبوون دەکرد، ئەوا ئەو ڕێکخراوانە بە پلەی یەکەم کاریان بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵەکە دەکرد، لە جیاتی ئەوەی بۆشایی و کەلەبەرەکە لەگەڵ کۆمەڵەکانی دیکەدا پڕ بکەنەوە. لە پاڵ ئەوەشدا، لەگەڵ فراوانبوونی ئەو کۆمەڵانە، ئاستی خزمەتگوزارییەکانیشیان فراوان دەبوون و پەیوەندیی و پشتبەستیان بە دەوڵەت لە کەمی دەدا. هەروەکو یەکێك لە چاودێرەکان تێبینی کردووە، کۆمەڵگەی مەدەنی ئیتاڵیا، لەو ماوەیەدا "پارادۆکسێکی سەرسورهێنەری" پێشان دا، بەوەی ئەو کۆمەڵانەی لە دەوری گوتاری سیاسی گردبوونەوە و شەرعییەتی دەوڵەتی لیبراڵییان ڕەتدەکردەوە، لە دروستکردنی تۆڕە هاوبەندییە نیشتمانییەکان سەرکەوتووتر بوون، ئەوەش دەسکەوتێك بوو، خودی لیبراڵەکان نەیانتوانی دووبارەی بکەنەوە (بانتی 2000: 55).

سەرباری ئەوەش، بە تەنها گرووپە سیاسییەکان نەبوون کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بنەمای چالاکیی کۆمەڵگەی

مەدەنییان لە ئیتاڵیا دانا. هەروەکو دۆخەکەی ئەڵمانیا، چالاکی مەدەنی لە هەستی پێشکەوتنخوازانە یا دیموکراسییەوە سەریهەڵنەدا، بەڵکو لە بێزارییان لە ڕژێمی حوکمڕان و لەو هەستەیانەوە بوو کە دەوڵەت نایەوێت یا ناتوانێت کێشە لە هەژمارنەهاتووەکانی وڵات چارەسەر بکات (ئەبشالۆم 1995، پاتروکۆ 1973؛ سیتۆن واتسۆن 1967). یەکێك لە گرنگترین ڕووکارەکانی ئەم ڕەوتە، دەرکەوتنی ڕێکخراوە ناسیونالیستەکان بوو کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد بەناوی هەمو ئیتاڵییەکانەوە قسە دەکەن (لەجیاتی ئەوەی تەنها بە ناوی توێژێکی کۆمەڵگەوە لێدوان بدەن، هەروەکو هاوبەندییە سیاسییە زلەکان ئەو کارەیان دەکرد)، بانگەوازیان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیتاڵیای نوێیان دەکرد کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەتواناتر و پێداگرتر بێت (کونسۆڵۆ 1990، دوگراند 1978، تایەر 1964).

ئەم شێوازانە بەردەوام بوون، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە زیاتر ڕوون بوونەوە و لەگەڵێشیدا کێشەکانی دەوڵەتی ئیتاڵیا زیاتر دەبوون. سەرباری ئەوەی لە بەرە سەرکەوتووەکە بوو، بەڵام ئەو دابەشبوونە سیاسییە توندانەی لە ئەنجامی بەشدار بوونی ئێتاڵیا لە جەنگ کەوتنەوە، پشکی لە ژەهراوی کردنی ژیانی سیاسیی ئیتاڵیادا هەبوو، بێزاری ئیتاڵییەکانیشی زەقتر کردەوە، ئەوانەی پێیانوابوو ڕێکەوتنی دوای جەنگ زۆرێك لە مافەکانیانی زەوت کردووە، ئەمە سەرباری جارسبوونیان لەو ئەرکە قورسەی خۆی لە نۆژەنکردنەوەی وڵات دەبینییەوە. ئەو کێشانە و گرفتی دیکە بەشدارییان لەو پشێوییەدا کرد کە دوای جەنگ وڵاتی تەنییەوە (بینو ڕۆسۆ). ئیتاڵیا لە نێوان 1918 - 1920دا ڕووبەڕووی ئاژاوە و پشێوی کۆمەڵایەتی بووەوە، هەروەها وڵات مانگرتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و ئاستی مۆبێلیزەی سیاسی و نارەزایەتی زیادیان کرد. لە سەرەتای بیستەکاندا وڵات بۆ زۆرێك وادەهاتە بەرچاو کە توانای حوکمڕانی نەمابێت. زۆرێك لە ئیتاڵییەکان لەو بڕوایەدابوون کە چیدی فەرمانڕەوایان ناتوانن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن. هەروەکو یەکێك لە چاودێرەکان تێبینی دەکات "کارێکی دادوەرانەیە گەر بڵێین لە سەرەتای بیستەکاندا زۆرینەی چین و توێژەکانی ئیتاڵیا، متمانەیان بە ڕژێمی لیبراڵی نەمابوو" (تانینباوم 1972: 35).

ئەو هەلومەرجە بۆ بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی ڕزگارکەر، سەرزەمینێکی ئایدیالی بەپیت بوو. ساڵی 1919، فاشییەکان گروپێکی بچوکی

شاریی بوون کە ژمارەی ئەندامەکانیان لە 870 ئەندام تێنەدەپەڕی؛ بەڵام لە ساڵی 1921دا، بووە بزوتنەوەیەکی جەماوەری کە زیاد لە 300000 ئەندامی لە سەرتاسەری وڵاتدا هەبوو. ئەوەش بۆ گەلێك هۆکار دەگەڕێتەوە (بیرمان 20006: بەشی 6)، بەڵام زەحمەتە لە دەرکەوتنی بزوتنەوەیەك تێبگەین، گەر گرنگییەکی زۆر بە پەیوەندییەکانی نەدەین بە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. ڕایلی (Riley)و توێژەرانی دی، سەرنجی ئەوەیان داوە کە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان ئەو ناوچانەی پوتنام دەڵێت دامەزراوەگەلێکی کۆمەڵگەی مەدەنی تیایە و نێوان هێزی فاشیزم لە ئیتاڵیا لە ماوەی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانیدا (کوون 2004، ڕایلی 2005، تارۆ 1996). جگە لەوەش، میکانیزمە شاراوەکانی ئەم پەیوەندییە، هاوشێوەی ئەو میکانیزمانە بوو کە لە ئەڵمانیادا هەبوون: فاشییە ئیتاڵییەکان چوونە ڕیزی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە و تێکەڵی بوون و لێزانی و شارەزاییەکانی تەبەنی کرد و پەیوەندییەکانیان لە بواری کۆمەڵەکاندا بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان پەرەپێدا. فاشیستە ئیتاڵییەکان، بەتایبەتی، کۆمەڵە نیشتمانیی و کشتوکاڵییەکانیان بە ئامانجگرت و هەوڵیاندا بیانهێنە نێو بزوتنەوەکەوە و بیانکەنە ئەو بنکە میللییەی کە بشێت وەك بنەمایەك کاری ڕاستەقینەی نیشتمانییان لەسەر بونیات بنرێت (ڕایلی 2005: 301). زۆرێك لەو تەکنیکانەی کە فاشییەتی والێکرد بە خێرایی گەشە بکات - مایەدانی و هاوکاری کردن و بەرنامەی دەستیاری کۆمەڵایەتی - لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە وەرگیران (ڕایلی 2005: 301). بە کورتی، چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنیی تاڕادەیەك بەهێز، دوور لەوەی بەربەست لە بەرامبەر دەرکەوتنی حیزبێکی ستەمگەر دروست بکات، ئەو کەرەستانەی بەردەست کرد کە توانی حیزبیە فاشییەکە دروست بکات (ڕایلی 2005: 301). سەرباری کارئاسانی کردن بۆ دەرکەوتنی فاشیزم لە ئیتاڵیا، ئەوا کۆمەڵگە مەدەنییە چالاکەکەی ئیتاڵیا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕا لە دیاریکردنی شێوازی حوکمی فاشیزمدا. ئەمەش یارمەتی ئەو ڕاڤە کردنە دەدا کە بۆچی فاشیزم لە جیاتی ستەمگەری، بەرەو تۆتالیتاریزم دەڕوات. فاشیستە ئیتاڵییەکان، بەپێچەوانەی ئیسپانیاوە کە کۆمەڵگەی مەدەنی تێیدا بەو رادەیە گەشەسەندوو نەبوو، کاتێك دەسەڵاتیان گرتە دەست، ڕووبەڕووی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی گەورە و فراوان بوونەوە. بۆیە هەوڵیان دا زۆرێك لەو ڕێکخراوانە بگرنەخۆ یا کۆتیان بکەن و کەرتە گەورەکانی کۆمەڵگەی ئیتاڵی بەسیاسیی یا بە فاشی بکەن. دەرئەنجامە

حەتمییەکەش ڕژێمێکی هەمەلایەنەتر و میلیتر و مۆبێلیزەتر بوو لەو ڕژێمەی لە ئسپانیا باڵادەست بوو (ڕایلی 2005).

ئیسلامیزم

سەرباری ئەوەی هەر دوو دۆخەکە دراماتیکییە، بەڵام هەر دوو کەیسەکەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، دوو کەیسی بێوێنە نین. ئەگەر لە واقیعدا لە یەکێك لە بزوتنەوە هەرە نەیارەکانی سیستمە هاوچەرخەکان - ئیسلامیزم[15] - بڕوانین، دەتوانین داینەمیکی هاوشێوە بەدی بکەین. بۆ ئەوەی لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیسلامیزم تێبگەین، پێویستە لە هۆکارەکانی شکستی زۆرێك لە وڵاتە عەرەبی و ڕێکخراوە سیاسییە باوەکان تێبگەین، ئەمە جگە لە وشیاری مەودای سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە بەکارهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان بەدیبهێنن. هەروەکو دۆخی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، فراوانبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بنکەیەك بوو، ئیسلامییەکان لەوێوە جەنگێکی بەرفراوانیان لە دژی دۆخە باوەکە هەڵگیرساند.

چەشنی حاڵەتی هێندێك وڵاتی ئەوروپی لە ماوەی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانیدا، پێویستە لەسەرمان بۆ دواوە بگەڕێینەوە تا لە دۆخەکە باوەکە تێبگەین. ڕەنگە واباشتر بێت لە پەنجاو شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێ بکەین، واتە لە ماوە زێرینەکەی دەوڵەتە عەرەبی و ناسیونالیستەکانی زۆربەی وڵاتانی جیهانی عەرەبی. بۆ نمونە، لە میسر، جەمال عەبدولناسر، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك پڕۆژەی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوریی گەورەی ئەنجام دا و خەونی شکۆمەندیی نێونەتەوەیی دەوڵەتی میسری ختوکەی دەدا. بەڵام لە کۆتایی شەستەکاندا، ئەوە ڕوون بووەوە کە لە ڕاستیدا زۆرێك لەو خەونانە وەهم بوون. لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، میسر بە دۆڕاندنی جەنگەکەی لەگەڵ ئیسرائیلدا، گۆمانێکی زۆری لە شەرعییەتی نێودەوڵەتی و کاریگەرییەکەی هێنایە ئاراوە، ئەمە لە کاتێکدا زۆرێك

---

[15] - بەدڵنیاییەوە ناتوانرێ ئیسلامیزم بە فاشیزم یا سۆسیال ناسیونال یەکسان بکرێ، چونکە ئەم دوانەی دوایی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دژ بە دیموکراسی بوون، ئەمە لە کاتێکدا ئیسلامیزم بزوتنەوەیەکی سیاسی تەواو جیاوازە. لە واقیعدا، یەکێك لە گفتوگۆ هەنوکییەکان دەربارەی ئیسلامیزم، ئاستی دەربەستبوونی گروپەکانی نێو ئەو بزوتنەوەیە بە دیموکراسییەوە چارەسەر دەکات. بۆ زانیاری لەسەر ئەو گفتوگۆیە بڕوانە بیرمان 2008.

له میسرییەکان له دۆخی ئابوری ناڕاریبوون، گەر نەڵێین بێئومید بوون. له حەفتاکاندا، دۆخی ئابوری له میسر به شێوەیەکی بەرچاو داتەپی، ڕێژەی بێکاری و کەمی دامەزراندن، بەشێوەیەکی دراماتێکی بەرزبووەوە. دۆخەکە به زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، له زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی له میسر زۆر خراپتر بوو. خۆرهەڵاتی ناوەڕاست له نێوان 1980و 1995دا بەرزترین گەشەسەندنی ڕێژەی دانیشتوانی له جیهان بەخۆیەوە بینی، واته دووهێندەی خۆرهەڵاتی ئاسیا، تەنانەت له باشووری گەوره بیابانی ئەفەریقیاش بەرزتر بوو. شتێکی نامۆ نەبوو، ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەك زیاد بکات که له گەشەسەندنی داهاتی تاکەکەس و تێکڕای دەرامەتی ناوخۆ زیاتر بێت. زیادبوونی ڕێژەی گەنجان له ناوچەکەدا مایەی نیگەرانی بوو. له میسر و جیهانی عەرەبیدا، تەمەنی نزیکەی 40٪ دانیشتوان له 15 ساڵ زیاتر نەبوو[16].

ئەو گەشەکردنه خێرایەی دانیشتوان، پابەندبوونی دەوڵەتی میسری بەو بەڵێنانەی به هاوڵاتیانی دابوو له بەرامبەر پشتگیری کردنی سیاسییان، بەئەستەم کرد. حکومەت هەوڵی دا خوێندن دەستەبەر بکات، دواتریش دامەزراندن له کەرتی گشتیدا، بەڵام داتەپینی ئابوری نەیهێشت حکومەت بەڵێنەکانی بەجێبهێنێت. له واقیعدا، کۆمەڵگەی میسری له هەشتاکاندا، بەدەست زۆری دەرچوانی بێکاری ئامادەیی و زانکۆکانەوه دەیناڵاند. بەڵام ئەوانەی بەخت یاوەریان بوو، توانیان کارێك بدۆزنەوه، ئەوا مووچه ڕاستەقینەکەیان به تێپەربوونی کات له کەمی دەدا. هەروەکو یەکێك له شرۆڤەکارەکان ئاماژەی پێدەدا:

> پاشەکشێی ڕژێم له بەرنامەی شایستەییدا، بێزارییەکی زۆری له نێو ئەو سوودمەندە گریمانەییانه وروژاند که سوود و قازانجەکانی دەوڵەتیان بەمافی خۆیان دەزانی. به کورتی... ڕژێم بەمەبەست دەیویست گەنجان پشت به دەوڵەت ببەستن، بەڵام - لەسایەی هەلومەرجی نەبوونی سەرچاوه

---

[16] - تێکڕای گەشەسەندن له جیهانی پێشکەوتوودا له 20٪، له جیهانی گەشەسەندوودا بەگشتی 35٪. بەگشتی خەمڵاندنی ماقووڵ له 25٪، وەك ژمارەیەکی بەردەوام له دوور مەودادا ئاماژەی پێدەدرێ، هەر ژمارەیەك له 35٪ زیاتر بێت، به "مەترسییەکی گەوره" دادەنرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، لەم ساڵانەی دواییەدا، هێندێك پێشکەوتن بەدەست هاتووه.

و دواکەوتندا - دەوڵەت نەیتوانی بەڵێنەکانی بباتەسەر. ناکارایی ئەو مۆدێلەی دەوڵەت پێشکەشی کرد، بەشداری لە دەرکەوتنی چینێك لە ڕووناکبیری وەڕس و نائومێد و گەنجانی بێکار کرد کە ئامادە بوون لەلایەن گروپە ڕکابەرەکانەوە مۆبێلیزە بکرێن (کێپڵ 1984؛ 11، وێکهام 2002؛ 11-12، بەشی 3).

لە پاڵ لەسەرەخۆیی دەوڵەت لەبەردەستکردنی پۆست و دامەزراندندا، "ئەو دەرچە سەلامەتەش داخرا کە کۆچکردن بۆ وڵاتە خاوەن نەوتە دەوڵەمەندەکان لە کەنداو دەستەبەریان دەکرد. تا سەرەتای هەشتاکان، لێشاوی میسرییەکان بۆ وڵاتانی وەك سعودییە و کوەیت و وڵاتانی دیکەی کەنداو بەردەوام بوو، بەڵام دابەزینی نرخی نەوت و پشێوییە سیاسییەکان و جەنگی کەنداو، ئەو بژاردەیەشی سنووردار کرد (وێکهام 2002؛ 42-43). دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەو ڕەوتانەش بەرزبوونەوەی لە ڕادەبەدەری بێکاری بوو، بەتایبەتی لەنێو خوێنەوارەکاندا.

بەوجۆرە، لە دواچارەکی سەدەی بیستەمدا، دەوڵەتی میسر، سەرباری شکستی ئابوری و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، تووشی شکستی سەربازی و داڕوخانی پانعەرەبیزم بووەوە. دەوڵەت لە توانایدا نەبوو دەرفەتی کار و خزمەتگوزارییە کۆمەڵاتییەکان فەراهەم بکات، یا هەستی هیوا و ئومید بچێنێت یا هەر جۆرە ڕێنماییەکی هاوڵاتیان بکات. دەوڵەتی میسر سەلماندی لە توانایدا نییە یا ئامادە نییە، ڕووبەڕووی ئەو ئاڵەنگارییانە بێتەوە کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. حکومەت ڕێژەییانە بەرهەڵستی ئاراستە دراماتیکییە لیبراڵەکانی دەکرد کە لە گەلێك ناوچەی جیهاندا ڕوویاندا، بگرە لە واقیعدا، هەر کاتێك کێشەکان گەورەتربوونایە، هەڵوێستی ستەمگەر و سەرکوتگەرانەی دەگرتەبەر[17]. مایەی سەرسوڕمان نەبوو کە ئەو هەڵوێستانە بێزاری زیاتری هاوڵاتیانی لێبکەوێتەوە. ئەگەر تەماشایەکی دیمەنە گشتییەکەی ساڵی 1995 بکەین، دەبینین یەکێك لە شرۆڤەکارەکان بە

---

[17] - هیندێك ئابوری لیبراڵی (کرانەوە)و هێندێك کارئاسانی ڕاگوزەر لە زەبتورەبتە سیاسییەکاندا هەبوو. لە کاتێکدا هیچ کاتێك ئەوەی یەکەم لە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانی وڵات نزیك نەبووەوە، کەچی ئەمەی دوایی ڕێگەی پێنەدرا ئەوەندە گەشە بکات کە هەڕەشە لە ڕژێم بکات.

غەموپەژارەوە دەڵێت "هەستێکی ترسناکی پڕ لە نائومیدی، لەنێو جەرگەی ژیانی میسردا، خۆی متکردووە (عەجەمی 1995: 79).

ئەو حاڵەتەی وڵات شایانی ئەوە بوو لەلایەن ئەو بزوتنەوە سیاسییانەوە بقۆزرێتەوە کە ڕکابەری ڕژێمیان دەکرد. گرووپە ئیسلامییەکان ئەو بۆشاییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەیان پڕ کردەوە کە دەوڵەتی میسری لە دوای خۆی جێیهێشتبوو (بەیات 1998، وێکهام 2002، زەکی 1995). ئەو گرووپانە لە زۆربەی ناوچەکانی میسردا، بەتایبەتی ناوچە هەرە نەدارەکان، بوونە سەنتەری ژیانی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییانەیان دابین دەکرد کە دەوڵەت نەیدەتوانی پێشکەشیان بکات، یا پێی باش نەبوو پێشکەشیان بکات. ئیسیلامییەکان زۆر شتیان بە هاوڵاتیان بەخشی، هەر لە چاودێری تەندروستییەوە تا دەگاتە نیشتەجێ کردن و خوێندن و مزگەوت و ڕەخساندنی دەرفەتی کار. ئەمە سەرباری ئەوەی ئیسلامییەکان بەجیدی هەوڵیان دەدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببڕن، ئەوانەی لە کۆمەڵگەی میسریدا بوونیان هەبوو. ئیسلامییەکان، بەتایبەتی لە سەرەتای حەفتاکانەوە، یەکێتیی خوێندکارانیان لە زۆرێك لە زانکۆکان کۆنتڕۆڵ کرد، ئەمە لە پاڵ چەندین کۆمەڵەی پیشەوەریی گرنگیی میسر. لە سەرەتای هەشتاکاندا، ئیخوان ئەلموسلمین - گەورەترین کۆمەڵی ئیسلامییە لە میسر- توانی لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادمەنانەدا، سەندیکای پزیشکان، ئەندازیاران، زانایان، دەرمانسازان و پارێزەران کۆنتڕۆڵ بکات. لەم بوارەشدا توانیان خزمەتگوزاری هەمەچەشن پێشکەش بە دەنگدەرانیان بکەن کە پێویستییەکی زۆریان پێی هەبوو (ئیبراهیم 1995، 1996، وێکهام 2002). ئیسلامییەکان لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و دەنگدان بە ئەندامەکانیان، بە ڕادەیەك سەرکەوتنی گەورە و سوودی زۆریان لە بەرێوەبردنی ئەو ڕێکخراوانە بەدەستهێنا کە هێندێك لە توێژەری سیاسیی گەیاندە ئەو باوەڕەی بڵێت "ئەو سەندیکا پیشەوەرانە لە سایەی دەسەڵاتیاندا، ڕەنگە چالاکترین دامەزراوەبن لە نێو گشت دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی میسریدا" (ئسپۆزیتۆ 1999: 100-1، وێکهام 2002:2، زوبەیدە 1992: 8).

ئەو چالاکییە بەرفراوان و هەمەڕەنگە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ئیسلامییەکانی والێکرد لە نزیکەوە ئاگایان لە پێداویستیی و

داواکارییەکانی توێژێکی بەرفراوانی هاوڵاتیان بێت و لە ڕێی دانانی بەرنامەیەکی گونجاوەوە، پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەن. هەروەکو چاودێرێکیش دەڵێت، ئەو گرووپە ئیسلامییانە "هەوڵ دەدەن پاڵپشتی هاوڵاتیانی ناوەنجی میسری، یەك لە دوای یەك بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، ئەوەش لە ڕێگەی دابین کردنی چاودێری کۆمەڵایەتی، خوێندنگەی ئیسلامی، نۆرینگەی ئیسلامی، فێرگەی هونەری، پەیمانگەی ئابوری، بیمەی کۆمەڵایەتی و بڕینەوەی مووچەی مانگانە بۆ نەدارەکان... هتد" (کیفنەر، 1986). هەروەها بزوتنەوە ئیسلامییەکان سوودیان لە بەشداریکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا وەرگرت، چونکە ڕێگەی پێیان دا، لێهاتوویی و نەرمیی کاری دامەزراوەکانیان باشتر بکەن و گەشەی پێبدەن. پرۆسەی بەشداریکردن لە ئۆرگانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، دەستیاری ئەو گرووپانەی کرد، سەرکردەی نوێ بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و مەشقیان پێبکەن. هەروەها پێگە تازەکەی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەکارهێنا، بۆ ئەوەی سوود لە زانین و لێهاتوویی ڕێکخستنی"ئەندامەکان" و سەرچاوە داراییەکانیان ببینن، ئەمە سەرباری سەرکەوتنیان لە بەکارهێنانی مزگەوت و ڕۆژنامە و خانەکانی پەخش و سەندیکای پیشەوەری و حیزبە سیاسیەکان، بۆ ئەوەی مۆبێلیزەی ئۆپۆزیسیۆن دژ بە سیاسەتەکانی حکومەت یا دەوڵەت بکات (ئەلسەید 1995، 289؛ دیکمیجیان 1995، 87- 98؛ دینو 1993).

بەڵام، ڕەنگە گرنگترین ڕێگە کە کۆمەڵگەی مەدەنی یارمەتی بزوتنەوەی ئیسلامی پێ دا بێت، ئەو تۆڕە چڕەی نێوان لایەنگرەکانی بێت کە دیدگایەکی جێگرەوەی بەردەست کرد لەسەر چۆنێتی ڕێکخستنی جیهان یا پێویستە چۆن ڕێکبخرێت. بەوەش ئیسلامییەکان بەشداریان کرد لە بونیاتنانی هەستی ئینتماکردن بۆ کۆمەڵگە و ناسنامەی پێکەوەیی لەلای لایەنگرەکانی و قووڵ کردنەوەی دەربەستبوونیان بە پرسەکە و ئامادەییان بۆ ئەوەی لە پێناویدا قوربانی بدەن. لە وڵاتێکی وەك میسر کە بەشداری سیاسیی تێیدا قەدەغەیە و بەربەست لەبەردەم بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیدا دادەنرێ، ئەندامەتی و بەشداریکردنی لە ژیانی هاوبەندی ئیسلامیدا، یەکەم دەرفەتی ڕاستەقینەی بە زۆرێك بەخشی، ڕۆڵی کارا لە ژیانی کۆمەڵە و کۆمەڵگەکەیان وازی بکەن. بۆ نموونە، یەکێك لە توێژەرەکان پێیوایە (لە هەڵسەنگانێکدا کە بە شێوەیەکی باش لەگەڵ باشییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا

بگونجێت، زۆر جار لە ئەدەبییاتدا بەدیدەکەین): "ئیسلامییەکان، بەهاندانی مۆدێلێکی نویٚ لە پابەندبوونی مەدەنی کە بەشداربوونی لە بواری گشتیدا دەستەبەر دەکرد، بەدەر لە قازانج و تێچوونەکەی، ئاڵەنگاری شێوازە باوەکانی پەراوێزخستن و نامۆبوونی سیاسییان دەکرد" (وێکهام 2002: 120؛ دینۆ 1993: 25؛ ئیبراهیم 1980: 448).

دەشێت لە شوێنەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامیدا، شێوازی هاوشێوەی میسر بەدی بکەین. هەروەکو حاڵەتی میسر، لە کۆتایی شەستەکاندا، ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە پەنهانە دەستی بە داڕوخان کرد کە لە نێوان زۆرێك لە حکومەتە عەرەبییەکان و هاوڵاتیانیدا هەبوو (ئەندرسۆن 1997؛ دێکمیجیان 1995؛ ئیبراهیم 1993و 1995؛ خاشان 1997؛ مادی - ڤایتزمان 1997؛ نۆرتۆن 1993؛ سیڤان 1990ب). ئەو داڕوخانە ئابورییەی لە زۆربەی ناوچەکەدا بینیمان، کێشەی ئابوری لێکەوتەوە و بووە مایەی ئەوەی گرووپێکی گەورە لە گەنجانی بێئومێدی بێکار و شڵۆق بوونی کۆچی شارستانی بخوڵقێنێت، هەروەها بێتوانایی سوپاکانی ڕژێمە عەرەبییەکانی دژ بە ئیسرائیل ئاشکرا کرد. ئەو وڵاتانە ئەوەیان سەلماند کە ناتوانن، یا ئامادەییان تیا نییە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاڵەنگارییانەدا بکەن، بەوەش ئەو پشتگیرییە جەماوەرییە و شەرعییەتەیان لەدەستدا کە هەیانبوو. ئیدی بەوجۆرە گرووپە ئیسلامییەکان هاتنە نێو بواری سیاسەتەوە و توانیان پێداویستییە سەرەکییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی زۆرێك لە هاوڵاتیان دابین بکەن.

بەڵام لە جەزائیر، "بەرەی ڕزگاری ئیسلامی"، دەرئەنجامی ئەو داینەمیکییەی کە هاوشێوەی داینەمیکییەتی میسر بوو، بە پێگەیەکی گەیاند کە توانی لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکەی ساڵی 1992دا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، جەزائیر بەدەست قەیرانێکی ئابوریی توندەوە دەیناڵاند، ئەمە لەگەڵ ئەوەی زیاد لە 60٪ دانیشتوانەکەی لە تەمەنی خوار بیست و پێنج ساڵییەوە بوون. دەوڵەت دەستبەرداری زۆرێك لەبەرپرسیارێتییەکانی خۆی بوو. لە دەرئەنجامی ئەوەشدا زۆربەی جەزائیرییەکان لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا بێبەش بوون، هەروەها هیچ هیوایەکیان بە دواڕۆژیش نەمابوو. بزوتنەوە ئیسلامییەکە تێکەڵی ئەو دۆخە بوو، تۆڕێکی بەرفراوانیان لە کۆمەڵەکان بۆ پێشکەش کردنی خەزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و هاوبەندی و خۆشنودییەکان و

پاڵپشتی ئابوری بەکارهێنا کە جەزائیرییەکان پێویستییەکی زۆریان پێی هەبوو (ئینتلیس 1996، ئیسپۆزیتۆ 1999؛ 182؛ کێپڵ 2002؛ بەشی 7؛ مادی - ڤایتزمان 1996). ئەو چالاکی و بەرنامانە یارمەتی بزوتنەوەکەی دا پشتگیرییەکی زۆر بەدەست بهێنێت و تاراەدیەکی زۆریش شەرعییەتی دەوڵەت بنکەن بکات. ئەو شێوازە لە کاتی زەمینلەرزە وێرانکارییەکەی ساڵی 1989دا بە ڕوونی دەرکەوت، چونکە ئیسلامییەکان یەکەم کەس بوون زۆر چالاکانە وەپیر کارەساتەکەوە چوون. لە جیاتی حکومەت، پەتۆ و دەرمانیان بە خەڵکە لێقەوماکە دەدا و حکومەتیش بێتوانایی خۆی زیاتر پێشان دا (ئیسپۆزیتۆ 1999؛ 176).

ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی جەزائیر، دەرفەتێکی ڕاستەقینەیان بۆ بەشداریکردن و گفتوگۆی سیاسی خستەبەردەم هاوڵاتیان. یەکێك لە بەشداربووەکانی ئەو کۆمەڵانە دەڵێت؛ جەزائیرییەکان دەیانتوانی کۆببنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر "هەموو ئەو گرفتانە بکەن کە ڕووبەڕووی نەتەوەی جەزائیری دەبێتەوە. گفتوگۆمان لەسەر هەموو شتێك دەکرد... ئابوری.. هەموو لایەنەکانی ژیان" (ئیسپۆزیتۆ 1999؛ 174). کارێکی نامۆ و سەیر نییە لەوەی ئیسلامییەکان توانیان ئەو سەرکەوتنانە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەکاربهێنن تا مۆبێلیزەی لایەنگرەکانیان بکەن و ماشینێکی سیاسیی بەهێز بونیات بنێن. هەروەها دەڵێت "کاتێك بەرەی ڕزگاریی ئیسلامی لە ساڵی 1989دا بووە بوونێکی شەرعی، ئیدی کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەر بە بەرەی ڕزگاری، بوونە تۆڕی پاڵپشتی کردنی حیزبە تازەکە". "بەرە" لە خەبات و تێکۆشانیدا دژ بە ڕژێم، دەیتوانی "بنکەیەکی فراوانی پاڵپشتی کردن لە سەرتاسەری وڵاتدا بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.. ئاستێك لە ڕێکخستن و دەربەستبوونی ئایدیۆلۆجی پێشکەش بکات کە کەرتەکانی دیکەی کۆمەڵگە لێی بێبەشبوون، ئەمە جگە تۆمارنامە نایابەکەی لە بواری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و خۆشنودی و خۆشگوزەرانیدا" (ئیسپۆزیتۆ 1999؛ 182). تەنها ڕاگرتنی پرۆسەی دەنگدان و سەپاندنی باری نایاسایی، ڕێگربوون لەوەی "بەرەی ڕزگاری ئیسلامی" بەتەواوەتی کۆنترۆڵی وڵات بکات.

لوبنان، نموونەیەکی دیکەی ئەم بابەتەیە. هیچ کاتێك لوبنان ئەوەندەی میسر یا جەزائیر دەوڵەتێکی بەهێز یا سەنترالْ نەبووە، بەڵام داڕوخانی گرنگییەکی زۆری هەیە. ئیسلامییەکان بەدیاریکراوی حیزبوڵڵا، لە ساڵانی حەفتاکان (حیزبوڵڵای

لوبنانی له ساڵی 1982 دروست بوو، نەك له حەفتاكان هەروەكو نووسەر دەڵێت، وەرگێڕی عەرەبی)و له ماوەی شەڕی ناوخۆدا، خزمەتگوزاریی سەرەكییان بۆ سەدان هەزار لوبنانی دابین دەكرد - بەتایبەتی شیعەكان كه گرووپێكی گەورەی ئایینی و هەره نەداری وڵات پێك دەهێنن. كۆمەڵەكانی سەر بەحیزبوڵڵا، داوودەرمانی پزیشكی، نەخۆشخانه و ئاوی پاك و قوتابخانه و خزمەتوگوزاری دیكەیان بۆ هاوڵاتیان دابین دەكرد. سەرباری هاوكاری ماددی كه هاوڵاتیان پێویستییەكی زۆریان پێی هەبوو، هەروەها حیزبوڵڵا چاودێری گرووپێكی بەرفراوانیان له كۆمەڵەی هەرەوەزی و خۆشنودی دەكرد كه یارمەتی دەدا لایەنگری بۆ ڕابكێشێت و ئایدیۆلۆجییەكەی پەخش بكات، هەروەها بەشداری دەكرد لەوەی به شێنەیی و سەرلەنوێ له ناوەوە كۆمەڵگه بونیات بنێتەوە. یەكێك لەو ئەمەریكییانەی سەردانی یەكێك لەو دامەزراوانەی كردووە كه حیزبوڵڵا چاودێری دەكرد، دەڵێت "جەنگاوەره كەمئەندامەكان به دروستكردنی سەبەته ڕۆژیان بەسەر دەبرد و خولی تایبەتیان لەسەر فێربوونی كۆمپیوتەر وەردەگرت، لەگەڵ كاری پەیكەرتاشی كه لۆگۆی گرووپەكەی لەسەر دادەنرا، لۆگۆكەش بریتی بوو له دەستێك كلاشینكۆفیكی بەرزكردۆتەوە". چالاكییەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی ڕێگەی بەحیزب دا كۆنتڕۆڵی هەستی سیاسیی ئەو كەسانه بكات كه خزمەتگوزارییەكانیان پێ دەدری و چاودێری سرووته ئایینییەكانیان بكات (ماك فاركوهار 2001، ترۆفیمۆڤ 2001). هەروەها ئەو چالاكییانه "دڵ و مێشكی لایەنگری نوێ" بەدەست بهێنێت و لەسەر ئاستی جەماوەریش پاڵپشتی و پشتیگری هەبێت (ئیسپۆزیتۆ 199: 156، ماك فاركوهار 2001، نۆرتۆن: ترۆفیمۆڤ 2001). هەروەها له دوای جەنگی نێوان لوبنان و ئیسرائیل له ساڵی 2006دا، تێبینی ڕوودانی هەمان داینەمێك دەكرا، كاتێك حیزبوڵڵا دەستوبردی كرد له نۆژەنكردنەوەی ئەو ناوچانەی شەڕەكه وێرانی كردبوو، لەگەڵ قۆزتنەوەی لاوازی دەوڵەت بۆ ئەوەی پێگەی سیاسیی خۆی پێ قاییم بكات.

بەڵام "ئەمانی جەمال"، له فەڵەستین ئەوەی ڕوون كردۆتەوە، چۆن ناكاراییی دامەزراوە حكومییەكانی سەر به ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین، یارمەتی دامەزراندنی كۆمەڵگەی مەدەنی دا كه هاوتەریبی "دەوڵەت" كار لەسەر چارەسەركردنی كێشه و نەخۆشییەكانی ڕژێمی حوكمڕان بكات - نادیموكراسیین و

ستراتکچەرێکی ستوونیان هەیە، خواستە ستەمکارییەکانی تۆکمە و قاییم دەکرد، لە جیاتی ئەوەی لاواز و بنکەنی بکات (جەمال 2007).

ئەنجامگیری

توێژینەوەیەکی بەپەلەی حاڵەتەکانی ئەوروپا لە نێوان هەر دوو جەنگی جیهانی و هێندێك حاڵەتی سەردەمییانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرباری جیاوازی لە هێندێك لایەنی سەرەکییدا، چەندین ڕووی وێکچووی سەرنجڕاکێش ئاشکرا دەکات، هەروەها زۆر بەڕوونی ئەوەشمان بۆ دەردەخات کە کۆمەڵگەی مەدەنی چالاك، نە نیشانەیەکە، نە موژدەیەکیشە بۆ دیموکراسییەکی ڕاست و دروست. ئەم هەلگۆزینە لەم ڕۆژگارەدا شتێکی نامۆ نییە، بەتایبەتی زۆرێك لە توێژینەوە تازەکان، بوونی پەیوەندییەکی هەڕە ئاڵۆز، زیاد لەوەی پێشتر وێنا دەکرا، لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراتیزەکردن و پتەوکردنی دیموکراسی، ئاشکرا دەکەن، بۆ نموونە، توێژینەوەکانی شەپۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی دیموکراسیخوازەکان، ئەوەیان بەدینەکرد کە فراوانبوونی بواری هاوبەندێتی، نوقلانەی دیموکراتیزەکردن لێ بدات، هەروەها هەموو دیموکراسییە سەرکەوتووەکان بە کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزو چالاك نەدەناسرانەوە (بیرمۆ و نۆرد 2000؛ ئینکارناسیۆن 2003؛ هاوارد 2003). هێندێکی دی پێیانوابوو ڕژێمە ستەمکار و دیموکراسییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی هەمەجۆر دەهێننە ئاراوە (جەمال 2007). ئەم وتارە بەشداری لە سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد، بەوەی لەو حاڵەتانەی دەوڵەت و دامەزراوە سەرەکییە سیاسییە نیشتمانییەکان لە توانایاندا نەبێت، یا ئامادە نەبن پێداویستی و داخوازی هاوڵاتییەکانی دابین بکەن، ئیدی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا، چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی کە زۆربەی جار دژ بە دەوڵەتە، نادیموکراسی و نائاشتیانەشە، بگرە خزمەت بە بزوتنەوە ڕادیکاڵ یا نادیموکراسییەکان دەکات کە ڕەخنە ڕەواکانی دژ بە ڕژێمی دەسەڵاتدار بۆ خزمەتکردنی سیستمی زۆر لەوە خراپتر دەقۆزێتەوە. لە سەرووی ئەوەشەوە، ئەوروپا لە نێوان هەر دوو جەنگی جیهانی و حاڵەتە هاوچەرخەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەشێت کۆمەڵگەی مەدەنی زۆرێك لەو سەرچاوانە بەردەست بخات کە بزوتنەوە ڕادیکاڵەکان بۆ دروستکردنی ستراکچەر و ڕێکخراوی چالاك و نەرم و کاریگەرو وەڵامگۆ پێویستی پێیان هەیە. لە ئەڵمانیا و

ئیتالْیا لە ماوەی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانیدا و لە هێندێك ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا، بزوتنەوە ڕادیکاڵ و نادیموکراسییەکان، کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیان بۆ ئامادەکردن و ڕاهێنانی چالاکوانەکان بەکاردەهێنا، تا چالاکی، تەنانەت توندوتیژیش دژ بە ڕژێم ئەنجام بدەن. هەروەها لە ئەوروپا لە ماوەی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانی و لە چەندین ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا، ئەو گرووپانە تۆڕێکی بەرفراوانیان لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئاگاداری و زانیارییان لەسەر پێداویستی و نیگەرانییەکانی توێژێکی فراوانی هاوڵاتیان هەبێت - ئەو زانیارییانەیان بەکارهێنایەوە تا ئەو پێداویستی و نیگەرانییانە بەشێوەیەکی چالاك و نەرم چارەسەر بکەن. لە کۆتاییدا، ڕەنگە لەوەش گرنگتر، ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی کە نازی و فاشی و ئیسلامییەکان، خۆیان لە پشتییانەوە حەشار دەدەن، دەستیاریان دەکات لایەنگرەکانیان لە باقی ئەندامی کۆمەڵگە بەدووربگرن، ساز و پابەندی پرسەکەشیان بن - کە بێگومان دۆخەکە یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی ئەوەی بۆچی لایەنگرانی ئەو بزوتنەوانە ئامادەییان تیایە بە زۆری بەشداری لە چالاکی نایاسایی تا ئاستی توندوتیژی بکەن.

ئەو حاڵەتانەی لێرەدا بە کورتی گفتوگۆیان لەسەر کراوە، ئاماژە دەکەن بەوەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە سایەی هەلومەرجی دیاریکراودا، پەیوەندی بە خۆشگوزەرانی و ئاشتی و گەشەسەندن و دیموکراسییەوە نییە (هەروەکو لایەنگرانی کۆمەڵگەی مەدەنی بانگەشەی بۆ دەکەن)، بەڵکو پەیوەندی بە ململانێ کۆمەڵایەتیی و ئەنتی دیموکراسیی و تەنانەت توندوتیژیشەوە هەیە. جیاوازییە گرنگەکە لە نێوان ڕژێمە سیاسییە حوکمڕانە مەدەنی و نامەدەنییەکاندا، لە سروشتی ناوەکی چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە نییە، بەڵکو لە توێژینەوەی دامەزراوە سیاسییەکاندایە. بە دەستەواژەیەکی دی، ئەگەر ئاراستەکە لە چوارچێوەی زانستە سیاسییەکاندا لە لوتکەی شەپۆلی سێیەمدا بێت، ئاماژە بە زەرورەتی توێژینەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات بۆ ئەوەی لە هۆکاری پشت گەشەسەندن و ئاشتیخوازیی هێندێك وڵاتان تێبگەین، ئەمە لە کاتێکدا هێندێك وڵاتی دیکە لە حاڵەتی توندوتیژی و ململانی و ناسەقامگیری سیاسیدا دەژین، ئەوا ئەم نووسەرە لەگەڵ ئاراستە هەرە تازەگەرییەکەی زانستە سیاییەکاندا دەگونجێت کە داوای گەڕانەوە بۆ ئاراستەکەی دیکە دەکات -

سەرلەنوێ گرنگیدان بەو ڕۆڵەی دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییە تەقلیدییەکان لە ئەستۆی دەگرن، بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ توندوتیژی و ناسەقامگیری دابنێن و پشتگیری هاوبەندی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری دیموکراسی بکەن (فۆکۆیاما 2004؛ جەمال 2007).

بەهەرحاڵ، ئەمە بەو مانایە نییە کە دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییە تەقلیدییەکان، برەو بە توندوتیژی و ناسەقامگیری نادەن - کەیسەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و میسر، زۆر بە جوانی ئەوە ڕوون دەکەنەوە (چیرۆت، لەم کتێبەدا). بەڵام ئەوەش ڕاستە کە بەبێ بوونی دەوڵەت و دامەزراوەی سیاسی بەهێز و وەڵامگۆ، کۆمەڵگەکان زیاتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، یا بەلانیکەمەوە ڕووبەڕووی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان دەبنەوە. بە گەڕانەوە بۆ فیکری ماکس فیبەر، دەوڵەت هەمیشە ئامرازەکانی توندوتیژی قۆرخ دەکات، بۆیە کاتێك دەوڵەتەکان ئەو قۆرخکارییە لەدەست دەدەن، ئیدی ململانی و توندوتیژی دەبێتە دەرئەنجامە شیمانەییەکە.

بەڵام، "هیند" باشترین بەڵگە لەسەر ئەو دۆخە هاوچەرخە دەخاتەڕوو کە دیموکراسییەکی تاڕادەیەك دووردرێژ و جێگیری بەخۆیەوە بینیوە، ئاشوتۆش ڤارشنی (Ashutosh Varshney)، پێیوایە لەواقیعدا کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لەوەی بەر بەتوندوتیژی ئەتنیکی بگرێت. ڤارشنی دەڵێت بە ساناکردنی گەیاندن لە نێوان گرووپەکان و جڵەوکردنی سیاسییەکان و بەردەستکردنی کۆربەندی دامەزرێنەر بۆ بەڕێوەبردنی گرژییەکان، بەشداری لە نێوان تۆڕەکانی کۆمەڵە ئەتنیکییەکانی (لە بەرامبەر ناوخۆدا) کرد، ڕێگە لە ئەگەری سەرهەڵدانی توندوتیژی ململانێی ئەتنیکی بگرێت. بۆ نموونە، بەڕوونی وادەردەکەوێت ئاژانس و دامەزراوەی ویلایەتەکان هانی پشێوی ئەتنیکی لە هیند بدەن. بۆ نموونە، لە کاتی پشێوی و ئاژاوەکانی ساڵی 2002دا (بە نزیکەیی 2000 موسڵمانی تیا کوژرا)، سیاسییە لۆکاڵییەکان بەربەستیان دروست دەکرد بۆ ئەوەی تاوانباران ڕادەستی دادگا نەکرێ. هەروەکو فەرماندەیەکی پۆلیس دەڵێت: "پۆلیس لەو ناوچانەی موسڵمانەکانی تیا کوژرا، بەزۆری هاوکاری ئاژاوەچییەکانی دەکرد. بەڵام لەو گەڕەکانەی ڕێژەی مردنی تیا کەم بوو... یەکێك لە گەورە بەرپرسەکانی پۆلیس بڕیاری جێبەجێکردنی یاسا و پاراستنی بێتاوانەکانی دا. ئەگەر دەتەوێت لە

ڕاستیی پشێوییەکانی "هیند" تێبگەیت، تەنها پێویستیت بەو زانیارییانە دەبێت" (لە موس-ەوە وەرگێراوە). کاردانەوە سەرەتاییەکەی حکومەتی نیشتمانی، کارەکەی خراپتر کرد، چونکە سەرەك وەزیران، دوای مانگێك لە ڕووداوەکان، ئینجا سەردانی ئەو ناوچانەی کرد کە توندوتیژی تیایاندا ڕوویدابوو، ئەوەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چاونوقاندن بوو لە ڕەفتاری بکوژەکان، هەروەها بێتوانایی حکومەت، یا نائامادەیی دەردەخست لە پێشکەش کردنی هاوکاری پێویست بۆ سەدان هەزار ئاوارە کە بە هۆی ئاشوبەکانەوە دەربەدەر ببوون. ئەوەش موسڵمانەکانی والێکرد زیاتر هەست بە زوڵم و ستەم بکەن (ڕەنگە ئەوەش لەلای خۆیەوە وای کردبێت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پاڵپشتی، تەنانەت توندوتیژیش، پەنا بۆ هێندێك ڕێکخراوی ئیسلامی ببرێت) (جۆنسۆن 2007، لوس 2007؛ 159-62). بە کورتی، تەنانەت لە دیموکراسیشدا، کاتێك دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکانی دی نایانەوێت، یا ناتوانن "یاساکانی گەمەک ە[18] " بسەپێنن، ئیدی "ڕەنگە لە ململانێی کۆمەڵایەتییەوە، توندوتیژی بەرهەم بێت".

ئەوەش ئاراستە و ڕەوتە باوەکەی هەر دوو دۆخەکەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و هێندێك کەیسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ بوو، چونکە پەیوەندییەکی پێچەوانەیی هەبوو، لەلایەکەوە، لەنێوان هێزی دەوڵەت و شەرعییەتەکەی، لەلایەکی دی، لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیدا. لە کاتێکدا دامەزراوە سیاسییەکان لە هەر وڵاتێکدا، بێتوانایی خۆیان لە ڕووبەڕووی ستەملێکردنی هاوڵاتیان و چارەسەرکردنیدا سەلماند، ئیدی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمەبەستی قەرەبوو کردنەوەی ئەو دۆخە گەشە دەکات و دەبێتە جێگرەوەی سیاسەتی زۆرێك لە هاوڵاتییە بێزارەکان، ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی زیاتر لە ژیانی سیاسەتی باو و لە برا هاوڵاتییەکانیان دوور بکەونەوە. هەروەها دەبێتە مایەی پەیدابوونی حاڵەتێك لە ململانی و توندوتیژی کۆمەڵایەتی کە ڕوودانی شتێکی نامۆ نییە، گەر بەتەواوەتیش

---

[18] - ئەم دەرئەنجامە لەگەڵ کاری زانایانی لە بابەت دیڤید لایتین و جێمس فیرۆن و ستاتیس کالیڤاس و ماتیۆ ئادامز کۆکنەر، یەك دێنەوە، ئەوانەی کە پێیانوایە جەنگە ناوخۆییە ئەتنیکییەکان و توندوتیژی سیاسی، ئەنجامی جۆرێکی دیاریکراوە لە "لاوازی" دەوڵەت، نەك بەهۆی جیاوازیی ڕەگەزی، ئایینی یا دابەشبوونی کۆمەڵگەوە بێت (فیرۆن و لایتین 2003؛ کالیڤاس و کۆکنەر 2007).

نەتەفقێتەوە. توێژینەوەی ئەو کەیسانە ئەوە دەردەخات کە بەزۆری کۆمەڵگەی مەدەنی دەرئەنجامی دابەشبوون و ململانێی کۆمەڵایەتییە، نەك ئامرازی پێویست بۆ چارەسەر کردنی (سیلیگمان و چیرۆت لەم کتێبەدا). لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، لە ماوەی نێوان هەر دوو جەنگە جیهانییەکەدا و لە چەند ناوچەیەکی جیهانی عەرەبی هاوچەرخدا، زۆربەی جار دەبینین، ژیانی هاوبەندێتی بە هۆی گرووپە کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و/ یا گرووپە سیاسییەکانەوە پەیدا دەبن و بەهۆی هەست کردن بە ستەم و ترس و ئارەزووی خودپاراستن گەشە دەکەن[19]. لەوجۆرە حاڵەتانەدا، کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوازێك گەشەدەکات کە جیاوازییە باوەکان تۆختر دەکاتەوە و زۆر جاریش هاوڵاتیان لە دژی یەکتری مۆبێلیزە دەکات. ئەم داینەمیکییە تەنها لەسەر ئەو کەیسانە کورت نابنەوە کە لێرەدا توێژینەوەیان لەسەر کراوە، یەکێك لە توێژینەوە هاوچەرخەکاندا، دەربارەی گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەورووپی، ئاماژە دەکات بەوەی "ئەزموونی سەدەی نۆزدەهەم ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مۆتیڤە نەرێنییەکان، ئەسڵی پەیدابوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون کە لە هەموو شوێنێکدا ڕەگی داکوتاوە.. ترس و هەڕەشەکان... ململانێ و نیگەرانی و ئەو بۆشاییانەی دامەزراوە داڕوخاوەکان جێیانهێشتووە.. هەموویان هاندەری بەهێزن بۆ پەیدابوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی" (بیرمیۆ و ئارتمان لە بیرمیۆ و نۆرد: 250).

بەدەرکەوتنی ئەو جۆرە توێژینەوانە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕەوڕەوەکەش لە ناو کۆمەڵگەی زانایانی سیاسەت و توێژەراندا دەستی بە خولانەوە کرد، لەگەڵ ئەو شیکردنەوە زۆرزەوەندانەی کە فۆکس دەخەنەسەر "لایەنە تاریکەکەی" کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەوانەی تەنها تیشك دەخەنە سەر شیمانەی لایەنە نێگەتیڤەکەی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەتەواوەتی چەشنی ئەوانە هەڵە دەکەن کە بەشانوباڵی لایەنە دیموکراسیەکانی و شوێنەوارە بەسوودەکانیدا هەڵدەدەن. لەجیاتی ئەوەش، ئەگەر بمانەوێت لەوە تێبگەین لە چ هەلومەرجێکدا کۆمەڵگەی مەدەنی پشتگیری یا ڕێگری لە کردەوەی توندوتیژی و ململانێی کۆمەڵایەتی یا دیموکراسی دەکات، ئەوا پێویستیە لەو شیکردنەوانە خۆمان بەدوور بگرین کە بەدەر لە هەر

---

[19] - ئەمەش لەگەڵ دەرئەنجامی بەرهەمەکانی ئەم دواییەی پوتنام دا دەگونجێت کە پێیوایە تا کۆمەڵگە زیاتر هەمەڕەنگ بێت، هاوڵاتیان کەمتر متمانە بەیەکتری دەکەن و کەمتر پێکەوە بەشداری لە چالاکی مەدەنیدا دەکەن

ڕەگەزێکی دیکە، توێژینەوەی لەسەر دەکات و دوور لەوانەش کە پێیانوایە جێگرەوەیەکی پۆزەتیف یا بەسوودی دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییە حوکمڕانەکانە. ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژە بۆ کردنە، هەرگیز کۆمەڵگەی مەدەنی ناتوانێت جێگەی دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییە حوکمڕانەکان بگرێتەوە، بگرە بەبێ توێژینەوەی پەیوەندیی نێوان ئەو دووانە، هەرگیز لەوە تێناگەین، داخۆ کۆمەڵگەکان نقومی توندوتیژی و ناسەقامگیری دەبن و کەی دەشێت ئەوە ڕوو بدات.

ئەم دەرئەنجامانە ڕەنگدانەوەی گرنگی دەبێت لەسەر ئەو شێوازەی بۆ پشتگیری کردنی دیموکراسی بیری پێدەکەینەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، کۆڕی زانستی شەپۆلێك لە توێژینەوەی بەنرخی بەخۆیەوە بینیووە کە گومان لە بەهای بەرنامەکانی پشتگیریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات. توێژینەوەکان گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە مایەدانی دەرەکی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕەنگە کارئاسانی لە چارەسەرکردن و پشتگیریکردنی زۆرێك لە دەردەکان بکات، بە گەندەڵی و لێنەپرسینەوەشەوە (کارۆسەر 1999: بەشی 8؛ گلاسیۆس، لویس و سیکینیلگن 2004؛ جەمال 2007؛ مێندەلسۆن و گلین 2002؛ ئۆتاوای و کارۆسەرز 2000). سەرباری ئەوەش، ئەو توێژینەوانەی دەربارەی بەرنامەکانی پشتگیریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجام دەدرێن، خەریکە لەوە تێبگەن کە بیرکردنەوە لە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەدەر لە گەشەکردنی دامەزراوە سیاسییەکانی دەوڵەت، لە کارایی ئەو هەوڵانە کەم دەکاتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی ئەنجام دەدرێن. بۆ نموونە، خوێندکارانی پشتگیریکردنی دیموکراسی لەوە تێگەیشتن کە لەو کۆمەڵگانەی ناسنامەی تایبەتی بەسەر ناسنامەی نیشتمانیدا زاڵە و دەوڵەت توانای ئەوەی نییە تاکەکان بپارێزێت و یاساکانی گەمەکە بسەپێنێت، سەرباری ئاستە بەرزەکانی بەشداریکردن و بانگهێشتن کردن، لەتوانایدا نابێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لیبراڵی تیا بونیات بنرێت کە بەدیموکراسییەکی سەرکەوتووە پەیوەست بێت؛ بەڵکو بە ئەگەرێکی زۆر شێوازەکانی دابەشبوون لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەرئەنجامەکەی بێت (کارۆتەرز 1999: 223؛ چیرۆت لەم کتێبەدا؛ سیلیگمان 1992: 5، 27، 69). سەرباری ئەوەش لێرەدا نیگەرانییەك هەیە بەوەی هاندانی گەشەسەندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە تایبەتی لە بواری پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری لە وڵاتە لاوازەکاندا، ڕەنگە بە زۆری لاوازکردنی ئەمەی دوایی

لێبکەوێتەوە. هەروەکو یەکێك لە توێژەران لەسەر حاڵەتی بەنگەلادیش ئاماژەی پێداوە، زۆرێك لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە دابینکردنی زۆرێك لە خزمەتگوزارییەکانی بواری ساغلەمی و خوێندن و گەشەسەندنی گوند دا، جێگەی حکومەتیان گرتۆتەوە. لە هەمان کاتیشدا، دەوڵەت زیاتر بەرپرسیارێتی لەمەڕ دابینکردنی خزمەتگوزاری پشگوێخستووە، ئەرك و بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتی تایبەت، جێهیشتووە کە وەك مەعمیلی خۆیان تەماشای هاوڵاتیان دەکەن (لویس لە گاسیۆس و ئەوانی دی 2004: 114؛ ریف 1999). لە کۆتاییدا، ڕەنگە لەوەش گرنگتر، توێژینەوەکان ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە پشتگیری کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو وڵاتانەی دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکانی لاوازن، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر گەشەسەندنی دیموکراسی نابێت، چونکە ئەو ڕێکخراوانە بەتەنیا ناتوانن زۆرێك لە کێشەکانی ئەو دەوڵەتانە چارەسەر بکەن کە بە تازەگی بە دیموکراسی بوون (کاڕۆتەرز 1999: 223). توێژینەوەیەکی دیکە ئاماژە دەکات بەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بانگەواز بۆ ئامانجگەلێك دەکەن کە دەوڵەت ناتوانێت جێبەجێیان بکات، بۆیە پاڵپشتی کردنی ئەو ڕێکخراوانە کاریگەرییەکی زۆریان نابێت (مێندەلسۆن و گلین 2002: 16 -7، هەروەها بڕوانە جۆنز و ویانتاڵ 1999: 1268).

لە کۆتاییدا، باشتر وایە توێژەران لە بواری پەرەپێدانی سیاسەت و شرۆڤەکاران لە بواری پشتگیریکردنی دیموکراسیدا، سەرلەنوێ بیر لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە سیاسییەکان بکەنەوە (بیرمان 1997، 2004؛ دایمۆند لە دایمۆن و پلاتنەر 1996؛ فۆلی و ئیدواردز 1996؛ وینتینگتۆن 1998). ڕەنگە شتێکمان ئاشکرا کردبێت کە زۆرێك لە توێژەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە باشی درکی پێدەکەن، بەوەی گەشەکردن و سروشتی کۆمەڵگەی مەدەنی، تەنها بە توێژینەوەیەکی هێمنانەی لەسەرەخۆ لە ناوکۆی ئەو سیاسەتەی گەشەی تیادەکات، پەی پێ دەبرێت (سیلیگمان). بەدڵنیاییەوە ئەوجۆرە دەرئەنجامە، دەبێتە مایەی ئاڵۆزکردنی کاری توێژەران، چونکە داوایان لێدەکات سەرنجیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یا دەوڵەتەوە بۆ تێگەیشتن لە کارلێکردن و پەیوەندی نێوانیان بگوێزنەوە. تەنها بەو کارە دەتوانین باشتر لە کاروبارەکان تێبگەین، پاشان ڕەنگە کاریگەری لەسەر چارەنووسی ڕژێمە سیاسییەکانیش جێهێڵێت.

بەشی سێیەم

ڕووبەڕووبوونەوەی کولتور

م. ستیڤن فیش

کاتێك چۆنێتی کاریگەری کولتوری وڵاتێك لە توانای پشتگیرکردنی دیموکراسی لەلایەن بکەرە دەرەکییەکانەوە هەڵدەسەنگێنین، دەبێ دوو پرسی زۆر گرنگ لەبەرچاو بگرین. یەکەم تا چەند کولتوری وڵاتە وەرگرەکە بۆ دیموکراسی لەبارە. ئایا ئەو وڵاتەی بکەرە دەرەکییەکان دەیانەوێت یارمەتی بدەن، کولتورێکی تیایە پشتیوانی سیاسەتی کراوە بکات؟ ئەگەر کارەکە بەوجۆرە بێت، ئەوا هەوڵەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسی بە ئەدگارێکی بەسوود دەست پێدەکات. بەڵام ئەگەر کارەکە بەپێچەوانەوە بێت، بە ئەگەرێکی زۆر پشتگیریکارانی دیموکراسی، سەرباری سەلامەتی بەرنامە و لێهاتوویی دەستە و ڕاستگۆیی هەوڵەکان و نیازپاکیان، تووشی نائومێدی دەبن. بەڵام فاکتەرەکانی دی، سەرباری کولتور - بۆ نموونە، ئاستی گەشەسەندنی ئابوری - ئەو ژینگەیە پێکدەهێنێت کە پشتگیریکارانی دیموکراسی کاری تێیدا دەکەن. تەنانەت گەر کولتوریی وڵاتێك بەزەرورەت پاڵپشتی دیموکراتیزەکردن نەکات، ئەوا دەشێت بەرزی ئاستی گوزەران، دەرفەتەکانی دیموکراسی تۆکمە و قاییم بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێت پشتگیریکردنی دیموکراسی لەو شوێنانەی کولتورە ناوچەییەکە بۆ سیاسەتی کراوە لەبار بێت، زیاتر لەو شوێنانەی کە لەبار نییە، وەبەرهێنانێکی باشتر بێت.

بەڵام لەباربوونی کولتور بۆ دیموکراسی، تاکە پرسی کولتوریی پەیوەندیدار نییە. بۆیە پێویستە خوێندنەوە بۆ کولتورگەرای ئەو وڵاتە بەرامبەر بە "دیموکراسیخوازە گریمانەییە دەرەکییەکان" بکەین. لێرەدا پرسە سەرەکییەکە ئەوەیە تا چ ئاستێك فۆرمە هەژمونگەراکەی ناسیونالیزم لە وڵاتە وەرگرەکەدا، بەرامبەر بە دەستوەردانە دەرەکییەکە دۆستانە دەبێت، بەدیاریکراویش بەرامبەر دەستوەردانی ئەوانەی هاوکارییەکان پێشکەش دەکەن.

بۆیە، کاتێك ڕووبەڕووی کولتور دەبینەوە، دەبێ مامەڵە لەگەڵ دوو ڕەهەندی جودا بکەین: مەیل و خواستی کۆمەڵگە بەرامبەر بەدیموکراسی و خواستی

کۆمەڵگە بەرامبەر ئەوانەی هاوکاری دیموکراسییانە پێشکەش دەکەن. بەر لەوەی لەو دوو پرسە بنوارین، پێویستە لەسەرمان کفتوگۆیەکی کورت دەربارەی کولتور ئەنجام بدەین.

ئەندێشەکردنی کولتور

کولتور چەمکێکی مشتومڕئامێزە. زۆرجار لە گفتوگۆکانماندا دەربارەی کاریگەری کولتور لەسەر سیاسەت، باس لە "کولتوری سیاسی"ی دەکەین. بەڵام لێرەدا گەلێك پێناسە هەیە، هەر یەك لە گابریێل ئەلمۆند (Gabriel Almond)و سیدنی ڤێربا (Sydney Verba)، لە توێژینەوە کاریگەرە کلاسیکییەکەیاندا بەناونیشانی "کولتوری مەدەنی - (Civic Culture)"، کولتوری سیاسییان دابەشی سێ پێکهاتە کردووە: ئاراستەی دەرکپێکردن، یا ئەوەی خەڵکی لەبارەی سیاسیەت و ئاراستەی سۆزدارییەوە دەیزانن، یا خەڵکی چ هەستێکیان بەرامبەر بە سیاسەت و ئاراستەی هەڵسەنگاندن هەیە، یا ئەوەی خەڵکی چۆن حوکم لەسەر سیاسەت دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەیان وەك ئەلمۆند و ڤێربا، پێیانوایە کولتوری سیاسی، مەسەلەیەکە ئاراستەی سایکۆلۆجی هەیە، بەتایبەتی بریتییە لە هەڵوێستی خەڵکی بەرامبەر بە سیاسەت (بۆ نموونە: ئێکشتاین (Eckstein) 1992، پوتمان 1994).

چەمکێکی لەوجۆرە بۆ کولتوری سیاسی، چەمکێکی ڕاست و دروستە، چونکە زۆرێك لە بەرهەمە ناودارەکان ئاراستەیان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا سێبەرە ناڕوونەکەی لەسەر کولتوری سیاسی دەسوڕێتەوە. سەرچاوەی ئەم ناڕوونییەش بریتییە لە: ئایا مەبەستمان لە کولتوری سیاسی بەدیاریکراوی ئاراستەکانی سایکۆلۆجی - سیاسییە، یا مەبەستمان هەر ئاراستەیەکی سایکۆلۆجییە کە لەوانەیە پەیوەندیی بەسیاسەتەوە هەبێت؟ یەکەم تاڕادەیەکی زۆر بۆ ئەو فاکتەرانە کورت دەبێتەوە کە هەر یەك لە ئەلمۆند و ڤێربا توێژینەوەیان لەسەر کردووە، وەك هەڵوێستی خەڵکی بەرامبەر سیستمی سیاسی، ئەو شێوازەی بیری پێدەکەنەوە سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەیان لەو سیستمەدا و چۆن کاریگەری خۆیان و ئەوانی دیکە لەسەر سیاسەتی گشتی هەڵدەسەنگێنن. بەڵام چەمکی دووەم، چەمکێکی بڵاوە و ئاماژە بە هەر ئاراستەیەکی سایکۆلۆجی دەکات کە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەبێت. هەروەها دەشێت کولتور هەر ئەوە نەبێت چۆن خەڵکی بیر لە سیاسەت دەکەنەوە، بەڵکو چۆنێتی بیرکردنەوەشیان بێت بەرامبەر سەرچاوەکانی بوون و

بارودۆخیان بەرامبەر بە کەس و گرووپەکانی دیکە.. هتد. هەروەها دەشێت ئەو فاکتەرانە دەلالەتێك بن لەسەر سیاسەت، بەڵام بەسروشت تایبەت نین بە دەلالەتی سیاسییەوە، چونکە ڕوخسار و دیاردە و کاریگەری ناسیاسییان هەیە.

بەپراکتیکی، زۆرجارجیاکردنەوەکەمان تەماوی دەبێت لە نێوان کولتوری سیاسی (کە بەشێوەیەکی فراوان مانای سایکۆلۆجی - سیاسیی هاوبەش دەگەیەنێت)و کولتور بەشێوەیەکی گشتی (کە بەشێوەیەکی بەرفراوان مانای ئاراستە سایکۆلۆجییە هاوبەشەکان دەگەیەنێت). بەزۆری بەشێك لە "کولتوری سیاسی" لەخۆدەگرین، واتە لایەنێك لە لایەنەکانی کولتور کە ڕەنگە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەبێت. ئێمە بەگشتی لایەنەکانی کولتور بە شێوەیەکی گشتی وەردەگرین، کاتێك وادادەنێین ڕەنگە کاریگەرییەکی لەسەر ئەو پرسە سیاسییە هەبێت کە باسوخواس لەبارەیەوە دەکەین و بەتوخمەکانی "کولتوری سیاسیی" حیسابی دەکەین. بەوەش هێندێك لە ڕووناکبیران پێیانوایە بیروباوەڕە ئایینییەکان یا پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە نێو خێزانی "لایەنەکانی"ی کولتوری سیاسییە، بەڵام لە ڕاستیدا مانای "دیاریکەرانی" کولتوری سیاسیی دەگەیەنێت. بەوەش نووسەران نێوان ئەو شێوازەی کە خەڵکی لەڕێگەیەوە بەرامبەر بە سیاسیەت بیری لێدەکاتەوە، لەلایەك، لەلایەکی دی، ئەو شێوازەی کە خەڵکی زۆر بە پاکی و بە سادەیی بەرامبەر بە سیاسەت بیری لێدەکاتەوە، تێکەڵ بەیەك دەکەن. نووسەران بەم تێکەڵ کردنە زنجیرەیەکی لاوەکی دروست دەکەن کە کولتور بەشێوەیەکی گشتی بەرەو کولتوری سیاسی بە شێوەیەکی تایبەت دەبەن، ئەوەش بەگشتی، بێئەوەی دەرکی پێبکەن نائاگایانە مشتومڕی هۆیەتی و لابەلا لە پێناسەکانیاندا دەهێننە گۆڕێ. دەشێت ئەم هەنگاوە بەشداری لە ئاڵۆزی چەمك بکات و دەربارەی چییەتی کولتوری سیاسیش، درێژە بە گفتوگۆیەکی جارِسکەرانە بدات، ئەمە ئەگەر هەر بەڕاستی بوونی هەبێت و ئەمە ئەگەر وەك پێویست بەڕوونی پێناسە بکرێ، بۆ ئەوەی لە شیکردنەوەیەکی بەراوردکاریدا بەکاربهێنرێت.

لێرەدا بە چەمکێکی فراوانتر ئەندێشەی کولتور دەکەم، واتە ئەو لایەنە کولتورییانە لەخۆدەگرم کە دەشێت دەرکەوتن و کاریگەرییان لە دەرەوە و ناوەوەی پانتایی سیاسیدا هەبێت. پێمخۆشە، بەتایبەتی، کاریگەری ژمارەیەك لایەنی کولتوریی پەیوەست بە پشتگیریکردنی دیموکراسی، دەستنیشان و ڕاڤە بکەم.

سەرباری ئەوەش، پێموایە کولتور بەشێوەیەکی فراوان ئاراستەگەلێکی سایکۆلۆجی هاوبەشە، نەك دیاردە پراکتیکییەکانی ئەو ئاراستانە بێت. هێندێك لە زانایانی سیاسەت، ئەوانەی لە بواری تەقلیدی پۆستبونیادی، یا پۆستمۆدێرن دا کار دەکەن، کولتور لەڕووی "پراکتیك"ەوە، بە تایبەتی "ئاکتەکانی گوتار"و "گوتارەکان"، پێناسە دەکەن. بەڵام من پێموایە پراکتیزەکان تەنیا ڕەفتارگەلێکە ڕەنگدانەوەی ئاراستەکانی سایکۆلۆجی دەنوێنێت؛ ئیدی چ ڕەفتارەکان، ئاراستە سایکۆلۆجییەکان دیاری بکات یا بەپێچەوانەوە، ئەوەش مەسەلەیەکی دیکەیە. لێرەدا تەنها بڕوای خۆم تۆمار دەکەم، بەوەی ئاراستەکانی سایکۆلۆجی ژیانی تایبەت بەخۆیان هەیە و بەتەواوەتی بە پراکتیزەکان دیاریناکرێن. هەروەها لەو باوەڕەدام کە ئاراستە سایکۆلۆجییە هاوبەشە بەرفراوانەکان، ئەو ئاراستە ڕاستەقینانەن کە قابیلی چاودێری کردنن، واتە دەکرێ بەشێوەیەکی مانابەخش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاواز بێت و تەنیا ئەو دەرئەنجامانە نین کە چاودێر ئەندێشەی دەکات.

سەرباری ئەوەش، ئەوەی بە کولتوری دادەنێم جیاوازی لەگەڵ دامەزراوەکاندا هەیە. بەم دواییانە، هێندێك کۆمەڵناس، پێیانوابوو، ئەوەی بە کولتورێکی نموونەیی دادەنرێ، باشترە وەك دامەزراوە لەبەرچاو بگیرێت (Helmke and Levitsky 2004). ئەوانە مشتومڕیان لەسەر ئەوە بوو کە ڕێسا و پێشبینییە نەنووسراوەکان، ئەوانەی کۆنتڕۆڵی پەیوەندییەکانی، بۆ نموونە، نێوان سەرکار و بەرکار (patron-client relations) دەکەن، سەرباری ئەوەی هێندێك بەلایەنی کولتورییان دادەنا، کەچی لە واقیعدا دامەزراوەیە - دامەزراوەی نافەرمی، نەك دامەزراوەی فەرمی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دامەزراوەیە. دەکرێ ئەو کۆمەڵناسانە چەمکی "کولتور" بەدیسپلین و مشتوماڵ بکەن- سەرباری ئەوەی ڕیسك بە فراوانکردنی چەمکی "دامەزراوە" دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت دوای بەرتەسککردنەوەی بواری کولتور و فراوانکردنی بواری دامەزراوەکان، هێشتا ئەو کۆمەڵناسانە بەگشتی دان بەوەدا دەنێن کە بەهاکانی خەڵکی وەك لایەنی کولتور دەمێننەوە، نەك لایەنی دامەزراوەکان. هەروەها دەشێت مرۆڤ ئەوەش سەربار بکات کە بەها، بەشێوەیەکی فراوان، جۆرێکە لە ئاراستە هاوبەشەکانی سایکۆلۆجیا.

بەگشتی، وەك خۆم پێناسەی کولتورە کۆنەکە پەسەند دەکەم، بەوەی بەشێوەیەکی فراوان ئاراستە هاوبەشەکانی سایکۆلۆجیایە، چەمکی پۆستمۆدێرن ڕەتدەکەمەوە، بەوەی کولتور گوتار و ڕەفتار بێت. هەروەها تێگەیشتنم بۆ کولتور سنووربەند دەکەم، تەنانەت بەوەشەوە کە لایەنگرانی فراوانکردنی چەمکی "دامەزراوەکان" وایدادەنێن ڕێسا نافەرمییەکانیش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی لە بواری کولتوردا بسازێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لەجیاتی ئەوەی فۆکس بخەمە سەر خودی کولتوری سیاسیی، ئەوا بەشێوە فراوانەکەی و بەبێ سیفەتە هەموارکراوەکەی، لە کولتور دەڕوانم و لەبەرچاوی دەگرم. هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی گرنگی بەو پێکهاتە کولتوریانە دەدەم کە پێکدێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکان، دیموکراسی و هەوڵە دەرەکییەکانی پشتگیریکردنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن، قبووڵ بکەن.

هەڵسەنگاندنی ئەنگێزەی کولتوری بەرامبەر بە دیموکراسی

ڕەنگە گەلێك لایەنی کولتور، کاریگەری لەسەر توانای وەرگۆڕانی دیموکراتیزەکردن هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دوو لایەنی سەرەکی هەیە: لێبوردەیی و یەکسانی. زۆربەی تیوریستە دامەزرێنەرەکانی دیموکراسی، بە مۆنتیسکیۆ، ماری وڵستۆنکرافت (Mary Wollstonecraft)، تۆماس جێفرسۆن، بینیامین کۆنستانت (Benjamin Contant)، جۆن ستیوارت میڵ و ئەلێکسیس تۆکڤێڵ-یشەوە، ئەمە جگە لە بیریارە هاوچەرخەکانی وەك بینیامین باربەر (Benjamin Barber)، ستیفن هۆڵمز (Stephen Holmes)، سایمۆر مارتین لیپیست (Seymour Martin Lipset)، کارۆڵ پیتمان (Carole Pateman)، جۆن ڕاوڵز (John Rawls)، ڕۆبێرت پۆتمان، جیوڤانی سارتۆری (Giovanni Sartori)و ئییان شاپیرۆ (Ian Shapiro)، لە ڕاڤە یا گریمانەکانیاندا سەبارەت بەو بەهایانەی پشتگیری دیموکراسی دەکەن، پێداگرییان لەسەر لێبوردەیی و/ یا یەکسانی کردووە. ئەو نووسەرانە بوارێکی بەرفراوانی فیکر پێکدەهێنن، سەرباری ئەوەی هەموویان لێبوردەیی، یا یەکسانی، یا هەردووکیان، بە بەها سەرەکییەکانی حکومەتێکی کراوە دادەنێن. بەبێ لێبوردەیی پرۆسەیەکی هەمیشەیی بۆ کێبەرکێی ئاشتیانە بوونی نابێت کە خەسڵەتێکی سەرەکی ڕێکاریی دیموکراسییە. بەبێ یەکسانی یاسایەکی گونجاو بۆ حوکمڕانی دیموکراسییەکان بوونی نابێت، لەبەر ئەوەی

تاکەسێك و یەك دەنگ، ئاماژە بۆ زنجیرەیەکی هەڕەمی دەکات کە تایبەتماف بەجۆرە مرۆڤێك دەدا و بەوی دیکەی نادات (پاشان بە گرووپێك، نەك ئەوی دی)، ئەوەش ئاماژەیە بۆ حوکمڕانی بەشێك (بۆ نموونە، ئۆرستۆکراسی، ئۆلیگارکی و حوکمی تاك حیزبی)، لەجیاتی حوکمڕانی گشت (بۆ نموونە دیموکراسی). یەکسانی ئەدگارێکی جەوهەریی دیموکراسییە.

زەرورەتێك بۆ ڕەهایی لێبوردەیی و یەکسانی نییە، بۆ ئەوەی دیموکراسی بێتە ئارا. ئەو دووانە لەڕووی پراکتیزەوە، ڕەها نین، هەروەها دیموکراسی هەر چۆنێك بێت، کار دەکات، سەرباری ئەوەی دەشێت مرۆڤ بڵێت هەرگیز دیموکراسییەکی ڕەها (یا کامڵ) نەبووە. سەرباری ئەوەش، دەشێت مرۆڤ مشتومڕ بکات - هەر بەڕاستی نووسەران مشتومڕی زۆر دەکەن - دەربارەی ئەوەی کام لایەن لە لایەنەکانی لێبوردەیی یا یەکسانی گرنگییەکی زیاتری بۆ دیموکراسی هەیە. یەکسانی چەمکێکی مشتومڕئامێزە، بۆیە هێندێك لە نووسەران لە بەرامبەر یاسادا، جەخت لە یەکسانی دەکەنەوە، کەچی ئەوانی دی، لە بەشدارکردنی سەرچاوە یا توانستەکاندا، پێداگری لەسەر یەکسانی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، لێبوردەیی و یەکسانی، دوو پرەنسیپی سەنترالن بۆ تیورەی دیموکراسی، هەروەها ئەو نەریتانەش کە لە پیادەکردنی دیموکراسیدا بەرجەستە و پاڵپشتی لێبوردەیی و یەکسانی دەکەن، بە سەنترال دادەنرێن. بۆیە ئەو ئاراستە سایکۆلۆجییانەی ڕێز لە لێبوردەیی و یەکسانی دەگرن، زیاتر یارمەتی دیموکراتیزەکردنی کارا و بەهێز دەدەن تا ئەو ئاراستە سایکۆلۆجییانەی ئەو شکۆیەی پێ نابەخشن. لەبەر ئەوە تا پابەندبوونی خەڵکی بەرامبەر لێبوردەیی و یەکسانی قووڵ و بلاو بێت، کولتورەکە دیموکراسیتر دەبێت.

لێبوردەیی

ئەو کەسانەی پێیانوایە، کەسە جیاوازەکان، مافی ئەوەیان نییە دیدوبۆچوونی خۆیان دەربڕن و دژ بە دوورخستنەوەی ئەو بیروڕایانە لە کایەی سیاسی ناڕەزایەتی دەرنابڕن، پاشان دژ بەو سەرکردانەش ناوەستنەوە کە دووریان دەخەنەوە. بەپێچەوانەشەوە، ئەو کەسەی پێیوایە ئەو بیروڕایانەی لەگەڵیدا ناگونجێت، مافی گوێ لێگرتنیان هەیە، بەرهەڵستی ئەو سەرکردانە دەکات کە هەوڵ دەدەن ئەو دەنگەناڕازییانە بێدەنگ بکەن. تا ئەو چەمکە بڵاو بێت کە هەموو بیروڕاکان مافی گوێ لێ گرتنیان هەیە، رۆحی لێبوردەیی بەربڵاوتر دەبێت، تا رۆحی لێبوردەییش بڵاو بێت، تێکڕای کۆمەڵگە لێبوردە دەبێت. تا کۆمەڵگە لێبوردە بێت، ئەگەری بێدەنگ کردنی هاوڵاتییەك یا دوورخستنەوە لەلایەن هاوڵاتییەکی دیکەوە، کەمتر دەبێت و ئەگەری ڕووبەڕووی بوونەوەی میللیش گەورەتر دەبێت، بەرامبەر ئەو فەرمانڕەوایانەی هەوڵ بۆ خەفەکردنی بیروڕاکان یا سەرکوتکردنی گرووپەکان دەدەن.

بیرۆکەی لێبوردەیی بەڵگەیە لەسەر بابەتێك - هەر شتێك مرۆڤ لێبوردەیی لە بەرامبەریدا هەبێت. بۆیە زۆر زەحمەتە بەرامبەر شتێکی ناشیرین و دزێو لێبوردە بیت، گەر خۆی بەوشێوەیە نەبێت. لەبەر ئەوە ئامانج لە هەوڵەکانی ئەندازەگیری لێبوردەیی هەڵسەنگاندنێکە لەسەر ئەوەی داخۆ، خەڵکی بەرگەی کارە وروژێنەرەکان یا نائاساییەکان دەگرن. کارێکی ئاسانە وێنای زەوەندیی فۆرمەکانی ئەو لێبوردەییانە بکرێ کە دەکرێ پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە ڕەفتاری سیاسییەوە هەبێت، چونکە قبووڵ کردنی تاکەکانی ئەو گرووپە ئەتنیکی و ئایینییانەی لە گرووپەکەی خۆی ناچێت، دەشێت پەیوەندیدار بێت، هەروەها دەشێت قبووڵ کردنی ئەو خەڵکانەی شێوازی ژیان و بیروڕایان لە شێواز و بیروڕای تۆوە جیاوازە، لێبوردەیی بێت.

لە کاتێکدا توێژنەوەی ئەو مەسەلانە لە چەندین کۆمەڵگە ئەنجام دراون، کەچی زانیارییە بەکارهاتووەکان لە شیکارییە بانیشتمانەکاندا، ئەوەندە زۆر نین. بەشێوازێکی ئایدیالانە، زۆرێك داتای بانیشتمانیمان دەربارەی ئەو پرسانە بەردەستە، داخۆ مرۆڤ بڕوای بەوە هەیە کە ئەو کەسانەی بیروڕایەکی دژەباویان هەیە، مافی ئەوەیان هەیە گوزارشتی لێ بکەن. هێندێك لە توێژەران پرسیاری لەوجۆرەیان بەکارهێناوە و داتای سەرنجڕاکێشیان بەدەستگەیشتووە (بۆ نموونە،

ئۆتیمۆلەر Ottemoeller -1998)، بەڵام جێی داخە، ئەو توێژینەوانە تایبەت بوون بە تاکە وڵاتێك یا چەند وڵاتێکی کەم (وێلدۆن 2006). لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووپێوی بەها جیهانییەکان (World Values Survey - تۆڕێکی جیهانیی سۆسیۆلۆجیستەکانە، توێژینەوە دەکات لەسەر بەها گۆڕاوەکان و کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی)، بەشێکی زۆری جیهان ڕووپۆش دەکات، پرسیارگەلێك دەکات کە ڕەنگە لێبوردەیی لێبکەوێتەوە. لێرەدا داتای تازەترین شەپۆلی ئەو ڕووپێوانە بەکاردەهێنم کە لە ماوەی 1999 - 2004دا ئەنجام دراون (ڕووپێوی بەهای جیهانی 2007).

ئەو داتایانەی ڕووپێوی بەها جیهانییەکان بەردەستی کردوون، ئامرازێکی ڕاشکاوانە و بێ پەردەیە، ڕەنگە ئەزموونە هاوچەرخەکانی خەڵکیش کاریگەریان لەسەر چۆنێتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان هەبێت، هەروەها دەکرێ بیروباوەڕە سەرەکییەکان، بە تێپەربوونی کات، گۆڕانیان بەسەردا بێت. پرسیارەکە ئەوە نییە، داخۆ "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان"، لە بارەی بیروباوەڕی خەڵکییەوە؛ سەرچاوەیەکی نموونەیی داتاکانە. بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە، داخۆ "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان" لە هیچ باشترن، یا بە تەنها لە بەڵگەی حەکایەتەکان باشترن؛ بەدڵنیاییەوە بەو جۆرەیە.

سەرباری ئەوەی ژمارەیەك لە پرسیارەکانی "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان"، وەڵامدانەوەی ڕوون و ئاشکرا لەسەر لێبوردەیی پێشکەش دەکەن، بەڵام بەدیاریکراوی لێرەدا سێ بڕگەی پڕزانیاری دەبینرێت. یەکێکیان لیستێك بەو خەسڵەتانە پێشکەش بەوەڵامدەرەوەکان دەکات کە ڕەنگە گرنگ بێت، بۆ ئەوەی منداڵانی لەسەر گۆش بکرێ. بەتایبەتی ئەوەی مایەی بایەخپێدانە بۆ وەڵامدەرەوەکان، ئەوانەی باس لەوە دەکەن کە "لێبوردەیی و ڕێزلێنانی ئەوانی دی" لەو ئەدگارە گرنگانەیە کە پێویستە منداڵانی لەسەر پەروەردە بکرێن. ئیدی چ ئەوانەی لێبوردەیی بە بەشێکی گرنگ لە پەروەردەی منداڵان دەبینین، یا نایبینن، ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ئەو بەهایە بێت کە خەڵکی بە لێبوردەیی دەدەن. وەڵامدانەوەی ڕووپێوەکان بەوەی داخۆ لێبوردەیی و ڕێزلێنانی ئەوانی دی، وەك خەسڵەتێکی گرنگ لە پەروەردەی منداڵاندا، بەناو هاتووە، یا نا. لێرەدا ڕێژەی وەڵامدەرەوەکان بەکاردەهێنم، ئەوانەی ئەو خەسڵەتەیان وەك نیشانەیەك بۆ لێبوردەیی بەکارهێناوە.

بەڵام بڕگەی دووەم پرسیار لە جۆری ئەو کەسانە دەکات کە وەڵامدەرەوەکان حەز بە دراوسێتیان ناکەن. ڕێژەی ئەوانەی دەڵێن "خەڵکانی ڕەگەز جیاواز"، مایەی سەرنجڕاکێشانە. دەشێت ئەم ڕقلێبوونەوەیە نیشانەیەك بێت لەسەر نالێبوردەیی. داخۆ وەڵامدەرەوەکان لەمجۆرە وەڵامدانەوەیەدا، باسیان لە کەسانی ڕەگەزە جیاوازەکان کردووە، وەك کەسانێك کە حەز بە دراوسێتیان ناکەن. لێرەدا پێموایە ڕێژەی ئەو وەڵامدەرەوانەی "ناوی کەسانی" ڕەگەزە جیاوازەکانیان نەبردووە کە حەز بە دراوسێتیان ناکەن، نیشانەیەکە لەسەر لێبوردەیی.

هەرچی بڕگەی سێیەمە، پەیوەستە بەوەی داخۆ هاوڕەگەزبازی کارێکی ڕێگە پێدراوە و پاساو هەڵدەگرێت. لەم بڕگەیەی "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان"دا، وەڵامدانەوەکان بەشێوەیەکی جیاوازتر لە دوو بڕگەکەی دی تۆمار کراوە کە پێشتر باسیان لێوەکراوە. داوا لە وەڵامدەرەوەکان کراوە ڕەفتارەکان لەسەر پێوەری یەك بۆ دە پۆلێن بکەن، بەو پێیەی ژمارە یەك "هەرگیز ڕێگە پێدراو نییە"، بەڵام ژمارە دە "هەمیشە ڕێگە پێدراوە". زۆرینەی زۆرێك لە وڵاتان ژمارە "یەك" یان هەڵبژاردووە، واتە "هەرگیز ڕێگە پێدراو نییە". هەر بەڕاستی وەڵامدانەوەی "هەرگیز ڕێگە پێدراو نییە"، وەڵامدانەوەیەکی شکڵییە لە تەواوی جیهاندا. لێرەدا ڕێژەی ئەوانەی بە "هەرگیز ڕێگە پێدراو نییە" وەڵامیان نەداوەتەوە، وەك نیشانەیەك لەسەر لێبوردەیی مامەڵەی لەتەکدا دەکەم.

هەر بڕگەیەك لەو سێ بڕگەیە گۆشەیەکی جیاواز بەرامبەر بە لێوردەیی پێشکەش دەکات. لە یەکەمدا پرسیارکردن دەربارەی خودی لێوردەیی، بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئەو بەهایەی خەڵکی بە لێبوردەیی دەدەن. بەڵام بڕگەی دووەم و سێیەم، شێوازی ناڕاستەوخۆ پێشکەش دەکات. یەکێکیان ڕەگەزپەرستی هەڵدەسەنگێنێت، ئەوی دی، هەڵویستەکان بەرامبەر لادان، وەك مەسەلەیەکی هەستیار و مشتومڕئامێزی پەیوەست بە ڕەفتاری تاکەکەسی، ئەندازەگیری دەکات.

خاڵەکان لە هەر وڵاتێکدا لە سفرەوە بۆ سەد بۆ هەر بڕگەیەك دەگۆڕێت. لێرەدا تێکڕای هەر سێ بڕگەکە وەردەگرم و "نیشانەیەکی بۆ لێبوردن" لێ دروست دەکەم. وەکیەك بایەخ و گرنگیی بە هەر سێ بڕگەکە دەدەم. ئەم نیشاندەرە بە

نیشانەیەکی سەرەتایی دادەنرێت کە مەبەست لێی تەنیا ڕێی دوو چاوی نیوەکراوە، سەرنجێکمان لەسەر لایەنێکی ئەو کولتورە پێبدات کە بە سانایی پێوانە ناکرێت.

خشتەی (3-1) داتا خامەکان و نیشاندەری لێبوردەیی هەر وڵاتیك بەتەنیا دەنوێنێت. ژمارەکان هەمەڕەنگییەکی گەورەی بانیشتمانەکانی هەر بڕگەیەك لەو سێ ڕووپێوە و نیشادەرەکە ئاشکرا دەکات. وڵاتەکان بەپێی خاڵەکانی نیشاندەری لێبوردن ڕێکخراون.

دوو پێوەر ئەوە دیاری دەکەن، داخۆ شیکردنەوەکە ئەو وڵاتە دەگرێتەوە. پێوەری یەکەم، پێویستە "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان"، داتا سێ بڕگەییەکەی هەر وڵاتێك پێشکەش بکات کە نیشاندەرەکەی لێ پێکدێت. ئەم ڕێسایە مەیدانی ئەو دەوڵەتانە بچوك دەکاتەوە کە بەحاڵ سێ خاڵ بەدەست دەهێنن. پێوەری دووەم، پێویستە ئەو وڵاتە لە ڕابردوویەکی نزیکدا، سیستمێکی سیاسی تاڕادەیەك داخراوی هەبووبێت. لەبەر ئەوەی بابەتەکە پشتگیری کردنی دیموکراسییە، بۆیە پێویست ناکات توێژینەوەی ئەو وڵاتانە بکرێ کە بە تەواوی دیموکراسییان تیا دامەزراوە (چونکە پێویستی بە پشتگیری کردنی بکەرە دەرەکییەکان نییە). لە پێناوی هەڵسەنگاندنی ئەوەی داخۆ وڵاتێك وەك دیموکراسییەکی دامەزراوەیی، شایستە و لێهاتووە، توێژینەوەی "پۆلێنبەندی ئازادی" بۆ بکەم کە خانەی ئازادی (Freedom House - ڕێکخراوێکی ناحکومییە، بارەگاکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانە، لێکۆڵینەوە دەکات و لایەنگری لە دیموکراسی و ئازادی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ دەکات. ساڵی 1941 دامەزرا) ساڵانە لەسەر وڵاتانی جیهاندا دەریدەکات. ئەو زانیارییانە تاکە سەرچاوە نین کە دەربارەی دۆخی ڕژێمە سیاسییەکان بەردەست بن، بەڵکو سەرچاوەی دیکەی مشتومڕئامێزیشمان لەبەردەستە، بەڵام ئەوەی خانەی ئازادی بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت و بە سەرچاوەیەکی بەنرخ دادەنرێت، بۆیە لێرەدا بەکاریدەهێنم. سەرباری بەردەستکردنی تۆمارکردنی خاڵە ژمارەییەکان، خانەی ئازادی، لە ساڵی 1948ەوە، وڵاتان، بەلانیکەمەوە بۆ ماوەی ساڵێك، بۆ سێ توێژ دابەش دەکات: "ئازاد"، یا "بە هەندەکی ئازاد"، یا "ئازاد نییە". بە گوزارەیەکی دی، توێژینەوە لەسەر ئەو وڵاتانە دەکەین کە بەبێ دابڕان لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا، حکومەتێکی کراوەیان بەخۆیانەوە نەبینیوە. "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان"، تەواوی ئەورووپای خۆرئاوا و

باکووری ئەمەریکا ڕووپۆش دەکات، بەوەش دیموکراسییە کۆنەکان، ئەو حاڵەتانەی توێژنەوە لە بارەیانەوە دەکرێ بۆ نیوە کەم دەکاتەوە، بۆیە تەنها سەمپلێکی سی وڵاتیمان بۆ دەمێنێتەوە.

ڕووپێوی بەها جیهانییەکان، زانیاری تەواو لەسەر زۆرێك لە وڵاتە سەرەکییەکان پێشکەش ناکات. ڕوسیا، ئۆکرانیا، بەرازیل/ کۆلۆمبیا، گانا و سینیگال، نموونەی ئەو وڵاتانەن کە داتای کەمیان لەسەر هەیە. ئەو پشتگوێخستنە زۆر جێگەی داخە، چونکە ئەو وڵاتانە زیاتر پاڵێوراون تا لە پشتگیری کردنی دیموکراسیدا گرنگییان پێ بدرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو سەمپڵەی بەردەستە گرووپێکی گەورەی وڵاتان لەخۆدەگرێ و بەشێوەیەکی سیستماتیکانە زێدەڕەوی لە نوێنەرایەتی کردن، یا نەکردنی ناوچە دیاریکراوەکاندا ناکات. ئەو مادەیەك بۆ بەراوردکردنێکی سەرەتایی گشتگیر لە چەند وڵاتێك پێشکەش دەکات.

بەهەر حاڵ، مەبەست لە بەکارهێنانی کەیسەکان، تەنها ڕوونکردنەوەی چۆنێتییەکە و دەکرێ بەهۆیەوە داتاکان بۆ توێژینەوەی ئەو کاروبارانە بەکاربهێنرێن کە بە کولتور و پشتگریکردنی دیموکراسییەوە پەیوەستن.

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

خشتەی 1- 3 نیشاندەرەکانی لێبوردەیی

وڵات	هەڵسەنگاندنی لێبوردەیی: ڕێژەی سەدی ئەوانەی لێبوردەیی ڕێزلێنانی ئەوانی دی وەك خەسڵەتێکی گرنگ لە منداڵاندا باس دەکەن	پەسەندکردنی ڕەگەزیی: ڕێژەی سەدی ئەوانەی ناوی خەڵکیان لە ڕەگەزەکانی دیکە، وەك دراوسێی ناپەسەند نەهێناوە	پەسەند کردنی لادانی کۆمەڵایەتی: ڕێژەی سەدی ئەوانەی هاوڕەگەزبازی بەهیچ شێوەیەك بە ڕێگەپێدراو دانانێن	نیشاندەری لێبوردەیی
ئەرجەنتین	70	96	64	77
چیلی	76	91	65	77
مۆڵدۆڤا	78	91	44	71
فلیپین	60	79	71	70
سەنغافورە	70	95	45	70
مەکسیك	71	85	52	69
پیرۆ	73	89	44	69
ئەفەریقیای باشوور	74	76	54	68
فەنزەویلا	80	85	39	68
بۆسنە	72	87	28	62
مەقدۆنیا	75	81	27	61

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

چین	73	85	18	59
کۆریای باشوور	65	65	47	59
ئەڵبانیا	80	70	23	58
تەنزانیا	84	83	7	58
هیند	63	58	50	57
قیرغستان	66	82	20	56
ڤێتنام	68	68	26	54
زیمبابۆی	78	80	5	54
ئەردەن	67	80	3	50
نەیجیریا	59	70	22	50
پاکستان	53	94	4	50
ئۆگەندا	57	82	9	49
ئێران	59	76	10	49
تورکیا	61	68	16	48
جەزائیر	54	72	8	45
ئەندونیسیا	63	65	6	45
سعودی	56	65	17	45
بەنگەلادیش	71	28	4	34
میسر	65	34	0	33

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

شیکردنەوەکە ناخوازێت ڕوونکردنەوەی یەکلاکەرەوە لەبارەی خودی وڵاتەکان بخاتەڕوو. چونکە کارێکی لەوجۆرە پێویستی بە داتای وردتر و شێوازی کارامەتر هەیە، وەك ئەوەی من لێرەدا بەکاریدەهێنم، ئەمە سەرباری ئەوەی زەرورییە توێژینەوەی فراوانتر لەسەر هەر دۆخێك بەجیا ئەنجام بدرێ.

ڕۆحی یەکسانی

ڕێك هەروەکو لێبوردەیی، ڕۆحی یەکسانیش زەحمەتە پێوانە بکرێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان"، هێندێك داتا پێشکەش دەکات کە کارئاسانیی لێکۆڵینەوەکە دەکات.

بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی یەکسانی، پێویستە لەسەرمان بپرسین: یەکسانی لە نێوان کێ دا؟ ئەم پرسیارە، زۆر لەو پرسیارە دیاریکراوترە، کاتێك هەڵسەنگاندنی لێبوردەییمان دەکرد و دەمانپرسی: لێبوردەیی بەرامبەر بە چ کەسێك؟ لە کاتێکدا خەڵکانێکی هەمەجۆر، یا ڕەفتاری تاکەکەسی ئەوتۆ هەیە کە دەکرێ یا ناکرێ، خەڵکی لە بەرامبەریاندا لێبوردە بێت، ئەوا ئاستی ئەو گرووپانەش کە دەشێت حەزیان بەیەکسانی بێت، یا نا، زۆر دیاریکراون. ڕۆحی یەکسانی، بەلانیکەمەوە، لە ئێستادا ئەوەندە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە کە ڕووپێوەکان ناچار نەبن ئەو پرسیارە بکەن، داخۆ پێویستە گشت خەڵکی لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بێت، یا داخۆ خودا هەموو مرۆڤەکانی وەکیەك خۆشدەوێت. لەبەر ئەوەی ڕۆحی یەکسانی، تا ئەو ئاستە بڵاوبۆتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی لە هەموو شوێنێك (یا زۆربەی شوێنەکان)دا، بڵێن هەست بەخۆکەمزانین (یا خۆبەگەورەیی)ی خۆڕسکیانەی خۆیان بەرامبەر بە خەڵکانی دی ناکەن.

سەرباری ئەوەش، لە ڕاستیدا تاکە بوارێك بۆ یەکسانی و جیاوازی - ئەوەش ڕەگەزە - بۆ بابەتی توێژینەوەیەك دەمێنێتەوە کە "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان" دەیگرێتەخۆی. لێرەدا پشت بە پرسیارە ڕاستەوخۆکان نابەسترێت، دەربارەی ئەوەی داخۆ ڕەگەزی کەسێك لە ڕەگەزی کەسێکی دیکە باشترە. لە بواری جێندەر و بوارەکانی دی، ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی باوەڕیان بە سۆپەری خۆڕسکانە هەیە، هەروەها ڕووپێوەکان پرسیار لە وەڵامدەرەوەکان ناکەن، داخۆ پێیانوایە گرووپێك بەخۆڕسکی لە گرووپێکی دیکە باشتر بێت. بەڵام "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان"

دەپرسن داخۆ ڕەگەزێك لە سایەی هەلومەرجێکی دیاریکراودا، شایانی ئەوەیە باشتر بێت. جیاوازییەکی گەورە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لەنێو نەتەوەکاندا هەیە.

ڕۆحی یەکسانیی لە نێو دوو ڕەگەزەکەدا، زیاتر قابیلی شیکردنەوەی کولتورییە تا ڕۆحی یەکسانیی لە نێوان گرووپەکانی دیکەدا. بۆ نموونە، زەحمەتە ئەو پرسیارە بکرێ، داخۆ ئەم گرووپە یا ئەم چینە ڕەگەزییە، یا ئەو، شایستەی ئەوەیە مامەڵەیەکی باشتری لەگەڵدا بکرێ، هەڵگۆزینی دەرئەنجامەکان، لەگەڵ ژمارەی کەیسەکاندا دەگونجێت، لەبەر ئەوەی خودی پێکهاتەی چینایەتی و ڕەگەزیی کۆمەڵگەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان جیاوازیان لەگەڵ یەکدا هەیە. بەڵام لە هەموو شوێنێکدا نێرینە و مێینە هەیە و پێکەوە ژیان دەکەن، بەنزیکەیی هەمان ڕێژەیان هەیە (بەنزیکیی یەکسانن). سەرباری ئەوەش، هەر دوو جۆری خەڵکەکە، گەر پێکەوە وەریانبگرین، ئەوا دانیشتوان شەکەت دەکەن و هەر یەکەشیان (یا بەنزیکەیی، هەر هەموویان) دەکەوێتە ئەم گرووپ یا ئەو گرووپەی دیکەوە.

"ڕووپێوی بەها جیهانییەکان"، پرسیار لە وەڵامدەرەوەکان دەکات، داخۆ ڕەگەز لە حاڵەتە دیاریکراوەکاندا، شایانی مامەڵەیەکی باشترە. هەروەها ئەوە پرسیارەش دەکات، داخۆ ڕەگەزێك لە هێندێك بواری ژیاندا، لە ڕەگەزێکی دیکە لێهاتووترە. وەڵامەکەش سەرنجێك لەسەر لایەنێك لە لایەنەکانی ڕۆحی یەکسانی دەخاتەڕوو.

لێرەدا بەدیاریکراوی سێ برگە، داتای بەسوود پێشکەش دەکەن. برگەی یەکەم، دەپرسێت، داخۆ لە حاڵەتێکدا دەرفەتی کار دەگمەن بێت، "پێویستە پیاوان لە ژنان زیاتر مافی بەدەستهێنانی کاریان هەبێت". بە وەڵامدەرەوەکان دەوترا، یا ڕەزامەندی لەسەر ئەو وتەیە دەربڕن یا ڕەتیبکەنەوە. لێرەدا توێژینەوە لەسەر ئەو وەڵامدەرەوانە دەکەم کە ڕازی نین لەسەر ئەوەی وتەکە پێوەرێك بێت بۆ ڕۆحی یەکسانی.

بەڵام برگەی دوو دەپرسێت؛ داخۆ "زانکۆ زیاتر بۆ کوڕ تا کچ گرنگترە". لە بارەی ئەم برگەیەوە پرسیار لە وەڵامدەرەوەکان کراوە، داخۆ لەگەڵ ئەم وتەیەدا "بەتەواوەتی ڕازین"، یا "ڕازین"، یا "ناڕازین"، یا "بەتەواوەتی ناڕازین". لێرەدا توێژینەوە لەسەر ڕێژەی ئەوانە دەکەم کە "ناڕازین"، یا "بەتەواوەتی **ناڕازین**"، ئەم

وتەیە نیشانەیەك بێت لەسەر رۆحی یەكسانی. بەڵام لە بڕگەی سێیەمدا دەپرسێت؛ داخۆ "پیاوان بۆ سەركردەی سیاسیی لە ژنان باشترن". هەروەكو بڕگەی پێشوو، داوا لە كەسەكان كراوە، وەڵامێك لە چوار وەڵامەكەی پرسیارەكە بدەنەوە. سەرلەنوێ توێژینەوە لەسەر ڕێژەی ئەوانە دەكەم كە "ناڕازین"، ئەوانەشی "بەتەواوەتی ناڕازین"، وەك پێوەرێك بۆ رۆحی یەكسانی.

خشتەی 3-2 داتاكان ڕوون دەكاتەوە. بەڵام سەمپڵی وڵاتەكان هەمان ئەو سەمپڵەن كە لە هەڵسەنگاندنی لێبوردەیی پێشوودا هاتووە. ستوونەكەی ئەوپەری چەپ، تێكڕای خاڵەكانی هەر سێ بڕگەكە دەخاتەڕوو، لێرەدا ناوی "نیشاندەری یەكسانی" لێنراوە. هەروەكو حاڵەتی نیشاندەری لێبوردەیی، نیشاندەری یەكسانیش، نیشانەیەكی نزیكەییە. وڵاتان بەپێی ئەو خاڵانە ڕێكخراون كە لە نیشاندەری یەكسانیدا بەدەستیان هێناوە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

خشتەی 3-2: نیشاندەرەکانی رۆحی یەکسانی

دامەزراندن: ڕێژەی سەدیی ئەوانەی ناڕازین لەگەڵ ئەو وتەیەی دەبێ پیاوان لە ژنان زیاتر دەرفەتی کاریان پێ بدرێ لە ژنان.	پەروەردە: ڕێژەی سەدیی ئەوانەی ناڕازین یا بەتەواوەتی ناڕازین لەگەڵ ئەو وتەیەی کە زانکۆ بۆ کوڕ گرنگترە تا کچ.	سەرکردەی سیاسی: ڕێژەی سەدیی ئەوانەی ناڕازین یا بەتەواوەتی ناڕازین لەگەڵ ئەو وتەیەی پیاوان بۆ سەرکردەی سیاسی باشترن لە ژنان.

ولات				نیشاندەری یەکسانی
پیرۆ	66	78	73	72
ئەرجەنتین	60	82	73	72
بۆسنە	47	81	66	65
فەنزەویلا	52	84	58	65
تەنزانیا	54	84	55	64
سەنگافورە	53	84	48	62
ئەفەریقیای باشوور	55	79	52	62
زیمبابۆی	54	81	45	60
چیلی	51	68	58	59
چین	40	87	46	58
مەقدۆنیا	34	85	56	58
مەکسیك	55	64	55	58
ئەڵبانیا	31	81	45	52
ئەندونیسیا	39	81	37	52
ئۆگەندە	48	76	31	52

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ڤێتنام	43	72	41	52
قیرغستان	39	72	42	51
کۆریای باشوور	26	73	47	49
مۆڵدۆڤیا	37	71	36	47
پاکستان	18	74	50	47
تورکیا	31	70	36	46
جەزائیر	20	69	29	39
هیند	28	50	36	38
فلیپین	15	62	37	38
ئێران	22	57	30	36
نەیجیریا	30	55	20	35
ئوردن	12	61	13	29
بەنگەلادیش	16	37	32	28
میسر	0	69	16	28
سعودییە	9	37	24	26

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

لێبوردەیی، یەکسانی و مەیلی گشتی بەرامبەر بە دیموکراسی

بۆ ئەوەی مەیل و خواستی گشتیی کولتور بەرامبەر بە دیموکراسی هەڵسەنگێنین، دەبێ خشتەیەك دروست بکەیت کە لێبوردەیی و رۆحی یەکسانی بگرێتەوە. خشتەی 3-3 ئەو ئامانجە دەپێکێت. لێبوردەیی تەوەرەی ستونی دەنوێنێت، بەڵام یەکسانی تەوەرەی شاقووڵی دەنوێنێت. خاڵەکانی نیشاندەری لێبوردەیی بەکارهاتووە، هەروەکو لە خشتەی 3-1و خاڵەکانی نیشاندەری یەکسانی، هەروەکو لە خشتەی 3-2 ڕوون کراونەتەوە، بۆ ئەوەی وڵاتان لە هەموو ڕەهەندێکەوە بە ئاست بەرز، مامناوەندی و نزم-ی ڕیزبەندی بکرێن. لە خشتەکەدا نۆ خانە هەیە. خانەی ژمارە (1) ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە خاڵی بەرزیان لە لێبوردەیی و یەکسانیدا بەدەست هێناوە. ئەو وڵاتانە باشترین هەلومەرجیان بۆ حکومەتێکی کراوە هەیە. بەڵام خانەی ژمارە (2) (لێبوردەیی بەرز/ یەکسانی مامناوەندی)، ژمارە (4) (لێبوردەییەکی مامناوەندی/ یەکسانییەکی بەرز)، هەروەها هەلومەرجێکی کولتوریی لەباریان هەیە، بەڵام خانەی ژمارە (3) (لێبوردەیی مامناوەندی/ یەکسانی نزم)، هەلومەرجێکی کولتوریی ناکۆك و دژبەیەکیان هەیە. بەڵام خانەی ژمارە (9) (لێبوردەییەکی نزم/ یەکسانییەکی مامناوەندی)، هەلومەرجێکە کەمتر هانی دیموکراسییەت دەدا. خانەی ژمارە (6) (لێبوردەیی مامناوەندی/ یەکسانی نزم)و خانەی ژمارە (8) (لێبوردەیی نزم/ یەکسانی مامناوەند)، بەگشتی ژینگەیەکی کولتوری نالەباریان هەیە.

خشتەی 3-3 خواستی گشتی بەرامبەر بە دیموکراسی، هەڵسەنگاندنەکە لەسەر بنەمای خاڵەکانی لێبوردەیی و یەکسانی ئەنجام دراوە

		یەکسانی		
		بەرز	مامناوەند	نزم
لێبوردەیی	بەرز	ئەرجەنتین، چیلی، پیرۆ، مەکسیک، ئەفەریقیای باشوور، فەنزەویلا (1)	مەکسیک مۆڵدۆڤیا (2)	فلیپین (3)
	مامناوەند	بۆسنە تەنزانیا زیمبابۆی قیرغیستان مەقدۆنیا پاکستان ڤێتنام (4)	ئەلبانیا چین، کۆریای باشوور (5)	هیند ئوردن نەیجیریا (6)
	نزم	(7)	ئەندونیسیا تورکیا، ئۆگەندا (8)	جەزائیر بەنگەلادیش میسر، ئێران سعودییە (9)

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

جگە لە خانەی یەك، گشت خانەکانی دی، بەلانیکەمەوە یەك حاڵەتیان تیایە. تەنها خانەی ژمارە (7) هیچی تیانییە. دەشێت مرۆڤ لە سەرەتادا بڵێت؛ وڵاتانی خانەی ژمارە (1)، بەشێوازێکی تەماویتر، لە خانەی ژمارە (2)و خانەی ژمارە (4) ژینگەیەکی لەبارن بۆ دیموکراسی. بەڵام وڵاتانی خانەکانی (6)و (8) جۆرە کولتورێکیان هەیە کە دەشێت بۆ حکومەتێکی کراوە لەبار نەبن. ئەمە لەکاتێکدا خانەی ژمارە (9)، ئەو وڵاتانە لەخۆدەگرێ، کە ڕەنگە لە ڕوانگەی کولتورییەوە، لەو وڵاتانە بن، زیاتر بەرهەڵستی دیموکراسی بکەن.

پێویست پۆلێنکردنی وڵاتە دیاریکراوەکان، بە پۆلێنکردنێکی سەرەتایی دابنرێت. ئەو داتایانەی بۆ پۆلێنکردنی وڵاتان بەکاردەهێنرێن، کەموکورتییەکی زۆریان تیایە، هەروەها بەهەموو بەدڵنیاییەکەوە، هەڵبژاردنی نیشاندەرەکان، لەنێو ئەو داتا بەردەستانەیە کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری ببنەوە. بەڵام لەوانەیە ئەو کارەی ئەنجامدمان داوە، لە ناوکۆیەکی بەراوردکاریدا، شێوازی بناغەدانانی هێندێك پێشبینی سەرەکی، دەربارەی بەرپرسیارێتی کولتورەکان بەرامبەر دیموکراسی ڕوون بکاتەوە.

هەڵسەنگاندنی خواستی کولتوری بەرامبەر پشتگیریکردنی دەرەکی بۆ دیموکراسی

ڕەنگە خواستی کولتوریی وڵاتێك بەرامبەر بە دیموکراسی فاکتەرێکی دیاریکراو بێت، بۆ ئەوەی ئەگەری بەدیموکراتیزەکردنێکی کاراو چالاك ڕوو بدات، بەڵام تاکە لایەنی کولتور نییە کە دەبێ پاڵپشتیکارە شیمانییەکانی دیموکراسی لەبەرچاوی بگرن. تەنانەت ڕەنگە لەو کۆمەڵگایانەش کە کولتورەکەیان ئاستێکی بەرزی لە لێبوردەیی و/ یا یەکسانی هەیە، ئەدگاری کولتوری دیکەی هەبێت، بیکات بە شوێنێکی خراپ بۆ کارکردنی پاڵپشتیکارە دیموکراسییە بیانییەکان. سەرباری توێژینەوەی ئەوەی داخۆ کولتورەکە خۆی لە خۆیدا بە شێوەیەکی پۆزەتیف مەیلی بەلای دیموکراسیدا هەیە، ئەوا پێویستە لەسەر پاڵپشتیکارانی بیانی، توێژینەوە لەسەر ئەوە بکەن داخۆ کولتورێك لە کولتورەکان ئەوەندە کراوەیە تا یارمەتی و هاوکاری لە دەرەوە وەربگرێت. هەروەها خەسڵەتی ناسیونالیستیش پرسێکی

یەکلاکەرەوەی هەیە، بۆیە زەروورییە ئەوە بزانین تا چ مەودایەك ناسیونالیزمی وڵاتێك، لایەنی بیانی لە پرۆسەکەدا قبوولٚ دەکات. هەروەها پێویستە بە شێوەیەکی زۆر دیاریکراوتر لەو پرسە بڕوانین کە ئایا تا چ ئاستێك ناسیونالیزم بەشداریکردنی چالاکوانانی ئەو وڵاتانە قبووڵ دەکات کە پرسی پشتگیریکردنی دیموکراسی لەئەستۆ دەگرن؟.

مەسەلەی یەکەم، بەشێوەیەکی گشتی زیاتر پەیوەستە بەوەی ئازادی دەستوەردانی دەرەکی لە سیاسەتی ناوخۆدا تا چ مەودایەك لەلایەن ناسیونالیزمی وڵاتێکەوە ڕێگە پێدراوە. لە هێندێك کۆمەڵگەدا، زیاتر لە کۆمەڵگەکانی دی، خەڵکی، بەگشتی، گومانیان لە دەسەڵاتی بێگانە هەیە. خەسڵەتی ناسیونالیزم، نەك هێز و تواناکەی، بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبەیە.

لێرەدا مەسەلەکە، بە فۆرمە سنوردارەکەیەوە، پەیوەستە بە ئاراستەی ناسیونالیزم بەرامبەر ئەو چالاکوانە بیانییە دیاریکراوانەی بەشداری لە پشتگیریکردنی دیموکراسیدا دەکەن، چونکە پشکی شێر لە بڕەودان بەو هەوڵانە پەیوەندی بە چەند وڵاتیکەوە هەیە لە باکووری ئەمەریکا و باکووری خورئاوای ئەوروپا، ئەوەش گرووپێکە و کۆلێکتیڤانە بە "باکووری خۆرئاوا" ئاماژەی پێدەدەم. بۆیە ئاراستەی ناسیونالیزمی وڵاتە بەئامانجکراوەکە بەرامبەر بەو دەسەڵاتەی لە باکووری خۆرئاواوە سەرچاوە دەگرێ، گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

گفتوگۆیەکەی دواتر، سەرەتا، مەسەلە گشتییەکەی ناسیونالیستە هەمەچەشنەکان چارەسەر دەکات. پاشان بەشێوەیەکی تایبەتی باسی ئاراستەی ناسیونالیزم دەکات بەرامبەر بەو لایەنانەی کە هاوکاریکردنی دیموکراسی دەستەبەر دەکەن.

ناسیونالیزمی توند و ناسیونالیزم نەرم

ئەستەمە بەوردی جۆرێتی ناسیونالیزم ئەندازەگیری بکرێ، بەڵام دیدگایەکی فراوانی بەراوردکار، لەگەڵ بوونی ئیرادەیەك بۆ سڕکردنی گومانە زانستییەکانمان کە بەئەندازەی پێویست دەرفەت بۆ تێگەیشتنێکی دروست دەڕەخسێنێت، دزە بۆ شیکارییەکانمان بکات، دەتوانێت هێندێك گشتاندنی بەسوود بکات.

سەرباری ئەوەی ڕەنگە دیدوبۆچوونەکان لەم بارەیەوە هەمەڕەنگ بن، بەڵام زۆرێك لە چاودێران کۆکن لەسەر ئەوەی کە ناسیونالیستە فرەنسی، یا چینی، یا ڕوسەکان، لەمەڕ سەربەخۆیی نیشتمانییان زیاتر لە ناسیونالیستە ئیتاڵی، یا تایلەندیی، یا ئەندەنوسییەکان پەرۆشترن. لێرەدا مەسەلەکە پەیوەست نییە بەهێز و توانای ناسیونالیزمەوە. ئەم نووسەرە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، دوای جێنشینی لە ئێتاڵیا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە هیچ میللەتێك ئەوەندەی میللەتی ئیتاڵیی، شەیدای وڵاتەکەی خۆی نییە و کەمتر بایەخ و گرنگی بە وڵاتانی دی دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا، ناسیونالیزمی هاوچەرخی ئیتاڵیا، ترسی لە دەسەڵات و کاریگەری بیانی نییە، بەڵام ناسیونالیزمی فرەنسی بەتەواوەتی جیاوازە. یاساکانی فرەنسا هەوڵ دەدەن زمانی ناسیونالیستی لە وشەی بیانی پاك بکەنەوە، هەروەها کاریگەری بیانیی لەسەر کولتوری فرەنسی سنووردار بکەن. بەڵام بوونی یاسای لەوجۆرە لە ئیتاڵیا وێنا ناکرێت، بەلانیکەمەوە بەو قەوارەیەی لە فرەنسادا هەیە. سەرباری ئەوەی ئیتاڵییەکان بە ئەندازەی فرەنسییەکان وڵاتەکەی خۆیان خۆش دەوێت، بەڵام زەحمەتە دەربارەی زەرورەتی هەبوونی بەربەستێکی ئەتۆمی نیشتمانیی سەربەخۆ، وێنای بەدەستهێنانی کۆدەنگییەکی بەردەوام، لە ئیتاڵیا بکرێت.

سیمای ناسیونالیزم ئاماژەی ڕاستەقینەی کارلێکی نێونەتەوەییە. بۆ نموونە، ناسیونالیزمی فرەنسی ئاڵەنگارییەکی هەمیشەیی بۆ یەکێتی ئەورووپا و دامەزراوەکانی پێکدەهێنێت. بەڵام ناسیونالیزمی ئیتاڵی ئاڵەنکارییەکی لەوجۆرە دروست ناکات و لەگەڵ ناسیونالیستی ئەورووپی بانیشتمانیدا دەسازێت. بۆیە دەشێت بەشێوەیەکی ڕێژەیی بوترێ، ناسیونالیزمی فرەنسی بەرامبەر دەستوەردانی بیانی توندە، کەچی ناسیونالیزمی ئیتاڵی بەرامبەر هەمان هەڵوێست نەرمە.

ئاسیا ماددەیەکی خاو بۆ گشتاندنە چوونیەك و گونجاوەکان دابین دەکات.

جۆرج کینان دەڵێت (George Kennan): "بە بۆچوونی من چینییەکان، فرەنسییەکانی ئاسیان. هەر دوو میللەتەکە لە گەلێك ڕووەوە لەیەکدەچن. دوو میللەتن شانازی بەخۆیانەوە دەکەن. هەردوولایان وشیاریی ئەوەیان هەیە کە خاوەن دابونەریتی کولتورێکی مەزنن. لە ڕاستیدا هەر دوولایان حەزیان بە خەڵکانی بیانی نییە، یا بەلانیکەمەوە، پێیان خۆش نییە، بیانی لەنێویاندا هەبێت. هەروەها پێیانخۆشە بەتەنیا هەر خۆیان بن" (ئۆڵمان 1999؛ بڕوانە گرایس 2003). لێرەدا وێنەیەکی نموونەیی ناسیونالیزمی دڕکاوی و توندمان هەیە. لەلایەکەوە، بۆ نموونە، هەرگیز لە هیچ شتێکدا لەو ناسیونالیزمە تایلەندییە ناچێت کە کینان وەسفی کردووە. تایلەندییەکان بەپەرۆشەوە وڵاتەکەی خۆیان خۆشدەوێت، بەڵام ناسیونالیستییەکەیان خۆی لە ئاهەنگەکانی ڕۆژی لە دایکبوونی پادشا و شانازیکردن بە دەسکەوتەکانی تایگەر وودز دا بەرجەستە دەکات (Tiger Woods؛ ڕۆژنامەوانی تایلەندیی پێی دەڵێت "یاریزانی گۆڵفی تایلەندی" - ئالدریك توونت وودز، یاریزانی گۆڵفی ئەمەریکییە، پاڵەوانی پێشووی جیهانە و دایکی تایلەندییە)، نەك سڵ لەدەستوەردانی بیانی بکەنەوە و دژی بوەستنەوە. بەوەش ناسیونالیزمی چینی مەیلێکی توندی هەیە، بەڵام ناسیونالیزمی تایلەندی مەیلێکی نەرمی هەیە.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

کاری مەیدانی گەورە و فراوان لە دوو گەورەترین وڵات کە لە دواچارەکی سەدەی بیستەمدا، بەشدارییان لە شەپۆلی بەدیموکراتیزەکردن کردووە، بۆ من مایەی چێژ و لەزەت بوو. لە ڕوسیا، دڵنیابووم لەوەی کە هێندێك لەو دەستەبژێرانەی چاو پێکەوتنم لەگەڵدا کردبوون، پێیانوابوو سیخوری ئاژانسی هەواڵگری نێوەند-یم (CIA)، تەنانەت ئەو کەسانەشی بە دۆستی خۆمم دەزانین، ترسیان هەبوو لووت لە سیاسەتی وڵاتەکەیان بژەنم. گومانیان هەبوو لەوەی کە دەموت تەنها چاودێرێکی سەر بە زانکۆم، (لە ڕاستیشدا هەر بەوجۆرە بوو). بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، هەرگیز هەستم نەدەکرد، هیچ کەسێك لە ئەندەنوسیا گومانی لە ناسنامەکەم هەبووبێت، یا گرنگی بە شتێك بدەم کە نەموتبێت. پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئاڵا دوو ڕەنگەکە، سوورو سپی، هەمان وابەستەیی و سۆز لە نێو ئەندەنوسییەکاندا دەوروژێنێت کە ئاڵا سێ ڕەنگەکە، سوورو سپی و شین، لە نێو ڕوسەکاندا دەیوروژێنێت. سەرباری ئەوەش، ڕۆحی ناسیونالیزم بە ئەندازەی ڕۆحییەتی نێو ڕوسەکان بەهێزە. هەروەها

سوکایەتی کردن بە حکومەتی ئەمەریکا لە ئەندەنوسیا بەهێزترە تا ڕوسیا. ئەو سوکایەتی کردنەش بەهۆی ئەو هەستە ئایینییەوە زیاد دەکات کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵمەتێکی جیهانی دژ بە ئیسلام ئەنجام دەدا. بەگشتی ئەندەنوسییەکان، بەپێچەوانەی ڕوسەکانەوە، بەچاوی گومانەوە لە کاریگەری بیانی ناروانن. بۆیە ناسیونالیزمی ڕوسیی توندە، کەچی ناسیونالیزمی ئەندەنوسیا نەرمە.

نابێت پێکهاتەی نەتەوەیی بەزەرورەت وادابنرێت قابیلی گوڕان نییە. سەد ساڵ لەمەوبەر ناسیونالیزمی ئەڵمانی توند بوو. بەڵام وانەکانی سەدەی پێشو وایانلێکرد نەرم بێت. لە کاتێکدا ناسیونالیزمی ڕوسی لە چەندین سەدەی ڕابردوودا توند بووە، بەڵام لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستو یەکدا، لە سەردەمی داڕوخانی یەکێتی سۆڤێتدا توندتر بووە.

سەرباری ئەوەش، بەلانیکەمەوە، لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، دەشێت گشتاندنە بەراوردکارییە بانیشتمانییەکان دەربارەی خەسڵەتی ناسیونالیستی ئەنجام بدرێت. لەبەر ئەوەی گرنگی بە ماوەیەکی دیاریکراو دەدەین، واتە سەرەتاکانی سەدەی بیستو یەك، بۆیە دەکرێ ئەوجۆرە گشتاندنە ئەنجام بدرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی پێویستە بەوریاییەوە ئەو کارە بکەین.

سەرباری ئەوەش، پێکهاتەی ناسیونالیزم بەزەرورەت کار لە ئەگەری ڕوودانی بەدیموکراتیزەکردن ناکات، چونکە هەر دوو جۆرەکەی ناسیونالیزم لەگەڵ حکومەتی کراوەدا ناکۆك و دژبەیەك نیین. دیموکراسی بە بوونی ناسیونالیزمێکی توند لە فرەنسا و بەبوونی ناسیونالیزمێکی نەرم لە ئیتاڵیا، گەشە دەکات. بەهەمان شێوەش هەر یەك لەو دوو ناسیونالیزمە، بەزەرورەت حکومەتی کراوە ناپارێزن. دیموکراسی لە ڕوسیای ناسیونالیزمی توند و تایلەندی ناسیونالیزم نەرم بەئامانج نەگەیشت. بەڵام ڕەنگە ناسیونالیزمی توند لە چین لەناوبەر یا خێروبەرەکەت بێت بۆ بەدیموکراتیزەکردن. لە ڕاستیدا، ڕەنگە بە هەر دوو ئاراستەکەشدا بڕوات، یا لەوانەیە هەرگیز کاریگەری نەبێت. هەروەها دەکرێ هەمان شت لە بارەی ناسیونالیزمی نەرمی ئەندەنوسیاشەوە بوترێت.

سەرباری ئەوەش، ئیدی چ ناسیونالیزمی توند بێت یا نەرم، کاریگەری لەسەر چالاکییە شیمانەییەکەی هەوڵ و کۆششەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسیی

چالاکوانە بیانییەکان دەبێت. ئەو وڵاتانەی ناسیونالیزمێکی توندیان هەیە، بەزۆری گرەوێکی خراپن بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی. بە چاوی گومانەوە لە پشتگیریکارانی دیموکراسی دەڕوانن، ئیدی نییەت و نیازیان هەر چییەك بێت. ڕەنگە پەیوەندی پێوەکردنیان ئەو هێزانە لاواز و بنکەن بکات کە لایەنە دەرەکییەکان هەوڵ دەدەن هاوکاری و کۆمەکیان بکەن، چونکە ئەو هێزانە بەدۆست و هاوڕێی لایەنە مشەخۆرەکان دادەنرێن. بۆیە، دەشێت بکەرە سیاسییە جیدییەکانی وڵاتە بەئامانجکراوەکان، بەهەموو جۆرێك خۆیان بەدوور بگرن، پەیوەندی لەگەڵ بیانییە پشتگیریکارەکانی دیموکراسیدا ببەستن.

بەڵام بەدڵنیاییەوە، هەمیشە لە وڵاتە بەئامانجکراوەکەدا کەسێك هەیە، ئامادەیی وەرگرتنی هاوکارییە دەرەکییەکانی تیابێت. بەزۆری ئەمەریکی و ئەوروپییەکان، ئەوانەی لە بواری پشتگیریکردنی دیموکراسیدا کار دەکەن، ئاماژە بەو ڕاستییە دەدەن، بۆ ئەوەی پاساو بۆ کارەکانیان بهێننەوە و بڵێن دەبێ لە هەموو وڵاتێکدا کار بکەن، ئەوانە پێیانوایە، ئەو کەسانەی هاوکارییەکان وەردەگرن، تەنانەت گەر بە ئاشکراش پەیوەندیی خۆیان بە بیانییەکانەوە ڕەتبکەنەوە، ئەوا ڕاستیدا، پێویستیان بەو هاوکارییانە هەیە و بەرزدەینرخێنن و سوودی لێوەردەگرن. بەڵام هێندێك کەڕەت، وادیارە پشتگیریکارانی دیموکراسی لەوە تێناگەن کە ئەو تاکە هێزەی بەپەرۆشەوە هاوکارییەکان قبووڵ دەکات، پاشان ئاکامەکەی لەسەر ناو و ناوبانگیان دەکەوێت، دەشێت لەو هێزە سیاسییانە بن کە قورساییەکی ئەوتۆیان نییە، واتە تەنها گەمەکارێکی بچوکن و لێزانانە هاوکارییە بیانییەکان کۆدەکەنەوە. ئەو کارەش دەشێت سەرچڵییەکی گەورە بێت، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی ناسیونالیزمێکی توندیان هەیە. بەڵام گەر ناسیونالیزمێکی نەرمیان هەبێت، ئەوا تێچووی پەیوەندیکردن بە بیانییەکانەوە، ڕەنگە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت و لەوانەیە هەر بەڕاستی بکەرە سیاسییەکان پێشوازی لە هاوکارییە بیانییەکان بکەن و سوودی لێوەربگرن.

ناسیونالیزم و پشتگیریکارانی دیموکراسی

خەسڵەتە گشتییەکەی ناسیونالیزم، یەکێکە لە لایەنەکانی کولتورێك کە پشتگیریکردنی دەرەکیی بۆ دیموکراسی پەسەند بکات. بەڵام لێرەدا مەسەلەیەکی جیاوازی پەیوەندیدار هەیە، ئەویش ناسیونالیزمی وڵاتە بەئامانجکراوەکە تا چ ئاستێك ئەو بکەرە بیانییانە قبووڵ دەکات کە لە بواری پشتگیریکردنی دیموکراسیدا کار دەکەن، چونکە بنچینە و بنەچەی ناسیونالیزم گرنگییەکی زۆری بۆ پشتگیریکاری دیموکراسی هەیە. ئەگەر ناسیونالیزمی وڵاتێك بە چاوی گومانەوە لە ڕێکخراوێکی بیانی بڕوانێت، ڕەنگە هەوڵ و کۆششی پشتگیریکارانی دیموکراسی بێبەر بێت، یا ڕەنگە دەرئەنجامی خراپ و زیانبەخشی لێبکەوێتەوە. بەڵام گەر ناسیونالیزمی وڵاتە بەئامانجکراوەکە دۆستانە بێت، بەرامبەر ئەو وڵاتەی بیانییەکانی لێوە دێت، ئەوا ژینگە کولتورییەکیە کێشە لە ڕێی پشتگیریکارانی دیموکراسی دروست ناکات.

بەپراکتیکی، گشت هەوڵەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسی لە باکووری خۆرئاواوە سەرهەڵدەدەن، ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بە پێشەنگی ئەم مەیدانە دادەنرێت. ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی کە بەشێکە لە وەزارەتی دەرەوە، ئەمە بێجگە لە ڕێکخراوی ناحکومیی وەك "پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی" و "پەیمانگەی کۆماریی نێونەتەوەیی"، کە لەڕووی سەرچاوە و ڕوومالّی جیهانییەوە، ڕێکخراوەکانی ئەمەریکا بەرێوەدەبەن. هەروەها "پەیمانگەی کۆمەڵگەی کراوە"ی سەر بە دامەزراوەی "سۆرۆس" کە بەزۆری لە وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیستدا کار دەکات، لەم ساڵانەی دواییەدا نووسینگەی لە چەندین شوێنی دیکەی جیهاندا کردۆتەوە. "دامەزراوەی ئاسیا" کە بارەگاکەی لە سان فرانسیسکۆ-یە، پشتگیری پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن لە خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵات و باشووری ئاسیا دەکات. سەرباری دەیان ڕێکخراوی دیکەی ئەمەریکی و چەند گرووپێکی کەنەدی، بە "ئاژانسی کەنەدی بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی"شەوە، لە دەرەوە کار لەسەر پشتگیریکردنی دیموکراسی دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا هێندێك ڕێکخراو بە تایبەتی کار لەسەر ئەرکی بەدیموکراتیزەکردن دەکەن.

زۆربەی ڕێکخراوەکانی دی، بارەگایان لە باکووری خۆرئاوای ئەوروپادا هەیە. لەم مەیدانەدا ئەڵمانیا بە پێشەنگی ئەوروپا دادەنرێت. هەر حیزبێك لە

حیزبە سەرەکییەکان، لقێکی نێودەوڵەتی هەیە، هاوبەشی لەگەڵ لایەنە چالاکەکانی دەرەوە دەکات کە هەمان پرەنسیپەکانی حیزبی ئەڵمانی تەبەنی دەکەن. لەو ڕێکخراوە سەرەکییانەش "دامەزراوەی فرێدریچ ئیبێرت"ی سەر بە حیزبی سۆسیال دیموکراتە کە لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا، یارمەتی سۆسیال دیموکراتەکان (یا هاوتا نزیکەکانیان) دەدات، هەروەها "دامەزراوەی کۆنراد ئیدناوەر"ی سەر بە حیزبی دیموکرات مەسیحی کە هەمان کاری دیموکراتییە مەسیحییەکان دەکات (یا هەر ڕێکخراوێکی ڕاستی میانڕەو کاری لەگەڵدا بکات). هەروەها ڕێکخراوە بریتانی و ئەسکەندەناڤییەکانیش بەشێوەیەکی فراوان دەرکەوتوون، وەزارەتی گەشەسەندنی نێودەوڵەتی بریتانی بەشداری لە بەرنامەکانی پشتگیریکردنی سیستمی حوکمڕانی و دیموکراسی دەکات. "دامەزراوەی وێستمینستەر بۆ دیموکراسی"و "کۆمەڵەی کۆمنۆڵسی پەرلەمانی"، بەتایبەتی فۆکس دەخەنەسەر پشتگیریکردنی پەرلەمانەکان، هەروەکو ڕێکخراوی "سیدا"ی سویدی دەیکات. بەڵام لەسەر ئاستی گشت ئەوروپا، یەکێتی ئەوروپا بەرێوەبەرایەتی پشتگیریکردنی دیموکراسی دامەزراند و کۆمیسۆنی ئەوروپاش، ڕێکخراوەکانی بەدیموکراتیزەکردن و مافەکانی مرۆڤی دامەزراند.

هەموو ئەو وڵاتانەی سەرچاوەیان هەیە، بەوجۆرە کار لەسەر پشتگیریکردنی دیموکراسی ناکەن. لەکاتێکدا زۆرێك لە ڕێکخراوە ئەمەریکی، بریتانی، ئەڵمانی و ئەسکەندەناڤییەکان هەوڵ دەدەن لە دەرەوە پشتگیری دیموکراسی بکەن، ئەوا دیموکراسییە دەوڵەمەندەکان، ڕێکخراوی لەوجۆریان نییە تا لەو مەیدانە کاری دەرەوەیی بکەن. لەوانەیە فرەڕەنگی کولتوریی جیهانی پیشەسازی پێشکەوتوو، هۆکاری جیاوازی سیاسەتەکانیان بێت. ئەو مەسەلەیە لێرەدا چارەسەر ناکرێ، بەڵام ئەوەی مایەی بایەخپێدانە، تێبینی ئەوە بکرێ کە وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی، کاری پرۆتستانتی ئەوروپایە. سەرباری ئەوەی فەرەنسی، ئیتاڵی، ژاپۆنی و تایوانییەکان، هاوکاری دەرەکی گەورە پێشکەش دەکەن، بەڵام پشتگیریکردنی دیموکراسی، برگەیەکی گرنگیی کارنامە (ئەجێندا) دەرەوەی ئەو وڵاتانە نییە. لەگەڵ ئەوەی حکومەتی فەرەنسی بەم دواییانە بواری "سیستمی حوکمڕانی" هێنایەگۆرێ، بەڵام ئەو بەرنامەیەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە جێبەجێی دەکات، سەرەتا و پێش هەموو شتێك، دەخوازێت "شەرعییەتی دەوڵەت" بۆ وڵاتە گەشەسەندووەکان

بگێڕێتەوە. هەوڵەکانی لە بواری سیستمێکی حوکمڕانی باشتردا، بەتەواوەتی تێکەڵ بەهاوکارییە تەکنیکی و پەرەپێدانەکانی دەبێت. حکومەتی فرەنسا و ڕێکخراوە فرەنسییەکانی دیکە، خۆی لە خودی پشتگیریکردنی دیموکراسی بەدوور دەگرێت (ستراتیجییەتی حوکمڕانیی هاوکاری فرەنسی 2007).

لەبەر ئەوەی قەوارەی پشتگیریکردنی دیموکراسی لە باکووری خۆرئاوا سەرهەڵدەدا، بۆیە ئاراستەی ناسیونالیزمی وڵاتە وەرگرەکە بەرامبەر باکووری خۆرئاوا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەگەر ناسیونالیزمی وڵاتە وەرگرەکە بە شێوەیەکی باش ڕوو لە باکووری خۆرئاوا بێت، ئەوا پشتگیریکارانی دیموکراسی، ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی کولتوریی کەمتر دەبنەوە، بەراورد بەو وڵاتانەی کە ناسیونالیزمەکەی گومانی لە ڕاز و نیازی باکووری خۆرئاوا هەیە.

هەڵسەنگاندنی جۆرێتی ناسیونالیزم

هەڵسەنگاندنی جۆرێتی ناسیونالیزم کارێکی زۆر قورس و زەحمەتە. ئەو کارە پێویستی بڕیاردانی نووسەر و ڕەزامەندی خوێنەر هەیە. ئەو جیاکارییە ڕەهایانەی لەلاپەرەکانی داهاتوودا دەخرێنەڕوو، بەرۆحییەتی ئەزموونی فیکریی ئەنجام دراون و بەمەبەستی ئەوەی وەك خۆی وەربگیرێت.

خشتەی 4-3 زانیاری لەبارەی ئاراستەی ناسیونالیزمی ئەو وڵاتانە لەخۆگرتووە کە هێشتا توێژینەوەیان لەسەر دەکرێ. ستوونی لای ڕاست هەڵسەنگاندنە دەربارەی ئەوەی داخۆ باشترە ناسیونالیزمی وڵاتێك بە توند وەسف بکرێ (واتە بەرهەڵستی کارتێکردنی بیانی دەکات)، یا بە نەرم (واتە کارتێکردنی بیانی قبووڵ دەکات). ئەو داتایانەی لێرەدا بەکارهاتوون، تەنها هەڵگۆزینێکە لە سەرچاوە لاوەکییەکانەوە وەرگیراوە، ئەمە جگە ئەزموونە کەسایەتییەکانی نێو بوارەکە.

خشتەی 3-4: ئاراستەی ناسیونالیزم

وڵات	کاراکتەری ناسیونالیزم: ئاراستەی بەرامبەر کارتێکردنی دەرەکی بەشێوەیەکی گشتی (توند بەرامبەر نەرم)	ئاراستەی ناسیونالیزم بەرامبەر پشتگیریکارانی دیموکراسی بەتایبەتی (لەبار بەرامبەر نالەبار)
ئەرجەنتین		ناله
ئوردن	توند	نالەبار (-58)
ئەڵبانیا	نەرم	لەبار (بەردەست نییە)
ئەندەنوسیا	نەرم	نالەبار (-37)
ئۆگەندا	نەرم	لەبار (+45)
ئێران	توند	نالەبار (بەردەست نییە)
پاکستان	توند	نالەبار (-53)
بەنگەلادیش	نەرم	لەبار (+12)
بۆسنە	نەرم	لەبار (بەردەست نییە)
پیرۆ	نەرم	لەبار (+30)
تورکیا	توند	نالەبار (-74)
چیلی	توند	لەبار (+20)
تەنزانیا	توند	لەبار (+7)
جەزائیر	توند	نالەبار (بەردەست نییە)
ئەفەریقیای باشوور	نەرم	لەبار (+31)
زیمبابۆی	نەرم	لەبار (بەردەست نییە)
سعودییە	توند	نالەبار (بەردەست نییە)
سەنغافورە	توند	لەبار (بەردەست نییە)
چین	توند	نالەبار (-23)
فلپین	نەرم	لەبار (بەردەست نییە)
فەنزەویلا	نەرم	لەبار (+16)

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ڤێتنام	توند	نالەبار (بەردەست نییە)
قیرغستان	نەرم	لەبار (بەردەست نییە)
کۆریای باشوور	توند	لەبار (+20)
میسر	توند	نالەبار (-57)
مەقدۆنیا	توند	لەبار (بەردەست نییە)
مەکسیك	توند	لەبار (+15)
مۆلدۆڤا	نەرم	لەبار (بەردەست نییە)
نەیجیریا	نەرم	لەبار (+43)
هیند	توند	لەبار (+31)

ستوونی لای چەپ، دیدوبۆچوونێك دەخاتەڕوو، دەربارەی ئەوەی داخۆ ناسیونالیزمی وڵاتێك، بەشێوەیەکی گشتی، بەرامبەر بە باکووری خۆرئاوا، لەبارە یا نالەبارە. لێرەدا پشت بە سەرچاوەکان دەبەستم. یەکێك لەو سەرچاوانە، بریتییە لە داتاکانی "پرۆژەی پیو (Pew) بۆ هەڵویستە جیهانییەکان" (دامەزراوەی پیو (Pew) 2007). لە ڕووپێویێکی هاوچەرخانەی "پیو"دا کە لە 46 وڵات و ناوچەدا ئەنجام دراوە، ڕاوبۆچوونی کەسانێك لەبارەی پرسگەلێکەوە وەرگیراوە. لە یەکێك لە پرسیارەکاندا لە وەڵامدەرەوەکانیان پرسیوە، داخۆ دیدێکی ئەرێنی یا نەرێنیان بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیە. لەبەر ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشداربوویەکی گەورەی ئەو هەوڵانەیە کە بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی لە جیهاندا دەدرێ و گەورەترین وڵاتی باکووری خۆرئاوایە، بۆیە دەشێت وەك نموونەیەکی نزیکاریی ئاراستەکان بەرامبەر پێشکەشکارانی هاوکارییە دیموکراسییەکان بەکاربهێنرێت. زۆر گرنگە سەرنجی ئەوە بدرێ کە هەڵوێستی نەیارانە بەرامبەر بە ویلایەتە ئەمەریکییەکان- ڕەنگە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستو یەکدا- بەڵگەیەك نییە لەسەر کولتوری دژ بە دیموکراسی (مۆن، 2003). (ڕەگەزە کولتورییە گرنگەکانی دیموکراسی، لێبوردەیی و ڕۆحی یەکسانی، پیشتر گفتوگۆی لەسەر کراوە). ڕەنگە هەڵوێستەکانی دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان، وەك نیشاندەرێکی باش، بەسوود بێت بۆ بەرهەڵستیکردنی کولتورییانە بەرامبەر بە بەرنامەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسیی تایبەت بە ئەمەریکیی و خۆرئاواییەکان. ڕووپێوەکانی

پیو، داتای لەسەر هەڵوێستی 18 وڵات لە کۆی 30 وڵات، بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی لەخۆگرتووە کە هێشتا توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێ. ژمارەی نێوان دوو کەوانەکان لە ستوونی لای چەپ، ئاماژە بە ڕێژەی سەدی ئەو وەڵامدەرەوانە دەکات کە گوزارشتیان لە "ڕۆحییەتی لەبار" کردووە، جگە لەو ڕێژە سەدییەی کە گوزارشتیان لە "ڕوانینی نالەبار" کردووە بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە ڕووپێوەکەی ساڵی 2007دا بڵاوبۆتەوە. وادادەنرێت ئەو وڵاتانەی ژمارەی لەباریان هەیە (بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕوانینێکی لەبار زیاترە لە ڕوانینی نالەبار)، ئاراستەی لەباریان بەرامبەر پشتگیریکارە بیانییەکانی دیموکراسی هەیە، بەڵام ئەو وڵاتانەی ژمارەی نالەباریان هەیە (بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕوانینی نالەبار لە ڕوانینی لەبار زیاترن)، ئاراستەیەکی نالەباریان هەیە.

بەڵام سەبارەت بەو دوازدە وڵاتەی کە ڕووپێوی "پیو" داتای دەربارەیان پێشکەش نەکردووە، پشتم بەسەرچاوەی دیکە بەستووە. یەکێك لەو سەرچاوانە "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان"ە کە لە شەپۆلێکی ڕووپێوە تازەکاندا، پرسیارێکی سەربار کردووە، بەوەی داخۆ داگیرکاری کولتوری لەلایەن خۆرئاواوە گرفتێکی "مەترسیدارە"، یا "زۆر مەترسیدارە"، یا "تاڕادەیەك مەترسیدارە"، یا "مەترسییەکی کەمی هەیە"، یا "مەترسیدار نییە". ئەو وڵاتانەی لە ئێستادا زانیارییان لەسەر هەیە، بریتیین لە؛ ئێران، ئوردن، شانشینی عەرەبی سعودی، عێراق و مەغریب. لەنێو ئەو شەش وڵاتەشدا، عێراق و مەغریب لەنێو شیکارییەکەماندا نییە، چونکە داتایەکی ئەوتۆیان لە بڕگەکانی دیکەی "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان"دا نییە کە لە بەشێکی پێشووی ئەم بابەتەدا باسمان کردووە. سەرباری کەمی داتاکان، بەڵام ئەوەی لەبەردەستمانە زۆر بەسوودە، چونکە پشتگیریی ڕووپێوەکانی "پیو" دەکات لەبارەی میسر و ئوردنەوە، هەروەها داتاگەلێك دەخاتەڕوو کە ڕووپێوی "پیو" زۆر بەکەمی لە بارەی ئێران و سعودییەوە هەیبووە. لە میسر ڕێژەی 64٪ لە وەڵامدەرەکان داگیرکردنی کولتور لەلایەن خۆرئاواوە بە "زۆر مەترسیدار" دەزانن، کەچی تەنها 19٪ بە "مەترسی" دادەنێن. بەڵام لە ئوردن، زۆربەی هەرە زۆریان کە دەگاتە 85٪ بە "زۆر مەترسیدار"ی دادەنێن و تەنها 7٪ بە "مەترسی" دەزانن. ئەو ژمارانەی لەگەڵ هەڵوێستی دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش دێتەوە، هەروەکو لە ڕووپێوەکەی "پیو" دەربارەی ئەو دوو وڵاتە

هاتووە. بەڵام لە ئێران کە ڕووپێوی "پیو" زانیارییەکی کەمی لەبارەیەوە هەیە، لە 55٪ بەهەڕەشەی "زۆر مەترسیدار"ی دادەنێن، کەچی 15٪ بە "مەترسیدار"ی دەزانن. بەڵام لە سعودییە ڕێژەکان 67٪و 15٪ بووە. ئەو ئاشکراکردنە ڕاشکاوانەیە، ئەو دەرئەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە هەر دوو ناسیونالیزمی ئێرانی و سعودی دیدێکی نالەریان بەرامبەر پشتگیریکارە دیموکراسییە شیمانەییەکانی باکووری خۆرئاوا هەیە.

بەڵام دەبێ زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لە بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەدا بکرێ کە ڕووپێوی "پیو"و "ڕووپێوی بەها جیهانییەکان" پێشکەشیان دەکەن. ئەوەی لێرەدا لەبەردەستمانە تەنها گرتەیە و گوزارشت لە بەردەوامی هەڵوێستی وەڵامدەرەوەکان ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، داتای باشمان بۆ هەڵسەنگاندن پێشکەش دەکات، هەر چەندە دەشێت کاریگەری کات و ڕۆژگاریشی لەسەر بێت.

بەڵام سەبارەت بە باقی دە دەوڵەتەکەی دی، ئەوا پشت داتا ئینتباعییەکان و ئەو هەڵگۆزینانە دەبەستم کە لە شێوازە هەرێمایەتییەکانەوە وەرگیراون. دەکرێ ئەڵبانیا بەرامبەر بە هەوڵەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسی لەلایەن بیانییەوە بە لەبار دابنرێت. هەر چەندە یەکێکە لەو دوا وڵاتانەی ئەوروپا کە سەرۆك بوشساڵی 2007، لە دووەم خولی سەرۆکایەتییەکەیدا سەردانی کرد و زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکرا. بۆمباران کردنی سربیا لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لەلایەن ئەمەریکاوە کە لە کۆسۆڤۆ لە بەرژەوەندی ئەڵبان کەوتەوە، ڕای گشتی ئەڵبانیای والێکرد لە جاران زیاتر بەشداریکردنی کردنی خۆرئاوا قبووڵ بکات، ئەگەر چی ئەڵبانیا بەر لە هێرشکردنەسەر سربیاش، هەر شەیدا و هۆگری ئەوروپا بوو. بەڵام ناسیونالیزمی جەزائیر، لە حاڵەتێکدا لەگەڵ شێوازی خۆرهەڵاتی ناوەند و باکووری ئەفەریقیا هاوئاهەنگ بوو، کەچی بەرامبەر بە خۆرئاوا لەبار نەبوو. بەڵام زۆر زەحمەتە ناسیونالیزمیی بۆسنی نیشان بکرێ، چونکە لە ڕاستیدا سێ نەتەوە لە وڵاتێکدا بوونی هەیە (موسڵمانە بۆسنییەکان، کروات و سرب). لەبەر ئەوەی بۆسنییە موسڵمانەکان و کروات، سێ لەسەر چواری دانیشتوان پێکدەهێنن و لایەنگری خۆرئاوان، بۆیە دەکرێ ناسیونالیزمی بۆسنی بە لەبار دابنرێت. بەڵام مۆڵدۆڤا، کۆمەڵگەیەکی دابەشبووە، کەچی ناسیونالیستەکەی لایەنگری لە خۆرئاوا دەکات و هەڕەشە و گوڕەشەکانی ڕوسیاش ئەو مەیلەی تۆکمەتر کرد. بەڵام گرفتەکەی قیرغستان زۆر قورسە، چونکە ناسیونالیزمەکەی ئاڵۆز و دەمدەمییە، هەر چەندە

دەکرێ بەلایەنگری خۆرئاوا حیساب بکرێ. ولاَتانی خۆرهەلاَتی ئاسیا، تێکەلَەیەکە لە ململانێی نەتەوایەتی. ناسیونالیزم لە فلیپین و سەنغافورە زیاتر بەلای دەسەلاَتی خۆرئاوا دایدەشکێننەوە، ئەمە لە کاتێکدا ناسیونالیزمی ڤیتنامی بە تەواوەتی دژایەتی خۆرئاوا دەکات. هەر چەندە زیمبابۆی لەگەلْ ئەفەریقیای هەرێمایەتیدا هاوئاهەنگە و دەسازێت، کەچی میللەتەکەی پێشوازی لە دەسەلاَتی خۆرئاوا دەکات. ولاَتانی ئەفەریقیای باشووری بیابانی گەورەش، ناوچەیەکە لە هەموو ولاَتانی سەر گۆی زەمین، زیاتر لایەنگری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات. تەنانەت ئەو ولاَتانەش کە زۆرینەیەکی موسلْمانیان هەیە، وەك سەنیگال و مالی، هەروەکو حالَەتی ئەفەریقیای باشوور، دراوسێ گەورەکەی زیمبابۆی، بەزۆری لایەنگری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەن.

خشتەی 3-5: خواستی کولتوریی بەرامبەر بەدیموکراتیزەکارانی بیانی، هەروەکو بەپێی خەسلَەتی ناسیونالیزم و ئاراستەی ناسیونالیزم بەرامبەر ئەوانەی هاوکاریکردنی دیموکراسی پێشکەش دەکەن، هەلَسەنگاندنی بۆ کراوە.

کارەکتەری ناسیونالیزم

	نەرم	**توند**
ئاراستەی ناسیونالیزم بەرامبەر لەباربوونی ئەوانەی هاوکاری دیموکراسی پێشکەش دەکەن	ئەلْبانیا، ئۆگەندا، بەنگەلادیش، بۆسنە، پیرۆ، ئەفەریقیای باشوور، زیمبابۆی، فیلیپین، فەنزەویلا، قیرغستان، مۆلْدۆڤا، نەیجیریا (1)	تەنزانیا، سەنغافورە، چین، کۆریای باشوور، مەقدۆنیا، مەکسیك، هیند (2)
لەبارنییە	ئەندونیسیا (3)	ئەرجەنتین، ئوردن، ئێران، پاکستان، تورکیا، جەزائیر، سعودییە، چین ڤێتنام، میسر (4)

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

خشتەی 3-5، هەر دوو ڕەهەندە سەرەکییەکەی ناسیونالیزم کۆدەکاتەوە کە هێشتا توێژینەوەیان لەسەر دەکرێ. وڵاتانی خانەی یەك ژینەیەگ فەراهەم دەکەن کە گرفتی کەمتر بۆ پشتگیریکارانی دیموکراسی دروست دەکات. ئەم خانەیە لە خشتەکەدا ئەو وڵاتانەی تیایە کە بەگشتی ناسیونالیزمەکەیان نەیاری بیانی نین و بە شێوەیەکی گشتی دۆستایەتیان لەگەڵ ئەو بەشەی جیهاندا هەیە کە دەستیاری دیموکراسی پێشکەش دەکەن. ڕەنگە چالاکوانە لۆکاڵییەکانی ئەو وڵاتانە سوود لە هاوکارییە بیانییەکان وەربگرن. ڕەنگە جێمتمانەیی ئەو چالاکوانانە بەجۆرێك لە جۆرەکان لەلایەن هاوڵاتییانی خۆیانەوە کەمێك ڕووبەڕووی مەترسی بێتەوە، یا هەرگیز ئەوە ڕوونەدات. ڕەنگە دیموکراسییەکانی ئەڵبانیا، پیرۆ، باشووری ئەفەریقیا و زیمبابۆی پێشوازی هاوکارییەکانی (دیموکراسی) بکەن و بەشێوازێکی باش بەکاریبهێنن، بێئەوەی هەستی نیشتمانپەروەرییان بروشێت. بەڵام لایەکەی دیی شەبەنگەکە، ئەو وڵاتانەی تیایە کە دەکەونە خانەی ژمارە (4)ەوە. لێرەدا ناسیونالیزمی توندو خانەگومانی ئەو وڵاتانە تیا بەدیدەکرێت کە زۆرینەی پشتگیریکارانی دیموکراسی لێوەدێن. لەکاتێکدا دیموکراسیخوازە پاکستانی و چینی و میسرییەکان پێشوازی لە هاوکارییە دەرەکییەکان دەکەن، کەچی زۆرینەی ئەو چالاکوانانە لەبەر هۆکاری دروست، خۆیانی لێ بەدوور دەگرن. ئەوانە دەرك بەوە دەکەن کە ئەو یارمەتییانە ئەوەندەی زیان بە دۆزەکەیان دەگەیەنێت، سوودی پێناگەیەنێت. بەڵام خانەکانی (2) و (3) حاڵەتی دژبەیەکی تیایە. لە خانەی (2)دا وڵاتانی ناسیونالیزمی توندی تیایە، بەڵام دژایەتی دەسەڵاتی بیانی ناکەن و خانەی ژمارە (3)یش وڵاتانی ناسیونالیزمی نەرمی تیایە، بەڵام لەبار نییە بۆ چالاکوانەکانی باکووری خۆرئاوا. کەچی تانزانیا نموونەی یەکەمە (واتە ناسیونالیزمی توندە و دژایەتی دەسەڵاتی بیانی ناکات)، ئەمە لە کاتێکدا ئەندونیسیا تاکە حاڵەتی دووەمە.

خشتەی 3-6: هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ دەرفەتەکانی سەرکەوتنی پشتگیریکردنی دیموکراسی دەرەکی

خواستی کولتوریی بەرامبەر دیموکراسی

		زۆر لەبار	کەمتر لەبار
پەسەندکردنی کولتوریی بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی	پەسەندکردنی زیاتر	ئەڵبانیا، بۆسنە، ، چیلی، کۆریای باشوور، ئەندونیسیا، نەیجیریا، قیرغستان، مەقدۆنیا، مەکسیك، مۆڵدۆڤا، پیرۆ, فلپین، سەنغافورە، ئەفەریقیای باشوور، تەنزانیا،، فەنزەویلا، زیمبابۆی (1)	بەنگەلادیش، هیند، ئەندونیسیا، نەیجیریا، ئۆگەندا (2)
	پەسەندکردنی کەمتر	ئەرجەنتین، چین، پاکستان، ڤێتنام (3)	جەزائیر، میسر، ئێران، ئوردن، سعودیە، تورکیا (4)

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

وڵاتانی خانەی ژمارە (1) کەمتر بەرهەڵستی هەوڵەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسی لە دەرەوە دەکەن. بەڵام وڵاتانی خانەی ژمارە (4)، ئەو وڵاتانەن کە زیاتر بەرهەڵستی دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا وڵاتانی خانەکانی (2)و (3) ناوچەی خۆڵەمشیین.

کولتورو پشتگیریکردنی دیموکراسی دەرەکی: هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و ڕێنماییەکان

هەڵسەنگاندنێکی گشتی

بەو دەرئەنجامانەی کە پێشتر باسمان لێوەکردوون، دەتوانین بەکۆکردنەوەی زانیارییە پێشاندراوەکانی دوو خشتەکەی 3-3و 3-5 لە خشتەیەکدا کورت بکەینەوە. خشتەی 3-6، ئەو پلانە گشتییەمان پێشکەش دەکات. لێرەدا ئەو وڵاتانەی لە خانەکانی (1)و (2)و (3)و (5)و (7)ی خشتەی 3-3، بەشێوەیەکی گشتی وادادەنرێن کولتورێکی لەباریان بەرامبەر بە دیموکراسی هەبێت. بەوەش ئەو وڵاتانەی لە خانەکانی (3)و (5)و (7)ی خشتەی 3-3 دەبینرێن و ڕێکخستنیان بەرامبەر لێبوردەیی و یەکسانی، وایانلێدەکات مەیلیی دژبەر و ناکۆکیان ڕووە و دیموکراسی هەبێت، لەگەڵ ئەو وڵاتانە کۆکراونەتەوە کە لە خانەکانی (1)و (2)و (4) دانراون و کولتورێکی لەباری ڕوون و ئاشکرایان هەیە. گشت ئەو وڵاتانە وادادەنرێن کولتورێکی گونجاویان بۆ دیموکراسی هەبێت و لە ستوونی لای ڕاست (هەر دوو خانەی 1و3)ی خشتەی ژمارە 3-6 دەردەکەون. بەڵام ئەو وڵاتانەی لە خانەکانی ژمارە (6)و (8)و (9)ی خشتەی 3-3دا دەبینرێن، ئەو وڵاتانەن کە خواستێکی گشتگیری نالەباریان بەرامبەر بە دیموکراسی هەیە و لە ستوونی لای چەپ لە خشتەی 3-6 (هەر دوو خانەی 2و4)دا دەردەکەون، پۆلێنبەندییەکەی خشتەی 3-6، بە دانانی حاڵەتە دژبەرەکان، لەگەڵ حاڵەتە لەبارەکان، تێکەڵەیەکی ئاسانکاری و گەشبینی وەك بەڵگەیەك بەرامبەر لێبوردەیی و یەکسانی بەردەست دەکات.

ڕیزەکانی خشتەی 3-6 زانیارییەکانی خشتەی 3-5 کۆدەکاتەوە و وڵاتەکان دابەش دەکات بۆ ئەو وڵاتانەی زیاتر لەبارن یا کەمتر لەبارن لە پشتگیریکردنی دیموکراسی لەلایەن خەڵکانی بیانییەوە. وڵاتەکانی خانەی ژمارە (1) لە خشتەی 3-5 لە ڕیزی سەرەوەی خشتەی 3-6 (هەر دوو خانەی 1و2)دا دەردەکەون. هەروەها ئەو وڵاتانەش کە ئاراستەیەکی کولتوریی دژبەیەکیان بەرامبەر دیموکراتیخوازە بیانییەکان هەیە - واتە ئەو وڵاتانەی لە هەر دوو خانەی 2و3 لە خشتەی 3-5دا دەبینرێن- لە ڕیزی سەرەوە لە خشتەی 3-6دا دەردەکەون. واتە ئەو وڵاتانەی ئاراستەی کولتوری پۆزەتیڤیان هەیە لە ئاست بەشداریکردنی بیانی و ئەو وڵاتانەی ئاراستەی دژبەیەکیان هەیە، زیاتر بەشداریکردنی دەرەکی قبوول دەکەن، هەروەکو

له خشتەی 3-6دا ڕوون کراوەتەوە. جارێکی دی ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ گەشبینییەکی کورتکراوەی بەڵگەکان بەرزدەبێتەوە. لە کاتێکدا تەنها ئەو وڵاتانەی ناسیونالیزمێکی توند و ئاراستەیەکی نالەباریان هەیە لە بەرامبەر ئەوانەی هاوکارییەکانی دیموکراسی پێشکەش دەکەن - ئەو وڵاتانەی لە خانەی 4 لە خشتەی 3-5دا دەبینرێن - لە رووی کولتورییەوە کەمتر هاوکارییەکانی دیموکراسی قبووڵ دەکەن، هەروەکو بە کورتی لە خشتەی 3-6دا ڕوون کراوەتەوە. ئەو وڵاتانە تەنها لە ریزی خوارەوە (هەر دوو خانەی 3و4) لە خشتەی 3-6دا دەردەکەون.

ئەو وڵاتانەی لە خانەی ژمارە (1) لە خشتەی 3-6دا دەردەکەون، بەهۆی خواستە کولتورییەکەیان بەرامبەر بە "دیموکراسی"و بەهۆی مەیلە کولتورییەکان بەرامبەر "پشتگیریکردنی دیموکراسی"، دەشێت پاڵێوراوێکی باش بن بۆ پشتگیریکارە بیانییەکانی دیموکراسی. ئەو وڵاتانە، گشت ناوچە سەرەکییەکانی جیهانی تازەپێگەیشتوو، جگە لە خۆرهەڵاتی ناوەند لەخۆدەگرێ. فۆکسێکی ڕوون لە دەسپێکی ئایینی بۆ ئەو وڵاتانە نییە. دوو دەوڵەتیان زۆرینەیان موسڵمانن "ئەلبانیا و قیرغستان"، هەروەها دوو دەوڵەتیشیان بە یەکسانی لە نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان (بۆسنەو تەنزانیا)دا دابەشبوون. بەڵام ئایینەکانی بوزی، کۆنفۆسی و مەسیحیی لە کۆریای باشوور و سەنغافورە، دیار و بەرچاون. زۆربەی باقی وڵاتەکانی دی موسڵمانن، جگە لە هێندێکیان، وەك فلیپین و مەقدۆنیا، کەمایەتییەکی گەورەی موسڵمانیان تیایە. گشت ئەو وڵاتانە لە پشتێنەیەکی فراوانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی- ئابوری پاکوتێ دەکەن، هەر لە کۆریای باشوور و چیلی دەوڵەمەندەوە تا تەنزانیا و زیمبابۆی فەقیر و هەژار.

بەڵام ئەو وڵاتانەی لە بەشەکانی دیکەی خشتەکەدا دەبینرێن، پاڵێوراوێکی باشی پشتگیریکارانی دیموکراسی نین. لێرەدا مەترسی هەیە کە ئەو دەوڵەتانەی لە خانەی ژمارە (2)دا دەبینرێن، هەڕەشە لە هەوڵی بیانییەکان بکەن. ڕەنگە بیانییەکان لەو وڵاتانەدا قبووڵ بکرێن، بەڵام دەشێت بارودۆخی کولتورییان، بۆ بەدیموکراتیزەکردن لەبار نەبێت، ئەوەش شکستی هەوڵی پشتگیریکارانی دیموکراسی لێدەکەوێتەوە. بە هەموو دڵنیاییەکەوە، کولتور تەنها تاکە فاکتەرێکیی نێو چەندین فاکتەرە بۆ بەدیموکراتیزەکردن، بۆ نموونە، تۆمارە نایابەکەی هیند (لەساتەوەختی سەربەخۆبوونییەوە)و ئەندەنوسیا (لە سەردەمی دوای سۆهارتۆ)دا، ئەوە دەردەخەن

کە ئەو کاروبارانەی لەم بەشەدا گفتوگۆیان لەبارەیەوە کراوە، تەنها بەشێکە - ڕەنگە زۆریش گرنگ نەبێت - لەپشت دەرکەوتن یا داڕوخانی حکومەتێکی کراوەدا. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، پێویستە پشتگیریکارانی دیموکراسی، لەوە تێبگەن کە لەوانەیە لە دیموکراتیزەکردندا ڕووبەڕووی بەربەست ببنەوە، تەنانەت گەر خودی پشتگیریکارانی دیموکراسیش بەشێوەیەکی باش قبووڵ بکرێن.

وڵاتانی خانەی ژمارە (3) ڕیسکی جۆراوجۆریان هەیە. دەشێت کولتوری ئەو وڵاتانە مژدەبەخشی سەرکەوتنی دیموکراسی بن، بەڵام بەرهەڵستی بیانی بکەن. لێرەدا مەترسییەکە تەنها بەفیڕۆدانی سەرچاوەکان نییە، بەڵکو زیانگەیاندە بەدیموکراتیزەکردن، کاتێك بە هێزە بیانییەکانەوە دەبەسترێتەوە.

خانەی ژمارە (4)، ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە بەرهەڵستی خودی دیموکراسی و پشتگیریکارانی دیموکراسی دەکەن. ئەو وڵاتانە کەمترین حاڵەتی ئومێدبەخشانە بە هەوڵەکانەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسی دەرەکی دەبەخشن.

ڕێنماییەکان

یەکەمین نیشانەی ڕێنماییکردن بۆ شیکردنەوەکەی پێشوو، پەیوەستە بەو شوێنانەی پشتگیریکردنی دیموکراسی تێیدا ئەنجام دەدرێ و ئەو شوێنانەشی تێیدا ئەنجام نادرێ. دەبێ هێندێك دەوڵەت وەك گرەوی باشتر لەوانی دی حیسابیان بۆ بکرێ، بەڵام پێویستە هێندێك وڵاتی دی بەتەواوەتی وەك وڵاتی پاڵێوراو لە دەستێوەردانی دەرەکی دوور بخرێنەوە. سەرباری ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە، پشتگیریکردنی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا بە سانایی بەرێوەبچێت کە لە خانەی ژمارە (1) لە خشتەی 3-6دا پلەبەندی کراون، ئەوا دەشێت لە هێندێك وڵاتی دی ناو خشتەکە بەوجۆرە نەبێت. بەڵام، سەرباری ئەوەش، گەر بیانییەکان هەوڵ بدەن، پشتگیری دیموکراسی لە یەکێك لەو وڵاتانەدا بکەن، پێویستە لەسەریان لەبەرچاوان دوور بکەنەوە. لەوانەیە پشتگیریکارانی دیموکراسی ڕووبەڕووی ناسیونالیزمی توند ببنەوە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی لە هەر دوو خانەی (3)و (4)دا ڕوون کراوەتەوە. بۆیە باشترە، هەم لەبەرچاوان دوور بکەنەوە و هەم ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانیشیان خاکیتر بێت.

پشتگیریکارانی دیموکراسی بەهیچ شێوەیەك ناتوانن لە وڵاتانی ناو خانەی ژمارە (4)دا کار بکەن. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە پرسی دیموکراسی لەو وڵاتانە هیچ ئومێدێکی تیا نابینرێت. بۆ نموونە، ناکرێ تورکیا، هەروەکو ڕوون و ئاشکرایە، بە وڵاتێك دابنرێت کە هیچ ئومێدێکی تیا بەدیناکرێت. بەڵام پێویستە لەسەر بێگانەکان، لەو شوێنانەی گۆڕانکاری کولتوری کە بەدەگمەن بە خێرایی ڕوودەدا، پێشمەرجێکە بۆ پشتگیریکردنێکی کارای دیموکراسی لەلایەن چالاکوانە بیانییەکانەوە، بەشێنەیی هەنگاو - یا هەرگیز هەنگاو نەنێن - بنێن. بەر لە گۆڕانکارییەکی لەوجۆرە، هەوڵ و کۆششی بیانییەکان هیچ سوودێکی نابێت.

گشت ئەو وڵاتانەی لە خانەی ژمارە (4)دا لەباری توێژینەوەدان، کەوتونەتە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقیا. رۆحی یەکسانی لەو وڵاتانەدا، بەشێوەیەکی ڕێژەیی نزمە، بەلانیکەمەوە هەروەکو ئەوەی لەم بەشەدا ئەندازەگیری کراوە. ئەوەی زیاتر کاروبارەکان خراپتر دەکات، زۆرێنەی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە متمانەیان بە نییەتی خۆرئاوا نییە، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەوەیش بەهۆی پاڵپشتی بەردەوام و بەقەیدومەرجی ئەمەریکا بۆ ئیسرائیل. ئەمەریکییەکان شانازی بە بەهێزیی وەلائی وڵاتەکەیان بۆ ئیسرائیل دەکەن، ئامادەییان تیایە بەرگەی هەموو بارگرانییەك بگرن و بە هەر نرخێکیش بێت پارێزگاریی لێبکەن. بەڵام پێویستە بە ئەمانەتەوە ڕووبەڕووی کاریگەرە وێرانکارییەکەی ئەو سیاسەتە لەسەر نییەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە و ئەگەری بەشداریکردن لە دیموکراتیزەکردنی ببنەوە.

بەڵام دووەم نیشانەی ڕێنماییەکە بە حیکمەتی هەمەڕەنگیی سەرچاوەی هاوکارییەکانی دیموکراسییەوە پەیوەستە. پێویست نییە ئامانجی هەمەڕەنگییەکە، بارگرانی لە نێوان پشتگیریکارانی دیموکراسی دابەش بکات، لە ڕاستیدا ئەوەش کارێکی زەروری نییە، چونکە باکووری خۆرئاوا دەتوانێت بەرگەی هەوڵێکی لەوجۆرە بگرێت، لە ئێستادا چاودێری دەکات و پێویستی بە یارمەتی دارایی نییە. هەروەها نابێت خودی "هەمەڕەنگییەکە" ئامانجی پشتگیریکردنەکە بێت. بەڵام دەبێ ئامانجی هەمەڕەنگییە بەشداری پێکردنی ئەو بەخشەرانە بێت کە سوکایەتی بە ناسیونالیزمی لۆکاڵی ناکەن، ئەو چالاکوانانەش لەخۆبگرێ کە بەحوکمی لێزانی و شارەزایی تایبەتییان و ژیریی و زیرەکیان بە تایبەتی، هەلومەرجی وڵاتە

بەئامانجکراوەکە بەباشی دەخوێننەوە و وەپیرییەوە دەچن. ڕەنگە هەمەڕەنگییەکە یەکێك لەم سێ فۆرمەوە وەربگرێت: 1) بە هەمەڕەنگیکردنی سەرچاوەی نیشتمانی هاوکارییەکان؛ 2) بەنێودەوڵەتیکردنی سەرچاوەی هاوکارییەکان؛ 3) بە دەوڵەتینەکردنی سەرچاوەی هاوکارییەکان.

"هەمەڕەنگکردنی سەرچاوەی نیشتمانی بۆ هاوکارییە دیموکراسییەکان"، بەمانای ئەوەی وڵاتانی دەرەوەی باکووری خۆرئاوا، وەك پێشکەشکاری هاوکارییەکان، ڕۆڵی زیاتر بگێڕن. ئەم بەشە وەك دەستپێشخەرییەکی خۆرئاواو چالاکییەك کە لەلایەن خۆرئاواوە مایەدانی دەکرێ، مامەڵەی لەگەڵ هاوکارییە دیموکراسییەکاندا کردووە، چونکە زۆربەی هاوکارییەکان لە خۆرئاواوە دێن. بەڵام دەکرێ لە شوێنەکانی دیکەشەوە پەیدا بێت و بەشێوەیەکی تایبەتی چالاك و کاریگەریش بێت، ڤالیری بونس (Valerie Bunce) و شارون وولچیك (Sharon Wolchik) ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە، چۆن هاوکاری دیموکراتیزەکارە یەکەمینەکان لە ئەورووپای خۆرهەڵات (وەك کۆماری چیك و هەنگاریا) بۆ ئەو دیموکراتیزەکارانەی لە هەمان ناوچەدا سەرکەوتنێکی بەرچاویان نەبوو (وەك سلۆڤاکیا و سربیا) لە دوای سەردەمی کۆمۆنیزم لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، یارمەتی بەردەوامبوونی "شەپۆلی دووەمی" دیموکراتیزەکردنی لەناوخۆی ئەورووپا دا. چالاکوانەکانی وڵاتانی دوایی، سوودیان لەو ڕاوێژانە وەرگرتووە کە هاوتاکانیان لە وڵاتە دراوسێیەکاندا، سەبارەت ستراتیجییەتی سیاسی پێشکەشیان کردوون، ئەوانەی ڕووبەڕووی ململانێیەکی هاوشێوە بوونەتەوە و تێیدا سەرکەوتووبوون. هێندێك لەو هەوڵانە، بەلانیکەمەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەمایەدانی خۆرئاوا پاڵپشتی کراون. بەڵام ئەو هاوکارییانە لە ڕاستیدا و بەڕووکار خەسڵەتی هاوکاری لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرهەڵات هەڵدەگرێت، نەك لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات. هەروەها لە ڕاستیدا ئەو ڕاوێژ و ئامۆژگارییەی ئەورووپییە خۆرهەڵاتییەکان دایانهێنا، ژیرانەتر و ڕوونتری کرد، ئەمە جگە لەوەی لەلایەن وەرگرەکانیشیەوە لەو هاوکارییانە زیاتر قبووڵ دەکرا کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی خۆرئاواوە دەگەیشتن.

بەڕاستی ئەو وڵاتانەی دەکەونە دەرەوەی زۆنی باکووری خۆرئاوا، ڕۆڵی گەورەیان هەیە بۆ ئەوەی بیگێڕن. دەشێت هاوکارییەکانی باشوور بۆ باشوور گرنگی و بایەخێکی تایبەتیان هەبێت. ئەفەریقیای باشوور لە دوای سەردەمی ڕەگەزپەرستی

(Post-apartheid)، بەسەرچاوە زۆروزەوەند و مێژووە هاوچەرخەکەی بۆ بەدیموکراتیزەکردنێکی سەرکەوتووی میللییانە، پێگەیەکی تایبەتی لە ئەفەریقیا هەیە. بەلانیکەمەوە حکومەتەکەی پاش نیلسۆن ماندیلا، پاڵپشتی دیموکراسی لە دەرەوە نەدەکرد. لە ڕاستیدا، حکومەتەکەی تابۆ مبیکی (Thabo Mbeki) بە پراکتیکی هاوکاری و یارمەتی و دڵنەوایی ڕۆبێرت موگابی (Robert Mugabe) دیکتاتۆرە ئاژاوەگێڕەکەی زیمبابۆی دەکرد. ڕەنگە ئەم سیاسەتە بگەڕێتەوە بۆ بێباکی ئەخلاقی و سایکۆلۆجی سەرۆك "مبیکی" کە ڕێزلێگرتنە منداڵانەکەی بۆ موگابی، تەنانەت تا ئەو کاتەش بەردەوام بوو کە ژمارەی پەنابەران لە ئەفەریقیای باشوور، ئەوانەی لە دەستی ئۆتۆکراسی درندانەی موگابی هەڵدەهاتن، لە زیادیی دەدا. گەر سەرکردەکانی ئەفەریقیای باشوور لە دوای حوکمی مبیکی، پاڵپشتی دیموکراسییان لە دەرەوە بکردایە، پێگەیەکی جیاکاریان دەبوو. چونکە ئەوان وەك ئەفەریقی لە ململانێی دژ بە دیکتاتۆرییەتی ڕەگەزپەرستی، سەرکەوتنیان بەدەستهێنا کە بەلانیکەمەوە ژێربەژێر و بەپچڕپچڕی، ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیری لێ دەکرد.

سەرکردە سەرەکییەکانی جیهانی سێیەم (پێشتر جیهانی سێ بوو)، بۆ نموونە، ئەفەریقیای باشوور، هیند، کۆریای باشوور، ئەندەنوسیا و برازیل، ئیدی چی بەرەو دامەزراندنی حکومەتی کراوە لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەیان هەنگاو بنێن یا نا، کارێکی نەزانراو و پێشبینینەکراوە. لەوانەیە دیموکراسی لەو وڵاتانە (جگە لە هیند) پێگەیشتوو و شلۆق و لەرزۆك بێت، ئەوەش دەستەبژێرەکەیان والێدەکات لە پشتگیریکردنی دیموکراسی لە دەرەوە سڵکردە بن. ڕەنگە ئەم سڵکردنەوەیەش پاساوی خۆی هەبێت. بەڵام بەشداریکردنی ئەو وڵاتانە دەستیاری هەمەڕەنگی دەکات، لەوانەشە سەرچاوەی هاوکارییەکانی دیموکراسی دەوڵەمەند بکات. تەنانەت لێرەشدا، پێویستە بەخشەران ئاگاداری مەودای توندیی و ئاراستەی ناسیونالیزم بن، ئەمە سەرەڕای تواناکانی بەرهەڵستی کردنی کولتوری دژ بە دەستوەردانی بیانی.

بەڵام "بەنێودەوڵەتیکردنی هاوکارییەکان"، ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ کولتوری وڵاتە زلهێزەکاندا هێور بێتەوە. گشت ئەو هەوڵانەی لەم بەشەدا باسوخواسیان لەسەر کراوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەدگارێکی "نێودەوڵەتیان" هەیە. بەڵام لێرەدا بەڕوونی ئاماژە بەڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان

دەدەم، ئەوانەی ئەندامەتیان لە نوێنەرانی حکومیی چەندین وڵات پێکدێت، بۆ نموونە، نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکا. بەگشتی ئەو ڕێکخراوانە لە ڕێکخراوە ئەمەریکییەکان، میهرتر و نەرمتر مامەڵە لەگەڵ ناسیونالیزمی لۆکاڵیدا دەکەن. فراوانبوونی چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکا لە چاودێری کردنی هەڵبژاردنەکاندا، بەدرێژایی ئەم دوو دەیەی دواییە، بە نموونەیەك لەسەر بەنێودەوڵەتی کردنێکی سەرکەوتووانەی ئەرکێکی هەرە گرنگیی پشتگیریکردنی دیموکراسی دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، کارێکی گرنگە ئەوەمان لەبیر بێت کە زۆرینەی گەلانی وڵاتە ئامانجکراوەکان بەژیریی مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە ڕاستەقینەکانی ئەو هێزە نیشتمانییە دەکەن کە لە پشت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە خۆی حەشار داوە. نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکا، تاڕادەیەك چۆست و چالاکن، لەبەر ئەوەی دوو ئامراز نین بە دەست حکومەتی ئەمەریکییەوە. بەڵام ناتوانرێ هەمان شت بۆ نموونە، لەسەر بانکی نێودەوڵەتی بوترێت.

داماڵینی بەنێودەوڵەتیبوون لە سەرچاوەکانی هاریکاریکردن، سێیەم ئامرازیی هەمەڕەنگییە. هەروەکو پێشتر باسمان کردووە، هێندێك ڕێکخراوی پێشەنگ لە پشتگیریکردنی دیموکراسی، قەوارەی ناحکومیین، وەك "پەیمانگەی دیموکراسیی نیشتمانی"و "دامەزراوەی ئیندنهاوەر". لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دوو ڕێکخراوە بەزۆری پشت بە بەشدارییەکانی حکومەت دەبەستن و بەنۆرە لەلایەن باجدەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیاوە پاڵپشتی دەکرێن. هەر چەندە، بەبێ دەستوەردانی حکومەتی ئەمەریکی و ئەڵمانی، کارەکانیان ڕادەپەڕێنن، بەڵام بەتەواوەتیش سەربەخۆ نین، چونکە چالاکوانانی دەوڵەتی خانەخوێ بە دەوڵەتەکەی خۆیانی دەبەستنەوە. بۆیە "پەیمانگەی کۆمەڵگەی کراوە"ی سەر بە دامەزراوەی "سۆرۆس" دەسەڵاتی حکومەتی بەسەرەوە نییە و بەتەواوەتی سەربەخۆیە، ئەوەش هێندێك جار جێمتمانەیەکی پێدەدا کە ئەو ڕێکخراوانەی لەلایەن حکومەتەوە مایەدانی دەکرێن لێی بێبەشن. سەرباری ئەوەش، هێشتا حاڵەتی دامەزرێنەری دامەزراوەی جۆرج سۆرۆس (George Soros)، وەك لۆردێکی سەرمایەداری جیهانی کە ملیارەهای لە ڕێی سپیکردنەوەی پارەوە دەست کەوتووە، کاریگەری لەسەر ناو و ناوبانگی "پەیمانگەی کۆمەڵگەی کراوە" هەیە. بۆیە گەلانی ئەو وڵاتانەی

سۆرۆس زیانی ئابوریی پێیان گەیاندوون، وەك ڕوسیا، مالیزیا، ئەندونیسیا و تایلەند، پێیانوایە سۆرۆس و "پەیمانگەی کۆمەڵگەی کراوە"، دوو لایەنن، بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاو دەگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێکخراوی دیکەیە هەیە، بە تەواوەتی لە حکومەت سەربەخۆیە و ئامانجیان قازانج کردن نییە. ئەو ڕێکخراوانە پێگەیەکی دیار و شایستەی تایبەتیان هەیە. ئەو بزوتنەوە خوێندکارییەی دەستی بە لێدان و سوککردنی ئەو کۆمپانیایانە کرد کە لە سەردەمی ڕەگەزپەرستیدا بازرگانیان لەگەڵ ئەفەریقیای باشووردا دەکرد، نموونەیەکی سەرکەوتووی پشتگیریکردنی دیموکراسی بوو (ڕۆدمان 1994). ئەو هەوڵەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستی پێکرد و بۆ ئەوروپا بڵاوبووەوە، تەنها لە حکومەتە نیشتمانییەکان سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو وەك ئۆپۆزیسیۆنێکیش دەرکەوت، بە تایبەتی دژ بە سیاسەتی "پەیوەندییە بونیاتنان"ەکەی ئیدارەی ریگان کە بە پراکتیکی پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ حکومەتی سپیپێستەکانی ئەفەریقیای باشوور دروست کرد. لەگەڵ ئەوەی، بزوتنەوەکە لەسەر خاکی ئەفەریقیای باشوور بوونی نەبوو، چالاکییەکانی خۆی لە گۆڕینی ڕەفتاری ئەو کۆمپانیایانە دەبینییەوە کە وەبەرهێنانەکیان ئابوری ئەفەریقیای باشوور زیندوو دەکردەوە. کەمی ئامادەیی فیزیکییان لە وڵاتە بەئامانجکراوەکە لە مەترسی بێزاری ناسیونالیزمی لۆکاڵی کەم دەکردەوە. سەرباری ئەوەش، سەرکردەکانی بزوتنەوەکە خۆبەخۆ ڕەفتاریان نەدەکرد، تەنها بەدواداچوونیان بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی ڕاگەیاندن دەکرد کە چۆن سەرکردەکانی "کۆنگرەی نیشتمانی ئەفەریقی"، ڕێکخراوێکی سەرەکیی دژ بە جیاکاری ڕەگەزپەرستی بوو، لە بزوتنەوەی پاشەکشێ پێکردنی وەبەرهێنان دەڕوانن و ڕاوێژیشیان لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانیدا دەکرد. هەروەها شوێن نموونەکانی نیڵسۆن ماندیلا، سەرکردەی "کۆنگرەی نیشتمانی" دەکەوتن کە پشتگیرییەکی زۆری لە ڕێکارەکانی خوێندکارە ئەمەریکی و ئەوروپییەکان دەکرد.

هەوڵ و کۆششی دژ بە ئاپارتاید، بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، بزوتنەوەکانیش بە سروشت ڕاگوزەرن. هەروەها ئەو قەوارە ناحکومییانەی ستراکچەرێکی ڕێکخستنی بەردەوامیان هەیە، ڕەنگە بەشداری لە پشتگیریکردنی دیموکراسیدا بکەن. بۆ نموونە، "سەنتەری کارتەر" کە بارەگەکەی لە ئەتڵەنتایە و

چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکات و بەشداری لە چالاکییە دەرەکییەکاندا دەکات، بەتایبەتی لە ئەمەریکای لاتین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەنتەری کارتەر، بەهۆی سەربەخۆیی تەواوی لە حکومەتی ئەمەریکی و ڕکەبەرایەتی کردنی ئیدارەی سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش، بێزاری و جاڕسبوونی ناسیونالیزمی لۆکاڵی ناوروژێنێت. هەروەها دامەزرێنەری سەنتەرەکە، سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا، جیمی کارتەر (Jimmy Carter) بوو، کە لە ئەمەریکای لاتین بە کەسێکی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ ناسراوە، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش وەك ڕەخنەگرێك لە پاڵپشتی کردنی بێ قەیدومەرجی ئەمەریکا بۆ ئیسرائیل. بەڵام سەنتەرەکە بەرنامەیەکی جیهانیی گەورەی بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی نییە، چونکە بەزۆری چالاکییە سیاسییەکانی لە چاودێری کردنی هەڵبژاردنەکاندا کورت دەبێتەوە. بەڵام گەر ئەم ڕێکخراوە و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی دی، هەوڵ بدەن پەرە بە توانایەکی گەورەی پشتگیری کردنی دیموکراسی بدەن، ئەوا دەشێت درز و کەلەبەرێکی گرنگ پڕ بکەنەوە. ڕەنگە مرۆڤ، بۆ نموونە، وێنای ئەوە بکات، ئاژانسێکی پشتگیریکردنی دیموکراسی کە "سەنتەری کارتەر" لە قاهیرە، یا عومان، یا بۆینس ئایریس چاودێری بکات، کەمتر ڕووبەڕووی بەدگومانی بێتەوە، وەك لەوەی بەرنامەی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

سەرباری ئەو لەمپەر و بەربەستانەی پرۆسەی پشتگیریکردنی دیموکراسی لە زۆرێك لە وڵاتاندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام گرنگە بچینە ژێرباری ئەوەی کە پشتگیریکردنی دیموکراسی بووە بە پیشەسازییەك بە ملیارەها دۆلارت خەرج دەکات و بە هەزاران کەس دادەمەزرێنێت. تەنانەت گەر ئەمڕۆ خودی خوداوەندیش، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە ئاشکرا بکات، بەوەی گشت هەوڵ و کۆششەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسی، زیاد لەوەی سوود و قازانج بگەیەنن، زیان و ئێشوئازاریان لێکەوتۆتەوە، ئەوا دیسانەوە بەرپرسانی "ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی" و "پەیمانگەی کۆمەڵگەی کراوە" و "پەیمانگەی کۆماری نێونەتەوەیی"و "دامەزراوەی ئیبێرت"، سبەینێ درێژە بە کارەکانیان دەدەن - تەنانەت دوو سبەینی و لەوانەیە دوای ئەوەش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر هەر بەردەوام بن. پارە تەرخانکرا، بیرۆکراسییەت بونیاتنرا، خەڵکانی لێهاتوو دامەزرێنران، ئەمە بێجگە لەوەی گروپێکی شارەزای نێودەوڵەتیش پێکهێنرا.

بازرگانیی پشتگیریکردنی دیموکراسی ژیانی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها قەوارە و ئالۆزییەکانی ساڵ لە دوای ساڵ گەشە دەکەن. سەرباری ئەوەی، پێویستە تێگەیشتن لە کۆتوبەندی کولتوری، یارمەتی پشتگیریکارە شیمانەییەکانی دیموکراسی بدات، بەلانیکەمەوە، زیان بەو پرسە نەگەینن کە هیوای پشتگیریکردنی دەخوازن.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی چوارەم

ئایا دیموکراسی لەو کۆمەڵگایانەی بەقووڵی دابەشبوون، سەرکەوتوو دەبێت؟ [20]

دانیال چیرۆت

پێویستە چارەنووسە خەماوییەکەی ئەو ڕیفۆرمە سیاسییانەی تازەکی بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هێندێك وڵاتی ئەفەریقیادا سەپێنراون، لە ئاست ڕاسپاردە گشتییەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسی، وەك چارەسەرێکی گشتیگری گرفتەکانی ڕژێمە ئۆتۆکراتە گەندەڵەکان، گومانمان لەلا دروست بکات. هەر دوو حاڵەتی عێراق و لوبنان، لە سەرەتای هەزارەی سێیەم دا، ئەوەیان پێشان دا کە دیموکراسییەکی سەقامگیر ئەستەم دەبێت، گەر ئەو توێژە ئەتنی - ئایینییانەی لە نێوان خۆیاندا کێبەرکێ دەکەن، بەهاو بەرژەوەندی و دڵسۆزییان لە سەرووی ئەو بەها و بەرژەوەندی و دڵسۆزییانە دابنێن کە تایبەتە بەخۆشنودی تیوریی نیشتمانییەوە. کارەکە خراپتر دەبێت، گەر وا لەو کێبەرکێیە بڕوانرێت کە دەرئەنجامەکەی سفرە، واتە هەر دەسکەوتێك کۆمەڵێك بەدەستی دەهێنێت، بەزەرورەت دۆڕاندنێکی یەکسانی ئەوانەی دی لێدەکەوێتەوە.

---

[20] - پێمباشە لەم کارەدا سوپاسی نووسەرانی دی بکەم، بەتایبەتی موحەریرەکان سەبارەت بە کۆمێنتە نایابەکانیان. هەروەها پێزانینێکی زۆرم بۆ جاسۆن براونڵی (Jason Brownlee) هەیە بۆ خوێندنەوە قووڵەکەی دەستنووسی یەکەم و ڕەخنە ورد و ڕاسپاردەکانی، سوپاسگوزاری مارکۆ پاپیك (Marko Papic) بۆ پێشنیازە بیبلیۆگرافیکە بەسوودەکانی. لە کۆتاییدا سوپاسی سۆفی نامی (Sophie Namy) دەکەم کە سیمینارە نایابەکەی زۆر یارمەتیمی دا و دەربارەی مێژووی هیندو سریلانکاش، بەرچاوڕوونییەکی زۆر زۆری پێم بەخشی.

گرفتی ئەو ناسنامە دابەشبووانەی بنەمایەکی تاییفی و کولتوری بەهێزیان هەیە

لەو کاتەی ململانێ ئایینییەکان گرنگییەکی کەمتریان هەبوو، وەك ئەوەی لە ڕابردوودا هەیان بوو، میڵتۆن فریدمان (Milton Friedman) لە کۆمۆنێتێکی ورد و سەرەکێدا دەنووسێت؛ "ناکۆکییە جەوهەرییەکانی بەها سەرەکییەکان، لە ڕێگەی سندوقی هەڵبژاردنەوە چارەسەر ناکرێن، بەڵام دواجار، دەشێت لە ڕێگەی ململانێ کردنەوە یەکلابکرێنەوە، نەك چارەسەر بکرێن. جەنگە ئایینی و ناوخۆییەکان، بەدرێژایی مێژوو، وەك گەواهیدەرێکی خوێناویی، پشتگیری لەم دیدە دەکەن" (فریدمان 24؛ 2002). فریدمان لەم روانگەیەوە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە فراوانکردنی بواری پەیوەندییەکانی بازار تا دەکرێ زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دوور لە سیاسەت بگرێتەوە، باشترین ڕێگەیە بۆ دوور کەوتنەوە لەم جۆرە ململانێیە. ئەو جۆرە وتانە کە لەلایەن ئابوریناسێکی ناودارەوە دەوترێت، مایەی سەرسوڕمان نییە، لەبەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنگەرییە لە بازرگانیدا، بەوپێیەی باشترین چارەسەرە، بتوانێت ئەو هەڵچوونانە چارەسەر بکات کە توندوتیژیان لێدەکەوێتەوە، چونکە لەوانەیە پەیوەندییە ئابورییەکان پشت بە بەرژەوەندییە خۆیەتییە ئەقڵانییەکان ببەستێت. هەروەها ئەلبێرت هێرشمان (Albert Hirsvhman) کارە نایابەکەی دەربارەی ئەم بابەتە، "هەڵچوون و بەرژەوەندییەکان" (The Passion and The Interests ”1977:V“)، بە وتەیەکی بەناوبانگی مۆنتیسکیۆ دەست پێدەکات "لە بەختانی خەڵکییە لە هەمان ئەو حاڵەتەی، هەڵچوونەکانیان وایانلێدەکات بیر لە شتی خراپ و بێمانا بکەنەوە، بەرژەوەندییەکانیان وادەخوازێت کەسانێکی خراپەکار و دزێو نەبن". هێرشمان لەسەریدەڕوات و دەڵێت زۆرێك لە بیریارانی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری لەو بڕوایەدان، بازرگانی کردن و بەشێوەیەکی گشتیتر چالاکی ئابوری ئەقڵانیترە. بەوەش دەشێت نەبێتە مایەی خوێنڕشتن، هەروەکو ئایین، یا مەسەلەی ئابروو، یا پێگەی کۆمەڵایەتی، یا تەنها حەزو هەوەسی دەسەڵات دەیکات.

سەرباری ئەوەش، زۆر زەحمەتە بەرژەوەندییە مادییەکانی گرووپە جۆراوجۆرەکان لە دڵسۆزییان بۆ تاك و بەها ئایینییەکانیان یا ئایدیۆلۆجیاکانی دی جیابکرێنەوە. ئەو کاروبارانە بەرادەیەك لەڕووی پراکتیکییەوە تێکچڕاوە کە باشترە

لێکهەڵوەشانەوەی ئەو بیروباوەڕانەی شەرعییەتی بەرژەوەندییەکان پێکدەهێنێت، لەو بەرژەوەندییانەی لە دڵسۆزی یا بیروباوەڕە قووڵ و ڕەگداکوتاوەکانەوە سەرچاوە دەگرن، بۆ ئەو تیوریستانە جێبهێڵرێن کە پێیانوایە یەکێکیان یا ئەوی دیکەیان، ئەو گۆڕاوە سەربەخۆ سەرەکییە دەستەبەر دەکات کە شرۆڤەی ڕەفتار دەکات. خۆشبەختانە، ئێمە ناچار نین ئەو کارە ئەنجام بدەین. ئەگەر بەرژەوەندییە ئابوریە پێشبڕکێکارەکانی گرووپەکان، بەتوندی بە ناسنامە کولتورییە جیاوازەکانەوە بەسترابێتەوە، ئیدی هاوئاهەنگیی نێوانیان لە جیاوازییە ئابورییە پەتییەکانی نێوان گرووپەکان، زەحمەتتر دەبێت، تەنانەت گەر جیاوازی ماددییش لە نێوجەرگەی ململانێ پراکتییەکاندا بێت، بە گوزارەیەکی دی: بەتەنیا هاندانی بازرگانی بەس نییە.

بۆچی موسڵمانە شیعەکان، لە لوبنان و عێراق، موسڵمانە سوونەکان دەکوژن؟ ئایا هۆکارەکەی ئەو جیاوازییە قووڵە ئایینییە کە دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ لەسەر دەسەڵات، ئەو ململانێیەی لە سەدەی حەوتەمدا لە نێوان خێڵە عەرەبەکاندا ڕوویاندا، بۆ ئەوەی کۆنتڕۆڵی ئیمپراتۆرە تازەکەیان بکەن؟ یا هۆکارەکەی لە لوبنان، هەروەکو فواد عەجمی، لە کتێبی "ئیمامە بزرەکە" دا (1986)، بەشێوەیەکی قاییلکەرانە دەڵێت؛ لە ڕاستیدا موسڵمانە شیعەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پەراوێز خرابوون و چینێکی هەژاری پایە نزمبوون، لەلایەن مەسیحی و عەرەبە سوونەکانەوە بەچاوی سوکەوە تەماشا دەکران؟ بە هەموو دڵنیاییەکەوە، عەجمی لەسەر هەقە، بێبەشکردنی ئابوری و ئەو سوکایەتییە کۆمەڵایەتییە حەتمییەی هاوڕای بوو، توڕەبوونی شیعەکانی لوبنانی لەگەڵ خۆیدا هێنا و دواجاریش بووە مایەی ئەوەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. سەربارى ئەوەش، ئەو هێزە زۆرە، بەشێوەیەکی ئاشکرا لە ڕێگەی سەرکردە ئایینییەکانەوە دروست بوو، چونکە شیعەکان لە لوبنان و عێراق، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەکیەك پەراوێز خرابوون، چالاکیی سیاسییان لە ڕێگەی بیروباوەڕیانەوە شەرعییەتی وەردەگرت و لەلایەن ئیمامەکانیانەوە ڕێبەرایەتی دەکران، نەك سیاسییە عەلمانییەکان. بەڵام لەلایەکی دی، لە حاڵەتی عێراقدا، هەروەکو دەزانین زۆرینەی شیعەکانی باشوور لەو عەرەبانە بوون کە تا سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، سوونە مەزهەب بوون (نیقاش: 14-48)!!، بەڵام چۆن و بۆچی ئەو موسڵمانە سوونە مەزهەبانە بوون بە

شیعە، ئەوا ئەمەیان چیرۆکێکی دوورودرێژو ئاڵۆزە و پەیوەندی بەشێوازی نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرییەکانەوە هەیە، لەو شوێنانەی دەستەبژێرێکی شاریی شیعیەی لێ بوو، ئەمە جگە لەو تایبەتمافە بازرگانییەی بازرگانە شیعەکان لە شارە پیرۆزەکانی کەربەلا و نەجەف بەدەستیان دەهێنا، ئەو دوو شارەی شیعەکان حەجیان بۆ دەکرد، سەرباری سیاسەتی عوسمانییەکان، دواتریش بریتانییەکان، کە زۆرێك لە کاروبارەکان لە ڕێڕەوی خۆیان لایاندا. ئەم باسەش بەو مانایە نییە، نکۆڵی لەو ناکۆکییەی نێوان شیعە- سنە بکرێت کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێیانەی لە سەدەی حەوتەمدا لە ئیمپراتۆرە ئیسلامییەکەی ئەو سەردەمە لەسەر دەسەڵات هەبوو، بەڵام ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە ساکارە مێژووییە کە پشت بە ناکۆکییە ئایدیۆلۆجی و تیولۆجییە کۆنەکان دەبەستێت، هێزێکی ڕاڤەکاری گەورەی لە پشتەوە نییە.

وەلی نەسر، پێیوایە ململانێی شیعە - سوونە، توخمە مێژووییە هەرە کۆنەکان لەگەڵ ڕاڤە ئایینییە هاوچەرخەکانی ئیسلام، یادەوەرییەکانی لەمەڕ جیاوازییە سیاسیی و ئابورییە زۆر کۆنەکان لەگەڵ جیاوازییە تەواو هاوچەرخەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەمە لەپاڵ ئەو ململانێ مادی و ئایدیۆلۆجییانەی بە پراکتیکی لێك جوداناکرێنەوە.

لە جیهاندا چەند ناوچەیەکی کەم هەیە، بەئەندازەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تێکەڵ کردنی ململانێی ئایینی، ئەتنیکی، ناسیونالیستی و ئابوری تێیدا ڕوون و ئاشکرا بێت. ئایا دروز گرووپێکی ئەتنیکی یا گرووپێکی ئایینییە؟ ئایا وەلید جونبلات، سەرکردە میراتگەرەکەیان لە لوبنان، بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە بەرگریکردن لە مافی موڵکدارێتی دروزو خۆشنودی ئابوریان دەدات، یا گرنگی بە پاراستنی بیروباوەرە ئاڵۆزەکەیان دەدات کە لقێکە لە تاییفەی شیعە و لە سەدەی یازدەهەمدا لە سایەی حوکمڕانی فاتمییەکانی میسر دا پەرەیسەند؟ ئایا ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە دروزەکانی لوبنان پێکەوە کۆدەکاتەوە، کە هەموو دڵسۆزییەکانی دی لە ناوچەیەکدا ژێر پێ دەخات کە دەوڵەتێکی لاوازو مێژووییەکی ناسەقامگیری هەیە و هاوپەیمانییە خێزانییەکان گیان وماڵیان دەپارێزێت؟ گشت

ئەو ڕاڤەکارییانە دروست و پاساوی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی لە یەکەمجاردا هاتووە، لەوانەیە مەتەڵێکی مێژوویی بێ چارەسەر بێت[21].

بەهەمان شێوە، واباشترە ناولێنانی شیعەو سوونە بە دوو تاییفەی جیاواز، یا دوو ئایینی جیاواز، یا لە شوێنگەلێکی وەك لوبنان و عێراقدا، بە دوو گرووپی ئەتنیکی جیاواز، بۆ ئەوانە جێبهێڵین کە لە جیاتی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە و ڕەسەن، پێداگری لەسەر پێناسەی ورد دەکەن. ئەو دووانە گشت ئەو شتانەن و تێکەڵ بەیەکبوون، بیروباوەڕ و مێژوو، خزمایەتی و بەرژەوەندی دژبەیەك لێکیان جیادەکاتەوە.

تیوریستە سیاسییەکان، گەلێك پێناسەی نایاب و وردیان داناوە، بەڵام وادیارە دواجار، ئەتنیك، ڕێك وەك نەتەوە، هەستێکی خۆیەتییە، بەشێوازێك لە شێوازەکان، ئیدی چی لە ڕێگەی خزمایەتییەکی شیمانەیی، یا بیروباوەڕ یا بەهای هاوبەشەوە بێت، ئەوەندە خاڵی هاوبەشمان هەیە کە دژ بەگرووپەکانی دی یەکمان بخات (سمیس 2001، فینتۆن 2003). ئایا کروات، سرب، موسڵمان و بۆسنییەکانی یۆگسلافیا لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەهۆی جیاوازی ئەتنیکییانەوە، ئەوەندە دژ بەیەکبوون؟ ئەگەر مەسەلەکە بەوجۆرە بێت، ئیدی جگە لە ئایین، چ شتێکی دیکە جیایان دەکاتەوە، ئەوانەی بەزمانێکی هاوبەش ئاخاوتنیان دەکرد، لە تاکە دەوڵەتێکدا دەژیان، هیچ جیاوازییەك بەشێوازێکی فیزیکی ڕوون لەنێوانیاندا نەبوو؟ ئایا گەر ئابوریی یۆگسلافیا لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا گەشەی بکردایە، ئەوا نقومی ئەو شەڕە ناوخۆییە دەبوو کە بووە مایەی ئەوەی لەبەریەکهەڵوەشێتەوە؟

[21] - هەندێك لە بڕیار بەدەستانی ئەمەریکی زانیارییان لەسەر هەمەڕەنگییە گەورەکەی تیرەو خێڵ و تاییفە و تیولۆجی و ئەتنیکییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. دروز، عەلەوی، مەندائی (سابئە)، نەسراوی، ئیسماعیلی و گەلێك لە تاییفە موسڵمان و نیمچە موسڵمانەکانی دی، ئەمە بێ ئەوەی جیاوازییەکانی نیوان دەستەو تاقمی شیعەو سوونە و سوفییەکان، یا تەنانەت ژمارەی گرووپە مەسیحی و نیمچە مەسیحییەکان باسیان لێوە بکرێ. بڕوانە حورانی (2002: 172 -188)، پێشەکییەکی پڕزانیاریی دەربارەی گرووپە سەرەکییە ئایینییەکان. سەبارەت بە مێژووی دروز، بڕوانە فیرۆ (1992)و سوەید (2006).

ڕەنگە نەخێر، هەروەکو زۆرێك لە کارەکان دەریدەخەن (وودوورد 1995). سەرباری ئەوەش، هەروەکو تاکیس پاپاس (Takis Pappas) (لەنێو ئەوانی دی)، نهێنی گەیشتنی سلۆبۆدان میلۆسێڤیچی (Slobodan Melosevic)بە دەسەڵات ڕوون کردۆتەوە، گەر بیروباوەڕ و ڕەگەزێکی تاڕادەیەك قووڵ و کۆن (بەلانیکەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، ڕەنگە پێشتریش)و ئەفسانەی نیشتمانی دەربارەی سربیا و کرواتیا نەبوایە کە شەرعییەتی ڕەفتار پەراوێزخستنی ڕادیکالانەی بە سەرکردەکانیان دەبەخشی، بەتەنها قەیرانە ئابورییەکان، هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆی لێنەدەکەوتەوە (باناچ 1984، جودا 2000، پاپاس 2005).

دەتوانین گەشت بەناو جیهان و کاتدا بکەین، بۆ ئەوەی نموونەیەکی بێشومار لەسەر دابەشبوونە قووڵەکانی نێو ئەو وڵاتانە بهێنینەوە کە لەسەر ئەو تێکەڵکردنەی نێوان ئایدیۆلۆجیا و بەها و بەرژەوەندییە مادییەکان دامەزراون، ئاشتی و سازانی نێوان کۆمەڵەکانی بە ئەستەم و کەوتنەوەی ململانێکانی بە حەتمی کردووە. بۆ نموونە، ئەمەریکییەکان دەیانەوێت ئەوە لە بیر بکەن کە ناکۆکییەکانی ساڵی 1860ی نێوان باکوور و باشوور، تێکەڵەیەکی گشت ئەوانەی پێشوو بووە. بەهەموو دڵنیاییەکەوە، مەسەلەی کوێلایەتی، مەسەلەیەکی بنچینەییە، بەڵام سپیپێستە هەژارەکانی باشوور (جگە لە ناوچەکانی چیای ئەپالاچیا)، ئەوانەی کوێلەیان نەبوو، بەویستی خۆیان و بەمەبەستی بەرگریکردن لە کولتورەکەیان دژی باکوورییە نامۆکان، بەشداریان لە جەنگدا کرد. جۆن رید (John Reed) (1983)، جیاوازییە کولتورییەکانی نێوان سپپێستە باشوورییەکان و باقی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی تاوتوێ کردووە، ئەو جیاوازییانەی تا ئەمرۆش بوونیان هەیە، بەڵکو واوەتر ڕۆیشتووە، بەوەی ئەتنییەکی جیاوازن و بەها ئایینی و ئاکارییەکانیان بەرژەوەندییە مادییە پوختەکان تێدەپەڕێنێت. هەروەکو دەزانرێت، ئەو گرووپە ئەتنیکە سپیپێستەی خەریك بوو دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان دامەزرێنن، تەنها بەشێوازێکی ڕابردووبین و کەمێك ساختەکاری مێژوویی، ئێمەی ئەمەریکی پێمانوایە، شەڕی ناوخۆ تەنیا هەڵەیەکی گەورە بووە، هیچی نەهێشتەوە و هەموو شتێکی بڕیووە، پاشان سەرلەنوێ، بووە دەوڵەتێکی خاوەن بەهاو بەرژەوەندییە هاوبەشەکان. هێشتا باشوور لە زۆر لایەنەوە، تا سەدەی بیستەم (ڕەنگە سەدەی بیستو یەکیش)، کولتورێکی جیاوازی هەیە، بە شێوەیەکی هەندەکی بەهۆکاری

ئابوری، بەڵام بەهۆی ئەو بەها ئەنتی لیبراڵانەشەوە کە بە ڕەگەز و ئایینەوە پەیوەستن (هارتز 1955، پۆتەر و فهرینباچەر 1976؛ مارکس 1998؛ بلاك و بلاك 2002).

ئەم حاڵەتەی باشووری ئەمەریکا دەمانباتەوە بۆ ئەو بابەتە سەرەکییەی کە لێرەدا گفتوگۆمان لەسەر کردووە، واتە ئەو دژواری و زەحمەتییانەی کە لە ڕێگەی دیموکراسییەوە، ڕووبەڕووی چارەسەرکردنی دابەشبوونە قووڵە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە. سەرباری ئەوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1860ی ئەمەریکا، بەپێی پێوەرەکانی ئەمڕۆ، دیموکراسی نەبوون کە تێیدا ژنان و غەیرە سپیپێست، ئاوارتە کرابوون، بەڵام لەکاتی خۆیدا بە تەواوەتی دیموکراسی بوو، چونکە زۆربەی هەرە زۆری نێرینەی سپیپێستەکان، مافی دەنگدانیان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەڵبژاردنەی لینکۆڵن تێیدا سەرکەوتوو بوو، چارەسەری هیچ شتێکی نەکرد، بگرە ڕاستەوخۆ شەڕێکی خوێناوی ناوخۆی لێکەوتەوە. ڕەنگە لە هەموو حاڵەتێکدا، گەر هەڵبژاردنیش نەبوایە، ئەو شەڕە هەر ڕوویبدایە، بەڵام هەڵبژاردن نەبووە مایەی ئەوەی هیچ شتێك دەربارەی کۆیلایەتی سوك بکات، لەگەڵ ئەوەی دوو کولتورو دوو ئابوری جیاوازیشی لێکەوتەوە. هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1860، بە تەواوەتی لەگەڵ لێدوانەکانی زانای سیاسەت، دۆناڵد هۆرۆیتز (89-83؛ 1985) (Donald Horowitz)، دەربارەی دیموکراسی دەگونجێت. هەڵبژاردن لە کۆمەڵگە زۆر دابەشبووەکاندا، بریتیە لەو ئامارەی ژمارەی دانیشتوانی هەر لایەك دیاریدەکات، لەبەر ئەوەی بەگشتی خەڵکی دەنگ بە گرووپەکەی خۆیان دەدەن، تەنها کەمێکیان هەڵبژاردن لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەبینین، نەك ئامرازێك بێت بۆ پشتگیریکردنی بەرژەوەندییەکانی گرووپی ئەتنیکی و ئایینی و ناوچەگەرا، ئیدی بەدەر لەوەی ئەو بەرژەوەندییانە پشت بە چی شتێك دەبەستن. بەزۆری دەوڵەمەند و نەدارەکانی دروز، یا شیعە موسڵمانەکان، یا سرب، یا باشوورییە سپپێستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە ڕووبەڕووبوونەوەی "بیانییەکان"دا یەکدەگرن، واتە ئەوانەی ئینتمایان بۆ ناسنامە جیاوازەکان هەیە.

لە حاڵەتێکدا چینە ئابورییەکە زۆر بە توندی بە ناسنامەی کولتورییەوە بەستراوەتەوە، ئیدی زۆر زەحمەت دەبێت بە فۆرمەکانی سازکردنی دیموکراسی، جیاوازی و ناکۆکییەکان چارەسەر بکرێن. میلتۆن فرێدمان لە کۆمێنتەکەی دەسپێکی

ئەم بەشەدا، ئەم مەبەستەی هەبوو، سەرباری ئەوەی چینی ئابوری فۆرمەکانی ناسنامەی کولتوری ژێر پێ ناخات یا ئەو فۆرمانەی پشت بە پەیوەندی خزمایەتی دەبەستن، بەڵکو کارەکە بە شێوەیەکی ئاوەژوویانە بەرێوەدەچێت. لەوانەیە کولتورەکان بە هەندەکی لە جیاوازە کۆنە ئابورییەکانی نێوان گرووپەکان یا کۆمەڵگەکانەوە بەرهەم بێت، ڕەنگە بەشێوەیەکی تایبەتی لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا (دەستەواژەکانی مارکس بەکاردەهێنین) لە "شێوازەکانی بەرهەمهێنان"ەوە سەرهەڵبدەن، بەڵام هەر ئەوەندەی دەبێتە بناغەی ناسنامەی بەهێزیی گرووپەکان، ئیدی شوێن پێی ژیانی تایبەت بەخۆی هەڵدەگرێت. هەر لەبەر ئەو هۆیەش، لینین لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمدا، بە خیانەتکردنی چینی کرێکارانی ئەوروپای خۆرئاوا، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا، هێدمە گرتی (صدمة)، کاتێك زۆربەی هەرە زۆری حیزبە سۆسیالیستەکان دڵسۆزیی خۆیان بۆ وڵاتەکانیان، نەك چینەکانیان هەڵبژارد (لینین 1939؛ پێشەکی لە 1917). هەر بۆیە هەوڵەکانی مارکسییەت بۆ مامەڵکردن لەگەڵ جیاوازییە ئەتنیکی و ناسیونالیستییەکان، بۆ سووربوونێکی سادە و ساکار کورت دەکەنەوە، بەوەی گشت ناسنامە ناچینایەتییە بەهێزەکان، نموونەیەکی سادە و ساکاری وشیارییەکی ساختەن، یا دەتوانرێت بوترێت لە ڕاستیدا پشت بە چینێکی ئابوری دەبەستێت، یا بە هەر ورێنە و قسەیەکی بێمانا کە ڕەنگە شرۆڤەکارەکانی دی بیلێن (بالیبار و وولێرستاین 1991).

هەموو ئەوانە بە تەواوەتی زانراون، ئەمە جگە لە دەلالەتەکانی بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری دژواریی ئەفراندنی ئەوەی "فەرید زەکەریا" پێی دەڵێت دیموکراسی لیبراڵی. بەزیادبوونی ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە لە داڕوخانی کۆمۆنیستی ئەوروپا، لە ساڵی 1989 - 1991ەوە، هەڵبژاردنی فەرمی تیا ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەوەی بەشێوازێك لە شێوازەکان بانگەشەی دیموکراسیبوون بکات، ئەوا ژمارەی ئەو دیموکراسییە "نالیبڕاڵەکانیش" زیادی کردووە کە ڕێز لە نەریتەکانی دەستوور و ئازادییەکانی تاکەکەسی، یا مافی خاوەنداریێتی ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناگرن و هەڵبژاردن بۆ بەشەرعییەتکردنی ئۆتۆکراسی بەکاردەهێنن (1997). زۆرێك لەمجۆرە دیموکراسییانە، دیموکراسی فەرمین کە هەڵبژاردن تێیاندا ناتوانێت ململانێ کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکات، بگرە زلتری دەکات، چونکە هەڕەشەی ئەو دۆڕاو و شکستخواردووانەی لەسەرە کە دەزانن ڕیسك بە لەدەستدانی هەموو شتێکەوە دەکەن.

هەروەکو زەکەریا لەو وتارە ناودارەیدا گوزارشتی لێکردووە کە لە ئێستا وادەردەکەوێت وردبینییەکی سەرسورهێنەری تیا بێت:

"کاتێك گرووپێکی ئەتنیکی بە دەسەڵات دەگات، ئەوا گرووپە ئەتنیکییەکانی دی دوور دەخاتەوە. وادەردەکەوێت سازان ئەستەم بێت، چونکە لەوانەیە مرۆڤ لەسەر پرسە ماددییەکان سازش بکات، وەك نیشتەجێکردن، نەخۆشخانە و بەخشین، بەڵام چۆن دەتوانێت جیاوازییەکان دەربارەی ئایینی نەتەوەیی دابەش بکات؟ ئیدی هەر بەزوویی کێبەرکێی سیاسەتی دابەشبوو بە خێرایی بۆ توندوتیژی پەلدەکێشێت. بەزۆری بزوتنەوەکانی ئۆپۆزیسیۆن و یاخیبوونە چەکدارییەکان و کودەتا سەربازییەکان لە ئەفەریقیا دژ بەو ڕژێمانە بوون کە جەخت لەسەر ئەتنیکی دەکەنەوە و زۆرێکیشیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بە دەسەڵات گەیشتوون" (1997: 36).

بۆیە دەقە بەناوبانگەکەی لینین، زیاتر بەمەبەستی پشتگیریکردنی دیموکراسییەکی هەمیشەیی، جێگیر و لیبراڵ، نەك بەمەبەستی شۆڕشی بۆلشەفیکی وەردەگرین: "دەبێ چی بکرێ؟". بەڵام بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیاری بدەینەوە، باشترە لە نزیکەوە لە هێندێك حاڵەتی نوێنەرایەتی کردن بڕوانین.

کاتێك هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان، ململانێ کۆمەڵایەتییەکان توندتر دەکەنەوە

ئەوەی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا لە کۆت دیڤوار (Cˆote d’Ivoire - ساحل العاج) ڕوویدا، بەتەواوەتی لە حاڵەتەکانی نوێنەرایەتیکردنی ئەفەریقیا بوو. بەکورتی ئەو وڵاتە ئەفەریقییە لە شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، نموونەیەکی سەرکەتوویی هەناردەکردنی قەڵایی و گەشەسەندنی کشتوکاڵ بوو. کاکاو، بە ئاستێکی کەمتریش قاوە و بەروبوومە گەرمەسێرەکانی دی (بە تەختەشەوە)، سەروەت و سامانێکی بۆ وڵات دابین دەکرد کە جێگەی ئیرەیی دراوسێیەکانی بوو. بەڵام ئەو پەرەسەندنە بووە مایەی ئەوەی لەلایەن ئەو دراوسێیانەیەوە کۆچی بۆ بکرێ کە کەمتر ڕوو لەگەشەسەندن بوون، ئەمە لە پاڵ

کۆچی ناوخۆی دانیشتوانە موسڵمانەکەی و هەرێمی ساڤانا لە باکوورەوە بۆ باشووری مەسیحی/ ئەنیمیست (ڕۆحانی) پڕ لە دارستان کە دوای بڕینەوەی دارەکان، کێڵگەی کاکاو و قاوە لە شوێنی دارستانەکاندا دروست دەکران، بەجۆرێك ئەبیدجان-ی پایتەخت بووە یەکێك لە سەنتەرە گرنگەکانی بازرگانی لە خۆرئاوای ئەفەریقیا. مادامەکی ئابوری لە گەشەسەندندا بوو، وڵاتیش لە سایەی دیکتاتۆرێکی پیاوچاك و خۆشەویستی گەل کە تاڕادەیەك دەیتوانی سوود بە دەستەبژێری هەرێمەکان لەسەرتاسەری وڵاتدا بگەیەنێت، ئەوا دەتوانرا بەر بە لێکترازانی سیاسیی و کێبەرکێی ئەتنیکی بگیرێت. هەروەها ئەو ڕاستییەش کە سەرۆك و زۆربەی دەستەبژێرە سیاسییەکان خەڵکی باشووربوون، بەشێوەیەکی گشتی قبووڵ دەکران. بۆ بەدبەختی، ئابوری وڵات لە هەشتاو نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، پاشەکشێی کرد، کاتێك نرخی کاکاو هاڕەی کرد و وەبەرهێنانەکانیش لە هەمەڕەنگکردنی ئابوریدا شکستیان هێنا. بۆیە ساڵی 1995، شێوازە کۆنەکەی بازرگانیکردن، ڕووبەڕووی گوشارێکی توند بووەوە، لە هەمان کاتیشدا، لایەنگر و دۆستە زلهێزەکانی کۆت دیڤوار، بەتایبەتی فەرەنسا، سووربوون لەسەر دیموکراتیزەکردن، وەك ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەو گەندەڵی و بەفیڕۆدانەی وڵات بە دەستییەوە دەیناڵاند. هەروەها بە داڕوخانی کۆمۆنیزمیش لە ئەوروپا کەشێکی نێودەوڵەتی ئەوتۆ هاتەئاراوە کە دیموکراتیزەکردنێکی زیاتری گەرەك بوو. گشت ئەوانە کاتێك ڕوویاندا کە دەسەڵاتە فۆرخکارەکەی دیکتاتۆرە پیرەکە ویەکەم سەرۆك، هۆفیۆت بوانییە (Houphouet Biogny) ڕووی لەکزی و داڕوخان کرد و بێزاری ئەتنیکیش ڕووی لە زیادبوون کرد. سەرکردە سیاسییەکانی باشوور بە دانیشتوانەکەی باشووریان دەوت لەلایەن بیگانەکانەوە فریودراون و لە ئێستاشدا لەلایەن ئەو بیانییانەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێت کە ڕەنگە هێزی هەڵبژاردنەکەیان مەترسییەکی گەورەیان بۆ دروست بکات (بۆ باشوورییەکان). سەرکردەکانی باکووریش بە دانیشتوانەکەی خۆیان دەوت، هێزی باشوور (هۆفیۆت لە ئەتنیکی "ئاکان"ی باشووری خۆرهەڵات بوو)، هەڕەشە لە خاوەندارێتی تایبەتییان دەکات. خودی باشوورییەکانیش لە نێوان ئەو زمان ئاکان-ەی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتبوو، نێوان دانیشتوانی باشووری خۆرهەڵات، دابەشببوون، ئەوانەی زەویوزارەکانیان مەترسی نێشتەجێکردنی کۆچبەرانی لەسەر بوو. "هۆفیۆت"، تا کاتی مردنی (ساڵی 1993) لە دەسەڵاتدا مایەوە، بەڵام گرژییەکان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، وڵاتی لێکترازاند. سیاسییەکانی

باشوور، لە پێناوی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، مافی هاوڵاتیبوونیان لە باکوورییەکان سەندەوە، بە بیانوی ئەوەی هەموویان کۆچەری و ڕەوەندن. ئەوەش بووە مایەی ئەوەی زەویوزارەکانی باشووری خۆرئاوای وڵات بە شێنەیی دەستی بەسەرا بگیرێت کە کۆچەریی بەشەکانی دیکەی وڵات و وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی دەکەوتنە باکووری کۆت دیڤوارەوە، بۆ چەندین دەیە پەرەیان پێ دەدا. ئەوەش بووە مایەی حەتمییەتی زنجیرەیەك لە هەڵبژاردنی توندوتیژ و کودەتای سەربازی ئەفسەرەکانی باکووری نێو هێزە چەکدارەکان. ساڵی 2002 وڵات بۆ باکووری یاخی و باشوور دابەش بوو کە سیاسەتمەدار لۆران باگبۆ (Laurant Gbagbo) لە کەمایەتی باشووری خۆرئاوا کۆنترۆڵی کردبوو، بەقۆزتنەوەی ڕقوکینەی ئەتنیکی و زیاتر پشتبەستنی بەزەبروزەنگی میلیشیا ئەتنییەکانی، لە دەسەڵات مایەوە. لەوانە بوو چارەسەرەکەی ساڵی 2007، بە چارەسەرکردنێکی مامناوەندی سەرکەوتووبوایە، بەوەی ئەو دەستەبژێرە هەرێمایەتییە کێبەرکێکارەی لە پێناو دەستەبەرکردنی مانەوەی باگبۆ لە دەسەڵاتدا، ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکرد، بەو مەرجەی هێندێك بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ ئەو باکوورییانە دروست بکەن کە دەیانەویست هاوشانیان بڕۆن (کرۆك 1997، بون 2003؛ 2006، چیرۆت 2006).

پایەدارکردنی دیموکراسیی فەرمی لە ساڵی 1995دا، گرفتە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆت دیڤواری لێنەکەوتەوە، بەڵام بەهەموو دڵنیاییەکەوە خراپتری کرد و بە هیچ شێوەیەکیش کێشەکانی چارەسەر نەکرد. گرووپە ئەتنیکییەکان متمانەیان بەیەکتر نەبوو، چونکە لەو بڕوایەدابوون سەرکەوتنێکی شیمانەیی هەر گرووپێکی ئەتنیکی ناوچەیی کارەساتێکە بۆ گرووپەکانی دیکە. لە سایەی ئەو هەلومەرجەدا، پایەدارکردنی دیموکراسییەکی شەفافی ڕاستەقینە، لە ڕێی بەئەستەمکردنی سیاسییانەی هەر دابەشبوونێکی ژێربەژێری دەسکەوتەکان لە نێوان دەستەبژێرە ناوچەییەکاندا، دەرئەنجامی ئاوەژووی لێدەکەوێتەوە.

ئەم نموونەیە بەشێوەیەك لە شێوەکان بەسەر زۆرێك لە وڵاتانی کیشوەری ئەفەریقیادا جێبەجێ دەبێت. زۆر بەسادەیی تەنها ئایین و ئەتنیك ڕووبەڕووی مەترسی نابنەوە، بەڵکو ئەو بەرژەوەندییە ئابورییانەش کە ئەندامەتی گرووپەکان پارێزگاری لێدەکەن. هەروەکو کارلی بۆیکس (Carles Boix) ڕوونی دەکاتەوە،

کاتێك گروپێك زۆربەی سەرچاوەکان کۆنترۆڵ دەکات، ئیدی ئەو گرووپە پێی خۆش نییە هەڵبژاردنی دیموکراسی ئەو بارودۆخە بگۆڕێت، هەروەها هەوڵ و کۆششی خەڵکانی دەرەوەی دەسەڵات بۆ ئەوەی مافی خاوەندرێتییان ڕزگار بکەن، بەدڵنیاییەوە توندوتیژی لێدەکەوێتەوە. بەوەش پێواری (غیاب) مافە جێگیرەکانی خاوەندارێتی، لەپاڵ کێبەرکێیەکی زۆر لەسەر سەرچاوە کەمەکان، هانی هەموو جۆرە ململانێیەکی ڕەگەزییانە دەدات و میکانیزمەکانی دیموکراسی فەرمیش والێدەکات نەتوانن لە توندیی ململانێیەکە سوك بکەن (بۆیکس 2003، 2006).

بۆیکس لە دوا کۆمێنتی وتارە تازەکەیدا، ئاماژەی بۆ حەقیقەتێك داوە، بەوەی سەپاندنی دیموکراسی، بەسەر کۆمەڵگەیەکدا، بەبێ پاڵپشتی دامەزراوەی گونجاو، کارێکی پڕزەحمەتە و پێویستی بەداگیرکارییەکی "دڕندانەی" دوور مەودا هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی لەنێو دانیشتوانی خودی وڵاتە داگیرکارەکەشدا، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، پێویستی بە پشتگیرییەکی فراوان هەیە. بە "بێ پاڵپشتییەکی گشتی، سەپاندنی دیموکراسی شکست دەهێنێت - هەروەکو نۆژەنکردنەوە هەندەکییانەکەی باشووری ئەمەریکا لە دوای شەڕی ناوخۆ و وازلێهێنانی لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوونی دەکاتەوە" (بۆیکس 2006: 21).

هەروەها سریلانکا، نموونەیەکی دیکەیە کە هەڵبژاردنی دیموکراسی ئاستی گرژییە ئەتنیکییەکانی تیا زیاد کرد و دواجاریش شەڕێکی ناوخۆی لێکەوتەوە. سیلان (هەروەکو لەو کاتەدا وای پێ دەوترا)، کاتێك لە ساڵی 1948دا سەربەخۆی لە بریتانیا وەرگرت، وادەردەکەوت یەکێك بێت لەو دەوڵەتە تازە سەربەخۆیانەی موژدەی خێر و سەرکەوتنی پێ بێت. وڵات ئاستێکی بەرزی لە خوێندەواری و دەستەبژێرێکی زۆر ڕووناکبیرو میانڕەوی تیابوو. سیلان بەبێ خولقاندنی ڕقوکینەیەکی زۆر و بەشێوازێکی ئاشتیانە سەربەخۆیی وەرگرت و ئابورییەکی ڕاست و ساغلەمی هەبوو. بەڵام گرفتەکە لەوێدابوو کە زۆرینەی بوزییە سەنهالییەکان، پێیانوابوو لە دەسەڵات دوور خراونەتەوە، نەك لەبەر ئەوەی کەمایەتییە ئەتنیکییە تامیلییەکە پشکی شێریان لە پۆستە مەدەنییەکاندا هەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەستەبژێرە سەنهالییە ڕووناکبیرە ئینگلیزیی زمانەکە، بەشێوەیەکی نەگونجاو مەسیحی بوون و گاڵتەیان بە نەریتەکانی بوزی- سەنهالی دەهات.

مۆبێلیزەکردنی دانیشتوانە سەنهالییەکان بەڕێبەرایەتی قەشە بوزییەکان و ئەو سیاسییانەی بێزارییەکەیان قۆزتبووەوە، داوای حکومەتێکی زۆرینە بوزی و کەمینە ئینگلیزییان دەکرد. ئەو فەندەمێنتالیزمە سەنهالی-بوزییە، بەشێوەیەکی سروشتی ئەو تامیلانەیان دوورخستەوە کە بە بێگانەیان دەزانین و مافی ئەوەیان نەبوو داوای هاوڵاتیبوونی تەواوەتی سریلانکی بکەن. سەرباری ئەوەی دوورخستنەوەی زمانەوانی - ئاینی هێندێك کردەی توندوتیژی لێکەوتەوە، بە تیرۆرکردنی قەشە بوزییەکەی سەرەك وەزیرانیشەوە (ساڵی 1959)، کەچی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەردەوام بوو، زۆرینەی بوزییەکان، بەزۆری تامیلەکانیان لە پۆستە مەدەنییەکان و دەرفەتی وەرگرتنیان لە زانکۆکان دوورخستەوە. دواجار بزوتنەوەی تامیلی جوداخوازی ڕادیکاڵ، "بەورەکانی تامیل" ئەو دۆخەیان قۆزتەوە بۆ ئەوەی گەنجە تامیلە بێزار و بێئومێدەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. "بەورەکانی تامیل" بەسەرکوتکردنی دڕندانەی هەر ناڕەزایەتییەك بەرامبەر بە سیاسەتە توندڕەوەکەیان، توانیان تاڕادەیەك دەوڵەتێکی تامیلی لە باکوور و چەندین بەشی خۆرهەڵاتی وڵات دامەزرێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری ئەوەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی سریلانکا هەوڵیان دەدا چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە، بەڵام سەنهالییە بوزییە ڕادیکاڵەکان، ڕێگرییان لەو هەوڵانە دەکرد. بۆیە هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن، ئەو ڕادیکاڵانە زیاتر کۆنترۆڵی باڵانسی هێزیان دەکرد و ڕێگریان لە سیاسەتێکی سازشکرانەی واقیعی دەگرت. لەلایەکی دی، درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆ و زۆری ژمارەی کوژراوەکان کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە 70000 هەزار کوژراوی تێپەڕاند، دەسەڵاتی بەورەکانی تامیلی ڤاییمتر کرد، ئەوانەی کەمتر لە جودابوونەوەیەکی تەواو ڕازی نەدەبوون. بەردەوامبوونی هەڵبژاردنە ئازادەکان لە زۆربەی وڵاتدا کە لەژێر دەسەڵاتی بەورەکاندا نەبوو، هیچ شتێکی چارەسەر نەکرد (تامبیا 1992، باتۆلۆمیۆز و دی سیلڤا 1998، وڵسۆن 2000، هۆرۆیتز 2001، نامی 2006).

حاڵەتی دی وێکچوو هەیە کە تێیدا هەڵبژاردنە چەندین بارەی تاڕادەیەك ئازادەکان، نەیانتوانی ڕژێمێك بەرهەمبهێنن لەلای گشت حیزبە ئەتنی- ئاینییەکان پەسەند بێت، بەڵکو لە جیاتی ئەوە بووە مایەی هەڵکەوتنی دەرفەت بۆ سەرکەوتووەکان تا لایەنگرە ئەتنیکییەکانیان خەڵات بکەن کە بەدڵنیاییەوە بێزاری

ئەوانی دیکەی لێدەکەوتەوە. نەیجیریا لە ڕۆژی سەربەخۆبوونییەوە (ساڵی 1960) بەم دیاردەیەدا تێپەربوو، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی لە ساڵی 1966ەوە، زنجیرەیەك کودەتای سەربازی لە ماوەی نێوان دیموکراسییە ڕێژەییەکاندا، تێیدا ڕوو بدات. هەروەها لە کۆتایی شەستەکانیشەوە شەڕێکی خوێناوی ناوخۆیی لێکەوتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەو توندوتیژییە ئایینی و ئەتنیکییە ناوچەییەی کە تا ئێستاش ساڵانە هەزاران قوربانی لێدەکەوێتەوە (سۆیینکا 1996، ڕۆتبێرگ 2004).

لە وڵاتە لاتینییەکاندا کە زۆربەی دانیشتوانەکەی خەڵکی ڕەسەنن، بۆ نموونە بۆلیڤیا، هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، بەدەم داواکاریی دانیشتوانە ڕەسەنە هەرە هەژارەکەوە نەچوون. هەروەها بەدیموکراتیزەکردنی زیاتری وڵاتیش، گرژیی نێوان ئەتنییەکانیش زیادیان کرد، چونکە سەرکردە پۆپۆلیستەکان زۆریی بێزارییەکانیان بۆ مۆبێلێزەکردنی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی کردن و پێشکەشکردنی داواکاری دژ بە دەستەبژێرە جێگیرەکە قۆزتەوە. داخۆ ئەمە دەبێتە مایەی ململانێیەکی توندوتیژی ئەتنیکی و ناوچەیی لە بۆلیڤیا، لە ئێستادا ئەوە پرسیارێکی کراوەیە، بەڵام بەتەنیا بوونی ڕێکاری دیموکراسی، گرەنتی چارەسەکردنی ئاشتییانەی ململانێکان ناکات (کرابتییری و وایتهێد 2001، ئیتۆن 2007).

ئەگەرچی بێزاری و ناڕەزایەتی لە خۆرهەڵاتی پاکستان (بەنگەلادیشی ئێستا)دا، دژ بە هەژمونی خۆرئاوای پاکستان، بەماوەیەکی زۆر بەر لەو شەڕە ناوخۆییە بوونی هەبوو کە ساڵی 1971 جیابوونەوەی بەنگەلادیشی لێکەوتەوە، بەڵام ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد، خاڵی یەکلاکەرەوەی شکست و داڕوخانەکە بوو. پاکستییەکانی بونگال بەهۆی قورسایی دیموگرافییانەوە، لە هەڵبژاردنە ئازادەکەدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەڵام پاکستییەکانی خۆرئاوا لەجیاتی ئەوەی بە حوکمی بونگالییەکان ڕازی بن، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان ڕەتکردەوە. لە ئەنجامی ئەوەشدا، هەوڵی سوپای پاکستان بۆ سەرکوتکردنی خۆرهەڵاتی پاکستان و هەڵایسانی شۆڕش و کوژرانی هەزاران کەسی لێکەوتەوە، ئەمە سەرباری جیابوونەوەیەکی حەتمی هەر دوو بەشەکەی پاکستان بۆ دوو دەوڵەتی جیاواز. لێرەدا ئەتنیك و ئایین، دوو تاکە هۆکار نەبوون، بەڵام کارلێکە ئاڵۆزەکەی نێوان گەشەسەندنی ناسنامەی ئیسلامی بونگالی، سەرباری چەوسانەوەی زمان کە لە خۆرهەڵاتی پاکستان، پشتی بە ئەتنیك دەبەست و هەمەڕەنگیی بونیادە کۆمەڵایەتییە ئابورییە زۆر جیاوازەکەی خۆرهەڵات

له خۆرئاوای پاکستان، گشت ئەوانە پێکەوە گرژییەکی سیاسیی زۆریان خۆڵقاند. هەوڵی کۆکردنەوەی دوو کۆمەڵگەی زۆر جیاوازی موسڵمان، هەموو چارەسەرێکی دیموکراسییانەی زەحمەت و قورس کرد، هەروەها شێوازی قۆزتنەوەی ئەو جیاوازییانە بەر لە هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن، لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانەوە، کارەکانی خراپتر کرد. دووبارەی دەکەمەوە کە هەڵبژاردن هۆکاری ململانێ درێژخایەنەکان نەبوو، بەڵام ڕووداوەکە دۆخە خراپەکەی بۆ شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی گۆڕی (سیسۆن و رۆز 1990، ئودین 2006).

بەڵام لە یۆگسلاڤیا، هەر یەك لە سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ لە سربیا و فرانیۆ تودجمان (Franjo Tudjaman) لە کرواتیا لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا هەڵبژێردران، کەچی هەر دووکیان بە بەردەوامی کاریان لەسەر قۆزتنەوەی گرژییە ئەتنیکییە باوەکان دەکرد. ئەو دوو نموونەیە دەرئەنجامی سەرکەوتنی دیموکراسییەکی نالیبراڵە. ملهوڕی ئەو دوو سەرکردەیە لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا کە ڕای گشتی پاڵپشتیان بوو، بووە مایەی زنجیرەیەك شەڕی کوشندەی یۆگسلاڤیی کە بەسەدان هەزار قوربانی لێکەوتەوە (هایدن 1992).

نموونەیەکی دی، ئاستی ئەو کارەساتە شیمانەییە ڕوون دەکاتەوە کە ڕەنگە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیموکراسییەوە ڕووبدات. لە کۆتایی ساڵی 1991دا، لە جەزائیر، یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد لە دوای سەربەخۆبوونی وڵاتەوە ئەنجام درا. بەهۆی بێتوانایی و شکستی دیکتاتۆرییەتی سەربازیی لە بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابورییەکی ئەوتۆدا کە بتوانێت کار بۆ زۆرێك لە دانیشتوان پەیدا بکرێت، بێزاری و ناڕەزایەتییەکی زۆر هەبوو، چونکە سۆسیالیزمی ئەو دیکتاتۆرییەتە تاڕادەیەکی زۆر گەندەڵ و لێنەهاتوو بوو، هەروەها ئەو دەستەبژێرەی دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، بەتەنگ خۆشنوودی دانیشتوانەوە نەدەهات. هەر لە خولی یەکەمدا ئەوە ڕوون بووەوە کە بزوتنەوەیەکی ئیسلامی بەهێز ئامادەیی تەواوی بۆ دەسەڵات گرتنەدەست و ڕزگاربوون لە دەستەبژێرە عەلمانییە سەربازییەکە تیایە، بۆیە هەڵبژاردن هەڵوەشایەوە، ئەوەش شەڕێکی ناوخۆی لێکەوتەوە کە تێیدا زیاتر لە سەد هەزار کەس کوژران. حاڵەتی جەزائیر، هەڵبژاردنێك نەبوو کە دەرئەنجامە ململانێئامێزەکانی دەرخستبێت، بەڵکو بریتی بوو لە هەڵبژاردنێك ناشەعبییەتی ئەو دەستەبژێرە حوکمڕانەی ئاشکرا کرد کە دیموکراسییەتی سەرکوت و کپ دەکرد.

هەروەها لەم حاڵەتەدا، ڕەگوریشەی ئەو بێزارییە ڕێکخراوە، ئەتنیکی نەبوو، هەر چەندە ئۆپۆزیسیۆنێکی گەورەی بەربەرە جەزائیرییەکان دژ بە ڕژێم هەبوو، ئەوانەی هەستیان دەکرد لەلایەن عەرەبی زۆرینەوە پەراوێز خراون، بەڵام بووە ململانێیەکی ئایینی. تا ئێستاش جەزائیر مەنجەڵێکە بۆ خولێکی تازە لە توندتیژی شیمانەیی دەکولێت (مالی 1996، مارتینز 2000).

ئەمەش بەو مانایە نییە دیکتاتۆر یا ئەو هەڵبژاردنە ساختەکارییە جۆراوجۆرانەی کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئەنجام دەدرێن، چارەسەرەکە بێت، بەڵکو گەلێك لەو حاڵەتانەی کە دەستەبژێری سیاسی سەر بە ئەتنییەك یا ئایینێك یا ناوچەیەکە، بەرژەوەندییەکانی بەشێوازێکی نەگونجاوی ئەوتۆ بۆ گرووپەکەی بەکارهێناوە و دۆخەکەی بەجۆرێك شێواندووە کە تاڕادەیەك ئەستەمە گرووپەکانی دیکە، بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی چاکی بکەنەوە. حاڵەتەکە لە چەندین وڵاتدا بەوجۆرە بووە، بۆ نموونە، ڕواندا و بۆرۆندی، سودان، بۆرما، گواتیمالا (هۆکاری سەرەکیی توندوتیژییەکە، پرسێکی چینایەتی و ئایدیۆلۆجی بوو، بەڵام دانیشتوانە ڕەسەنەکە بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ لە کوشتارگەکانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، کوشتارێکی زۆریان دا)، لە کۆنگۆ و چەندین ناوچەی دیکەی جیهان. تەنانەت لە جەزائیریش گەر ڕێگە بە بەردەوامبوونی هەڵبژاردنی ئازاد بدرایە، لەوانە بوو (ئەگەرێکی زۆر نییە)، ئەو توندوتیژییە ڕووینەدایە کە وڵاتی نغرۆ کرد.

ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پاشان سەرکوتکردنی توندوتیژئامێزی دەرئەنجامەکەی، هەروەکو لە جەزائیر، ساڵی 1992و بەنگەلادیش، ساڵی 1970 ڕوویاندا، نێوان خراپترین دەرئەنجامی شیمانەیی کۆدەکاتەوە. کاتێك دوژمنایەتییە ئەتنیك و ئایینی و ئابوری و ناوچەگەراکان مۆبێلیزە دەکرێن و پاشان تێیدا نائومێد دەبن، ئیدی دەرئەنجامە شیمانەییەکەی تەڵخی و بەسوێی هەمیشەیی و هەڵایسانی جەنگی ناوخۆ دەبێت. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە دیموکراسی چارەسەری هەموو دەردەکان ناکات، بەڵام هەر بەڕاستی لە هێندێك حاڵەتدا، لە ئەگەری کەوتنەوەی توندوتیژی نێوان گرووپە ئەتنیکی و ئایینیی و ناوچەییە کێبەرکێکارەکان زیاد دەکات. سەرباری ئەوەش، حاڵەتی تەواو پێچەوانە هەیە کە دامەزراوە دیموکراسییەکان هاوئاهەنگیی نێوان گرووپە ئەتنی- ئایینی و ناوچەییە کێبەرکێکارەکان بە مومکین دەکەن.

کاتێك هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان لە ئاستی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان کەم دەکەنەوە

ساڵی 1969، ئاژاوە و پشێوییە ئەتنیکییە کوشندەکانی مالیزیا، هەڕەشەی شەڕێکی ناوخۆیی دەکرد لە نێوان کەمایەتییەکی زۆر گەورەی چین و موسڵمانە مالاوییەکان، ئەوانەی هەژمونی سیاسییان بەسەر وڵاتەوە هەبوو. مالاوییە موسڵمانەکان زۆرینەیەکی کەمیان هەبوو (سەنغافورە ساڵی 1965، زۆربەی ئەتنیکییە چینییەکانی لە مالیزیا وەدەرنا، بۆ ئەوەی دەستبەری زۆرینەی مالاوییەکان بکات). چینییە مالیزییەکان، پشکێکی زۆر گەورەیان لە سامانی وڵاتدا هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا مالیزیا، دوای چل ساڵ لە سەربەخۆیی، بەشێوەیەکی ڕێژەیی وڵاتێکی دیموکراسییە و هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ڕێکوپێك تێیدا ئەنجام دەدرێ و هێشتا بەشێوەیەکی ئاشتیانە بە فرەڕەگەزییەکەی ماوەتەوە. ئەو شەڕە ناوخۆییەی چاوەڕوان دەکرا، ڕووینەدا، مالاوییەکان پارێزگاریان لە دەسەڵاتە سیاسییەکەیان دەکرد، چونکە حیزبی مالاوی کە هەژمونی بەسەر وڵاتەوە هەبوو، بە مەبەستی پشتگیریکردنی زۆرینەی پەرلەمان، دژ بە موسڵمانە ڕادیکاڵەکان و مالاوییە ناڕازییەکان، گرێبەستێکی لەگەڵ حیزبی چینی باڵادەستدا کردووە. بەوەش دەستەبژێری مالاوی سیاسەتێکی ئابوری تازەیان لە بەرژەوەندی مالاوییەکان گرتەبەر و زۆربەی پۆستەکانی زانکۆ دران بە مالاوییەکان، بەڵام دەستبەسەر مولك و ماڵی چینییەکاندا نەگیرا. لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئابوری حکومەت، ئاراستەی بەرەو سەرمایەداری بازار بوو، سیاسەتێکی سۆسیال سەنتراڵ نەبوو، لەبەر ئەوەی هانی وەبەرهێنانی دەرەکی نەدەدا، بۆیە ئابوری گەشەی کرد و سوود و قازانجەکەی بۆ چینی و مالاوییەکان بوو.

لە ڕاستیدا، دەستەبژێری بازرگانی چینیی، تەنانەت پێی خۆش بوو لە سایەی حوکمڕانی بریتانیشدا، هاوکاری لەگەڵ سەرکردە مالاوییەکاندا بکات، چونکە پێکەوە دژ بە یاخیبوونەکەی ساڵانی کۆتایی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەمی ئەو کۆمۆنیستانە بوون کە تاڕادەیەك بە تەواوەتی لە ئەتنییە چینییەکان پێکهاتبوون. ئەو کارەش بریتانییەکانی لە جەنگی دژ بەو پارتیزانە سەرخست و مالیزیای سەربەخۆیان لە ساڵی 1957دا، ڕادەستی بزوتنەوەی کۆنسێرڤاتیڤی مالاوی پێشەنگ کرد. ئەوەی دواتر لەو دۆخەکە کەوتەوە، هاوپەیمانی کارکردنی نێوان

چینیی نێوەنجی و دەستەبرژێری بازرگانی مالاوی بوو لەگەڵ هاوتا چینییەکەیاندا کە دەستەبەری ئاشتی وڵاتی دەکرد. بەوەش موسڵمانە ڕادیکاڵە مالاوییەکان و ئەو چینییانەی مەیلی ڕادیکاڵانەیان هەبوو، پەراوێز خران. گەشەسەندنی ئابوری و ڕێزلێگرتنی مافی خاوەندارێتی، ترسی چینییەکانی کەم کردەوە، ئەگەر چی لەڕووی سیاسییەوە لە مالاوییەکانیش بێتواناتر بوون. ڕێگە بەچینییەکان درا خوێندنگەی تایبەت بۆ منداڵانی ئەو خەڵکانە دروست بکەن کە بە هۆی سیاسەتی فەرمی سەر بەمالاوییەکان، هەستیان بە جیاکاری دەکرد، بۆیە چینییەکانیش پێشدەکەوتن. هەروەها ئەو کەمایەتییە هیندییەی ژمارەیان کەمتر بوو، ئەو سازشەیان پێ قبووڵ بوو کە لە بەرامبەر پێدانی دەسەڵاتی سیاسیی بە مالاوییەکان، زامنی خۆیان و موڵکوماڵیانی دەکرد. ئەمە سەرباری ئەوەی ناکرێ مالیزیا بە وڵاتێك دابنرێت کە گرژی ئەتنیکی تیانییە، چونکە زۆرێك لە مالاوییە هەژارەکان هەستیان بە فەرامۆشکردن و پەراوێزخستن دەکرد. بەڵام ئەو سازشەی دەستەبژێری گرووپە ئەتنیکییە سەرەکییەکان لەسەری ڕێکەوتن، بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و سازشکارییەکانی نێو پەرلەمان، خۆی ڕاگرت و شەرعییەتی پێدرا (هۆرۆیتز 1985؛ 404-427، 582، کراوچ 1996، جۆمۆ 1997، لیی 2000).

سریلانکاش دەیتوانی هەمان ڕێچکە بگرێتەبەر، بەڵام ئەو کارەی نەکرد. لە سریلانکا، ستراتیجییەتی گەشەسەندنی سەنترالی دەوڵەت، گەشەسەندنی ئابوری خاو کردەوە، بۆیە لە جیاتی ئەوەی میانڕەوەکانی تامیل و سەنهال لە نێوان خۆیاندا سازش بکەن، ڕایدیکاڵەکانی هەر دوو حیزب دەستیان بەسەر کاروبارەکاندا گرت.

هیند، بەشێوەیەکی ئاوارتە کۆمەڵەیەکی فرەڕەنگە لە کولتور، زمان، ئایین و ناوچەکان کە بەهۆی دیموکراسییە تاڕادەیەك پێشکەوتووەکەیەوە، بەئاشتییەکی ڕێژەیی پێکەوە دەژین. لە هێندێك شوێنی وڵاتدا، توندوتیژییەکی زۆر ڕوویانداوە کە بەزۆری ئەتنیکی- ئایینی بوون، بەڵام سەرباری شۆڕشە خوێناوییەکەی سیخ، لەپاڵ توندوتیژییە خوێناوییە بەردەوامەکەی نێوان موسڵمان و هیندۆسەکان لە هێندێك شوێنی (نەك هەموو شوێنێك) وڵاتدا و ڕاپەرین و پێکدادانی خوێناوی ئەتنیکی لە باکووری خۆرهەڵاتی وڵات و شەڕە ناوخۆییە خوێناوییەکەی کشمیر، بەڵام وڵات بە یەکگرتوویی ماوەتەوە و لەبەریەکهەڵنەوەشاوەتەوە، هەروەکو یۆگسلاڤیا، یا پاکستان، یا سریلانکا، یا وڵاتە ئەفەریقییەکانی دیی وەك سودان و

کۆتی دیڤوار، ڕوویاندا. بەڵام، سەرباری جیاوازییە زۆر گەورەکان لە سامان و ئایین و ئەتنیی ناوچە جیاوازەکان، ئەوە چۆن ڕوویدا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دەبێ لەوە تێبگەین کە وڵات خزمەتگوزارییەکی مەدەنییانەی بەهێز و یەکگرتووی لە حوکمی بریتانییەکانەوە بە میراتی بۆ ماوەتەوە. هەروەها دوای جیابوونەوە خوێناوییەکەی پاکستان و ئەو جەنگ و کوشتارەی لە ماوەی سەربەخۆبووندا لە ساڵانی 1947 - 1948 ڕوویاندا، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، سەرکردەی میانڕەو، جەواهیرلال نەهرۆ (Jawaharlal Nehru)، سەرباری هەموو شتێك، سوور بوو لەسەر ئەوەی نەریتە دیموکراسییەکان بپارێزێت. هەروەها سەرلەنوێ سنووری هەرێمەکان کێشرایەوە بۆ ئەوەی زۆرینەی ئەتنۆ - ئایینییەکان (ethno-religious) بتوانن حکومەتی تایبەت بەخۆیان پێکبهێنن و دەسەڵاتە زۆرەکانی خۆیان پراکتیزە بکەن. بەوەش، بۆ نموونە، تامیلەکانی باشوور، دەیانتوانی پیشە و حکومەتی خۆیان هەبێت، بێئەوەی تەنازول بکەن یا ملکەچی باکوورییە هیندی زمانەکان بن، ئەوانەی هەژمونیان بەسەر سیاسەتی نیشتمانییەوە هەبوو. لەبەر ئەوەی هیچ ئەتنییەك یا ئایینێك زۆرینەیەکی ئاشکرای نەبوو، لەبەر ئەوەی پارێزگاری لە دیموکراسی فیدرالیزم دەکرا (جگە لەو چەند ساڵەی کەمە لە حوکمی ئەندێرا گاندی، کچەکەی نەهرۆ)، سازشەکانی دیموکراسی بەسەر بەرژەوەندی تایبەتی هەموو گرووپەکاندا زاڵ بوو. لەم بارەیەوە سیاسەتناس، ئاشوتۆش ڤارشنی (Ashutosh Varshney) دەڵێت:

"هیند پێکهاتەیەکی ئەتنیکی پەرتەوازە و لێکترازاوی ناسەنترالی هەیە. لە ساتەوەختی سەربەخۆبوونییەوە هیچ تاکە ناسنامەیەك یا کەرتێکی - ئایینی، یا زمانەوانی، یا چینایەتی - لەسەر ئاستی نیشتمانی، ئەو هێزەی نەبووە کۆنترۆڵی ناسنامەکانی دیکە بکات.. بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە دەلهی، دەبێ سیاسییەکان لە ڕێی کەرتەکانەوە پرد و هاوپەیمانی دروست بکەن. بەکورتی، بەهۆی فرەڕەنگی کولتورییەوە، سیاسەتی هیند بەرەو ناوەندپارێزی ئایدیۆلۆجی ئاراستە دەگرێت" (ڤارشنی 2002: 73-74، 85).

بەڵام هیند سەرباری گشت کەموکورتییەکانی، نموونەیەکی ڕوونی وڵاتێکی هەژارە کە بەدەست گرفتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەتنی و ئایینیی بێشومارەوە

دەناڵێنێت و هێشتاش بەهۆی دیموکراسییەکەیەوە، وەك وڵاتێك بەیەکگرتوویی ماوەتەوە. تەنانەت لەماوەی قەیرانە ئابورییە دوورودرێژەکەی دوای سەربەخۆبوونیشەوە، سیستمە سیاسییەکە هەر مایەوە و دڵسۆزی بۆ دەوڵەتی هیندیی پتەوتر و جێگیرتر بوو. شتێکی شاراوە نییە کە هەر هەوڵێك لەلایەن هەر گروپێکەوە بدرێت، بۆ ئەوەی مل بە ئەوانی دیکە کەچ بکات، یا قەبووڵی بکەن لە دەسەڵات دوور بخرێنەوە، دەرئەنجامێکی کارەساتباری دەبێت. بەڵام لەو ناوچانەی شۆڕشییان تیا هەڵگیرسا، ئەو ناوچانە بوون کە کەمایەتییەکان هەستیان دەکرد، ئەستەمە دیدوبۆچونیان بەهەند وەربگیرێت، یا لەبەر ئەوەی کەمایەتییەکی زۆر بچووك بوون و حیسابیان بۆ نەدەکرا، هەروەکو حاڵەتی باکووری خۆرهەڵات، یا لەبەر ئەوەی حوکمڕانی ناوەند زۆر ستەمگەر بوو، هەروەکو حاڵەتی بەشێکی زۆری موسڵمانەکانی کشمیر. لەگەڵ ئەوەشدا، دیموکراسییەتی هیندی ڕێگەی بە چینەکانی خوارەوە دا، دەسەڵاتی زیاتر بەدەستبهێنن، هەروەها ڕێگەی بەناسیۆنالیستە توندەڕەوەکانیش دا بەشێوەیەکی ئاشتیانە کێبەرکێی دەسەڵات بکەن، ئەمە بێجگە لەوەی سیستمە سیاسییەکە، جوداخوازە ناوچەییەکانی لەخۆگرت و ڕێگەی پێیان دەدا هەوڵ بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانیان بدەن، بێ ئەوەی پەنا بۆ جیابوونەوە بەرن، یا بەلانیکەمەوە، بێئەوەی هیند لەبەریەکهەڵوەشێننەوە، چارەسەری ململانێ و ناکۆکییەکان بکەن (هۆرۆیتز 1985: 672-676؛ هاریس 2002؛ ڕۆدۆڵف و ڕۆدۆڵف 2002؛ نامی 2006).

بەدڵنیاییەوە نموونەیەکی زۆر لەسەر سیستمی دیموکراسیی ناوچە دەوڵەمەندەکانی جیهان هەیە کە لە ڕێی بەشداریکردنی دیموکراسییانە لە دەسەڵاتدا، توانیویانە بەسەر ململانێ ئەتنیکییەکاندا زاڵ بن. ئەو نموونانە دراماتیکییانە دەرناکەون، چونکە گەشەسەندنی دیموکراسی بە سانایی قازانج و بەرژەوەندییەکان دابەش دەکات. بەڵام هێندێك حاڵەت شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە دەیسەلمێنێت چۆن دیموکراسی دەتوانێت لە توندی ململانێ ئەتنیکییەکان کەم بکاتەوە، تەنانەت بەریشیپێبگرێت بۆ ئەوەی بەئاشتیخوازانە بمێنێتەوە. کەنەدا و سویسرا، دوو نموونەی باشن، هەردووکیان دوو سیستمی فیدراڵیین کە ناوچەکان لە سایەیاندا دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە و زمانی خۆیان بەرکاردەهێنن و حکومەتی تایبەت بەخۆیان دادەمەزرێنن. ئارێنت لیجپهارت (1977) (Arend Lijphart)

تیورەیەکی تەواوی بۆ ڕاڤەکردنی ئەو سەرکەوتنانە پەرەپێدا، کاتێك ناوی "دیموکراسی سازان -consociational democracies"ی لێنا. بەڵام بەداخەوە، هێندێك لەو کەیسانەی باسی لێوەکردووە، دیاریترینیان لوبنانە، تەنها تراویلکەیەك بوو، کەچی کەیسەکانی دی، بۆ نموونە، هیند، سویسرا و کەنەدا، تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوون، چونکە زۆرینە یا گرووپە ئەتنی - ئایینییە دەسەڵاتدارەکان، هەوڵیان نەداوە خۆیان بەسەر کەمایەتییەکانی دیکەدا بسەپێنن، بگرە بە تێپەربوونی کات بەرامبەریان نەرمتر بوون و ڕێگەی بەشداریکردنی ئەوانەشیان داوە کە دەسەڵاتێکی کەمیان هەبووە. نەریتە دیموکراسییەکان پرەنسیپی گفتوگۆیان پایەدارکرد، لەجیاتی ئەوەی پەنا بۆ نارەزایەتییە توندوتیژەکان ببرێت، هەروەها فیدرالیزمیش ڕێگەی بە زۆرینەی لۆکاڵی دا، دەسەڵاتی ناوچەیی بەرێوەبەرن.

دەکرێ ئەمەش بە ئێرلەندای باکوور بەراورد بکرێ، بەوەی تاڕادەیەکی زۆر ناوچەیەکە لە ڕووی ئابورییەوە پێشکەوتووە، چونکە پرۆتستانتەکان بۆ چەندین دەیە کاسولیکەکانیان لە دەسەڵات و دەرفەتی ئابوری دوور خستەوە، تا ئەو کاتەی توندوتیژی تاییفی بووە مایەی حوکمڕانیی ڕاستەوخۆی بریتانییەکان و سێ دەیەی لە ململانێی خوێناوی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا لێکەوتەوە (ماکگاری و ئۆلیری 1995، گالاگیر 2001).

لەوانەیە ئەندونیسیاش، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستو یەکدا، ئەو ڕێچکە دیموکراسییە بگرێتەبەر کە لە هیندستاندا سەرکەوتوو بوو. هەڵایسانی توندوتیژی ئەتنی، ئایینی و ناوچەیی، لە کۆتاییەکانی نەوەدەکان و سەرەتای سەدەی بیستو یەکدا، بەهۆی سروشتە توندڕەوەکەی سۆهارتۆ و بەهۆی ئەو بۆشاییەی لە دوای ڕوخانی دروست بوو، بە شێوەیەکی بەرچاو، زۆربەی وڵاتەکەی گرتبووە. ئەو حاڵەتە شڵۆق و نادڵنیاییەی دوای ئەو قۆناغە، خەبات و تێکۆشانەکانی بۆ قەرەبووکردنەوەی چەوسانەوە کۆنەکان و کێبەرکێیەکی توندیی نێوان گرووپە جیاوازەکان لەسەر دەسەڵات وروژاند. سەرباری ئەوەش، ڕیفۆرمە دیموکراسییەکان ڕەگیانداکوتا و بەڵێنییان دەدا ئاشتیانەتر برەو بەدەرئەنجام و بەروبوومەکانی بدەن. ڕۆبێرت هیفنەر (Robert Hefner) ئەم سەرکەوتنە دەگێرێتەوە بۆ میانڕەوی زۆرینەی حیزبە ئیسلامییەکان کە لە کوشتارگە ترسناکەکەی نەیارەکانیان لە ساڵانی 1965

- 1966و ساڵانی سەرکوتکردن لە سەردەمی سۆهارتۆ دا، ئەو وانەیە فێربوون کە توندوتیژی و نالێبوردەیی تاییفی، دوو شێوازی کاریگەر نین بۆ ئەوەی یەکێتی وڵات بپارێزن. لە ئێستادا ڕوون نییە داخۆ دیموکراسی دەتوانێت بەردەوام بێت، یا لە ئایندەدا پارێزگاری لەوە بکات کە زۆرێك لە گرووپە جیاوازەکان بە یەکگرتوویی بمێننەوە. ڕەنگە ئەوەش ڕووبدات، گەر موسڵمانە میانڕەوەکان لە گەورەترین وڵاتی موسڵمان لە جیهاندا، دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان، تا هەنووکە، فاکتەرێکی هێورکەرەوە بوون و هەرگیز فاکتەرێکی گرژی و جەمسەرگیری نەبوون (بێرتراند 2004؛ هیفنەر 2000، 2005).

هەموو ئەوانەش دەمانبەنەوە بۆ ئەو پرسیارەی، چۆن ئەوە بەدیدەهێنرێت؟ دەتوانرێ چی بکرێ بۆ ئەوەی ئەمجۆرە ئاکامە هاندەرە ڕووبدات؟ هەروەکو بینیمان، گەر هێندێك جار، دیموکراسی فەرمی لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا، یارمەتیدەر بێت، ئەوا هێندێك جاری دی، دۆخەکە خراپتر دەکات، کەواتە باشترین شێواز چییە بۆ ئەوەی برەو بە دەرئەنجامە ئاشتیخوازەکان بدرێت؟

دروستکردنی دیموکراسی: هێندێك پێشینەی نائومێدکارانەی مێژوویی

دەکرێ هەر وڵاتێك هێمایەکی بۆ دابنرێت و بەپێی پلەی دابەشبوونە ئەتنیکی یا ئایینییەکەی و مەودای دیموکراسیبوونیان، نرخ و بەهایان پێ بدرێت، پاشان ڕێژەی پەیوەستبوونی ئەوە بە توندوتیژی سیاسی، بەجەنگە ناوخۆیەکانیشەوە پێوانە بکرێت. ئەمەش پراکتیکێکی باشە، بەڵام ناتەواوە، چونکە ئەو میکانیزمە هۆکارییانە لەدەست دەدا کە توندوتیژی سیاسی و جیاوازییە گرنگەکانی لێ دەکەوێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هێندێك جار لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی دیموکراسی و نێوان نەریتە مێژووییە جیاوازەکانی زۆرێك لەو وڵاتانە سەرنج نادری کە هەوڵیانداوە جۆرێك لە دیموکراسی تەبەنی بکەن.

دروستکردنی دیموکراسییە سەرکەوتووەکان، بەشێوەیەکی هەندەکی قابیلی کار پێ کردنە، گەر گرووپە کێبەرکێکارەکان پرەنسیپی سازشکردن لەگەڵ یەکتریدا قبووڵ بکەن، ئەمە سەرباری هەبوونی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی گونجاو کە

لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە، یا بەلانیکەمەوە زۆربەی لایەنە ڕکابەر و دژبەرەکان، پەسەند بکرێ.

یەکێك لەو پێشنیازانەی لە سەرەتای نەوەدەکاندا بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییە ئەتنۆ-ئایینییەکانی یۆگسلاڤیا خرایەڕوو، بیرۆکەی پۆپۆلەری (شعبوي) بوو کە مەبەستی لێی دامەزراندنی کانتۆنەکان بوو لەسەر شێوازی سویسرا و جۆرێك لە کۆنفدراڵی، یا فدراڵییەکی زۆر فراوان کە یەکە زۆر بچووکەکان بگرێتەوە و تاڕادەیەکیش یەکانگیر بن. پێویست بە وتن ناکات، سەرباری ئەوەی لەڕووی جوگرافییەوە زۆر لەیەکترەوە دوور نین، بەڵام سویسرا کە سیستەمە کانتۆنییەکەی بەدرێژایی حەوت سەدە، بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی سویسرای هاوچەرخ پەرەسەندووە، مێژووییەکی تەواو جیاوازیی لە مێژووی یۆگسلاڤیادا هەیە، هەروەها دەشێت مۆدێلەکەی لە شوێنێکی دی، هیچ سوودێك نەگەیەنێت (باربەر 1973، شتاینبێرگ 1996). بە هەمان شێوە، ئەو "pillarization"ی هۆڵەندییەکان بۆ سوککردنی گرژییە ئایینییەکانی نێوان کاسۆلیك و پروتستانتەکان تەبەنییان کرد، دواتر فراوان کرا بۆ ئەوەی گرووپەکانی دیکەش بگرێتەوە، لە ڕاستیدا هیچ دەرفەتێکی سەرکەوتنی لە لوبنان نەبوو، چونکە بۆ ئەوە دروستکرا تا دەسەڵاتێکی هاوڕێژەیی بە گرووپە گەورەکان بدات، بەڵام هەرگیز یەکێتییەکی نیشتمانی ڕاستەقینەی نەخوڵقاند، پاشان کارەساتی توندوتیژیی چەندین بارەی لێ کەوتەوە (زیخدیرفیڵ 1998، ئەلخازن 2000).

گرفتی گشتاندنی دیموکراسی لە بوونی جیاوازییە گەورەکانی نێوان دۆخە تاکییەکاندا نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆرێك لەوانەی پێشنیازی بڵاوکردنەوەی ڕیفۆرمی دیموکراسییان لە جیهاندا دەکرد، بەتایبەتی ئەمەریکا، بیریان چووبووە دیموکراسی چۆن لەو وڵاتە خۆرئاواییانە پەرەیسەند کە تێیدا پەیدا بووە، بەتایبەتی چۆن لە ناوکۆی ئەنگلۆ-ئەمەریکیی، یا چۆن بە شێوازێکی تەواو جیاواز لە فەرەنسا پەرەیسەند. ڕەنگە هەر یەك لە بریتانیا، فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکان سێ نموونەی سەرەکی گەورەبن کە دیموکراسی تێیاندا پەرەیسەند، بەڵام بەدەگمەن لایەنگرانی بەدیموکراتیزەکردن لە سەدەی بیستو یەکدا، ئەندێشەی ئەو چۆنێتییە دەکەن کە هەر بەڕاستی ئەو وڵاتانەی بەدیموکراسی کرد.

دیموکراسیی ئەنگلیزی بە بڕیار دەرنەکراوە، بەڵام بەسازان و ئاشتەوایی نێوان میرە ناوچەییەکان و کڵێسە و سیستمی پاشایەتیی سەدەکانی ناوەڕاست، بەشێنەیی پەرەیسەند. هەمان سازان و چارەسەر لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی ئەوروپای خۆرئاوا ئەنجام درا، بەڵام لە بریتانیا ئەم پەیماننامە نامۆیەی دابەشکردنی دەسەڵات، وەك پاشماوەیەکی کۆنی "دەوڵەتی سەندیکایی - Standestaat" سەدەکانی ناوەڕاست بەردەوام بوو (وودوارد 1938، باگیهۆت و جۆن- ستیڤاس 1966، پلام 1973، پۆگی 1978). ئەم دامەزراوەیەی بە درێژایی چەندین سەدە لە توندوتیژی پێکەوە گرێدرا، دەبوو سیستمێکی پەرلەمانی ئەوتۆ بۆ ئینگلترا جێبهێڵێت کە توانایەکی گەورەی خۆگونجاندنی هەبێت لەگەڵ داواکارییە ڕوو لەزیادبوونەکەی چینە نێوەنجییە تازەکانی سەدەی نۆزدەهەم، پاشان لەگەڵ داواکارییەکانی چینی کرێکارانی سەدەی بیستەمدا، بەدڵنیاییەوە ئەوەش کارێکە ئەو دەستەبژێرە دەحەپەسێنێت کە لە سەدەی سیازدەهەمدا "ماگنا کارتا"ی داڕشتبوو، ئەمە بێجگە لەو سیاسییانەی دوای چوار سەدە و نیو، پەرلەمانەکەی تیودۆر ستیوارت - یان بۆ هێزێکی سیاسیی ئەوتۆ گۆڕی کە توانای لەکارخستنی خودی پادشایەتیشی هەبێت.

بەڵام فەرەنسا گەشەسەندێکی جیاوازی هەبوو. ناوەندێتی پادشایەتی، دامەزراوە پەرلەمانییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی داڕماند، ئەوەش ڕێچکەی بەدیموکراسیبوونی لە سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەمدا دژوارتر کرد. دامەزراوە دیموکراسییەکانی چەندین جار تووشی شکست بوون، دوا کودەتای سەرکەوتوو لە ساڵی 1958دا ڕوویدا، ئەوەش کۆماری پێنجەمی لێکەوتەوە. چوار کۆمارییەکەی پێشوو، دوو ئیمپراتۆر و دوو جۆری جیاواز لە پادشایەتی و ئەزموونێکی فاشیستی- سەندیکایی کورتی لەخۆگرتبوو (ئەگۆڵهۆن 1955، کوب 1998: 24-36).

هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆماری یەکەمیدایە (یا دووەم، ئەگەر ماددە کۆنفدراڵییەکان لەبەرچاو بگرین)، بەڵام بەر لەوەی یەکێتییەکەی جێگیرو پتەو بێت، بە شەڕێکی ناوخۆیی ڤێزەوندا تێپەر بوو. کۆڵۆنیالە سەرەکییەکانی ئەمەریکا کە لەو دەمەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانیان دروست کرد، سوودیان لە نەریتە دوورودرێژەکانی خودموختاری ناوچەیی و نەریتی پەرلەمانی بریتانیا وەرگرت. تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا، دەبوایە سازشی بەردەوام لە نێوان ناوچەکاندا

بکرێت بۆ ئەوەی یەکێتیی سیستمەکە بپارێزرێت. هەر لە سازشکردنی دەستووریی ساڵی 1787ەوە، تا دەگات بە زۆرێك لەو هەوڵانانەی بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییە زەوەندەکانی نێوان باشوور و باکوورییەکان دەدران، تەنانەت سازشی هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1877یش کە ڕێگەی بە باشوورییەکان دەدا پارێزگاری لە سیستمی پەراوێزخستنی ڕەگەزی و باڵادەستی سپیپێستەکان بکات، ماوەی 90 ساڵی خایاند، بەڵام دیموکراسی ئەمەریکی تەنها لە ڕێگەی سازشکردنی لەسەر پرەنسیپە لیبراڵەکانی، بەگۆڕوتینەوە لە گەشەکردن بەردەوام بوو، تا دواجار توانی ئەم بەریەکەوتنە کولتورییە ناوچەییە چارەسەر بکات، بێئەوەی شەرێکی تازەی ناوخۆیی هەڵگیرسێت (مارکس 1998).

بەروادکارییەی ئەنتۆنی مارکس (Anthony Marx) لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەفەریقیای باشووردا (لەگەڵ بەرازیل وەك دۆخێکی جیاواز و دژبەر)، ئەو خاڵە پشتڕاستدەکاتەوە کە ناسیونالیزمی سپیپێستەکان لە دوای جەنگەکانی نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکانی سپیپێستەکان، بەپەراوێزخستن و دوورخستنەوەی ڕەشپێستەکان و پێناسەکردنیان وەك "ئەوانی دی" کە بەشێك نین لە نەتەوە، جێگیرو قاییم بوو. مارکس لە کارێکی تازەیدا (2003) ئەم ئارگیومێنتەی فروانتر کرد بۆ سەرچاوەکانی ناسیونالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی کە ناوچە و گرووپە جیاوازەکانی یەکخست، بەوەی لەسەر بنەمای ئایینی، دوورخراوەکانی بە"ئەوانی دی" دوژمن پێناسە دەکرد. یەکێتی ئینگلیز لە سەدەکانی شازدە و حەڤدەهەمدا، لەسەر بنەمای دژایەتی کردنی کاسۆلیك پێکهات، ناسیونالیزمی فەرەنسی لەسەر بنەمای دژایەتی پرۆتستانت دروست بوو. بەوەش ڕاستییە مێژووییەکان ئەو حەکایەتە دڵنیاکەرە بەدرۆ دەخەنەوە کە چۆن فەرەنسی و ئینگلیزو ئەمەریکییەکان، وەك میللەتانی شارستانینشین بەسەر دابەشبوونە تایبفییەکاندا زاڵ بوون، ئەو سێ وڵاتە شەڕی ناوخۆییان کردووە و گرووپە دیاریکراوەکانیان چەوساندۆتەوە. بەداخەوە، ئەم کارە زۆر ڕوخێنەرە، چونکە ئاماژە دەکات بەوەی پێکهێنانی یەکێتی لە فرەڕەنگییەوە، پێویستی بە پەراوێزخستنی هێندێك و خولقاندنی دوژمنێك هەیە کە زۆرینە لە بەرامبەریدا یەکدەگرێت. تەنها کاتێك ئەوەش ڕوودەدات، کە هەستی ئینتمایەکی بەهێز بۆ نەتەوە هەبێت، ئیدی دەشێت دیموکراسی سەربکەوێت، چونکە بەرژەوەندی گرووپە جیاوازەکان، سەبارەت

بە پرسە زاڵەکەی ناسیونالیزم، دەبێتە پرسێکی لاوەکی. ئیدی سازشکردن لە جیاتی شەڕی ناوخۆ، تاڕادەیەك کارێکی ئاسان دەبێت، دەشێت هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان، بە شێوەیەکی ئاشتیانە، براوە و دۆڕاوەکان هەڵبژێرێت. دۆڕاوەکان بەهۆی بەها ناسیونالیستە هاوبەشەکانەوە، هەست ناکەن ستەمیان لێکراوە. هەر بەڕاستی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا هەیە کە هەموو وڵاتە ئەوروپییە بەهێزەکان، لەو جەنگانەوە پەیدابوون کە دژ بە دەرەکی و بیانییەکان یەکیانیدەخست و دیموکراسیش لە هەر جێیەك پەیدابووبێت، لە ڕێگەی ئەو ململانێیانەوە بووە کە زۆرجار بۆ کاری توندوتیژئامێز گۆڕاون. چارلز تیلی (Charles Tilly) بەدرێژایی کارە زانستییە بەرجەستەکانی، لێکۆڵینەوەی یەکلەدوای یەکی لەسەر ئەم بابەتە کردووە (تیلی 1975، 2004).

هەروەها میگوێل سینتینۆ (Miguel Centeno)یش ئارگیومێنتێکی ڕەشبینانە لەبارەی ئەمەریکای لاتینەوە دەخاتەڕوو. ئەمەریکای لاتینی بە پراکتیکی کەمتر میلیتاری بووە، لە ئەوروپای خۆرئاواش کەمتر جەنگی نێودەوڵەتی کردووە، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی یەکخستن و ئاوێتەبوونی نیشتمانی کەمتر بێت، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی ئەتنیکی گەورەیان تیایە یا ئەو وڵاتانەی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ڕێژەیەکی زۆر پێکدەهێنن، پاشان بەوە دەناسرێنەوە کە سەرکووتکردنێکی ناوەکی گەورەیان تیا دەبینرێت. بەوەش ناسیونالیزم لە دایك بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پێویستی نەدەکرد جەماوەری جوتیارانی وڵات لە دژی دوژمنە دەرەکییەکان مۆبێلیزە بکرێن، هەروەکو ئەوەی لە ئەوروپای خۆرئاوا ڕوویدا، بۆیە هەرگیز ئاوێتەبوونی تەواوەتی لە نێوان دەستەبژێرە زەنگینەکە و جەماوەرەکەی ڕووی نەدا. ڕەنگە ئەوەش یەکێك بێت لەو هۆکارانەی کە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی والێکرد، لەڕووی چینایەتی و ئەتنیکییەوە لە وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، کەمتر یەکگرتوون بن، ئەوەش دیموکراسی فشۆڵ و لەرزۆك دەکات (سینتینۆ 2002).

ئەوەش دەمانگەیەنێت بەوەی داوا لەو وڵاتانە بکەین کە بەدەست ململانێی ئەتنیکی یا ئایینی یا تایيفییەوە دەناڵێنن، بڕیاری چەوساندنەوە و پەراوێزخستن بدەن، بۆ ئەوەی یەکگرتووبن، پاشان لەگەڵ دراوسێکانیان لە جەنگی وێرانکارانەوە تێوەگلێن، تا بتوانن ئەو کەسانە ئاوێتە بکات کە "نەتەوە" پێکدەهێنن. ئایا ئەوەش

تاکە ڕێگەیە بۆ دروستکردنی یەکێتی نیشتمانی کە دیموکراسیی سەقامگیر بکاتە کارێکی شیاو؟ ئایا هیند لەسەر سنوورەکەی پێویستی بە پاکستان هەیە بۆ ئەوەی یەکگرتوو بێت؟ ئایا سەرۆك وەزیرانی مالیزی "محەمەد مهاتیر" لە شەیتانیکردنی یەهود و ئەمەریکاو خۆرئاوا لەسەر هەق بوو، بۆ ئەوەی گرووپە جیاوازەکانی یەکبخات؟

خۆشبەختانە، دەتوانین بە دەرئەنجامی گەشبینانە بگەین، مادامەکی بەئاگاین لەسەر ئەوەی کە گوشاری گشتگیر بۆ دیموکراسی حازربەدەست، زیانی لە سودی زیاتر دەبێت. ڕەنگە پایەدارکردنی دیموکراسی زیاد لە نەوەیەك بخایەنێت، بەڵام نابێت لەو ماوەیە زیاتر بخایەنێت کە "مانگا کارتا" بۆ پایەدارکردنی مافی هەڵبژاردنی گشتی لە بریتانیا خایاندی - واتە 700 ساڵ. لەوانەیە کارەکە پێویستی بە پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی گرووپە ئەتنیکی یا ئایینییە جیاوازەکان، یا هەڵایسانی جەنگی ناوخۆیی یا هەڵگیرسانی جەنگ دژ بە دراوسێکان نەبێت. بەڵام پێویستی بە هەڵبژاردنی زیاتر هەیە، ئەمە سەرباری ئەوەی دەبێ پەند لە گوشاری وڵاتە دراوسێیەکان وەربگرین. تۆماس بانگل، لەو بەشەی ئەم کتێبەدا کە پەیوەستە بە ئاراستەی فەلسەفییەوە، بە شێوەیەکی زۆر نایاب، ئەم خاڵەی ڕاڤە کردووە.

ستراتیجییەتی ئاشتیخوازانە و ستراتیجییەتی نائاشتیخوازانە بۆ ئاوێتەکردنی کەمایەتییەکان

کێشەکە بەنزیکەیی بریتییە لەوەی، گشت وڵاتە هاوچەرخەکان، بەوانەشەوە کە پێیانوایە دەوڵەتی شەرعیین، گرووپی ئایینی، ئەتنی و ناوچەیی، تەنانەت لە هێندێك دۆخیشدا گرووپی ئابوریی ئەوتۆییان تیایە کە هەمیشە گومان لە دڵسۆزییان دەکرێ. ئەو گرووپانە لە زۆر حاڵەتدا، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەشێك نین لەو دەوڵەتەی تێیدا دەژین، چونکە ئەو کەسانەی دەستیان بەسەر دەوڵەتەکەدا گرتووە، یا ئەوانەی دەیان چەوسێننەوە، خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان ناکەن. بۆیە ئەو وڵاتانەی کۆدەنگییەکی نیشتمانیان دروست نەکردووە، بەرامبەر ئەو لایەنانەی نوێنەرایەتیان دەکەن، دۆخێکی ناسەقامگیریان هەیە، تەنانەت ئەو وڵاتانەش کە تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووانە تێکەڵ بوون، لە ڕابردوودا بەوشێوەیە نەبوون. لە ڕاستیدا دەوڵەتی ناسیونالیزم، پڕۆژەیەکە بە

دەگمەن کۆتایی دێت، ئەمە ئەگەر هەرگیز کۆتایی بێت، نەك حەقیقەتێکی سەرەکی بێت و چاوەڕوانی هاتنەبوون بکات (گییەری 2002، سمیس 1986، فیبەر 1976). تەنانەت وڵاتە هەرە کۆنەکانیش کە جارێکیان بانگەشەی ئەوەیان کردووە، دەوڵەتی ناسیونالیستی قاییم و بەهێزن، بۆ نموونە، بریتانیای مەزن و ئسپانیا، هێشتا مەترسی ئەوەیان لەسەرە بۆ چەند وڵاتێك جیاواز دابەش بن، ئەمە لە کاتێکدا، وڵاتە بچووکەکان کە لە ڕابردوودا وەك قەوارەی یەکانگیر دەردەکەوتن، وەك وڵاتانی ئەسکەندیناڤیا، ڕووبەڕووی گرفتی کەمایەتی ڕەوەندێکی ڕوولەگەشە دەبنەوە. لە ئێستادا چەند دەوڵەتێکی هاوچەرخی کەم، وەك دەوڵەتی یەکانگیر ماونەتەوە، بێ ئەوەی شەری ناوخۆی تێیاندا ڕووبدات، یا بێ ئەوەی ڕووبەڕووی ململانێیەکی نێودەوڵەتی ئەوتۆ ببنەوە تا سنوورەکانیان بۆ دیاری بکرێن.

لە کاتی پایەدارکردنی دیموکراسییە سەقامگیرەکان لە جیهانی هاوچەرخدا، کە ڕۆڵی سەرەکی دەوڵەت، دەستەبەرکردنی خوێندن، دابینکردنی مافەکانی خاوەندارێتی و دابینکردنی دەرفەتی کار و سەپاندنی بەها سەرەکییەکانە، ئەوا مامەڵەکردن لەگەڵ کەمایەتییەکان یا ئەو گرووپانەی هێزێکی کەمتریان هەیە، بە یەکێك لە پرسە هەرە گەورەکان دادەنرێت و هێندێك جاریش بە تاکە مەسەلەیەکی گرنگ. سیستمی پاشایەتی تەقلیدیی، وەك ئەوەی عوسمانییەکان پراکتیزەیان دەکرد، چیدی قابیلی جێبەجێ کردن نییە، کاتێك گرووپە جیاوازە ئەتنۆ-ئایینییەکان، پەیڕەوییان لە یاسا و پراکتیکی تایبەت بەخۆیان دەکرد، مادامەکی دەستوەردانیان لە حوکمی سەنترالی ئیسلامی عوسمانی نەدەکرد. بەڵام گشت ئەوانە لە شەڕی ناوخۆی تاییفیدا داڕوخان، کاتێك ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی هەوڵی دا دەوڵەتێکی ناسیونالیستی یەکگرتوویی هاوچەرخ دامەزرێنێت کە توانای هەبێت هێزەکانی لەبەرامبەر دوژمنە ئەوروپاییەکاندا مۆبێلیزە بکات (بارکی و ڤۆن هاگن 1997، کەیدەر 1997، ماردین 1997).

چ ستراتیجییەك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەمایەتییەکان پەیڕەو کرا، ئەی تا چەند سەرکەوتوو بوو؟ سێ ستراتیجی هەیە و دەشێت هەر یەکەیان بۆ دوو بەش دابەش بکرێت؛ شێوازی ڕێژەییانەی لێبوردەیی و شێوازی ڕێژەییانەی نالێبوردەیی. هەر سێ جۆری ستراتیجییەکەش بریتین لە: ئاوێتەکردن، جیاکردنەوە و

پەراوێزخستن (دوورخستنەوە). خشتەی 4-1، ئەو ستراتیجییانە ڕوون دەکاتەوە (ئۆلیری 2001، چیرۆت و ماککوڵی 2006: 159).

خشتەی 4-1: ستراتیجییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمایەتییەکانی وڵاتە نەتەوەییەکاندا

	تاوتوێکردن	جیاکردنەوە	پەراوێزخستن(دوورخستنەوە)
لێبوردەیی	لەخۆگرتنی شێنەیی، نزیکە سازانێك	فرەکولتوری	کوچکردن یا جیاکردنەوەی سازان
نالێبوردەیی	لەخۆگرتنێکی زۆرەملێیانە	جیاکردنەوە	پاکتاوکردنی ڕەگەزیی یا جینۆساید

کارە نامۆیەکەی ئەم هێڵکارییە ئەوەیە کە زۆرێك لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان، لە ساتێك لەساتەکاندا، گشت ئەو ستراتیجییانەیان بۆ پشتگیریکردن لە یەکێتی نەتەوەییان بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، لەخۆگرتنی کۆچبەرە سپیپێستەکان، بە بەردەوامی کارێکی تەواو لێبوردەیی نەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، بەدەگمەن نالێبوردەیەکی دڕندانەش بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانرێت هەمان شت دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردنی ئەمەریکییە ئەفەریقییەکان یا دانیشتوانە ڕەسەنەکە بوترێت. بەڵام لە ساتێك لە ساتەکاندا، لە پاڵ پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆساید، لەخۆگرتن و جیاکردنەوەی زۆردارەکی دژ بە غەیرە سپیپێستەکان پیادەکراوە. جارێکیان ئەبراهام لینکۆڵن وتویەتی "جیاوازییە فیزیکییەکانی نێوان هەر دوو ڕەگەزی سپیپێست و ڕەشپێست.. بۆ هەمیشە ژیانیی هاوبەشی و پێکەوەیی هەر دوو ڕەگەزەکەی لەسەر بنەمای یەکسانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەیەکدادەبڕێت". بەوەش، پێیوابوو کۆچی کۆیلە ڕەشپێستە ئازادبووەکان بۆ ئەفەریقیا، چارەسەرێکی نموونەییە (مارکس 1998: 59). ئەم فۆرمە لە

"پەراوێزکردنی لێبوردانە" بیرۆکەی سەرەکی پشت دامەزراندنی لیبیریا بوو، هەر چەندە ئەوەشی سەلماند کە تاڕادەیەکی زۆر وەك چارەسەرێکی واقیعانە، پراکتیکی نییە. تەنها بەم زووانە، بەشێوەیەکی بەرفراوان، فرەکولتوریی لێبوردەیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پەسەند کرا کە دان بە شەرعییەتی ئاخاوتن بە زمانە جیاوازەکان و پراکتیزەکردنی کولتورە جۆراجۆرەکاندا نرا. بەڵام ئەم کارە هێشتا جێگەی مشتومڕە. ڕەنگە کارێکی شۆکئامێز بێت، فرەکولتوریی و جیاکردنەوە لە هەمان خانەدا ڕیزبەندیی بکرێن، بەڵام هەر دوو ستراتیجییەکەش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەستەمە تاکە کولتورێك دابمەزرێنرێت، بۆیە گرووپە ئەتنیکییەکان بەشێوازی جۆراجۆر بە جیا دەمێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، فۆرمە لێبوردەییەکە، فۆرمە میهرەبانەکەیە، سەرباری ئەوەی هێندێك لەو گریمانانە بەتەواوەتی لەیەکدەچن کە هەر دوو ستراتیجییەکە پێشکەشی دەکەن.

هێندێك لەو ئامرازانەی گفتوگۆیان لەسەر کراوە کە بەهۆیەوە هێندێك وڵات لەڕووی کولتورییەوە زیاتر یەکانگیر بوون. بریتانیا کاسۆلیکەکانی لە بەشداریکردنی سیاسی دوورخستەوە. سەرباری ئەوەی ئەم درز و کەلەبەرە لەناوخۆی بریتانیا چارەسەر کرا، کەچی لە ئێرلەندای (باکوور) کە بریتانیا کۆنترۆڵی دەکات، ئەو کارە ڕوووینەدا. بەڵام فەرەنسا زنجیرەیەکی دووروودرێژی لەخۆگرتنی زۆرەملێیانە و زۆر دڕندانەی بەخۆیەوە بینی. ئێرنست ڕێنان (Ernest Renan) دەیویست ئەمە بڵێت کاتێك دەیوت پێویستە لەسەر وڵاتان ڕابردوویان بە ئەندازەی وەبیرهێنانەوەی لە بیر بکەن. ئەو بیری لەو جینۆسایدانە دەکردەوە کە زۆر لەسەرەخۆ فەرەنسای یەکخست، بەتایبەتی هێرش و پەلاماری خاچخوازیی کاساری Albigensian Crusades) - هەڵمەتی خاچخوازی کاساری، هەڵمەتێکی سەربازییە و ماوەی 20 ساڵی خایاند، کلێسەی کاسۆلیکی بەمەبەستی لەناوبردنی ئەوەی پێی دەوت گومڕایی کاسار لە هەرێمی لۆنگدۆك، دەستی بەو هەڵمەتە کرد. لەو هەڵمەتەدا لە دوو سەد هەزار کەسەوە تا یەك ملیۆن کەس گیانیان لە دەستدا)، لەسەدەی سیازدەهەم و جەنگەکانی پرۆتستانتی- کاسۆلیکی لە سەدەی شازدەهەم و ئەو جەنگە خوێناوییە ناوخۆییەی وەك شۆڕشی فەرەنسا بوو (ئیندەرسۆن 1991: 199).

هیچ نموونەیەك لەو هەستە ساختەیەی ناسیونالیزم باشتر نییە کە لە دوای جەنگی ناوخۆی ئەمەریکا پەیدابوو، ئەوەش شێوازی ئەفسانەیی باشووری ڕۆمانسی بوو، ئەو هەستەی زۆرینەی ئەمەریکییەکانی والێکرد ئەو سروشتە ڕاستەقینە و دڕندانەیەی جەنگ لەبیربکەن کە باشوور لە پێناوی مانەوەی کۆیلایەتیدا، نەك بەهۆی شێوازی ژیانێکی شارستانی یا مافە دەستوورییەکانی "ویلایەتەکان"، شەڕی بۆ دەکرد. لە ئێستادا ژمارەیەك وڵاتی ئەورووپای خۆرهەڵات و سەنتراڵ کە هێندێکیان بانگەشەی دێرینی خۆیان دەکەن، دەوڵەتی بەهێزو تۆکمەی نەتەوەیین، لەبەر ئەوەی کەمایەتییە گەورەکانیان لەنێوبردووە، یا دەریانکردوون، یا لە دوای جەنگ بچووککراونەتەوە. پۆڵەندا باشترین نموونەیە، ئەمە سەرەڕای یۆنان و ڕۆمانیا (بێجگە لە قەرەج و کەمایەتی هەنگاریا) و هەنگاریا، بەدڵنیاییشەوە وڵاتە بچووکە تازەکانی یۆگسلاڤیای پێشوو. هەروەها تورکیا نموونەیەکی دیکەیە کە تا ئێستاش بەدەست کێشەی کەمایەتی کوردەوە (لە ڕاستیدا کورد لە تورکیا کەمایەتی نییە، بەڵکو بەشێك لە وڵاتەکەیان بەزۆر لکێنراوە بە تورکیا. و. کوردی) دەناڵێنێت، چونکە گرتنەوەخۆی زۆرەملێیانەی نالێبوردەیی شکستی هێناوە کە بە زۆری خۆی لە کوشتنی بەکۆمەڵی ئەرمەن و گۆڕینی بەزۆری سنوور و دەرکردنی بەلانیکەمەوە هەموو مەسیحی و یۆنانییەکان دەبینێتەوە. بەڵام هەر دوو دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخی سلۆڤاکیا و کۆماری چیك بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەیەك جیا بوونەوە و نموونەیەکی هاوچەرخی نەرمیان بۆ جیابوونەوەی لێبوردانە پێشکەش کرد، سەرباری ئەوەی هێشتا سلۆڤاکیا بە دەست کێشەی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمایەتییە هەنگارییەکەوە دەناڵێنێت، هەروەها هەر دوو دەوڵەتەکە بە دەست کێشەی ئەو کەمایەتییە قەرەجانەوە دەناڵێنن کە نەتوانراوە بیانگرنەخۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەبوو کۆماری چیك بە شێوەیەکی ئاشتیانە دامەزرێت، بەوشێوەیەی کە ڕوویدا، گەر لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، کەمایەتییە ئەتنیکییە گەورە ئەڵمانییەکەی بە زەبری هێزو زۆر دڕندانە دەرنەکردایە (نایمارك 2001، باسی زۆرێك لەو پاکتاوە ڕەگەزییانەی کردووە).

بەڵام لە ئەمەریکای لاتین، هەوڵی زۆرەملێیانەی بۆ لەخۆگرتنی دانیشتوانە ڕەسەنەکە هەبوو. هێندێك لەو هەوڵانە بەشێنەیی و هێمنانە بوون، بەڵام نموونەی زۆریش لەسەر جیاکردنەوەی تەواوەتی و کوشتارگە و پاکتاوکردنی ڕەگەزیی و

جینۆساید هەیە. هەروەها ڕوسیا بەر لە ساڵی 1917، لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەت و لەسەردەمی یەکێتی سۆڤێت و بە ئێستاشەوە، هەموو ستراتیجییەکی لەتوانابوونی بەکارهێناوە، هەر لە پاکتاوکردنی ڕەگەزیی گەلە جیاوازەکانی قوقاز، تا دەگات بە ڕاگواستن و لەخۆگرتنی زۆردارەکی و سازان و فرەکولتوری، ئەمە بێجگە لە لەبەریەکهەڵوەشانەوەی هەرێمە ئەتنیکییە نەیارەکان (یەکێك لە کەیسەکانی نایمارك "2001: 85-1071"، باس لە مامەڵەی یەکێتی سۆڤێت لەگەڵ چیچان و ئەنگوشدا دەکات). لەسەرتاسەری جیهاندا نموونەگەلێك لەسەر هەموو ستراتیجییە مومکینەکاندا هەیە، هەر لە حاڵەتی ئەوپەڕی دڕندانەی نالێبوردەیی تا حاڵەتەکانی دیکەی ستراتیجییەتی لێبوردەیی، جگە لە گەلێك حاڵەتی سەرکەوتن و شکست لەگەڵ هەر ڕووکردێکی "approach" دیاریکراودا. گرنگە بچینەژێرباری ئەوەی کە وەرگۆڕانی گەلانی نایەکانگیر بۆ نەتەوە پرۆسەیەکی دوورودرێژ و ئاڵۆزە. دەشێت تاڕادەیەك بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەدیبهێنرێت، بەڵام هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا، توانای بوون بە ململانێیەکی توندوتیژی هەیە.

ئەفراندنی هەست پێویستە بۆ ئەوەی دیموکراسییەکی سەرکەوتوو بەرپا بکرێت، هەروەکو لیا گرینفەیڵد (Liah Greenfeld) دەڵێت؛ نەتەوە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتدا، دەبێتە ناسنامەی سیاسەتێکی سەنتراڵ بۆ هەمووان، یا بە نزیکەیی بۆ هەمووان. دەشێت گشت ئەم ڕێوشوێنانە سەرکەوتووبن؛ فرەکولتوری سویسرا یا هیند، جیابوونەوەی ئاشتییانەی سلۆڤاکیا و کۆماری چیك، جیابوونەوە لە دوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە سەرکووتکردن و خوێنڕشتن و شەڕی ناوخۆ، هەروەکو لە نێوان کۆماری ئێرلەنداو بریتانیای مەزن ڕوویدا و لەخۆگرتنێکی لێبوردەییانە، هەروەکو لەویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕەوەندی سپیپێستەکاندا ڕوویدا. هەروەها دەشێت لەخۆگرتنی زۆرەملێیانەش سەرکەوتوو بێت، هەروەك لەگەڵ زۆرێك لە کەمایەتییە ئایینی و ئەتنیکییەکان لە فەرەنسا ڕوویدا. بەڵام کاتێك پرۆسەکە بەناتەواوی ئەنجام دەدرێ، ئیدی مەترسی ململانێیەکی ئەتنیکی هەمیشەیی سەرهەڵدەدا، هەروەکو لەگەڵ کوردەکانی تورکیا ڕوویدا (ماکدۆواڵ 1997: 418-444). هەروەها جیاکردنەوە تەنها کاتێك سەرکەوتوو دەبێت کە کۆمەڵە جیاکراوەکە ئەوەندە پەراوێزخراو بێت کە بەتەواوەتی توانای لەدەستدابێت، هەروەها دەشێت بە یەکخستنی زۆرینە دژ

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەکەمایەتییەکی جیاکراوە سەرکەوتن بەدەستبهێنرێت، هەروەکو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە سەدەیەك لە شەڕی ناوخۆ ڕوویدا. بەمەبەستی بەدیهێنانی دیموکراسییەکی تەواوەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەبوو کۆتایی بەجیاکردنەوە بهێنرێت و هەنگاو بەرەو شێوازێك لەخۆگرتنی لێبوردەیی بنرێت (زۆرێك لە ئەمەریکییەکان بە فرەکولتوریی ناوزەدەی دەکەن، بەڵام ئەوەی بەپراکتیکی ڕوویدا، بەخراپی ریزەبەندی دەکەن). هەروەها دەشێت جینۆسایدو پاکتاوکردنی ڕەگەزیش سەرکەوتوو بێت. ڕەنگە تورکیایەکی دیموکراسی پڕکەموکورتی هەبێت، بەڵام وێناکردنی دیموکراسییەکی هەمیشەیی یا تەنانەت دەوڵەتێکی تورکی نزیك لە سنورەکانی ئێستای، زەحمەت دەبێت، گەر ئەرمەن و یۆنانییەکان، وەك دوو گرووپی دیموگرافی گەورە لە ئەنادۆڵ و ئەستانبوڵ بمێننەوە. ئەمە لەپاڵ ئەوەی، بەبێ لەنێوبردن و دەرکردن، لە سەدەی بیستەمدا، وەرگۆڕانی تاڕادەیەك هێمن و ئارام بەرەو دیموکراسی لە زۆربەی خۆرهەڵات و سەنتراڵی ئەوروپا لە دوای ساڵی 1989دا، ئاسان نەدەبوو.

لەبەر ئەوەی مەبەستم نییە پێشنیازیی ئەنجامدانی جینۆسایدی تازە بکەم یا هەوڵی دڕندانە بدرێ بۆ ئەوەی گرووپە سەرکێش و لاسارەکان، تێکەڵ بە ناسنامەی نەتەوەی باڵادەست بکرێن، بۆیە ئەم پرسیارەی قووت دەبێتەوە: ئەو ستراتیجییە لێبوردە چالاکە کامەیە کە بشێت بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی یەکانگیرییەکی زەروری بۆ سەرخستنی دیموکراسی بخولقێنێت؟ لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە کتێبێکی تایبەت هەیە، بۆیە دەبێ وەڵامەکەی کورت بێت.

چۆنێتی پشتگیریکردنی دیموکراسی لێبوردە

ڕێسای یەکەم، پێویستە ئەوەمان لە یاد بێت کە گەلێك لەو دۆخانەی لە ئینگلتەرای سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ هیندی هاوچەرخ نۆرە دەکەن، دەبێ دەستەبژێری گرووپە جیاوازەکان دڵنیا بکرێنەوە، ئەوانەی جەخت لەسەر ناوچە یا ئەتنیی یا ئایین دەکەنەوە، بەوەی کاتێك دەبن بە بەشێك لە دەوڵەت، تایبەتمەندی و دەسەڵاتی لۆکاڵی یا دەرفەتی سوودوەرگرتن لەدەست نادەن. ئەم کارە تا ئەم ساتەوەختەش گرنگی خۆی هەیە.

پراکتیزەکردنی ئەم کارە بەزەرورەت لە توانای بەدەستهێنانی دیموکراسییەکی تەواو کەم دەکاتەوە. هەروەکو زۆر دەمێکە دەزانرێت، دەبێ دیموکراسیی لێبوردە (لیبراڵ، هەروەکو زەکەریا دەڵێت)، کەمایەتی لە زۆرینە بپارێزێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پاراستنی سەرکردەی گرووپەکان بایەخی زیاتری هەیە، واتە ئەو دەستەبژێرانەی کە پێیانوایە گرووپەکەی خۆیان، لەبەرامبەر گرووپە کێبەرکێکارەکانی دیکە دەپارێزن. ئەو دەستەبژێرانە، بە تایبەتی گەنج و ڕووناکبیرەکانی کە بە زۆری لە جیاتی گرووپە چەوساوە بێزارەکەیان، شۆڕش دژ بە دەوڵەت هەڵدەگیرسێنن. بۆیە گەر "ئاسایشی دەرفەت" دەستەبەر نەکرێت، زۆر بە ئاسانی دەستەبژێرە گەنجەکە دەتوانێت زۆر کەس لە گرووپەکەیان بۆ دژایەتی کردنی دەوڵەت قایل بکەن. هەڵبژاردنی دیموکراسییانە ئەو مەسەلەیە چارەسەر ناکات. بۆیە دەبێ هۆکاری جەوهەری بە دەستەبژێری گشت گرووپە بەشداربووەکان بدرێت تا بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن کە ڕەنگە دواجار دیموکراسی لێبکەوێتەوە، گەرچی ئەوەش یەکسەر ڕوونەدات. تەنها ئەو کاتە دەشێت سازشکردنی دیموکراسییانە شوێن پێی خۆی بکاتەوە.

هەروەها لەوانەیە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە سەردەمی تۆکفیڵ-ەوە تا هەنوکە، بەخاتری ئەوەی بناغەی دیموکراسییە، شانازییەکی زۆریان پێوەدەکرێ، تەنیا لەو حاڵەتەدا دەبێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر کە سەرکردە دەستەبژێرەکانی، بەدەوڵەت ڕازی بن و دیموکراتیزەکردنی شێنەییان پێ باش بێت، چونکە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانیان یا چانسی ئایندەی گرووپەکانیان ناکات. ئیدی تەنها لەو کاتەدا سەرکردەی ئەو گرووپانە ئامادەییان تیایە وەك نوێنەری گرووپەکانیان سازش لەگەڵ یەکتریدا بکەن. زۆریش گرنگ نییە، گەر لە سەرەتادا ئەو دەستەبژێرانە بە شێوەیەکی دیموکراسییانە هەڵنەبژێردرێن. دەبێ پرۆسەی دیموکراسی لەبەر بەرژەوەندییەك پەکبخرێت، هەروەکو لە سەرەتادا لەگەڵ بریتانی و ئەمەریکییەکان ڕوویدا، واتە لە نێوان دەستەبژێری نوێنەرانی بەرژەوەندییە لۆکاڵی و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا سازش بکرێ. کاتێك ئەو دەستەبژێرانە فێردەبن چۆن ئەو کارە ئەنجام بدەن، ئیدی دامەزراوە دیموکراسییەکان دەرفەتێکیان بۆ گەشەسەندن بۆ دەڕەخسێت.

دەبێ لە هەموو سەردەمەکاندا ڕێز لە ماڤی خاوەندارێتی بگیرێت. ئەو کارەش لە خودی بەرپاکردنی دیموکراسی گرنگترە، چونکە ئەو دیموکراسییانەی مافە ئەتنیکی و ئایینی و ناوچە جیاوازەکان دەستەبەر نەکات، هیچ دەرفەتێکی بۆ سەرکەوتن نییە.

ئەم کارە مەسەلەیەکی قورس دەوروژێنێت. زۆر بە سادەیی لێبوردن بریتی نییە لە مەسەلەی سازشکردنی نێوان دەستەبژێرەکان یا ڕێزلێنانی ماڤی خاوەندارێتی. ئێمە دەزانین ویلایەتە یەکگرتووەکان بەم قۆناغەدا تێپەر بووە، بەر لەوەی لەبەرامبەر غەیرە سپپێستەکان لێبوردە بێت، هەروەها ئەوەش دەزانین کە ڕەنگە کینە و لایەنگیری توند، لە دوای نەمانی هەڕەشەی کەمایەتییەکانیش لەسەر نەتەوە، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بێت. لەبەر ئەوەی دوورخستنەوەی نالێبوردانە، ڕەنگە سەربکەوێت و زۆرێك لە دیموکراسییە ئەوروپییەکان بە چەوسانەوەی کەمایەتییەکان و هێندێك کەڕەتیش بە لەنێوبردنیان، یەکێتی نەتەوایەتییان بونیات ناوە، کەواتە چۆن خۆمان لە ڕوودانی بەدوور بگرین؟ تاکە چارەسەر ئەوەیە کە کۆمەڵگە لەپێشبوونی مافەکانی تاك قبووڵ بکات. تا ئەو کاتەی یەهود، توتسی، چینییەکان، ئەرمەن و کاسۆلیك، یا هەر گرووپێکی دی، وەك قەوارەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ کە یاسا و نەریت و ماڤی کۆمەڵایەتیی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی گشت تاکەکانی ئەو گرووپانە تەنیا لە ڕێگەی گرووپەکانیانەوە ماڤ وەکیەکیان هەیە، ئەوا لێبوردەیی وەك کاڵایەکی فشۆڵ دەمێنێتەوە. ئادەم سیلیگمان لە توێژینەوەکەی ئەم کتێبەدا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە قبووڵ کردنی ئەوانی دیکەی جیاواز، پرسێکە لە لێبوردەیی واوەتر دەڕوات، بەتاککردنی مافەکان، بەشێوازێك جیاوازییەکان بەتایبەتی دەکات کە زەحمەتە بەر لە بزوتنەوەی ڕۆشنگەری لە ڕابردوودا هەبووبێت.

هێشتا هیند زۆر دوورە لەوەی لەسەر ئاستی گشتیدا مافەکانی تاك لە بەرامبەر مافەکانی گرووپ قبووڵ بکرێت. هەروەها لە ڕاستیدا هیچ دیموکراسییەکی ئەوروپای خۆرئاواش تا دوای تێپەربوونی ماوەیەك لە سەدەی بیستەم، بەم ئاستە نەگەیشتن. تا ئەوەش ڕوودەدا، دەشێت لە ڕێگەی سازشکردنی نێوان دەستەبژێر و گرووپەکانەوە، نەتەوەکان یەکبخرێن. بەڵام دەنگدانی میللی، دەرفەتێك بۆ

سەرکردەی گرووپەکان دەرەخسێنێت تا لە ڕێگەی پشتگیریکردنی ڕقوکینە و جیاکارییەوە، دەسەڵات بگرنەدەست.

بۆیە لەو ماوە دوورودرێژەی کە دیموکراسی تێیدا ناتەواو و پرکەموکورتییە (هەروەکو حاڵەتی هیند، بۆ نموونە، دەستەبژێر دەرئەنجامەکان دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و بانگەوازی چینایەتی و سۆزی تاییفییش، وەك مەترسییەکی هەمیشەیی دەمێننەوە)، دەبێ لەسەر بنەمای گرنگیدان بە مافەکانی تاکەکەسی، بایەخ بەچاندنی ئەو بیروباوەڕە ڕۆشنگەرانەیە بدرێت. واتە دواجار، ئەو بیرۆکەیە پەسەند بکرێ کە نابێ بە شێوەیەکی سەرەکی هیچ کەسێك، بەهۆی ئەتنیك، یا ئایین، یا سەر بەناوچەیەك بناسرێتەوە، یا بەلانیکەمەوە ئەو خەسڵەتە ڕێژەییانە گرنگییەکی لاوەکییان پێ بدرێت. ئەم کارەش پرۆژەی وەرگۆڕانی چەندین نەوەیە. ئەمەش تەنها بەم دواییانە لە خۆرئاوا ڕوویدا، بۆیە نابێت بەسەر کۆمەڵگە نائەورووپەکاندا بسەپێنرێت. دەبێ ئەو فیکرانە لە نێو خودی هەر کۆمەڵگەیەکدا گەشە بکات، لە دەستەبژێرێکی فیکریی تایبەتەوە سەرچاوە بگرێت. لەو ماوەیەشدا باشترە لەوە تێبگەین کە دەشێت بە ئەفراندنی کۆمەڵگەی سەقامگیرتر، بە ئاراستەی دیموکراسیی هەنگاو بنرێت، نابێت بەزەرورەت لەسەر ئەوەی خۆرئاواییەکان بە دیموکراسی فەرمی دادەنێن و بە ڕێزلێنانی ڕەهای جیاوازییەکان و مافە بەرفراوانەکانی تاکەکەسی پێداگری بکرێ. زۆر زەحمەتە لە دیموکراسییە چەسپی و ڕەگداکوتاوەکانی خۆرئاوای لیبراڵدا، پارێزگاری لەو بەهایانە بکرێ، چجای ئەوەی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنرێت.

کاتێك هاوکاری نیشتمانی بونیاد دەنرێت، کاتێك دەستەبژێر لە سیستمێکی پارێزراو و چالاکی سازشکردن لە دەسەڵاتی سیاسیدا ئاوێتە دەبێت، کاتێك لێبوردەیی و ڕێزلێنانی زیاتری مافەکاتی تاکەکەس بەشێوەیەکی بەرفراوان پەسەند دەکرێت، ئیدی بەهەموو دڵنیاییەکەوە گەشەسەندنی ئابوری گرنگ دەبێت. کاتێك هەر گرووپێك هەستی کرد ئەوەی بە دڵسۆزی مانەوەی بۆ نەتەوە، نەك بەجێهێشتنی، بەدەستی دەهێنێت، یا بەهەوڵدانی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات تا ئەوانی دی دوور بخاتەوە، ئیدی زەحمەتبوونی پرۆسەی بیناکردنی لیبراڵی، ئاسان دەبێت.

ئەگەر گشت ئەو شتانە وەك ئەركێكی زەحمەت و درێژخایەن دەربكەون كە هەر بەوجۆرەشە، ئیدی لەوانەیە دیموكراسی پێشوەختە لە كۆمەڵگە دابەشبووەكاندا زیانی زۆرتر بێت، لەو خێروبێرەی لێی چاوەروان دەكرێ. دوورخستنەوەی دەستەبژێری لۆكاڵی یا دەستەبژێری ئەتنیكی یا ئایینی، وەك بەشێك لە دیموكراتیزەكردن، ڕەچەتەی كارەساتێكە. هەروەها پشتگوێخستنی حەقیقەتی نالێبوردەیی و نەبوونی ڕێزلێنانی گشتیی بۆ مافەكانی تاكەكەس لە زۆربەی كۆمەڵگەكاندا، گەڕان بە دوای دیموكراسیدا بۆ پیادەكارییەكی بۆش و بەتاڵ و بێهودە دەگۆڕێت. هەروەها ئەفراندنی لێبوردەیی و ڕێزلێگرتنی جیاوازییەكان بەبێ پاڵپشتی دەستەبژێری لۆكاڵی، كارێكی نەكردەیی و ئەستەمە. دەبێ دیموكراسی وەك كۆمەڵە هاوپەیمانییەكی نێوان دەستەبژێرەكان گەشە بكات، تەنها بە تێپەربوونی كات، چاندنی بەها سەرەكییەكانی لەتوانادا دەبێت.

كاروبارەكان لە هێندێك كۆمەڵگەی خۆرئاواییدا بەو جۆرە بەرێوەچوون، بۆیە كارێكی ساوێلكانە و گەمژانەیە وا نیشان بدەین كە ئەركیكی ئاسان بووە. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە كە ناكرێت لە كۆمەڵگە ناخۆرئاواییەكاندا، جۆرێك لە دیموكراسی لیبراڵی ئەنجام بدرێت. هێندێك لەو كۆمەڵگایانە ئەو ئاراستەیان گرتەبەر، بەڵام بەو جیاوازییانەوە كە بەناهەق چاودێرە خۆرئاواییەكان بێزار و نیگەران دەكات (بێڵ 2006). هەڵبژاردنی خێرا، سەپاندنی دامەزراوەكان لە لایەن ئەو بیانییانەی زانیارییان لەسەر دۆخی ناوچەیی نییە و وەعزدان لە دوورەوە، شێوازێكی نموونەیی نییە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەركە.

ئێستا دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە كە لە سەرەتای ئەم وتارەدا كرا. ئایا دەشێت دیموكراسی هاوكاری چارەسەركردنی دابەشبوونە توندەكانی گرووپەكان بكات؟ بەڵێ، بەڵام دەبێ لە پێناو دامەزراندنی دامەزراوەی گونجاودا، كارێكی زۆر ئەنجام بدرێت، بەرلەوەی دیموكراسی بەتەواوەتی سەركەوتن بەدەستبهێنێت. دەبێ دواجار، بەشێك لەم كارە، هێندێك گۆڕانی بەها و هەڵوێستە دیاریكراوەكانی ئەتنیك و ئایین لەخۆبگرێت، بەڵام نابێت ئەم دوا هەنگاوە بەر لە دامەزراندنی دامەزراوەی گونجاو و دەستبەكاربوونێكی باش، بسەپێنرێت یا بەدیبهێنرێت. بەدەستەواژەیەكی دی، دەشێت فۆرمێك لە فۆرمەكانی لە دیموكراسی لیبراڵی بەجێبهێنرێت. هەر ئەوەندەی ئەو دامەزراوانە لە شوێنی دروستی خۆیان

دادەنرێن، ئیدی دەتوانین کار لەسەر سوککردنی توندیی ململانێ ئەتنیکی و ئایینییەکان بکەن. بەڵام پایەدارکردنی دیموکراسیی لێبوردە، یاسایی، چالاك، پێویستی بە حەوڵەسە و پشوو درێژی و کاری بەردەوامی چەندین نەوە هەیە، لەگەڵ خواست و ئارەزووی قبوڵکردنی فۆرمی زۆر جیاواز و ناتەواوی ئەو دیموکراسییەی لەو ماوە دووررودرێژەی ئامادەکاری بۆ دەکرێت.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی پێنجەم

دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و کێشەی لێبوردەیی

ئادەم ب. سیلیگمان

دەسپێك

دیموکراسی چ هەنارده بکرێ یا نا، ئەوە شتێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە کۆمەڵگەی مەدەنی وڵاتێك، یا کۆمەڵگەیەك، بە ئەگەرێکی زۆر قابیلی هەنارده کردن نییە. ئەمەش دۆخەکەیە، بەتایبەتی گەر وادابنێین کۆمەڵگەی مەدەنی، مانای کارێك دەگەیەنێت لەو میکانیزمە دامەزراوەییانە واوەتر دەڕوات کە ڕۆبێرت داڵ بە "حوکمی فرەیی- polyarchy" دیاری کردووە (1972). ئەمەش ڕێکخستنە دامەزراوەییەکانە: (1) بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان (2) هەڵبژاردنی ئازاد و پاك، (3) مافی هەڵبژاردن، (4) مافی خۆپاڵاوتن بۆ پۆست، (5) ئازادی دەربرین، (6) سەرچاوەی جێگرەوەی زانیارییەکان، (7) سەربەخۆیی دامەزراوەکان. ڕەنگە ئەو ڕێکخستنانە بناغەی بیناکردنی ئەو دیموکراسییە بێت کە بە شێوەیەکی گشتی قابیلی بەجێهێنانە. لەگەڵ ئەوەشدا، وادیارە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاماژە بۆ کارێکی کەمێك فێڵبازانە و شڵەژێنەر و تایبەت بە تاکە وڵاتێك بکات، بۆیە زۆر زەحمەتە بە هەمان شێواز (هەنارده) بکرێ. ئەوە چۆن دەبێ؟

تەواوی کۆمەڵگەکان لە هەموو ئانوساتێکدا ڕووبەڕووی سێ ئاڵەنگاری سەرەکی دەبنەوە. ئەو ئاڵەنگارییانەش ئەم زەرورەتانە لەخۆدەگرێ (أ) ڕێکخستنی دابەشکردنی کار، (ب) بەخشینی متمانە کە لە یەکێتی لەپێشبوونی خێزان واوەتر بڕوات (هەر چۆنێك دابنرێت)، واتە گشتاندنی مانای متمانە کە لە بازنە تەسکەکان دوورتر بڕوات، (ج) بەردەسکردنی مانا بۆ هەر یەك لە ژیانی تاکەکەسی و هەوڵە پێکەوەییەکان (ئایسنستاد 1995). ڕەنگە، دواجار گشت دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، لەڕووی ئاماژەدانیان بە یەکێك یا زیاتر لەو ئاڵەنگارییانە دەرکی پێبکرێت. ئەوەی بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەچارەسەکردنی دامەزراوەیی ئەو ئاڵەنگارییانە، سەرباری کۆمەڵە جیاوازەکانی دەکات، بەزۆری ئەدگاری لۆکاڵی پێوەدیارە. دەشێت ئەو کارە بەپێی دەستەواژەکانی تیوریستە ئاکارییە ئۆسکۆتلەندییەکانی سەدەی هەژدەهەم، بەدیاریکراوی بە "خۆنازین و ستایشکردنی"

ئەو کۆمەڵگەیە پێناسە بکرێ. واتە بەو شێوازەی کە هەر کۆمەڵگەیەك، ئەو سێ ئاڵەنگارییەی پێ چارەسەر دەکات کە لەسەرەوە باسیان لێوەکراوە.

کەواتە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی، پەیوەستە بە ئاستی بەهاو بیروباوەڕەکانەوە. بۆیە هەمیشە ئەدگاری تایبەت، لۆکاڵی و دیاریکراو هەڵدەگرێت. هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی، بەشێوازێك لە شێوازەکان، جیاواز دەبێت و ناوەرۆکەکەشی بەتەواوەتی گشتاندنی بۆ ناکرێت، چونکە گەر زاراوەی "کۆمەڵگەی مەدەنی"، مانای شتێك بگەیەنێت، ئەوا دەبێ مانای کارێکی دیاریکراو بگەیەنێت. سەرباری توانای گەشەسەندنی دابەشەکردنی کار لەسەر ئاستی جیهاندا، بەڵام شتێکی ڕوونە کە گشتاندنی متمانە و زاراوەکانی مانا لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، کارێکی تەواو جیاوازە، ڕەنگە لە ئایندەیەکی چاوەڕوانکراویشدا هەر بەو جۆرە بمێنێتەوە. هەر بەڕاستی، زۆرێك لە توێژینەوەکانی ئەم کتێبە، بەدیاریکراوی پێداگری لەسەر ئەدگاری تایبەتی و ناوچەیی ئەو ئاڵەنگارییانە دەکەن کە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا، ڕووبەڕووی دیموکراتیزەکردن دەبێتەوە. بەتایبەتی توێژینەوەکەی دانیاڵ چیرۆت، دوورتر دەڕوات تا ڕوونی بکاتەوە چۆن گرووپە دیاریکراوەکان و ئەتنیکییەکان، ئاڵەنگارییەکی بەردەوام بۆ گشتاندنی لایەنە فەرمییەکانی بڕیاردەرانی دیموکراسی دەنوێنن. کولتورە لۆکاڵەکان کاریگەری خۆیان هەیە، کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ئەو دەستەبژێرە هەیە کە هەڵگری بەرنامەی ئایدیۆلۆجین، بە بەرنامەی دیموکراتیزەکردنیشەوە.

لەم توێژینەوەیەدا پشکنین بۆ ئەوە دەکەم، داخۆ کولتورە لۆکاڵییەکان کە لە بارەی ڕەوشتی دیموکراسییەوە، بنەمایەك بۆ فیکرمان فەراهەم دەکەن، هەر بە ڕاستی جیهانین. بۆیە لەجیاتی گفتوگۆ، مشتومڕ لەسەر چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەم، ڕەنگە هەر بەڕاستی تێگەیشتن لە کێشە سەرەکییەکانی بەدیموکراتیزەکردن، کارێکی بەسوود بێت، بەوەی کێشەی هەڵکردنە لەگەڵ جیاوازییەکاندا، یا بەشێوازێکی کلاسیکانەتر، کێشەی لێبوردنی جیاوازییەکانە. بەشێوەیەکی کلاسیکی لێبوردەیی لەگەڵ جیاوازی - جیاوازی ئایینی، جیاوازی ئەتنیکی و ڕەگەزییەکان - هەر بە ڕاستی مەرجی یەکەمە بۆ پەیدابوونی هەر فۆرمێك لە فۆرمەکانی ژیانی مەدەنی. سەرباری ئەوەش، پێموایە، بیروباوەری ئەورووپای خۆرئاوا و باکووری ئەتڵەسی دەربارەی لێبوردەیی، جەخت لەسەر بنەمای زۆر تایبەت دەکاتەوە کە

زۆرێك لە سەرتاسەری جیهاندا هاوبەشی ئەو فیكرەی ئێمە ناكەن، بۆیە باشترە لەو لایەنگیری و گریمانە تایبەتەی خۆمان تێبگەین كە پێشكەشی بیرۆكەی كۆمەڵگەی مەدەنی دەكەین، بەر لەوەی لەسەرتاسەری جیهاندا، هەوڵ بدەین پشتگیری لە ڕەندییەكانی (فەزیلەتەكانی) بكەین. ئەم كارە بەدیاریكراوی زۆر گرنگە، چونكە هێشتا بیرۆكەی كۆمەڵگەی مەدەنی لە زۆرێك لە كۆڕبەندە هاوچەرخەكاندا، وەك چارەسەری هەموو دەردەكانی كۆمەڵگە دەخرێتەڕوو. بۆیە دەشێت چەندین ئامراز بۆ لێبوردن بەرامبەر بە جیاوازییەكان هەبێت، مەرجیش نییە هەموویان لە نێو بازنەی فیكری تایبەتی ئێمە دەربارەی كۆمەڵگەی مەدەنی بسوڕێنەوە.

كورتە مێژوویەك دەربارەی بیرۆكەی كۆمەڵگەی مەدەنی

بیرۆكەی كۆمەڵگەی مەدەنی ساڵانێك دوای شۆڕشەكانی 1989، بەمانای زۆرێك لە كاروبارە جیاواز و دژبەیەكەكانی ژمارەیەك میللەت دەگەیەنێت. لیبراڵ و پارێزگاران، دەستەبژێرە ئایینییەكان، لایەنگرە سەرسەختەكانی سیستمی عەلمانی، حیزبە چەپ و ڕاستەكان، نەیاران و لایەنگرانی جیهانگیری و نەیارانی بەدامەزراوەییكردنی كڵێسە... بەنزیكەیی هەموو شتێكی دی، تەبەنییان دەكرد. بەمەبەستی دەسپێكی ئەم توێژینەوە تایبەتەمان، پێشنیازی ڕانانێكی هەندەكیی زۆر كورتی مێژوویی دەكەم كە زەرورەتی بەكارهێنانی زاراوە و هێندێك گرفتی ڕەگداكوتاوی ئەو بەكارهێنانە، وادەخوازێت. دوای ئەو ڕانانەش، كێشەیەكی قووڵی فۆرمە دیموكراسییەكانی ڕێكخستنی ژیانی كۆمەڵایەتی بەسەر دەكەمەوە، هەروەها كێشەیەكی دیكەش كە وادیارە بیرۆكەی كۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەكی گونجاو چارەسەری ناكات. دوابەشی توێژنەوەكەم بە ئاشكراكردنی بیرۆكەی لێبوردەیی بە كۆتادەهێنم كە وەك چەمكێكی جێگرەوەی كۆمەڵگەی مەدەنی، سەردەمی بەسەرچووە، ئەوەش بیرۆكەیەكە پێویستە لە گفتوگۆی ڕژێمە دیموكراسییەكاندا، ڕەچاوی بكەین.

بیرۆكەی كۆمەڵگەی مەدەنی، لە كۆتایی هەشتاكانی سەدەی بیستەمدا، بووە دروشمێكی سیاسی باو. ڕەگوریشە هاوچەرخەكەی لەو رەخنانەدا بوون كە ئاراستەی هەر یەك لە وڵاتە سۆسیالیستەكان و ڕژێمە سەرمایەدارە پێشكەوتووەكان دەكران (سیلیگمان 1992). سەرباری ئەوەی بیرۆكەكە لەو ماوەیەدا، بەهۆی ڕەخنەكردنی وڵاتانی سۆسیالیزم لە ئەورووپای خۆرهەڵات، شەعبییەتی پەیدا كرد، بەڵام

بەکارهێنانی زاراوەکە لە قۆناغی گواستنەوە لە سەرەتای نەوەدەکاندا کەم بووەوە، چونکە وەك ئامرازێکی ڕەخنەگرتن، نەك ئامرازێکی بیناکردن، کارا و چالاك بوو. بەڵام دوای داڕوخانی کۆمۆنیزم، لەپێشبوونیی زەرورەتی پەرەپێدانی زمانی دیموکراسی و حیزبی سیاسی و سەرەوەری یاسا، بووە جێگرەوەی زمانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بە نزیکەیی لە هەمان کاتدا، زاراوەکە تێکەڵ بە تەوژمە سەرەکییەکەی گوتاری سیاسی خۆرئاوا بوو، هەموو کەسێك زاراوەکەی بەدڵخوازی خۆی بەکاردەهێنا. هەر بەڕاستی ئاڵۆزی زاراوەکە، هۆکاری بەردەوام بەکارهێنان و گونجانە شەعبییەکەی بوو. لە کاروبارە جیاوازەکاندا مانای زۆری بۆ کەسە جیاوازەکان هەبوو، هەر لە دیموکراسییەوە بۆ مافەکانی تاکەکەس، تا دەگات بە کۆمەڵ (بۆیە گشت کۆنپارێز و ئازادیخواز و لایەنگرانی مافەکانی دیموکراسی بەکاریان دەهێنا). لەپاڵ ئەوەشدا، خودی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، مۆدیلی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون - واتە تێگەیشتنی زاراوەکە بەواتای ئەو پانتاییەی لە نێوان خێزان و دەوڵەتدا هەیە (کە لە هێندێك پێناسەدا بازار دەگرێتەوە، لە پێناسەکانی دیکەشدا ئاوارتەی دەکات). لە ڕاستیدا، ئەمە پێناسە مۆدێرنەکەی "کلاسیکیی" کۆمەڵگەی مەدەنییە، هەروەکو ئەوەی بیرمەندی ئەڵمانی، هیگڵ، بەکاریهێناوە. پێویستە لێرەدا کارڵ مارکس (Karl Marx) وەبیربهێنینەوە کە ئاماژەی بۆ ئەو دۆخە بونیادییە کردووە (نێوان خێزان و دەوڵەت)، بەواقیعی ئەوەی جیاکردۆتەوە کە پێی دەوترێ کۆمەڵگەی مەدەنی و لە دوا شیکاریشدا بنەما چینایەتییەکە داینەمێتی کۆمەڵگەی مەدەنی پێناسە دەکات. ئیدی بەوجۆرە، سەبارەت بەخۆی و پەیڕەوانیشی، کۆمەڵگەی مەدەنی کاری کردە سەر کۆمەڵگەی چینایەتی، ئەمە سەرباری ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە کورتکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرژەوەندی چینایەتیدا، زۆرێك لە دەوڵەمەندییەکەی لە دەستدا، بەڵام زۆرێك لەم وتانەش گوزارشت لە حەقیقەت دەکەن، چونکە لە سیاسەتی وڵاتە پێشکەوتوو، و گەشەکردووەکاندا دەیانبینین. سەرباری ئەوەش، ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، بە تەواوەتی لە دەوڵەت سەربەخۆ نین. لە ئەورووپای خۆرئاوا، ڕێکخراوە ناحکومییەکان تا ڕێژەی 30٪یان لە بودجەی حکومەت بۆ تەرخان دەکرێ (ئەوەش بە ڕێژەیەکی گەورە دادەنرێت). بەڵام تەرخان کردنێکی لەو جۆرە لە وڵاتە غەیرە ئەوروپییەکاندا نییە. هەروەها بە هەموو دڵنیاییەکەوە ئەو ڕێکخراوانە هەڵنەبژێردراون و بەرامبەر هیچ دەستەیەکی گشتیش بەرپرسیار نین و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پەیڕەوی لە

ئەجندای نیشتمانی و نێودەوڵەتی دەکەن و هێندێك جاریش، بودجەکەیان هاوتای بودجەی هێندێك لە وڵاتە هەژارەکانە. بەوەش دەشێت ئەو ڕێکخراوانە ببن بە فۆرمێك لە فۆرمەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام لە ڕەگەزێکی زۆر تایبەتدا دەبن.

دوای نمایش کردنی ئەم پاشخانە، بەتایبەتی لە دەسپێکی گرنگیدانمان بە "هەناردە کردنی دیموکراسی"، دەبێ حەقیقەتێکی مێژوویی گرنگ لەبارەی ڕەگوریشەی زووتر بەکارهێنانی نوێخوازانەی ئەم چەمکە وەبیربهێنینەوە. کۆمەڵگەی مەدەنی، وەك چەمکێك لە فیکری سیاسی مۆدێرنە، لە سەرەتا و ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەهەمدا، بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو، لە ئۆسکەتڵەندا، وەك بەشێك لە توێژینەوەی ئەو مۆدێلە تازەیەی کۆمەڵگە لە دەیەکانی دوای یەکگرتن لەگەڵ تاجی ئەنگلیزی، لە ساڵی 1707دا، پەیدابوو. شکستی شۆڕشی یەعقوبییەکان Jacobean (دژ بە یەکگرتن لەگەڵ ئینگلتەرا)و شکان و بەزینی ئۆسکۆتڵەندییەکان لە نەبەردی کۆلۆدین Cullodenدا، کۆتایی بە گشت هەوڵ و تەقەلای ئۆسکۆتڵەندییەکان هێنا تا سەرلەنوێ حکومەتێك دروست بکەنەوە کە جەخت لەسەر خێڵ، واتە یەکە سەرەتاییەکان، بکاتەوە. شتێکی ڕوون و ئاشکرابوو کە ئەوە مۆدێلێك نەبوو لە سایەی خێرا دەرکەوتنی کۆمەڵگەی بازرگانی لە سەدەی هەژدەهەمدا، قابیلی جێبەجێ کردن بێت. بۆیە لێرەدا مۆدێلێکی دی بۆ کۆمەڵگە پێویست بوو کە خێڵەکی نەبێت یا ملکەچی دەوڵەتێکی دوور دەست نەبێت (بەدڵنیاییەوە دەوڵەتێکی سەرکوتگەر، هەروەکو حاڵەتی تاجی ئینگلیزی). کۆمەڵگەی مەدەنی وەك جێگرەوەیەك پەیدا بوو کە پێیوابوو بنەمای کۆمەڵگە خۆی لە توانا هاوبەش و هاوسۆزییە سروشتییەکەی نێوان خەڵکیی متکردووە، بۆ ئەوەی بەشداری لە بەرژەوەندییەکی گشتیدا بکەن. سەرباری ئەوەش، دواجار، ئاڵەنگاری چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی کرا، وەك بیرۆکەیەکی یەکانگیریی فەلسەفی و سیاسی: لەڕووی فەلسەفییەوە، لەلایەن دیڤید هیوم (David Hume)، لە ڕووی سیاسییشەوە لەلایەن کارڵ مارکسەوە. هەروەها دەتوانین ئەوەشی بخەینە پاڵ کە بەشێوازێك لە شێوازەکان، لەڕووی سۆسیۆلۆجیشەوە تێپەڕێنرا، ئەوەش لە ڕێی گەشەکردنی ململانێیەکان دەربارەی هاوڵاتیبوونی تەواو و لەخۆگرتنی چینی کرێکاران لە کۆمەڵگە نەتەوەییەکانی وڵاتە نەتەوایەتییەکانی ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەم.

لەگەڵ ئەوەشدا، وادیار نییە گرنگیدان بە بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنی - گەر تەنها بە دروشمیش بێت - بەسەرچووبێت. هێشتا لە تەواوی جیهاندا کۆنگرە دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئایین، کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت، کۆمەڵگەی مەدەنی و هەژاری و دیموکراسی و کولتوری چین و ڕزگاری ژنان.. هتد، ئەنجام دەدرێت، یەکێك لە هۆکارەکان بریتییە لەوەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی، بە چەمکە بێهاوتاکانی دەربارەی هاوڵاتیبوون کە لە ڕابردوودا، سنووری بواری کاری سیاسیی دیاریکردووە، خودی خۆیشی دەگۆڕێت. سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان (تایبەتی بە کۆچکردن، بازرگانی باننیشتمانی، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، مەترسییەکانی ژینگە، سیاسەتی دژ بە عەولەمە و حیزبەکان.. هتد)و بازارە نێودەوڵەتییەکان، سەرلەنوێ ئەو زاراوانەیان داڕشتەوە کە لەڕووی سیاسییەوە فیکری کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەدەی هەژدەهەمدا، لەسەر دامەزراوە (مافی دەنگدانی گشتی و هاونیشتمانی لیبراڵ لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا و زۆر بەتازەییش، ئەم مافانەی کە تەرکیز لەسەر گوتاری سیاسی دەکەن).

هێشتا کۆمەڵگەی مەدەنی ئاراستەیەك پێشکەش دەکات، گەر چی تا هەنووکەش لە دەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی نەتەوەییدا، چەمکێکی ڕوونی بە فیکری سیاسییەوە نییە. بۆیە دەبێ لە دەسپێکی ئەم پێگەیەوە، مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، بەتایبەتی گەر وادانبێین زۆرێك لە سیاسەتەکان لە گەلێك ناوچەی جیهاندا، وادەردەکەوێت زیاتر جەخت لەسەر میراتی خێڵەکی بکەنەوە، تا ئەوەی تەرکیز لەسەر میراتی مەدەنی بکەن.

کێشەی جیاوازی و ڕژێمە دیموکراسییەکان

پێموایە بایەخدانی بەردەوام بە زاراوەکە - تەنها ئێستا لەسەر ئاستی جیهاندا - پەرچی کێشەی پەیدابوونەکەی دەداتەوە. ئەم کێشەیە لە جەوهەریدا، کێشەی جیاوازییە: چۆن حکومەت لە نێو ئەو غەوارانەدا پێکبهێنرێت کە پەیوەندی خزمایەتی یا نەریتی پیرۆزی هاوبەش، پێکەوەیان نابەستێتەوە. گەر بۆ شیکارییەکەی پێشووی کێشە سەرەکییەکانی هەوڵە مرۆییە هاوبەشەکانمان بگەڕێینەوە، ئەوا کێشەکە لە بیناکردنی کۆمەڵگەیەکە لەگەڵ ئەوانەی کە هاوبەشی لە مانای زاراوە تایبەتییەکانمان ناکەن، ئەوانەی بەشێك لە گرووپی خزمان نین (هەر چۆنێك وێنا بکرێت). ئەوانەی تەنیا لە دابەشەکردنی کاردا، هاوبەشیمان دەکەن.

ئەمەش لە زۆر ڕووەوە، کێشەی سەرەکی سەردەمی مۆدێرنەیە، تائێستاش بە شێوازێك لە شێوازەکان لێمان جیانەبووەتەوە. دەشێت کێشەی ئەم جیاوازییانە بە بڵاوبوونەوەی "پرسی جوولەکە" لە گشت جومگەکانی سیاسەتی ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەو بیروباوەڕە باوە ساوێلکانەی پێیوابوو، هاونیشتمانی فەرمی - کاتێك دەبەخشرێت - بەسە بۆ ئەوەی جوولەکە لە سیستمی کۆمەڵایەتی - سیاسیدا ئاوێتە بکرێن. ترس و دزێوییەکانی سەدەی ڕابردوو، هەموومانی لەم بیروباوەڕە ڕزگار کرد. بەڵام ئایا تەنانەت تا ئەمڕۆش، دەتوانین بپرسین، داخۆ دیموکراسی خۆرئاوا، جارێکی دی، لەگەڵ ئەم کێشەی جیاوازییە، یا "ئەوی دی" لە ناوکۆی هاونیشتمانییە موسڵمان و نیشتەجێکاندا تێدەکۆشێت - لەگەڵ ئەو دەرئەنجامانەی کە هێشتا ڕوون نین؟ بۆیە کێشەی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێکهێنانی زەمینە بۆ دەرکپێکردنی هاوسۆزی و ئەخلاقی (بەزەرورەت متمانەکردن)ی نێوان ئەو تاکانەی هاوبەندی پیرۆز یا ڕێژەیی، یا هاوبەندیی بونیادی هاوبەش لە مانادا، کۆیانناکاتەوە، کێشەیەکی گرنگە، ئیدی چ لە ئەوروپای خۆرئاوا بێت و تاڕادەیەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بە هەموو دڵنیاییەکیشەوە چ لە وڵاتانی دیکەدا بێت.

بە زۆر شێواز، لەوە واوەتر دەڕۆم کە بڵێم ئەم کێشەیە - کێشەی جیاوازی - لە بنەمای ئەو سیاسەتی دیموکراسییەدایە کە لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، پشت بە سیاسەتی بەرژەوەندییەکان دەبەستێت - واتە بە سیاسەتی هەوڵ و کۆششی تاك و گرووپە جیاوازەکان بە دوای بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان (بەدڵنیاییەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵێك لەو یاسای گەمانەی کە ڕەزامەندی لەسەر کراوە). لە ڕاستیدا، دیموکراسی تیشك دەخاتە سەر جیاوازی و پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی جیاوازمان دەکات، بەلانیکەمەوە ئەوەی پەیوەستە بە بەرژەوەندییەکانمانەوە.

بۆ ئەوەی بەبێ هەڕەشە و گوڕەشەی دەوڵەت، ڕێ بەدواداچوونی ئەم سیاسەتە بدرێ، دەبێ یەکێتییەکی گشتگیر یا ئامانجێکی ئەخلاقی هاوبەش دابنرێت. بۆیە کارێکی نامۆ نییە بە زۆری دەوڵەتی دیموکراسی، دەوڵەتێك بێت سنوری توندو پێناسەی تاڕادەیەکی ڕوونی بۆ ئەندامەتی هەبێت. دەتوانین لە وڵاتی گریگی کۆن و لە دەوڵەت - شاری ڕێنیسانسی ئەوروپا و لە وڵاتە نەتەوەییەکانی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی هاوچەرخدا، بەڵگەیان لەسەر بهێنینەوە. لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕژێمە دیموکراسییەکان، وەك خاوەن سنووری توند خۆیان پێشان دەدەن، بە مانایەکی

دی، خاوەنی گوزارەی ڕوون و ئاشکرایە بەرامبەر ئەوەی لە ناوەوە و لە دەرەوەیە و کێ ئەندامێتی و کێ ئەندامی نییە، ئەمە بێجگە لە پێناسەی ڕوونی زاراوەکانی ئەندامەتی. دوا بڕیاری دادگای فرەنسی سەبارەت بە بالاپۆشی ژن بەتەواوەتی ڕوون و ئاشکرایە کە ڕاڤەیەکی هاوچەرخانەی ئەم هەڵوێستە دەکات. ئەوەی شایانی سەرنجە، کۆمەڵگە دیموکراسییەکان تەنها لە نێو سنوورەکەیاندا، گریمانەی ئاستێکی بەرز لە هاوشوناسی هاوڵاتی لەگەڵ دەوڵەت -شاردا دەکەن - ئاستێکی بەرز لەو ئاوێتەبوونەی کە سۆسیۆلۆجیست، ئیداورد شێڵس (Edward Shils) (1975:3 - 16) جارێکیان ناوی "سیستمی بەهای نێوەند"ی کۆمەڵگەی لێناوە. بەزۆری بە داڕشتەکانی "کۆماریانەی" هاوڵاتیبوون گوزارشتی لێکراوە - ئەو نەریتە بە شێوەیەکی باش لەلایەن مێژوونووسانی وەك کوینتین سکینەر (1990) (Quinten Skinner)و جۆن گریفێڵ ئاگارد پۆکۆك (1975) (John Greville Agard Pocock) توێژینەوەی لەسەر کراوە، هەروەها تاڕادەیەکی زۆریش، قەرزاربارى دەوڵەتشاری ئیتاڵیایە.

نازانم ئەو کاراکتەرانەی ڕژێمە دیموکراسییەکان - ئاستێکی گەورەی هاوشوناسی لەگەڵ ڕژێم، لە پاڵ سنوورێکی ڕوونی دیاریکراو کە بەوردی و بەتوندی پاسەوانی لێدەکرێ - مەرجی پێویستن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە دیموکراسی بکرێت. لەوانەشە بەوجۆرە بێت. یاسا دەرەکییەکان و ڕێکخستنی ستەمگەری لە سەرەوە، هەروەکو حاڵەتی ڕژێمە ستەمکارەکان، لە ڕژێمە دیموکراسییەکاندا گۆڕاون بە یاسا ناوخۆییەکان و هاوکاری خۆبەخشانە لە خوارەوە. بۆ ئەوەی ئەمە جێبەجێ بکرێ، دەبوو ڕێپێدان بە ئەندامەتی لە هەر یەکێك لە کۆمەڵگەدا بەتەواوەتی کۆنترۆڵ بکرێ، ڕەنگە گرەنتییەکی ئاستبەرزیش لە پابەندبوون بە ئامانج و هیوا پێکەوەییەکان، گرنگی زیاتریان هەبێت.

بۆیە ڕژێمە دیموکراسییەکان لە گرژییەکی بەردەوامدا دەبن، لە نێوان سیاسەتی ئەو بەرژەوەندییانەی -هاوڵاتییەکانی هاندەدا تیشك بخەنەسەر ئەوەی دابەشیان دەکات، لەگەڵ سیاسەتی قاییل کردن- هاوڵاتیان هاندەدا ئەوەی یەکیاندەخات، دووپات بکەنەوە. بەخێرایی، ئەوەش سەربار دەکەم کە ئەم گرژییە، بەلانیکەمەوە بەهەمان ئەندازە، خەسڵەتی گشت ڕژێمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان نییە. ڕژێمە تۆتالیتارەکان، ڕژێمە فاشیستەکان، کۆمەڵگە کۆمۆنیستەکان و

تیوکراتەکان، دیوی دووەمی دراوە کانزاییەکەن، ئیمپراتۆرەکان بەدەست هەمان گرژییەوە نانالێنن. یەکەم ناتوانێت بەرگەی جیاوازییەکی تارادەیەك گەورە بگرێت، بەڵام ئیمپراتۆرەکان لە دیموکراسییەکان زیاتر جیاوازی قبوول دەکەن. تەنانەت لەنێو دیموکراسییەکانیشدا جیاوازی جۆراجۆر لە نێوان تێرمی لیبراڵی و کۆماریدا هەیە، چونکە یەکەم لە دووەم زیاتر دەرفەتی تێگەیشتنی دامەزراوەیی بە جیاوازی دەدا. پێویست بە وتن ناکات کە باوانی دامەزرێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەرکیان بەم گرژییە کردووە و میکانیزمییان بۆ گونجاندنی داناوە. دیوارە بەناوبانگەکەی نێوان دەوڵەت و کلێسە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا - دەوڵەتێکی زۆر ئیماندارە - زۆر بەوردی تەرکیزی لەسەر تێگەیشتنی دامەزرێنەرەکان بوو، بەوەی باشترە سیاسەتی میللی، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە مادییە جیاوازەکان، دابەش بکرێت (کە دواتر لە بواری سیاسیی ئەنجومەنی یاسادانانەدا شەکەت دەبێت)، نەك لەسەر بنەمای جیاوازی ئایینی (کە لەوانەیە کاریگەرییەکی وێرانکەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەبێت). ئەگەر پراکتیزەکارییەکانی ئێستا لە شوێنەکانی وەك بەڵقان، خۆرهەڵاتی ناوەند و لە کیشوەری هیند و بەشەکانی حیزبی کۆماری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵگە و ڕێنمایی بن، ئەوا کەسانی وەك جەمیس مادیسۆن (James Madison) تارادەیەکی زۆر لە هەڵسەنگاندکانیاندا لەسەر هەق بوو.

کێشەی مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازییەکانی نێوان هاوڵاتیان لە بواری گشتیدا، بەهەموو دڵنیاییەکەوە سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکان کارێکی دەگمەن نییە. هەروەها چارەسەری "لیبرالانە"، ڕەنگە لیبراڵی تاکەکەسییانە، سەبارەت بەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەش، بێهاوتا نییە، بەڵام لە ڕاستیدا کۆمەڵگە مۆدێرنەکان لەگەڵ ئەوەشدا، بەشکلێك لە شکڵەکان، بە هەمەڕەنگییە گرنگەکان پێناسە دەکرێن. ئەوەی لێرەدا، بۆ نموونە، شایانی باس بێت، وەبیرهێنانەوەی وەڵامی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری کلاسیکییە لەسەر "پرسی جوولەکە" کە لەلایەن کۆنت ستانسلاڤ دوو کلیرمۆنت - تۆنییە (1789) (Stanislav de Clemont-Tonnerre) خراوەتەڕوو؛ "پێویستە هیچ شتێك وەك نەتەوە بە جوولەکە نەبەخشین و هەموو شتێکیشیان وەك تاکەکەس پێ ببەخشین". ڕەنگە ئەمەش بە وتەزای پارادایمی هەڵوێستەکان بەرامبەر بەوی دیکە گۆڕابێت - پێکهاتەکەی تەنها وەك قەوارەی تاکەکەسییە، نەك وەك ئەندامانی گرووپە هاوبەشەکان. لە مادەی یەکەمی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ

و هاوڵاتیی (26 ئاب/ ئۆگستس 1789) کۆمەڵەی نیشتمانی فرەنسیدا هاتووە: "مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێت و هەر بە ئازادیش دەمێنێتەوە و مافی یەکسانیان هەیە: جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لە بەرژەوەندیی هاوبەشدا بوونی هەیە". ئەمەش بەتێکڕایی مانای ناسنامەی لەسەر شێوازی دەلالەتی بەرژەوەندییەکان، سەرلەنوێ پەیکەربەندیی کردەوە، نەك ئەوەی ڕەنگە خۆدروستکردنی پێ بوترێت.

سەرباری ئەوەش، لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، کێشەیەکی سەرەکی دەمێنێتەوە، مافەکان دانپیانان بەردەست ناکات، دانپیانان - هەروەکو فەیلەسوفە سیاسییەکان، هەر لە ئادەم فێرگسۆن (Adam Ferguson)،ەوە تا دەگات بە هیگڵ و فەیلەسوفە هاوچەرخەکان، پێمان دەڵێن - کرۆکی سیاسەتی هاوچەرخە (تایلۆر 1992). سەبارەت بە بیریارانی وەك ئادەم فێرگسۆن و ئادەم سمیس، دانپیانان بنەمای بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمرۆ نموونەی ئەم دانپیانانە زیاد لەوە پێکەوەییە (کۆلێکتیڤە) کە پێشبینیکارە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی هەژدەهەم وێنایان دەکرد: بۆ نموونە ئیدینبیرگ (Edinburgh)و گلاسگۆ (Glasgow). هەر بەڕاستی ئەو فۆرمە هاوچەرخ و کۆنانەی ناسنامە کە پشت بە گرووپ دەبەستن، بە بەردەوامی دەردەکەوتن و هەمووشیان داخوازی ئاشکرایان بۆ دانپیانان پێشکەش دەکرد. لە ڕاستیدا ئەوەش لە ڕۆژانی پشووی وەك پشووی کوانزا (Kwanza) یا هەڵکردنی مۆمدانی "چینۆکا - Chanukah" لە گۆڕپانی بۆستن لەلایەن حاخامی بۆستنەوە، یا ئەنجامدانی هەمان کار لەلایەن حاخامی فرەنسییەوە لە گۆڕەپانی چامیز دوو ماری (Champs de Mars)دا، گرنگییەکی کۆمەڵایەتی زۆری هەیە. گشت ئەو کردەوانە دانپیانان و گێڕانەوەی ناسنامە دووپات دەکەنەوە، بێجگە لەوەی داوا دەکرێ لەلایەن حکومەتیشەوە دانی پێدا بنرێت. کارێکی سەیرو نامۆ نییە کە زۆربەی کات ئەو داواکارییانە چوارچێوەیەکی ئایینییان پێ بدرێ.

ئەم کارە، لە ئەورووپاش، هەروەکو ویلایەتە یەکگرتووەکان، حەقیقەتێکە. ئەو حوکمە مشتومڕئامێزەی دادگای فرەنسی، لەبارەی باڵاپۆشیی ژنان و ئەو گفتوگۆیانەی دەربارەی دیباجەی دەستووری ئەوروپا لەئارادایە، چەند حاڵەتێکی کەمە لەو حاڵەتە بێشومارانەی کە لایەنەکانی سیاسەتی هاوچەرخ بە خۆیەوە دەیبینێت. بۆ نموونە، شاری لۆدی لە باکووری ئیتاڵیا، دانیشتوانە لۆکاڵە

کاسۆلیکەکەی، لە 15/ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 2000دا، میزی بەرازیان بە هەموو ئەو شوێنەدا ڕشت کە بڕیار بوو مزگەوتێکی لەسەر دروست بکرێت (لاریپەبلیکا 2000). چونکە پێیانوابوو بەگڵاوکردن و پیسکردنی شوێنەکە، ڕێگری لە دروستکردنی مزگەوتەکە دەکەن. هەروەها سەرۆکی شارەوانی "ڕوانتۆ"، دوای مانگێك لە ڕووداوەکە فرمانێکی شارەوانی دەرکرد (دادگا یەکسەر هەڵیوەشاندەوە) کە هیچ غەیرە مەسیحییەك بۆی نییە لە 15 مەتر کەمتر لە هەر کڵێسەیەك نزیك بێتەوە، گەلێك نموونە هەیە کە دەشێت باسیان لێوە بکرێن (ئال گیورنۆ 2000). بەڵام ساڵی ڕابردوو، حکومەتە خۆجێییەکەی فلاندرز لەبەر هۆکاری ئاسایش، پەچەی لە شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە کرد (www.flandersnews.com). هەروەها هەستی ئەنتی ئیسلام کە لە زۆر جێگەی ئەوروپا گوزارشتی لێدەکرا، تەنها لەلایەن نازی و لایەنگرانی لوپەن (Le Pen)ەوە نەبوو، بگرە لەلایەن زۆرێك لە کەسایەتییە دیارەکان، نمونەیەکی ترسناکی ئەو داینەمێکەیە. مرۆڤ پێویستی بە خوێندنەوەی کتێبێکی وەك خاتوو فالاسی (Fallaci) کۆچکردوو نییە، چونکە زانا دیارەکانی وەك جال ئیلول (Jaques Ellul)، بەشدارییان لەوجۆرە پەرەسەندنەدا کردووە -هەروەها دەکرێ لەو بەرهەمەی لە دوای مردنی بەناونیشانی "ئیسلام و یەهودی و مەسیحییەت -Islam et judeo christianisme" بڵاوبووەوە، لێی دڵنیا بینەوە. سەرباری بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە بە پێشەکی فەیلەسوفی فەرەنسی ئالان بیسانکۆ (Alain Besancon)، ئەوا بە شێوازێك لە شێوازەکان وادەردەکەوێت خوێنەوەیەك بێت بۆ ئەنتی سامیزمی سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵام دەست بۆ موسڵمان و خوداوەندەکەشیان دەبات (بە هەر مانایەك بێت)و موسڵمانەکان بە خەڵکانی ڕقاوی و کین لە دڵ وێنا دەکات و بەوەش لە دەرەوەی پەلە هاوبەشەکەی مرۆڤایەتییەوە دەبن. بۆیە کێشەی دانپیانان (یا دانپیانەنان)، مەسەلەیەکی هێندە بچووك نییە بکەوێتە لێواری بواری سیاسەتەوە - بەڵکو لەنێو جەرگەی ژیانی کۆمەڵایەتیمان بوونی هەیە و داواکارییەك دەخاتەڕوو کە بە تایبەتیکردنی ئەوەی داوای دانپیانانی دەکرێت، بەدینایەت.

لە ڕاستیدا، کێشەی دانپیانان، ڕەهەندی فراوانتری هەیە و بەرکەوتەی کۆمەڵە مانایەکی دیکەیە کە تەماهی لەگەڵ زاراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەکات. لێرەدا ئاماژە دەکەم بە تەماهی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ جۆرێکی تازە لە "مرۆڤی

مۆدیۆلار" مرۆڤی پێوەری - modular man"ی کە ئێرنست گیلنەر " Ernest Gellner"ی (1994)ی کۆچکردوو، یەکێك لە ناودارترین ئەنترۆپۆلۆجیستی سەدەی بیستەم، زاراوەکەی داناوە. گیلنەری زانا و شارەزا لە بواری ئیسلام، لە دوای شۆڕشەکانی 1989دا، چالاکانە بەشداری کرد لە وەرگۆڕانی دیموکراسییانەی کۆمەڵگە پۆست-کۆمۆنیستیەکان لە ئەوروپای خۆرهەڵات و سەنتراڵدا. لە یەکێك لە دوا بەرهەمەکانیدا، هەوڵیداوە ئارگیومێنتی ئەوە بکات کە پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ جۆرێکی دیاریکراو لە بونیادی کەسێتیدا بەشێوازێك تەماهی بکات کە لە توێژینەوە نوێخوازەکانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا جیاواز نەبێت. گیلنەر، هەوڵی دا کۆمەڵگەی مەدەنی بەو تاکانەوە گرێبدات کە توانایان هەیە بچنە ریزی "ئەو کۆمەڵە و دامەزراوە چالاکانەی کە تۆتالیتاری، یا سرووتی نین و لە ڕێی هاوبەندیی بە کۆمەڵە پەیوەندییەکی تەواو ناوخۆییەوە جێگیر بوون.. پێکەوە بەستراونەتەوە و توانای جووڵەیان نییە". پێیوایە ئەو کەسانە بەهیچ گرووپێکەوە پابەند نین کە ڕۆڵ و پەیوەندیی، یا کۆمەڵە پراکتیکێکی دیاریکراویان هەبێت، بەڵام ئەو قەناعەتە هاوبەشەیان هەیە کە توانای گۆڕانیان هەیە و دەتوانن بچنە نێو "ئەو هاوبەندی یا پەیوەندییە زۆر دیاریکراوانەی کە پیرۆز نین و ئامرازین و قابیلی هەڵوەشانەوەن". بە کورتی، گیلنەر کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئەجێندا کۆمەڵایەتی، لیبراڵ و مۆدێرنە سیکویلارەکانەوە تەماهی کرد. هەر بەڕاستی ئاواتەکانی تاڕادەیەکی زۆر بە مادەی یەکەمی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیان دەچێت کە پێشتر باسی لێوەکراوە: "لەنێوبردنی هەموو جیاوازییە کۆمەڵایەتییە نابەرژەوەندیخواز و نافرمانییەکان".

سەرباری ئەوەی ئەمجۆرە تەماهیکردنە پرسیار لەسەر چۆنێتی دەرکەوتنی ئەو کەسانە ناکات، بگرە زۆرینەی ئەو مرۆڤانەش کە لە دەرەوەی پەلی کۆمەڵگەی مەدەنیین ئاوارتە دەکات. بۆیە ئەمە لێڕوانینێکی تایبەتە و لە مەودای خۆیدا دەربارەی ئەتنیك تەوەرە دەبەستێت، هەر چەندە بانگەشەی جیهانیبوونیش دەکات. ئەم لێڕوانینە، بەلەبەرچاوگرتنی مێژوویی نزیکی ئەوروپا، لێڕوانێکی تەسکبینە و پێشموایە تاڕادەیەکی زۆر ڕوانینێکی گومانبەرە. بە هەموو دڵنیاییەکەوە، توانای مامەڵەکردنمان لەگەڵ ڕاستییە هەنوکەییەکان سنووردار دەکات کە لێوانلێوە بە گەڕانەوە بۆ تایبەتمەندێتی و بۆ ناسنامە کۆمەڵایەتی و پابەندبوونە ئایینییەکان.

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

هەروەها توانای مامەڵەکردنشمان لەگەڵ دۆخی ئەمرۆی ئەوروپا سنووردار دەکات کە خۆی لە قەیرانە دیموگرافی و زەوەندی کۆچکردنی ئەو کەسانە دەبینێتەوە کە بەشداری لەمجۆرە ناسنامە مۆدیوڵەرانە "ناسنامە پێوەرییانە - modular identities"دا ناکەن و ئاڵەنگاریی خودی بنەما کولتورییە ئەوروپییەکانیش دەکەن، ئەمە بێجگە لە شەبەنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا، ناچارمان دەکات لە گۆتارە وتاربێژییەکەی کۆمەڵگەی مەدەنی واوەتر بڕۆین، گەر بمانەوێت زمانێکی گونجاو بدۆزینەوەی بۆ ئەوەی بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا بکەین، هەروەها لەگەڵ ئەوی دی کە - هەروەکو پێشنیاز دەکەم - لە نێوجەرگەی ئەوەی وەك کێشەی کۆمەڵگەی مەدەنی تێیدەگەین، خۆی متکردووە. بۆ ئەنجامدانی ئەوەش، پێمباشە زاراوە کۆنەکە بەکاربهێنمەوە کە لە نێو سەردەمەکانی بەر لە نوێخوازی ڕەگیداکوتاوە، بەڵام لەو بڕوایەدام زاراوەیەکە ئامرازی ڕاستەوخۆتر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازییەکە دەخاتەڕوو. لەمەشدا زۆر بە وردی مەبەستم ئەو فۆرمانەی جیاوازییە جەوهەرییەکانە کە وادیارە کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی لەقەرەیان نادات. لێرەدا ئاماژە بە چەمکی لێبوردن دەدەم. پێداگری لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەم زاراوەیە دەکەم کە لادانە گەشەکردووەکانی گرووپە لاوەکییەکانی کۆمەڵگە دەیسەپێنێت بەسەرماندا، لەگەڵ شکستخواردن لە بەدیهێنانی یەکانگیری نێوان دانیشتوان کە خەونی وڵاتە نەتەوەییە ئەوروپییەکان بوو (لە ڕاستیدا ئایدیۆلۆجیا بوو، نەك واقیع). دەشێت بە گەڕانەوەی دوولایەنە بۆ "بەخۆنازیین و ستایش کردن" کە مۆڕاڵیستە ئۆسکۆتلەندییەکان، لەنێوجەرگەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە پێشکەشیان کرد، تەنها لە یەك حاڵەتدا کارا و چالاك دەبێت، ئەگەر هاوبەشیی کۆمەڵە - ئەوەی چارلز تایلۆر (1985: 18- 24) ناوی لێناوە - "هەڵسەنگاندنێکی بەهێز" ڕەچاو بکەین کە لەلایەن زۆربەی دانیشتوانەوە پەسەند دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم کولتورە هاوبەشە، لەمرۆدا بە تەوەری زۆرێك لە گرژییە سیاسییەکانی جیهان دادەنرێت، ئیدی چی لە ئەوروپا، بەرامبەر بە ئیسلام بێت، یا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە بەکارهێنانی زمانی ئیسپانی بێت - بێ ئەوەی ناوی ئەو شوێنانە بهێنرێت کە ململانێکان فۆرمی توندتیژی سیاسییان تێیدا وەرگرتووە.

لە سایەی ئەو ڕاستییەیانەدا، پێمخۆشە گفتوگۆکەی دەربارەی چەمکی لێبوردن زیندوو بکەمەوە و پەی بە هێندێك لە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ببەم و

ئەو مەودایەش ببینم کە دەتوانێت ئەوەی پێی دەوترێت مەرجی زەروری پێشوەخت بۆ هەر تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی مەدەنی یا مەدەنییەتی دیموکراسی، بەردەست بکات.

جیاوازی جەوهەریی و لێبوردەیی

هەروەکو بێرنارد ولیامز (Bernard Williams) جارێکیان وتویەتی، لێبوردەیی "ڕەندییەکی ئەستەمە - فضیلة مستحیلة". ئەستەمە چونکە ڕوانینێك پەسەند دەکات کە ڕەتیدەکاتەوە یا پێوەی پابەند دەبێت، یا لەگەڵیدا بگونجێت. بانگهێشتمان دەکات لە ناکۆکییەکی مەعریفیدا ژیان بکەین و دژبەیەکیمان وەك ئامانجێکی چاوەڕوانکراو پێشکەش دەکات. لە ڕاستیدا، ئێمە ناچارین بەرگەی شتێك بگرین کە بەرگەی ناگیرێت. بەدڵنیاییەوە گەر ئەم یا ئەو کردەیە یا وتەی ئەوی دی، ناپەسەند و بێزراو نەبێت، ئەوا زەرورەتێك بۆ لێبوردەیی نییە. بەڵام سەرلەبەری پرسی لێبوردەیی، کاتێك سەرهەڵدەدا کردەیەك یا گوتاریك بە ناپەسەند دادەنرێت. گەر لە یەك گۆشەنیگاوە لێ بڕوانین، ئەوا لێبوردەیی، ڕەندییەکە "ئەستەمە" بەدیبێت، ڕەنگە بە زۆری نەتوانرێت بەرگری لێبکرێت، ئەمە جگە لەوەی گیرۆدەی یاسای دژبەرو دژبەیەکمان دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە، لێبوردەیی ڕەندییەکی ناپێویستە، پێیوایە زۆر جارسکەرە و لاوازەو بۆ بونیاتنانی سیستمێکی مەدەنی یا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هێندە گونجاو نییە، دەستەبەری قەدرزانی و دانپیانانی دوولایەنە بکات. بەم خوێندنەوەیە، لێبوردەیی بەپەیوەستبوونی مێژوویی بە مەینەتی بوونێکی ناپەسندەوە (لەدیدی خودا و مرۆڤایەتییەوە)، کارێکی ئەوەندە لاوازە کە ناتوانرێت پشتگیری لێبکرێ. فرەیی و ئاهەنگگێڕان بە جیاوازی و ئەوی دی، دوو کاری پێویستن، نەك بانگهێشتی پروپوچانەی لێبوردن پێویست بێت.

ئەوەی زیاتر ئەم وێنەیە ئاڵۆزتر دەکات، ئەوەیە گەر لێبوردەیی بە ئەستەم یا بە پروپوچ دابنێین، ئەوا دەتوانین بڵێین، هەر دوو کەیسەکە زۆر دوورمان ناخاتەوە. زۆربەمان هاوڕاین لەسەر ئەوەی کردەوەگەلێك هەیە (ڕەنگە وتەگەلێکیش هەبێت، سەرباری ئەوەی لە ئێستادا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە)، لەوانەیە لە دەرەوەی چێوەی مەحکدا بێت و پێویست ناکات لە بەرامبەریدا لێبوردە بین. گەلێك

لە ڕەفتارە دزێوەکانی سەدەی بیستەم کە جینوساید و تاوانەکانی دیکەی دژ بە مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، لەژێر ئەم ناونیشانەدا پۆلێن دەکرێن. بۆیە کۆمەڵێکی دیاریکراو لەو کردەوانە، گەر بەڕوونی بکەونە دەرەوەی چێوەی لێبوردەنەوە، ئەوا دەبێ پێناسەی ئەو سنوورە بکەین کە دەشێت، و ناشێت لە بەرامبەریدا لێبوردە بین. ئەو پێوەرانە ڕوون نین کە بۆ پێناسەکردنی ئەو سنوورە بەکاردەهێنرێن. بۆیە وادیارە ئەرکێکی لەوجۆرە کێشەی لێبوردەیی بەرەو ئاستی شیکاری دەبات، بەڵام چارەسەری ناکات.

سەرەڕای ئەو گرفت و تەلیسمە لۆجیستیانەی پێشنیازی دەکەن، ئەوا من ئارگیومێنتی لێبوردیی دەکەم، بەوپێیەی دۆخێکی میانەیی هەیە، ئەگەر چی بە زەحمەت بەدیدێت (هەر چەندە ئەستەم نییە). لەپاڵ ئەوەشدا، ئەوەی هێندێك جار لە کۆمەڵگە مۆدێرنە هاوچەرخەکاندا، بە لێبوردەیی دادەنرێت (چجای بگات بە ڕەندییە بەهێزەکان)، هەرگیز لێبوردن نییە، بەڵکو جۆرێکە لە بێباکی و سیاسەتی واقیعی و نکوڵی کردن لە جیاوازی (واتە ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە لێرەدا ڕاستی شتێکی دیکە هەیە و جیاوازیشە، ڕەنگە بەوەش ڕووبەڕووی هەڕەشە بێتەوە، گەر لێبوردانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەم).

نکوڵیکردن و ڕەتکردنەوەی جیاوازی بە چەند فۆرمێك دەبێت، لەوانەشە بەزۆری بە جوانکاری جیاوازی ناوی لێ بنرێت (جیاوازییەکان مەسەلەی زەوق و سەلیقەیە، نەك ڕەوشت، لێرەدا مەسەلەی زەوق لە ئارادا نییە، شتێك نییە لەگەڵ جیاوازیدا مایەی لێبوردن بێت، بەڵکو دانپیانانە بە "مافی" هەموو تاکێك کە ڕا و بۆچوونی تایبەت بەخۆی هەبێت). بەزۆری جوانکردنی جیاوازی هاودەمی بێبایەخکردن و پوچکردنی دەکات. لێرەدا جیاوازییەکان یا بوارەکانی جیاوازی ئەوەندە گرنگ نین کە لەڕووی پرەنسیپەوە شایانی لێبوردەیی بێت. بێسەلیقەیی ئەوی دی لە بەستنی بۆینباغدا، کارێکی ئەوتۆ نییە کە هەڵوێستێکی لێبوردەیی بەرامبەر بنوێنم، تەنانەت گەر پێشموابێت خراپ و زۆر بێزەوقانەیە. لەبەر ئەوەی مەسەلەی سەلیقە بە دیاریکراوی (جوانییەکان)، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە (پروپووچە)، ئەوا لێبوردەیی بە پراکتیکی ئەو وێنەیە ناگرێتەوە.

ئەو جووڵانەی جیاوازی دەکات بە مەسەلەیەکی جوانکاری یا پروپوچی دەکات، بەدڵنیاییەوە، ئامرازێکە بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ جیاوازیدا نەکات. بەپروپوچکردنی ئەوەی جیاوازە، مرۆڤ والێدەکات بانگەشەی وێکچوون یا هاوشێوەبوونی سەرەکی لایەنە سەنگینەکانی (ناپوچییەکانی) خود و مانای هاوبەش بکات. ئەوەی وامانلێدەکات (وەك جوولەکە یا ئەسقەفییەکان یا ئەمەریکی یا فیمینیستە ڕادیکاڵەکان) لەیەکبچین، گرنگییەکی زیاتری بۆ پێناسەکردنی خودی خۆمان هەیە کە ئێمە چ کەسێکین، تا ئەوەی لەیەکمان جیادەکاتەوە (لە ڕێکخستنی شتەکانی نێو گەرماوەکەت، زۆر بێزەوق و بێسەلیقەیت). ئەمەش فۆرمێکە لە ڕەتکردنەوەی جیاوازی، نەك فۆرمێك بێت لە فۆرمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا. بەدرێژایی کات بەوجۆرە هەڵسوکەوت دەکەین، ئەوەش مادەیەکە لە خودی ژیانی کۆمەڵایەتیماندایە.

ئەم نکۆڵی کردنە (داگرتنی بۆ پێگەی جوانێتی یا پروپوچی)، بەشێوازێك لە شێوازەکان، فۆرمێکە لە بێباکی بەرامبەر ئەوی دیی جیاواز. لەچێوەگرتنی جیاوازییەکانمان لە پێگەیەك یا کردارێکی گۆڕین لە دەسپێکی سەلیقەیی یا پووچکردندا، ئەوا ناچار نابین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بەڵکو دەتوانین هەڵوێستێکی بێباك بنوێنین. ڕەنگە بیروباوەڕە ئایینییەکەی سوك و بێنرخ بێت، حەزو ئارەزووی سێکسیت قێزەون بێت، بەڵام هیچ کام لەو دووانە، نایاسایی نین و زیان بە ئەوانی دی ناگەیەنن. کار ناکاتە سەر پەیوەندیم لەگەڵیدا (بۆ نموونە، ئەندامی یەك بەشی هەمان زانکۆین)، بۆیە ئەوەش شتێکە زۆر بایەخی پێنادەم.

کاتێك بەم ئارگیومێنتەوە هەنگاوێك واوەتر دەڕۆین، بەهەموو دڵنیاییەکەوە لەوە تێدەکەین کە بێباکی و کەمتەرخەمی، بەلانیکەمەوە لە کۆمەڵگە تاکگەرا لیبراڵەکاندا، زۆر بە سادەیی حاڵەتێکی سایکۆلۆجی، یا فۆرمێك لە فۆرمەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی نیە. لەڕاستیدا وەك لایەنێکی سەرەکی سیستمی کۆمەڵایەتی، لە فۆرمی جیاکردنەوەی پرەنسیپ و یاسایی بوارە تایبەت و گشتییەکانماندا پەردەی بەسەرا دادراوەتەوە. ئەوەی بە تایبەت دادەنرێت، ناچێتە بواری وردبینی گشتییەوە و لەلایەن ئەوانی دیکەی کۆمەڵگەوە نابێتە بابەتێکی لێبوردەیی یا نالێبوردەیی. پێناسەکردنی بواری تایبەتی یەکسانە بە پێناسەکردنی بواری بێباکی پرەنسیپانەوە، چونکە پێویستە مەسەلەی لێبوردەیی نەوروژێنرێت و هەر بەڕاستیش هیچ

پەیوەندییەکی پێوەی نییە. بۆیە شتێکی سەیر نییە کە ئازادی ویژدان - لە ڕاستیدا ئازادی بیروباوەڕە - پێبەپێی تایبەتیکردنەکەی بەدیهات. هەروەها پێویستە بەپێی بۆچوونی خۆسی کازانۆڤا (Jose Casanova) (1994)، تێبینی ئەوە بکەین کە تایبەتیکردنی ئایین پێبەپێی مافە سیاسییەکان، نەك بەرژەوەندی گشتی و بەعەلمەنەکردنی بواری گشتی، هەموویان بە شێوازێك لە شێوازەکان نیشانەی لێڕوانینی لیبرالّییە بۆ نوێخوازی (سەرباری ئەوەی لە داڕشتەی پڕۆژەی ڕۆشنگەری کۆماریخوازەکاندا کەمتر باوە). سەرباری ئەوەش، بەپێی حیکمەتە میللییەکە، گەر فەندەمێنتالیستە سەرکێشەکانی جوولەکە، مەسیحی، موسڵمان، هیندۆس، سیخ، ئەو پرەنسیپە لۆجیکانەی بۆ هەمووانە قبووڵ بکەن، ئەوا دەمانتوانی کێشەی لێبوردەیی چارەسەر بکەین، هەرچی زووتر ئەوەش ڕووبدات، باشترە. قبووڵ کردنی ئەو پرەنسیپانە، بەزەرورەت بە مانای قبووڵ کردنی دیدگای لیبرالّیی پۆست-پرۆتستانییە بۆ خود و کۆمەڵگە، ئەوەش دیدگایەکە لە جیهان و شارستانییە مرۆییەکاندا هاوبەشیی ناکرێت. هەروەکو دەبینرێت، لە بارەی خودە فرەبوارەکان و مرۆڤی پێوەری بۆ بیرۆکەی ئێرنست گیلنەر گەڕاینەوە، لە ڕاستیشدا بۆ نالێبوردەیی ئەم مۆدێلە پێوەرییە و بۆ گشت ئەوانەی لە قالب نەدراون.

سەرباری ئەم خاڵەش، ئەوا هەڵویستە لیبرالّییە جیاوازەکان، سەرەڕای ئەوەی بە لێبوردەسروشت دادەنرێن، بەڵام لە ڕاستیدا، کەمتر لێبوردەن، لەبەر ئەوەی نە مامەڵە لەگەڵ جیاوازیدا دەکەن و نە پراکتیزەی ڕەندییە "ئەستەمەکە" دەکەن. لەوانەیە تەنها ئامرازێك بێت بۆ ئەوەی سەرلەبەری کێشەی لێبوردەیی لە کۆمەڵگەی مۆدێرنەدا، پشتگوێ بخات، لەجیاتی ئەوەی بەدیبهێنێت. ئەو هەڵوێستانە بە زەرورەت لەو کۆمەڵگەیانە کارا و چالاك نابن کە دەربارەی خود و کۆمەڵگە، هاوبەشی گریمانەی تاکگەرایی لیبرالّی ناکەن، هەروەها لە ڕاستیدا، یەقینی ئەوەشی نییە لەو کۆمەڵگایانە بەردەوامی بە کارکردن بدات کە هاوبەشی ئەو گریمانانە دەکەن. شایانی باسە، ئەوەی لە کۆمەڵگەکانی ئەورووپای خۆرئاوا و باکووری ئەتڵەسی وەك لێبوردەیی لێی تێگەیت، پەیوەندی بەو پێکهاتە لیبرالّییەوە هەیە کە بەدرێژایی دوو سەد ساڵی ڕابردوو لەو کۆمەڵگایانەدا گەشەی کردووە.

سەرەتا و بەر لە هەر شتێك، بیناکردنی ئەو کۆمەڵگایانە، هەروەکو پێشتر باسی کراوە، پشت بە جیاکاری تایبەت/ گشتی دەبەستێت. گەر ئەمە بێباکی نەبێت،

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ئەوا جیاکاری لیبراڵیی نێوان هەر دوو بواری گشتی و تایبەت، لەنێو کاروبارەکانی دیکەدا، جیاکارییە لە بوار و جۆرەکانی لێبوردەیی - بیروباوەر و/ یا پراکتیزەی دیاریکراوە کە بە تایبەت دادەنرێت، بەوەش لە دەرەوەی بوارەکەدا دەبێت تا تێکەڵ بەژمێرزانی "جیاکاری و تەواوکاری" لێبوردن دەبێت. بۆیە لێرەدا بێباکی سادەکاری "کاروبارەکان" نییە، بەڵکو بێباکییەکی پرەنسیپانەیە. چونکە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە خۆی لە کاروبارە تایبەتەکانی "ئەوی دی" هەڵقورتێنێت، یا تەنانەت حوکمی بەسەردا بدات. لەم خوێندنەوەیەدا، گشت ڕوانینە ململانێکارەکان، بەنزیکەیی بۆ بواری جوانێتی مەسەلە جیاوازەکانی زەوق و سەلیقە کورت دەبێتەوە (یا بەپێی وێناکردنی میللییانە بۆ شێوازەکانی ژیان - هەروەکو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بەشێوەیەکی زۆر ڕوون دەڵێن، لێدانی جیاواز بۆ خەڵکانی جیاواز). هەروەکو پێشتر ڕوون بۆتەوە، دەپرسم داخۆ بەهیچ جۆرێك ئەمە لێبوردەییە. چونکە گەر لیبراڵیزم بەرامبەر چەمکە جیاوازەکانی خێر بێلایەن بێت، ئایا ئیدی دەتوانین بڵێین لە بەرامبەریدا لێبوردەیە؟ بێباکی پرەنسیپانە، وەك لێبوردەیی نییە.

لە پاڵ ئەوەشدا، زۆرێك مشتومڕی ئەوە دەکەن کە لێبوردەیی وەك پراکتیك لە سەربەخۆییەوە سەرچاوە دەگرێت وەك ڕەندی یا کارێکی خێر، ئەمەش کارێکی باشە، جگە لەو خاڵەی کە بێباکی شیمانەیی لیبراڵییەت بەرامبەر فیکرە باشەکان، ئەوەندە لاواز دەبێت کە ناتوانرێ بەرگری لێ بکرێت. هەروەکو بێرنارد ویلیامز (1996: 25) دەڵێت: "تەنها دیدگایەکی بابەتیانەی وەك سەربەخۆیی، دەتوانێت ئەو ڕەندییە بەرهەم بهێنێت کە بەپراکتیزەکردنی لێبوردەیی گوزارشتی لێدەکرێت". سەرباری ئەوەش، گریمانەکردنی خێر کە هەمیشە بە دۆخە باوەکەی "ململانێی باش" سەرقاڵمان دەکات، لە ڕاستیدا لیبراڵیزم ناتوانێت خۆی لێ بەدوور بگرێت، سەرەڕای ئەوەی یەکێك لە بەڵگەنەویستە سەرەکیەکانی پێکدەهێنێت.

سەرباری ئەوەی ڕزگارکردنی تاکگەرای لیبراڵ لە دژبەیەکە ڕەگداکوتاوەکانی، ئەرکێکی پرگرنگە، بەڵام لەم قۆناغەدا پێشنیازی سەرلەنوێ فۆرمۆڵەکردنەوەی کێشەکە دەکەم، بەوەی هەنگاوێك لە خوێندنەوەی تاکەکەسی بۆ لێبوردەیی بگەڕێینەوە دواوە و تاڕادەیەك لە ڕێگەی هاوێنە (عدسە) جیاوازەکانەوە لە کێشەکە بڕوانین، واتە بە هاوێنەی کۆمەڵگە هەرە تەقلیدییەکان. ڕەنگە کارێکی بەسوود بێت، ئەوە وەبیربهێنینەوە کە لە یاسای حیکمەتی سەدەکانی

ناوەڕاستدا، لێبوردەیی بەرامبەر بە دوو گرووپ لە خەڵکی - جوولەکە و سۆزانییەکان - پراکتیزە دەکرا، لێرەدا پێمباشە پێداگری لەسەر لایەنی گرووپ بکەم. هەر بەڕاستی هەر دوو گرووپەکە لێبوردەییان بەرامبەر دەکرا، لێبوردەیی بە دووەم باشترین چارەسەر بۆ مامەڵەکردنیان دادەنرا. باشترین چارەسەر لەنێوبردنی هەر دوولایان بوو، بەڵام ئاکامەی بۆ هەمووان کارەساتبار بوو. پاککردنەوەی کۆمەڵگەی لە لەشفرۆشەکان، بە بانگهێشنامەیەك بۆ پراکتیزەکردنی داوێنپیسی، نێزبازی و گوناهی جەستەیی دیکە دادەنرا. بەدڵنیاییەوە، ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە جوولەکە، واتە ڕزگاربوون لە گرووپێك کە دانپیانانیی بە عیسای مەسیح لە دووەم دەرکەوتنیدا، بەڕەگەزێکی سەرەکی لە سیناریۆی ئەودونیایی دادەنرا (سیناریۆی زیندووبوونەوە -eschatological scenario). بۆیە پێویست بوو لێبوردەیی بەرامبەر بە هەر دوو گرووپەکە هەبێت. هەروەها بەهۆی پەیوەندییە نەرینییەکانمان لەگەڵ دەستەواژەی لێبوردەییدا کە مانا کولتورییەکەی هێندێك ڕووداوی دزێو لە پەیوەندییە مێژووییەکەی نێوان جوولەکە و مەسیحی لەخۆدەگرێت (سیلیگمان 2004).

پێمباشە ئەوە دووپات بکەمەوە کە لێبوردەیی گرووپەکان و ناسنامەی گرووپەکان دەگرێتەوە. لێبوردەیی، هەروەکو لێی تێدەگەیت و پراکتیزە دەکرێ، مەسەلەی هەڵوێست و ڕەفتار بوو بەرامبەر بە گرووپە دیاریکراوەکان، بەرامبەر تاکەکان، وەك ئەندامی ئەو گرووپانە، نەك بەرامبەر بە تاکایەتی بێهاوتای تاکەکان. بەلەبەرچاوگرتنی مەرجی ئەندامەتی و ناسنامەی کۆمەڵگەکان بەر لە مۆدێرنە کە لەڕووی ئایینییەوە ڕێکخرابوون، ئەو ڕەفتارە مایەی سەرسوڕمان نییە. پێویستە ئەوە وەبیربهێنینەوە کە لەم جیهانەدا، "مافەکان" بە گرووپە یەکگرتووەکان، نەك بە تاکەکان بەخشراوە. پۆلێنکردنی یاسا و کۆمەڵگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەوجۆرە بوو، بۆیە زۆر ماقووڵ بوو سنووری لێبوردەیی لەو کۆمەڵگانە بەوجۆرە بێت. سەرباری ئەوەی هیچ شتێك مایەی سەرسوڕمان نییە، بەڵام دەبێ وچانێکمان بۆ تێفکرین پێ بدات، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیڵێم، لێبوردەیی - هەروەها نالێبوردەییش - بە وێنە قووڵەکەی گرووپ و تاکەکانەوە پەیوەستە، بەخاتری ئەوەی لەنێو ئەو گرووپانەدا، بوونیان هەیە، نەك وەك تاکی سەربەخۆ و بریکاری مۆڕاڵی خود ڕێکخراو کە مافی تاکەکەسییان هەیە و هەر بەوجۆرەش لەسەر شانۆی جیهانیدا

ڕەفتار بکەن. ئەمەش کێشەی هاوشوناسییە لەگەڵ ئێرنست گیلنەر بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ جۆرێکی زۆر تایبەت لە کەسایەتی - واتە کەسایەتی کانتی، خودی ڕێکخەر و خاوەن مۆڕالێکی سەربەخۆ. بەداخەوە، زۆربەی مرۆڤایەتی، ئەمرۆش هەروەکو دوێنێ، بڕوای بە پاشکۆیەتی، نەك سەربەخۆیی هەیە، پێیوایە خۆیەتی لە ڕێژەیی ئەندامەتی گرووپدا پێکدێت، نەك وەك بریکاری مۆڕاڵی خۆپێناسەکەر. بۆیە دەبێ گرووپەکان و ناسنامەی گرووپەکان لە نێو فیکری سیاسی هاوچەرخماندا پەسەند بکەین. ئەگەر بڕیار بێت شێوازێك بۆ گشتاندنی متمانە لە دەرەوەی یەکەی سەرەکی خێزان بدۆزینەوە، ئەوا پێویستە ئەو ناسنامانە لەبەرچاو بگرین و لە چوارچێوەی ئەو کار دابەش کردنەی کە وادیارە زۆرێك لە تیوریستە هاوچەرخەکان دەیکەن، لەسەر بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانمان کورت نەبێتەوە.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە کۆمەڵگەکانی بەر لە مۆدێرنە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان لێبوردەتر نەبوون، یا بەهەر مانایەکی چەندێتی، "کەمتر" لێبوردەبوون، بەڵام فۆرمی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکەی، سەرلەبەری کێشەی لیبوردەیی پەیوەندیدار دەکرد. کۆمەڵگە مۆدێرنەکان، تەواوی کێشەی لێبوردنی پشتگوێ خستووە و هەوڵی چارەسەرکردنیشی نەداوە. کەی و لەکوێ سەرکەوتوو بووە، شتێکی باشە. بەڵام کاتێك شکست دەهێنێت، ئیدی زۆر بەسادەیی، مرۆڤ، وەکو چۆن خوێ دەکاتە شۆربای سەوزەوە، ئەوا ناتوانێت "مۆدێرنە" سەرباری تێکەڵەکە بکات. سەرباری ئەوەش، خودی ناسنامەی مۆدێرنەش دەگۆڕێت، ئەمە بێجگە لە گۆڕینی جۆری خودی تاکەکان کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە هاودەمێکی زەروریی دەوڵەتی نەتەوەیی - کە گیلنەر لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی تەماهیی کرد - دادەنرا، هەروەها خودی دەوڵەتی نەتەوەییش دەگۆڕێت. ناسنامەی بانیشتمانی بەخێرایی گەشە دەکات و ناسنامە ئایینی و ئەتنیکی و ئەتنۆئایینیش، داواکاری نوێ دەربارەی هەستی تاکەکەسی بۆ خود و کۆمەڵگە دەخەنەڕوو. بەلەبەرچاوگرتنی گشت ئەو پێشکەوتنانە، ئەوا جوولە نموونەییەکانی مۆدێرنە کە خۆی لە کێشەکانی لێبوردەیی و نالێبوردەیی بەدوور دەگرت، چیدی ناتوانێت خۆیڕابگرێت. لەبەر ئەو هۆکارانە، پێویستە لەسەرمان بەدوای سەرچاوە و ڕوانگەی دیکەدا بگەڕێین. لەگەڵ ئەوەشدا، لێگەڕێن با لێرەدا هێندێك لایەنی شیکاری ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەین کە پێشتر باسیان لێوە نەکراوە.

یەکەم، پێموایە گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە لێبوردەیی ڕەندییەکی (فەزیلەت) زۆر دیاریکراوە. نە چارەسەری هەموو نەخۆشیی و شەڕەنگیزییەکان دەکات، نە بێسنووریشە. هەروەها هێندێك شێوازی ڕەفتارکردن مایەی لێخۆشبوون نییە - ئەمە سەرباری ئەوەی، هەروەکو وتمان، بەتەواوەتی ڕوون نییە، مرۆڤ چۆن بتوانێت پێناسەی کەسانی دەرەوەی پەل بکات. هێندێك پۆلێنکاری ئایینی و فەلسەفی بەمێشکدا گوزەر دەکەن - فیکری یاسای خۆڕسك یا لە ناوکۆی یەهودییدا ڕاسپاردەکانی نوح هێندێك ڕێنمایی گشتی بەسوود پێشکەش دەکەن (ستۆن 1991). سەرباری ئەوەش، بە هەموو دڵنیاییەکەوە پانتاییەکی گەورە لەم سنوورەدا هەیە بۆ جیاوازی و ڤێزلێکردنەوە و بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەی مرۆڤ بە هەڵەی دادەنێت و کاروباری ناڕاستگۆیانە و ناڕەوشتییانە و بۆ ئەو کاروبارانەی شایانی ئەوەن سەرکۆنە بکرێن، بۆیە پێویستیی لێبوردن، بەرامبەر ئەوەی مرۆڤ بە هەڵە و بێزارکەری دەزانێت، دێتە ئاراوە.

بەوپەری دڵنیاییەوە، پێشبینی ئەوە ناکرێت مرۆڤ بەرامبەر بە هەڕەشەیەکی دیاریکراویی ڕوون لە ناسنامەکەی لێبوردەبێت. کاتێك هەڕەشەکە لە دەرەوە ئاراستەی دەکرێت، بۆ نموونە، لە لوولەی تفەنگێکەوە، ئەوا ناکرێت لێبوردە بێت، ئەم حاڵەتەش ڕووبەڕووی کێشەیەکی جیدی شیکاریمان ناکاتەوە. بەڵام چی ڕوودەدا، گەر ئەوەی بە هەڕەشە دادەنرێت، لە ئاراستەیەکی دیکەوە بێت، واتە لە ناوخۆوە بێت. لێگەڕێن با "کۆمەڵگەی دراویی ڕۆکسبوری خۆرئاوا- West Roxbury Numismatic Society" بەنموونە وەربگرین، دوای چەندین دەیە لە گفتوگۆ، شرۆڤەکردن و بازرگانیکردن بە دراوی کانزایی - لەناکاو هێندێك لە ئەندامەکانمان پوولیان "stamp " هێنایە ناو کۆبوونەوەکەوە، تەنانەت ڕەتیان کردەوە تەماشای دراوە کانزییەکەش بکەن، ئیدی گفتوگۆکان کاتێکی زۆری کۆبوونەوەکەیان بە بابەتی پوولەوە بەفیڕۆدا: ئایا پێویستە لێیان ببورین؟ ئایا هەڕەشەیەك لەسەر ئێمە: "کۆمەڵگەی دراوی ڕۆکسبوری خۆرئاوا" دروست ناکەن؟ بەدڵنیاییەوە نابێت پوول کۆکەرەوەکان لەنێوبەرین، بەڵام پێویستە بە ئەدەبەوە پێیان بڵێین کۆبوونەوەکە جێبهێڵن و پەیوەندی بە "کۆمەڵگەی پوول"ەکانەوە بکەن کە لە شوێنێکی دیکەی هەمان ئەو شەقامەی ئێمەی تیایین، کۆدەبنەوە. دەتوانین لە

ئامادەبوونیان لە ناوچەی "بۆستنی گەورە" لێیان ببورین، بەڵام نەك وەك بەشێك لە ناسنامەی خۆمان.

ئەو خاڵە تاڕادەیەك ساکارەی لێرەدا هەوڵ دەدەم بەم نموونەیە بیسەلمێنم، ئەوەیە کە گرووپەکان سنووریان هەیە و بەبێ سنوور بوونیان نییە. مرۆڤ ناتوانێت بانگەشەی هیچ جۆرە ناسنامەیەك بکات، گەر پێناسەی ئەو ناسنامەیە نەکات کە هەستێکی پابەندبوون و دیاریکراو لە خۆدەگرێت. داواکردن لە گرووپێك کە لێبوردە بێت بەرامبەر ئەوەی هەڕەشەی ناسنامەکەی دەکات، وەك ئەوەیە داوا لەو گرووپە بکرێ خۆی هەڵوەشێنێتەوە یا واز لە بوونی بهێنێت، گەر مۆدێلێکی نالێبوردەیی هەبێت، ئەوا سڕینەوەی بوون دەگەیەنێت. کەواتە لێبوردەیی ڕەندییەکە بە تەواوەتی بە سنوور و پەراوێزەکان دەبەسترێتەوە. دەبێ پەیوەندیی بەهەڕەشەئامێزی هەمەلایەنەی بەناسنامەکەمانەوە نەبێت - ئیدی چی ئەو هەڕەشانە دەرەکی بن یا ناوخۆیی، یا فیزیکی یا بە سروشت سمبولی بن. لێبوردەیی پەیوەستە بە ڕەفتار و/ یا ئەو بیروباوەڕانەی کە لە "پەراوێزەکانی" ناسنامەی گرووپەوە بوونیان هەیە. سەرلەنوێ دەتوانین جوولەکە و لەشفرۆشەکان لە یاسای حیکمەتی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە نموونەیەکی پڕبەپێستی ئەم شێوازە لە پەراوێزکاریی دابنرێت - لە پاڵ گەڕوگولەکان، هێندێك جاریش موسڵمان و دەرۆزەکەر و بێگانەکان (بیجیسیز 1997). گشت ئەو کەسانە لەسەر سنووری کۆمەڵگە یا پەراوێزەکانی دەمێننەوە، نە بەتەواوەتی لە دەرەوەی یا لە ناوەوەی کۆمەڵگە (نێرینبێرگ 1996).

گەر تا کۆتاییەکەی پەیڕەوی لەم لۆجیکە بکەین، بەدەرئەنجامێکی زۆر گرنگ دەگەیەن: تا سنوورەکە تۆکمەتر و پتەوتر بێت، ژمارەی تاکەکان و ڕەفتار و هەڵوێستەکان لەسەر ئەو سنوورە زیاتر دەبن. تا ئەو سنوورەش لاواز و شلوشێواو بێت، ژمارەکان کەمتر دەبن. تا سنوورەکە تۆکمەتر و پتەوتر بێت، زیاد لە مەسەلەی لێبوردەیی و نالێبوردەیی دەروژێنرێت و بابەتی دی پەیوەندیدار دەبێت، چونکە تا مرۆڤ بەرکەوتەی لەگەڵ ڕەفتار و بیروباوەرە دژێوەکاندا هەبێت، دەرفەتەکان زۆرتر و گەورەتر دەبن (بێ ئەوەی بەزەرورەت هەڕەشە لە ناسنامەکەی بکات - سەرباری ئەوەی ڕەنگە حیساباتێکی ناکۆتا لە بوونی یا نەبوونی هەڕەشەیەکی لەوجۆرەی لێبکەوێتەوە). بە هەموو دڵنیاییەکەوە، سەرلەنوێ هۆکاری گرنگیی بابەتی

لێبوردەیی لەو کۆمەڵگانە ڕوون دەبێتەوە کە ناسنامەی گرووپی بەهێزیان هەیە - کۆمەڵگەگەلێکن سنووری تۆکمە و ناسنامەی گرووپی پانوپۆڕ و گەلێك پێناسە گرووپیان هەیە کە لێبوردنێکی لەوجۆرەی پێویستە، ئەگەر چی بەزۆری تراجیدیی بووە و دەکرێت بە پێوارە یا شکستە ئەزموونییەکەی پێناسە بکرێت.

سەرباری ئەوەش، لەنێو بواری گشتیی کۆمەڵگە لیبراڵ و تاکگەراکاندا، سنوورەکان بۆ کەناری زۆر تەنك و باریك دابەش دەبن، کەسەکان، نەك وەك ئەندامی گرووپەکان، بەڵکو وەك تاکی خاوەن ماف (مافەکانی هاوڵاتی، مافە کۆمەڵایەتییەکان، مافی مرۆڤ، هتد)، کارلێك و مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. ناسنامەی گرووپ لە بواری گشتیدا، بۆ ناسنامەی تاك و کێشەی لێبوردەیی گۆڕا، هەروەها جیاوازیش بەدانپیانانی یاسایی و شایستەیی مافەکان گۆڕا. مەبەستم ئەوەیە کاتێك دەڵێم مۆدێرنە، کێشەی لێبوردەیی دوور خستەوە و زەرورەتی لێبوردەیی مرۆیی خستەلاوە، لە جیاتی ئەوەی کەسەکان بە لێبوردە بکات. لێبوردەیی بە مافەکان گۆڕان. بەوەش بنەمای هەموو چەمکێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەباربرد، ئەمە گەر ئەو زاراوەیە لە دەرەوەی مافە فەرمییەکانی هاوڵاتیدا هیچ مانایەکی هەبێت. لە بابەتەکەی پێشوودا ئاماژەم بەوە کرد، کاتێك وتم گفتوگۆکانی سەدەی هەژدەهەم، دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە سەدەی نۆزدەهەمدا تێپەڕێنرا، دواتریش لە ململانێکانی سەدەی بیستەمدا، دەربارەی مافەکانی هاوڵاتیبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکەوتنی مافەکان، بەدیاریکراوی لەسەر حیسابی ئەو لایەنەی کێشەکە - واتە دانپیانان و تێگەیشتنی دوولایەنە - کە بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵی دا چارەسەری بکات.

لەدیدێکی ڕەخنەییەوە، ئەم گەشەسەندنە بۆ خودی تاکی لیبراڵ زیاد لە ڕەهەندێکی سیاسیی هەیە. بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری زۆربەی کۆمەڵگە لیبراڵەکانی خۆرئاوایە و لایەنێکی زۆر گرنگیی عەولەمەشە "جیهانگەری". ئەمەش بەپێی زاراوەکەی ئێرنست گیلنەر (1988: 44)، جیاوازیی نێوان پەیوەندییەکانی "فرە داو" "multi-stranded"و پەیوەندییەکانی "تاك داو" "single-stranded"ە. لە یەکەمدا "کاتێك کەسێك لە گوندێکی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی شتێك لە دراوسێیەکەی دەکڕێت، ئەوا بەتەنها مامەڵە لەگەڵ فرۆشیارێکدا ناکات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ خزمێکدا دەکات، یا هاوکارێك، یا هاوپەیمانێك، یا کێبەرکارێك، یا کەسێك دەشێت ببێت بە خەزۆری کوڕەکەی، یا کەسێك لە هەمان سرووتدا

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

هاوبەشی دەکات، یا بەرگریکارێکی گوندەکە، یا ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی". ئەم حاڵەتە لە پەیوەندییەکانی "تاك داو" جیاوازە، کاتێك کاڵایەك دەکڕین، چونکە بەتەواوەتی حیساباتمان بۆ ئەوە دەچێت، باشترین کاڵا بەکەمترین نرخ بکڕین. گەر وەبیرتان بێت گیلنەر لە لێڕوانینی بۆ مرۆڤی پێوەری (modular) کە کۆگای ڕەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، پێداگری لەسەر پەیوەندییەکانی "تاك داو" دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، دەڵێم؛ ئەو خودەی بەشداری لەو خود ڕوانینە دەکات، ئەندازەیەکی زۆر مرۆڤایەتی دەرەوەی پەل، بەجێدەهێڵێت.

بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، لێبوردەیی گشت ئەو شێوازی پەیوەندییانە لەخۆدەگرێ کە لەسەر هێڵەکانی سنووره ئەستوورەکەی ناسنامە دەبینرێن - ئەو ناسنامەیەی کە پێویستە بە پێناسە ناسنامەی گرووپە هەمەڕەنگەکان بێت. بەدڵنیاییەوە، زۆرێك لە پاڵهێزی (الدفع) سیاسی و ئابوریی سیستمی جیهانی مۆدێرن، دەربارەی گۆڕێنی ناسنامەی گرووپ بە ناسنامەی تاکەکەسی تەوەرە دەبەستێت، لەگەڵ گۆڕینی لێبوردەیی بە مافەکان، گۆڕینی پەیوەندییەکانی "تاك داو" بە پەیوەندییەکانی تاڕادەیەك "فرە داو". لەم پرۆسەیەدا، لێبوردەیی وەك کردەیەك (act) کە فۆکس دەخاتە سەر گرووپ، دەگوێزرێتەوە بۆ سیفەتێکی سایکۆلۆجی، یا ئەدگارێکی تاڕادەیەك کەسێتی (ئەمەش ئارگیومێنتەکەی گیلنەر دووپاتدەکاتەوە).

ئەنجامگیری

بەدڵنیاییەوە بەلابردنی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی کە لێبوردەیی بە زەرورەت دەکات، هەڵەیەکی (پراکتیکی یا ئاکاری) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نالێبوردەیی لە ئارادا نییە. بگرە بە پێچەوانەوە، کاتێك ئەوە مومکین دەبێت، وادەردەکەوێت ئەو کارە سەرکەوتوو دەبێت. بەڵام واهەست دەکەم، ئەو هەلومەرجەی کە "مۆدێرنەی بەرز" بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەورووپای خۆرئاوا و باکووری ئەتڵەسی دیاریدەکات - کە بەتایبەتی ئەم چارەسەرە دەڕەخسێنێت، یا ڕاستترە بڵێن کێشەکە بەلاوەدەنێت - لە ئێستادا خەریکە گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها گەڕانەوە بۆ ئەو ناسنامانەی فۆکس دەخەنە سەر گرووپ و پابەندبوونی ئایینی لە زۆر شوێنی جیهاندا، ئەمە بێجگە لە گەشەسەندنی ئەو ناسنامە باننەتەوایەتییانەی پشت بە ئایین و ئەتنیك دەبەستن و ئەو نەتەوەیەیە کە پشت بە دەوڵەت (Statehood)

نابەستێت، گشت ئەوانە، گومان لە شێوازی ئەو ناسنامانەی تاك دەكات كە جەوهەری بیرۆكەی شۆڕشگێرانەی هاوڵاتیبوون پێكدەهێنێت. لێرەدا نموونەیەكی زۆروزەوەند هەیە كە وا لە مرۆڤ دەكات هەر ئەوەندەی لە دابەشبوونە ڕوولەگەشەكانی نێوان موسڵمانە سونە و شیعەكانی سەرتاسەری جیهان بڕوانێت (ئەو جیاوازییەی بەر لە دوو نەوە لە نیمچە دوورگەی هیندیدا تێبینی نەدەكرا)، ئیدی پێشبینی سەرئەنجامە گریمانەییە كارەساتبارەكەی دەكات. هەر بەڕاستی، ئەمرۆ لە بریتانیا، هێندێك موسڵمانی شیعە، بەلانیكەمەوە ئەوانەی پێشینەیەكی پاكستانیان هەیە و هیچ پەیوەندییەكی بژێوییان بە پاكستانەوە نییە، واهەست دەكەن زۆر لە كۆمەڵگەی بریتانی دابڕاون، وەك زایۆنییەكی نوێ لە ئێران دەڕوانن - وەك پێگەی جۆگرافی بۆ ناسنامەی ئایینی و سیاسیی، هەروەها بەزۆری یەكەم لە دەسپێكی دووەمەوە دەركی پێدەكرێ[22].

لە ڕاستیدا ئەوەی لەمرۆدا بەدیدەكەین، پاشەكشێیەكی گەورەی گرووپە جیاوازەكانە بۆ نێو قاوغەكەی خۆیان و ڕێكخستنی ریزەكانیان دژ بەجیهانی دەرەوە و سڵكردەیی كارلێكردنیانە لەگەڵ ئەوی دی یا ئەوی جیاواز. هەروەها گەشەسەندنی مافەكانی مرۆڤ، وەك ئەوەی مایكڵ ئیگناتییف (Michael Ignatieff) (2001) ناوی فۆرمێك لە "بتپەرستی" لێناوە، خۆی لەخۆیدا وەك "وەرەقەیەكی براوە"ی (trump) هەر ئارگیومێنتێكی هاوتا و بەرپەرچدانەوە، بەر بەو گەشەسەندنە ناگرێت و پوچەڵی ناكاتەوە كە لەلای خۆیەوە خودی ئەو مافانە بەتەنها دەكاتە یاسادانانێكی فەرمیی یاسای پۆزەتیف و خەرمانەیەكی شەرعیی ئەوتۆی نییە كە لە ماوەی دوو سەد ساڵی ڕابردوودا، كردویەتی بە منارەی ئازادی.

ڕەنگە پارێزگاری كردن لە فرەجۆری فۆرمەكانی كۆمەڵگە و لێبوردەیی بەرامبەر جیاوازییە جەوهەرییەكان، بەشێوەیەكی پارادۆكسییانە توانای سەرلەنوێ مامەڵەكردنمان لەگەڵ نەریتە كۆنەكانی دیكە و خۆلادان لە "وەرەقەی براوەی" مافەكانی تاك، بگۆڕێت. گومانی تیا نییە كە دەشێت هێندێك كەس پاشهاتی ئەم

---

[22] - لە ڕێگەی پەیوەندیی كەسێتی لەگەڵ ڕەوەندی پاكستانی بریتانی، ئەم زانیارییەم دەسكەوتووە. ئیدی نازانم هیچ توێژینەوەیەكی لەسەر كراوە یا نا، هەر چەندە پێموایە توێژینەوەی لەوجۆرە ئەنجام درابێت.

بانگهێشته نامۆ و پێشبینی نەکراوە، بە بانگهێشتی کۆنپارێزی دابنێن، ئەمە گەر کۆنپەرستی نەبێت. سەرباری ئەوەش، لەڕاستیدا، بانگەوازێکە نەك بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی مافەکانی مەسیحییەت، بەڵام بۆ بەدیهێنانی سەرلەنوێ تێگەیشتنەوەی تەواوی ئەو توێژانەی بە کێشەی خود و ئەوی دی بیری لێدەکەینەوە، هەروەها کێشەی چوونیەکی سیستمی سیاسی و مافەکانی تاکەکەسی و بەرپرسیارییەتی کۆلێکتیف. ئەوەی پێویستە بەتەنها گەڕانەوە نییە بۆ سەرچاوەکانی مەسیحییەت، بەڵکو ڕاسترە، بانگەوازێکە بۆ دووبارە مامەڵەکردن لەگەڵ گشت نەریتە پیرۆزەکان، بەو نەریتانەشەوە کە لە مەسیحییەت واوەتر دەڕوات - بۆ ئەوەی قەیرانە هەنووکەییەکەی ڕیزبەندییە سیاسییەکانی دوای مەسیحییەت (واتە عەلمانییەت) تێپەڕێنرێت. ئەمجۆرە مامەڵەکردنە بەشێوازی تازەمان دەگەیەنێت بۆ ئەوەی تێبگەین چۆن سیستمێکی دەستووری عەلمانی پاڵپشتی سیاسەتی لیبراڵ دەکات، بەشێوازێك کە ڕیشەی لە کارکردنی سەربەخۆیی تاك و خودڕێکخستنی کانتی دا نەبێت، لەگەڵ مۆراڵێکی نایەکانگیردا هاوڕا دەبێت. پێموایە ئەمە تەنیا تاکە ڕێگەیە بۆ دەسپێکردن بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە بنچینەوە تەماهی لەگەڵ بیرۆکەی مەدەنیدا دەکەن.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

دامەزراوەکان و پرۆسێسەکان

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەشی شەشەم

ئایا ئەندازەیی هەڵبژاردن لە دیموکراسییە تازەکاندا، دەتوانێت دەرئەنجامە پەسەندکردووەکانی هەڵبژاردن بەئەندازەیی بکات؟

ڕۆبێرت مۆزەر

هەڵبژاردنە پێشبڕکێکارەکان، شادەماری ژیانی دیموکراسین. بواری لاوەکی بەدیموکراتیزەکردن کاریگەرییەکی زۆری فۆرمۆڵە تیۆرییەکانی ڕۆبێرت داڵ و جۆزیف شومپیتەر-یان لەسەرە کە تاڕادەیەکی زۆر دیموکراسیان لە دەسپێکی پێشبڕکێکردنەوە پێناسە کردووە، تا لە ڕێگەی بەدەستهێنانی دەنگەکانەوە، پۆستی گشتی بگرنەدەست (داڵ 1971، 1989، 1998، شومپیتەر). تەنانەت زانایانی سیاسەتیش بەرامبەر بەو"هەڵەداچوونەی هەڵبژاردن" نیگەرانن کە هەڵبژاردن بە دیموکراسی یەکسان دەکات (شمیتەرو کارڵ 1991، ئۆدۆنیڵ 1994، 1998)، دیموکراتیزەکردن بەبێ هەڵبژاردنی پێشبڕکێکارانە لە ساتێك لە ساتەکاندا وێنا ناکەن. پاشان هەڵبژاردنی کێبەرکێکارانە کارێکی سەرەکیی هەوڵەکانی دیموکراتیزەکردنە و زۆرێکیش پێیانوایە خۆی لەخۆیدا ئامانجە - هەروەکو لەو هەڵمەتەدا دەردەکەوێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا بەرێوەی دەبات.

سەرباری ئەو پەیوەندییە سەرەکییەی نێوان هەڵبژاردن و دیموکراتیزەکردن، کەچی هەڵبژاردن مەترسییەکی گەورەش بۆ بکەرە سیاسییە دیارە لۆکاڵی و بیانییەکان دروست دەکات. هەروەکو کارڵس بۆیکس سەرنجی دەدا، هەڵبژاردن دەرفەتێکی ڕێکخراوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە سەرلەنوێ ڕێساکانی گەمەکە دابرێژێتەوە و پاشان هەڕەشە لەوانەش بکات کە سوود لە بارودۆخە باوەکە وەردەگرن (بۆیکس 2003). هەڵبژاردنی پێشبڕکێکارانە بەتەنیا هەڕەشەیەك نییە بۆ سەر دەستەبژێرە پارێزراوەکان، بەڵکو لەوانەیە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا بکات و بەشێوەیەکی گشتی سەقامگیری سیاسیش تێك بدات. بۆیە پێویستە بیرۆکەی ئەندازەیی هەڵبژاردن، یاسای هەڵبژاردن بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردن، ئەو سوودانە بەدیبهێنێت کە پەیوەستە بەدیموکراسییەوە، ئەمە لەکاتێکدا سنوورێکیش بۆ ئەو ئاکامە نێگەتیڤە شیمانەییانە دابنێت کە لەوانەیە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەوە سەرهەڵبدەن (رینۆڵدز 2005). سەرباری ئەوەی زۆر

کاری پراکتیکی دەربارەی کاریگەرە بێشومارەکانی سیستەمی هەڵبژاردن هەیە، بەڵام زانایانی سیاسی گرنگییەکی کەمیان بە فۆرمەکانی دیکەی ئەندازەیی هەڵبژاردن داوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم ڕووپێویێکی فراوانتر بۆ یاسا و بڕیارەکانی دیکەی هەڵبژاردن بکەم، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی گشتگیرتر بۆ ئەو مەودایە بکەم کە دەشێت بکەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان تێیدا ئامرازە دامەزراوییەکان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی بە دەرئەنجامی دیاریکراو بگەن.

لەم بەشەدا تویژینەوە لەسەر ئەو شێوازە جیاوازانە دەکەین کە دەشێت یاساکانی هەڵبژاردن و بڕیارەکان و کردەوەکانی دیکەی پەیوەست بە هەڵبژارد، بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە بەکاربهێنرێن. ئەوانەی گرنگی بە هەڵبژاردنی پێشبڕکێکارانە دەدەن، تا چ ئاستێك ئومێدیان بە ئەندازەیی دەرئەنجامە باشەکان هەیە؟ کام ئامانج قابیلی ئەندازەیی کردنە و کامیان لە ئاسۆی ئەندازیاری هەڵبژاردن دوورترە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، پێنج ئارگیومێنت دەخەمەڕوو کە هەموویان تیشك دەخەنە سەر توانای بلیمەتانە، بەڵام دیاریکراوە بۆ ئەندازیارانی هەڵبژاردن تا لە ڕێی بەکارهێنانی یاساکانی هەڵبژاردنەوە بە دەرئەنجامی باش بگەن. یەکەم، ئەندازەیی هەڵبژاردن لەتوانادایە و یاساکانی هەڵبژاردنیش کاریگەری گەورەیان لەسەر دەرئەنجامە سیاسییەکان هەیە. هەر بەڕاستی، کاتێك یاساکانی هەڵبژاردن لە کاریگەرییەکانیان بێلایەن نابن، ئەوا سیاسییەکان دەتوانن، یا بەمەبەستی ئاسانکاری بەدەستهێنانی دەرئەنجامی دیاریکراو، یاسا تەبەنی بکەن، یا بەپشتگوێخستنی شارەزایی کەڵەکەبوو، سەبارەت بەکاریگەری سیستەمی هەڵبژاردن لەگەڵ هیواخواستن بەوەی دەرئەنجامە پۆزەتیڤەکانی هەر سیستمێك لەم پرۆسەیەوە پەیدا بێت. ڕوون و ئاشکرایە کە شێوازی یەکەم پەسەندترە. دووەم، سەرباری سوود و قازانجی ئەندازەیی هەڵبژاردن، ئەوا هەڵبژاردن لەو سیستمانەی پێشووتر ستەمگەربوون، چارەسەری گشت کێشەکان ناکات، بۆیە دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە کۆتوبەندی ڕاستەقینە لەبەردەم ئەم پرۆژەیەدا هەیە، هەروەها لە ڕێگەی یاریکردن بە یاساکان و کاتی هەڵبژاردن، یا چاودێری نێودەوڵەتی و هاوکارییە بیانییەکانەوە، بەرهەڵستی چارەسەری تەواوەتی کێشەکان دەکرێت. سێیەم، یاساکانی هەڵبژاردن، ئامێری لاوازن کە بە باشترین شێوە بۆ پشتگیریکردنی کاریگەرە جیهانییەکان بەسەر گشت لایەنەکاندا بەکاردەهێنرێت، نەك ئەوەی کاریگەری لەسەر

چانس و چارەنوسی هەڵبژاردنی بکەرە سیاسییە دیاریکراوەکان هەبێت. چوارەم، بەزۆری یاساکانی هەڵبژاردن لە دیموکراسییە تازەکاندا، هەمان کاریگەری نییە، هەروەکو لە دیموکراسییە جێگیرەکاندا کاریگەرییان هەیە. بۆیە ئەندازیارانی هەڵبژاردن یا گومڕامان دەکەن، یا لەوانەیە لە بەکارهێنانی یاساکانی هەڵبژاردندا، لە پێشبینی کردنی تواناکانی خۆیان لە ئامادەکردنی دەرئەنجامی دیاریکراودا، زێدەڕەوی بکەن، بەتایبەتی لە چەند هەڵبژاردنێکی سەرەتادا کە لە وەرگۆڕانی جۆرێك لە دیموکراسیدا ئەنجام دەدرێت. لە کۆتاییدا، ئەندازیارەکانی هەڵبژاردن، بەگرتنەبەری هەنگاوی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی تاکە ئامانجێك، ڕووبەڕووی تەنگژەی ئەگەری لەباربردنی هەوڵەکانی بەدیهێنانی ئامانجە گرنگەکان دەبنەوە. بۆیە پێویستە ئەو ئەندازیارانە بە وردی لە ئاڵۆزی بڕیارەکانیان بکۆڵنەوە و شێوازی گشتگیر لە پیشەکەیاندا بگرنەبەر.

ئەم توێژینەوەیە بۆ پێنج بەش دابەش دەکرێت. یەکەم، بەکورتی پێناسە و گفتوگۆی پرۆسەی ئەندازەیی هەڵبژاردن و ئەو ئامێرە جیاوازانە دەکەم کە لەوانەیە بکەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بەکاریبهێنن بۆ ئەوەی کار لە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەن. دووەم، گفتوگۆیەکی پێوانەیی دەربارەی ئەو حاڵەتە دەکەم کە پێویستە ئامانجەکانی ئەندازەیی هەڵبژاردنی لەسەر دیاری بکرێت. سێیەم، ئامرازە بەردەستەکانی بکرە سیاسییەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە شیدەکەمەوە و هێندێك نموونەش پێشکەش دەکەم کە تیشك دەخەنەسەر ئاستی ئەو سەرکەوتنەی کە دەشێت هەر ئامانجێك بەدیبهێنێت. لە بەشی چوارەمدا گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی ئامانجە کێبەرکێکارەکان و چۆنێتی ئامادەکردنی یاساکان دەکەم، تا هەوڵی بەدیهێنانی تاکە ئامانجێك، بەبێمەبەست ئامانجەکانی دی بنکەن نەکات. بە هێندێك هەڵگۆزین و ڕاسپاردەی کاتیی سیاسی دومایی بە توێژینەوەکە دەهێنم.

1 - پێناسەی ئەندازەیی هەڵبژاردن

ئەندازەیی هەڵبژاردن لەم توێژینەوەیەدا، ئاماژە بۆ بەکارهێنانی سیما جیاوازەکانی پەیوەست بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکات و بۆ مەبەستی کارتێکردن و ئامادەکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و سیاسی بقۆزرێتەوە. سەرباری هەبوونی گەلێك یاسای دیاریکراو و بڕیاری دیکەی پەیوەست بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن کە لەوانەیە بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامی سیاسیی جێگرەوە، ساختەکارییان تیا بکرێت، بەڵام من تیشك دەخەمە سەر چوار بواری سەرەکی: سیستمەکانی هەڵبژاردن، یاسا لاوەکییەکانی هەڵبژاردن، دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنەکان و کاریگەری نێودەوڵەتی لە ڕێی چاودێری کردنی هەڵبژاردنەکان و ئەو هاوکارییە بیانییانەی بەهەڵبژاردنەکانەوە پەیوەستن.

سیستمەکانی هەڵبژاردن

سەرباری ئەوەی سیستمەکانی هەڵبژاردن، هێندێك جار، ئاماژە بەگشت ئەو یاسایانە دەدەن کە بەهەڵبژاردنەکانەوە پەیوەستن، بەڵام پێموایە سیستمەکانی هەڵبژاردن بەشێوازێکی سنووردار، ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە وەرگێرانی دەنگەکان بۆ کورسی (پەرلەمانی) ڕێکدەخات. لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێ پاڵپشت بە ئەنجامی دەنگەکان، بڕیار لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی پۆستە گشتییەکان بدرێت. ئەو یاسایانە کاریگەری قووڵیان هەیە، چونکە حیزبە دیاریکراوەکان یا پاڵێوراوە دیاریکراوەکان خەڵات دەکات، هێندێك جاریش زۆر بەقورسی ئەوانی دیکە بە ڕادەیەك سزا دەدات کە ژیانی سیاسییان لەنێودەبات. جیوڤانی سارتۆری (Giovanni Sartori) سەرنجی هێزە هەستپێکراوەکەی ئەو یاسایانەی داوە بۆ ئەوەی بە دەرئەنجامی سیاسی و هەڵبژاردنی دیاریکراو بگات، کاتێك وتی سیستمەکانی هەڵبژاردن "ئامێرێکی ساختەکاریی دیاریکراوی سیاسەتن" (سارتۆری 1969). لەکاتێکدا گەلێك شێوازی جیاواز هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگەیەوە دەنگەکان بۆ کورسی پەرلەمانی بگۆڕێت، کەچی زۆربەی وڵاتان و زانایانی سیاسەت، تیشکیان خستۆتە سەر دوو جۆری بەرفراوان: نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی و هەڵبژاردنی تاکەکەسی. یەکەم ئاماژە بۆ جۆرێك لە سیستمی هەڵبژاردن دەکات کە لیستی حیزبی و مەڵبەندی فرە ئەندام بەکاردەهێنێت بۆ هەڵبژاردنی لیستی پاڵێوراوانی حیزبە کێبەرکێکارەکان، ئەمە لە کاتێکدا دووەم ئاماژە بۆ هەڵبژاردنێك

دەکات کە پاڵێوراوە تاکەکەسییەکان لەسەر تاکە کورسی مەڵبەندێکی دیاریکراودا پێشبڕکێ دەکەن.

یاسا لاوەکییەکانی هەڵبژاردن

یاسای دیکەی هەڵبژاردن هەیە کە پەیوەست نییە بە وەرگێڕانی دەنگەکان بۆ کورسی، کەچی دەشێت بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر دەرئەنجامە سیاسییەکان هەبێت، ئەوەش بە یاسا لاوەکییەکانی هەڵبژاردن ئاماژەی پێدەدەم. گرنگترین ئەو یاسایانەش: (1) یاسای تۆمارکردنی حیزبەکانە کە پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان و تۆمارکردنی فەرمییان وەك بریکاری هەڵبژاردن ڕێکدەخات، (2) یاساکانی خۆپاڵاوتن کە کاندیدکردنی تاکەکان بۆ هەڵبژاردن ڕێکدەخات، ئیدی چ وەك حیزبی سیاسی، یا وەك تاکی سەربەخۆ. لە هێندێك حاڵەتدا، ئەو یاسایانە ڕێگە بە تۆمارکردنی جۆرە حیزبێکی دیاریکراو نادەن (وەك حیزبە ئەتنیکی، یا ئایینی یا ناوچەییەکان)، زۆر بەسادەیی ڕێگە بەدروستبوونی نادەن. بەڵام یاساکانی خۆپاڵاوتن و تۆمارگردنی دیکە، زۆر وردترن. بۆ نموونە، لەوانەیە داوای کۆکردنەوەی واژوویەکی زۆر لە کاندید، یا دانانی بڕە پارەیەکی زۆر بکرێ، بۆ ئەوەی ڕێگە لە دەرکەوتنی حیزبی بچووك بگیرێت و/ یا کاندیدی سەربەخۆ کە توانای پێشبڕکێی نەبێت، لەپاڵ مەرجی تۆمارکردنی دیکە، بەوەی داوا لە حیزبە تۆمارکراوەکان دەکرێت کە پێویستە لە گشت یا زۆربەی ناوچەکانی وڵات ئامادەییان هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێگە لە دەرکەوتنی حیزبی ئەتنیکی یا ناوچەیی بگیرێت (بیرنەر 2004).

دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن

دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنەکان، کارێکی زۆر گرنگە، بە تایبەتی لە کاتێکدا فرەمەیدان بۆ پێشبڕکێی هەڵبژاردن لە ئارادا بێت (نەتەوایەتی، یا ناوچەیی، یا سەرۆکایەتی، یا یاسادانان). بۆیە بەدوایەکدا هاتن و کاتنزیکی هەڵبژاردنەکان، کاریگەرییەکی زۆریان هەیە. لە دیموکراسی سەرۆکایەتیدا، زانایانی سیاسەت گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەن کە هاوزەمانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و یاسادانان، کاریگەریی دیارییان لەسەر سیستمی حیزبایەتیدا هەیە (شوگارت 1995، سامۆیلز 2004). ئەمە لە کاتێکدا ئەوانەی دی، ئارگیۆمێنتی ئەوەیان دەکرد بەدوایەکدا هاتنی

هەڵبژاردنی نەتەوەیی و ناوچەیی، دەشێت ئاكامی گرنگی لەسەر یەكێتی جوگرافیای وڵاتە فرەئەتنییەكان هەبێت (لینزو ستیپان 1996).

كاریگەری نێودەوڵەتی

لە كۆتاییدا، بكەرە بیانییەكانی وەك ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان، یا ئەو وڵاتە بیانییانەی هێندێك ڕێوشوێن دەگرنەبەر كە ڕەنگە كاریگەری دیارییان لەسەر دەرئەنجامەكانی هەڵبژاردن و سیاسەت هەبێت. بۆیە بەشێوەیەكی تایبەتی تیشك دەخەمە سەر دوو بوار لە دەستوەردانی نێودەوڵەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هەر وڵاتێكدا: چاودێری كردنی هەڵبژاردنەكان و ئەو هاوكارییە بیانییانەی بە هەڵبژاردنەكانەوە پەیوەستن. چاودێری كردنی هەڵبژاردنەكان، ئاماژە بە ڕاستتاندنی پرۆسەكە دەكات، بەوەی هەڵبژاردنە دیاریكراوەكە "پاك و ئازاد" بووە، لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكە و ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكە، پەیرەوی لە ڕێكارە دیموكراسییە گونجاوەكان و نەریتی نێونەتەوەیی بۆ هەڵبژاردنی ئازاد كراوە (كارۆتەرز 1997، ئەلكلیت و سڤینسۆن 1997). بەڵام ئەو هاوكارییە بیانییانەی پەیوەستن بە هەڵبژاردنەكانەوە، ئاماژە بە بەرنامە هەمەڕەنگەكانی گەشەسەندن دەكات كە ڕێكخراوە نێودەوڵەتیی و حكومەتە بیانییەكان چاودێری دەكەن، ئەوانەی بۆ پشتگیریكردنی سیاسەتی هەڵبژاردنی پێشبڕكێكارانە تەرخانكراون، وەك بەرنامەی تایبەت بە پشتگیریكردنی سیاسەت و پشتگیریكردنی ڕۆژنامەوانی ئازاد و پاڵپشتیكردنی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی.

هەروەكو پێشتر باسی لێوەكراوە، بەهەنگاونانی واوەتر لە سیستمەكانی هەڵبژاردن، هیواخوازم بەسوودوەرگرتن لە گشت ئامێرە بەردەستەكان، هەڵسەنگاندێكی تاڕادەیەك گشتگیر بۆ دەرفەت و سنوری ئەندازەیی هەڵبژاردن لە دیموكراسییە تازەكاندا بخەمەڕوو.

2 - ئامانجەكانی ئەندازەیی هەڵبژاردن: سنورداركردنی مەترسییەكان، كاتێك پارێزگاری لە سوودەكانی هەڵبژاردنی پێشبڕكێكارانە دەكرێت

بەر لەوەی باس لە دەرفەت و كۆتوبەندەكانی ئەندازەیی هەڵبژاردن بكرێت، پێویستە ئەو ئامانجانە دیاری بكرێن كە ئەندازیارە شیمانییەكانی هەڵبژاردن هەوڵ

بۆ بەدیهێنانی دەدەن[23]. لە ڕێگەی ڕەچاوکردن و توێژینەوەی سوودەکانەوە ئەو کارە ئەنجام دەدەم، بەشێوەیەکی بەرفراوانتریش گرنگیی ئەو مەترسییانەی هاودەمی هەڵبژاردنە پێشبڕکێکارەکان دەکات. گفتوگۆی ئەوە دەکەم کە پێویستە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەندازەیی، هەوڵی کەمکردنەوە و سنوردارکردنی مەترسییەکانی هەڵبژاردنی پێشبڕکێکاران، ئاراستەی بکات، بەڵام پارێزگاری لە سوودە سروشتی و بنچینەییەکانیشی دەکات.

سوودە پێشبینیکراوەکانی هەڵبژاردنی پاك و ئازاد لە یەکسانیکردنی بە دیموکراسی سەرچاوە دەگرێت. پێشبینی دەکرێت هەڵبژاردن باشترین دەرفەت بۆ نوێنەرایەتیکردنێکی ڕاستەقینەی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی بڕیاردانی سیاسەتدا بەردەست بکات، بەتایبەتی بۆ ئەو گرووپانەی پێشتر لەلایەن ڕژێمێکی سەرکوتگەرەوە چەوسێنراونەتەوە یا پەراوێزخرابوون. هەروەها وادادەنرێت حکومەت زیاتر لەلایەن جەماوەرە دەنگدەرەکەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، پاشان حکومەت شەرعییەتی زیاتری دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شێوازە زۆرانەی کە هاوڵاتیان لە ڕێگەیەوە ڕاوبۆچوونیان بەرامبەر سیستمی حوکڕانییەك هەبێت کە کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبات. دواجار، دەبێ حکومەتە دیموکراسییەکان کارەکانیان باشتر لە حکومەتە نادیموکراسییەکان ڕاییبکەن، لەبەر ئەوەی بەربەرستە دەستوورییەکان و چاودێریکردنی گشتی، ڕێگە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات دەگرێت، ئەمە لە کاتێکدا هەڵبژاردنی ڕێکوپێك حکومەت ناچار دەکات بەخێرایی وەپیر کێشە و داواکاری هاوڵاتیانەوە بچێت (داڵ 1998، شمیتەر 2004، هالپێرن و ئەوانی دی 2005).

سەرباری ئەوەی، ڕەنگە هەڵبژاردنەکان، تەنانەت لە دیموکراسییە تازەکانیشدا، توانای پێشکەشکردنی ئەو سوودانەیان هەبێت کە لە سەرەوە باسیان لێوەکراوە، بەڵام لەوانەشە هەڵبژاردنی تازە ئاکامی خراپی لێ بکەوێتەوە. بۆیە لیستی پێنج خراپەی شیمانەیی هەڵبژاردنە پێشبڕکێکارەکان دەخەمەڕوو. ئەمەش

---

[23] - بەدڵنیایەوە، دەشێت لیستی ئامانجەکانی ئەندازیارانی هەڵبژاردن بێ سنوور بێت. ئەو لیستەی پێشنیازی دەکەم، گشتگیر نییە، بەڵام لیستێکی ڕوونکاری "توضيحي" ئەو ئامانجە سەرەکییانەیە کە لەلایەن زۆربەی سیاسیی و زانایانی سیاسەتەوە، وەبیردەهێنرێتەوە.

نە دوا لیستە و نە برگەکانیشی تایبەت و دیاریکراون، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ئاوڕدانەوە لەو مەترسییە سەرەکییانەی کە سیاسەتناسەکان دەربارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی تازە دیارییان کردووە.

هەڵبژاردن وەك میکانیزمێك بۆ کۆنترۆڵی ستەمگەرانە

سیاسەتناسەکان داننیان بەوەدا ناوە کە هەڵبژاردن (تەنانەت پێشبڕکێکارەکانیش)، هێندێك کەڕەت وەك ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن، دەستەبژێرە ناوچەییەکان بۆ داواکارییە جەماوەرییەکان و ئاراستەکردنی، کاری پێدەکەن، چونکە ئامرازگەلێکە لەوانەیە بەرژەوەندییە چڤاکییەکان لە ڕێگەیەوە بە دروستکردنی بڕیاری سیاسی بگەیەنێت (ترونشتاین 2006). گەشەسەندنەکانی ئەم دواییەی چەندین ناوچەی وەك ئۆراسیای پۆست-کۆمۆنیست و ئەمەریکای لاتین کە پاشەکشێیان لە ئازادی ڕۆژنامەوانی و پێشبڕکێی هەڵبژاردن بەخۆوە بینیووە، سەرلەنوێ فۆکسی خستەسەر لایەنەکانی کێشەی هەڵبژاردن. هەر بەڕاستی، زیادبوونی ژمارەی ئەو ڕژێمانەی ڕێگە بە هێندێك فۆرمی هەڵبژاردنی پێشبڕکێکارانە دەدەن کە لایەنە سەرەکییە دیاریکراوەکانی هەڵبژاردنی پاك و ئازادی تیا نییە، زانایانی سیاسەتی والێکرد جۆرێکی نوێ لە ڕژێمی - ستەمگەری کێبەرکێکار - بهێننە ئاراوە تا سەرنج بۆ ئەم ڕەوتە ڕوو لەگەشەکردنە ڕابکێشن (دایمۆند 2002، لیڤستیکی و وەی 2002، شیلدەر 2002).

هەروەکو شیلدەر باسی لێوە دەکات، بەرپرسە ستەمگەرەکان، سەرچاوەگەلێکی زۆروزەوەندییان بەردەستە کە بتوانن بەمەبەستی دەستوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و زامنکردنی دەسەڵاتیان، ڕەفتاری پێوە بکەن. دیاریترین ئەو سەرچاوانەش، پۆستەباڵاکان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، دەتوانن ڕووپۆشی ڕاگەیاندن مۆنۆپۆڵ و کۆنترۆڵ بکەن، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە دارایی و سەرچاوەکانی دیکە کە پۆستەکان بەردەستیان دەکات بۆ ئەوەی لەڕێگەی چاودێری کردنەوە دەنگی پێ بکڕن، هەروەها لە ڕێگەی یاریکردن بە ڕێکارەکانی خۆپاڵاوتن، بەجۆرێك کە ناوی حیزب و کاندیدە ڕکابەرەکان لە کارتی دەنگداندا دەرنەکەوێت، لە پاڵ ناچارکردن و باجسەندنی دەوڵەت بۆ ئەوەی تەنگ بە ئۆپۆزیسیۆن هەڵچنن. کاتێك ئەو ڕێوشوێنانەش بێ ئاکام دەبێت، ئیدی دەسەڵاتداران

دەتوانن بەشێوازی جۆراوجۆر لە ساختەکاری، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بگۆڕن (شێڵدەر 2002).

ساختەکارییەکی لەوجۆرە لە هەڵبژاردنی فرەحیزبیدا، بەهۆی ئەو شەرعییەتەی هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەوە، سەرباری ڕژێمەکانیان دەکات، بۆ دەستەبژێرە نادیموکراسییەکان، کارێکی زۆر فریودەرانەیە. سەرباری ئەوەش، هەڵبژاردنە "بەرێوەبەرییەکان" دەرفەتی لە دیموکراسیچوو دروست دەکەن، بێئەوەی ڕووبەڕووی ئەو نادڵنیاییە ببنەوە کە هەڵبژاردنی پاکی ئازاد دەیسەپێنێت (لیڤیستکی و وەی 2002). بەدڵنیاییەوە، هەروەکو دواتر گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، تەنانەت ئەو هەڵبژاردنانەش کە ساختەکاری تیا دەکرێت، مەترسی دروست دەکات لەسەر ئەوانەی ئەنجامی دەدەن، ڕەنگە گالیسکەیەك بێت بۆ ئەوەی دیموکراتیزەکردنی زیاتر بەدەستبهێنرێت، ئەوەش دەرفەتی تایبەتی بە لایەنگرانی دیموکراتیزەکردنە ناوچەییە و نێودەوڵەتییەکان دەبەخشێت، ئەندازەیی دەرئەنجامە جێگرەوەکان فەراهەم بکەن (لیڤیستکی و وەی 2002، ماکفاوڵ 2005، 2005).

سەرکەوتووە نادیموکراسییەکان

ئەو وتارەی ساڵی 1997 ئاماژەی پێدرا، فەرید زەکەریا لە ساتەوەختی هەڵبژاردنەکانی بۆسنەدا بەشێوەیەکی وروژێنەرانە ئەم وتانەی لە ڕیچارد هۆڵبرووك-ەوە (Richard Holbrooke- سیاسی و دیبلۆماتکاری ئەمەریکی، گەلێك پۆستی وەرگرتووە، لە ماوەی شەڕی بۆسنە و هێرزۆگۆبینیا، یاریدەرەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو بۆ کاروباری ئەوروپا و کەنەدا، لە ماوەی کار کردنیدا ڕێکەوتننامەی دایتۆنی ئەنجام گەیاند کە کۆتایی بە ململانێ چەکدارییەکە هێنا، بۆیە هێندێك بە ئەندازیاری ئەو ڕێکەوتنەی دادەنێن) وەرگرتووە "وادابنێن هەڵبژاردنێکی پاك و ئازاد بووە.. ئەوانەی هەڵبژێردران، خەڵکانی ڕەگەزپەرست، فاشیست، جوداخوازن و بەئاشکرا دژایەتی (ئاشتی و ئاوێتەبوونەوە دەکەن)، ئەوەش تەنگژە گەورەکەیە" (زەکەریا 1997). تەنگژەی براوە نادیموکراسییەکان لە هەڵبژاردنی پێشبڕکێکاردا، بەچەندین شێواز خۆی مانیفێست دەکات. ئۆدۆنێڵ برەوی بە چەمکی "دیموکراسی نوێنەرایەتی کردن -Delegative Democracy"دا، وەك بەڵگەیەك لەسەر کێشەی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی (جێبەجێ کردن)، واتە مەیلی

دەستبەسەراگرتنی هەر دوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری لەلایەن ئەو بەرپرسە جێبەجێکارانەی بەشێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردراون، ئەوانەی بەشێوەیەکی هەندەکی پشت بەو پاساوە دەبەستن کە ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراون (ئۆدۆنێڵ 1994، 1998).

لەگەڵ ئەوەشدا، کێشەیەکی دیکە لە ناوکۆیەکانی دی بەدیاردەکەون، بەوەی هێزە ئەنتی دیموکراسییەکان و/ یا ئەنتی خۆرئاواییەکان، پاڵپشتییەکی گەورەی ڕاستەقینەیان لەلایەن توێژەکانی میللەتەوە لێدەکرێ. لە هەڵبژاردنە میللییەکاندا، تەنانەت گەر هیچ ساختەکارییەکیشیان تیا نەکرێت، ئەوا حیزبە ناسیونالیستەکان، براوەی ڕاستەقینەی هەڵبژاردنەکان دەبن، ئەوانەی سەرکەوتووانە هەوڵدەدەن لە ڕێگەی بەڵێندانەوە بەرژەوەندی گرووپێك، یا بەشێوەیەکی باش بەرژەوەندییەکانی تاکە وڵاتێك، لەسەر حیسابی گرووپەکانی دیکە، یا وڵاتانی دیکە، بەدەستبهێنن [24]. سەرکەوتنی حەماس لە دوا هەڵبژاردنەکاندا، تەنیا نموونەیەکی سیناریۆیەکی لەوجۆرەیە.

هەڵبژاردن و ململانێی ئەتنیکی

مەسەلەی هەڵبژاردنی پێشبڕکێکار، لە سایەی هەلومەرجی دیاریکراودا کە بە پراکتیکی، ململانێی ئەتنیکی خراپتر بکات، لە جیاتی ئەوەی هاوکاری سنووردارکردنی بکات، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە تەنگژەی سەرکەوتووە نادیموکراسییەکانەوە هەیە. بەشێك لە ڕاڤەکردنی پشت ئەم تەنگژەیە لە کێشەی ئەو سەرکەوتووە نادیموکراسییانەوەیە کە گفتوگۆیان لە بارەیەوە کراوە - واتە دەرکەوتنی حیزبی ناسیونالیستی توندڕەو کە چالاکانە بەشداری لە هەڵبژاردنی پاك و ئازاد دا دەکات. سەرباری ئەوەش، پەیوەندیی نێوان هەڵبژاردنی پێشبڕکێکارانە و

---

[24] - بە مەبەستی نموونەی زیاتر لە بارەی ئەو کێشانەی بە حیزبە ئەتنیکی و نەتەوەییەکانەوە پەیوەستن، بڕوانە هۆرۆویتز 1985. هەروەها دەربارەی نموونەی دی ئەم کێشەیە سەبارەت بە حیزبەکانی ئەنتی خۆرئاوا، بڕوانە وێندسور 2003. ئیستیپان، گفتوگۆی ئەوە دەکات کە ئەوانەی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، گومانیان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەیە، دژ بە "تەڵەی هەڵبژاردنی ئیسلامی" هۆشداری دەدەن، واتە هەڵبژاردنی پێشبڕکێکارانە دەرفەت بە حیزبە ئیسلامییەکان، نەیارانی بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا و خودی دیموکراسییەت دەدا، بەدەسەڵات بگەن (ستیپان 2004).

ململانێی ئەتنیکی ناوخۆ، شایانی ئەوەیە گرنگییەکی تایبەتیان پێبدرێت، لەبەر ئەوەی زۆر لە توانای سەرکەوتنی هێندێك پێشبڕکێکاری بێزراو بۆ پۆستێکی حکومیی واوەتر دەڕوات. هەروەکو هەر یەك لە مانسفیڵد و سنایدەر لە بەشەکەی خۆیان لەم کتێبەدا ڕوونیان کردۆتەوە، ئەو هەڵبژاردنە دیموکراسییانەی لە سیستمە سیاسییە دواکەوتوو و ناڕێکخراوەکاندا ئەنجام دەدرێن، ئیرادە و ئامرازێك بەردەستی سیاسییەکان دەکات تا ناسیونالیستە توندڕەوەکان لە پێناوی بردنەوە لە کایەی هەڵبژاردندا، وەك تاکتیکی مۆبێلێزەکردن بەکاریبهێنن. بەکورتی، ئەوەمان ڕوون کردۆتەوە کە دەشێت هەڵبژاردنی دیموکراسییانە پشتگیری دەرکەوتنی ئەو سیاسیی و حیزبە ناسیونالیستانە بکات، گەر ئەوە نەبوایە هەر نەدەبوون، چونکە کارتی ناسیونالیستی زۆرجار، ستراتیجییەکی زۆر ڕاست و دروستە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بە تایبەتی لەو دیموکراسییە تازانەی دامەزراوەی دیموکراسی و سیستمی ڕاگەیاندنی لاواز و ناکارایان هەیە (هەروەها بڕوانە سنایدەر 2000، مانسفیڵد و سنایدەر 2005). هەروەها ویلکینسۆن (Wilkinson)، بەشداریکردن و تێوەگلانی خودی پرۆسەی هەڵبژاردن لەو شوێنانەی توندوتیژی ئەتنیکییان تیایە، ئەم ئارگیومێنتە هەنگاوێك بەرەو پێشتر دەبات، چونکە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئاژاوە و پشێوییەکانی نێوان هیندۆس و موسڵمانەکان، لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا، لەسەر ئاستی ناوچە (شار) زیاتر دەبێت، تا هەڵبژاردنەکانیش پێشبڕکێکارانەتر بێت، ئاژاوەکان زیاتر دووبارە دەبنەوە و خوێناویتریش دەبن (ویلکینسۆن 2004؛ بەشی دووەم). لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین، کاتێك وێلکینسۆن پێیوایە هەڵبژاردنی پێشبڕکێکارانە، لەسەر ئاستی لۆکاڵی، سەرچاوەی توندوتیژی ئەتنیکییە، لە هەمان کاتدا پێیشوایە کە توندیی پێشبڕکێکارانەی هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی ویلایەتەکان (لە فۆرمی حکومەتی ویلایەتەکاندا کە خۆی بەقەرزاربارى بلۆکی هاوڵاتییانی دەنگدەرە کەمایەتییەکان دەزانێت)، حکومەتی ویلایەتەکان ناچار دەکات زۆر بەخێرایی دەستوەردان بکەن تا کۆتایی بەو ئاژاوە ئەتنیکییە بهێنن و سنوورێك بۆ ئەو زەرەرو زیانەی (هەڵبژاردن) دابنێن کە ڕەنگە لێی بکەوێتەوە (ویلکینسۆن: بەشی پێنجەم).

دوورخستنەوە: ژنان و کەمایەتییە ئەتنیکییەکان

پێدەچێت هەڵبژاردن هێزو توانا بە میللەت ببەخشێت و بەشداریکردنی گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا سانا بکات. بەڵام سەرباری ئەوەش، کێشەیەکی هەمیشەیی لە هەموو دیموکراسییەکاندا هەیە کە بریتییە لە دابڕان لە نێوان پێکهاتەی ئەتنیکی و جێندەری و ئابوریی ئەنجومەنەکانی یاسادانانی نیشتمانی و نێوان جەماوەر. پەرلەمانە نیشتمانیەکانی سەرتاسەری جیهان، پێیان باشە دەستەگەلێك بن تاڕادەیەك بوونی ژنان و کەمایەتییە ئەتنیکییەکان و ئەو کەسانەی تیانەبێت کە سەر بە چینە کەم دەرامەتەکانن. ئەم دژبەیەکییە لە دیموکراسییە تازەکانی جیهانی ڕوولەگەشەکردن، لە دیموکراسییە جێگیرەکانی خۆرئاوا، زۆر توندتر و زەقترە (بڕوانە پێگەی ئەلەکترۆنی "پارلین"ی یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی - WWW.ipv.org). زۆرێك لە چاودێران ئەم کارە بە کێشە دادەنێن، چونکە پەیوەندییەك دەبینن لە نێوان نوێنەرایەتی کردنی وەسفی (لەڕاستیدا، نوێنەری هەڵبژێردراو بەسیمای سەرەکی دیموگرافیی وەك ئەتنیك یا جێندەر بەشداری لەگەڵ دەنگدەرانی بازنەی هەڵبژاردندا دەکات)و نێوان نوێنەرایەتی کردنی بابەتی (توانای نوێنەرەکان لەسەر پەیڕەویکردنی سیاسەتی سازان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی نوێنەرایەتیان دەکات) (مانسبریدج 1999، براتۆن و ڕەی 2002).

گەر ژنان و/ یا کەمایەتییە ئەتنیکییەکان وەك پێویست نەتوانن لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییە نیشتمانییەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، دەشێت چەندین ئاکامی خراپ لەسەر سەلامەتی دیموکراسی لێ بکەوێتەوە. یەکەم، کاریگەری سیمبولیی بەهێزی هەیە، لێرەدا شەرعییەت ناتەواوە، چونکە گرووپە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان هەست ناکەن بە تەواوەتی ئاوێتەی پرۆسەی سیاسی بوون. دووەم، بەتایبەتی سەبارەت بە کەمایەتییە ئەتنیکییەکان، گەر نەتوانن نوێنەرایەتی پەرلەمانی بەدەست بهێنن، ڕەنگە تا ئاستی جیابوونەوە، چالاکی سیاسی دژ بە ڕژێم سەرهەڵبدات کە هەڕەشە لە مانەوەی خودی دەوڵەت بکات. سێیەم، دەشێت جۆرێتی سیاسەتی گشتی نوقسان بێت، لەبەر ئەوەی دەنگەکانی ئەو گرووپانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە لاوازن، نوێنەرایەتییان لە گفتوگۆکانی پەرلەماندا نابێت.

لەبەر ئەو هۆیانە و هۆگەلێکی دیکە، دەڵێم دەبێ ئەندازەیی هەڵبژاردن هەنگاوەکانی پاراستنی دژ بە دوورخستنەوەی ژنان و کەمایەتییەکان لە ئەنجومەکانی یاسادانانداا لەخۆبگرێت[25].

سیستمە حیزبییە لاسەنگەکان یا ناجێگیرەکان

دواجار، بەزۆری هەڵبژاردنی دیموکراسییانە، سیستمی حیزبی ئاژاوەگێڕ، یا ناجێگیر، یا ناکارو لاسەنگ، بەرهەم دەهێنێت، پاشان بوونی سیستمێکی حوکمڕانی چالاك و کاراش پەکدەخات. لەپاڵ ئەو کێشە زۆروزەوەندانەی کە ڕەنگە لەنێو سیستمی حیزبییەوە سەرهەڵبدەن، بەتایبەتی گەر سیستمەکە دیموکراسییەکی تازە بێت، تیشك دەخەمە سەر دوو پێکهاتەی سەرەکیی سیستمی حیزبی. یەکەم، ژمارەی حیزبە سیاسییەکان، ئەوەش کارێکی گرنگە، چونکە شوێنەواری گرنگی لەسەر سیستمێکی نوێنەرایەتیکردن و حوکمڕانییەکی کاریگەر دەبێت. کێشە لەو سیستمە حیزبییانەوە سەرهەڵدەدا کە حیزبی زۆر یا حیزبی زۆر کەمییان هەیە. ئەگەر حیزبی زۆری تیابێت، ئەوا ئاژاوە و پشێوی حوکمفەرما دەبێت، بەتایبەتی لە کاتی پێکهێنانی هاوپەیمان حوکمڕانی لە نێو پەرلەماندا (کینگ و ئەوانی دیکە 1990). هاوپەیمانییە حوکمڕانە فشۆڵەکان، بەهۆی دەنگدانی چەندین بارە لەسەر سەندنەوەی متمانە لە سیستمی پەرلەمانیدا و بەهۆی بەربەست دروستکردنی لە سیستمی سەرۆکایەتیدا، ناتوانێت بڕیاری دیموکراسییانە بدات (مەینوورینگ و شوگارت 1997). بەڵام لە کاتی هەبوونی حیزبی سیاسیی کەمدا، ئەوا بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە دیارەکان، هەست ناکەن بە شێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتییان دەکرێت، بۆیە ڕەنگە لە دەرەوەی کەناڵەکانی هەڵبژاردن، تەنانەت دیموکراسیشەوە، کاری سیاسی ئەنجام بدەن.

دووەم، بەدامەزراوەیی کردنی سیستمی حیزبی - ئەو ئاستەی کە تێیدا حیزبەکان بکەری سەرەکین لە سیاسەتی هەڵبژاردندا، لە پاڵ ڕێکخستنی سیاسەتی

---

[25] - هەروەکو فیش لە بەشێکی ئەم کتێبەدا ئاماژەی پێدەدا، توێژینەوەکانی سیاسەتناسان، ئەوانەی توێژنەوە لەسەر کاریگەری کولتور دەکەن، جەختیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، بەوەی ڕەنگە دوورخستنەوەی ژنان ئەدگارێکی کولتوری بێت کە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بەربەست لەبەردەم بەدیموکراتیزەکردن دادەنێت (فیش 2002؛ نوریس و ئەنگلیهارت 2002).

نێوان حیزبەکان و لە ناوخۆی حیزبدا - پێویستە تەوەری گرنگیدان بێت (مەینوورینگ 1999). سیستمی حیزبی بە دامەزراوەیینەکراو، بە هەڵبەزودابەزی زۆر و ناسەقامگیر دەناسرێتەوە، چونکە هەموو هەڵبژاردنێك لیستێکی نوێ لە حیزبی پێشبڕکێکار بۆ حوکمڕانیکردن بەخۆیەوە دەبینێت، ئەوەش لە ڕێگەی بنکەن کردنی پەیوەندییەکانی نێوان حیزبەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکاندا، زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێت، ئەمە لەپاڵ سەقامگیری سیاسیی بە شێوەیەکی گشتی (مەینوورینگ 1999؛ مەدرید 2005؛ مەینوورینگ و زوکۆ 2007). سەرباری ئەوە، سیستمی حیزبیی بەدامەزراوەیینەکراو ڕووە لە زۆرترین ژمارەی خەڵکانی سەربەخۆ دەکات، ئەمە بێجگە لە زۆری هەڵگەڕانەوە و وازهێنانی حیزبی لە ناو پەرلەماندا (مۆزەر 2001). هەروەها هەر یەك لە سەربەخۆ و ئینتما حیزبییە کاتییەکانی ناو پەرلەمان، ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمان لەنێودەبات و توانای پێکهێنانی هاوپەیمانی زۆرینە و پارێزگاریلێکردنی لە پەرلەمان پەکدەخەن (ڕۆز، مونرۆ، وایت 2001).

لەبەڕۆشنایی ئەو ئاڵۆزییانەدا، دەبێ ئەندازیارانی هەڵبژاردن، لەسایەی پێشبڕکێیەکی سیاسیدا، هەوڵ بدەن بەو سیستمانەی هەڵبژاردن بگەن کە پێیانوایە پشتگیری ژمارەیەکی گونجاوی حیزبەکان دەکەن و حیزبی سیاسیی بەهێز دروست دەکەن کە دەسەڵاتێکی هەمیشەیی و پەیوەندیی بەهێزییان لەگەڵ بازنە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی هەڵبژاردندا هەبێت.

3 - ئەندازەیی هەڵبژاردن: ئاسۆ و کۆتوبەندەکان

بەشێوەیەکی گشتی، لە سایەی قەوارەی تەنگژەکانی سیستمی حوکمڕانی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسیدا کە براوە ناپەسەندەکان نوێنەرایەتی دەکەن، لە پاڵ ململانێ ئەتنیکییەکان و ئەو هەڵبژاردنانەی کە ساختەکارییان تیا دەکرێت، ئەوا ڕەنگە لەلای ئەو خەڵکانەی دەربارەی سیستمەکانی هەڵبژاردن، شارەزاییان لەسەر ئەدەبییاتی زانستی سیاسی نییە، مایەی سەرسوڕمان بێت، بەوەی پەیبردن بە زۆربەی ئەو بوارانەی لە ئەندازەیی هەڵبژاردندا بەشێوەیەکی باش گەشەیان کردووە، ئەو دوو مەسەلەیە لەخۆدەگرێ کە گفتوگۆمان لەبارەیانەوە کردووە: دوورخستنەوە و سیستمی حیزبایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی. ڕەنگە ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بە ئاسانی لە نێوان سیستمەکانی هەڵبژاردن و ژمارەو جۆری

حیزبە سیاسییەکان و نێوان ژمارەی ژنان یا کەمایەتییە ئەتنیکییە هەڵبژێردراوەکان بۆ پەرلەمانی نیشتمانی، پەیوەندییە هۆکارییە توندوتۆڵەکان هەڵگۆزیین (ریکر 1982). هەروەها چارەسەرکردنی پەیوەندییەکانی نێوان یاساکانی هەڵبژاردن و ئەم دەرئەنجامانە بە بەکارهێنانی سیستمەکانی هەڵبژاردن، بە ئاسانترین ئەرك دادەنرێت. ڕەنگە هۆیەکی دیکەش هەبێت، توێژینەوەی سیستمەکانی هەڵبژاردن ڕەگوریشەی لە دیموکراسییە دامەزراوەییەکانی خۆرئاودا هەبێت، چونکە ژمارەی حیزبەکان و نوێنەرایەتی کردنی وەسفیی مەسەلەگەلێکی پڕبایەخن، بەوەی بەشێوەیەکی هەندەکی کێشەکانی ساختەکاریکردن لە هەڵبژاردن و ململانێی ئەتنیکی، وەك دیموکراسییەکانی شەپۆلی سێیەم، نەخۆشییەکی درێژخایەن نەبوو.

بەدەر لەوە، هەروەکو ڕوون دەبێتەوە، ئەندازیارە شیمانەییەکانی هەڵبژاردن، ڕاسپاردەی بەهێزیان هەیە کە زیاتر پشت بە بەڵگەی ئەزموونی دەبەستێت، کاتێك کارەکە پەیوەست دەبێت بە دروستکردنی ژمارەی ئەو حیزبانەی سیستمی حیزبایەتی بەکاردەهێنن، تا ئەوەی دژایەتی ئەو ساختەکارییانە بکەن کە بەرپرسەکان ئەنجامی دەدەن، یا خۆلادان لە شەڕی ناوخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت لە بواری ئەو سیستمە حیزبایەتییەی کە توێژینەوەی زۆری لەسەر کراوە و نوێنەرایەتیکردنی وەسفیش (بە ڕادەیەکی کەمتر)، هۆکارێکی زۆر بۆ ئەو پرسیارە هەیە، داخۆ دەکرێت ئەزموونی دیموکراسییانەی خۆرئاوا بەسەر دیموکراسییە تازەکاندا بگشتێنرێت. لەم بەشەدا لێڕوانێکی گشتی دەخەمەڕوو کە پێموایە ئامێرێکی سەرەکیی بەردەستن بۆ ئەوەی لە ئیدارەدانی پێنج دەرئەنجامی نێگەتیف دوور بکەوینەوە کە دەشێت لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە کێبەرکێکارەکانەوە سەرهەڵ بدەن، هەروەکو لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو کارڕاییانەدا ڕوونکراوەتەوە.

ئەندازەیی هەڵبژاردن و براوە ناپەسەندەکان

یاساکانی هەڵبژاردن و کاتی هەڵبژاردنەکان کاریگەری گرنگیان هەیە، لەسەر ئەوەی کێ لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا براوە دەبێت و کێ دەیدۆڕێنێت. سیاسییەکان زۆر باش لەوە حاڵی دەبن، بۆیە لەنزیکەوە چاودێری دەکەن، زۆرجاریش ململانێی توند دەربارەی هەڵبژاردنی سیستمە سیاسییەکان دەکەن (ریمینگتۆن و سیمس 1996، کۆکس 1997، بوێکس 1999). بەهەمان شێوەش، لەکاتێکدا خشتەی کاتی هەڵبژاردنەکان دیارینەکرێت، ئیدی هەر یەك لە سیاسییە

فەرمانڕەواکان و ئۆپۆزیسیۆنەکان هەوڵ دەدەن، بەجۆرێك کاتی هەڵبژاردنەکان دابنێن کە بەسوود بۆیان بگەڕێتەوە. بۆیە کارێکی نالۆجیکی نییە، مرۆڤ وێنای ئەوە بکات لە ڕێگەی دەستکاریکردنی یاسا و کاتی هەڵبژاردنەکانەوە، دەتوانرێت بە دەرئەنجامی دیاریکراوی هەڵبژاردن بگەیت[26].

سەرباری ئەوەی یاسا و کاتی هەڵبژاردن کاریگەری ڕاستەقینەیان لەسەر چانسی هەڵبژاردنی بکەرە دیاریکراوەکانی هەڵبژاردن هەیە، بەڵام من پێموایە ئەندازەیی هەڵبژاردن هەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجە حیزبیی و ئایدیۆلۆجییە تەسکەکان نادات. ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێکی سەرەکی. یەکەم، هۆکارە پەنهانەکانی پشت خواست و مەیلی جۆرێك لە حیزبەکان بۆ ئەوەی لە سایەی سیستمە دیاریکراوەکانی هەڵبژاردندا سوود وەربگرن، هۆکاری حیزبی یا بەسروشت ئایدیۆلۆجی نییە (مۆراسکی و لووینبورگ 1999). بە واتایەکی دیکە، حیزبە گەورەکان، هەڵبژاردنە فرەییەکان پەسەند دەکەن، بەڵام سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی، حیزبە بچووکەکان هاندەدا، بێ ئەوەی گوێ ئایدیۆلۆجییەکانیان بدات. بە هەموو دڵنیاییەکەوە، مرۆڤ سەبارەت بە حاڵەتی حیزبێك لە هەڵبژاردنێکدا، دەتوانێت ئەو سیمایانە دیاری بکات کە بەخێرایی کار لە سیستمی هەڵبژاردن دەکەن (بۆ نموونە، قەوارە یا چڕی جوگرافی)، هەروەها دەتوانێت لەبەر هۆکاری ئایدیۆلۆجی یا حیزبی، سیستمێکی هەڵبژاردن ئامادە بکات کە بەهۆیەوە ئەو حیزبە پەراوێز بخات. لەگەڵ ئەوەشدا، دوو کێشە ڕووبەڕووی ئەم شێوازە دەبێتەوە. یەکەم پەراوێزخستنی حیزبێك/ یا جۆرێك لە حیزبەکان، کارێکی پەسەند نییە، دەرفەتی سەرکەوتنی حیزبە پەسەندکراوەکان بنکەن دەکات. لە دوای حوکمی تاڵیبان، لە یەکەم هەڵبژاردن لە ئەفغانستاندا، ڕێك ئەو حاڵەتە ڕوویدا. هاوپەیمانان،

---

[26] - بۆریس یەڵسن-ی سەرۆکی ڕوسیا، بەتایبەتی لە دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردندا زۆر بەتوانا بوو، تا لە بەرژەوەندی خۆی و هاوپەیمانە سیاسییەکانی بەکاریبهێنێت. دوای کەوتنی کۆمۆنیزم لە ساڵی 1991دا، دەمودەست هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجام نەدا، چونکە لە حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسی دەترسا کە شوێنگرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی بوو، ئەو حیزبەی ڕێکخستنێکی گەلێك باشی هەبوو. یەڵسن لەکۆتایی ژیانی سیاسییدا وازی لە پۆستەکەی، وەك سەرۆکی وڵات، هێنا، داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆکایەتی کرد، ئەوەش بە سوودوەرگرتن لە شەعبییەتی شوێنگرەوەکەی (ڤلادیمێر پوتین) کە لەو دەمەدا جەماوەرێکی زۆری هەبوو.

سەرۆك حامید کەرەزا-یان هاندا بەمەبەستی پەرتکردنی هێزی ئۆپۆزیسیۆن، سیستمی "یەك دەنگی ناڤەکی (غیر قابل للتحويل) -a single non- transferable vote (SNTV) system" تەبەنی بکات. هەر ئەوەشیان ئەنجام دا، بەڵام ئەو سیستمە دەنگەکانی کەرەزا-یشی پەرتکرد، بەشێوەیەکی بەرچاو پاڵپشتی پەرلەمانی بۆ بەرنامە ڕیفۆرمخوازەکەی سەرۆك کەرەزای لەنێوبرد (ڕینۆڵد 2007). کێشەی دووەم خۆی لە توانای گۆڕینی هەلومەرجی هەڵبژاردندا دەبینێتەوە کە سوود بە حیزبێکی دیاریکراو دەگەیەنێت، یا لە هەڵبژاردنێکدا لە قازانجی ڕەوتی ئایدیۆلۆجییەکی دیاریکراودا بێت و لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەشدا، لە قازانجی لایەنێکی دیکەدا دەبێت. بۆیە دەشێت ئەو یاسایانەی هەڵبژاردن کە لە بەرژەوەندی حیزب و ئایدیۆلۆجییەکی دیاریکراودا ئامادەکراون، دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە. زانایانی سیاسی ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە دامەزراوە سیاسییەکان، هەروەکو سیستمەکانی هەڵبژاردن، (لەزگەیی -stickiness) تایبەتیان هەیە - واتە بەتێپەربوونی کات توانای بەردەوایی هەیە - ڕێگە بە دەستەبژێر نادات لەڕووی حەزو ئارەزووەوە، بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو، یاساکان بگۆڕێت[27]. (تەنیا پرسیار لە ڕەخنەگرانی دەستەی هەڵبژاردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەن!!).

دووەم، بەربەستی پێوانەیی بۆ ئەندازەیی هەڵبژاردنی حیزبی و ئایدۆلۆجی هەیە. جەوهەری هەڵبژاردنی دیموکراسی بریتیە لە پرۆسە نەك دەرئەنجام. بۆ ئەوەی هەڵبژاردن شەرعییەتی هەبێت، دەبێ ڕێگە بەهێزە سیاسییە گەورەکان بدریت پێشبڕکێ بکەن و کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنن، ئەگەر بە پاکی و بەئازادی بردییانەوە. ئەو داواکارییە پێوەرانەی دیموکراسی، پشتگیریکارانی دیموکراسی بە زۆرێك لەو کارڕاییانە کۆت دەکات کە نەخشەی پەراوێزخستنی حیزبە

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

[27] - ڕوسیا نموونەیەکی باشە. لە دوای یەکەم هەڵبژاردنیی دوای قۆناغی کۆمۆنیزم، بۆریس یەڵسن و هاوپەیمانە لیبراڵەکانی لەو دەرئەنجامە ڕازی نەبوون کە لە سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵ هاتەئاراوە، ئەو سیستمەی خۆیان ئامادەیان کردبوو، پاشان هەوڵیان دا بیگۆڕن. لەگەڵ ئەوەشدا، یەڵسن لە پەرلەماندا، ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی توند بووەوە و دواجار ناچار بوو، بەنزیکەیی واز لە گشت پلانە ڕیفۆرمخوازەکانی بهێنێت (بڕوانە ریمینگتۆن و سیمس 1996؛ ماکفاوڵ 2001؛ مۆزەر و تەیمز 2001).

سیاسییە دیاریکراوەکانیان دارشتووە، لەترسی ئەوەی بە نەیارە نادیموکراسییەکان یەکسانیان بکەن، ئەوانەی بەمەبەستی ئامانجە تایبەتەکانیان، ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن. بۆ نموونە، زۆر زەحمەتە لەسەر دەستی ئەوانەی بە بیناکردنی دیموکراسییەوە پابەندن، جۆرە حیزبێکی دیاریکراو قەدەغە بکرێت، تەنانەت ئەوانەش کە بە نادیموکراسی دادەنرێن، چونکە بەزۆری هەمان میکانیزم لەلایەن ئەو هێزە نادیموکراسییانەوە بۆ پەراوێزخستنی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنە شەرعییەکان بەکاردەهێنرێت[28]. لەپاڵ ئەوەشدا، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، حکومەتە بیانییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ئەوانەی لە بواری پشتگیریکردنی دیموکراسیدا کاردەکەن، پەسنکردنێکی حیزبی و ئایدیۆلۆجیی ڕوونیان هەیە، بەڵام دەبێ لە چۆنێتی پشتگیریکردنی بەرژەوەندییەکانیان وریا و بەئاگا بن، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنەی لەوجۆرە نەبنەوە (ئەنگلین 1998). بەدڵنیاییەوە، ئەمەش لایەنگرانی دیموکراسی، دەخاتە پێگەیەکی تاڕادەیەك خراپەوە بەرامبەر بکەرە نادیموکراسییەکان کە گرنگییەکی کەمتر بە لێوەشاوەیی و خۆشدوویی پرۆسەی هەڵبژاردن دەدەن، چونکە گەلێك ئامێرییان بۆ تێکدانی سەقامگیری لەبەردەستە بۆ ئەوەی ڕەفتاری پێوە بکەن[29].

دواجار، پێویستە سەرنجی ئەوەش بدرێت کە نزیکە ئەستەمە یاساکانی هەڵبژاردن بۆ پەراوێزخستنی ئەو حیزبانە بەکاربهێنرێت کە جەماوەرێکی بەرفراوانیان لە هەڵبژاردنە پاك و ئازادەکاندا هەیە. هەروەها دەشێت نوێنەرایەتی ڕێژەیی هانی دەرکەوتنی حیزبی بچووك بدات کە "نوێنەرایەتی کردنی زۆرینە"ی حیزبێك لە پەرلەمان کەمدەکاتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا، ڕەنگە تەنها هەڵبژاردنی فرەیی

---

[28] - زۆرجار ئەو حیزبانە لەلایەن ڕژێمە دیموکراسییە ساختانەکانەوە، بەناوی پاراستنی یەکانگیری ئەتنیکی، قەدەغە دەکرێن کە جەخت لەسەر بنەمای ئەتنیکی، یا ئایینی، یا ناسنامەی ڕەگەزی دەکەنەوە. بەدڵنیاییەوە لە زۆرێك لە نموونەکان، کارەکە تەنها ڕووپۆشێك بوو بۆ ڕێوشوێنە ستەمگەرانەکان بۆ ئەوەی حیزبە ئەتنیکی و ئایینییە شەرعییەکان دووربخرێنەوە (دواتر لەم کتێبەدا بڕوانە مۆزەر).

[29] - وێندسۆر (2003)، بۆ نموونە، گفتوگۆی ئەوە دەکات کە لە ناوچەکانی وەك خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان دەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە قبووڵ بکات کە لە کورت مەودا دژ بە بەرژەوەندییەکانی دەبێت، تا ئەوە دەربخات کە هەر بەڕاستی بەدیموکراتیزەکردنی ناوچەکەوە پابەندە.

سزای ئەو حیزبانە بدات کە لەسەر ئاستی هەرێمدا لە پێشبڕکێی هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەستناهێنن. بەڵام گەر حیزبێکی ناسیونالیستی توندڕەو، یا ئەنتی دیموکراسی، یا نەیاری خۆرئاوا، خاوەن جەماوەرێکی گەورە، بتوانێت لەسایەی سیستمێکی هەڵبژاردندا، بەربەرستی هەڵبژاردن تێپەڕێنێت، ئەوا هیچ شتێك ناکرێت تا لە هەڵبژاردندا ڕێگەی بردنەوەی لێ بگیرێت، جگە لەو ڕێوشوێنانەی کە خودی پرۆسەی دیموکراسی دەخاتە مەترسییەوە.

چاودێرێکردنی هەڵبژاردن، هاوکارییە بیانییەکان و دەستکاریکردنی هەڵبژاردن

لە بارەی تەشەنەسەندنی دەستکاریکردنی هەڵبژاردن و توانای ڕووبەڕوونەوە و ڕێلێگرتنی لە میانەی ئەندازەیی هەڵبژاردنەوە، شەپۆلی سێیەمی ئەنگێزە دیموکراسییەکان لە سەرەتای سەدەکەوە، دوو دیدگای دژبەیەك پێشکەش دەکات. لەلایەکەوە، وادیارە دەستکاریکردنی هەڵبژاردن، وەك میکانیزمێك تەشەنەدەکات کە سیستمە ستەمگارەکان بەکاریدەهێنن تا لە ڕێی هەڵبژاردنەوە شەرعییەت بە حوکمڕانییەکان بدەن، بەڵام لە هەر هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە دژ بەدەسەڵاتەکەیان لەلایەن هەر ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسییەوە، خۆیان بەدوور دەگرن. لە ئەمەریکای لاتین و ئۆراسیای پۆست-کۆمۆنیزم و ئەفەریقیا، وادیارە ئەو سیستمە دووڕەگانەی ڕێگە کە بە هەڵبژاردنی نیمچە پێشبڕکێرانەی کۆنترۆڵکراو دەدەن، ڕوو لە زیادبوونە، هەروەها لەوەدەچێت لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وەك پێویست هێزو تواناشیان هەبێت (لیڤیتسکی و وەی 2002). لەلایەکی دیکەوە، چەندین حاڵەتی دیکەی شایانی باس هەیە کە ئەو وڵاتانەی ساختەکاریان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە (وەك مەکسیك، ئۆکرانیا و جۆرجیا)، لەسەر دەستی کۆمەڵگەی مەدەنیی مۆبێلیزەکراو، ناچارکراون هەڵبژاردنی پاکتر ئەنجام بدەن کە بەشێوەیەکی گشتی دیموکراسییەکی باشتری لێکەوتۆتەوە (هاوەردو رۆسلەر 2006). لە پاڵ ئەوەشدا، هێندێك لە چاودێران، گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە ئەندازەیی هەڵبژاردن، لە فۆرمی دەستوەردانی نێودەوڵەتی و فاکتەرەکانی دیکەدا، ڕۆڵێکی گرنگتری لە داواکردنی ئەمجۆرە دیموکراتیزەکردنە تازەیە گێڕاوە (بونس و وۆڵچیك، کۆزیۆ 2006).

وادەردەکەوێت چالاکی نێونەتەوەیی، بەتایبەتی چاودێریکردنی هەڵبژاردن، باشترین ئامرازی بەردەستی ئەندازەیی هەڵبژاردن بێت، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی دەسکاریکردنی هەڵبژاردن بێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەی سیستماتیکانەی ناچیز ئەنجام دراون، دەربارەی داخۆ سیستمی هەڵبژاردن کاریگەری لەسەر ئەو فەرمانڕەوایانەی ئێستا هەیە کە خواستی دەستکاریکردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە.

"کارۆتەرز" ژمارەیەك لەو بەشدارییکردنە پۆزەتیڤانە دەخاتەڕوو کە چاودێرە نێونەتەوەییەکانی هەڵبژاردن ئەنجامیان داوە. دەشێت ئەو تێبینییانە ساختەکاریی هەڵبژاردن ئاشکرا و ڕیسوا بکات، پاشان ڕێگەی لێبگرێت. بەلانیکەمەوە، چاودێرە نێونەتەوەییەکان، بەم ئامادەبوونەیان، ساختەکاری ئاشکرای فەرمانڕەواکان زەحمەت و دژوار دەکات، بۆ ئەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی خۆیاندا بکەوێتەوە. هەروەها دەشێت چاودێریکردنی نێودەوڵەوتی هەڵبژاردنەکان، بەهاندانی هاوڵاتییە دڕدۆنگەکان و ئەو ئۆپۆزیسیۆنە سیاسییانەی دوودڵن بەشداری بکەن، پاڵپشتی لە پرۆسەی گواستنەوەیی هەڵبژاردنەکاندا بکات. دواجار، چاودێریکردنی نێونەتەوەیی پاڵپشتی لەو بیرۆکەیە دەکات کە پێیوایە هەڵبژاردنی ئازاد، نەریتێکی نێونەتەوەییە و دەتوانێت بە باشترکردنی پێوەرە کارگێرییەکانی هەڵبژاردن، لە جۆرێتی هەڵبژاردنەکان بەرز بکاتەوە (کارۆتەرز 1997؛ 19-20، ماکفاوڵ 2005). سەرباری ئەوە، پشتگیریکردنی بەرفراوانی دیموکراسی کە هانی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەدا و پاڵپشتی ئازادی ڕۆژنامەوانی دەکات، پاڵپشتی لە توانای هێزە لۆکاڵییەکان دەکات، تا بەرهەڵستی زۆرەملێی دەوڵەت بکەن و مۆبێلیزەی داواکارییەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ساختەکاری هەڵبژاردنەکان دابنێن و زیاتر داوای ئازادییە دیموکراسییەکان بکەن. ئەمەش لەو بەشەدا ڕوون دەبێتەوە کە سیلیگسۆن و هاوکارەکانی پێشکەشیان کردووە، ئەو بەشە ئەو ڕوون دەکاتەوە کە بەرنامەی پشتگیریکردنی دیموکراسی، کاریگەری پۆزەتیڤانەی هەستپێکراوی لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی دەبێت (سیلیگسۆن، فینکڵ و پێرێز لینیان، لەم کتێبەدا). بەتێکڕایی، چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان کە یارمەتی پەیدابوونی نەریتی هەڵبژاردنی ئازاد دەدا و دەتوانێت هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر ئەو نەریتە ڕیسوا بکات، بەرنامەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسی کە گرووپە

لۆکاڵییەکان دژ بە دەوڵەت مۆبێلیزە دەکات، دوو سەنگەری شیمانەیی بەهێز دژ بە هەوڵەکانی دەستەبژێری ستەمگەر بەردەست دەکات تا هەڵبژاردن وەك ئامرازێکی بەشەرعیکردن بەکاربهێنن کە بە پراکتیکی پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن پەکدەخات.

سەرباری ئەو سوودە ڕاستەقینانە، کۆتوبەندی ڕاستەقینەش لەسەر توانای بکەرە نێونەتەوەییەکان بۆ جڵەوکردنی سەرپێچییەکانی هەڵبژاردن هەیە. هێندێك لەو کۆتانە کاتێك بەدیاردەکەون کە بکەرە نێونەتەوەییەکان ڕووبەڕووی ئەو بکەرە لۆکاڵییە سەرکێشانە دەبنەوە کە خاوەنی سەرچاوەن و خەسڵەتی وەفا و دڵسۆزی ناوچەییان هەیە (وەی 2005). پێویستە یەکەمجار تێبینی هەبوونی چەندین دەرفەت و فۆرمی پێشێلکاری هەڵبژاردن بکرێ کە بەپراکتیکی ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی لە سایەی باشترین هەلومەرجدا، ئەوجۆرە ڕێوشوێنانە بەتەواوەتی لەنێوببرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەربەرستگەلێك هەن کە خودی پراکتیزە لاوازەکان دەیسەپێنن. کارۆتەرز و ئەوانی دی، تێبینی ئەوەیان کردووە کە چاودێرە نێونەتەوەییەکان، زیانێکی زۆریان بە پرسەکەیان گەیاندووە، بەوەی بەزۆری تیشکدەخەنەسەر سەر ڕووداوەکانی ڕۆژی هەڵبژارن، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ساختەکارییەکان (بۆ نموونە، جێبەجێکردنی نادادوەرانەی یاساکانی تۆمارکردن، نایەکسانی لەدەستڕاگەیشتن بە میدیا، بەکارهێنانی نادادوەرانەی سەرچاوەکانی دەوڵەت بۆ خەرجییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و تەنگپێهەڵچینینی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن)، بەر لە دەنگدان بەماوەیەکی زۆر ڕوودەدەن (کارۆتەرز 1997، ئەنگلین 1998). سەرباری ئەوەش، هێشتا زەحمەتە کۆمەڵە پێوەرێکی پێوانەیی بەدەستبهێنرێت، بۆ ئەوەی حوکم لەسەر جۆرێتی ڕێژەیی هەڵبژاردنەکان بدرێت (ئەلکلێت و سیڤیسۆن 1997). لە کۆتاییدا، ناپیشەیی هێندێك لە چاودێرەکان، دەبێتە مایەی ئەوەی لەلایەن سیاسییە لۆکاڵییەکانەوە بۆ ئامانجی سیاسییە تایبەتەکەیان بەکاربهێنرێن، ئەمە لەکاتێکدا هێندێکی دیکەیان (چاودێرەکان) ڕاپۆرتەکانیان بۆ پشتگیریکردن لە ئەجێندە حیزبیی یا ئایدیۆلۆجییەکانیان بەکاردەهێنن، بەوەش پرۆسەی پشتگیریکردنی دیموکراسییەت بنکەن دەکەن (کارۆتەرز 1997، ئەنگلین 1998).

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

لەگەڵ ئەوەشدا، گەورەترین هەڕەشە لە چالاکی بەرنامەکانی پشتگیریکردنی دیموکراسی خۆرئاوا، لە پەرچەکرداری توندوتیژانەی ڕژێمە ستەمگەرەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێك وێنای سەرکەوتنی ئەو بەرنامانە دەکەن. سەرکردە ستەمگەرەکانی ئۆراسیا، ئاسیا، ئەمەریکای لاتین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چەند هەنگاوێکی وەك قەدەغەکردن، یا سنوور بو دانان، یا پەراوێزخستنی چالاکییەکانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییە ناحکومییەکانیان گرتەبەر بۆ نەهێشتن و لەنێوبردنی ئەوەی بە هەڕەشەی زەقی دادەنێن. سەنگەرەکانی ستەمگەریی وەك خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەمێکە بەکارامەیەی ڕێوشوێنی جیاوازیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چالاکیی ڕێکخراوە نێونەتەوەییە ناحکومییەکان بەکارهێناوە، کەچی ئەو وڵاتانەی پێشتر بەرامبەر بە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کراوە بوون، بەخێرایی دەرگایان بەڕووی ئەوجۆرە کاریگەرانە داخست، بەتایبەتی گەر هەستیان کردبێت گۆڕانێکی گەورەی سیاسیی لە دەوڵەتێکی دراوسێدا ڕوودەدا. هاوئاهەنگی هەر دوو حکومەتی ستەمگەرانەی ڕوسیا و بیلاڕوس (ڕوسیای سپی) بۆ لەباربردنی چالاکی ڕێکخراوە نێونەتەوەییە ناحکومییەکان و "تەکنەلۆجیای پرتەقاڵی" لە دوای شۆڕشی پرتەقاڵی ئۆکرانیا، تەنها نموونەیەکە.

سیستمەکانی هەڵبژاردن و ململانێی ئەتنیکی

گفتوگۆکردن دەربارەی پەیوەندی نێوان سیستمەکانی هەڵبژاردن و ململانێی نێو ئەتنیکەکان، دوو دیدگای کێبەرکێکاری بەرهەم هێنا. زانا سیاسییەکان، بە پێشەوایەتی ئارێنت لیجپهارت (Arend Lijphart) پێشنیازی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی دەکەن بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵی فراوانتردا، کەمایەتییە ئەتنیکییەکان لەخۆبگرێت (بڕوانە لیجپهارت 1977؛ لیجپهارت 1985). بەڵام ئەو فێرگە کێبەرکێکارەی دۆناڵد هۆرۆیتز (1985-1991) سەرۆکایەتی دەکرد، پێیوایە سیستمی فیدراڵی دەرگا لەبەردەم دابەشبوونی ئەتنیکی دادەخات و سیستمی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگە دابەشبووەکاندا پێویستیان بە بەردەستکردنی ئەنگێزە هەیە تا دەنگەکانی پشت هاوپەیمانییە فرە ئەتنیکییە میانڕەوەکان کۆبکاتەوە. ڕایلی (2002) گفتوگۆی ئەوەی کردووە کە سیستمی دەنگدانی پەسنی، وەك دەنگی جێگرەوە و تاکە دەنگێکی ناڤەکییە، ڕەنگە ئەنگێزەی

سەرەکی پێویست بەردەست بکات، تا دەنگدەر و دەستەبژێرە لۆکاڵییەکان هان بدات هاوپەیمانییەك پێکبهێنن کە دابەشبوونە ئەتنیکییەکان کۆبکاتەوە.

هەر دوو لایەنی گفتوگۆکە (دیبەیتەکە)، گەلێك کێشەیان هەیە. یەکەم، ململانێی نێو ڕەگەزەکان، بەپێچەوانەی ڕووکارەکانی دیکەی ئەدەبیاتی سیستمی هەڵبژاردن، فراوان و ناپراکتیکییە، ئەوەش دابڕینی شوێنەوارەکانی سیستمی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی سیستماتیکانە لەو فاکتەرە ڕوونانەی کە کار لەم دەرئەنجامە دەکەن، زۆر زەحمەت و دژوار دەکات. بە دەستەواژەیەکی دیکە، زۆر زەحمەتە بوترێ، داخۆ سیستمەکانی هەڵبژاردنی لایەنگیر، بە پراکتیکی دەرئەنجامە ڕاگەیەنراوەکانی دەخاتەڕوو. دووەم، وادیارە لە باشترین حاڵەتدا، بەڵگە ئەزمونییە پێشکەشکراوەکە، لێڵ و ئاڵۆز دەبێت. ڕایلی تێبینی ئەوەی کردووە کە دامەزراوەکانی هەڵبژاردنی هاوشێوەی (سیستمەکانی دەنگدانی پەسنکردن)، لەو پێنج وڵاتەی ئەزموونیان کردووە، دەرئەنجامی زۆر جیاوازی بەرهەم هێناوە. ڕایلی بەو دەرئەنجامە دەگات کە دەبێ چەند مەرجێك بەجێبهێنرێت بۆ ئەوەی سیستمەکانی دەنگدانی پەسنکردن دەرئەنجامی چاوەڕوانکراوی خۆی هەبێت، لەوانەش (لەنێو شتەکانی دیکەدا): بوونی گرووپێکی سەرەکی لە میانڕەوەکان و شارەزاییەکی بەرفراوان لە سایەی سیستمەکە و بازنەی هەڵبژاردنی ئەتنیکی هەمەڕەنگ و ئەو دەنگدەرانەی ئارەزوو دەکەن لە ڕێی هێڵەکانی ئەتنیکەوە دەنگ بدەن، کاتێك پەسنەکانیان بەش دەکەن (ڕایلی 2002، 166-169). بەهەمان شێوەش، فیدراڵییەت تۆمارێکی تێکەڵی بۆ دامرکانەوەی ئاگری ململانێی ئەتنیکی هەیە. سەرباری ئەوە، نۆریس (Norris) (2002) پێیوایە سەرەڕای ئەوەی لە ڕێگەی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا، ئەگەری زیادبوونی نوێنەرایەتی کردنی کەمایەتییەکانی لێدەکرێ، بەڵام پێیوانییە هەستێکی بەرز لە شەرعییەتی سیستمی سیاسی لە نێوان کەمایەتییە ئەتنیکییەکاندا، تۆکمە و بەهێز بکات. بۆیە هەروەکو ڕەخنەگرانی فیدراڵییەت گفتوگۆی دەکەن، نوێنەرایەتیکردنی زیاد، ڕەنگە بە زەرورەت لە توندیی ململانێی ئەتنیکی کەم نەکاتەوە. لە کۆتاییدا، هەروەکو دواتر ڕوونی دەکەمەوە، مرۆڤ تەنانەت پێشبینی ئەو کۆتە ناوکۆییە سنووردارانەش ناکات کە نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی، نوێنەرایەتی کردنی گشت کەمایەتییە ئەتنیکییەکان زیاتر دەکات.

سیستمی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتیکردنی وەسفیی

ئەندازەیی هەڵبژاردن بە زۆری بەدوو کۆمەڵە دەرئەنجامەوە پەیوەستە: نوێنەرایەتی کردنی وەسفیی ژنان و کەمایەتییەکان، لەگەڵ کاراکتەرە سەرەکییەکانی سیستمی حیزبایەتی. زۆرێك لە کاری تیورەیی و ئەزمونیی ئەنجام دران بۆ ئەوەی جۆرە دیاریکراوەکانی سیستمی هەڵبژاردن دەربخەن کە دەرفەتی زیاتر بۆ نوێنەرایەتی کردن ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە بەردەست بکات کە لە ڕووی مێژووییەوە پەراوێزخراون. زۆرینە کۆکن لەسەر ئەوەی کە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی ڕەگەزێکی سەرەکی بۆ باشتر کردنی نوێنەرایەتی کردنی ژنان و کەمایەتییەکان پێکدەهێنێت (بەتایبەتی بڕوانە، لیجپهارت 1991، 2004؛ نۆریس 2004).

سیاسەتناسەکان سیماگەلێکی بێشوماریی پێکەوە گرێدراوییان پێشکەش کردووە کە پەیوەستە بە سیستمەکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییەوە، بۆ ئەوەی ئەنگێزەی سیستمە گەورەکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەندام پەرلەمانی ژن "یاسادانەری ژن" شیبکەنەو ە[30] . ماتلاند (Matland)و ستودلەر (Studlar) (1996) توخمەکانی ئەم نوێنەرایەتیکردنە ڕێژەییان بەمۆدێلی درم ئاوێتە کرد بۆ ئەوەی بەرزیی نوێنەرایەتیکردنی ژن لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا ڕوون بکەنەوە. هەر دووکیان پێیانوایە زیادبوونی کاندیدکردنی ژنان، ئەو حیزبە بچووکانە دەستی پێدەکەن کە پابەندن بە توانا پێدانی ژنان. پاشان، ئەم پابەندبوونەی نوێنەرایەتی کردنەی مێینە لەلایەن حیزبە گەورەکانەوە لاسایی

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

---

[30] - مەزەندە دەکرێت نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی لەبەر ئەم هۆکارانە، ژنان پەسندەکەن: 1) لە هەڵبژاردنی یەك بازنەییدا، تیشکۆیەکی کەمتر لەسەر پاڵێوراوان هەیە؛ 2) ڕێگە بە دەرکەوتنی حیزبی بچووك دەدا (دەشێت "بەرامبەر بە ژنان هاوڕێیانەتر" بن)؛ 3) خولی یاسادانان زیاتر بەهێز دەکات، بەوەی دەرفەتی زیاتر بۆ ژنان دەڕەخسێنێت؛ 4) نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی پاڵنەری زیاتر لە هەڵبژاردنی یەك بازنەیی، بۆ هاوسەنگی جێندەری پێشکەش دەکات (ئینگستۆرم 1987؛ نۆریس 1987، 1993، ڕۆڵ 1987، 1994؛ ماتلاند و ستودلەر 1996).

دەکرێتەوە کە لەسەر بازنە وێکچووەکانی هەڵبژاردن پێشبڕکێ دەکەن، تا ئەم لاساییکردنەوەیە لە سەرلەبەری شەبەنگی ئایدیۆلۆجی دەنگ دەداتەوە[31].

بەگشتی هێزو توانای کەمایەتییە ئەتنیکییەکان، پشت بەسیستمی هەڵبژاردن و قەوارەی کەمایەتیی ئەتنیکی و چڕی جوگرافی دەبەستێت، بۆ ئەوەی کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنن (ڕایلی و ڕینۆڵد 1999: 48-51). ئەو ئارگیومێنتە پێیوایە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی، پاڵپشتی لە نوێنەرایەتی کردنی کەمایەتییە ئەتنیکییەکان دەکات، پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێت کە هانی دەرکەوتنی حیزبە ئەتنیکییەکان دەدات. لە ڕاستیدا ئەم سیستمە بە سوککردنی ئاستانە (عتبة)ی هەڵبژاردن بەدیدێت کە بۆ بەدەستهێنانی نوێنەرایەتی کردنی پەرلەمانی زەرورییە، بەوەش ژمارەی حیزبەکان زیاد دەکەن و حیزبە ئەتنیکییە بچووکەکانیش زیاتر بەردەوام دەبن (نۆریس 2004: 208 - 213)[32]. سەرباری ئەوەی بە نزمترین ئاست

---

[31] - درم و پەتایەیەکی لەمجۆرە، تایبەت نییە بە سیستمی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەییەوە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك لە سیستمەکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی بەربڵاوترە. فرەحیزبی کە بەزۆری لە ئەنجامی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەییەوە لە دایك دەبێت، دەرفەتی زیاتر بە پەیدابوونی حیزبی "هاورێی ژنان" بەردەست دەکات، بەزۆری ئەو حیزبانە، حیزبی بچووکن، لە سایەی پێشبڕکێی دوو حیزبیدا، هیچ دەرفەتێکی سەرکەوتنیان نییە کە بەزۆری لە سایەی هەڵبژاردنی یەك بازنەییدا بەرهەم دێت. دووەم، لە سایەی سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا، کۆنترۆڵی ناوەندێتی پاڵاوتن، کارلێکردنی حیزبەکان لەگەڵ پاڵنەرەکاندا بۆ زیاد کردنی نوێنەرایەتی کردنی ژنان، ئاسان دەکات. دوا خاڵ، هەڕەشەی هەڵبژاردنی ئەو حیزبانەی پشتگیری ژنان دەکەن، بەهۆی ناهاوتاییەکی کەمتر لە نێوان ژمارەی دەنگەکان و ژمارەی کورسییەکاندا، لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی زۆر جیدیترە، بەڵام لە هەڵبژاردنی یەك بازنەییدا، لەپێشبوون، بۆ ئەو کەسەیە کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان بۆ بردنەوەی کورسی بەدەست دەهێنێت. جیاوازی دەنگەکان گرنگ نییە. لە بازنە پارێزراوەکاندا، تەنانەت هەڵگەڕانەوە و جیابوونەوەی گەورەش، بەزەرورەت هیچ ئاڵەنگارییەك لەسەر پشکی کورسییەکانی حیزبە سەرەکییەکان دروست ناکات. بەڵام لە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی بەقەوارەی بازنە گەورەکان، تەنانەت گۆڕانکاری بچووکیش لە ڕێژەی دەنگەکان، لەوانەیە کورسی لە حیزبە سەرەکییەکان بسەنرێتەوە (ماتلاند و ستودلەر 1996: 712-713).

[32] - دەشێت بەشێوەیەکی تایبەتی لەو کۆمەڵگانەی لەڕووی ئەتنیکییەوە دابەشبوون، بەسیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی سەرنجی بدرێت کە ناوچەی گەورە و ئاستانەی یاسایی زۆر نزمیان هەیە، ئەوەش سیستمگەلێکە فۆرتی زۆر کەم لەبەردەم هەڵبژاردنی بچووکترین حیزب دروست

لە ئاستی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی دادەنرێت، ئەوا هەڵبژاردنی یەك بازنەییش لە سایەی هەلومەرجی دیاریکراودا، یارمەتی نوێنەرایەتی کردنی کەمایەتییەکان دەدات. هەڵبژاردنی کەمایەتییە ئەتنیکییەکان لە سیستمی تاکەکەسیدا تیشك دەخاتەسەر چڕی جوگرافی و توانای گرووپی کەمایەتی لەسەر پێکهێنانی قەبارەیەکی گرنگ لەنێو بازنەیەکی هەڵبژاردندا. لە بازنەکانی هەڵبژاردندا زۆرینەی یەکێك لە گرووپەکانی تیایە، ئەوەش دەرفەت بە دەرکەوتنی حیزبە ئەتنیکییەکان دەدات، شوێنی حیزبە سەرەکییەکان لە ناوچەکەیاندا بگرنەوە (وەك قەوارەی کیبیکی لە کیبیك)، ئەمە لە کاتێکدا حیزبە سەرەکییەکان بەپاڵاوتنی کاندیدی کەمایەتییەکان، زیاتر هەست بەگوشار دەکەن، هەروەکو حاڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان (لۆبلین 1997، کانون 1997، تات 2003). بەوەش دەشێت لەسایەی سیستمی فرەییدا، چڕی جوگرافی کەمایەتییەکان بەسەر دژایەتیکردنی حیزبە (ئەتنیکییە) بچووکەکان و دژایەتیکردنی کاندیەکانی کەمایەتییەکاندا زاڵ بێت (بارکان 1995). سەرباری ئەوەش، لەکاتێکدا پێشبینی دەکرێت سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی، لە سایەی چەندین هەلومەرجدا، بەشێوەیەکی باشتر لە هەڵبژاردنی تاکەکەسی پشتگیری لە نوێنەرایەتی کردنی کەمایەتییەکان بکات، ئەوا دۆخە باشەکەی وەك خۆی دەمێنێتەوە، تەنانەت گەر لە سایەی سیستمەکانی دیکەشدا، دان بەنوێنەرایەتی کەمایەتییەکاندا بنرێت (لیجپهارت 2004).

لێرەدا بەڵگەیەکی ئەزموونیی گەورە هەیە کە ئاماژە دەکات بەوەی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی ژمارەی نوێنەرایەتی کردنی ژنان و کەمایەتییەکان زیاد دەکات، بەتایبەتی ژنان. بەتێکڕایی، ئەو وڵاتانەی لیستی حیزبی لە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا بەکاردەهێنن، ڕێژەیی ئەندام پەرلەمانی ژن (20٪)، دوو هێندەی ئەو وڵاتانەیە کە سیستمی هەڵبژاردنی تاکەکەسی (10٪) بەکاردەهێنن (ڕوڵ 1994: 18). سەرباری ئەوەش، نوێنەرایەتی کردنی ژنان، بەشێوەیەکی دراماتیکی لەو وڵاتانە ڕوو لە هەڵکشانە کە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی بە

دەکات. باشترین نموونە دەربارەی ئەوەی چۆن سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی، پشتگیری هەڵبژاردنی کەمایەتییە ئەتنیکییەکان دەکات، حیزبە ئەتنیکییەکانی ئیسرائیلە کە لە کۆی ئەو دوازدە حیزبەی لە هەڵبژاردنی ساڵی 2006دا کورسی پەرلەمانیان بەدەست هێنا، حەوتیان نوێنەرایەتی گرووپە ئەتنیکی و ئایینییەکانیان دەکرد.

تێکڕاییەکی بەرزتر ئەنجام دەدرێ، تا ئەو وڵاتانەی هەڵبژاردنی تاکەکەسی ئەنجام دەدا (ماتلاندو ستودلەر 1996، 709). سەبارەت بە کەمایەتییەکانیش، بەڵگە ئەزموونییەکە ئاماژە بە سەرکەوتنێکی کەمتر دەکات، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە پاڵپشتی کردنی سیاسەتناسان لە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی، وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ پشتگیریکردنی ئەم ئامانجە، بەسوك تەماشا دەکات[33].

سەرباری کۆدەنگی سیاسەتناسان دەربارەی بەهاکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی بۆ نوێنەرایەتی کردنی گروپە پەراوێزخراوەکان، بەڵام توێژینەوەکان سەبارەت دیموکراسییە تازەکان، ئەوە دەردەخەن کە ئەندازەیی هەڵبژاردن دەرمانی دەردی ئەم بوارە نییە، لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکانی سیستمی هەڵبژاردن کە لە دیموکراسییە جێگیرەکاندا بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دەبینرێت، ڕەنگە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ وڵاتە گەشەکردووەکان گونجاو نەبێت. ماتلاند ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە پەیوەندییەکی سیستماتیکانە لە نێوان نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی و هەڵبژاردنی ژنان لە وڵاتانی کەمتر ڕوولەگەشەکردندا نییە. ماتلاند باس لەوە دەکات کە دەکرێت ئاستی کەمی گەشەسەندنی سیاسی هەبێت کە پێویستە تێپەڕێنرێت، بەر لەوەی ژنان بتوانن بەگورجیی خۆیان ڕێك بخەن و دامەزراوەکانی لە بابەت سیستمی هەڵبژاردنیش بۆ پشتگیریکردنی بەرژەوەندییەکانیان بەکاربهێنن. بەر لەوەی بەو ئاستانەیە بگەین، دەبێ بە ئاگابین لەوەی کە ئەو فاکتەرانەی بەگشتی کاریگەرییان لە نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە دیموکراسییە پیشەسازییەکاندا هەیە، هیچ کاریگەرییەکیان نییە لەو وڵاتانەی گەشەیەکی کەمتریان کردووە (ماتلاند 1998). ئەمە لە کاتێکدا زانایانی دیکەی وەك ڕینۆڵد (1999)و نۆریس و ئینگلهارت (Inglehart) (2001)، سەرنجیان لە گرنگی هەڵوێستە کولتورییەکان بەرامبەر بە نوێنەرایەتیکردنی ژنان داوە و ئاماژەیان بە توانای پوچەڵ کردنەوەی کۆتە کولتورییەکانی نوێنەرایەتی کردنی ژنان داوە. هەر بەڕاستی هەر یەك لە نۆریس و ئینگلهارت (2001)، ئەوەیان بەدیکردووە کە سیستمەکانی هەڵبژاردن هیچ کاریگەرییەکی ئاماریی یەکلاکەرەوەییان لە نوێنەرایەتی کردنی ژناندا نییە، کاتێك

---

[33] - دەگمەنی لێکۆڵینەوە ئەزمونییەکان لەبارەی سەرچاوەکانی نوێنەرایەتی کردنی کەمایەتییەکان، بەشێوەیەکی سەرەکی دەربارەی ناسنامەی ئەتنیکی تاکی یاسادانەر، لە دژواری کۆکردنەوەی داتاکانەوە سەرچاوە دەگرێت (بڕوانە نۆریس 2002، 211-213).

گۆڕاوی کۆنترۆڵکردنی دیکە دەهێننە ئاراوە، ئەمە سەرباری ئەوەی گۆڕاوە کولتورییەکان پارێزگاری لە کاریگەری ئاماریی دیاردا دەکەن. هەروەها بەراوردکردنی نوێنەرایەتی کردنی ژنان لە سیستمەکانی هەڵبژاردنی تێکەڵدا، بەڵگەی زیاتر پێشکەش دەکەن لەسەر ئەوەی کە پشتگیریکردنی ژنان لە سایەی سیستمەکانی هەڵبژاردنی تێکەڵدا، بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر ئەوەی کە پشتگیریکردنی نوێنەرایەتی کردنی ژنان لە سایەی سیستمەکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا، دیاردەیەکی جیهانی نییە. ئەو جیاوازییەی نێوان نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی و هەڵبژاردنی یەك بازنەیی سیستمە تێکەڵەکان لە دیموکراسییە چەسپیوەکاندا، هەمیشە جیاوازییەکی جەوهەریی گەورەی ئامارییە. بەتێکڕایی، ئەو ڕێژەیەی لە سیستمەکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا، ژنانی پێ هەڵبژێردراوە، دوو هێندەی سیستمەکانی هەڵبژاردنی یەك بازنەیی بووە، ئەمە لە کاتێکدا جیاوازییەکە لە نێوان هەر دوو سیستمەکەدا لە وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیستدا، لە ڕووی ئاماژەوە یەکلاکەرەوە نەبووە (مۆزەر 2001)[34] . لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەکانی دیکە، نەبوونی جیاوازییان لە نێوان دیموکراسییە تازەکان و دیموکراسییە چەسپیوەکاندا لەڕووی ئەو کاریگەرە پۆزەتیڤە دەرخستووە کە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی لە نوێنەرایەتی کردنی ژناندا هەیەتی (کینتورتی و مالامی 1999، یوون 2004، کۆستادینۆڤا 2007)

بەڵام لە حاڵەتی نوێنەرایەتی کردنی کەمایەتییە ئەتنیکییەکاندا، فاکتەری سەرەکیی ئاڵۆزبوون لە بەکارهێنانی سیستمەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەندازەیی نوێنەرایەتی کردنی زیاتری کەمایەتییەکان، بریتییە لەوەی کە کاریگەرییەکان بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو مەرجدارە بە تایبەتمەندییەکانی تاکەکانی گرووپە

---

[34] - سەرەڕای ئەوە، وڵاتانی کۆمۆنیستی پێشوو، حاڵەتێك پێشکەش دەکەن (ڕوسیا 1995)، بەوەی پەیوەندیی لەگەڵ پێشبینییەکاندا ناکۆك و دژبەیەك دەبێت. ژنان لە هەڵبژاردنەکانی 1995دا، کورسی هەڵبژاردنیان بە ڕێژەیەکی گەورەتر لە هەڵبژاردنەکانی یەك بازنەییدا بەدەستهێنا، وەك لەوەی لە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیکردنی حیزبیدا بەدەستیان هێنا. پەیوەندییەکی زۆر "نیگەتیڤانە"ی ئاماریی هەبوو لە نێوان نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی و ڕێژەیی ئەو ژنانەی بۆ پەرلەمان هەڵبژێردران. ئەم پەیوەندییە نێگەتیڤە بە پراکتیکی لەو سێ هەڵبژاردنەدا هەبووە کە لە ماوەی نێوان پۆست کۆمۆنیستدا ئەنجام دران، کاتێك مرۆڤ ئەو حاڵەتە نەشازەی بلۆکی "ژنانی ڕوسیا" لەبەرچاو دەگرێت کە ژمارەیەکی زۆری کورسیان لە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا بەدەستهێنا و بە پراکتیکیش هیچ کورسییەکیان لە کورسییەکانی فرەیی ساڵی 1993دا نەبوو، بەڵام لە دوای ئەو هەڵبژاردنانەوە لە شانۆی هەڵبژاردندا دیار نەمان (مۆزەر 2001).

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ئەتنییەکانەوە. جارێکی دی، توێژینەوەکان دەربارەی سیستمەکانی هەڵبژاردنی تێکەڵ، تیشك دەخەنە سەر ئەم دیاردەیە. لە توێژینەوەیەکدا دەربارەی چوار سیستمی تێکەڵ (نیوزیلەندا، ڕوسیا، ئۆکرانیا و لیتوانیا)، بەتێکڕایی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە کەمایەتییە ئەتنیکییەکان، لە سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا، نوێنەرایەتییەکی گەورەتریان بەدەستنەهێناوە، وەك ئەوەی لە سیستمی هەڵبژاردنی تاکەکەسیدا بەدەستیان هێناوە (مۆزەر و شاینەر 2007). هەروەها ئەوەش ئاشکرا بوو کە کاریگەرییەکانی سیستمی هەڵبژاردن، بەزۆری بەکارەکتەرەکانی دیموگرافی گرووپە ئەتنیکییەکانەوە پەیوەستە. بە مانایەکی دیکە، گرووپە ئەتنیکییە دیاریکراوەکان، لەسایەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا، خەسڵەتی باشتریان هەیە، ئەمە لە کاتێکدا گرووپەکانی دیکە لە هەڵبژاردنی فرەییدا، نوێنەرایەتی گەورەتریان بەدەستهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هێندێکی دی، هیچ جیاوازییەك لە سیستمەکانی هەڵبژاردندا نابینن. ئەمە لە کاتێکدا کەمایەتییە ئەتنیکییە گەورە و پەرتەوازەکان، لە سایەی ڕێکخستنەکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی لە بەرامبەر هەڵبژاردنی تاکەکەسیدا، هیچ جیاوازییەکی گرنگ بۆ بردنەوە لە هەڵبژاردنەکاندا لە توانای خۆیاندا نابینن. هەروەها دەشێت پێشبینی ئەوەش بکرێت کە ئەو کەمایەتییە ئەتنیکییە گەورانەی لەڕووی جوگرافییەوە پەرشوبڵاوبوونەتەوە، لە سایەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا، نوێنەرایەتییەکی گەورەتر بەدەستبهێنن، ئەمە لە کاتێکدا ئەو کەمایەتییە بچووکانەی لە جوگرافیایەکدا کۆبوونەتەوە، لە سیستمی هەڵبژاردنی تاکەکەسیدا، نوێنەرایەتی باشتر بەدەستدەهێنن. گرووپە گەورەکان، ئەوانەی چڕی جوگرافییان هەیە (وەك ڕوسەکان لە ئۆکرانیا)، جیاوازییەکی بچوکیان لە نێوان نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی و هەڵبژاردنی فرەییدا هەست پێکردووە، چونکە لە سایەی هەر دوو سیستمەکەدا، نوێنەرایەتییەکی بەرچاویان بەدینەهێناوە (مۆزەر و شانینەر 2007، مۆزەر 2008). بۆیە، نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی، لە گشت ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی دابەشبوونی ئەتنیکی توند دەبنەوە، سیستمێکی هەڵبژاردنی گونجاو نییە، ئەمەش پێچەوانەی زۆرێك ئەدەبیاتەیە باوەکانە (بە تایبەتی ئەدەبیاتی کارکردنی پەیوەست بە شێوازی لیجپهارتی فیدراڵیی). لە ڕاستیدا، هێندێك گرووپی ئەتنیکی دیاریکراو لە سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا زەرەرمەند دەبن.

کۆتا سەرنج کە پێویستە لەبەرچاوبگیرێت، ئەوەیە داخۆ هەڵبژاردنی تاکەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییە پەراوێزخراوەکان، لە ڕێی ئەو سیاسەتە گشتییەی گرووپە دیاریکراوەکان پێیانوایە سیاسەتێکی پۆزەتیڤە، بە پراکتیکی لە زیادبوونی شەرعییەتی سیمبولیی ڕژێم و نوێنەرایەتی کردنێکی جەوهەریدا بەری دەبێت. هێشتا زووە بوترێت نوێنەرایەتی کردنی وەسفییانەی ئەو گرووپانەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەراوێزخراون، وەك ژنان لە ئەفغانستان، سیاسەتێکی گشتی باشتریان بۆ بەرهەم دەهێنێت. سەرباری ئەوەش، ئەدەبیاتییەکی زۆر هەیە دەربارەی یاسادانان و کاریگەری سیمبولیی نوێنەرایەتی کردنی سیمبولییانە لە دیموکراسییە جێگیرەکانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا و دیموکراسییەتی شەپۆلی سێیەم لە ئەمەریکای لاتیندا. ئەم توێژینەوەیە وێنەیەکی تێکەڵ دەخاتەڕوو، هێندێك توێژینەوە، بەڵگەیەکی کەمیان هەیە لەسەر ئەوەی کە شەرعییەتێکی زیاتر لە زۆری ژمارەی ژنە پەرلەمانتارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت (دۆلان 2006؛ لۆلیس 2005؛ کامبڵ و وڵبریخت 2006). بەهەمان شێوەش، هێندێك توێژینەوەی دیی، دەڵێن ژنان کاریگەرییەکی سەرەکییان لە سیاسەتەکانی یاساداناندا هەیە (کایازا 2004، سوێند- بایەر 2006)، ئەمە لە کاتێکدا هێندێکی دیکەیان، کاریگەرییەکی کەم لە ڕەفتاری یاساداناندا دەبینین (تۆڵبێرت و ستیورناجڵ 2001). لە کۆتاییدا، هێندێك توێژینەوە وادەبینین کە هەوڵە سەرکەوتووەکان بۆ گرتنەخۆی زیاتری گرووپە پەراوێزخراوەکان، لەلایەن دەنگدەران و حیزبەکانی زۆرینەوە، لە هەر دوو بواری هەڵبژاردن و یاساداناندا، پەرچەکرداری توندیی لێکەوتۆتەوە (هایدەر- مارکڵ 2007). لەوانەیە، ئەم پەرچەکردارە، بەشێوەیەکی هەندەکی، دەستکەوتی بەدیهێنانی نوێنەرایەتی کردنی زیاتر بەرهەم بهێنێت.

سیستمەکانی هەڵبژاردن و سیستمی حیزبی

ئەو دوو تێۆرییەی لە سیاسەتناسیدا، لە هەموو تیورییەکانی دیکە پیرۆزترن؛ یاسای دوڤێرجەر (Duverger Law) کە پێیوایە سیستمەکانی هەڵبژاردنی فرەیی، بەرەو بەرهەمهێنانی دوو حیزبی گەورە دەڕوات لەگەڵ ئەو دەرئەنجامەی لێیان دەکەوێتەوە، تێورەی دووەم، گریمانەی دوڤێرجەر-ە (Duverger Hypothsis) کە پێیوایە سیستمەکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی، سیستمی فرەحیزبی بەرهەمدەهێنێت (ڕێکەر 1987). کاریگەرییەکانی هەڵبژاردنی

فرەیی لە ڕێی دوو پرۆسەی بەیەکداچوو هەستی پێدەکرێت: کاریگەری میکانیکی و کاریگەری سایکۆلۆجی. کاریگەری میکانیکی ئاماژە بەو ڕاستییە دەدا کە سیستمەکانی فرەیی، نەگونجانێکی زۆر گەورە لە نێوان دەنگەکان و کورسییەکانی پەرلەمان بەرهەم دەهێنێت، حیزبە گەورەکان بەرامبەر بەو دەنگانەی بەدەستیدەهێنن، بە کورسی زۆر خەڵات دەکات، ئەمە لە کاتێکدا حیزبە بچووکەکان ژمارەیەکی کەم لە کورسییەکان بەدەستدەهێنن. بەڵام کاریگەری سایکۆلۆجی، کاتێك دەردەکەوێت کە دەنگدەران و دەستەبژێر، پێشبینی خەڵاتی نەگونجاوی سیستمەکە دەکەن، ئیدی لایەنگیرییان لە حیزبە بچووکەکانەوە بۆ حیزبە گەورەکان دەگۆڕن. سەرباری ئەوەی گشت سیستمەکانی هەڵبژاردن ئەم کاریگەرییەیان لەسەر دەبێت، بەڵام سیاسەتناسەکان، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە سیستمی فرەیی "بەهێزترین" سیستمی هەڵبژاردنە، واتە سیستمەکە باشترین کاریگەری جڵەوکەرانەی لەسەر ژمارەی حیزبەکان دەبێت (سارتۆری، 1986؛ تاگیبیرا و شوگارت 1989؛ لیجپهارت 1994؛ کۆکس 1997). هێزی بەڵگەنەویستانەی تیورییەکە، بێجگە لە بەڵگە کەڵەکەبووەکان لە پاڵپشتی کردنی ئەم بانگەیەشەدا، زۆرێکی بەرەو ئەو گریمانەیە برد کە هەڵبژاردنی فرەیی، بەپراکتیکی و لە سایەی هەر هەلومەرجێکدا، سیستمی دوو حیزبیی بەرهەم دەهێنێت (بۆ نموونە، بڕوانە لیجپهارت 1991).

سەرباری ئەوەش، هەروەکو حاڵەتی کاریگەری سیستمی هەڵبژاردن لەسەر نوێنەرایەتی کردنی ژنان، گەلێك بەڵگەیە هەیە کە ڕەنگە هەڵبژاردنی فرەیی لە دیموکراسییە تازەکاندا، کاریگەری جڵەوکارانەی لەسەر ژمارەی حیزبەکان نەبێت، وەك ئەوەی لە دیموکراسییە چەسپیوەکاندا بە بەردەوامی دەردەکەوێت. پاپواگینیای نوێ، لە نێو سیستمە پوختە فرەییەکاندا، بە یەکێك لە هەرە ئاوارتە دراماتیکییەکانی یاسای دوڤێرجەر دادەنرێت. ئەم وڵاتە لە ڕۆژی سەربەخۆبوونییەوە لە ساڵی 1975دا، سیستمێکی فرەیی پوختی لە زۆرێك لە هەڵبژاردنەکاندا بەکارهێنا[35]. ئەو هەڵبژاردنە فرەییە بە دابەشبوونێکی توندیی حیزبییانە دەناسرێتەوە، بەهۆیەوە زیاد لە دە پاڵێوڕاو کێبەرکێ لەسەر تاکە

---

[35] - بەر لە سەربەخۆیی، سیستمی (AV)ی لە هەڵبژاردنی کێبەرکێدا بەکاردەهێنرا، پاشان جارێکی دیکە تا ساڵی 1997 بەکارهێنرایەوە (ڕایلی 1997).

کورسییەك دەکەن. زۆربەی جار براوەکان بە ڕێژەی کەمتر لە 20٪ی دەنگەکان براوە دەبن (رایڵی 1997: 5-6).

لەگەڵ ئەوەشدا، پۆپۆلارێتی (شەعبییەتی) سیستمەکانی هەڵبژاردنی تێکەڵ، بە تایبەتی لە جیهانی پۆست-کۆمۆنیستدا، سەرنجێك لەبارەی کاریگەرییەکانی سیستمی فرەیی لە کۆمەڵەیەکی فراوانتر لەو وڵاتانە پێشکەش دەکات کە بەحیزبی سیاسی لاواز دەناسرێنەوە[36]. ئەزموونەکانی ئەو وڵاتانە، لە سایەی یاساکانی فرەییدا، لە دابەشبوونە توندە حیزبییەکەی پاپواگینیای نوێ دەچێت. خشتەی 6-1 ژمارەی ڕاستەقینەی حیزبەکانی هەڵبژاردن لە ژمارەیەك وڵاتی سیستم تێکەڵ دەخاتەڕوو کە یاسای فرەیی بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی ژمارەی کورسییەکان لە سیستمە هەڵبژاردنە تاکەکەسییەکەیدا دیاری بکات[37].

---

[36] - سیستمەکانی هەڵبژاردن، هێندێك تایبەتمەندی و مەترسی کەم دەخەنەڕوو، کاتێك بۆ توێژینەوەی کاریگەری پێکهاتە جوداکانی بەکاردەهێنرێن. خەسڵەتەکە، لە ژینگەی تاکە هەڵبژاردنێکدا، خۆی لە توانای بەراوردکارییەکی کۆنتڕۆڵ کردنی سیستمەکانی هەڵبژاردنە جیاوازەکاندا حەشارداوە. لە شوێنێکی دیکەدا گفتوکۆی ئەوەم کردووە کە سیستمە تێکەڵەکان، لابورێکی نایاب بۆ توێژینەوەی شوێنەوارەکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی لە بەرامبەر سیستمەکانی فرەیی پێشکەش دەکەن، کاتێك گشت فاکتەرە راگوزارەکانی دیکە وەك جێگیر کۆنتڕۆڵ دەکەن (مۆزەر 2001). مەترسییە سەرەکییەکە خۆی لە پیسبوونی دوولایەنەی نێوان سیستمەکاندا متکردووە. گەر چی لەوانەیە سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی و سیستمی فرەیی کاریگەری دوولایەنەیان لەسەر یەکتر هەبێت، ئەوا دەشێت مرۆڤ پێشبینی بکات کە پیسبوون لە سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا، بووە مایەی بەرهەمهێنانێکی لە ڕادەبەدەری پاڵێوراوە شایستەکان لە سیستمی فرەیی ئەم سیستمانەدا (بڕوانە هێرۆن و نیچیکاوا 2001). سەرباری کێشەکانی پیسوونی دوولایەنە، بەڵام بەراوردکردنی سیستمە تێکەڵەکان، لە حاڵەتێکدا بەکاربێت، گەر بە شێوازێکی نموونەییش نەبێت، ئەوا بەراوردکردنێکی سوودمەندایەی شوێنەوارە شیمانەییەکانی سیستمە "پوختەکان"ە. هەر چەندە هێندێك سیستمی تێکەڵ، لە سیستمە فرەییەکانیاندا، کۆتوبەندی گەورەیان لەسەر ژمارەی حیزبەکان داناوە، کەچی هێندێکی دیکەیان ئەو کارەیان نەکردووە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت کە هەلومەرجی سەرەکیی سیاسیی، پاڵپشتی ڕەفتاری ستراتیجی ناکات و گەر سیستمێکی فرەیی پوختی بەکاربهێنرێت، پێشبینی ئەوە دەکریت دابەشبونێکی هاوشێوە بێتەئاراوە (مۆزەرو شاینەر 2004).

[37] - لیتوانیا دوو خولی هەڵبژاردن لە سیستمی هەڵبژاردنی تاکەکەسیدا بەکاردەهێنێت.

خشتەی 6-1: ژمارەی ڕاستەقینەی حیزبە هەڵبژێردراوەکان لە هەر دوو سیستمی فرەیی و نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی لە سیمپڵێکی سیستمە تێکەڵاوەکاندا

ولات/ هەڵبژاردن	ژمارەی ڕاستەقینەی حیزبە هەڵبژێردراوەکان بۆ هەر مەڵبەندێك لە سیستمی هەڵبژاردنی فرەییدا.	ژمارەی ڕاستەقینەی حیزبە هەڵبژێردراوەکان بۆ هەر مەڵبەندێك لە سیستمی نوێنەرایەتیدا
	فرەیی	ڕێژەیی
دیموکراسییە چەسپیوەکان		
ئەڵمانیا 1998	2.71	3.18
ئیتاڵیا 1994	3.04	5.88
ئیتاڵیا 1996	2.43	5.80
ژاپۆن 1996	2.95	4.00
ژاپۆن 2000	2.94	4.80
نیوزیلەند 1996	3.94	4.03
نیوزیلەند 1999	3.11	3.71
ولاتانی پۆست-کۆمۆنیست		
لیتوانیا 2000	5.80	5.56
ڕوسیا 1993	5.48	6.60
ڕوسیا 1995	6.61	9.46
ڕوسیا 1999	5.57	5.60
ئۆکرانیا 1998	5.99	6.36

لە خشتەی 6-1دا، دوو شێوازی سەرنجڕاکێش هەیە. یەکەم، ولاتە پۆست-کۆمۆنیستەکان لە دیموکراسییە چەسپیوەکان، کاندیدی زیاتری لە سیستمە فرەییەکاندا هەیە. نیشانەی ژمارەی ڕاستەقینەی حیزبە هەڵبژێردراوەکان لە سیستمە تێکەڵەکانی دیموکراسییە چەسپیوەکاندا لە نێوان 2.5 - 3.0 دێت و دەچێت کە لە واقیعدا بەتەواوەتی لە ئەزموونی سیستمە فرەییە پوختەکانی

بریتانیای مەزن، نیوزیلەند، کەنەدا و هیند، دەچێت. بەڵام دابەشبوون و دەستەگەرییەکی توندیی حیزب لە گشت وڵاتە پۆست-کۆمۆنیستەکاندا هەیە. بەتێکڕایی لە هەڵبژاردنە فرەییەکانی لیتوانیا، ڕوسیا و ئۆکرانیا، نزیکەی شەش پاڵێوراوی چالاك بۆ هەر کورسییەك هەیە، ئەوەش بەنزیکەیی یەکسانە بەو حاڵەتە دەستەگەرییە توندە حیزبییەی کە لە پاپواگینیای نویَ دا هەیە. دووەم، کەلێنی دەستەگەریی حیزبایەتی نێوان سیستمەکانی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی و سیستمەکانی فرەیی، بەتەواوەتی ڕوون و ئاشکرایە. لە دیموکراسییە چەسپیوەکاندا، هەروەکو لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پێشبینی دەکرێت، کەلێنێکی گەورەیە هەیە، بەوەی سیستمی فرەیی لە بەرامبەر سیستمی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەییدا، ژمارەی حیزبەکان دیاریدەکات. حاڵەتی ئیتاڵیا سەرنجڕاکێشە، چونکە دەستەبژێری حیزب پاڵاوتنەکانی بەجۆرێك ڕێك دەخات، بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی دەستەگەر لە هەڵبژێرەکان تا ئەو ئاستە لە سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا لە بێژنگ بدات کە لە پێشبڕکێی نێوان دوو حیزب لە هەڵبژاردنی فرەییدا نزیك بێتەوە. کەمبوونەوەی ژمارەی ڕاستەقینەی حیزبەکان لە نێوان ساڵانی 1994 - 1996 بە تێپەربوونی کات ئاماژە بە خۆگونجاندن دەدا (بڕوانە ڕێد 2001). پێویستە دان بەوەدا بنێین کە وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیستیش لە سیستمە فرەییەکەیاندا، مەیلی کەمکردنەوەی ژمارەی ڕاستەقینەی حیزبەکانیان هەیە (لیتوانیا لەم هاوکێشەیەدا ئاوارتەیە)، بەڵام کەلینەکە زۆر گەورە نییە، بەتایبەتی کاتێك لە سەرەتادا تێبینی دەستەگەری حیزبیی توند لە سیستمەکەدا دەکەین.

جێی سەرنجە کە سیستمە فرەییە پوختەکان، لە وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیستدا، هەروەکو لێرەدا باسیان لێوەکراوە، دەستەگەری حیزبی کەمتر لە ئاستە فرەییەکانی سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاوی باو بەرهەم دەهێنن. سەرباری ئەوەی کاریگەرە نەنگییەکانی سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی، تاڕادەیەك بەرپرسە لە زۆری کاندیدەکانی ئەو وڵاتانە (بڕوانە فیرارا و ئەوانی دی 2005)، بەڵام پێموایە تاوانبارە شیمانەییەکە نەبوونی هەلومەرجی زەرورەییە بۆ ئەوەی ڕەفتاری ستراتیجی ئەنجام بدرێت. هەروەکو حاڵەتی پاپوا گینیای نویَ، مەیدانی پێشبڕکێی فرەیی لە وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیستدا، بەڕادەیەك حەشامەتی پاڵێوراوی تیایە کە دەشێت یەکێك لە پاڵێوراوەکان، بە بەدەستهێنانی پشتگیری کۆمەڵەیەکی بچووکی

لاوەكی لە دەنگدەران، ببێت بە كێبەركێكارێكی ماقوول. پاشان، پێویستە ئەو پرسیارە بكرێت، دەستەبژێر، گەر ئارەزوو بكات، دەتوانێت لە ڕێی دامەزراندنی سیستمی هەڵبژاردنی فرەییدا، سیستمی دوو حیزبی بەئەندازەیی بكات[38] . كۆتوبەندە ڕەگداكوتاوەكەی ئەندازەیی هەڵبژاردن، خاڵێكی سەرەكییە كە دەبێ لەم توێژینەوەیەدا لابرێت. ئەندازەیی دەرئەنجامە دیاریكراوەكان، بە بەكارهێنانی سیستمەكانی هەڵبژاردن، كارێكی ناوكۆیی هەستیارە، تەنانەت بۆ دەرئەنجامەكانی ژمارەی ئەو حیزبانەش كە بەگشتی وادادەنرێت ڕاستەوخۆ یاساكانی هەڵبژاردن زۆر كاریان تێدەكات.

4 - ئاراستەكردنی (ڕێدۆزی) ئامانجەكانی پێشبڕكێ

دەبێ ئەندازیارانی هەڵبژاردن، وەك دوا تێبینی ئاگاداركەرەوە، وشیاریی ئەوەیان هەبێت كە زۆرجار یاساكانی هەڵبژاردن جۆرێك لە ئاڵوگۆڕ لەخۆدەگرێت. گرتنەبەری هەر هەنگاوێك بۆ ئەوەی دەرئەنجامێكی پۆزەتیف لە بوارێكدا بەدەست بهێنرێت، ڕەنگە كاریگەرییەكی كارەستباری لەسەر بوارەكانی دیكەدا هەبێت. دەشێت ئەم داینەمیكە لە كارلێكی نێوان نوێنەرایەتی كردنی ژنان و نوێنەرایەتی كردنی كەمایەتییەكاندا ببینرێت. سەرباری ئەوەی لەوانەیە سیستمەكانی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی كردنی ڕێژەیی، بۆ نوێنەرایەتی كردنی هەر یەك لە ژنان و كەمایەتییە ئەتنیكییەكان زۆر گونجاو بێت، بەڵام بەشێوازی جۆراوجۆر پشتگیری كۆكردنەوەی ئەو گرووپانە دەكات كە بەشێوەیەكی تەقلیدیی پەراوێزخراون. ژنان لە ڕێی باڵانسی جێندەریی و لەنێو لیستە حیزبییەكانی حیزبە گەورەكانەوە، دەخوازن نوێنەرایەتییەكی زیاتر بەدیبهێنن، بەڵام كەمایەتییە ئەتنیكییەكان، لە ڕێی حیزبە ئەتنكییەكانی دەرەوەی بونیادی سەرەكیی حیزبییەوە، زیاتر پشت بە مۆبێلیزەكردن دەبەستن (بڕوانە هتون 2004). زۆرجار ئەم دوو ستراتیجە بەریەكدەكەون، چونكە لە ڕێگەی حیزبە گەورەكانەوە، باڵانس دیاری دەكرێت، بەڵام مۆبێلیزەكردن لە ڕێی حیزبە بچووكەكان و بەپێی ئەو سیستمە حیزبایەتییە ئەنجام دەدرێ كە حیزبە

---

[38] - Recent cross-national analyses of pure electoral systems further confirm these findings.
Clark and Golder (2006) find that PR elections with higher district magnitudes increase
the number of parties in established democracies, but not necessarily in new democracies.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بچووکەکان لەخۆدەگرێ. بۆیە سیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی بۆ پشتگیری کردن دەرفەتی نوێنەرایەتی کردنی کەمایەتییە ئەتنیکییەکان دارێژراوە، تا لەڕێی حیزبە بچووکەکانەوە ئەم ئەرکە لەسەر حیسابی نوێنەرایەتی کردنی ژنان بەجێبهێنێت، بەپێچەوانەشەوە (مۆزەر و هۆڵمستەن 2008). تازەترین کار لە بارەی پێکهێنانی جێندەری حیزبە ئەتنیکییەکانەوە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم حیزبانە بەراورد بە حیزبە نائەتنکییەکان، ژمارەیەکی کەمتر لە ژنان هەڵدەبژێرن، ئەوەش پاڵپشتییەکی ئەزموونی دەخاتە پاڵ ئەو مەترسییانەی کە تیوریستانی فیمێنیستی وەك سارا ئۆکین (Sarah Okin) گوزارشتیان لێ کردووە و دەترسێت ئەو هەوڵانەی بۆ پاراستنی مافی کەمایەتییەکان دراوە، بە پراکتیکی زیان بە بەرژەوەندییەکانی ژنان بگەیەنێت (ئۆکین 1999، مۆزەر و هۆڵمستەین). بۆیە، تەنانەت کاتێك ئەندازیارانی هەڵبژاردن دەتوانن ئەنجامێکی باش بەدیبهێنن، پێویستە سەرنجی فاکتەرە دەرەکییەکانیش بدەن - شوێنەوارە لاوەکییە نەرێنییەکانی کردارەکانیان لەسەر بوارەکانی دیکە و بکەرەکانی دیکەدا.

یەکێك لە ئامرازەکانی قوتاربوون لەم مەتەڵە، "گورزە"یەك لەو یاسایانەی هەڵبژاردنە کە هەڵبژاردنی گرووپە دیاریکراوەکان بەهێز و تۆکمە دەکات. بۆ نموونە، ئەو وڵاتانەی ئاستانەی یاسایی نزمیان هەیە (ئەوەش زۆریی حیزبە بچووکەکانی لێ دەکەوێتەوە)، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرن کە بەکارهێنانی پشکی جێندەری، لەڕێی داواکاریی هەنووکەییەوە، وادەخوازێت بە ڕێژەیەکی دیاریکراو ژنان بۆ پۆستە بەرزەکانی گشت لیستە حیزبییەکان بپالێورێت. ئەمەش پەراوێزنەخستنی ژنان لە ژمارەیەکی بچووکی کورسی زامن دەکات کە بردنەوەیان مسۆگەر کراوە و بەگشتیش لە سەرووی لیستی حیزبە بچووکانەوە دەبینرێن (جۆنز 2004). بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، لەو وڵاتانەی کەمایەتی ئەتنیکییان هەیە و تاڕادەیەك لەڕووی ئەتنکییەوە دابەشبوون، دەبێ پەیڕەوی لەو ئاستانە یاساییە نزمەی حیزبەکان بکرێت کە نوێنەرایەتی گرووپە کەماتییەکان دەکەن و/ یا کورسی بۆ ئەو کەمایەتییانە تەرخان بکەن. ئەوەش دەرفەت بۆ کەمایەتییەکان دەڕەخسێنێت لەڕێی حیزبە ئەتنیکییەکانەوە، نوێنەرایەتیان زیاد بکەن، بەڵام پارێزگاری لە یاساکانی دیکەی سیستمی حیزبی دەکات کە چانسی نوێنەرایەتی کردنی ژنان بەهێزتر و پتەوتر دەکات، لەگەڵ سیستمێکی حیزبی کە دەستەگەری کەمتری تیا بێت.

ئەنجامگیری

ئەم توێژینەوەیە دیدەگایەکی گشتی بۆ ئەو دەرفەت و کێشانە پێشکەش کردووە کە یاساکانی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی دەرئەنجامی هەڵبژاردن و سیاسەت لە دیموکراسییە تازەکاندا بەکاردەهێنن. بەڵام بەداخەوە، ئەنجامگیرییەکەم کۆمەڵە ڕاسپاردەیەکی سیاسیی یەکانگیر لەخۆناگرێت. لەجیاتی ئەوە، لێڕوانینی گشتی پێشکەش دەکەم. یەکەم، پێویستە بەگشتی پێشبینییەکانمان لەبارەی توانای پێکهێنانی دەرئەنجامی دامەزراوەکانی هەڵبژاردن کەم بکەینەوە. لێرەدا کێشەی دیاریکراو هەیە، وەك ئەوەی براوە ناپەسەندەکان پاڵپشتییەکی بەرفراوانی جەماوەرییان هەیە، ئەوەش زۆر بە سادەیی بەئەندازەیی ناکرێت، بێئەوەی قوربانی بەو ڕەگەزە دیموکراسییانە نەدرێت کە بەخودی هەڵبژاردنەوە پەیوەستن. سەرباری ئەوەش، پێشبینی کاریگەریی سیستمەکانی هەڵبژاردن ناکرێت، هەروەکو بە گشتی گریمانە دەکرێت، هەروەها ئەو کاریگەرانە، هێندێك جار بەوجۆرە نایەتەوە کە پلانی بۆ دانراوە، بەتایبەتی لە دیموکراسییە تازەکاندا. سێیەم، هەرگیز تاکە ڕێوشوێنێکی هەڵبژاردن چارەسەری هەموو شەڕەنگێزییەکان ناکات کە لەوانەیە لە هەڵبژاردنە تازەکەوە سەرهەڵبدەن. چونکە سیستمەکانی هەڵبژاردن سازشکردن و ئاڵوگۆڕەکان لەخۆدەگرێت - ڕەنگە ئەو هەنگاوانەی بۆ باش کردنی دۆخێك دەگیرێتەبەر، ببێتە مایەی ئەوەی کێشە لە بوارەکانی دیکەدا بنێتەوە. سەرباری ئەوەش، بەزۆری کاریگەری سیستمەکانی هەڵبژاردن پەیوەستە بەو ناوکۆیەی کاری تیا دەکات. بۆیە، ڕەنگە خودی سیستمی هەڵبژاردنەکە لەسایەی هەلومەرجی جیاوازدا، کاریگەری جیاوازی لێ بکەوێتەوە. لە کۆتاییدا، لەوانەیە نموونەیترین شێوازی ئەندازەیی هەڵبژاردن، شێوازی فرەلایەنی بێت کە تێکەڵەیەك لە یاسای هەمەڕەنگ و هەمەجۆر لەخۆدەگرێت. ئەم تێکەڵەیە لەو یاسا هەمەڕەنگانەی کە ئەنگیزەی کێبەرکێکارانە پێشکەش دەکات، وەك سیستمەکانی هەڵبژاردنی تێکەڵ یا سیستمەکانی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی کە ئاستانەی هەڵبژاردنیان هەیە، لەگەڵ ئەو یاسا "تاکەکەس"یانەی گرووپە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان بەئامانج دەگرێت، باشترین دەرفەت پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی هەمەڕەنگترین "کاڵا" بەدیبهێنێت کە بەگشتی لە هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا پەسەندکراون.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی حەوتەم

ئایا گرنگە دەستوورێك چۆن دەنووسرێتەوە؟

جۆن م. کاری

ساتەکانی دەستوور

جیهان بوژانەوەیەکی گەورە لە نووسینی دەستوورەکان بەخۆیەوە دەبینێت. توێژینەوەیەکی دووردرێژ لەدایکبوون و مردنی 736 دەستووریی نیشتمانی ئامار دەکات کە لە ماوەی نێوان 1789 - 2005دا نووسرانەتەوە و ناویان دەرکردووە، واتە نزیکەی سێ دەستوور و نیو لە ماوەی شەش مانگدا (ئەلکینز، جینبێرگ و میلتۆن 2006). توێژینەوەیەکی دیکە، ئەو دەستوورانە ئامار دەکات کە بەنزیکەیی دەگەنە 200 دەستووری نوێی نیشتمانی و تەنها لە ساڵی 1975ەوە تا ساڵی 2005 تەبەنی کراون، یا بەنزیکەیی حەوت دەستوور بۆ هەر ساڵێك (وایدنەر 2006). هێندێك لە دەستوورەکان ماوەیەکی زیاتر بەردەوام دەبن و بەپراکتیزەکردنی زۆربەی بەندەکانی ڕێزێکی زۆریان لێدەگیرێت، هەروەها نووسینەوەی یاسا فەرمییەکان بەرجەستەی پێشبڕکێیەکی سیاسی و بڕیار دروستکردنی وڵاتەکانیان دەکات. ئەمە لە کاتێکدا زۆرینەی دەستوورەکان تەمەنیان کورتە.

ساتەکانی دەستوور هەمەڕەنگن. هێندێك دەستووری نوێ لە دوای هەڵگیرسانی جەنگ لەدایك دەبن، لەدایکبوونی هێندێکی دیکەیان ڕێکەوتی بونیاتنانی دیموکراسییەك یا داڕوخانی دەکات، هێندێکی دیکەشیان لە دوای سنوور کێشانەوەی نیشتمان یا دامەزراندنی وڵاتی نوێ لە دایك دەبن. هێندێکیان هاودەمی گۆڕانکاری ڕادیکاڵانەی کەمتر دەکەن و بەپێی ڕێکارەکانی دەستووری پێشوو تەبەنی دەکرێن. هەروەها بکەرە بەشداربووەکان و ئەو ڕێکارانەش جیاواز دەبن کە ساتەکانی دەستووری پێدەناسرێتەوە. هێندێك دەستووری نوێ دەستەیەکی بچووك، ڕەنگە دەستەیەك لە ڕاوێژکارەکانی سەرۆکی دەوڵەت نووسیویانە، ئەمە لە کاتێکدا ڕەشنووسی دەستوورەکانی دیکە ئەنجوومەنی نیشتمانی (پەرلەمانەکان)، یا کۆنگرەکان نووسیویانە و بەسەدان کەس بەشدارییان تێیدا کردووە. لە هێندێك حاڵەتدا، لەوانەیە ڕاوێژکارەکان بە شێوەیەکی دیموکراسیانە هەڵبژێردرابن، بەڵام

هەمان کار لەسەر دەستوورەکانی دیکە جێبەجێ نابێت. هەروەها زۆرێك لە دەستوورە تازەکان دەبێ لە دەنگدانی میللیدا ڕەزامەندی لەسەر بدرێت بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام ئەوە بۆ هەموو دەستوورەکان ناکرێت.

شەپۆلی مۆدێرنە لە ساتەکانی دەستووردا بەم پرسیارانە دەست پێدەکات: ئایا گرنگە دەستوور چۆن نووسراوە و چۆن تەبەنی کراوە؟ ئەو ئایدیاڵانە چین کە دەکرێ بەشداری لە نووسینەوەی دەستووردا بکەن؟ ئەو خەسڵەتانە چین کە لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستوورەکاندا گرنگن تا ئەو ئایدیاڵانە بەدیبهێنن؟ چۆن دەکرێ بزانین بەدیدەهێنێت؟

ئەم وتارە بەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەست پێدەکات، ئەمە سەرباری ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە کە وەڵامدانەوەیان، دوا وەڵامدانەوە و یەکلاکەرەوە نین. بەتوێژینەوەی لیستی ئایدیاڵەکان دەست پێدەکەم کە دەشێت بەهۆیەوە حوکم لەسەر سەرکەوتنی دەستوورەکان و هاوبەندییە شیمانەییەکانی نێوان ئەم ئایدیاڵانە و سروشتی ساتەکانی دەستوور بدرێت. پاڵپشت بەو ڕێسایە، بەشی دواتر، چەند گریمانەیەکە دەربارەی ئەوەی چۆن کاراکتەرەکانی ساتە دەستوورییەکان کاریگەرییان لە بەدیهێنانی ئەو ئایدیاڵانەی دەستوور دەبێت، پاشان گفتوگۆی ئاڵەنگارییەکانی بەردەم گریمانە ئەزموونییەکان دەکرێت و پاشان توێژینەوەیەکی نوێ نمایش دەکرێت کە هێشتا بەردەوامی هەیە و بەڵێنی پێشکەوتن لە داتا و میتۆدەکان دەدا. بەشەکەی دوای ئەوەش، کۆمەڵە داتایەکی ئەسڵی (زۆرینەیان) وەسف دەکات کە لێرەدا تاقی دەکرێنەوە، ئەوەش پاڵپشت بە 76 ساتە دەستووری کە لە نێوان 1990 - 2005دا ڕوویانداوە. دوای ئەوە هێندێك شێوازی ڕوون لەم داتایانە دەخەمەڕوو کە تێشك دەخەنەسەر هێندێك لە گریمانەکان و بەگفتوگۆ بەدواداچوونیان بۆ دەکەم، دەربارەی ئەوەی دەشێت چ شتێك لەم شێوازانەوە هەڵگۆزین، ئەمە بێجگە لەو قۆرتە گەورانەی بەردەم ئەو بەڵگانەی پەیوەستن بەو داتایانەی لێرەدا کۆکراونەتەوە. بە کورتکردنەوەی دەرئەنجامەکان و توێژینەوەی ئاماژەکانی لەسەر ئەوەی پشتگیریکارانی دیموکراسی دەشێت لە ساتەکانی دەستووردا چ شتێك ئەنجام بدەن و چۆن ئەنجامی بدەن، کۆتایی بەوتارەکە دەهێنم.

ئایدیاڵ و پرۆسێسەکان

ئەو زانستەی دەستوورەکان تاوتوێی دەکات، کۆمەڵە ئایدیاڵێك دادەرێژت کە ڕەنگە ئەو دەستوورانە بەرخوازی ئەوەیان هەبێت بەو ئایدیالآنە بگەن، لە هێندێك حاڵەتدا ئاماژە بە پێشنیازگەلێك دەدا لەسەر چۆنێتی کاریگەری ئەو پرۆسێسەی کە دەستووری پێدادەرێژرێت بۆ ئەوەی ئەو ئایدیالآنە بەدیبهێنرێت.

دیموکراسی

ڕەنگە دیموکراسی یەکێك لە ئایدیاڵە هەرە دیارەکانی نێو ئایدیاڵەکانی دەستوور بێت. دیموکراسی، لە کۆی ئەو 67 دەستوورەی پێشتر لەم وتارەدا ئاماژەیان پێدراوە، بەلانیکەمەوە لە 62 دەستووریاندا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باسی لێوەکراوە، لە 76٪ ئەو دەستوورانەش کە بۆ ساڵی 1789 دەگەڕێنەوە (پڕۆژەی دەستوورەکان بەراورد بە ساڵی 2007). پشتگیریکارە مۆدێرنەکانی دیموکراسی سوورن لەسەر ئەوەی کە پێویستە پرۆسەی داڕشتنی دەستوورەکان گشتگیر بێت، تا لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری هاولآتییانەوە پەسەند بکرێن و خودی دەستووریش - تەنانەت گەر ئەو حکومەتە دیاریکراوانەش نەبێت کە توانای ئەوەیان هەبێت - دەبێ ڕەنگدانەوەی کۆدەنگی گەل بێت. کورتەی تازەترین توێژینەوەی "پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ دیموکراسی و هاوکارییەکانی هەڵبژاردن"، بریتییە لە "وادیارە پرۆسەی بەشداریکردن (بە بونیاتنانی دەستوورەکان)، گەلانی بەتوانا کردووە" (سامۆیل 2006: 669). بەپێی "دەستپێشخەرییەکەی کۆمنوێلس بۆ مافەکانی مرۆڤ" (1999)، "پێویستە دانانی دەستوورەکان، پرۆسەیەك بێت زۆربەی زۆری دانیشتوان، بەشێوەیەکی بونیاتنەرانە بەشداری تیا بکەن. ئەمەش پێویستە بۆ ئەوەی گرەنتی ئەوە بکرێت کە دوا بەرهەم شەرعییەتی هەیە و بە موڵکی هەموو میللەت دابنرێت".

پێداگری لەسەر هەمەگیری وەك کارێکی یەکلاکەرەوە بۆ سەرکەوتنی ساتەکانی دەستوور، لە زۆربەی ئەدەبیاتی سیاسیدا دەنگدانەوەی هەیە. هەر یەك لە بورتۆن (Burton)و گونتەر (Gunther)و هیگلی (Higley) (1992) لە ساتەوەختی دانانی بەڵێننامەیەکی نوێی سیاسیدا، گرنگییکی زۆر بە کۆدەنگیی دەستەبژێری سیاسی دەدەن، بەوپێیەی بۆ کاریگەری و چالاکیی و تەمەن

درێژییەکەی، کارێکی زەرورییە. گونتەر (1992) گواستنەوەی دەستوورییانەی ئیسپانی بە نموونەیەکی سەرەکی ئەم بوارە دادەنێت، بەوەی ئاماژە دەکات بە گشتگیریی حیزبایەتی لە پەرلەمان کە ڕاستاندنی لەسەر دەستوورە تازەکە کرد و ئارەزووی حیزبە گەورەکان بۆ لەخۆگرتنی حیزبە بچووکەکان و بەرژەوەندی ناوچەگەریی لەو لیژنە بڕیاردەرەی کە دایڕشتووە (57-58). بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، هەر یەك لە بانتینگ و سیمیۆن، لە "لاواندنەوەیەکی مەرگ" (requiem)ی دەستووری ساڵی 1982 کەنەدا و "تویکارییەکەی"، ئەو دەستوورەی کە بەهێزیی و گەورەییەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی لە سەرکردە نەتەوەییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئاماژە بەو کەوتنانە دەدەن کە سیاسیی و حیزبەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، وەك بەربەستی گرنگ و یەکلاکەرەوە تێی کەوتن.

تەوەرە هاوبەشەکەی ئەو پێودانگانە ئەوەیە کە گشتگیری پێشبینییە هاوبەشەکانی نێوان سەرکردە سیاسییەکان لەبارەی چۆنێتی بڕیاردانەکانی دواتر بەهێز دەکات و کۆتوبەندیش لەسەر دەسەڵاتی ئەو حکومەتانە دادەنێت کە بە پێی ئەو دەستوورە تازەیە پێکدەهێنرێن. هەر یەك لە نۆرس (North)، سومەرهێڵ (Summerhill)و واینگاست (Weingast) (2000)، پێیانوایە جیاوازییەکان لە چۆنێتی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە هاوبەشەکان لەبەرامبەر ئەو کۆتوبەندانەی بەسەر دەسەڵاتدا دەسەپێنرێت، بەشداری دەکات لە سەقامگیریی ڕێژەیی ئەو ڕێکەوتنامە دەستوورییەی ساڵی 1787ی لە فیلادلفیا ئەنجام درا، ئەمە بێجگە لە بەسەرچوونی دەیان دەستوور لە ئەمەریکای لاتین کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا تەبەنی کران.

میانڕەوی

کۆمەڵە بەهایەکی دەستووریی پەیوەندیداری دیکە هەیە کە سنووردانان بۆ خاوەن پۆستەکان و کەمکردنەوەی پشکی سیاسی و هاندانی میانڕەوی و ڕاوێژکارییە حیساب بۆ کراوەکان، دەکاتە کاری لەپێشینەیی (پرزەیۆرسکی 1991، واینگاست 1997، ڕاش و کۆنگلیتۆن 2006). بەڵام دابەشەکردنی دەسەڵاتەکان، تەوەری سەرەکیی گەڵاڵەکردنی دەستوورەکانە، بۆ ئەوەی هیچ بکەرێکی سیاسی، نەتوانێت تاکڕەوانە بڕیار دەربکات و جێبەجێشی بکات (مادیسۆن 1788).

نموونە فەرمییەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کە زیادکردنی ئەو بکەرە دامەزراوەییانەی پێویستە ڕەزامەندی لەسەر گۆڕینی سیاسەتێك دەرببڕن، یا بەشێوەیەکی چوونیەك، بەرزکردنەوەی ئاستی دەنگدان بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر پێشنیازێکی تازە بدرێت، تێکڕایی گۆڕانەکە کەمدەکەنەوە و ئەو گۆڕانکارییانەشی تەبەنی کراون، بەرەو سەنتەری بواری سیاسەت دەبەن (تسەبیلیس 1995و تسەبیلیس و مۆنی 1997). وەك دەزانرێت شاباشی ئەو دەستوورانەش دەکرێت کە لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستمێك بۆ پشکنین و هاوسەنگییەکان (establishing checks and balances) لەسەر بنەمای سوود و قازانج برەوی پێدەدرێت، بەجۆرێك بە کەمکردنەوەی کۆی ماوەی نێوان پەسەندییەکانی هاوڵاتیان و ئەو سیاسەتانەی حکومەتەکانیان تەبەنی دەکەن، لایەنی زۆری خۆشنوودی کۆمەڵایەتی بەدیبێت (کۆڵۆمەر 2001)، هەروەها لەسەر بنەمای لیبراڵیزم، بەوەی ڤیتۆکانی دەستوور، سنوورێك بۆ پێشێلکارییەکانی مافەکانی تاکەکەس لەلایەن حکومەتەوە دابنێت (ڕێکەر 1982).

بەردەوامێتی

بەردەوامێتی، ئامانجێکی بەلگەنەویستی دیکەی دەستوورەکانە. ڕەنگە وەك کارێکی ڕوون و ئاشکرا دەربکەوێت، گەر دەستوورەکان کاریگەرییەکی باشیان هەبێت، ئیدی ئەو دەمە بەردەوامێتی لەو دەسپێکەوە پەسەند دەبێت، کارێك شایانی هەبوونی تیا بێت، شایستەی ئەوەیە پارێزگاری لێ بکرێت. لەلایەکی دیکەوە، زۆرینەی دەستوورەکان، یاساگەلێك دادەنێن کە ڕەفتاری بەرپرسە حکومییەکان سنووردار دەکات، هەر بانگەشەیەك، لەلایەن هەر گرووپێك لە ئەندازیارانی دەستوورەوە بۆ کۆتکردنی نەوەکانی ئایندە، ڕووبەڕووی مشتومڕو ململانێ دەبێتەوە (هۆڵمز 1988). لە کۆتاییدا، زۆربەی چاودێران کۆکن لەسەر ئەوەی کە زەحمەتە هاوسەنگییەکی گونجاو لە نێوان سەقامگیریی و خێرایی ناپایەداربوونی دەستوور پێناسە بکرێت[39].

---

[39] - تەنانەت تۆماس جێفرسۆن-یش کە بەزۆری باس لەوە دەکرێت لایەنگیری لەوە دەکات بەنزیکەیی لە هەر نەوەیەکدا شۆڕشێك ڕوودەدات، بە دەستەواژەگەلێك ورد لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە: "بە هەموو دڵنیاییەکەوە لایەنگیری لە گۆڕانکاری دووبارەیی و تاقینەکراوەی یاسا و دەستوورەکان

بۆیە گەر پێویستە دەستوورەکان کاتی و راگوزەر و وشك و بێرۆحیش نەبن، دەبێ تا چەند بەردەوام بن؟ بەهەموو دڵنیاییەکەوە، زیاد لەو ماوەیەی کاری پێدەکرێت، بەردەوام دەبن. زۆربەی توێژینەوە هەمەلایەنەکان وادادەنێن کە تەمەنی دەستووری نیشتمانی لە شازدە ساڵ تێپەر ناکات و بە تێکڕاییش ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام دەبێت. پاشان، تەمەنی دەستوور، بەگشتی تەنانەت لەو پێوەرە "نەوە"ییانەش (المعاییر الجیلیة) کورتترە کە تێیدا بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆ پێوەرییەکان دەربارەی پابەندبوونی پێشوەختە چوارچێوەرێژ دەکرێن، ئەوەش ئاماژەیەکە کە مردنی دستوور کێشەیەکە لە کۆنبوونی گەورەترە (ئەلکینز، جینزبێرگ و میلتۆن 2006)[40].

ڕەنگە تەمەندرێژی دەستوور، نەك بۆ خودی خۆی کارێکی پەسەند نەبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکانی دیکەی دەستوورەکان بە مومکین دەکات. کاری یەکەمی دەستوورەکان، چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوئاهەنگییە دژوارەکان لەخۆدەگرێت - بۆ نموونە، چۆن دەشێت ئەو بکەرە سیاسییانەی بەرژەوەندی هەمەجۆریان هەیە، پێشبڕکێ لەسەر بنەما ئاسایی و ڕێکوپێکەکان بکەن، بێئەوەی یەکتری وێران نەکەن. هاوسەنگییەکانی هاوئاهەنگی، پێشبینی ئاڵوگۆڕی سەقامگیری نێوان بکەرەکانی گەرەکە کە لەلای خۆیانەوە بە تێپەربوونی کات گەشەدەکەن. بە هەمان شێوەش، کۆمەڵەی دووەم لە سوودە شیمانییەکانی بەردەوامبوون، تا

ناکەم، هەروەها لەو باوەڕەدام باشترە بەرگەی کەموکورتییە نێوەنجییەکان بگرین، لەبەر ئەوەی کاتێك پەی بەو کەموکورتییانە دەبرێت، ئیدی دەتوانین خۆمان لەگەڵیاندا بگونجێنین، پاشان ڕێ چارەسەر بۆ کاریگەرییە زیانبارەکانی بدۆزینەوە. بەڵام بەتەواوەتی ئەوەش دەزانم کە پێویستە یاسا و دامەزراوەکان پێ بەپێی ئەقڵی مرۆڤ هەنگاوبنێن. تا ئەقڵی مرۆڤ، زیاتر گەشە بکات و ڕۆشنەتر بێت، دۆزینەوەی تازە بەدیدێت و پەی بە ڕاستی نوێ دەبرێت و بەگۆڕانی هەلومەرجەکە مۆڕاڵ و بیروڕاکانیش دەگۆڕێن، پێویستە دامەزراوەکانیش پێشبکەون بۆ ئەوەی شانبەشانی کاتەکە بڕۆن" (نامەیەك بۆ سامۆییل کیرچیڤاڵ 1816، بەرگی 15:40).

[40] - تازەترین تەبەنیکردنی ئەو دەستوورانەی کە دواتر لەم توێژینەوەیەدا خوێندنەوەی بۆ کراوە، قەوارەی ئەو تیشکە سنوردار دەکات کە دەشێت بخرێتە سەر مەسەلەی بەردەوامێتی، بەڵام شیکردنەوە ئامارییە گشتگیرییەکەی هەر یەك لە ئەلکینز، جێنزبێرگ و میلتۆن (2006)، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دەستوورانەی لە ڕێی ڕێکارە دیموکراسییەکانەوە تەبەنی کراون، لەو دەستوورانە بەردەوامتر دەبن کە لە ساتە دەستوورییە کەمتر دیموکراسییەکاندا تەبەنی کراون.

ئەندازەیەك، لەسایەی دەستووره دیموکراسییەکاندا، بەتێپەربوونی کات لە بەرژەوەندی هاوڵاتیاندا، کەڵەکە دەبێت، چونکە پێشبینییەکان دەربارەی سوود و قازانجی هەڵبژاردنی کاندیدەکان و پێشبڕکێی هەڵبژاردنی حیزبەکان و ئاشکرابوونی ناو و ناوبانگیان، لێکنزیك دەبێتەوە، ئەوەش ئاسانکاری بۆ دەنگدەران دەکات تا دەنگەکانیان بۆ سزادانی خراپی بەجێهێنان و خەڵاتکردنی فەزیلەت بەکاربهێنن (کارِۆڵ، کۆکس، پاچۆن 2006، تاڤیتس و ئەنووس 2006).

گریمانەکان

ئایا ئەو شێوازەی دەستوورێکی پێ تەبەنی دەکرێت، گرنگە بۆ ئەوەی ئەو ئایدیاڵانە بەدیبهێنێت کە لە بەشی پێشوودا باسمان لێوەکردوون؟ لەو ئارگیومێنتانەی پشتگیری لە هەر ئایدیاڵێك دەکات، دەشێت ئەم بانگەشانە بەدیبکرێن کە پێویستە گشتگیرییەکی گەورەتری ساتەکانی دەستوور، پشتگیری خودی ئایدیاڵەکان بکات. بەڵام سەبارەت بە ئاستی دیموکراسیی، دوا ڕاپۆرتی "ئەکادیمی ئاشتی نێودەوڵەتی (2005:21) پێشنیازی ئەوەی کردووە: پرۆسەی بەشداریکردن.. دەستوورێك بەرهەم دەهێنێت کە بە شێوەیەکی باشتر بەرژەوەندییەکانی دانیشتوان دەنوێنێت". هەروەها "دەسپێشخەرییەکەی کۆمنوێڵس بۆ مافەکانی مرۆڤ" (1999) پاڵپشتی دەکات لە "تەرکیزکردنە سەر لایەنە بەشداربووەکانی پرۆسەکە، بۆ ئەوەی پەی بەو ستراتیجییانە ببرێت کە دیموکراسی قووڵ دەکەنەوە". دەکرێت بابەتی هەمیشەیی لە ئەدەبیاتی پشتگیریکردنی دیموکراسیدا، بەمشێوەیە کورت بکرێتەوە:

گریمانەی 1: ساتە گشتگیرترەکانی دەستوور ← سیاسەتی دیموکراسی زیاتر.

چۆن سروشتی دارِشتنی دەستوور کاریگەری دەبێ لەسەر ئەوەی داخۆ دەستوورەکان هانی میانڕەوی دەدەن؟ ئەگەر دارِشتنی دەستوور پێناسەی مەودای دەسەڵاتی دەوڵەت و سنووری ئەو دەسەڵاتە بکات، ئەگەر بڕیاردان لە ساتەکانی دەستووردا هاوشێوەی ئەوە بێت کە نموونەی پانتایی بڕیاردانی سیاسەت وێنای دەکات، ئیدی زیادبوونی لایەنە بکەرەکانی دارِشتنی دەستوور زامن دەکرێت و دەبێ دارِشتن و دەرکردنی یاسا لە مەودای ڕێکەوتنەکانیان کەم بکاتەوە - واتە ئەو دەسەڵاتانەی کە ڕێکدەکەوتن بە حکومەتی ببەخشن - بەوەش دەستوورگەلێك

بەرهەم دێت کە کۆتوبەندی فەرمی زیاتر بەسەر دەسەڵاتەکاندا دەسەپێنێت[41]. بەکورتی ئەدەبیاتە ئەکادیمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارە و هەمەڕەنگی بکەرەکان لەماوەی ساتەکانی دەستووردا، ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوەی داخۆ دەستوورەکان هانی میانڕەوی سیاسی دەدەن کە دیاردەکانی سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومەت و میانڕەوی سیاسەت لەخۆدەگرێت[42].

گریمانەی 2: ساتە گشتگیرترەکانی دەستوور ← کۆتوبەندی زیاتر لەسەر دەسەڵاتی حکومەت

دەشێت هەڵگۆزینی زیاتر بکرێ، گەر گشتگیری لە ساتەکانی دەستووردا شەرعییەتی دەستوورەکان بەهێز و تۆکمە بکات و هەستی خاوەندارێتی میللییانە بۆ دەستوورەکان بەهێز بکات و ڕیسك و مەترسییەکانی سیاسەتیش کەم بکاتەوە، ئیدی لەو دەمەدا پێویستە گشتگیریی بەشداری لە بەردەوامبوونی دەستووردا بکات.

---

41 - بە هەموو دڵنیاییەکەوە گشت بکەرەکان دەسەڵاتی یەکسان پیادە ناکەن، توێژینەوەیەکی تازە دەربارەی فەنزەویلا ئاماژە بەوە دەکات کە هاوسەنگی دەسەڵات لە نێوان حکومەتەکەی ئێستا و ڕکابەرەکانی، بە دابەشکردنی دەنگەکان و کورسییەکانی پەرلەمان، بەر لە ساتەکانی دەستوور پێوراوە، ئەوە دیاریدەکەن داخۆ دەستوورەکان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن سنووردار دەکەن، بەوەی هانی سازشکردن دەدەن یا بەرپێیدەگرن (کۆڕالیس 2006). دەسکەوتەکانی هەڵبژاردن بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی ڕێژەیی بۆ هەر یەکێك لە بکەرەکان بەردەست دەکات، بەڵام تەنها کاتێك ساتەکانی دەستوور لە ناوکۆی دیموکراسیدا ڕوودات.

42 - لە پاڵ ژمارەی ئەو بکەرانەی بەشداری لە داڕشتنی دەستووردا دەکەن، ڕەنگە سروشتی کارلێکی نێوانیشیان کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکان هەبێت. هەر یەك لە ڕاش و کۆنگلیتۆن (2006)، پێشنیازی ئەوە دەکەن، کاتێك یاساکان بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور ڕاسپێردرێن بۆ ئەوەی لە ناهەمواری و ناسەقامگیری سەردەمەکە کەم بکەنەوە، ئەوا سەقامگیری زیاد دەکات. بە بەراوردکردنی کۆنگرەی فیلادلفیا کە لە ساڵی 1787دا لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ئەنجام درا، لەگەڵ کۆمەڵەی دامەزرێنەری فرەنسی لە ساڵانی 1789 - 1891 کە هەموو دەنگەکانی تۆمار و بڵاوکرایەوە، ئەڵستەر (1995) پێیوایە گفتوگۆی تایبەت هانی گفتوگۆی ڕاستەقینە دەدات، بەڵام سازشکردنی تەواو ڕوون و ئاشکرا هانی وروژاندن و لاساری و کەللەڕەقی دەدا، دواجاریش ئەو دەستوورانەی سەقامگیرییان کەمترە. هەروەها کاراکتەرەکانی ساتە دەستوورییەکانی دیکە، وەك سروشتی ڕووماڵی ڕاگەیاندن، ڕەنگە کاریگەری هەبێت، داڕێژەرانی دەستوورەکان لە گوشاری میللی بپارێزێت. پرۆژەی "نووسینەوەی دەستوورەکان و چارەسەری ململانێیەکان" (2007)، داتای زۆری دەربارەی ئەم بابەتە کۆدەکاتەوە.

گریمانەی 3: ساتە گشتگیرترەکانی دەستوور ← دەستوورە بەهێزەکان، پاشان ئەو دەستوورانەی بەردەوامیی زیاتریان هەیە .

لەگەڵ ئەوەشدا، بەلانیکەمەوە، تاکە گفتوگۆیەك وادەخوازێت سڵ لەو ئاراستەیە بکرێتەوە. راسڵ هاردین (Russell Hardin)، لەبارەی پات کردنەوەی لایەنگرانی گشتگیریی لەسەر رێکەوتن و پشتگیریکردنە فراوانەکەیان لەسەر دەستوورە تازەکان، بەو پاساوە نارەزایەتی دەردەبرێت کە تەنانەت بکەرە سیاسییە سەرکێشەکانیش گوێڕایەڵی دەستوور دەبن، کاتێك درك دەکەن بە:

- دەستەیەکی گرنگ لە بکەرەکانی دیکە دان بە کۆمەڵە یاسایەکدا دەنێن.
- سەرچاوەی پێویست نییە بۆ ئەوەی گوزارشت لە کۆمەڵە یاسایەکی جێگرەوە بکات کە بکرێت هیوای بەرابەری لەسەر بونیات بنرێت.

بەپێی ئاماژە ئەزموونییەکانی ئەو ئارگیومێنتە لە ماوەی خودی ساتەکانی دەستووردا، زەرورەتێك بۆ "خاوەنداریێتی" گشتگیرانەی دەستوورە تازەکە نییە. بەڵام لەوەش گرنگتر، داخۆ ساتەکانی دەستوور ئەو ئاماژانە دەدات کە دەستوورە تازەکە گوزارشت لە واقیع دەکات - واتە گوزارشت لەو تاکە گەمە دەستوورییە دەکات کە هەیە.

ئاڵەنگارییەکانی ئەزموون

چۆن دەتوانرێت ئەوە دیاری بکرێت کە یەکێك لەو پێشنیازانە ئامانجی خۆی دەپێکێت؟ یەکێك لە ستراتیجییەکان، پێناسەکردنی مەودای ساتە دەستوورییەکانە، بەتێپەربوونی کات، لەسەرتاسەری وڵاتدا، بە دۆکیومێنتکردنی خەسڵەتە سەرەکییەکان (بۆ نموونە، گشتگیری)و دەرئەنجامی بەرژەوەندییەکانە (بۆ نموونە، ئاستەکانی دیموکراسی و سەقامگیری دەستووری)، هەڵهێنجانی دەرئەنجامەکانە دەربارەی گرنگی ئەو ساتە دەستوورییانەی لە شێوازی داتاکاندا دەرکەوتوون. ئەم توێژینەوەیە لەسەر هەمان شێواز هەوڵی خۆی دەدات، بەڵام هەر لە سەرەتاوە دەچێتەژێر باری ئەوەی کە ئەم شێوازە بەلانیکەمەوە ڕووبەڕووی دوو کۆسپی جیدی دەبێتەوە.

کۆسپی یەکەم، خولقاندن و کۆدسازی گۆڕاوەکان بەجۆرێك خۆی دەنوێنێت کە زۆر بەوردی ڕەنگدانەوەی چەمکەکانی وەك گشتگیری و ئاستی دیموکراسی و هێزی دەستووریی بێت، یا ڕوونی ئەو ئاماژەیەی پەیوەستە بەو بژاردەیەی کە چارەسەری سەرەکیی نێو ژمارەیەك لە بژاردەکاندا بێت. بەڵام کۆسپی دووەم خۆی لەوەدا دەنوێنێت کە هەڵهێنجانی دەرئەنجامەکان، دەربارەی کاریگەری ساتەکانی دەستوور بە پێی ئەدگارەکانی، پشت بە گریمانەیەکی لێڵ و ئاڵۆز دەبەستێت، بەوەی ساتەکانی دەستوور، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە ڕێی حاڵەتەکانەوە تەرخان دەکرێن (وایدنور 2007). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری کارەکە، دەشێت گومان بکرێت لەوەی کە گشتگیری ساتەکانی دەستوور بۆ دیموکراسیی دواتر گرنگی هەیە، بەڵام فاکتەرەکانی دیکەی وەك سامان، یا نایەکانگیری ئەتنیکی، یا توندتیژییە سیاسییەکەی دواتریش گرنگە. گەر ساتە دەستوورییە گشتگیرەکان و کەمتر گشتگیرەکان، بەشێوازێك لەڕێی حاڵەتەکانەوە دابەش بکرێن کە بەهیچ شێوەیەك بە سامان و نایەکانگیری ئەتنیکی و توندوتیژیی سیاسییەوە پەیوەست نەبن، دەشێت هەڵهێنجان لەو شێوازنە بکرێت کە داتاکان دەریدەخەن. بەڵام لە حاڵەتێکدا هەر یەکێك لەو فاکتەرانەی پێشوو، کاریگەری لەسەر ئاستی گشتگیریدا هەبێت، ئەوا توانای هەڵسەنگاندنی مرۆڤ لەسەر کاریگەرە سەربەخۆکەی گشتگیری کەم دەکاتەوە. لەوەش خراپتر، لە حاڵێکدا فاکتەرە تێبینیکراوەکان کاریگەرییان لەسەر گشتگیری ساتەکانی دەستووردا نەبێت، ئەوا ڕەنگە هەڵهێنجانەکان لایەنگرانە بن. بۆ نموونە، ئەگەر بکەرە دۆڕاوەکانی شەڕی ناوخۆی دوایی، لە گفتوگۆکانی دەستووردا بەشدارییان پێ نەکرێت، ئیدی ئەو دەمە، دەشێت مرۆڤ بەشێوەیەکی نادروست، کاریگەرییە بەسوودەکانی ناوکۆ سیاسییە ئاشتیخوازەکان، بداتە پاڵ ساتە گشتگیرەکانی دەستوور.

بەلانیکەمەوە، دەربارەی گەڵاڵەکردن و بەردەوامێتی دەستوورەکان و ئەو پرۆسانەی لە ڕێگەیانەوە بەرهەمدەهێنرێن، دوو پرۆژەی توێژینەوەی پێشکەوتوو لە کۆکردنەوەی داتا بەرفراوانەکاندا هەیە. "پرۆژەی دەستوورە بەراوردکارییەکان" کە زەکاری ئەلکینز (Zachary Elkins)و تۆم جینسبێرگ (Tom Ginnsberg) لە زانکۆی ئیلینۆیس "Illinois " دا، بەڕێوەی دەبەن، لەدایکبوونی هەر دەستوور و هەموو هەموارکردنەوەیەکی گەورەی دەستوور دەربارەی جیهان لە ساڵی 1789ەوە

پێناسە دەکات و ناوەڕۆکی سەدان لایەنی خودی دۆکیومێنتەکان کۆدسازی دەکات. بەڵام پڕۆژەی "نووسینی دەستوور و چارەسەری ململانی" (Constitution Writing and Conflict Resolution) کە جێنیفەر وایدەنەر (Jennifer Widener) لە زانکۆی پرینستۆن (Princeton)دا بەڕێوەدەبات، تیشك دەخاتەسەر گشت دەستووورە هاوچەرخەکانی جیهان لە ساڵی 1975ەوە و زانیاری ورد لەبارەی هەلومەرج و ئەو پرۆسانە کۆدەکاتەوە کە تێیاندا ئەو دەستوورانە داڕێژراون و تەبەنی کراون، ئەمە بێجگە لەو دەرئەنجامانەی لێیان دەکەوێتەوە، وەك ئاستی توندوتیژی سیاسی. کۆکردنەوەی داتاکان لە هەر دوو پڕۆژەکەدا، قەوارەیەکی گەورەی ئاوارتەکردنی لە کاری سیستماتیکانە و وریایی گەرەکە. ئەو هەوڵانە بەڵێن بە چاکسازی زۆر ورد دەدەن کە بەهۆیەوە بتوانین هەر یەك لە ساتەکانی دەستوور و ناوەڕۆکی خودی دەستوورەکان وەسف بکەین (پڕۆژەی دەستووورە بەراوردکارییەکان 2007، نووسینی دەستوور و چارەسەری ململانێ 2007).

شیکردنەوەی بەرایی پڕۆژەی "نووسینی دەستوور و چارەسەری ململانێ"، تیشك دەخاتەسەر ئەو ئاڵەنگارییەی کە تەرخانکردنی ناهەڕەمەکییانە، یا یەکانگیری ناوخۆ، بەڵگە و دەرئەنجامی ئامارییی دەربارەی چۆنێتی کاریگەری ساتەکانی دەستوور لەسەر بەجێهێنانی ڕژێم پێشکەش دەکات (وایدەنەر 2007). هەروەها زۆربەی ئەو داتا دیاریکراوانەی لێرەدا خراونەتەڕوو، بەشێوەیەکی سەرەکی سوودیان هەیە لە پێشکەشکردنی وەسفێکی نزیکاریی هێندێك ڕەگەزی ساتەکانی دەستوور و هێندێك شێواز کە پەیوەندیی بە بەها دەستوورییەکانەوە هەیە، بەڵام ئەم تویژینەوەیە هەوڵ بۆ تاقیکردنەوەی مۆدێلە ئامارییەکان نادات.

داتاکان

ئەم بەشە لە کۆمەڵە داتایەکی "پڕۆژەی دەستووورە بەراورداکرییەکان"ەوە ئاراستەدەگرێت، تا کۆمەڵەی ساتەکانی دەستوور دەربارەی جیهان لە 1990 - 2005، وەك خاڵێکی دەسپێك بۆ ئەندازەکردنی گشتگیرییەکەی دیاری بکات[43]. بەڵام

---

[43] - ڕێسای داتاکانی "پڕۆژەی دەستووورە بەراوردکارییەکان"، تەبەنیکردنی هەر هەموارکردنەوەیەکی دەستووورە هەنوکەییەکان بەدۆکیۆمێنت دەکات، ئەمە بێجگە لە جێگۆرکێی دەستوورەکان. لەبەر ئەوەی هێندێك پرۆسەی هەموارکردنەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی سروشتی

خەسڵەتی نێوەندێتی ساتەکانی دەستوور کە ئەندازەگیری بۆ دەکەم، گشتگیرییەکە بە حیسابێکی نزیك لە ژمارەی بکەرە دامەزرێنەرە بەشداربووەکان و خەسڵەتی بکەر و لایەنە هەمەڕەنگەکان دەپێورێت، بۆ ئەوەی لەڕێی ڕاپرسییەوە، بەشداری میللییانە بکەن. بەڵام سەبارەت بە دەرئەنجامەکان، پشت بە ڕێوشوێنە دیموکراسییەکان و کۆتەکانی سەر بڕیاردانی جێبەجێکردن دەبەستم کە دەستوورە تازەکان تەبەنیی دەکەن، هەروەها هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دەستوورە تازەکاندا هاتوون لە ماوەی پێنج ساڵی یەکەمی تەبەنی کردنیاندا.

ڕێکارە گشتگیرەکان

بکەرە دامەزراوەییخوازەکان

ئەم بەشە بەشێوەیەکی بەرایی، وەك ڕێکارە گشتگیرەکان، پشت بە ژمارە و سروشتی ئەو بکەرانە دەبەستێت کە لە ماوەی ساتەکانی دەستووردا، مافی ڤیتۆیان هەیە. ڕەنگە ئەو بکەرانە، بکەرێکی تاکەکەسی بێت (بۆ نموونە سەرۆك یا پادشا)، کۆمەڵە بێت (بۆ نموونە پەرلەمان یا کۆمەڵەی دامەزرێنەر، یا دەستەی سەربازیی فەرمانڕەوا، یا بزوتنەوەیەکی پێشووی شۆڕشگێڕ لە ساتەکانی دەستووردا، مافی بەشداریکردنی بەدەست هێنابێت). کارە سەرەکییەی زۆرێك لە گفتوگۆکان دەربارەی گشتگیرییەکەی سەرەوە، ئەوەیە کە بکەرە سیاسییە سەرەکییەکان، توانای گرتنەخۆ یا دوورخستنەوەی ڕەگەزە دیاریکراوەکانیان لە داڕشتنی دەستووردا هەیە - بۆ نموونە، نوێنەرایەتی کردنی زامنکراو لە دامەزراوە حکومییە دیاریکراوەکاندا، یا سەپاندنی کۆت و بەربەست بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردندا، یا بەسەر فۆرمێك لە فۆرمەکانی ڕێکخراوێکی جوگرافی، یا بەسەر مافە تاکەکەسییە دیاریکراوەکاندا.

پێوانەکردنی ئەم لایەنەی گشتگیریی، پێویستی بە پێناسەکردنی ئەو بکەرانە هەیە کە مافی ڤیتۆیان هەیە، ئەوەش لە ساتە دەستوورییە هەمەڕەنگییەکاندا کارێکی سانا نییە. لێرەدا دوو شێواز بۆ ئامارکردنی ئەو بکەرە دامەزراوەییانە هەیە،

ڕژێمەکە دەگۆڕێت، کەچی هێندێك دەستووری نوێ تەنها گۆڕانکاری ڕووکەشیانە دەکات، بۆیە مەسەلەی چۆنێتی پێناسەکردنی ساتەکانی دەستوور، مەسەلەیەکی پوچ و بێبەها نییە. بەخاتری ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، تەنها باس لە جێگۆڕکێ دەستوورییەکان دەکەم، لەگەڵ دانان بەوەی کە ئەم بڕیارە، هەروەکو حاڵەتەکانی دیکە، پێویستیی بە شێوازێکی ڕاستەوخۆی داتاکان دەبێت.

ئەوانیش بکەرە تاکەکەسییەکان یا ئەو کۆمەڵانەی ڕۆڵی فەرمییان لە داڕشتنی دەستوورێکی نوێ یا ڕاستاندنیدا هەیە[44]. هەروەها لەو حاڵەتانەی لە کاتی ڕاپرسی گشتیدا ڕاستاندن دەکرێت، هاوڵاتیانیش وەك بکەری دامەزراوەییخواز ئامار دەکەم. خاڵی دەسپێك لە پێناسەکردنی بکەرە دامەزراوەییەکاندا، گۆڕاوی بڵاوکردنەوەی یاسای (گۆڕاوی 36) کۆمەڵە داتاکانی "پرۆژەی دەستوورە بەراوردکارییەکان"ە (2007)، کە لەناوکۆی وەسفکردنی پرۆسەکانی یاسا دەرکردندا، لە دەقەکانی خودی دەستوورەکانەوە هەڵهێنجراوە. پاشان ئەم گۆڕاوەم لە ڕێی خوێندنەوەیەکی وردیی ئەرشیفی "کیسنگ"، (1990 - 2007)، لەماوەی ساتەوەختی دەستووریدا ساغکردەوە و تەواوم کرد.

بەوپەڕی دڵنیاییەوە، گشت بکەرە دامەزراوەییەکان، ناتوانن بەشێوەیەکی یەکسان، داوای شەرعییەتی دیموکراسی بکەن، هێندێکیان پێگەی بکەری دامەزراوەییان، بەزەبری هێز و هێندێکی دیکەیان لەڕێی مافی خوداییەوە بەدەستهێناوە، ئەمە لەکاتێکدا هێندێکی دیکەیان لەڕێی دامەزراندنیان لەلایەن حکومەتەوە بەدەستیانهێناوە، هەروەها ئەوانی دیی بەهەڵبژاردنی کێبەرکێکارانەی کراوە هەڵبژێردراون. دواجۆری بکەرە دامەزراوەییەکان "بەگشتگیرتر" دادەنرێت، بۆیە ئەو ساتە دەستوورییانەی ئەو بکەرە دامەزراوەییانە بەشداری تیا دەکەن کە دیموکراسییانە هەڵبژێردراون، لەگەڵ نموونەی گۆڕاوی بکەری دامەزراوەیی هەڵبژێردراودا پۆلێن دەکەم. لە هەر ساتێکی دەستووریدا، تاوتوێی گشت بکەرە دامەزراوەییە بەشداربووەکانم کردووە و ئەوەشم دیاریکردووە، داخۆ کامیان

---

44 - بە هاودەمی وردئاگایی ئەم کتێبە لەسەر کۆتوبەندەکانی بەردەم هەناردەکردنی دیموکراسی، هەستە بەراییەکەم هەژمارکردنێکی جوداییانەی دامەزراوەییە لۆکاڵی و بیانییەکان بوو. بەڵام بەدەر لە کاریگەرییە کردەییەکانیان، ئەوا بەشداریکردنی فەرمیی حکومەتە بیانییەکان، زۆر دەگمەن بوو، بۆیە کاریگەرییەکی زۆر کەمیان لەم مەسەلەیەدا هەبوو. بەپێی حاڵەتەکانی نوێکردنەوەی دەستوور لە 1990 - 2005دا کە لە داتاکانی پرۆژەی توێژینەوەی دەستوورە بەراوردکارییەکاندا هەڵهێنجراوە، تەنیا "ئەندۆرا" لە ساتەوەختی دەستووردا، ڕێگەی دا حکومەتە بیانییەکان دەستوەردان بکەن. ئەو داتایانەی پرۆژەی "نووسینەوەی دەستوورەکان و چارەسەری ململانێ" (2007)، لەماوەی ساتەکانی دەستووردا کۆیکردۆتەوە، هەم گشتگیرتربوون، هەم وردتربوون و تیشکێکی زۆر دەخەنە سەر کاریگەری حکومەتە بیانییەکان - ئیدی چی فەرمی یا نافەرمی بێت - و کاریگەری دامەزراوە نێونەتەوەییەکانی دیکە.

هەڵبژێردراوە و کەی هەڵبژێردراوە. پاشان کۆدی ژمارە (1)م بۆ بکەرە دامەزراوەییە هەڵبژێردراوەکە داناوە، داخۆ ئەو ژینگە هەڵبژاردنەی وڵات لە ماوەی ئەو ساڵەی کە بکەرەکەی تیا هەڵبژێردراوە کراوە و بەشداریکارانە بووە، ئەگینا بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، کۆدی ژمارە (0)م بۆ بکەرە دامەزراوەییە هەڵبژێردراوەکە داناوە[45].

هەروەها هەوڵمداوە ئەو بکەرە دامەزراوەییانەی کە دیموکراسی و کۆلێکتیڤ بوون، لەسەر ئەو بنەمایە لەوانی دیکە جیابکەممەوە کە گردبوونەوەکان (پەرلەمانەکان) بە بکەری سیاسیی گشتگیرتر دادەنرێن، چونکە توانای نوێنەرایەتی کردنی هەمەڕەنگیی کۆمەڵگەییان هەیە و لەبەر ئەوەی ئەو بکەرە چالاکە هەمەچەشنانەش دەگرێتەوە کە ماڤی ڤیتۆیان هەیە (بۆ نموونە حیزب یا ئەو هاوپەیمانییانەی کە دەسەڵاتی کۆسپدانیان هەیە). پەیڕەویم لە گۆڕاوی ساوێر (وەهم)ی "پەرلەمانی هەڵبژێردراو=1" کردووە، ئەگەر بکەرێکی دامەزراوەیی لە ژینگەی هەڵبژاردنێکی بەشداریکارانەی کراوە هەڵبژێردرابێت، بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، پەیڕەویم لە "پەرلەمان = 0" کردووە.

پێویستە دان بەوەدا بنێین کە ئەو هەوڵانەی بۆ پێناسەکردنی بکەرە دامەزراوەییەکان و ئامارکردن و وەسفکردنیان دەدرێت، بەتەنها ڕەنگدانەوەیەکی سەرەتایی دەربارەی چۆنێتی زۆرێك لە بکەرەکان پێشکەش دەکات، بەوەی کامیان لە هەموو حاڵەتێکدا دەسەڵاتێکی کاریگەرانەیان لە داڕشتنی دەستووردا هەیە. بۆ نموونە، ڕەنگە ئەو ساتە دەستوورییانە کە زنجیرە بڕیارێك، لە داڕشتنەوە بۆ گفتوگۆکان تا دەگات بە ڕاستاندن، کورت دەکاتەوە، شکست دەهێنن هەژمونی بکەرەکان لە سەرووی پرۆسەکە یا ئەوانەی لە خوار پرۆسەکەن بەدیاربخەن. وایدنەر (2007) تێبینی ئەوە دەکات کە ئەو هاوپەیمانییە سەرەتاییانەی لە پشت دەرگا

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

---

[45] - پشت بە گۆڕاوی "پێشبڕکێی بەشداریکردن"ی کۆمەڵە داتایەکی "سیستمی حوکمڕانی 4" دەبەستم، داخۆ ژینگەی هەڵبژاردن لە وڵاتێکدا لەبارە بۆ ئەوەی لە چ ساڵێکدا کراوە بێت. گۆڕاوی پێشبڕکێکاری بەشداریکردن لە (0-5) جوڵانێ دەکات و ڕەنگدانەوەی ئەو مەودایەشە کە دەکرێ لەڕووی پەسەندییە جێگرەوەکانی سەرکردە و سیاسیی لە بواری سیاسەتدا پەیڕەوی لێ بکرێت (مارشاڵ و جاگرز 2007؛ 30). بەڵام ئاستانەکەم بۆ دانانی کۆد بۆ بکەری دامەزراوەیی، وەك بکەرێکی هەڵبژێردراو بریتیە لە "پێشبڕکێی بەشداریکردن"< 2.

داخراوەکانەوە لە نێوان سەرکردەی گرووپە سەرەکییەکاندا ئەنجام دەدرێت، بژاردە بەردەستەکانی ئەنجوومەنی دامەزرێنەری هەڵبژێردراوی لە ئەفەریقیای باشووردا کۆتوبەند کرد: لەبارەی ئەو مەودایەی کە ئەم ڕێکەوتنە نافەرمییە مەرجەکانی سەپاندووە، دەشێت ئەوە هەڵگۆزرێت کە بکەرە دامەزراوەییە فەرمییەکانی ئەفەریقیای باشوور، واتە پەرلەمان و دادگای دەستووریی، ئازادییەکی زۆری ڕەفتارکردنیان لە بەرامبەر دەستووردا نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هێندێك حاڵەتی دیکەدا، بکەرە دامەزراوەییەکان، لە کۆتایی پرۆسەکەدا ئەو کۆتانەیان پشتگوێسخت کە لەلایەن بکەرەکانی سەرەوە بەسەریاندا سەپێنرابوو. بۆ نموونە، پیاچوونەوەی بڕگەکانی کۆنفدراڵی لە جیاتی داڕشتنی دەستوورێکی نوێ، بە کۆنگرەی فیلادلفیا-ی ساڵی 1787 سپێردرا. بەم دواییانەش، پەرلەمانەکانی ئەمەریکای لاتین کە سەرەتا ڕیفۆرمی دیاریکراویان پێسپێردرا، خۆی وەك خاوەنی سەروەری ڕاگەیاند و پابەندی دەقەکانی دەسەڵاتپێدان نەبوون، بەوەش لاپەرەیەکی نوێیان بۆ خۆیان هەڵدایەوە.

بەکورتی "بکەری دامەزراوەیی"و "بکەری دامەزراوەیی هەڵبژێردراو"و "پەرلەمانی هەڵبژێردراو"، بەدڵنیاییەوە ڕێکارە زۆر سەرەتاییەکانی گشتگیرین. ئەوەش پشت بەو بەڵگەنەویستە دەبەستێت کە لەو ساتە دەستوورییەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو، بەڵگەنامەیەك دادەڕێژێت، دەبێ لەلایەن ئەنجومەنێك لە نوێنەرانی حکومەتە نیشتمانییە لۆکاڵییەکانەوە ڕاستاندنی لەسەر بکرێت و پادشاش واژوی لەسەر بکات (بکەری دامەزراوەیی =3)، "بکەری دامەزراوەیی هەڵبژێردراو =1"، "پەرلەمانی هەڵبژێردراو =1"، ئەوەش ساتەوەختێکی گشتگیریترە لەو دەستوورەی ئەنجوومەنێکی سەربازی دایڕشت بێت و بەڕاپرسییەکی میللییانە ڕەزامەندی لەسەر درا بێت (بکەرێکی دامەزراوەیی =2)، "بکەرێکی دامەزراوەیی هەڵبژێردراو =0"، "پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو =0". لێرەشدا بوارێکی فراوان هەیە بۆ ئەوەی پێوانەکردنی گشتگیری باشتر بکرێت. بەڵام تەنها لەم ساتەدا دەمەوێت پەی بەوە ببەم، داخۆ ئەو ڕێکارانە هیچ شتێك لەسەر جیاکاریی نێوان ساتەکانی دەستوور پێشکەش دەکەن.

ڕاپرسی

لێرەدا نیشاندەرێکی جێگرەوە بۆ گشتگیربوونی ساتە دەستوورییەکە هەیە، بەوەی داخۆ هاولاتیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەڕێی ڕاپرسییەوە (ریفراندۆم) بەشدارییان تێیدا کردووە. لەم هەڵسەنگاندنەدا ساتەکانی دەستوور، بەنزیکەیی وەکیەك دابەشبوون. بە هەلگۆزین لە "پرۆژەی دەستوورە بەراوردکارییەکان" (2007)و ئەرشیفی کیسینگ (1990 - 2007)، نموونەیەکی گۆڕاوم بۆ ڕاپرسی دروست کردووە، بۆ ئەوەی جیاکاری بکەم لە نێوان ئەو ساتە دەستوورییانەی ڕاپرسی لە خۆدەگرێت و ئەو ساتانەی لە خۆیناگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەموو هەڵبژاردنەکان وەکیەك ئازاد و بەشداریکارانە نین، نموونەی دووەمم لە ڕاپۆرتەکانی کیسینگ بۆ ئەو حاڵەتانە هەڵهێنجاوە کە ڕاپرسی لە خۆدەگرن و خاڵەکانیشم بەمجۆرە تۆمار کردووە:

"ڕاپرسی پاك= 0"، ئەگەر ڕاپۆرتی باوەڕپێکراو لە سەرچاوە بێلایەنەکانەوە لەسەر پێشێلکاری سیستماتیکانەی هەڵبژاردن هەبێت (بۆ نموونە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بۆ چاودێرکردنی هەڵبژاردنەکان یا ڕۆژنامەنووسەکان).

"ڕاپرسی پاك =1"، ئەگەر ڕاپۆرت لەبارەی پێشلێکارییەکانی هەڵبژاردن، لەلایەن بکەرە سیاسییە ناوچەییەکانەوە هەبێت، ئەوانەی بەدەرئەنجامی ڕاپرسییەکە قاییل نین، یا بایکۆتکردنی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای پێشێلکارییە پێشبینیکراوەکان.

"ڕاپرسی پاك =2"، ئەگەر ڕاپۆرت لە بارەی پێشێلکاری سیستماتیکانەوە نەبێت.

لە زۆربەی ڕاپرسییەکاندا زانیاریم بەدەستهێناوە (بۆ نموونە، لە ئەرشیفی کیسینگ 1990 - 2007؛ نۆهلین، کرینریچ، تیتاوت 1991؛ نۆهلین 2005؛ داتابەیسی هەڵبژاردنەکانی ئەفەریقیا 2007؛ ئەرشیفی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان 2007)، دەربارەی ئاستی پشتگیریکردنی میللی و کۆی بەشداریکردن لە ڕاپرسییەکاندا، ئەمە بێجگە لە نیشاندەرەکانی دیکەی بەشداریکردنی هاولاتیان و پشتگیریکردنیان لە ماوەی ساتەکانی دەستووردا.

پێوانەکردنی بەجێهێنانی دەستوور

دیموکراسی

بەپشتبەستن بە نیشاندەری "سیستمی حوکمڕانی 4" (Polity IV) بۆ دیموکراسی کە لە 10 بۆ 0 شۆڕدەبێتەوە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا تا ساڵی 2004 بەردەستە، پەیڕەوی لەو پراکتیکە دەکەم کە لە ئێستادا بووە بە پێوانەیی (ستاندارد) لە توێژینەوە بەراوردکارییە باننیشتمانییەکاندا (مارشاڵ و جاگەرز 2007). هەروەها ئەندازەگیریی خاڵەکانی "سیستمی حوکمڕانی" لە دوای سێ ساڵ لە جێبەجێکردنی دەستوورە تازەکەدا دەکەم (سیستمی حوکمڕانی + 3)، بۆ ئەوەی بوار بە کاتەکە بدەم کاریگەری سیستمە تازەکە لە سیاسەتدا دەربکەوێت. هەروەها جیاوازی نێوان خاڵەکانی (سیستمی حوکمڕانی) لە دوای سێ ساڵ لە دەرچواندنی دەستوورەکە و سێ ساڵ بەر لە دەرچواندنی (جیاوازی سیستمی حوکمڕانی) هەژمار دەکەم، بۆ ئەوەی کاریگەری لاوەکی دەستوورە تازەکە لە ئاستی دیموکراسیدا پێوانە بکەم.

خشتەی 7-1 ئامارەکانی وەسفکردن

گۆڕاو	تێبینی	تێکڕا	گەشەسەندنی پێوانەیی	لانیکەم	لانی زۆر
سیستمی حوکمڕانی + 3 ساڵ	48	1.3	6.3	9	10-
جیاوازی سیستمی حوکم (+3 - 3)	48	2.6	7.5	16	19 -
کۆتوبەندە سەپێنراوەکانی سەر دەسەڵاتی حکومەت (لە سیستمی حوکمڕانی 4)	48	4.4	2.0	1	7
پشتگیریکردن لە ڕاپرسی	24	٪85	٪13	٪52	٪99
بەشداریکردن لە ڕاپرسی	21	٪67	٪19	٪31	٪97

کۆتوبەندە سەپێنراوەکانی سەر دەسەڵاتی حکومەت

بە مەبەستی پێوانە کردنی کارایی دەستوورەکان لە کۆتکردنی خاوەن پۆستەکاندا، پشت بە گۆڕاوی کۆتوبەندەکانی جێبەجێکردنی داتابەیسەکان (سیستمی حوکمڕانی 4) دەبەستم، ئەوەش دوای ئەوەی سێ ساڵ دەستوورەکە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە (کۆتەکانی جێبەجێ کردن +3). ئەم گۆڕاوەش یەکێك لە پێکهاتەکانی نیشاندەری کۆی دیموکراسی "سیستمی حوکمڕانی 4" پێکدەهێنێت، بەڵام بەدیاریکراوی دەیەوێت "مەودای کۆتوبەندە دامەزراوەییە سەپێنراوەکان بەسەر دەسەڵاتی بڕیاردەری تایبەت بە سەرۆکەکان دەربخات (لەلایەن پەرلەمان و حیزب و دادگاوە).. بەوەش گرنگی بە کۆنترۆڵ و هاوسەنگییەکان دەدرێت" (مارشاڵ و جاگەرز 2007: 23). "کۆتوبەندەکانی جێبەجێکردن +3" لە (1)ەوە (دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری بێسنوور) بۆ (7) (وەکیەکی جێبەجێکردن لەگەڵ/ یا پاشکۆیەتی جێبەجێکردن بۆ بکەرە دامەزراوەییەکانی دیکە).

بەردەوامبوون

ئەو داتایانەی پەیوەستن بە بەردەوامبوونی دەستوورەوە، لە سەرچاوەیەکی جیاکارەوە وەرگیراون. داتا سەرەکییەکانی شوێنەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە، لە کۆمەڵەیەکی سەرەتایی نوێکردنەوەی دەستوورەکان، هەر لە ساڵی 1995 تا 2005 بیناکراون و لەلایەن "پڕۆژەی دەستووره بەراوردکارییەکانەوە" (2007) پێناسە کراون. ئەم داتایانە زانیاری لە بارەی سەقامگیریی دواتری دەستوور لەخۆناگرێت و ئەم دواماوەیەش چالاکییەکی سنوورداری لە دیاریکردنی گۆڕانکارییەکان یا کەوتنی دەستوورەکان بەردەست کردووە. پاشان پڕۆژەی "نووسینەوەی دەستوور و چارەسەرکردنی ململانێ" زانیاریی زۆروزەوەند لە داتابەیسەکەیەوە لە 1975 - 2005 دەخاتەڕوو، ئەوەش بواری پێمدا گۆڕاوی "هەمواکردنەوەکانی 5" بینا بکەم کە یەکسانە بە (1)، ئەگەر یەکێك لە دەستوورەکان لە ماوەی پێنج ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنیدا هەموار کرابێتەوە و بەپێچەوانەی ئەوەشەوە یەکسانە بە (0).

ئامارەکانی وەسفکردن

ئەو گۆڕاوە هەمەجۆرانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە کۆکرانەتەوە، لە خشتەی 7-1و خشتەی 7-2دا وەسفکراون. "سیستمی حوکمڕانی +3"و "جیاوازی سیستمی

حوکمڕانی"و "کۆتوبەندەکانی جێبەجێکردن +3"، بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئامار کردنیان لە توانادا نەبوو، چونکە ئەو دەستوورانەی بەتازەکی خرانە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆ نموونە، ئەو خاڵانەی حوکمڕانی بەردەست ناکات کە پێویستە سێ ساڵ بێت، یا ئەو حاڵەتانەی پێشوو کە تێیدا زانیارییەکان لە ساڵێکی دیاریکراودا ونبوون. زانیاریم لەسەر 48 تێبینی هەر یەکێك لەو گۆڕاونەدا هەیە. سەرنجی ئەوەش دراوە کە وڵاتەکان لە دوای دەستوور، بەرەو لایەنی دیموکراسی ئاراستەدەگرن، بۆ ئەوەی دوای تێپەربوونی سێ ساڵ "سیستمی حوکمڕانی" پێوانە بکەن، هەروەها دەستووره تازەکان بە بزوتنەوەی بەرەو دیموکراسی (بە تێکڕایی 2.6 خاڵ لەسەر پێوەری 21 خاڵ) بەستراونەتەوە، سەرباری ئەوەی لە هەر دوو حاڵەتەکەدا گۆڕانێکی زۆر لە تێکڕاییەکەدا هەیە.

خشتەی 7-2: فریکوەنسە گۆڕاوە پۆلێنکراوەکان

گۆڕاو	0	1	2	3
بکەرە دامەزراوەییەکان	—	17	30	14
بکەرە دامەزراوەییە هەڵبژێردراوەکان	32	29	—	—
پەرلەمانی هەڵبژێردراو	38	19	—	—
ڕاپرسی	36	29	—	—
ڕاپرسی پاک	8	5	5	—
ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە کە لە داتابەیسی "نووسینەوەی دەستوور و چارەسەری ململانێ" وەرگیراون، لە توێژینەوەی بەردەوامبوونی دەستووردا بەکارهێنراون				
هەموارکردنەوەی	1505	44	—	—
بکەری دامەزراوەیی	—	13	68	6
بکەرە دامەزراوەییە هەڵبژێردراوەکان	116	78	—	—
ئەو بکەرە دامەزراوەییانەی بەنوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی هەڵبژێردراون	153	41	—	—

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

لە کۆی 65 ساتەوەختی دەستووریدا، ڕاپرسی میللی بۆ 29یان کراوە، کە توانیومە لە ڕێگەیەوە پرۆسەکەدا دیاری بکەم، هەروەها داتام دەربارەی زۆربەی ئەو ساتانە بەدەستهێناوە (بۆ نموونە، ڕەزامەندی لەسەر 24 حاڵەتی دراوە، یا 83٪، بەشداریکردن لە 21 حاڵەت، یا 72٪). داتاکان تەنها ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە دەستوورە تازەکان خراونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە دابەشکردنی پشتگیرییکردنەکە بەرەو ڕاست لادەدات (52-99٪)، لەباشترین بەهادا گەیشتۆتە 87٪، کە ئاماژە بە ڕەزامەندییەکی گەورە دەکات. بەڵام بەشداریکردن زیاتر هەمەجۆر بووە، ئەمە سەرباری ئەوەی دابەشکردنەکە بەئاراستەی بەشی سەرەوەی پێوەرەکە مایەوە.

نیوەی سەرەوەی خشتەکە، ئەو گۆڕاوە ڕەهایانەی داتاکان وەسف دەکات کە پشت بە "پرۆژەی دەستوورە بەراوردکارییەکان" دەبەستێت و لە هەڵسەنگاندنی گریمانەی یەکەم و دووەمدا بەکارهێنراون. لەو 61 حاڵەتەی کە توانیومە بکەری دامەزراوەیی تێیاندا دیاری بکەم، نیوەیان دوو بکەریان لەخۆگرتووە، بەڵام باقی حاڵەتەکان بە یەکسانی لە نێوان یەك و سێ دا دابەشبوون. فۆرمێکی نموونەیی لە هیچ یەکێك لەو پۆلینکارییانەدا نییە. ئەو حاڵەتانەی تاکە بکەری دامەزراوەییان هەیە، بەشێوەیەکی دووبارەیی بریتییە لە پەرلەمانەکان یا کۆمەڵە دامەزرێنەکان - سەرباری ئەوەی هەمیشە بەشێوەیەکی دیموکراسییانە هەڵنەبژێردراون - هەروەها پادشاکان (پادشای عەرەبی سعودی و سوڵتانی عومان) و ئەنجوومەنی سەربازی نەیجیریاش، بەڵام حاڵەتەکانی فرە بکەری دامەزراوەیی، بەزۆریی، نەك هەموویان، ڕاپرسی گشتی دەیانگرێتەوە و دەستپێشخەرییە دەستوورییەکان لە سەرچاوەی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن، بە پەرلەمان و سەرۆك و کۆمەڵە دامەزرێنەرەکان و کۆنگرە نیشتمانییەکان و ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە... هتد. بکەری دامەزراوەیی بەشێوەیەکی یەکسان و بەنزیکەیی، حاڵەتە دابەشبووەکان دەخاتەڕوو، دەربارەی ئەوەی داخۆ هەر بکەرێك لە ناوکۆیەکی دیموکراسیدا هەڵبژێردراوە. بەڵام پەرلەمانە دیموکراسییەکان تاڕادەیەك دەگمەنن، بەنزیکەیی بەشدارییان لە سێیەکی ئەو ساتە دەستوورییانەدا کردووە کە وەك "پەرلەمانی هەڵبژێردراو" کۆدسازیم بۆیان کردووە.

نیوەی خوارەوەی خشتەی 7-2، ئەو گۆڕاوانە وەسف دەکات کە لە داتاکانی پڕۆژەی "نووسینەوەی دەستوور و چارەسەکردنی ململانێ"وە وەرگیراون و بۆ هەڵسەنگاندنی بەردەوامبوونی دەستوور بەکارهێنراون. زۆربەی هەرە زۆری تێبینییەکان، ئاماژە بۆ ماوەیەکی درێژتری نێو ئەم پڕۆژەیە دەدەن. بکەری دامەزراوەیی و بکەری دامەزراوەیی هەڵبژێردراو، هاوشێوەی ئەو بکەرانەی بە بەکارهێنانی ئەو داتایانە ڕێکخراون کە پشت بە "پڕۆژەی دەستوورە بەراوردکارییەکان" دەبەستن و لە شوێنەکانی دیکەی ئەم بەشەدا بەکارهێنراون[46]. داتاکانی پڕۆژەی "نووسینەوەی دەستوور و چارەسەکردنی ململانێ" ئەو دەرفەتەی بۆ بکەری دامەزراوەیی ڕەخساند کە بە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی هەڵبژێردراوە، ئەوە دیاری بکات، داخۆ هەر بکەرێکی دامەزراوەیی بە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی هەڵبژێردراوە کە بە گشتی بەهۆی بەربەست و کۆسپە کەمەکانی بەردەم هاتنەناوەوەی گرووپە کەمایەتییەکان، بە شێوازێکی هەڵبژاردنی زۆر گشتگیر دادەنرێت.

لێرەدا داتاکان دەرفەت نادەن لەسەر بنەمای مۆدێلە تەقلیدییەکانی ئامارکردن، هەڵگۆزین بکرێت. لەبەررۆشنایی چەند حاڵەتێکی دیاریکراو و ئاڵەنگارییە گەورەکانی پێوانەکردن، کارێکی ناژیرانەیە (کارێکی سەرکێشانەیە)، لە بەرامبەر بکەری دامەزراوەیی و کۆی بەرهەمی خۆماڵی بۆ هەر تاکێك.. هتد، پاشەکشێ لە پێوەری "سیستمی حوکمڕانی +3" بکەین، پاشان وادابنێین زۆر شت لە هەڵسەنگاندنەکانەوە فێربووین. لەجیاتی ئەوەش، هێڵکارییەك پێشکەش دەکەم، هێندێك شێوازی جووت گۆڕاوی هەڕەمەکی (و ناشێوازییانە) ڕوون دەکاتەوە و لەسەر

[46] -IA is skewed toward fewer institutional actors than in the Comparative Constitutions Project-based data, perhaps because including reforms beyond wholesale constitutional renewals leads the CWCR data to include more amendments approved by sitting parliaments, or perhaps because IAs on the order of those identified by my search of secondary sources in augmenting the Comparative Constitutions Project-based data are undercounted. In any case, this chapter does not compare CWCR-based data to Comparative Constitutions Project-based data, and, as long as each data collection process was internally consistent, any patterns they reveal are instructive.

بنەمای داتا گشتگیرترەکان، بەمەبەستی دووپاتکردنەوە یا ڕەتکردنەوەی ئاماژە ڕاگوزەریی و ڕووکەشییەکان، بۆ شیکردنەوەی دواتر بەجێدەهێڵێت.

شێوازی داتاکان

چوارگۆشەی یەکەم لە وێنەی 7- 1دا، ئەو ساتە دەستووریانە ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا بکەرە دامەزراوەییەکان، لە دوای تێپەربونی سێ ساڵ، پەیوەندییەکی زیاتریان بە ئاستە بەرزەکانی دیموکراسییەوە هەیە. بەڵام تێکڕای ئەندازەگیری "سیستمی حوکمڕانی +3"ی ساتەکانی دەستوور بۆ تاکە بکەرێکی دامەزراوەیی، یەکسانە بە (1) (و بەتێکڕایی ژێر سفر)، بە تێکڕایی دەبێت بە 4، کاتێك دوو بکەری دامەزراوەیی بەشداری لە ساتەکانی دەستووردا دەکەن، هەروەها دەکاتە (5)، کاتێك بکەری دامەزراوەیی یەکسانە بە (3). لەگەڵ ئەوەشدا، چوارگۆشەی خوارەوەی یەکسەر شێوازێکی کەمێك تەڵخ لە باشبوونی دیموکراسیی لەلایەن بکەری دامەزراوەییەوە دەردەخات، ئەوەش ئاماژەیەکە بەوەی ڕەنگە لە بەشداریکردنی بکەری زیاتر لە ساتەکانی دەستووردا، کاریگەری دەربکەوێت، کاتێك هەر بەڕاستی دیموکراسییەکە بەهێز دەبێت. حاڵەتی میانەیی تاکە بکەرێکی دامەزراوەیی و حاڵەتی میانەیی کە تێیدا "بکەری دامەزراوەیی =3"، هیچ باشتربوونێکی دیموکراسییان بەدینەهینا، کاتێك دەستوورە تازەکە خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە تێکڕاییدا یەك خاڵێکی زیادە هەیە، کاتێك "بکەری دامەزراوەیی یەکسان دەبێت بە 2". تێکڕای خاڵەکان لە سیناریۆی فرەبکەری دامەزراوەییدا کەمێك هاندەرانە دەبێت، بە تێکڕایی "جیاوازی سیستمی حوکمڕانی = 1.9"، کاتێك "بکەری دامەزراوەیی =2"، میانەیی 3.9، کاتێك "بکەری دامەزراوەیی =3".



وێنەی 7- 1 گشتگیری ساڵەکانی دەستوور و دیموکراسی ....

بەڵام لە باقی چوارگۆشەکانی وێنەی 7 -1 دا، دوو چوارگۆشەکەی سەرەوە، جیاوازی لە ئاستەکانی دواتری دیموکراسی لەنێوان ئەو حاڵەتانەی بەلانیکەمەوە تاکە بکەرێکی دامەزراوەیی هەڵبژێردراوی تیایە و نێوان ئەو حاڵەتانەی هەمان شتیان تیا نییە، ڕوون دەکاتەوە، تەنانەت بەڕوونییەکی زیاتریشەوە لە نێوان ئەو حاڵەتانەی کە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی تیایە و نێوان ئەو حاڵەتانەی تێیاندا نییە. بەهەموو دڵنیاییەکەوە، دەبێ پێشبینی بکەین، هەروەکو لەسەرەوە ڕوون

کراوەتەوە، لە ژینگەیەکدا بکەری دامەزراوەیی تیابێت کە دیموکراسییانە هەڵبژێردرابێت، سیاسەتەکانی دواتر لەسەر هەنگاوی دیموکراسییانە بەردەوام دەبێت. چوارگۆشەکەی خوارەوە ئەو جیاوازییانە نمایش دەکات کە کەمتر ڕوونیان تیایە، بەڵام شێوازەکان ئاراستەی پێشبینیکراو دەگرن. کەچی کاتێك بکەرە دامەزراوەییەکە هەڵنەبژێردراو دەبێت، "باشبوونی" تێکڕای دیموکراسی، سێ ساڵ بەر لەوەی دەستوور بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە بۆ سێ ساڵ دوای جێبەجێ کردنی دەستوور، دەبێت بە سفر و بەها میانەییەکەش دەبێت 1.4. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، کاتێك بەلانیکەمەوە، بکەرێکی دامەزراوەیی بە شێوەیەکی دیموکراسییانە هەڵبژێردراو بێت، ئەوا بەها هاوشێوەکە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا (2)و (3.5) دەبێت کە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی بەشداریکردنی دیموکراسییانە لە ساتەکانی دەستووردا، بەشێوەیەکی زۆر گشتی پەیوەستە بە زیادبوونەکانی دواتری سیاسەتی دیموکراسییەوە. کاتێك پەرلەمانێکی دیموکراسی لەنێو بکەرە دامەزراوەییەکاندا نەبێت، میانەیی "جیاوازی لە سیستمی حوکمڕانیدا =1"و بەتێکڕایی 1.5 دەبێت، بەڵام لەو حاڵەتانەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو هەیە، ئەوا باشبوونی میانەیی دوو خاڵە و تێکڕاکەشی دەبێت بە 4.1.

بەڵام چی دەربارەی ڕاپرسی؟ هەر بە تەنها بوونی ڕاپرسی وادەرناکەوێت کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی لەسەر دیموکراسی هەبێت، هەر دوو چوارگۆشەکەی لای چەپی وێنەی 7 - 2، دوای تێپەربوونی سێ ساڵ، ئاماژەیە بەوەی، ئەو حاڵەتانەی ڕاپرسی تیا نەکراوە، کەمێك دیموکراسییانەترن، ئەو حاڵەتانەشی ڕاپرسییان تیا ئەنجام دراوە، هەنگاوی ناچیزیان بەرەو دیموکراسیبوون هاویشتووە، سەرباری ئەوەی جیاوازییەکان زۆر بێفەڕ و بێبەهابوون. چوارگۆشەی لای ڕاستی وێنەکە، ئەوە دەردەخات کە دیموکراسییەت و هەنگاونان بەرەو دیموکراسی، زۆر سست بوون، چونکە پێشێلکاری لە ڕاپرسییەکاندا کراوە و لەو شوێنانەشدا بەهێز بووە کە هیچ پێشێلکارییەك ڕوووینەداوە. بەدڵنیاییەوە، ئەو ژینگانەی توانای بەرهەمهێنانی ڕاپرسییەکی پاکیان نییە، شتێکی ئەوتۆ لە دیموکراسی بەرهەم ناهێنن. بەهەر حاڵ، بۆ هێندێك حاڵەتی تاڕادەیەك کەم، بەهاگەلێکم بۆ ڕاپرسی پاك هەیە، بەڵام سوودێکی ئەوتۆ لەو شێوازە وەرناگیرێت.



وێنەی 7-2: دیموکراسی و ڕاپرسی لەسەر دەستوور

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەڵام وێنەی 7 - 3، لەگەڵ هەر دوو شێوازی "پشتگیریکردنی ڕاپرسی"و "بەشداریکردن لە ڕاپرسی" ناتەبا دەکەوێتەوە. خاڵە پەرشوبڵاوەکانی سەرەوەی لای چەپ، پەیوەندییەکی لاوازی پۆزەتیڤانەی نێوان ڕێژەی سەدی ڕاستاندنی دەستوور لە ڕاپرسییەك و نێوان ئاستی دیموکراسی دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ، ڕوون دەکاتەوە. بەڵام ڕاستەوخۆ خاڵەکانی خوارەوە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی نێوان ڕێژەی سەدی ڕاستاندن و هەنگاونان بەرەو دیموکراسی دەردەخات. خاڵە پەرشوبڵاوەکانی سەرەوەی لای ڕاست، پەیوەندییەکی ڕوونی نیگەتیڤانەی نێوان بەشداریکردن لە

ڕاپرسی و دیموکراسی دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ، ڕوون دەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا خاڵەکەی خوارەوە ڕاستەوخۆ، شێوازێکی نێگەتیڤانەی لاوازتر لەگەڵ پێشکەوتنی دیموکراسیدا ڕوون دەکاتەوە.

بە وەرگۆڕان لە کۆی دیموکراسییەوە بۆ چالاکی دەستوورەکان لە دانانی کۆتوبەند بەسەر بڕیاردەرانی جێبەجێکاردا، ئەوا چوارگۆشەی سەرەوەی لای چەپ لە وێنەی 7 - 4دا، پەیوەندییەکی پۆزەتیڤانە دەردەخات لە نێوان بکەری دامەزراوەیی= 1و نێوان کۆتوبەندە جێبەجێکارییەکان + 3، بە بەهای میانەیی بەنزیکەیی دەگاتە 3، کاتێك بکەری دامەزراوەیی = 1 (میانەیی 3.7)، بەڵام دەبێتە 5، کاتێك بکەری دامەزراوەیی = 2 یا 3 (میانەیی 4.7و 4.5 بەدواییەکدا). بەڵام دوو چوارگۆشەکەی دیی (لە ناوەڕاستی لاپەرەکەدا)، ئەوە دەردەخەن کە ئەو کۆتوبەندانەی بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا سەپێنراوە، زۆر زیاترە، کاتێك بەلانیکەمەوە بکەرێکی سیاسی هەڵبژێردراو (سەرەوە) بێت و مایەی سەرسوڕمانیشە کاتێك پەرلەمانێکی ئازاد، دەستوور داڕێژێت. چوارگۆشەکەی سەرەوەی لای ڕاستیش هیچ بەڵگەیەك ناخاتەڕوو، بەوەی ڕاپرسی لەو ژینگانەی ڕاپرسی دەستوور تێیدا بەوپەڕی پاکییەوە ئەنجام دراوە، پەیوەندی بە کۆتوبەندی زۆر یا کەم بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە هەیە.

لەکۆتاییدا، بە وەرگۆڕان بۆ ئەو داتایانەی سەبارەت بە بەردەوامبوونی دەستوور، پشت بە "نووسینەوەی دەستوور و چارەسەری ململانێ" دەبەستێت، ئەوا وێنەی 7 - 5، ڕێژەی ئەو دەستوورە هاوچەرخانە ڕوون دەکاتەوە کە لە ماوەی پێنج ساڵی یەکەمیی دوای جێبەجێ کردنی، بە بەهای بکەرێکی دامەزراوەیی و بکەرێکی دامەزراوەیی هەڵبژێردراو و بکەرێکی دامەزراوەیی هەڵبژێردراو بە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی[47]، هەموار کراونەتەوە. لیستەکەی سەرەوەی لاپەرەکەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەقامگیری دەستوور (بۆ نموونە ڕێژەی دەستوورە هەموارکراوەکان

---

[47] - لە یادت بێت کە گۆڕاوی هەموارکردنەوەی 5، گۆڕانکارییەکانی دەستوور دەنوێنێت، بۆیە توخمێکی ناسەقامگیر وەردەگرێت، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی داڕوخان یا پەکخستنەکانی دەستوور نییە. پێویستە زانیاری گشتگیر دەربارەی ئەوجۆرە ڕووداوانە بەردەست بکرێت، کاتێك "پرۆژەی بەراوردکردنی دەستوورەکان"و "نووسینەوەی دەستوورەکان و چارەسەری ململانێ" پێشدەکەوێت.

کەمترە)، بە هەبوونی ژمارەی ئەو بکەرە دامەزراوەییانە زیاد دەکات کە لە ساتەکانی دەستووردا مافی دەنگدانیان هەیە. جیاوازییەکی گەورە لە دووبارەبوونەوەی هەموارکردنەوەکاندا نییە، بەوپێیەی داخۆ هەر بکەرێکی دامەزراوەیی، بەپێی لیستی دووەم، بەئازادی هەڵبژێردراوە، بەڵام لیستەکەی خوارەوە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەو ساتانەی دەستوور کە زۆرترین پەرلەمانی هەڵبژێردراو لەخۆدەگرێت (بکەری دامەزراوەیی هەڵبژێردراو بە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی =1)، تەنها نزیکەی نیوەیان بەشێوەیەکی دووبارەیی هەموارکراونەتەوە، هەروەکو ئەوەی هیچ بکەرێکی دامەزراوەیی بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەشداری نەکردبێت.

وێنەی 3-7:



وێنەی 3-7: دیموکراسی و پشتگیری دەنگدەران لە ڕاپرسییەکاندا

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

وێنەی 4-7:



وێنەی 7-4: کۆتوبەند لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکار

وێنەی 7-5:



MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

وێنەی 5-7: بەردەوامێتی دەستوور

ئەنجامگیری

سەرباری گشت کۆتوبەندەکان، ئەوا زنجیرەی بەراوردکارییە دوو گۆڕاوەکان، بەشێوەیەکی بەرایی پشتگیری ئەو سێ گریمانەیە دەکەن کە پێشتر لەم بەشەدا باسوخواسیان لەسەر کراوە: واتە گشتگیری ساتەکانی دەستوور، بەشداری لە ئاستە بەرزەکانی دیموکراسی دواتر و بەربەستە گەورەکانی سەر دەسەڵاتی حکومەت دەکات، ئەمە بێجگە لە بەشداریکردنی لە سەقامگیری دەستووردا. ڕوونترین ئەو شێوازانەی لە داتاکانەوە سەرهەڵدەدەن، پەیوەستن بە ژمارەی بکەرە بەشداربووەکان - بەتایبەتی ژمارەی ئەو بکەرانەی بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردراون - لە پرۆسەی دارشتن و یاسادەرکردندا. تا ژمارەیەکی زیاتر لە بکەرە دامەزراوەییەکان بەشداری بکەن، دیموکراسییەکەی دواتر بەهێزتر دەبێت، سەرباری ئەوەی باشبوونی دیموکراسی و کۆتوبەندەکانی خوارەوە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، زۆر ناچیز دەبێت گەر بکەری کەمتر بەشداری بکەن. کاتێك بەلانیکەمەوە تاکە بکەرێکی دامەزراوەیی هەبێت کە بەشێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردرابێت، ئەوا سیاسەتی دواتر دیموکراسیتر دەبێت، گەر کارەکە بەوجۆرە نەبێت، هەروەکو پێشبینی دەکرێت. ئەم شێوازە لەبارەی پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکانەوە دووبارە دەبێتەوە.

بەڵام سەبارەت بە گریمانەی 2، پەیوەندی نێوان هەڵبژاردنی ئازادانەی بکەرە دامەزراوەییەکان و نێوان کۆتوبەندەکانی دواتری سەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، پەیوەندییەکی ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئەو ساتە دەستوورییانەی پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکان بەشداری تیا دەکەن، بەنزیکەیی هەمیشە سیستمەکانی دواتر تێیدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕووبەڕووی ئەو کۆتوبەندە کارایانە بۆتەوە کە دامەزراوەکانی دی سەپاندوویانە. بەهەمان شێوەش، دەربارەی گریمانەی 3، پەیوەندی نێوان ژمارەی بکەرە دامەزراوەییەکان و سەقامگیری دەستوور و نێوان بەشداریکردنی بکەرێکی دامەزراوەیی هەڵبژێردراو بە نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی و نێوان سەقامگیری دەستوور، پەیوەندییەکی سەرسووڕهێنەرە. ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ساتە دەستوورییە گشتگیرەکان، هەستێکی قووڵی خاوەنێتی و پابەندبوون بە دەستوورە تازەکان، لەنێو هاوڵاتیاندا بچێنێت. لەجیاتی ئەوەش، لەوانەیە ئەو ساتە دەستوورییانەی زۆرێك لە بکەری دامەزراوەیی لەخۆدەگرێت، مادە و بڕگەگەلێك لە دەستوورە تازەکاندا بنووسنەوە کە

هەمواركردنەوەكانی دواتر پڕزەحمەت بكات. میكانیزمەكانی ئەو پەیوەندییانە، سەرنج و وریایی ئەكادیمی گەرەكە، بەڵام تەنانەت دانان بە كۆتبەندەكانی پرۆسەی پێودانگ و توانای هەڵگۆزینی دەربارەی هۆكارێتی، ئەوا شێوازەكانی ئەو داتایانەی پەیوەستن بە بكەرە دامەزراوەییەكانەوە، بەدڵنیاییەوە ئاماژە بەگریمانەكان دەكات بەوەی ساتە دەستوورییە گشتگیرترەكان بەشداری لە دیموكراسی و كۆتوبەندە سەپێنراوەكانی سەر حكومەت و سەقامگیری دەستووردا دەكات.

ئیدی چ ڕاپرسی بەشداری لە یەكێك لەو بەها دەستووریانەدا بكات یا نا، كارێكی زۆر ڕوون نییە. بەڵام سەبارەت بەوەی، تەنها بوونی ڕاپرسی بەڕوونی ئاماژە بۆ تەبەنی كردنی دەستوور دەدا، دەشێت مرۆڤ پێشبینی ئەوە بكات كە ڕاپرسی هاوئاهەنگیی بەرامبەر بە كۆمەڵە یاسایەكی نوێ پتەو دەكات. لەگەڵ ئەوەشدا، خودی ڕاپرسی بەهیچ شێوازێكی ڕوون بە دیموكراسی، یا بەدیموكراتیزەكردن، یا كۆتوبەندە سەپێنراوەكانی سەر حكومەت نابەسترێتەوە. بەدڵنیاییەوە ڕاپرسی پاك وخاوێن لە گشت ئەوانەی باسیان لێوەكراوە لە ڕاپرسی ساختە، سەركەوتووتر دەبێت، بەڵام ژمارەی تێبینییەكان لەم بارەیەوە كەمترن، ئەمە لە كاتێكدا ژمارەكە لە توانای پەیوەندییە ساختەكەدا زۆر بەرزترە. داتاكان ئاماژە دەكەن بەوەی، پشتگیری ڕوون لە فۆرمی دەنگەكان بە (بەڵێ) نیشانەیەكی باوەڕپێكراوە كە بەشداركردنێكی میللیانە لە ساتەكانی دەستووردا بەرزترە لە بەشداریكردنی دەنگدەران. ڕەنگە ئەوەش بەهۆی ئەو ژمارە بەرزانەی بەشداریكردنەوە بێت كە قابیلی بڕاوپێكردن نییە كە لە ڕاپرسییە گەندەكاندا بڵاودەبێتەوە.

ئایا ئەمە هیچ ئامۆژگارییەك بۆ پشتگیریكارانی دیموكراسی (یا هەناردەكارانی) پێشنیاز دەكات تا لە ماوەی ساتەكانی دەستووردا پێشكەشی بكەن؟ سەرباری ئەوەی خودی ڕاپرسییەكان دەستەبەری ئەوە ناكەن كە بەهاكانی دەستوور بەدیدەهێنرێن، بەتایبەتی كاتێك هاوڵاتیان بەشێوەیەكی بەرفراوان پشتگیری لەو دەستوورە دەكەن كە دەنگی پێ دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، گومان هەیە لەوەی داخۆ خواستەكانی "نووسینەوەی دەستوورێكی مەزن و ئەنجامدانی ڕاپرسییەكی پاك و خاوێن"، جیاوازییەكی گەورە دەهێنێتە ئاراوە. دەشێت هەناردەكارانی دیموكراسی بەمەبەستی باشكردنی جۆرێتی ڕاپرسییەكان لە پەراوێزدا، هاوكاری هەڵبژاردن پێشكەش بكەن و دەبێ هەوڵەكان لەسەر ئەم شێوازە بدرێن، كاتێك ساتەكانی

دەستوور ئەنجامدانی ڕاپرسی لەخۆدەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاماژە گرنگەکانی ئەو بەڵگەیەی لێرەدا خراوەتەڕوو، ناوەڕۆکی دەستوورەکە پشت بەوە دەبەستێت چ کەسێك مادەکانی ئەو ساتانە دادەڕێژێت؟. گشتگیری نێوان بکەرە دامەزراوەییە بەشداربووەکان لە دارشتنی ناوەڕۆکی دەستوورەکان و گفتوگۆکردن لەبارەیەوە، پەیوەندی بە دیموکراسییەکی زیاترو هەنگاوی گەورەتر بەرەو دیموکراسی و سەقامگیرییەکی زیاتری دەستوورەوە هەیە. گەر هەناردەکارانی دیموکراسی لە ڕووپێوی دەستووره تازەکاندا سوود و وانە وەربگرن، ئەوا دەبێ مافی بەشداریکردن لەو ڕێکارە فەرمییانەی ساتەکانی دەستوور دیاریدەکەن، بە زۆرێك لە بکەرە دامەزراوەیی - و گشتگیرە ناوخۆییەکان- ببەخشن.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی هەشتەم

بونیاتنانی سوپاکانی دیموکراسی

زۆڵتان بارانی

"ئەو بنەما سەرەکییانەی سەرجەم حکومەتەکان پشتی پێدەبەستن (ئیدی چ تازە بێت، یا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ جێگیربێت، یا تێکەڵ)، بریتییە لە یاسای باش و سوپای باش".

ماکیاڤێلی، "میر" (38، 1995)

هەبوونی ژینگەیەکی ئارام کە میللەت تێیدا ترسی توندوتیژی فیزیکی نەبێت، پێشمەرجێکی حاشاهەڵنەگری بونیاتنانی دیموکراسییە. بۆیە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، هەبوونی هێزێکی لێهاتووی پۆلیس کە بشێت پشتی پێببەسترێت، بەشێکی گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا، دواجار، هێزی چەکداری سوپا، لە هەموو دامەزراوەکانی دیکە گرنگی زیاتری هەیە کە پێویستە لەسەر دەوڵەتی دیموکراسی دایمەزرێنێت بۆ ئەوەی دەرفەت بە پۆلیس بدات، بەپلەی یەکەم بەئەرکی خۆی هەستێت. کاتێك توندوتیژییەکی بەربلاو و /یا ململانێیەکی چەکدارانە لە ئارادا بێت، ئەوا پۆلیس توانای نییە کاروبارەکان بۆ شوێنی ئاسایی خۆیان بگێڕێتەوە، تەنها سوپا دەتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەمە سەرباری ئەوەی توانای هەیە ژینگەیەکی سەقامگیریش بپارێزێت. وادیارە ئەمە پێشنیازێکی سادە و ساکار بێت، بەڵام زانایانی دیموکراسی و پشتگیریکارانی دیموکراسی، بەدەگمەن دەچنە ژێر باری ئەوەی کە پرۆژەکانی بەدیموکراتیزەکردن، هەرگیز بەرەو پێش ناچێت، گەر ئاسایشێکی سەرەکی لەسەر ئاستی شەقام بۆ گشت میللەت دابین نەکرێت.

کەم تا زۆر کتێبێکی زۆر دەربارەی هەر لایەنێك لە لایەنەکانی دیموکراسی نووسراوە کە بشێت بیری لێبکرێتەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسووڕمانە مەسەلەی چۆنێتی پێکهێنانی سوپای دیموکراسی - واتە ئەو سوپایانەی پاڵپشتی حوکمی دیموکراسی دەکەن (نەك لەم حیزب یا ئەوی دی) - لە وڵاتانی دوای سەردەمی ستەمگەری، بایەخێکی کەمیان پێدراوە. ئەوەش پشتگوێخستنێکی سەیروسەمەرەیە و مایەی لاپرەسەنییە (فضول)، لەبەر ئەوەی - هەروەکو لە عێراقدا ڕوون و ئاشکرایە

- بەبێ دابینکردنی ئاسایشی فیزیکی، بەردەوامبوون لە پرۆژە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریە جۆراوجۆرەکاندا بۆ بیناکردنی دیموکراسی، دەبێتە کارێکی نەکردەیی. نانسی بیرمیۆ (Nancy Bermeo)، ساڵی 1992، ئاماژەی بەوە داوە کە توێژینەوەی هێزە چەکدارەکان "لە ئەدەبیاتی گواستنەوەدا گرنگییەکی ئەوەندە ناچیزی پێدراوە مایەی سەرسوڕمانە"، لەو دەمەشەوە کاروبارەکان گۆڕانێکی گەورەیان بەخۆیانەوە نەدیوە (198:1992). ئەو زانا کەمانەی کە سەرنجی زەرورەتی بیناکردنی سوپای دیموکراسی دەدەن، بەدەگمەن پێناسەی دەکەن، ئەمە چجای ئەو مەسەلە سەرەکییانەی کە ئەو بابەتە دەیگرێتە خۆی.

بۆ دڵنیا بوون، گەلێك توێژینەوە هەیە کە هەوڵ و کۆششی سیاسیی و سەرکردە مەدەنییەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا وەسف دەکات تا سوپا، وەك خزمەتکارێکی ڕژێمی ئەنتی دیموکراسی، یا سەردەمی بەر لە دیموکراسی، بگۆڕن بۆ لایەنگرێکی گوێرایەڵ بە ڕژێمی نوێی سیاسیی دیموکراسی (یا بەدیموکراتیزەکراو). زۆرێك لە کارە بەرخوازەکان - بەزۆری کۆکراوەیەکە گرووپێك لە نووسەران نووسیویانەتەوە - خودی پرۆسەکەیان لە ئاستێکی فراوانتر شیکردۆتەوە، بەوەی بەدیموکراتیزەکردنی دامەزراوە سەربازییەکانیان لە دوو وڵات یا زیاتر لە هەمان ناوچەی جیهاندا، بەراورد کردووە. شیکردنەوەی وردی تاکە وڵاتێك یا ناوچەیەکی لەمجۆرە، بە هەموو دڵنیاییەکەوە، زەرورەتێکە بۆ توێژینەوەیەکی گەورەتر و تەنانەت گشتگیرتریش بۆ ئەوەی بەدیموکراتیزەکردنی سوپاکان و پەیوەندییە مەدەنی- سەربازییەکان لەسەر ئاستی جیهان تێبگەین. هەروەها گەشەسەندنی پەیوەندییەکی لەوجۆرە کە بە پاڵپشتییەکی جێگیری هێزە چەکدارەکان بۆ حکومەتی دیموکراسی دەناسرێتەوە، پێشمەرجێکی سەرەکییە و بەبێ بوونی خودی پرۆژەی بەدیموکراتیزەکردن، سەرکەوتوو نابێت. تەنها بە شیکردنەوەیەکی بەراوردکارانەی بەرفراوان کە ژینگەی سیاسی و ناوچەی جوگرافی جیاواز لەخۆبگرێت و بشێت بەدیموکراتیزەکردن تێیدا ڕووبدات، تێگەیشتن و ڕاڤەی گونجاو بۆ زەرورەتی ئەرکەکە دەهێنێتە ئاراوە، ئەمە بێجگە لەو ئەرك و ئاڵەنگارییانەی ڕووبەڕووی بیناکردنی سوپای دیموکراسی دەبنەوە.

سوپا یەکێکە لە گرنگترین ئەو دامەزراوانەی کە سیستمە حوکمڕانە ستەمگەراکان پارێزگاری لێدەکەن. لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو وڵاتانە - بەهەموو

دڵنیاییەکەوە نەك هەموویان - شەرعییەتێکی میللیانەی زۆر کەمیان هەیە، بۆیە پشت بە بریکارەکانی ناچارکردنی دەبەستن کە دامەزراوەی سەربازی بە بەهێزترین و گشتگیریترنیان دادەنرێت. لە ژینگەیەکی دیموکراتیزەکراوی کۆمەڵاتی - سیاسیدا، دەتوانرێت چ شتێك بەم سوپایە بکرێت؟ چۆن سوپایەکی دیموکراسی بینای دەکریَ؟. وەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە ئاڵۆزە و تاڕادەیەکیش زۆر پشت بە جۆری بنچینەکان، یا ئەو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە دەبەستێت کە سوپا دیموکراسییەکانی لەسەر بینا دەکرێت. لێرەدا، بەلانیکەمەوە، پێنج جۆری جیاواز بۆ ئەو جۆرە ژینگانە هەیە:

1) قۆناغی پۆست-جەنگ (بۆ نموونە، ئەڵمانیا و ژاپۆن).
2) قۆناغی پۆست-کۆلۆنیال (ئیستعمار) (بۆ نموونە، هیند و پاکستان).
3) قۆناغی پۆست-حوکمی دەستەبژێرە سەربازییەکان (بۆ نموونە، چیلی و ئەرجەنتین).
4) قۆناغی پۆست-کۆمۆنیست (بۆ نموونە، ڕوسیا و ڕۆمانیا).
5) قۆناغی پۆست-چەنگی ناوخۆ (بۆ نموونە، بۆسنە و لوبنان).

تەنانەت لە یەکەم سەرنجیشدا، جیاوازی گەورە لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا دەردەکەوێت، هەر بۆ نموونە، لە حاڵەتی یەکەمدا، هێزە دەرەکییەکان، بیناکردنی سوپایەکی نوێیان لە ئەستۆ گرت. لە هێندێك حاڵەتدا دەسەڵاتی دەرەکی زۆر گەورە بوو، ئەمە لە کاتێکدا، لە هێندێك وڵاتی دی، لە وڵاتانی باشووری ئاسیا لە دوای ماوەی ئیستعماردا، بەزۆری ئیدارەی پرۆژەی بیناکردنی سوپای دیموکراسی لە ناوخۆدا ئەنجام درا. سەرباری ئەوەش، پێویست بوو، ژمارەیەك پرس لە هەموو ئەو ژینگە سیاسییانەدا چارەسەر بکرێن.

ئەرکی سەرەکیی بیناکردنی سوپای دیموکراسی، پرسیارگەلێکی بنچینەیی لەخۆدەگرێت کە هاوسەنگی هێزە دامەزراوەییەکان و سەرپەرشتی کردنی مەدەنی تیا بێت. کەواتە ئەو دەسەڵاتانە چین کە هەر دوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان دەربارەی هێزە چەکدارەکان دەبێ هەیان بێت؟ چۆن بەرپرسیارێتییەکان لە نێوان وەزیری بەرگری و فەرمانەدەی سوپا دابەش دەکرێن؟ بە چ شێوازێك دەشێت کۆنترۆڵی پەرلەمان بەسەر بودجەی بەرگریدا زامن بکرێت؟ دەوڵەت چۆن دەتوانێت

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

کۆمەڵەیەك لە شارەزایانی مەدەنی سەربەخۆ پێبگەیەنێت تا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنێکی پاك و ئاگایانە لەبارەی کاروباری دارایی سوپا و بەرنامەی پڕچەککردن و چالاکی ئۆپراسیۆنەکان و کارەکانی دی، هانایان بۆ بەرێت؟ چۆن لێپرسینەوە و جێبەجێکردنی دارایی وەزارەتی بەرگری بچەسپێنرێت؟

لەم بارەیەوە، سێ گفتوگۆ ئەنجام دەدەم، یەکەم، بیناکردنی سوپای دیموکراسی، کارێکی گرنگە بۆ وەرگۆڕان و بەهێزکردنی دیموکراسییەکان، سەرباری جیاوازی گرنگییەکەی لەنێو ناوکۆیەکان و ئەوانی دیکەدا. دووەم، ئەم ڕێکخستنانە زۆر جیاوازن، چونکە ئاڵەنگاری ناچوونیەکی تیایە بۆ ئەوانەی ئەمجۆرە سوپایانە بونیات دەنێن و پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییەکان دادەڕێژن. سێیەم، پێشکەشکردنی ڕاڤەی جەوهەریی و بەسوود بۆ پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییەکان، لەوجۆرە ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییانەدا، بۆ تیورییەکی گشتی کارێکی ئەستەمە. لە ڕاستیدا، لە بواری پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییەکاندا، پێویستە بە داڕشتنی "تیورەی گەورە"، کۆتوبەند لەسەر بەرخوازییەکان دابنرێت، هەروەها هانی کرانەوە بدرێت بەسەر بیرۆکەی بوونی کۆمەڵە فۆرمەڵەیەکی تیورەیی کە داواکاریی سادە و خاکییانە، بەڵام پڕسوودیان هەیە.

ئەم بابەتە بەرفراوان و پەلوپۆدارە، لەم بەشەدا بوارمان نییە توێژینەوەیەکی ورد بۆ زۆرێك لە پرسە گرنگە پەیوەندیدارەکان بکەین، هەروەها بواریشمان پێنادات شیکاری بۆ ئەو پرسانە بکەین کە وابەستەییان بۆ ژینگە هەمەڕەنگە سیاسییە جیاوازکانەوە هەیە و پێشتر ئاماژەمان پێداوە. بۆیە مەبەستەکەم بە جیاکاری هێندێك گرنگیدانی پێوانەیی و تیورەیی و ئەزموونیی پەیوەندیدار بە بیناکردنی سوپای دیموکراسی، سنووردارکراوە. لەم بارەیەوە، بەمجۆرە باس لە بابەتەکە دەکەم: یەکەم، بە وەڵامدانەوەی پرسیاری "سوپای دیموکراسی چۆن دەردەکەوێت؟"، ئەدگارە بنەڕەتییەکانی پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییەکان دیاری دەکەم. دووەم، هێندێك لە بەشدارییە بەسوودەکانی تیورەیی دیاریدەکەم، بۆ ئەوەی لە ئەرکە زەرورییەکەی بیناکردنی سوپای دیموکراسی، لە ناوکۆیی ماوەی دوای حوکمڕانی دەستەبژێری سەربازی و پۆست-کۆمۆنیست تێبگەین، ئەوەش دەستیاریمان دەکات لەو ئاڵەنگارییە تایبەتانە تێبگەین کە سیستمە

حوکمڕانە جۆراوجۆرەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە. لە کۆتاییشدا، ئارگیومێنتەکانم بە پوختەی بەراوردکارییەکی کورتی ئەزموونە کردەییەکانی بیناکردنی سوپای دیموکراسی لەمجۆرە ڕێکخستنانەدا ڕوون دەکەمەوە.

کارێکی پێویستە لەم پێگەیەوە، ئاگاداکردنەوەیەکی زاراوەیی بەنێوبخەین (إدخال). بەمانای وشە، ڕەنگە وادیاربێت، زاراوەی "سوپای دیموکراسی" زارەکییانە دژبەیەك و ناکۆك بێت، وەکئەوەی هێزە چەکدارەکان بەسروشت دامەزراوەی هەڕەمی و نادیموکراسی بن. ڕەگەزە چەکدارەکان دەنگ بە فەرماندەکانیان نادەن، بەدەگمەنیش گوێڕایەڵیان بۆ فرمانەکان ئارەزوومەندانە دەبێت. ئەوەی لە وتنی "سوپای دیموکراسی"دا دەمەوێت بیڵێم، بریتییە لە "پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییەکانی دیموکراسی"، واتە خاڵی بەیەکگەیشتن، یا خاڵی پەیوەندی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە لەلایەك، نێوان دامەزراوەی سەربازی لەلایەکی دیکە، کە پشت بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی دەبەستێت.

سوپای دیموکراسی چۆنە؟

وەڵامیکی سادە بۆ ئەو پرسیارە نییە کە لە ناونیشانە لاوەکییەکەدا هاتووە. بەدڵنیاییەوە گەلێك پێداویستی سەرەکی هەیە: پاراستنی مافەکانی تاقمە سەربازییەکان، لێپرسینەوەی ئەفسەرو سەربازەکان و پراکتیزەکردنی بەزرکردنەوەی دادپەروەرانە...هتد. بەدەستەواژەی گشتییانەتر، لێرەدا گۆڕاوگەلێکی ناوکۆ دیاریکراو هەیە، ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوەی سوپایەکی دیموکراسی پێکدەهێنێت. لێگەڕێن با ئەو گۆڕاوە هەرە گرنگانە ببینین، بەر لەوەی پرسەکانی پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییە هەرە تەقلیدییەکان وەبەرباس بخەین.

سەربازە تەوزیمییەکان یا خۆبەخشەکان؟

نیکۆلۆ ماکیاڤێلی، یەکێك بوو لەو بەرگریکارە سەرەتاییانەی کە بەرگری لە میلیشیا میللییەکان دەکرد، دەرکی بە گرنگی تاکەکانی سوپا لە سەربازە تەوزیمی یا خۆبەخشەکان دەکرد (1964:xiii، 22). هەر بەڕاستی ئەمە یەکێکە لەو پرسە سەرەکییانەی کە بەسوپای دیموکراسییەوە پەیوەستە. ئارگیومێنتی بەهێز هەیە بۆ هەر یەك لەو سوپایانەی پشت بەسەربازگیری دەبەستن و ئەوانەی پشت بە خۆبەخشەکان دەبەستن، هیچ یەکێك لەو دوو پۆلە کەمتر یا زیاتر لەوی دی

دیموکراسیتر نییە. پێویستە لەسەر دیموکراسییەکان، بەپێی توانا، پشتگیری لەو سیاسەتانە بکەن کە زامنی ئەوە دەکات، سوپای پیشەیی ڕەنگدانەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئەتنیکی و جوگرافیی کۆمەڵگە بێت (یۆنگ 2006؛ 28). ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی هەڕەشەی دەرەکی دەبنەوە و مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بە خەڵکانی مەدەنی، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەکارێکی پەسەند و لەڕووی ستراتیجیشەوە بەزەروری دادەنرێت، ناڕەزایەتییەکی بەرفراوان دژ بە سەربازگیری ناچاری نییە و سەربازگیری گشتیش بەزۆری بژاردەیەکی پەسەندە. دەبێ وڵاتە دیموکراسییەکان، سەربازگیری بەشێوەیەکی دادوەرانە ئەنجام بدەن و ئەو کەسانەش بیروباوەری کەسێتی و ئایینییان هەڵگرتنی چەك یا بەجێهێنانی خزمەتی سەربازییان لێ قەدەغە دەکات، بژاردەی خزمەتی ناسەربازییان لە ناو هێزە چەکدارەکان پێ بدرێت، یا لە بواری کۆمەڵایەتییەکی بەسوودی دیکەدا کاریان پێ بدرێت (بۆ نموونە، چاودێری تەندروستی یا پەروەردە). سوپای سەربازگیری تەوزیمی کەمتر چالاکە و لەسەر ئەو بنەمایەی هەر سەربازێك بەپێی قەوارەی ئەو توانایەی پێشکەشی دەکات، سەرچاوەی زیاتری دەوێت. بەزۆری لە دامەزراوەی مەشق و ڕاهێنانی واقیعی دەچێت کە لەسەر حیسابی خۆنوێکردنەوەی بەرگری، پارێزگاری لێدەکرێ، ئەوەش بەهۆی ئەو پاڵپشتییەی کۆمەڵگە لە خزمەتیکردنی تەوزیمی دەکات، هەروەها ئەو سوپایانەی پشت بەسەربازگیری دەبەستن، دەخوازن وردبینی کۆمەڵگەیەکی چالاکتر کێش بکەن، بەوەی بەنزیکەیی هەر هاوڵاتییەك خزمەت دەکات، یا کەسێکی نزیکی لە سوپادا خزمەت دەکات.

دابەشکردنی ئەتنیکی-ئایینی

کارێکی بەرایی و بەڵگەنەویستە کە پێویستە سوپاکانی دیموکراسی بەیەکسانی بەرامبەر خەڵکانی ناسنامە ئەتنیکی-ئایینییە جیاوازەکان کراوەبن، ئەو کەسانەی دەیانەوێت وەك سەربازی پیشەیی خزمەت بکەن، دەبێ بەهەمان پێوەر حوکمیان بەسەردا بدرێت و دەبێ ئەو یاسایانەی سەربازگیری سوپاکان ڕێك دەخات، بۆ هەمووان دادوەرانە بێت. وادیارە ئەو پرەنسیپە سەرەکییانە سادە و ساکار و بەدەگمەن ئاڵۆزن. پێویستە پرسگەلێکی زیاتر لە کۆمەڵگە فرەئەتنیکی و/ یا فرەئایینییەکان چارەسەر بکەین، ئەو پرسانەش وەڵامێکی ستانداردیان نییە. بۆ نموونە، ئایا دەبێ دەوڵەت لەو حاڵەتانەدا دەستوەردان بکات کە تێیدا تاکەکانی تاکە

نەتەوەیەك، نەك بەهۆی گەمە و ساختەکاری حکومەتەوە، بەڵکو بەهۆی گرنگیدانی زیاتر بە پێشە، بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ نوێنەریان لە چینی ئەفسەراندا هەبێت؟ ئایا دەبێ سەربازەکان دەرفەتی خزمەتکردنیان لە ناوچە ئەتنیکی/ ئایینییەکانی خۆیان پێ بدرێت، یا دەبێ - ڕەنگە بە مەبەستی تێکەڵبوون - جیاواز لە ناوچەکەی خۆیان خزمەت بکەن؟ لەجیاتی ئەوەش، ئایا پێویستە یەکەکان بە سەربازی ئەتنیك و ئایینە جیاوازەکان پڕبکرێنەوە، یا دەبێ سەربازانی یەکەکان هەمان پێشخانیان هەبێت؟ ئەگەر لە وەڵامەکانماندا پشت بە ئەزمونی ویلایەتە یەکگرتووەکان ببەستین، ئەوا دەتوانین بە وەڵامی جیاواز بگەین، گەر پشتیش بە ئەزمونی عێراق و ئەندونیسیای هاوچەرخ ببەستین، ڕەنگە پاساوەکانمان بەتەواوەتی جیاوازبن.

جێندەر و ناسنامەی سێکسی

لە دەیەکانی دواییدا، ژمارەیەك لەو پرسانەی بە ئاشکرا گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرا، لەسەر ئاراستەی جێندەری و سێکسی سەربازە گریمانەییەکان تەوەرەی دەبەست. ئایا پێویستە ڕێگە بەژنان بدرێت لە بەرەکانی شەڕدا خزمەت بکەن؟ دەبێ تا چ مەودایەك هێزە چەکدارەکان سەربازی ژنیان تیا بێت؟ ئایا دەبێ سەربازەکان ناچار بکرێن لەوەی بۆچوونی ڕەگەزیی خۆیان دەربڕن؟ ئایا پێویستە هێزە چەکدارەکان دەرگا بەڕووی سەربازە هاوڕەگەزبازەکاندا ئاواڵە بکات؟ وادەردەکەوێت ڕێنماییەکان ئەوە بێت کە پێویستە ئیرادەی میللی لە دەوڵەتێکی دیموکراسیدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە. چونکە هەر کۆمەڵگەیەك، تەنانەت لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکانیشدا، بەهای جیاوازی هەیە و هەر یەکەیان پشتگیری لە شێوازی جیاواز دەکات، بۆیە هەرگیز مایەی سەرسوڕمان نییە هاوڵاتیانی هۆڵەندا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوازی جیاواز بیر لەو مەسەلانە بکەنەوە.

هێزە چەکدارەکان وەك تاقیگەیەکی کۆمەڵایەتی

لێرەدا مەسەلەیەکی گەورە هەیە بەدەگمەن گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەویش داخۆ پێویستە دەوڵەت، هێزە چەکدارەکان بەکاربهێنێت تا سیاسەتە پێشکەوتووخوازەکان بەجێبگەیەنێت کە ڕەنگە لە کۆمەڵگەدا مشتومڕی لەسەر بێت. پرەنسیپەکە ئەوەیە، سەرباری ئەوەی سیستمە دیموکراسییەکان تەنها کاریگەرییەکی دیاریکراویان بەسەر کۆمەڵگەکانیانەوە هەیە، بەڵام دەسەڵاتیان بەسەر هێزە

چەکدارەکاندا دەشکێت. دەرئەنجام، بەنێوخستنێکی سەرکەوتووانەی بەرنامەی دیموکراسی بۆ ناو هێزە چەکدارەکان، بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ململانێئامێزی بێت، ڕەنگە دواجار باقی کۆمەڵگەش بەڕاست و دروستی هەنگاوەکەی قایل بکات. بۆ نموونە، تێکەڵبوونی ڕەگەزی لە ناو هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا لە سەردەمی سەرۆك ترۆمان (Truman)دا، بەر کۆمەڵگە - بەتایبەتی لە هێندێك ناوچەی وڵاتدا- ئامادەیی بۆ هەنگاوێکی لەوجۆرە تیا بێت، بە ماوەیەکی دووروودرێژتر دەستی پێکرد. سوپا بووە یەکەم گەورە دامەزراوەی ئەمەریکی کە تێیدا ڕەشپێست دەرفەتی یەکسانیان بۆ پێشکەوتن هەبوو. ئەم سیاسەتە سەرکەوتنێکی نایاب بوو، چونکە هەم سیاسەتێکی سەرکەوتوانە بوو، هەم چالاکی هێزە چەکدارەکانی باشترو بەهێزتر کرد (مۆسکۆس و بوتلەر 1996، لۆرك 2001: 270-272).

مەسەلەی بەکارهێنانی هێزی چەکدار وەك سەرزەمینی تاقیکردنەوەیەکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی، سەرنج بۆ پەیوەندییەکی سێکوچکەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە و هێزە چەکدارەکان ڕادەکێشێت، بە مانایەکی دیکە، پەیوەندییە مەدەنییە-سەربازییەکان. ئەم پەیوەندییانە، ڕێك وەك دیموکراسی بەردەوام گەشەدەسەنێت. سەرباری ئەوەش، پرسە پێوەرییەکانی سیاسەتی سەربازی، بەزەرورەت لە هەموو دیموکراسییەکاندا وەك یەکن (برونیۆ 2006: 3). کەواتە ئەوانە چین؟

سیاسەتناسەکان بەشێوازی جۆراجۆر باسوخواسیان لەسەر مەسەلەی پەیوەندییە مەدەنییە- سیاسییە "ئایدڵ"ەکان کردووە. ڕەنگە، بۆ بەدەمەوەچوونی نیاز و مەبەستەکەمان، باشتر بێت وەك سیستمی جووت لەپێشبوون (أولويات مزدوجة) تێیان بگەین: کەمکردنەوەی تایبەتمافەکانی هێزە چەکدارەکان و پایەدارکردنی کۆنترۆڵکردنی مەدەنییانە بەسەریاندا. بەهەر حاڵ، ئەوەش کارێکی ئەوەندە سانا نییە بە سادەیی ئەنجام بدرێت، کۆمەڵە ژینگەیەکی شیمانەیی کە بشێت سوپای دیموکراسی تێیاندا بینا بکرێت، کاروبارەکانی زیاتر ئاڵۆز کردووە. بۆیە لێگەڕێن با لەلایەنە سەربازیەکەوە لە هاوکێشەکە بڕوانین، پاشان توێژینەوەی ئەرکی مەدەنییەکان بکەین.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

تایبەتمافە سەربازییەکان

ئەفسەرانی سوپا کەم تا زۆر لە هەموو سیستمە ستەمگەرەکاندا، ژمارەیەك تایبەتمافی سیاسی و/ یا سۆسیۆئابورییان هەیە. دەبێ ئامانجی دیموکراسیخوازەکان "هەڵوەشانەوەی" دۆخە جیاکارەکەی سوپا و دامەزراندنی هێزی چەکداری متمانەپێکراو و بەتوانا بێت، لە هەمان کاتدا خزمەتکاری بەڕێز و ڕێزلێگیراوی دەوڵەت و هاوڵاتیان بن. دەبێ هێزە چەکدارەکان لە بەرامبەر یاسادا، بەرپرسیاربن، هەروەها پێویستە بەرپرسیارێتییە پیشەییەکەیشی بە دەستوور ڕێك بخرێت. کورتکردنەوەی ئەرکی هێزە چەکدارەکان بۆ بەرگریکردن لە وڵات و دژایەتیکردنی دوژمنانی "دەرەکی"و دوورخستنەوەی لە سیاسەتی ناوخۆدا، ئەوپەری گرنگییان هەیە. ئەگەر دامەزراوەی سەربازیی بێزاری یا ناڕەزایەتی دەربڕی، ئەوا کارکردنی لە ئەرکی پاراستنی ئاشتی نێونەتەوەییدا، ڕێگەیەکی سەرکەوتووە بۆ ئەوەی هەست بە سوود و توانای خۆی بکات. بەڵام گەر پێویست بێت هێزە چەکدارەکان هیچ ئەرکێکی ناوخۆییان نەبێت، دەبێ ئەرکەکەی لە حاڵەتی کارەساتدا لە پرۆسەی ڕزگارکردندا کورت بکرێتەوە و پێویستە بەشداری لە بەرنامەی ناوخۆدا نەکات، بۆ نموونە، گەشەپێدانی گوندەکان یا ئەو کارانەی پۆلیس کە ڕەنگە بە سیاسیی بکرێت. پێویستە ئەو هێزانە هیچ ڕۆڵێکیان لە قەڵاچۆکردنی مادەهۆشبەرەکان یا سیاسەتی بەپیسەشازیکردن نەبێت، چونکە ئەو جۆرە چالاکییانە بە مسۆگەری گەندەڵی لێ دەکەوێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی پێویستە ئەو چالاکییانە بە هێزە ئەمنییەکانی ناوخۆ بسپێردرێن.

پێویستە قەوارەی هێزە چەکدارەکان لەگەڵ ئەو ئاڵەنگارییانەدا بگونجێت کە ڕەنگە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، بۆ ئەوەی زامنی پاراستنی توانا سەرەکییەکەی بکات. هەر دەوڵەتێك سوپایەکی گەورەی هەبێت، بەتایبەتی فەیلەقێکی گەورە لە ئەفسەران کە بەشێوەیەکی ناپێویست لە ئامادەباشیدا بێت، ئیدی ئەو سوپایە تەنیا سەرچاوەکان بەفیڕۆ نادات، ڕەنگە - پاڵپشت بە ژینگەی سیاسی- سەرئێشەش دروست بکات. زۆر گرنگە زنجیرەی فەرماندەیی (لەنێو هێزە چەکدارەکاندا) زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت و هیچ ئاڵۆزی و لێڵییەك لەبارەیەوە نەبێت. پێویستە فەرماندەی سوپا - بەرزترین پلەی سەربازیی سوپایە - گوێڕایەڵی وەزیرێکی مەدەنی بێت کە ئەندامە لە حکومەت و نوێنەرایەتی حکومەت دەکات لەلای هێزە چەکدارەکان، لەلای

حکومەتیش نوێنەرایەتی هێزە چەکدارەکان دەکات. بەپیشەییکردنی زیاتری هێزە چەکدارەکان، بە یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی دیموکراتیزەکردنی وڵاتان دادەنرێت. دەشێت ئەم کارە بە هاوبەشی لەگەڵ فەرماندەیی باڵا، بە ئامادەکردنی سیستمێکی گونجاو بۆ ڕاهێنان و پەروەردەی سەربازی بەجێبهێنرێت کە پاڵپشتی لە کولتوری ڕێکخستنی خودکۆنترۆڵکردن و ڕێزلێنانی دەستوور دەکات، دان بەو گیانفیداکارییانەشدا بنێت کە کۆمەڵگە بۆ بەرگریکردن لە خۆی پێشکەشی دەکات.

هەروەها کات دیاریکردنیش گرنگییەکی زۆری هەیە، هەر هەڵپەکردنێك بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕیفۆرمانە - بەتایبەتی لە دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتانەی لەژێر کۆنترۆڵی حوکمی سەربازیدا بوون - ڕەنگە دەرئەنجامی ئاوەژووی هەبێت (ئاگیورۆ 1995). بۆیە دەبێ گۆڕانکارییەکان لەو ناوکۆی سیاسییدا دوابخرێت کە بەنێوخستنی مەدەنییەکی شەڕەنگیز لە کاروباری ناوخۆییدا هەڕەشە لە هێزە چەکدارەکان بکرێت. بەڵام لە سیناریۆی ئایدیاڵی پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییەکاندا، هێزە چەکدارەکان لە سیاسەت بەدوور دەبێت و بە هەلومەرجی خزمەتکردن قاییل دەبێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، پێویستە دەوڵەت دۆخە پیشەییە باڵاکەی هێزە چەکدارەکان لە ڕێی بەردەستکردنی کەلوپەلی تازەوە، فراوان بکات، ئەمە بێجگە لە مووچە و قازانج و بەرژەوەندی شایستە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێزلێنانی کۆمەڵایەتی بۆ پیشەی سەربازی و دوورکەوتنەوە لە خۆهەڵقورتاندن لە کاروباری ناوخۆی سوپا - بۆ نموونە، ڕاهێنانەکان و پلە بەرزکردنەوەی ڕۆتینی- هەروەها هێزە چەکدارەکان لە کێبەرکێی سیاسیەتی ناوخۆدا بەکارنەهێنرێت.

دوا جار، لە ناوکۆی دیموکراتیزەکردنی وڵاتاندا، دەبێ ئەمەکدارییە سیاسییەکانی هێزە چەکدارەکان چارەسەر بکرێن. زۆر گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە لەو ژینگە سیاسییەی لە جۆرێك ستەمگەرییەوە بەرەو فۆرمێك لە حکومەتی دیموکراسی دەگوێزێتەوە، کارێکی ناپەسەندە، سوپا لەڕووی سیاسییەوە بێلایەن بێت. پێویستە دیموکراسیخوازەکانی سوپا بێلایەن نەبن، کاتێك ئاڵەنگارییەك ڕووبەڕووی حوکمڕانی دیموکراسی دەبێتەوە. بەڵام لە جیاتی ئەوەش، پێویستە سەرکردە تازەکانی دیموکراسی، هەبوونی سوپایەك بخوازن کە زۆر بەڕوونی پاڵپشتی لە سیستمی تازەی دیموکراسیدا بکات. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش،

پێویستە چینی سیاسیی دیموکراسی پەیوەندییان لەگەڵ هێزە چەکدارەکان - بەتایبەتی فەرماندەکانیان - هەبێت، لەوەش تێبگەن کە پاڵپشتی کردنی تەنها ڕێز و نرخێکی گەورەی نییە، بەڵکو لە سەرخستنی پایەدارکردنی دیموکراسیشدا، زۆر زەرورییە.

سەرپەرشتی کردنی مەدەنی

لە هەلومەرجە سەرەکییەکانی حوکمڕانی دیموکراسیدا، بەشداریکردنی هەر دوو لقی حکومەتی یاسادانان و جێبەجێکردنە لە کۆنترۆڵی مەدەنی بەسەر هێزە چەکدارەکانەوە. بەگشتی سەرۆکی دەوڵەت، فەرماندەی باڵایە، ئەمە لە کاتێکدا وەزیری بەرگری ئیدارەی ڕۆژانەی هێزە چەکدارەکان دەکات. هەڵبژاردنی وەزیرێکی بەرگری جۆرێك لە شارەزایی هەبێت، یا بەلانیکەمەوە، هێندێك گرنگیی ڕوون و ئاشکرا بە کاروباری ئۆفرەیی-بەرگریی بە هێزە چەکدارەکان بدرێت، ئاماژەیە بەوەی دەوڵەت بەجیدی گرنگییان پێ دەدات. بەشێوەیەکی ئایدیاڵانە، وەزیری بەرگری و وەزارەتەکەی، تێکەڵ بە بونیادی دەسەڵاتی حکومەت دەبن و متمانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان پێ دەبەخشرێت (برونیۆ و گوتزی 2006: 88). سەرباری ئەوەی وەزارەتی بەرگری بەشێکە لە دەستەی جێبەجێ کردن، بەڵام پەیوەندیشی لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)دا زۆر گرنگە، چونکە پەرلەمان لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، گفتوگۆی ئەو یاسایانە دەکات کە پەیوەستن بە بەرگرییەوە و دایاندەڕێژێت و بڕیار لەسەر بودجە دەدات و سەرپەرشتی خەرجکردنی دەکات، هەروەها چاودێری جێبەجێ کردنی دەکات، هەر یەك لە حکومەت و هێزە چەکدارەکانیش بەرامبەر بە ڕەفتارەکانیان بەرپرسیار دەبن. دەسەڵاتی پەرلەمان بە ئامادە کردن و یاسادەرکردن و وردبینی کردنی بودجەی ئیدارەی سوپا، ئامرازێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی هێزە چەکدارەکانی پێبکرێت. دواجار، لە زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکاندا، تەنها پەرلەمان دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگ و حاڵەتی ناکاوی لە وڵاتدا هەیە (وێڵچ 1976: 7).

لیژنە پەرلەمانییەکانی تایبەت بە بەرگری و ستافەکەی، بکەری سەرەکیی تێدا هەیە، لەبەر ئەوەی هەر بەڕاستی سەرپەرشتیاری مەدەنییانە پراکتیزە دەکەن و لە پێگەیەکی سەربازیی شارەزا دەچن. بۆیە لەسەر دەوڵەتی دیموکراسی پێویستە، پشتگیری بەدەستهێنانی زانیاری مەدەنی لە کاروباری بەرگریدا بکات، چونکە دەشێت

پەرلەمان بە بەدەستهێنانی ئەوجۆرە زانیارییانە، ببێت بە سەرپەرشتارێکی بەتواناو شارەزا بەسەر هێزە چەکدارەکانەوە. هەروەها ئەمجۆرە شارەزاییە لە پەرلەمان و لەلای ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێگە لە هەژمونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر بواری سەربازیدا دەگرێت (جیراڵدۆ 2006: 43). سەرپەرشتیاری مەدەنی بەبێ هەبوونی دامەزراوەی بەهێزیی سیاسی بوونی نابێت، چونکە لە دیموکراسییە ساواکاندا کە دامەزراوە سەربازییەکان ڕاهاتوون دەستوەردان لە کاروباری سیاسیدا بکەن و کاریگەرییەکی زۆری سیاسی و ئابورییان هەبێت، بەتایبەتی ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری دژوارو ترسناك دەبنەوە (دایمۆند 1999: 113). بەڵام بکەرە دەرەکییەکان - وەك هاوپەیمانی سەربازی کە دەوڵەتە دیموکراتیزە تازەکان، ئارەزووی چوونە ریزەکانیان دەکەن، یا ئەو وڵاتە دیموکراسییانەی گرنگی بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی دەدەن - ڕەنگە بتوانن بەشێوەیەکی ئەرێنی، کاریگەرییان لەسەر پەیدابوون و گەشەسەندنی پەیوەندییە مەدەنییە-سەربازییەکان هەبێت. بەڵام حوکمڕانییەکی چالاکی دیموکراسی، باشترین چارەسەری خۆپارێزییە بۆ ئەوەی ڕێگە لە دەستوەردانی سیاسی لە کاروباری هێزە چەکدارەکاندا بگیرێت، ئەوەی خوان لینز (Juan Linz) ناوی لێدەنێت "ئەمەکداری" هەموو بکەرە سەرەکییە سیاسییەکان بۆ سیستمی دیموکراسی (1978: 30).

بەکورتی، پێویستە پەیوەندییە مەدەنییە-سەربازییەکانی هەر وڵاتێکی دیموکراسی ئەم پێوەرانەی تێدا بێت: 1) دەبێ هێزە چەکدارەکان ملکەچی کۆنتڕۆڵی دامەزراوە هاوسەنگەکانی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی یاسادانان بن، 2) پێویستە زنجیرەی فەرماندەیی سەربازی و بوارەکانی بەرپرسیارێتی دامەزراوە سیاسییەکان لەسەر هێزە چەکدارەکان، بۆ گشت سیناریۆ شیمانەییەکان ڕێك بخرێت (کاتی ئاشتی، ناکاو، جەنگ)، 3) پێویستە ئەو حاڵەتانە ڕێك بخرێن کە وادەخوازێت هێزە چەکدارەکان بە دەستوور لە کاتی ئاشتیدا بەکاربهێنرێن، 4) پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان بەشداری بەرپرسیارێتییە داراییەکانی تایبەت بە خەرجییە سەربازییەکان بکەن، 5) پێویستە هێزە چەکدارەکان لە سیاسەت دوور بخرێنەوە، هەروەها دەبێ ڕێگە بە کەسیان نەدرێت، جگە لە مافی دەنگدان، هیچ ڕۆڵێکی سیاسی پراکتیزە بکەن، 6) دەبێ ڕاهێنان بە شارەزا مەدەنییەکان بکرێ بۆ ئەوەی دەربارەی ئەو پرسانەی بە بەرگرییەوە

پەیوەستن، ڕاوێژی بابەتییانە پێشکەش بە سیاسی و خەڵك و فەرمانبەرانی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت (بە وەزارەتی بەرگریشەوە)و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکەن.

ڕاڤەکردنی سیاسەتی سەربازی لە ناوکۆییە هەمەجۆرەکاندا

لەڕێی تیورەی فەرمی یا ئەو پرەنسیپە جیهانییانەی قابیلی پراکتیزەکردنن، زانیارییە هەنووکییەکان دەربارەی پەیوەندییە مەدەنییە-سەربازییەکان، شتێکی ئەوتۆ بەرهەم ناهێنێت. ئەدەبیاتێکی تیورەیی دیار دەربارەی ئەو هەلومەرجانە هەیە کە سەربازەکانی سوپا هاندەدا حکومەتەکان سەرەوبن بکەن، هەروەها دەربارەی دیاریکردنی کات و ستراتیج و پلاندانان و جێبەجێ کردنی کودەتا سەربازییەکانیش. بەڵام ڕەنگە چالاکی سیاسیی هێزە چەکدارەکان، فۆرمی هەمەڕەنگتر لە کودەتا سەربازییەکان یا ئەنجامنەدانی وەربگرێت و دەبێ واتەماشا بکرێت وەکئەوەی لەپاڵ بەردەوامبوونی گۆڕاوە هەمەجۆرەکاندا ڕوودات، بۆ نموونە، ئاستی تایبەتمافەکانی ڕێکخستن و لێسەندنەوەیان. "کاریگەری سەربازی"، واتە مەودای ڕەفتاری دامەزراوەیی کە دەکەوێتە نێوان هەر دوو لایەنی کودەتای توندوتیژئامێزی سەربازی و گوێڕایەڵی سوپا بۆ سەرەوەری مەدەنی، زۆر زەحمەتە تیوریزەی بۆ بکرێت، سەرباری ئەوەی ئەم کارە زۆر جێگەی بایەخ و سەرنجی سیاسەتناسەکانە، ئەوانەی گرنگیی بە پەیوەندییە مەدەنییە- سەربازییەکان دەدەن.

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکان، بریتییە لەوەی پلەبەندیی لە نێوان دوو خاڵی دژبەیەکی شەبەنگی کودەتا/ دەستوەرنەدان لە سایەی ئاڵۆزیی حاڵەتەکان و ژمارەی ڕاڤە شیمانییەکان بۆ دەستوەردانی سوپا لە سیاسەتدا، زۆر بە زەحمەت بە وردی پێوانە دەکرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی ڕاڤەکان بەرامبەر بەیەکتری گرنگیی و بایەخی هەمەرەنگیان هەیە. ئەگەر وادانێین تەنیا لەنێو ئەو پێنج ناوکۆییە سیاسییە هەرە جیاوازانەدا، دەتوانرێ سوپای دیموکراسیی بینا بکرێت - بۆ نموونە، ژاپۆن لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، یا ڕۆمانیا لە دوای کۆمۆنیزم - یەکسەر کەم تا زۆر بەئەستەمبوونی دانانی تیورەیەك ڕوون دەبێتەوە کە هیچ پێوەرێکی بۆ هێزیی ڕاڤەکردن هەبێت.

لە ڕاستیدا، بواری پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییەکان، پاڵپشتی لە تێگەیشتنی گرنگیی نەرمی تیورەکە دەکات. مرۆڤ لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا پێیوایە، هەر هەوڵێك بۆ "سەپاندنی" تیورەیەك بۆ ڕاڤەکردن یا "گونجاندن"ی حاڵەتە هەمەڕەنگەکان، بەدەگمەن بەری دەبێت و مرۆڤ والێدەکات کە لەوە تێبگات باشترین ڕاڤەکردن بۆ ناوکۆییە جیاوازەکان، بەزۆری لە چەمکەکانی تیورە جیاوازەکانەوە سەرهەڵدەدا، لەوانەیە لە بواری کەسانی پسپۆر لە پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییەکاندا سەرچاوە بگرێت یا نەگرێت. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە نامەوێت شیکاری زۆرێك لە چەمکە تیورییەکان بکەم، ئەوەش شیکارییەکە لەوانەیە بەسوود بێت، بەڵام کەمی بوارەکە ڕێگەی ئەوەمان پێنادات. لەجیاتی ئەوە، پێموایە ڕاڤەکارییە بەهێزەکانی حاڵەتە جیاوازەکان لە هەر دوو ژینگەکەی پۆست-ستەمگەریدا کە لە ئێستادا توێژینەوە لەبارەیانەوە دەکرێت، لە چوارچێوەی تیورە جیاوازانەوە سەریانهەڵداوە.

پێشەوەری کۆنترۆڵی مەدەنی بەسەر هێزە چەکدارەکان لە قۆناغی پۆست ئیمپراتۆری

هاڕۆڵد ترینکوناس (Harold Trinkunas) (2005) لە تازەترین بەرهەمیدا، دەربارەی سیستمەکانی ئەمەریکای لاتین، شیکاری داینەمیکەکانی فۆرموڵەبەندی کۆنترۆڵی مەدەنی لە ڕێکخستنە سیاسییە جیاوازەکاندا دەکات. ئەو دەڵێت؛ کاتێك لەلایەن ئاستە بەرزەکانی مۆبێلیزە کردنی مەدەنییەوە پاڵپشتی لە دیموکراسیخوازەکان دەکرێ و هێزە چەکدارەکانی ڕژێمە ستەمگەرە فەرمانڕەواکان، بەهۆی پەرتبوونەوە، لاوازە دەبن، ئیدی دیموکراتیخوازەکان دەرفەتێکی نایابیان بۆ کۆنترۆڵکردنێکی تۆکمە و هەمیشەیی مەدەنییانە بۆ دەڕەخسێت[48]. "ترینکوناس" پێیوایە دیموکراسیخوازەکان سوود لە بونیادی دەرفەتە فراوانەکە وەردەگرن، کاتێك هێزە چەکدارەکان پەرت دەبن و مەدەنییەکانیش دەربارەی بەدیموکراتیزەکردن بە کۆدەنگییەك دەگەن. لەو حاڵەتەی تۆمارگەی ڕژێمی سەربازی پڕ دەبن لە شکستی سیاسی و ئابوری، بەتایبەتی کاتێك جەنەڕاڵەکان لە بەرەی جەنگدا شکست دەهێنن، ئیدی ئەو هێزانە دوچاری لێکهەڵوەشان و جیابوونەوەی زۆر دەبن و پێگەکەشیان لە

---

[48] - ئەم بەشە سرووش لە ترینکوناس وەردەگرێت (2005: 4-24).

قوناغی گواستنەوەدا لاواز دەبێت. بەپێچەوانەوە، دەرفەتێکی بچووك لە قۆناغەکانی گواستنەوەدا بەدیدەکرێت، کاتێك هێزە چەکدارەکان لە ماوەی حوکمرانیاندا پەیڕەوییان لە سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی- ئابوری توند کردبێت. لەو جۆرە کۆنتێکستانەدا، پێگەی سوپا لە قوناغی گواستنەوەدا بەهێز دەبێت و دەشێت دیموکراسیخوازەکان لە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی هێزە چەکدارەکاندا، لەنێو خۆیاندا دابەش بن.

هەروەها دەشێت دیموکراسییەکان، ئەوانەی بە شێوەیەکی ستراتیجییانە ڕەفتار دەکەن، لەڕێی کۆکردنەوەی نێوان ئاستە بەرزەکانی سەرپەرشتی کردنی مەدەنییانە بەسەر چالاکییەکانی بەرگری کردن و سزادانی توندی یاخیبوونەکان و ئەفسەرە جیابووەکان، دەسەڵاتیان بەسەر هێزە چەکدارەکاندا دووهێندە بکەن. لەو ستراتیجییانەی کە ڕەنگە لە ناوکۆیەکی گونجاودا سوودێکی گەورەی هەبێت، لە نزیکەوە لە ڕێی ئامرازە هەمەجۆرەکانی چاودێریکردن و بریکارەکانەوە چاودێری سوپا بکرێت و ڕەوتەکانی ناو هێزە چەکدارەکان دژبەیەکتری هان بدرێت، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت سوپا دەستوەردان لە سیاسەتدا بکات. لاوازترین ستراتیجیش ڕازیکردن و نەوازشکردنی هێزە چەکدارەکانە، چونکە سەودا و مامەڵەی کۆنترۆڵکردنی مەدەنی بەرامبەر بەمانەوەی ڕژێم، دەشێت هەمیشە تەکتیکیکی خراپ بێت بۆ دەوڵەتێك هەوڵی دیموکراتیزەکردن دەدا.

بەدامەزراوەییکردنی کۆنترۆڵی مەدەنییانە، پرۆسەیەکی قورس و زەحمەتە، ئەو دیموکراسیخوازانەی توانای سەرکردایەتی کردنی سیاسییان هەیە و سەرچاوەی دامەزراوەیی زەوەند و کەسانی شارەزایان لە کاروباری بەرگریدا بەردەستە، زیاتر سەرکەوتن بەدەستدەهێن تا ئەوانەی ئەو شتانەیان بەردەست نییە. ئەو ستراتیجییەی بەردەستی دیموکراسیخوازەکانە، بەزۆری پشت بە ناوکۆ دەبەستێت، واتە کاریگەری ڕێژەیی سیاسیی هەر یەك لە مەدەنی و هێزە چەکدارەکان لە ساتەوەختی قۆناغی گواستنەوەدا. ترینکوناس، تایپۆلۆجی (typology - جۆرناسی)یەکی بەسوودی داهێنا (2005: 17-20)، تێیدا ڕاڤەی ئەوە دەکات چۆن دەشێت دیموکراسیخوازەکان، بەزیادکردنی کاریگەری مەدەنییانەیان بەرامبەر دەسەڵاتی سەربازی، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە، پەیڕەوی لە ستراتیجییەتی بەهێزتر بکەن کە لە ڕازیکردن و دڵنەوایی کردنەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

چالاکانەی مەدەنیی بەسەر کاروباری سەربازیدا دەگوزێرێتەوە. کاروبارەکان بە چەندین قۆناغدا تێدەپەرن، لە "ڕژێم لە مەترسییە" بۆ "سووربوونی ڕژێم"، بۆ "کۆنتڕۆڵکردنی مەدەنییانە لەڕێی بەرپێگرتن"، بۆ "کۆنتڕۆڵی مەدەنی لەڕێی سەرپەرشتیکردنەوە".

پلانەکانی پۆلێنکردن، تیورە خوازراوەکان و لێڕوانینە هەمەڕەنگەکان

سەرباری ئەوەی پێودانگی دەستوەردانی سەربازی لەو شەبەنگەی پێشتر باسکراوە کە هەر دوولایەنی کودەتای سەربازی و دەستوەرنەدان دیاریانکردووە، کارێکی پڕزەحمەتە، بەڵام هێندێك لە سیاسەتناسەکان، بەپێشکەش کردنی پلانە بەسوودەکانی پۆلێنکردن، توانیان تیشك بخەنەسەر قۆناغە پێشکەوتووەکانی کاریگەری سەربازی. کارەکەی ئەلفرید ستیپان (1988: 92-97) بە یەکێك لە کارە پراکتیکییەکان دادەنرێت. ستیپان یازدە "تایبەتمافی سەربازی" هەژمارکردووە کە هێزە چەکدارەکان، ماف یا تایبەتمافی پراکتیزەکردنی کۆنتڕۆڵکردنیان بەسەر ئیدارە ناوخۆیەکەیدا هەیە، هەروەها مافی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی دادوەری لە دەرەوەی سەربازییشیان لەناو بیرۆکراسییەتی دەوڵەتدا هەیە کە پەیوەست بێت بە بەرژەوەندییەکانیانەوە. ئەو بوارانەی کە هێزی سەربازی، تێیدا مافی فەرمی یا نافەرمیی بۆ باڵادەستی هەیە، ئەو ڕۆڵە لەخۆدەگرێت کە دەستوور پێی بەخشیوە: پەیوەندی سوپا بە سەرۆکی دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمان؛ ڕۆڵی لە هەواڵگیری، پۆلیس و دامەزراوەکانی دەوڵەت و سیستمی یاساییدا.

تێگەیشتنی چەمکی کاریگەری هێزە چەکدارەکان، بە تایبەتی لەو ڕژێمانەدا گرنگە کە تیورەی کودەتا سەربازییەکان، هیچ ڕێنماییەکی بەسوودیان پێشکەش نەکردووە، ئەوەش زۆر بەسادەیی، هێزە چەکدارەکان لەو وڵاتانەدا، چەندین ساڵە کودەتایەکی سەربازیی سەرکەوتوویان ئەنجام نەداوە. پێواری کودەتا سەربازییەکان لەو وڵاتانەی سیاسییەکان ڕووبەڕووی مامەڵەیەکی ڕیسواهێنی هێزە چەکدارەکان دەبنەوە (سەرچاوەی ناچیز و کەمی ڕێز)، خۆی لە خۆیدا کارێکە زۆر مایەی سەرسوڕمانە. بریان تایلۆر (Brian Taylor) (2003: 17)، پێیوایە تیورەی کولتوریی ئۆرگانیزەکراو، باشترین ڕاڤەی قایلکەرانە بۆ ئەم مەتەڵئامێزە دەخاتەڕوو، چونکە پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە "شارەزاییە ناوازەکان لە ژیانی ڕێکخراوێکدا، لە ڕاڤەکردنی ڕەفتاری دواتر دەچێت".

سوپا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، دامەزراوەیەکە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، بۆیە، مایەی سەرسووڕمان نییە کە شێوازی دامەزراوەییانەی نوێ، دەستیاری ڕاڤەکردنی ئەو گۆڕانکارییانە بکات کە تێیدا هێزە چەکدارەکان ملکەچی ڕیفۆرمە دیموکراسییەکان دەبن. سەبارەت بە دامەزراوەخوازەکانیش، گۆڕان وابەستەی ڕێبازەکەیە، واتە کاتێك سیاسەتێك دادەڕێژرێت یا کاتێك دامەزراوەیەك دروست دەکرێت، چەند بژاردەیەکی دیاریکراوە دەگیرێتەبەر کە بەزەحمەت ئاوەژوو دەکرێنەوە. گرنگیی پاشکۆیەتی ڕێبازەکە لەوەدایە کە سەرنجمان لەسەر ساتە پێکهێنەکان یا "ساتە یەکلاکەرەوەکان"ی (پێرسۆن 1992: 602) دامەزراوە و ڕێکخراوەکان چڕ دەکاتەوە، کاتێك ڕێبازەکە دادەنرێت یا پاڵپشتی دەکرێت یا دەگۆردرێت. هەروەکو نۆرس (1990: 100) دایڕشتووە "پاشکۆیەتی ڕێبازەکە بەو مانایە دێت کە مێژوو گرنگیی هەیە".

کاتێك لە لێڕوانینە سەربارەکان دەڕوانین بۆ ئەوەی لە تێگەیشتنی پەیوەندییە-سەربازییەکان وڵاتانی دیموکراتیزەکراودا یارمەتیمان بدات، پێویستە جیاکاری لە نێوان سەردەمی دوای حوکمی سەربازی و ڕژێمە پۆست-کۆمۆنیستەکاندا بکەین. لە یەکەمدا کە جەنەڕاڵەکان فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی بوون، "بەسەربازینەکردنی سیاسەت"، ئامانجی ڕیفۆرمیستەکانی لایەنگر بە دیموکراسی بوو. بەڵام لە دووەمدا کە هێزە چەکدارەکان خزمەتکاری دامەزراوەیی حیزبی کۆمۆنیست بوون، ئامانجەکە "بەسیاسییەنەکردنی سوپا" بوو (بارانی 1997: 26-28). تیوریستانی بەدیموکراتیزەکردن لەو باوەڕەدان کە ڕابردووی پەیوەندییە مەدەنییە- سەربازییەکانی دوای کۆمۆنیست زیاتر سوودی بۆ وڵاتانی دیموکراتیزەکراو هەبووە، تا ئەوەی زیانی بۆی هەبێت (هینتینگتۆن 1991: 232، بونس 2003: 175). لە ڕژێمی کۆندا (ancient regime)، ئەو بیروڕایە هەبوو کە هێزە چەکدارەکان لەژێر سەرپەرشتیاری توندی مەدەنیدا بوون (واتە حیزبی کۆمۆنیست)، لەلایەن هێزی ئاسایشی ناوخۆ و میکانیزمەکانی دیکەی کۆنترۆڵکردن، ڕێك دەخران. بە کورتی کۆنترۆڵی مەدەنی ڕووبەڕووی مەترسی نەدەبووەوە، ئەم حەقیقەتەش، هەروەکو حیکمەتە تەقلیدییەکە دەڵێت، بەتەواوەتی بۆ سەردەمی دیموکراسی گونجاو دەبێت.

بەراوردکردنی دۆخەکانی بیناکردنی سوپایەکی دیموکراسی

لەنێو ئەو ژینگە سیاسییە جیاوازانەی کە بشێت سوپای دیموکراسی تێیدا بینا بکرێت، ئەم چوارچێوەیەی ئێستا بوارمان پێدەدا بەراوردێکی کورت بۆ پێکهاتە سیاسییەکانی هەر دوو سەردەمی دوای حوکمی سەربازی و کۆمۆنیست بکەین. ڕووکارە وێکچوو و جیاوازەکانی ئەو ئەڵەنگارییانە دەخەمەڕوو کە ڕژێمە بەدیموکراتیزەکراوەکان لە بیناکردنی هێزی سوپای نوێ و بونیادی پەیوەندییە مەدەنییە- سەربازییە گونجاوەکاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

ڕژێمە حوکمڕانەکانی دوای حوکمڕانی دەستەبژێری سەربازی

بەسەربازینەکردنی سیاسەت، یەکێکە لە پرۆژە هەرە گرنگەکانی بیناکردنی دیموکراسی لەو وڵاتانەی پێشتر دەستەبژێری سەربازی حوکمڕانی کردوون. باشترین پێشبینکەر بۆ ڕۆڵی سوپا لە ڕژێمی نوێی بەدیموکراتیزەکراودا، ئەو میراتییە کۆمەڵایەتییە-ئابوریی (socio-economic)و سیاسییەیە کە جەنەراڵەکان لە دوای خۆیانەوە جێیانهێشتووە. کۆمەڵگەکانی ئەمەریکای لاتین و شوێنەکانی دیکەی جیهان، حوکمی سەربازیی هەمەجۆریان تاقیکردۆتەوە. لە سایەی ناچوونیەکی بەجێهێنانی ئەو ڕژێمە سیاسی و کۆمەڵایەتی - ئابورییانەدا، هەرگیز مایەی سەرسووڕمان نییە کە گواستنەوەشیان لە حوکمی دەستەبژێری سەربازییەوە بەئاراستەی دیموکراسی، بەتەواوەتی جیاواز بێت، هەروەها ئەو کۆمەڵگانە لە ئەرکی بیناکردنی سوپای دیموکراسیدا، پەیڕەوییان لە شێوازی جیاواز کردووە.

دەکرێ وەك دوو کەیسی سەرەکی، بیر لە چیلی و ئەرجەنتینی دراوسێ بکەینەوە. هەروەکو ترینکوناس، پێشنیازی کردووە، لە ڕژێمە سەربازییەکانی لەبابەت چیلی (1974 - 1990)و بەرازیل (1964 - 1983)دا کە تۆمارگەیەکی سۆسیۆئابوری تاڕادەیەك سەرکەوتوو، و تا ئاستێکی باشیش لایەنگریی کۆمەڵایەتییان هەبوو، دەیانتوانی کۆنترۆڵی قۆناغی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی بکەن، لە قۆناغی گواستنەوە و قۆناغی دوای گواستنەوەشدا، پێگە بەهێزەکەیان بۆ کاریگەری سیاسی بگۆڕن. لە سایەی ئەو هەلومەرجەدا، دیموکراسیسازەکان بونیادی دەرفەتێکی کەمیان هەیە و پێویستە لەسەریان فەرماندەکانی سوپا ڕازی بکەن. هەروەها کارێکی لۆجیکانەیە کە قۆناغەکانی گواستنەوەی دیموکراسی لە دوای ڕژێمە

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

حوکمڕنەکانی دەستەبژێری سەربازی، قۆناغی سەرکەتوو، شێنەیی و دووروودرێژبن، چونکە فەرمانڕەوا سەربازییەکان ئامادەییان تیایە بەورياييەوە واز لە دەسەڵات بهێنن. لەلایەکی دی، قۆناغەکانی دوای ڕژێمە سەربازییە شکستخواردووەکان، بەگشتی قۆناغی کورت دەبن.

ئەو فەرمانڕەوا سەربازییانەی بەجێهێنانی لاوازیان هەبوو - ئەرجەنتین (1976 - 1983)و یۆنان (1967 -1974)- گیرۆدەی دامەزراوەی سەربازی پەرت بوون، بۆیە دۆخێکی سازشکردنی لاوازیان هەبوو، ئەوەندە دەسەڵات و کاریگەرییان نەبوو تا بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت پارێزگاری لە تایبەتمافەکانی پێشوویان بکەن. لەمجۆرە حاڵەتانەدا، دیموکراسیسازەکان، دەرفەتی گەورەیان بەردەست دەبێت بۆ ئەوەی کۆنتڕۆڵێکی مەدەنی پایەدار دابڕێژن. بەدەر لەو جیاوازییانەش، دیاریترین ئەدگار بۆ وەرگۆڕانی سیاسیی لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، ڕەنگە ئەو شێوازە ئاشتیخوازانەیە بێت کە هێزە چەکدارەکان - هێندێك جار بە شێنەیی، هێندێك جاری دی زۆر بەخێرایی - لە دامەزراوەکان و لە ژیانی سیاسییدا وازیان لە پێگەی خۆیان هێناوە و بە سەروەری مەدەنی قایيل بوون.

بەڵام ڕژێمە سەربازییە سەرکەوتووەکان، چ شتێکیان لە بەرامبەر پێگە سیاسییە بەهێزەکەیاندا دەست دەکەوێت؟ حاڵەتی چیلی نموونەیەکی بەسوودمان پێشکەش دەکات. ڕژێمەکەی جەنەڕاڵ پینۆچێ (Pinochet) بەیەکگرتوویی هێزە چەکدارەکان و دەزگایەکی دامەزراوەیی هەرەمیی ڕێکخراو و چالاك و کارا دەناسرێتەوە و تاڕادەیەکی زۆریش دەسەڵاتە نیوەندییەکان و سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابورییە نەرم و سەرکەتووە ڕێژەییەکەی، لەژێر دەستی خۆیدا بوو. خۆی و حکومەتەکەی لە ساڵی 1995ەوە، توانای پلاندانان و کۆنتڕۆڵی وەرگەرانێکی لەسەرەخۆیان هەبوو - کاتێك پاتریسیۆ ئایلوین (Patricio Aylwin) بە سەرۆك دانرا - ئەوەش "زیاتر گۆرانێك بوو لە ئیدارە تا ئەوەی گۆڕانێك بێت لە ڕژێمەکە"[49] (ئارسینۆ 2001: 106). لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیەدا، بە هەزاران سەرباز لەو سیستمە بیرۆکراسییەدا پۆست و دەسەڵاتیان لەدەست دا و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمە دیموکراسییە ساواکەشدا، بوون بە لایەنگر و هاوپەیمانی

[49] - چاوپێکەوتن لەگەڵ کارلۆس کاسیرەس (سانتیاگۆ 23 حوزەیران/ یۆنیۆ 2008).

پێنوچێ، ئەمە جگە لەو "یاسا پابەندکارانەی" بەبێ گفتوگۆکردن دەردەکران کە هەڵسوکەوتی ئایندەی ڕژێمە تازەکەی سنووردار دەکرد، ئەمە لە پاڵ ئەو ڕیفۆرمە دەستووریانەی تاڕادەیەك سەرکەوتنێکی کەمیان بەدەستهێنا (لە ڕوانگەی پێنوچەوە)، چونکە حکومەتەکەی دەستی لە دەرکردنیان نەبوو، لە بواری گشتیشدا ڕۆلێکی گەورەی گێڕا. زۆر بەدیاریکراوی، دەبوو ڕژێمە دیموکراسییە تازەکە، ڕێز لەو پۆستە دەستووریانە بگرێت کە بەهێزە چەکدارەکان بەخشرابوون و توانای گۆڕینی فەرماندەکانی سوپاشی نەبوو. هەروەها دەبوو پارێزگاری لە پێگەی هێزە چەکدارەکان بکات و ڕێزیان لێبگرێت و لە هێرش و پەلامارە سیاسییەکاندا بیانپارێزێت، ئەمە سەرباری کۆمەڵە کۆتوبەندێکی دیکە، دەبوو خۆی لە دەستوەردان لە سیاسەتی بەرگری و بڕگەکانی بودجە و کاروباری ناوخۆی هێزە چەکدارەکان بەدوور بگرێت. بە مانایەکی دیکە، هەروەکو ترینکوناس دەڵێت، ڕیفۆرمیستە دیموکراسییەکان ناچارکران لەبەرامبەر تەمەنێکی کورتی ڕژێمەکە، ئاڵوگۆڕ لە کۆنترۆڵی مەدەنی بەسەر هێزە چەکدارەکانەوە بکەن (2005: 4).

لە دژبەیەك و نەگونجانێکی ئاشکرادا، فەرمانڕەوا سەربازییە ناچالاکەکان، بژاردەیەکی زۆریان لەبەردەست نەبوو تا لە ڕژێمەکانی دوای خۆیان پارێزگاری لە تایبەتمافەکانیان بکەن. هۆکاری داڕوخانی ڕژێمی سەربازی ئەرجەنتین، جەنگێکی ئاکام حیساب بۆنەکراو بوو کە بەشکستێکی ئابروبەرانە کۆتایی هات. قۆرتدانان لەبەردەم وەرگۆڕان بەرەو حوکمێکی مەدەنی، سەرەتادا بە کولتوری ترساندن دەستی پێکرد کە دڵڕەقی حوکمڕانی سەربازی بەرهەمیهێنابوو. سەرباری ئەوەش، جیابوونەوەکانی نێو هێزە چەکدارەکان و وەڵامدانەوەی ئۆپۆزیسیۆن بەمەبەستی بانگهێشتکردنی جەنەڕاڵەکان بۆ گفتوگۆکردن، لەگەڵ مۆبێلیزەکردن، مۆری لە چارەنووسی ڕژێمەکە دا و یەکلایکردەوە. حکومەتە سەربازییەکە چەند ڕۆژێك بەر لە هەڵوەشانەوەی لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ خۆی دەکرد، بەڵام حکومەتەکەی ڕاوڵ ئەلفۆنسین (Raul Alfonsin)، ئەو فەرمانەی بە نایاسایی دانا - بەپێچەوانەی ئایلوین لە چیلی - ئەوەش لە دابڕانێکی تەواوەتی دەچێت لەگەڵ ڕابردوودا[50]. حکومەتە تازەکە، گشت گەورە ئەفسەرانی دا بە دادگا، ئەوانەی لە ساڵی 1976-1982دا، حوکمی وڵاتیان دەکرد، بەڵام هەوڵی دا:

---

[50] - چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەدگاردۆ بوینینگەر (سانتیاگۆ 27 حوزەیران/ یۆنیۆ 2008).

أ) ماوەی دادگاییکردنەکە و ژمارەی تومەتبارەکان سنوردار بکات، ب) جیاوازی بکات لە نێوان ئەوانەی فرمانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤیان دەرکردووە، ئەوانەی بڕیارەکانیان جێبەجێ کردووە، ج) دڵنیاکردنەوەی هێزە چەکدارەکان بەوەی ئەو ڕۆڵە شەرعییەی لە نیشتمان پراکتیزەیان کردووە مایەی لێپرسینەوە نییە (ئەلفۆنسین 1995: 23-24).

تەنانەت سەرباری ئەوەی حکومەتە سەربازییەکان، بەرلەوەی واز لە دەسەڵات بهێنن، ڕەنگە سست و لاواز بن - بۆ نموونە، حکومەتەکەی جواو باتیستا فیگیریدۆ (Joao Baptista Figueiredo) لە بەرازیل، بە دەست گرفتی ئابوری و دەستەگەرێتی ناو سوپا و گومانی بێکۆتا، دەربارەی توانای حوکمڕانی دەیناڵاند - بەڵام بەو مانایە نییە کە بەزەرورەت خودی "ڕژێمەکە" لاواز بووە (ئارسینۆ 2001: 177). هەروەها دەشێت ڕژێمە سەربازییە تاڕادەیەك بەهێزەکان - بۆ نموونە، ڕژێمی بەرازیل لە سەرەتای شەستەکاندا - تەنانەت دوای ئەوەی شانۆی سیاسەتیش بەجێدەهێڵێن، پارێزگاری لە هێندێك باڵادەستی بەسەر دامەزراوەگەلێکی بەرفراواندا بکەن. لە بەرازیل، هێزە چەکدارەکان توانای بەڕێوەبردنی سێ وەزارەتی خزمەتگوزاری جودایان هەبوو کە سەرۆکەکانیان ئەندامی حکومەت بوون، لەپاڵ دوو هاوڕێی دیکەیان، ئەوانیش فەرماندەی سوپا و سەرۆکی "بنەماڵەی سەربازی"، یا کازا میلیتار (خاڵی پەیوەندیی لە نێوان فەرماندەی هێزەکان و سەرۆکدا، ئەمە سەرباری ئەوەی بەرپرسی ئاسایشی ئەمەی دواییش بوو) (هانتەر 1997: 32-33). هەروەها هێزە چەکدارەکان باڵادەستیان بەسەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاژانسە جیاوازەکانی هەواڵگری و پۆلیسی نیشتمانیشەوە هەبوو. مەدەنییەکان نەیاندەتوانی چالاکانە سەرپەرشتی سوپا بکەن، تەنها لە ساڵی 1999دا وەزیرێکی مەدەنییان دامەزراند بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی وەزارەتە یەکگرتووەکەی بەرگری بکات کە تازە دامەزرابوو. تەنانەت تا ئەو کاتەش، دەبوو ڕیفۆرمەکانی بەرگری لەبەردەم قەیرانە ئابورییەکان و گرفتە هەنووکەییەکان لە ئەجێندای حکومەتدا پاشەکشێ بکەن. لە لایەکی دی، جەنەڕاڵەکان، لە دوای ڕژێمە سەربازییە شکستخواردووەکان - بەهۆی پێواری کاریگەری سیاسییان و بەهۆی پێویستییەکی هەنووکەیی بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵی مەدەنی بەسەریاندا - لەلایەن جێنیشینە دیموکراسیخوازەکانەوە بە ڕەقی و هەتەریی مامەڵەیان لەتەکدا دەکرا.

لە ڕژێمەکانی دوای حوکمی دەستەبژێری سەربازیی، دامەزراندنی وەزارەتی بەرگری لەژێر دەسەڵاتی مەدەنیدا، بە ئامانجێکی زۆر گرنگ دادەنرێت. لە ئیسپانیای پۆست-فرانکۆدا، گواستنەوە و چەسپاندنی ڕژێمی دیموکراسی، بەزۆری پشتی بە دامەزراندنی وەزارەتێکی بەرگری بەهێز بەست. لە ساڵی 1977-1982دا، ناوکۆیەکی یاسایی داڕێژرا بۆ ئەوەی سوپا ملکەچی دەسەڵاتی مەدەنی بێت، ئەمەش دەقەکەیەتی: أ) دامەزراندنی وەزارەتی بەرگری (جێگەی هەر سێ وەزارەتە جوداکانی هێزە چەکدارەکان دەگرێتەوە)، ب) پێناسەکردنی ڕۆڵی حکومەت بەوپێیەی بەڕێوەبەرو جێبەجێکاری سیاسەتی بەرگرییە، ج) دیاریکردنی ئەو پێودانگە سەرەکییانەی کە پرۆسە ناوخۆییەکانی هێزە چەکدارەکان ڕێك دەخات. لەنێوان ساڵانی 1982 -1985دا، دەسەڵاتی وەزیری بەرگری مەدەنی لە پاڵ بەشداریکردنی خەڵکانی مەدەنی لە وەزارەتەکەدا فراوان دەبوو. لە دەرئەنجامی ئەوەشدا بیرۆکراسییەکی نێوەندی بەهێز پەیدا بوو کە توانای جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی مەدەنییانەی هەبوو بەسەر هێزە چەکدارەکاندا (بارانی و گراهام 1994: 123). ئەو گۆڕانکارییانە چالاکانە کۆنترۆڵی مەدەنیی ماناداری بەسەر سوپادا قاییم و تۆکمە کرد و دەستیاری کرد لەوەی پاڵپشتییەکی میللی بۆ بەشداریکردنی تەواوەتی ئیسپانیا لە کاروباری ئەوروپی - ئەتڵەنتی دا بەدەستبهێنێت. هەروەها لە ئەرجەنتینیش دەسەڵاتی بڕیاردانی تایبەتی بە بودجەی سەربازی و پیشەسازی بەرگریگردن، لەگەڵ دیاریکردنی ئەولوەییەت لە جەنەڕاڵەکانەوە بۆ وەزارەتی بەرگری گوازرایەوە کە مەدەنییەکان بەڕێوەیان دەبرد.

کۆنترۆڵکردنی بودجەی بەرگری بەیەکێك لە گرنگترین پێکهاتەکانی سەرپەرشتی کردنی مەدەنی بەسەر هێزە چەکدارەکانەوە دادەنرێت. لەم بارەیەوە، جیاوازی گەورە لە نێوان وڵاتانی دوای حوکمڕانی دەستەبژێری سەربازی هەیە. ئەمەش دژ بە بەڵگەنەویستەکان نییە، بەڵام زیاد کردنی بودجە، یەکێك لەو هۆیانە بوو کە سوپای بەرازیلی والێکرد واز لە دەسەڵات بهێنێت. سەرباری ئەوەی خەرجی بودجە لە دەیەی یەکەمی حوکمڕانی سەربازی (1964-1974)دا زیادی کرد، بەڵام دواتر ئەو خەرجییانە لە ناکاو کەمیان کرد، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، بودجەی بەرگری بەرازیل لە کۆی داهاتی ناوخۆدا، کەمترین بودجە بوو

لە ئەمەریکای لاتین دا[51]. ئەم هەنگاوە بەپراکتیکی بڕوای بە هێندێك ئەفسەر هێنا کە دەشێت لە سایەی حوکمی مەدەنیدا بودجەیان زیاد بکات، ئیدی وادەبینرا هەوڵی سوپا بۆ گوشار کردنە سەر حکومەت شەرعییەتی زیاتری دەبێت (ئارسینۆ 2001: 177). لەلایەکی دی، خەرجی سەربازی بۆ هەر تاکێك لە یۆنانی کۆلۆنێلەکاندا، بەرزترین ئاستی لە ناتۆدا هەبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی وڵاتەکە هەژارترین وڵاتی پەیمانی ئەتلەسی بوو (ڤێرمیس 1997: 174). مایەی سەرسووڕمان نییە کە بەجێهێنانی ڕژێمە سەربازییە شکستخواردووەکان، خەرجیی بەرگریی، بەراورد بە سەردەمی دیموکراسی نوێ، سست و لاواز بێت. بۆ نموونە، دەبوو سوپای ئەرجەنتین لەگەڵ ئەو بودجەیەدا خۆی بگونجێنێت کە بەشێوەیەکی بەرچاو ، لە سەردەمی ئەلفۆنسین و کارلۆس مونعیم لەکەمیدا (Alfons´ın and Carlos Sa ´ul Menem) (لە نێوان 1982و 1990دا، پشکی لە خەرجییە گشتییەکاندا لە 32.3٪ بۆ 18.4٪ دابەزی) (هانتەر 1997: 162). لە هەمان کاتدا، بەپێی ئەو یاسایەی لە چیلی دەرکرا، بەر لەوەی سوپا دەستبەرداری سیاسەت بێت، پشکێکی جێگیر بۆ بودجەی بەرگری زامنکرا،و یاساکەش بەرێژەیەکی جێگیر لە قازانجی هەناردەکردنی مس (copper)دا تەواو دەکرا.

گەشەکردنی شارەزایی مەدەنی سەربەخۆ لە کاروباری بەرگریدا، لە دوای حوکمڕانی دەستەبژێری سەربازیی، گرفتێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی زۆربەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی بوو، چونکە نەریتێك نەبوو تا ڕاهێنانی مەدەنی لەسەر بابەتە سەربازییەکانی پێ بکرێت. تەنانەت لە یۆنانیش، لە دوای سێ دەیە لە کەوتنی ڕژێمی کۆلۆنیالەکان، دەستەیەك لە شارەزایانی سەربەخۆی بەرگریی مەدەنی پەیدا نەبوو[52]. بەڵام دۆخەکە بە شێوازێك لە شێوازەکان لە ئیسپانیا و بەرازیل جیاواز بوو، سەرباری بوونی کۆمەڵێك لە دامەزراوە پەروەردەیی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە دیموکراسییەکانی ئەوروپا و باکووری ئەمەریکا کە ڕەنگە تاکەکان بتوانن

---

[51] - هەروەکو ستیپان (18: 1988) ئاماژەی پێدەدا، بەپراکتیکی دۆخەکە هاوشێوەی ئەو دۆخەی ئیسپانیا بوو کە لە دوا ساڵەکانی حوکمڕانی فرانکۆدا بەخۆیەوە بینی.

[52] - چاوپێکەوتن لەگەڵ تانۆس دۆکۆس (Thanos Dokos) (ئەسینا، 13ئازار/ مارس 2007).

شارەزایی پەیوەست بە بەرگری بەدەستبهێنن، گەر پەیوەندییەکی سەربازیشیان نەبێت، بەڵام تا ئێستاش شکڵێکی دیاریکراوی بەخۆیەوە نەگرتووە.

یەکێك لەو شێوازنەی دیکە کە ڕژێمە سەربازییەکان تێیدا سەرکەوتوو بوون، بۆ نموونە چیلی، دەتوانێت لە ڕێی داڕشتنی سیستمی هەڵبژاردنەوە تایبەتماف بەهاوپەیمانەکانی ڕژێمە کۆنەکە نەدات، کار لە یاسادانانی دوای حوکمڕانی سەربازی بکات، ئەمە جگە لە ڕێوشوێنی تایبەت بە ئەنجوومەنی پیرانی ناهەڵبژێردراو و دیاریکردنی ئەو پێویستییانەی ڕێگە بە ڕیفۆرمی دەستوور نادات (ئاگورۆ 2002؛ 123-124). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەلومەرجەی لە دوای ڕژێمێکی سەربازیی شکستخواردوو دێتەئاراوە، زیاتر بۆ پەیدابوونی پەرلەمانە دیموکراسییە تازەکان لەبار دەبێت. لەو بارەیەوە، ئەرجەنتین لە سایەی سەرۆك ئەلفۆنسین دا بە باشترین نموونە دادەنرێت. ئەلفۆنسین، لەسایەی قەبارەی داڕوخانی ڕژێمی سەربازی و سەرکەوتنی لەڕێی بەهەڵبژاردنەوە، دەیتوانی بەداینەمیکی بەسەربازینەکردنی سیاسەت کار بکات. پەرلەمان لەماوەی سەرۆکایەتیدا، یاسای بەرگری نیشتمانی (1988) دەرکرد کە بەرگری دەرەوە و بەرگری ناوخۆی لە یەك جیادەکرەوە و هەموو چالاکییەکی سوپای لەمەی دوایی قەدەغە کرد و کورسی سوپای لە ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانییدا هەڵوەشاندەوە، بەوەش سیاسەتی بەرگری کرد بە سیاسەتێکی مەدەنی پوخت (جیرالدۆ 2006: 52). لەڕاستیدا، کۆنگرێسی ئەرجەنتین چەندین کەڕەت پاڵێوراوەکانی ئەلفۆنسینی بۆ فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان ڕەتکردەوە، بەهۆی ئەوەی پێشتر مافەکانی مرۆڤیان پێشێل کردبوو، بەوەش بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ چەندین هەوڵی کودەتای شکستخواردووی خێراتر کرد. ئەو هەوڵانە لە ئەرجەنتین و ئیسپانیا لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا، وانەی گرنگی پێشکەش بە دەستەبژێری سیاسیی هاوچەرخ کرد کە سزای توندیان بەسەر پلاندانەرانی کودەتاکاندا سەپاند و بە سەرکەتوویی سنوورێکیان بۆ دووبارەبوونەوەی لە ئایندەدا دانا (ئۆدۆنێل 1986).

ڕەنگە باری نائاسایی، وەك وێناکردنی هەبوونی هەڕەشەی بەردەوامی ئەمنیی، پەرلەمان دوودڵ و ڕاڕا بکات، بەرامبەر بەمەسەلەکانی بەرگریکردن هەتەر بێت. لە هێندێك حاڵەتدا، دەستەوەستانی سیاسییانەی پەرلەمان ئەو گرفتە دووهێندەیی دەکات. بۆ نموونە، گەورەترین کێشە لە کارڕاییە دامەزراوەییەکانی

پەیوەندییە مەدەنییە سەربازییەکان لە یۆنانی ئێستادا، ئەوەیە کە دەسەڵاتی یاسادانان زۆر لاوازترە لەوەی کە پێویستە ببێت، چونکە دەسەڵاتەکانی لیژنەی کاروباری دەرەوە و بەرگریکردن لەوەدا کورت دەبێتەوە کە قۆرت و کۆسپ لەبەردەم بڕیارەکانی حکومەتدا دروست بکەن. ئەمە سەرباری ئەوەی، بەرگری نیشتمانیش یەکێکە لەو مەسەلە دەگمەنانەی کە کۆدەنگییەکی تەقلیدی لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنی لەسەرە، بەڵام ئەوە لەبەر هۆکاری بێوێنە لە یۆناندا ڕوودەدات. بەدیاریکراوی لەبەر ئەوەی دەمەقاڵێ و مشتومڕ دەربارەی مەسەلە سەربازییەکان بە بێئەمەکی و خیانەت دادەنرێت، چونکە زۆرێك لە یۆنانییەکان پێیانوایە وڵاتەکەیان ڕووبەڕووی هەڕەشەی بەردەوامی تورکیا دەبێتەوە و هیچ هێزێکی سیاسییش نایەوێت وەك هێزێکی "نانیشتمانی" دەربکەوێت.

خۆرئاوا، لە دوای ڕژێمە سەربازییەکان، تا چ مەودایەك، هانی بیناکردنی سوپا دیموکراسییەکانی داوە؟ بەهەر حاڵ، وەڵامەکە پشت بە حاڵەتەکانی تاکەکەسی نابەستێت، بەڵکو پشت بە ناوکۆی مێژوویيش دەبەستێت. بۆ نموونە، لەماوەی جەنگی سارددا، دیموکراسییەکانی خۆرئاوا، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، زۆر دوودڵ بوون لە بەرامبەر سەرکۆنەکردنی ڕژێمە سەربازییەکان و/ یا هاوکاری کردنیان لە بیناکردنی سوپای دیموکراسیدا، هەروەکو لە دوای تەواوبوونی جەنگی سارد ڕوویدا. پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) هەرگیز بەرامبەر بێتواناییە ترسناکەکەی ئەنجوومەنی سەربازی کە مافەکانی مرۆڤی پایماڵ دەکرد سکاڵای نەدەکرد کە لە 1967-1974 حوکمڕانی یۆنانی دەکرد، سەرباری ئەوەی کۆمەڵەی ئابوری ئەوروپا و ئەنجوومەنی ئەوروپا ئەو کارەیان کرد[53].

لەلایەکی دی، پەیوەندیی ئەفسەرانی ئیسپان لەگەڵ هاوکارە بیانییەکانیان، لە شەستەکانی سەدەی بیستەم و دواتریشدا، هانی دان لە ماوەی گواستنەوەی ئیسپانیا بەرەو دیموکراتیزەکردن، گۆڕانکاری لە هەڵوێستی سیاسییاندا بکەن[54]. سەرباری ئەوەی ئیسپانیا تا ساڵی 1982، لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسی دوورخرابووەوە، بەڵام بەرنامەکانی پەیوەندییکردنی سەربازی، ئەفسەرە گەنجەکانی

---

[53] - چاوپێکەوتن لەگەڵ تانۆس دۆکۆس (Thanos Dokos) (ئەسینا، 13ئازار/ مارس 2007).

[54] - چاوپێکەون لەگەڵ جەنەڕاڵ فرانسیسکۆ لاگونا (مەدرید، 11 ئازار/ مارس 1993).

خستە بەردەستی هێزە چەکدارەکانی خۆرئاوا، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە بنکەکانی ئەمەریکا لە ئیسپانیا خزمەتیان دەکرد. لە کاتێکدا گەورە ئەفسەرە سەربازییەکان خانشین دەکران کە شارەزاییان لە شەڕی ناوخۆدا هەبوو، کەچی زۆرێك لە ئەفسەرە گەنجەکان پلەیان بەرزدەکرایەوە و هەر ئەوەندەی دەرفەتیان بۆ بڕەخسایە، دەیانتوانی ئیسپانیا بەسەر جیهانی دەرەوەدا بکەنەوە و وەپێر دەسپێشخەریی ڕاهێنانە تازەکان و پێشنیازی دووبارە خۆڕێکخستنەوە بچن و ئامادەییان تیابوو کار لەگەڵ هاوتا مەدەنییەکانیان بکەن. ئەو ئەفسەرانە لە نێو دامەزراوەی سەربازیدا، چەقی لایەنگرانی تێکەڵبوونیان لە ناتۆ پێکدەهێنا و بەشداریان لە پرۆسەی ئاشتیپارێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرد. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، لە شوێنەکانی دیکەشدا، هەوڵی زۆر بە سوودیان هەبوو، بۆ ئەوەی سەرنجی هێندێك لە هێزە چەکدارەکان لە ئەمەریکای لاتین (بەتایبەتی لە بەرازیل و ئەرجەنتین) لە سیاسەتەوە بۆ کارێکی دیکەی بونیاتنەر ڕاکێشن، بۆ نموونە، ئاشتیپارێزی نێونەتەوەیی.

لە دوای جەنگی سارد، ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر وڵاتانی دوای حوکمی دەستەبژێری سەربازیی، چاوی بەسیاسەتەکانیدا خشاندۆتەوە. سەبارەت بە پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییەکانیش، خۆرئاوا (بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان) زیاتر گرنگی بە پشتگیریکردنی بەرنامەکانی بەدیموکراتیزەکردن دەدا. ئامانجە ستراتیجییە تازەکانی سەرانی ئەمەریکای باشوور، بە تەنها ئەو ئامانجە گشتییە لەخۆناگرێت کە خۆی لە پشتگیریکردنی دامەزراوە دیموکراسییەکاندا دەبینێتەوە، بەڵکو پشتگیریکردنی ڕۆڵی سوپاش لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا دەنوێنێت (ڕامۆس و ئەوانی دی 34: 1992). ئەو ئامانجە فۆکس دەخاتە سەر هاوکاریکردنی سوپا لە وڵاتانی ئەمەریکای باشوور بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان لە پاڵپشتی کردنی پەرەسەندنی دیموکراسیو پاراستن و پشتگیریکردنی مافەکانی مرۆڤی هاوڵاتیان، سەرلەنوێ هەم بونیات بنێنەوە، هەم دیاری بکەنەوە (ڕامۆس و ئەوانی دی 38: 1992).

قۆناغی دوای کۆمۆنیزم

بەپێچەوانەی قۆناغی دوای حوکمڕانی سەربازییەوە، ئەو ڕژێمانەی بەرهەمی وڵاتە سۆسیالیستەکان بوون و سوپا هیچ ڕۆڵێکی سیاسی "سەربەخۆی" تێیاندا نەبوو، ئەرکی سەرەکیی دیموکراسیسازەکان، بەسیاسییەنەکردنی سوپا دەبێت. سەرباری ئەوەی زۆرینەی وڵاتانی قۆناغی دوای کۆمۆنیزم - کە زۆربەیان لەم دوا دەیەدا، بوونە ئەندامی ناتۆ - توانییان سوپای دیموکراسی و پەیوەندییە مەدەنییە-سەربازییەکان دامەزرێنن، بەڵام ئەو دەسکەوتانە بەبێ گرفت یا مشتومڕ نەهاتنەدی. هەروەکو دەردەکەوێت، ئەو وتەیەی دەڵێت کۆنترۆڵی توند بەسەر سوپاوە لە سەردەمی کۆمۆنیستدا، پێشبینی دەکەن گرفتی کەم بۆ دیموکراسیسازەکان قووت بکەنەوە، کۆتوبەندی گەورەی هەیە. ڕێکخستنی یاسایی، بەوانەشەوە کە پەیوەندییە مەدەنییە-سەربازییەکان ڕێکدەخەن، لەو کۆتوبەندانەن کە بەهۆی هەژمونی حیزبی کۆمۆنیست بەسەر دادگاوە، مانایەکی ئەوتۆی نەبوو (نیکۆڵز 1993: 11-12). ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو وڵاتانەی تاکە حیزبێك حوکمڕانی دەکەن، کۆنترۆڵی بەهێز بەسەر سوپادا پراکتیزە دەکەن، کەچی جۆری سەرپەرشتیکردنەکە لە نێوان دەزگا حکومییەکاندا هاوسەنگ نەبوو، بەڵام بەتەنها لەلایەن تاکە حیزبێکەوە پراکتیزە دەکرا، بەوەش زەحمەتە ببێت بەو نموونەیەی وڵاتە تازە دیموکراتیزەکراوەکان چاوی لێبکەن.

یەکێك لەو جیاوازییانەی نێوان جیهانی پۆست-کۆمۆنیست و ڕژێمەکانی دوای حوکمڕانی دەستەبژێری سەربازیی، ئەوەیە کە یەکەمیان سێ وڵاتی فیدراڵی دەگرێتەوە (چیکۆسلۆڤاکیا، یەکێتی سۆڤێت و یۆگسلاڤیا)، بەشێوازی هەمەجۆر لە نێوان "جیابوونەوەی قەیفەیی - velvet divorce- الطلاق المخملي" و خوێناویترین جەنگ لە ئەوروپا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، دابەش و پارچەپارچەبوون. دامەزراندنی سوپای دیموکراسی لەو وڵاتە تازە سەربەخۆیانەدا، ئاڵەنگارییەکی جیاکاربوو کە بەشێوەیەکی دۆستانە لە چیکوسلۆڤاکیای پێشوو، لەسەر بنەمای دابەشەکردنی یەك بە دوو (چیك بۆ سلۆڤاك) چارەسەر کرا. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ دەتوانێت لەو زەحمەتییانە تێبگات، کاتێك بیر دەکاتەوە لەوەی کە سلۆڤاکیای سەربەخۆ ئەکادیمیای سەربازی بۆ مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پیادە تیا نەبوو، لەگەڵ بوونی کەمێك ژێرخانی سەربازی "بەتایبەتی بۆ هێزی ئاسمانی"،

هەروەها وەزارەتی بەرگری یا دەستەی سوپاسالار (هيئە أركان)ی نەبوو، بەوپێیەی لە بۆهیما (Bohemia) بوون. بەڵام سەبارەت بەو وڵاتانەی جێگەی یۆگسلاڤیایان گرتەوە، کاروبارەکان - جگە لە مەقدۆنیا - بەئاسانیی و خۆشی بەڕێوەنەچوون، چونکە ئەو وڵاتانە بە زنجیرە شەڕێکی جیاوازەوە گلان، پێویست بە گوتن ناکات کە دابەشکردنێکی ڕێك و گونجاوی بەپێی بنەما سەربازییەکانی بەدواوە نەهات. بەڵام لەلایەکی دی، داڕوخانی یەکێتی سۆڤێت، لەزۆر لایەنەوە، باری سەرشانی ڕوسیای قورستر کرد کە کەمترینی گێڕانەوەی سەدان هەزار سەربازو خێزانەکانیان بوو لە ناوەوە و دەرەوەی ئیمپراتۆرییەتی ڕوسیا، ئەوانەی پێویستیان بە کارو نیشتەجێکردن و ژێرخانی کۆمەڵایەتی-ئابوری هەبوو.

بەڵام لە زۆربەی ناوچەکەدا، پەیوەندییەکانی جێبەجێکردن- یاسادانان، پێشوەختە بڕیاریان لەسەر داوە. لەبەرچاوگرتنی قەوارەی ئەو دەسەڵاتە جیاوازانەی بە سەرۆکایەتی دراون (لەنێوان سەرۆکێکی سیمبولی، وەك حاڵەتی سلۆڤاکیا بۆ دەسەڵاتێکی بەهێزیی جێبەجێکردن لە پۆڵەندا، پاکۆتێ دەکات)، مرۆڤ ناتوانێت گشتاندن بۆ کاریگەری لەسەر مەسەلەکانی بەرگری بکات. بۆ نموونە، لە سلۆڤینیا، سەرۆك بەشێوەیەکی سیمبولی فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانە، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی دیاریکراوی نییە پەیوەست بێت بەو هێزانەوە. کەچی لە ڕۆمانیا، سەرۆك، بەتەنیا فەرماندەی باڵا نییە، بەڵکو بەپێی یاسای تەموزی/ یۆلیۆ، 1994ی بەرگریی نیشتمانی، ڕۆڵی زامنکردنی یەکێتی وڵات پراکتیزە دەکات و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی باڵای بەرگریی نیشتمانی دەکات، هەروەها لە حاڵەتە ئاوارتەکانیشدا، دەتوانێت بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ، مۆبێلیزەی سوپا بکات، بێئەوەی ڕەزامەندی پەرلەمان وەربگرێت. بەڵام لایەنێکی دیکەی شەبەنگەکە، ئەو بڕیارە دەستوورییانەی کە دەستەبەژێری سیاسی لە کۆتا ماوەی سۆڤێت و لەدایکبوونی ڕوسیای نوێ دەریانکرد - وەك ڕۆڵە جیاکارە لێڵ و ناڕوونەکانی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان - بە پراکتیکی قەیرانی ساڵی 1993 لێکەوتەوە کە بووە مایەی ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، زۆر بەخێرایی باندەسەڵاتی سەرۆکایەتی بەدەستبهێنێت (کۆڵتۆن و سکاچ 2005: 117-119). کۆنترۆڵی مەدەنی بوو بە هاوتای کۆنترۆڵی سەرۆکایەتی، چونکە دەسەڵاتی سەربەخۆی پەرلەمان بۆ ئاستی سۆڤێتەکانی بەر لە گۆرباچۆڤ (Gorbachev) کەم بووەوە.

دەسەڵاتی دوما (Duma) - پەرلەمانی ڕوسیا - سەرپەرشتیاری بەسەر کاروبارەکانی سەربازیی لەو کاتەوە بەشێنەیی کەم بووەوە کە دەستووری 1993 کۆنتڕۆڵیی بەسەر هێزە چەکدارەکانەوە هەڵوەشانەوە. یاسای بەرگری گشتی بۆ ساڵی 1996، تەنها دوو دەسەڵاتی گرنگیی پەیوەست بە هێزە چەکدارەکان، بە پەرلەمان سپارد: ڕەزامەندی لەسەر بودجەی بەرگری و نووسینی یاسای پەیوەندیدار. سەرەڕای ئەوەی، دوما بە فەرمی بەرپرسە لە سەرپەرشتیکردنی بودجە، بەڵام هیچ ئامرازێکی کاراو چالاکی بۆ بەدیهێنان، یا کۆنتڕۆڵ کردنی چۆنێتی خەرجکردنی پارە تەرخانکراوەکان لە بەردەست نییە - دەستوور ڕێگە بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەکانی پەرلەمان نادات - هەروەها هیچ دەسەڵاتێکی نییە بۆ ئەوەی داوای ڕوونکردنەوەیەکی ورد لە وەزارەتی بەرگری بکات. لەو دەمەی ڤلادیمیر پوتین (Vladimir Putin) لە ساڵی 2000دا سەرۆکایەتی وەرگرتووە، کاری یاسادانانی دوما بووە بە کارێکی زۆر بێزارکەر. یاسا و ڕێسا تازەکان، لە ڕاستیدا ئەنجامی دەسپێشخەری دەسەڵاتی جێبەجێ کردنن، نەك دەرئەنجامی گفتوگۆکانی پەرلەمانێکی سەربەخۆ. بەکورتی دوما لە سایەی پوتین دا بووە بە ئامرازێکی گوێرایەڵ، هەروەك یەکێك لە شارەزایان وەسفی دەکات و دەڵێت "جگە لە بوکەڵەیەك کە کرملین کۆنتڕۆڵی دەکات، شتێکی دیکە نییە" (شیفارد 2005).

بەڵام لە وڵاتە پۆست-کۆمۆنیستەکانی دیکەدا، پەرلەمان بووە بە شوێنێکی پڕمانا بۆ سەرپەرشتیکردنی مەدەنی، چونکە لیژنەکانی بەرگریی پەرلەمان دەستیان کرد بە پراکتیزە کردنی دەسەڵاتەکانیان بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاروبارەکانی سەربازی بکەن. سەرباری ئەوەش، مەودای چالاکییەکانی لە مەسەلەگەلێکدا زۆر ئایدیاڵانە نییە. هێندێك لە هۆکارەکان بۆ ئەو ڕێوشوێنە دامەزراوەییانە دەگەڕێنەوە کە لە سەرەتای پرۆسەی گواستنەوەی دوای کۆمۆنیستدا پێی گەیشتن، ئەو ڕێوشوێنانەش دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان پەسەند کرد. لە هەنگاریا، هێشتا کۆنتڕۆڵی لیژنەی بەرگری و ئاسایشی پەرلەمان لەسەر بودجەی بەرگری زۆر سنوردارە، بەڵام لە وڵاتانی ئەوروپای سەنتراڵدا دەسەڵاتی زیاترە (سیمۆن 2003: 36). لەلایەکی دی، ئەندامانی پەرلەمانی ڕۆمانیا، تەنانەت هێندێك جار - بەتایبەتی ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن - تا ئەم دواییانەش، دەستیان بە هێندێ یاسای پەیوەندیدار نەدەگەیشت، بەر لەوەی بخرێتە دەنگدانەوە. کاتێك دیموکراسی دەچەسپێت، ئیدی

بەشێنەیی ئەو مەسەلانە چارەسەر دەبن، بەڵام بەزۆری ئەوەش سەلمێنراوە کە گۆڕینی یاسا و پراکتیکەکان کارێکی پڕزەحمەتە.

پێداویستی ڕێژەیی بۆ پسپۆڕی و شارەزایی پەیوەست بە مەدەنیکردنی بەرگری، هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دیاریکراو سەرپەرشتی دامەزراوە بەرگرییەکان بکرێن، سەرباری ئەوەی شەبەنگێکی بەرفراوانی حاڵەتەکانیش لەم بوارەدا هەیە. ئەو وڵاتانەی شوێنی یۆگسلاڤیایان گرتەوە، وڵاتەگەلێکی دەگمەن بوون - نەك تەنها لە نێو وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیستدا، بگرە لەنێو وڵاتانی دوای ستەمگەریشدا گشتیتر بوون - تا ئەو ڕادەیەی سوودیان لە سیاسەتی حکومەتی یۆگسلاڤیا وەردەگرت کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی بەرگرییان لە پایتەختی کۆمارەکانی یۆگسلاڤیا (جگە لە مۆنتینیگرۆ) دامەزراند و بەوەش بۆ چەندین دەیە ڕاهێنانیان بە شارەزایانی مەدەنی دەکرد. بەڵام لە ڕۆمانیا و پۆڵەندا، ئەکادیمیای سەربازیی لە هەوڵە بەئاگاکانیدا بۆ ئەوەی ژمارەی شارەزا مەدەنییەکان لە کاروباری بەرگریدا زیاد بکات، لەچوارچێوەی بەرنامەکانیدا خەڵکانی مەدەنی وەردەگرت. ئەم هەوڵە هادەمی پرۆسەیەکی لەسەرەخۆی دەکرد تا مۆرکێکی مەدەنی لە ناوچەکە بە وەزارەتی بەرگری ببەخشێت. بەڵام لە بولگاریا، هێشتا هێزی کار لە وەزارەتی بەرگری بەزۆریی لە سەربازەکان پێکدێت، بۆیە لەم بوارەدا بە بێباك دادەنرێت. لەلایەکی دی، پرۆسەی بەمەدەنی کردنی فەرمانبەرو کارگەرانی وەزارەتی بەرگری لە سلۆڤینیا، تا ئەو ئاستە مەعقولییەتی تێپەراندووە کە ڕەخنەگران پێیانوایە، هێندێك لە سیاسییەکان لە پەرۆشییاندا بۆ پڕکردنەوەی وەزارەتی بەرگری بەهێزی کاری مەدەنی، تواناو لێهاتوویی ئەو هێزەیان پشتگوێ خستووە (بارانی 2003: 110). ڕوسیاش لەم بوارەدا بە "نموونەیی" دادەنرێت، بەوپێیەی دەستەبژێرە سیاسییەکەی هەرگیز هانی دەرکەوتنی پسپۆرە مەدەنییەکانیان لە مەسەلە سەربازی-ئەمنییەکاندا نەداوە، چونکە هیچ شتێکیان دەست ناکەوێت، ئەمە لە کاتێکدا لە وردبینیکردنێکی سەربەخۆی دامەزراوەی سەربازییدا، ئەوەی هەشیانە لە دەستی دەدەن.

دامەزراندنی زنجیرەیەکی سادەی فەرماندەیی لەدەرەوە و ناوەوەی هێزە چەکدارەکان، هێندێك جار، لەبەر چەندین هۆ زەحمەت دەبێت، بۆ نموونە، کەلین یا ناڕوونییەکانی یاسادانان، یا بەدڕەفتاریی تاکەکەسی، یا تێنەگەیشتن لە ڕێکارە

ديموكراسييەكان. كرواتيا لە ساتەوەختى ڕاگەياندنى سەربەخۆيى لە ساڵى 1991دا، سوپای تايبەت بەخۆی نەبوو، بۆيە زۆر بەخێرايى و بە هەڕەمەكى لە كاتى جەنگى دژ بە سربيادا بونيادى فەرماندەيى سوپا و جبەخانەى دامەزراند (1991-1995) (پيرى و كيريديس 2004: 165-166). تەنانەت لە سلۆڤينياش، يەكێكە لەو وڵاتە كۆمۆنيستانەی پێشوو لە زۆر لايەنەوە سەركەوتنى بەدەستهێنابوو، چەندين ڕووداوى نەخوازراو لە ناوەڕاستى نەوەدەكانى سەدەى پێشوودا ڕوويدا كە بەزۆرى پەيوەندى بە يانس يانسا (Janez Jansa)ی وەزيرى بەرگرييەوە هەبوو، چونكە سوودى لەو بۆشاييە ياساييە وەردەگرت كە دەستووره تازەكە دروستى كردبوو - ياسايەكى تازەی پەيوەنديدارى بۆ دەرنەكرا - بۆيە بەكارامەيى خۆی بە فەرماندەى سوپا دانا. يانسا، سەرۆك ميلان كوچان (Milan Kucan)ی لە زانيارى پەيوەنديدار بێبەش كردو بەبێ دەسەڵاتپێدانى گونجاو، فەرمانى سەرەكى دەردەكرد (بيبلەر 1996: 208). ڕەنگە لەم بوارەدا، پێشێلكارى ترسناك لە ڕوسيا ڕوويدا بێت، كاتێك لە نێوان ئيگۆر سيرگييف (Igor Sergeev)، وەزيرى بەرگرى و سيرگى ئيڤانۆن (Sergie Ivanov) لەلايەك، ئەناتۆلى كڤاشنين (Anatolii Kvashnin)ی سوپا سالار، لەلايەكى ديكە، جياوازييەكى مەترسيدار هاتەئاراوە. تا ئەو كاتەی پوتين لە ناوەڕاستى ساڵى 2004دا كاركەنارى كرد، كڤاشنين چەندين كەڕەت زنجيرەی فەرماندەيى پێشێلكرد - لە بڕيارە سەرەكييەكاندا، بەشدارى بە وەزيرى بەرگرى نەدەكرد و بەرهەڵستى ڕيفۆرمەكانى بەرگرى دەكرد - ئەوەش گرژى لە نێوان وەزارەت و ئەركانى گشتيدا دروست دەكرد.

بەڵام لە زۆربەی وڵاتانى خۆرهەڵات - ناوەڕاستى ئەورووپادا، لە سەرەتای قۆناغى گواستنەوە بەرەو ديموكراسى، وەزيرانى بەرگريى مەدەنيى شوێنى ئەفسەرە سەربازييەكانيان گرتەوە و تا ئێستاش هەر خزمەت دەكەن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە شوێنەكانى ديى، جەنەڕاڵەكان وەزارەتەكانى بەرگرى بەڕێوەدەبەن، هەروەكو حاڵەتى ڕۆمانيا تا ساڵى 1994، ئەوەش بە مەبەستى "خۆلادان لە گفتوگۆی سياسيى و بەهۆی ئەو ديدوبۆچوونانەى كە پێيوايە وەزيرى بەرگرى مەدەنى، دەستەوەستان و بێتواناو لەخۆبايى دەبێت"[55]. ئەو وتانە، بەخاترى نەبوونى شارەزايى پێشتر يا تەنانەت گرنگييەگى ڕووكەشيانەش بە كاروبارە سەربازييەكانى هێندێك لە

[55] Interview with Larry L. Watts (Bucharest, May 31, 1993).

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

وەزیرانی بەرگریی پۆست-کۆمۆنیزم، جۆرێك لە ڕاستیان تیابوو. (بۆ نموونە، یەکەم وەزیری بەرگری لە هەنگاریای پۆست-کۆمۆنیستدا، لایۆس فیور "Lajos Fur" بوو کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا توێژەر بوو لە مێژووی کشتوکاڵدا). سەرباری ئەوەش، پێداویستی - هەروەکو بەڕاستی خۆرئاوا پێشبینی کرد - وەرگۆڕان بۆ وەزیرانی بەرگری مەدەنی، بەپێی پێودانگە نێونەتەوەییە پەسەندکراوەکان بۆ گشت وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات، ڕوون و ئاشکرایە، دواجار هەر ئەوەش ڕوویدا، کاتێك ئەو جەنەڕاڵانە گۆڕان کە هێشتا لە خزمەتدابوون.

بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، فەرماندە باڵاکانی ڕوسیا، بەئاشکرا لە ساڵانی نەوەدەکاندا، دژایەتی بیرۆکەی بوونی وەزیرێکی مەدەنیان دەکرد. بەشێوەیەکی تەکنیکی، جەنەڕاڵ ئیگۆر رۆدیۆنۆڤ (Igor Rodionov)، لە کانونی یەکەم/ دیسمبەری 1996دا، یەکەم وەزیری بەرگری مەدەنی بوو، کاتێك بۆریس یەڵسن بۆ یەدەك گواستییەوە "بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی دیموکراسی ڕوسیا بێت". پوچی ئەم جوڵەیە لەو ڕاستییەوە دەرکەوت کە وەزارەتی بەرگری بە سەرباز تەنرابوو، هەروەها لە ڕێی دانانی رۆدیۆنۆڤ سیرگییف-ی جێنشین لە جێی ئیگۆر کە لە خزمەتی سەربازیدا کەسێکی چالاك بوو. دواجار لە ڕوسیا، بەجۆرێك لە جۆرەکان، لە ئازار/ مارسی 2001دا، وەزیرێکی بەرگری مەدەنی دانرا، کاتێك پوتین، هاوڕێ خۆشەویستەکەی، سیرگی ئیڤانۆڤ، جەنەڕاڵی خانەنشین لە هەواڵگری ڕوسیا (KGB) لەو پۆستە دامەزراند. لە شوبات/فەبرایەری 2007دا، ئاناتۆلی سیردیوکۆڤ (Anatoliy Serdiukov) جێگەی ئیڤانۆڤی گرتەوە، ئەو کەسێکی تەواو مەدەنی و - پاشخانی سەربازی بەتەنها 18 مانگ خزمەتی سەربازی ناچاری کردبوو- سەرۆکی پێشووی دەزگای باجی فیدراڵی بوو (بارانی 2008: 596).

هەروەکو حاڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا، ڕژێمە تازەکانی حوکمڕانی لە ئەوروپای خۆرهەڵات، ڕووبەڕووی گرفتی "سوور یا پسپۆڕان" بوونەوە، بەوەی ناچاربوون بەرامبەر پاراستنی ئەو ئەفسەرە لێهاتووانەی وەفاداریان بۆ ڕژێمە کۆنەکە هەبوو، بژاردەی قورس بگرنەبەر. بۆیە لە ژمارەیەك وڵاتدا، بۆ نموونە، هەنگاریا، داوایان لە ئەفسەرەکان دەکرد واژوو لەسەر سوێندی وەفاداری بۆ دەوڵەتی دیموکراسی بخۆن یا دەردەکرێن. سەرباری ئەوەش، بەسیاسینەکردنی هێزە چەکدارەکان، هەمیشە بێ کێشە نەبووە. بۆ نموونە، ساڵی 2001، ناوی پازدە

فەرمانبەر لە وەزارەتی بەرگری سلۆڤاکیا ئاشکرا بوو کە کاریان لەگەڵ ئاژانسی نەهێشتنی سیخوری کۆمۆنیستی پێشوودا کردبوو. ئەمە سەرباری ئەوەی، پراکتیزەی تەتەڵکردنی پاشخانی ئەفسەرانی سلۆڤاکیای سەربەخۆ بەردەوام نەبوو. لەبەر ئەوەی پرۆسەی ئەم تەتەڵەکردن و لەبێژنگدانە، مەرجی پلەبەرزکرنەوە بوو، بۆیە زۆرێك لە ئەفسەرە لاوەکانی سلۆڤاکیا، ئەوانەی ڕابردوویەکی سیاسیی پاکیان هەبوو، لە پێشکەوتن و باڵاکردنی پیشەییاندا، ڕووبەڕووی بەربەستی نوێ بوونەوە. لە ڕاستیدا، نووسینگەی ناتۆ بۆ کاروباری ئاسایش، بەرامبەر نزیکەی 5000 فەرمانبەری سلۆڤاکی کە توانای گەیشتنیان بە زانیاری نهێنی هەبوو، ترس و نیگەرانی خۆی نەشاردۆتەوە، ئەوانەی لە پشکنینی پاشخانی ئەمنییان ئاوارتە کرابوون (بارانی 2003: 69)، لێرەدا کێشەیەکی دیکە هەیە، بەوەی دابڕانێك لە نێوان گەورە ئەفسەرەکانی خۆرهەڵاتی ئەورووپا و هاوپیشە ڕوسەکانیان هەیە. ئەو کێشەیەش زیاد لەوانی دی، بەرۆکی بولگاریا دەگرێتەوە، چونکە سوپاکەی زیاتر لەگەڵ هێزەکانی سۆڤیتدا تێکەڵ بوون و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە لە هەموو هێزە چەکدارەکانی دیکەی ناوچەکە، تێکەڵاوی زیاتریان هەبوو.

هەروەکو وتوومە، لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بەسیاسیینەکردنی سوپا، لە گشت وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتدا، بەشێوەیەکی قاییلکەرانە ئەنجام درا. سەرباری ئەوەش، سیاسەتی پشتگوێخستنی سوپای ڕوسیا لەلایەن بۆریس یەڵسن-ەوە، هەلومەرجێکی نموونەیی بۆ کودەتا هێنایە ئاراوە - دەستوەردان لەلایەن بکەرە سیاسییەکان، کەمکردنەوەیەکی گەورەی بودجە، مامەڵەیەکی ناشایستە لەلایەن سەرکردە سیاسییەکان و ڕاگەیاندن و پرۆسەی بڵاوکردنەوە ناشەعبییەکان - بەڵام جەنەڕاڵەکان گرنگییان بەخستنی ڕژێم نەدەدا. دەشێت ئەم هەڵوێستە لە ڕوانگەی کولتوری ڕێکخراوەیی ڕاڤە بکرێت کە جەخت لەسەر کولتوری دامەزراوەیی سەربازی ڕوسیا دەکاتەوە کە بەشێوەیەکی تەقلیدی دەستوەردانی چەکداریی دژ بە سەرکردە مەدەنییەکانی وڵات، بە هەڵەیەکی جەوهەری دادەنرێت. سەرباری ئەوەش، ڕەتکردنەوەی کودەتا لەلایەن سوپاوە، بە مانای بەسیاسیینەکردنی سوپا نییە. سێ بڕیاری سەرۆکایەتی ڕوسیا گوزارشتی لەو "ساتە پێکهێنەرانە" دەکرد کە ڕەوتی نادیموکراسییانەی سوپای دیاریی دەکرد. یەکەم، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، میکایل گۆرباچۆڤ، داوای لە سوپا کرد گوزارشت لە بۆچوونە سیاسییەکەی

بكات، ئەوەش بەسیاسییکردنێکی ئاشکرا و بێوێنەی ئەفسەرانی لەشکرەکانی ڕوسیای بەدوای خۆیدا هێنا. دووەم، بۆریس یەڵسن، بە تەنها لەوەدا شکستی نەهێنا کە ڕێ لە بەشداریکردنی سیاسییانەی سوپا بگرێت، بەڵکو ڕێی بە پەرەپێدانی سیستمێکی حوکمڕانی دا کە تێیدا تاکەکانی سوپا بتوانن ڕۆڵی سیاسی شەرعی بگێڕن (بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی پۆستی سیاسیی کە لەو هەڵبژاردنە دەکەوێتەوە... هتد). سێیەم، پوتین، لە ڕێی دامەزراندنی گەورە بەرپرسان لە پۆستە سیاسییەکان و ڕێگەدان بە سوپا وەك دامەزراوەیەك درێژە بە نارەزایەتی سیاسەتی دەوڵەت بدات، بۆ نموونە، دارشتن و جێبەجێکردنی ڕیفۆرمێکی گشتگیر لە بەرگریدا، ئەو ڕۆڵەی پشتڕاست دەکردەوە (بارانی: 19-20).

سەرباری ئەوەی، وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات، پێوەرەکانی ستیپان، لەمەڕ پەیوەندییە مەدەنییە-سەربازییەکان دیموکراسی ڕازی دەکات، بەڵام پلانە پۆلبەندییەکەی یارمەتی دەدا لەو کاریگەرە سیاسییە زۆرەی سوپای ڕوسیا لە دوای یەکێتی سۆڤێت تێبگەین. بەگوێرەی پلانەکەی، ڕۆڵی سیاسی سوپای ڕوسیا، بەتایبەتی لە دوو لایەنەوە مایەی نێگەرانییە: وەزارەتی بەرگری ڕەتیکردەوە ئەو زانیارییانە بە پەرلەمان بدات کە ڕێی پێ دەدا بەپراکتیکی سەرپەرشتی خەرجییەکانی سوپا بکات، دووەم پێواری (غیاب) بەشداریکردنی مەدەنی لە بواری بەرگری- ئاسایشدا (1988: 94-97). بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتی سوپای ڕوسیا زۆر لە دەسەڵاتی سوپای دیکتاتۆرە سەربازییەکان کەمترە و لە سوپا دیموکراسییەکانیش زیاترە.

بەپێچەوانەی هێندێك لە ناوکۆییەکانی بیناکردنی سوپا دیموکراسییەکان - بۆ نموونە هیند و پاکستان دوای حوکمی ئیمپراتۆری (بریتانی)، یا ئەمەریکای لاتین دوای حوکمی سەربازیی - لە وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیستدا، خۆرئاوا (واتە دیموکراسییە چەسپیوەکان) دەسەڵاتێکی گەورەی هەبوو تا لە ڕێگەیەوە کار لە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنیان بکات. لێرەدا ئاماژە بەو هاوکارییە ئابوورییە مەرجدارە ناکەم کە وڵاتانی خۆرئاوا پێشکەشیان کردووە، یا تەنانەت ئەو ڕۆڵەی گشتییەی کە یەکێتی ئەوروپا پراکتیزەی کردووە. بەڵام ئەو ڕۆڵە پۆزەتیڤە لە مێشك و خەیاڵەمدایە کە ناتۆ لە دیموکراتیزەکردنی کاروباری سەربازیی پۆست-کۆمۆنیست و بەشێوەیەکی وردتر لە پەیوەندییە مەدەنییە - سەربازییەکاندا پراکتیزەی کردووە

(بارانی 2006). بەخاتری ئەوەی گشت ئەندامانی پەیمانی وارسۆ، جگە لە یەکێتی سۆڤێت، ئەندامێتی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)یان وەك یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەیان دیاریکردووە، بۆیە ناتۆ ئامرازی بەهێزی بۆ سازشکردن لەبەردەست بوو، زۆر بە باشی بەکاریهێنا.

بەرنامە جیاوازەکانی ناتۆ - هاوبەشیکردن لە ئاشتی دا (Partnerdship for Peace) (ساڵی 1994 دەستی پێکرد)و پلانی کاری ئەندامێتی (Membership Action Plan) - ئەو ئامانجانەی دیاری کرد کە دەبێ هەر دەوڵەتێك بەدیبهێنێت و ڕاوێژ و هەڵسەنگاندنی بەردەوامیشی پێشکەش دەکرد، جگە لەوەی بەچەندین شێواز هاوکاری دەستەهەستی پێشکەش دەکرد، وەك مەشق پێکردنی ئەفسەرە ئاست جیاوازەکان و کەلوپەل و کەرەستەی زیادە و بەرنامەی بەخشش. ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و ئەرێنی لە دامەزراندنی نوسینگەکانی هاوکاری بەرگریی لە باڵوێزخانەکانیدا پیادە کرد کە تێیدا ئەفسەرانی هاوکارییە ئەمنییەکان، هەڵسەنگاندن و پاڵپشتی و مایەدانی ئەو بەرنامانەیان دەکرد کە پشتگیری لە دامەزراندنی پەیوەندییە مەدەنییە-سەربازییە دیموکراسییەکان و لێهاتوویی پیشەیی دەکرد (ڕاهێنان لەسەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی، ڕەگەزە هەرە گرنگەکە بوو)[56]. سەرۆك کلینتۆن لە تەموز/ یۆلیۆی 1994دا، دەستپێشخەری وارسۆ-ی ڕاگەیاند کە کۆنگرێس مایەدانی دەکرد و لە نێوان ساڵانی 1994و 2000دا بڕی 570 ملیۆن دۆلاری بەمەبەستی بەخشینی کەلوپەل و مەشق و ڕاهێنان و تەکنۆلۆجیای زانیاری، بەسەر 22 دەوڵەتدا دابەشکرد (حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان 2001: 22).

زۆرێك لە وڵاتان داوای تیمی شارەزای بواری بەرگرییان لە وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ کرد کە یارمەتی ئامادەییانی دا بۆ ئەوەی ئەندامێتی لە ناتۆ بەدەست بهێنن. بۆ نموونە، لە ڕۆمانیا، وەفدێکی بچووك لە ئەفسەر و شارەزا مەدەنییەکانی وەزارەتی بەرگری بریتانیا، ڕۆڵێکی ڕاوێژکاری نیشتەجێبوونیان پێشکەش بە هاوەڵەکانیان لە وەزارەتی بەرگری ڕۆمانیان کرد (وەزارەتی بەرگری بریتانیا 1997). نموونەیەکی

---

[56] - چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆلۆنێل دیبورا هاناگان، ئەفسەری پێشووی ئاسایش لە سلۆڤینیا (بالۆ ئالتۆ، 15 ئایا/ مایۆ 2008).

سەرکەوتووی دیکە، سەنتەری ئەورووپای جۆرج مارشاڵ بۆ توێژینەوە ئەمنییەکان لە گارمش-پارتینکیرچین (Garmisch-Partenkirchen)ی ئەڵمانیا، لە ساڵی 1993ەوە، چاوی سەدان گەورە ئەفسەر و کارمەندانی خزمەگوزارییە گشتییەکان لە وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیستدا، دەربارەی شوێن و پێگەی شایستەی سوپا لە دیموکراسییەتدا کردەوە. لە هەمان کاتدا، ڕاوێژکارە بەرگرییە ئەمەریکییەکان هاوکاریی چەندین وڵاتی ناوچەکەیان کرد تا گفتگۆ دەربارەی مەسەلەکان بکەن، هەر لە یاسادانانی بەرگرییەوە تا دابینکردنی پێداویستییەکان (پیری و کیریدیس 2004: 129). هاوکارییەکانی خۆرئاوا بۆ خۆرهەڵاتی پۆست-کۆمۆنیست لە دانانی دامەزراوە سەربازییەکانیان لەسەر بنەمای دیموکراسی، زیاتر ڕاستەوخۆ بوو، سەرباری ئەوەی لە زۆرێك حاڵەتدا نافەرمی بوون، کاتێك گەورە ئەفسەرانی ئەمەریکا بۆ شوێنی لەدایکبوونیان لە ئەورووپای خۆرهەڵات گەڕانەوە بۆ ئەوەی پۆستی فەرماندەیی لە سوپا دیموکراسییە تازەدەرکەوتووەکە وەربگرن.

ئەنجامگیری

دامەزراندنی سیستمێکی گشتی و بیناکردنی سوپای دیموکراسی، دوو پێکهاتەی گرنگن بۆ ئەوەی پشتگیری دیموکراسی بکەن. ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی 2003دا، بەشێوەیەکی ئاوارتە دوو هەڵەی پڕتێچووی کرد کە تا ئێستاش لێیان ڕزگاری نەبووە و بەدەستییانەوە دەناڵێنێت؛ ئەو دوو هەڵەیەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە مەسەلەی ئاسایشەوە هەیە. یەکەم، ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشبینی ئەو تاڵانی و ئاژاوە و پشێوییەی دوای داگیرکردنەکەی نەدەکرد و نەیتوانی بڵاوە بەهێزی پێویست بکات بۆ ئەوەی ڕێگە لەو کارانە بگرێت (فۆکۆیاما 2006: 234). هەڵەی دووەم، هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق بوو. سەرکردایەتی سیاسی ئەمەریکا - نەك هێزە چەکدارەکان - دەرئەنجامە حەتمییە پێشبینیکراوەکانی ئەم هەڵەیەی پشتگوێخست (دایمۆند 2005: 271). لە دەقی پرسیارەکانی سەردەمی کۆندا هاتووە، داخۆ باشتر نییە: أ) سەرەتا سوپا کۆنەکە لەنێوببرێت، پاشان سوپایەکی نوێ لە هیچەوە دروست بکرێت، یا ب) بەلانیکەمەوە بەشێوەیەکی کاتی، کار لەگەڵ تاکەکانی بەردەستدا بکرێت، دواتر کارێکی زۆر گرنگە، بەردەوامی بە دروست کردنەوەی بدرێت. زۆربەی ڕژێمەکان هەر لە ڕوسیای بۆلشەفیکی سۆڤێتییەوە تا هیند لە دوای حوکمی ئیمپراتۆرییەتی بریتانی ڕێگەی

دووەمیان گرتەبەر. لێرەدا دوو هۆکاری دیار و گرنگ هەیە، ئەم بڕاردەیە پەسەند دەکات، ئەوانیش، پێویستە بە هەر نرخێك بووە، لە دۆخێکی سیاسی شڵۆقدا، پارێزگاری لە دۆخی ئۆقرەیی بکرێت، چونکە هەڵوەشانەوەی سوپا، گرووپێکی گەورە لە خەڵکانی بێزاری مەشقدیدەی سەربازی دەخولقێنێت، ئەوانەی بەئاسانی دەستیان بە چەك ڕادەگات.

هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق، بێئەوەی هێزێکی ئەمنیی جێگرەوە بەردەست بکرێت بۆ ئەوەی جێگەی بگرێتەوە "لە مێژووی جەنگی ئەمەریکادا، بە یەکێك لە هەڵە گەورەکان دادەنرێت" (فیلیپس 2005: 153). ڕاگرتنی مووچە و خانشینی و شایستە داراییەکانی دیکەی ئەندامانی سوپا، خوێی کرد بەسەر برینەکەدا و زنجیرەیەك پەرچەکرداری کارەستباری بەدوای خۆیدا هێنا، هەڵەکەش بەکورتی بریتییە لە:

- بۆشاییەکی ئەمنیی گەورەی هێنایە ئاراوە.
- گرووپێکی گەورەی لە مەشقدیدە و چەکدار و زەبون و نەیار و بێزاری لێکەوتەوە کە زۆرێکیان یاخیبوونیان بە بژاردەیەکی لۆجیکی دەزانی.
- قەیرانێکی ئابوری بۆ نزیکەی 8٪ی هێزی کارو خێزانەکانیان دروست کرد..
- لە دەستدانی زانیاریی هەواڵگری گرنگ کە دەکرا لە ڕێی ئەفسەر و سەربازە دەرکراوەکانەوە بەدەست بهێنرێت.
- ڕێگەی نەدا هێزی هاوپەیمانان کۆنتڕۆڵ و "چاودێری" ئەفسەر و سەربازانی عێراقی بکات.
- دەرگای لەبەردەم شاڵاوی شەڕکەرە بیانییەکان بۆ عێراق ئاواڵەکرد[57].
- تاکە دامەزراوە نیشتمانییەکەی لە کۆمەڵگەیەکی دابەشبوو لەنێوبرد، دامەزراوەیەکی خاوەن ڕێکخستن و ژێرخان و دامەزراوەی گواستنەوە

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

---

[57] - لەگەڵ هاتنی کانونی دووەم/ یەنایەری 2005دا، لە نێو هەر شەش کەس لەوانەی بەناو لە سێ گۆشەی سونیدا گیرابوون، یەکێکیان لە خۆبەخشە بیانییەکان بوون (میندلسۆن فۆرمان 2006: 204).

کە دەکرا لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی دوای جەنگ، بەشدارییەکی کارای پێبکرێت.

زۆرێك لەو کێشانە دەرئەنجامی حەتمیی ئەو بڕیارە خراپانە بوون کە بێ بیرکردنەوە یا ڕاوێژکردن بڕیاریان لەسەر درابوو. هەروەکو فرانسیس فۆکۆیاما (Francic Fukuyama) تێبینی دەکات، کارێکی تەواو سەرنجڕاکێشە کە هەر یەکێك لەو کێشە گەورانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕووبەڕووی بووەوە یا خوڵقاندبووی، کێشەی تازە بوون، یا نائاسایی و ناباو نەبوون، ئەوەش ئاماژەیەکە بەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوەتەی بۆ یەکەمجار هەوڵی دا لە دوای شەڕە ناوخۆیەکەیەوە، نەتەوە بینا بکات، تێگەیشتنێکی دامەزراوەیی زۆری نەبووە (فۆکۆیاما 2006: 8).

ئەو بەها گەورەیەی تا ئێستاش هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراقییەکان، ڕۆژانە دەدیدەن بەهۆی ئەو هەڵانەی لە سەرەتای ململانێیەکەوە کرابوون، وەبیرهێنانەوەیەکی هەمیشەیی گرنگە بۆ ئەوەی سیستمێکی گشتی و دامەزراندنی سوپایەکی دیموکراسی پایەدار بکرێت. زۆرێك لەو ناوکۆ سیاسی، کۆمەڵایەتی-ئابوری و ئەمنییانەی کە پێویست بوو لە ڕابردوودا چارەسەر بکرێن، سەرنجمان بۆ جیاوازییە گەورەکانی نێوان حاڵەتەکان و زەرورەتی پەندوەرگرتن لە شکست و سەرکەوتنی ئەزموونەکانی پێشوو، ڕادەکێشن. ئەوەی لە هیند لە دوای ئیمپراتۆرییەت سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لە نەیجیریادا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوەی وەك پرۆسەیەکی تاڕادەیەك ئاسایی لە ژاپۆنی دوای جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێکرد، ڕەنگە لە شوێنەکانی دی، هیچ پەیوەندییەکی بە سیناریۆکانی دوای جەنگەوە نەبێت. ئامانجە گرنگەکە - کە پێویستە زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت، بە بەردەوامی و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، زۆرێك لە بڕیاربەدەستانی سیاسیی لە دەستی دەدەن - ئەوەیە کە سوودوەرگرتن لە ناوکۆییە تاکەکەسییەکان و پراکتیزەکردنی ژیرانەی وانەکانی ڕابردوو، ڕەنگە سەرکەوتن یا شکستی پرۆژەی بەدیموکراتیزەکردنێکی لێبکەوێتەوە.

هەروەکو توێژینەوەی پەیوەندییە پەیوەندییە مەدەنییە- سەربازییەکان لە دیموکراسییە تازە پەیدابووەکاندا دەریدەخات، حیکمەت و زەرورەت وادەخوازن

ئاشنایەتیی و زانینێکی زۆرمان بە ناوکۆییە تاکەکەسییەکانەوە هەبێت. سەرباری ئەوەی دەشێت هێندێك گشتاندنی کاتی و مامناوەندی پێشکەش بکرێن، بەڵام هیچ تاکە چارەسەرێك بۆ کۆنترۆڵی مەدەنی نییە کە بشێت بە مەبەستی جێبەجێ کردنی فۆرمۆڵە بکرێت یا بۆ کۆمەڵەیەکی گەورە لە ڕێکخستنە سیاسییەکان "بگونجێت". کلۆاد وێلچ (Claude Welch)، چەندین دەیەیە وشیاریی دەدا بەوەی هەروەکو سیستمە سیاسییەکان لە پێکهاتە و هەلومەرجیاندا بێهاوتان، پێکهاتە وردەکانیش کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی پەیوەندییە مەدەنی- سەربازییەکاندا هەیە: واتە هێز و یەکێتی سوپا و هێزی سیاسیی دامەزراوە مەدەنییەکان و سەرچاوەکانی بەردەست و شتی دی (وێلچ 1976: 313).

بەوپەری دڵنیاییەوە، جیاوازییەکی گەورە هەیە، لەوەی داخۆ ئەو سوپا تازەیە لەلایەن هێزێکی بیانییەوە دامەزراوە یا دەرئەنجامی وەرگۆڕانێکی ناوخۆیە. پێویستە بەشداریکردنی بیانی، بەوردی بەپێی هەلومەرجە دیاریکراوە ناوخۆییەکە بگونجێت. کارێکی زۆر زەرورییە لە هێندێك ڕێکخستندا - هەروەکو لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ئەڵمانیا ڕووی دا - بکەرە بیانییەکان بەپەرۆش و یەکلاکەرەوە و هەتەربن و تا چەسپاندنی دیموکراسیش بمێننەوە. بەڵام لە ڕێکخستنەکانی دیکەدا -هەروەکو لە بولگاریای پۆست-کۆمۆنیزم ڕووی دا- زۆر گرنگە بکەرە بیانییەکان بە وریاییەوە هەنگاو بنێن و خۆیان وادەرنەخەن وەك ئەوەی هەژمونیان بەسەر پرۆسەکەوە هەیە و تەنها هاوکاری پێویست پێشکەش بکەن. لە گشتاندنە کاتییەکاندا کە بشێت ئەنجام بدرێن، دەرفەتێکی تاڕادەیەك باش بۆ دیموکراسییە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان هەیە، بۆ ئەوەی بە هاندانی پەرەپێدانی توانای ڕژێم، بەتایبەتی لە بواری شارەزایی مەدەنی لە مەسەلەکانی بەرگری-ئاسایشدا، دەستیاری سەقامگیری دیموکراسییە تازەپێگەیشتووەکان بکەن (ترینکوناس 2005: 17). هەروەها ئەگەری پێکهێنانێکی سەرکەوتووانەی سوپا دیموکراسییەکان و پەیوەندییە مەدەنییە-سەربازییەکان، بەزیادبوونی ژمارەی مەدەنییەکان، ئەوانەی لە گرنگی و ئاڵۆزی ئەم پرۆسانە تێدەگەن، زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی نۆیەم

دیموکراتیزەکردن، ململانی و بازرگانیکردن[58]

ئیدوارد د. مانسفیلْد و جاك سنایدەر

لەم ساڵانەی دواییەدا پشتگیریکردنی دیموکراسی بووە بە بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان. بێڵ کلینتۆن، لە گوتاری یەکێتیی ساڵی 1994دا، هۆکاری سەرەکی پێوارِیی جەنگی لە نێوان وڵاتە دیموکراسییەکاندا بۆ پشتگیریکردنی دیموکراتیزەکردن لە سەرتاسەری جیهاندا گەڕاندەوە. سەرۆك جۆرج دەبلێیو بوش (Georde w. Bush) بەگوڕوتینێکی زۆرترەوە لەسەر ئەم ئامانجە بەردەوام بوو، کاتێك وتی؛ دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەند و شوێنەکانی دی، ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەهێز و تۆکمە دەکات. ئەو بانگەشانە، لە زۆر لایەنەوە تازە نین، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وودرۆ ولْسۆن (Woodrow Wilson) پێیوابوو دیموکراسی و ئاشتی یەکتری بەهێز و پایەدار دەکەن. ڕۆناڵد ڕیگان، بەر لە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد بە ماوەیەکی کەم، هەمان بانگەشەی دووبارە کردەوە. بڕیاردەرانی سیاسی خۆرئاوا و دامەزراوە نێونەتەوەییە جیاوازەکان وەکیەك مشتومڕیان بوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە هانی دیموکراتیزەکردن بدرێت، لەبەر ئەوەی ڕیفۆرم و گەشەسەندنی ئابوری بەرهەم دەهێنێت. یەکێك لەو هیواو ئومێدانەی گشت ئەو کەسانە گوزارشتیان لێی دەکرد، ئەوە بوو کە دیموکراتیزەکردن ئازادی بازرگانی بیانی بەهێز دەکات، بەوەش سیستمی بازرگانی جیهانی کراوە، بەرفراوان و قووڵ دەبێتەوە.

لە دوور مەودادا، هۆیەکی ڕوون بۆ پێشبینیکردن هەیە، ئەو ئازادییە سیاسییەی بەدامەزراندنی دامەزراوە دیموکراسییە جێگیر و پێگەیشتووەکان بەتڕۆپکی خۆی دەگات، ناوچەی ئاشتی و گەشەکردنی لێدەکەوێتەوە. بەڵام لە کورت مەودادا، وەرگۆڕانە دیموکراسییەکان، بە شێوەیەکی دووبارەیی هانی هەڵگیرسانی شەڕ و لەباربردنی ڕیفۆرمە ئابورییەکان دەدەن. بەهەموو دڵنیاییەکەوە، گشت وەرگۆڕانە دیموکراسییەکان، وەرگۆڕانی پڕکێشە و هەڵبەزودابەز نین. ئەو وەرگۆڕانانەی بە

---

[58] - ئەم توێژینەوەیە پشت بەو توێژینەوەیە دەبەستێت کە مانسفێڵد و سنایدەر پێشکەشیان کردووە.

بوونی دامەزراوەی بەهێز و جێگیریی ناوخۆ ڕوو دەدەن، بەزۆری ئاشتیئامێز و بەشداری لە بەجێهێنانی ئابورییەکی باش دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ململانێ سیاسییەکان و سیاسەتە پارێزگەراکان، بەدیاریکراوی دەرئەنجامە شیمانەییەکانی ئەو وڵاتانەن کە دەستیان بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن کردووە و تا ئێستاش ژێرخانی دامەزراوەییان لە ئاستی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆسەیەدا نییە.

کاتێك ئەو دامەزراوانە شێواو یا لاواز دەبن، ئیدی سیاسییەکان بەباشی پەنا بۆ دروشمە نیشتمانییەکان دەبەن و نەیارەکانیان بە دوژمنی نەتەوە وەسف دەکەن، ئەوەش بۆ ئەوەی لە کێبەرکێی هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. ڕەنگە لە پای ئەوە جەنگ هەڵگیرسێت، گەر دەستەبژێر گیرۆدەی سیاسەتێکی شەڕەنگێزانەی ئەوتۆ بێت کە لەوانەیە گوتاری نیشتمانی جڵەوی بۆ شل بکات. لە هەمان کاتدا، سەرەتای وەرگۆڕانی دیموکراسییەك کە دامەزراوەی ناوخۆی لاوازی هەبێت، توانای بەرپرسە حکومییەکان لە بەرهەڵستیکردنی داواکاری گرووپەکانی بەرژەوەندی کەم دەکاتەوە، بەو گرووپانەشەوە کە گوشار دەکەن بۆ ئەوەی لە کێبەرکێی بیانی بپارێزرێن. سەرباری ئەوە، بەشێوەیەکی دیاریکراو، واباشترە بەرپرسانی ئەو وڵاتانە سیاسەتی بازرگانی پارێزگەرایی (حمائیة) بۆ بیناکردنی پشتیوانی میللی بەکاربهێنن. لەم حاڵەتەدا، بەزۆری قۆناغی یەکەمی دیموکراتیزەکردنی شەڕەنگیزی لە دەرەوە و ناوەوە بەهێز و تۆکمە دەکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی لەبەردەم بازرگانی ئازاد دا قۆرت و بەربەست دادەنرێت.

بەدیموکراتیزەکردن و جەنگ

ئەو وتەیەی دەڵێت؛ بەدەگمەن دیموکراسییەکان شەڕی یەکتری دەکەن، بەناوبانگترین دۆزینەوە بوو لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. دوو ڕاڤەکردن هەیە، بۆ ئەوەی پێی دەوترێت ئاشتی دیموکراسی (دویل 1986، رۆست 1993). یەکەم، جەنگەکان بەها و تێچوویەکی گەورە بەسەر هاوڵاتیانی وڵاتێکدا دەسەپێنن. بۆیە سەرکردە دیموکراسیەکان خۆیان لە جەنگ لادەدەن، چونکە هاوڵاتیان - ئەوانەی بەهای مرۆیی و ئابوری ململانێی نێونەتەوەیی دەکەوێتە سەرشانیان - دژی ئەو بەرپرسە حکومییانە دەنگ دەدەن کە بڕیاری هەڵگیرسانی جەنگ دەدەن. سەرباری ئەوەش، چاوەڕوان دەکرێت کۆنترۆڵ و هاوسەنگیی ڕەگداکوتاوی دیموکراسییەکان، دەستی سەرانی ئەو وڵاتانە ببەستێتەوە کە بیر لە ڕەوانەکردنی سەرباز بۆ بەرەکانی

شەڕ دەکەنەوە. دووەم، چاودێرەکانی دیکە دەڵێن؛ دیموکراسییەکان، بەو پێوەرانە دەناسرێنەوە کە ململانێی ناوخۆ ڕێك دەخات و ئەوجۆرە پێوەرانەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیموکراسییەکانی دیکەی سیستمی جیهانی ئاراستە دەکات (ئەوین 1997). هەروەها وادادەنرێت دیموکراسییەکان لەگەڵ یەکتریدا بە خۆڕسك ئاشتیخوازبن، بۆیە دەستیاری خاوکردنەوەی گرژییەکان دەکات و هاوکاری سیاسیی نێوانیشیان بەهێزو تۆکمە دەکات.

تا هەنووکە گفتوگۆ جیاوازەکان دەربارەی ئاشتیی دیموکراسی چارەسەر نەکراون. سەرباری ئەوەش، وادیارە تێگەیشتنێکی زۆر هەبێت، بەوەی دیموکراسییە پێگەیشتووەکان بەدەگمەن ململانێ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دیموکراسی، ئاشتی بەهێز و پتەو دەکات. بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەزۆری قۆناغە بەراییەکانی ئەمجۆرە وەرگۆڕانە، بە توندوتیژییەکی زۆر دەناسرێتەوە، بەتایبەتی کاتێك لە ئیدارەدانی گۆڕانەکەدا، ژێرخانی دامەزراوەیی پێویست بۆ کۆمەك کردنی ڕژێم لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکە بەپێی پێویست نەبێت.

ئاشتیی دیموکراسی پشت بە بوونی دامەزراوەی بەهێز لە ناوخۆدا دەبەستێت کە بەشداریکردنی سیاسییانەی جەماوەر ڕێکدەخات، بە سەروەری یاسا و مافە مەدەنییەکان و ڕۆژنامەوانی ئازاد و کارا و حکومەتی نوێنەرایەتیشەوە. ئەو دامەزراوانە زامنی ئەوە دەکەن کە ئەو کەسانەی سیاسەتی دەرەوە دادەڕێژن، لەبەرامبەر جەماوەردا بەرپرسیارن و تەنانەت ئەو چاودێرانەش کە لە پشتگیریکردنی ئاشتیی دیموکراسیدا، پێداگری لەسەر گرنگیی پێودانگە لیبراڵییەکان دەکەن، لەوە تێدەگەن کە ئەو پێودانگانە تەنها لەگەڵ دامەزراوە چالاکەکاندا، کاردەکەن (ئەوین، 1997: 155).

لە هێندێك حاڵەتدا، دەکرێ مامەڵە لەگەڵ داواکارییەکاندا بکرێ، بۆ ئەوەی بەشدارییەکی سیاسیی فراوانتر بکرێت کە لە دوای داڕوخانی بیرۆکراسییەکەوە پەیدا دەبێت، ئەوەش لەڕێی دامەزراوە باوەکانەوە یا ئەوانەی دەشێت زۆر بەخێرایی دروست بکرێن، بۆ نموونە، وەك ئەو وەرگۆڕانە دیموکراسییەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە بریتانیا و ئەفەریقیای باشووری هاوچەرخ، بەدامەزراندنی پێشوەختەی

دامەزراوەی جۆراجۆری پێویست ڕووی دا، بۆ ئەوەی حکومەتی نوێنەرایەتی کردن سەربخرێت. بەڵام لە حاڵەتەکانی دیکەدا - بۆ نموونە، لە چیکی پۆست-کۆمۆنیست - ڕەنگە چینە نێوەنجییە شارستانییە گەورە و خوێندەوارەکە کە لەڕووی سیاسییەوە کامڵ و پێشکەوتووە، ئەوەندە کارامەیی هەبێت، زۆر بەخێرایی دامەزراوەی لەوجۆرە دروست بکات. گەر کارەکەش بەوجۆرە بێت، ئیدی دەشێت دیموکراسی تاڕادەیەك بەنەرمی و ئاشتیانە، جێگیرو بەهێز بکرێت.

هەر چەندە، ئەوەی زۆر بەربلاوە، بەشداریکردنی سیاسیی بەرفراوان لە وڵاتانی دوای حوکمی ستەمگەری پەیدا دەبێت، بەڵام هەلومەرجی دامەزراوەیی پێشوەختە بۆ دیموکراسییەکی چالاك و کارا، بزرە، سەروەری یاسا ڕەگیدانەکوتاوە، فەرمانبەرەکانی گەندەڵن، هەروەها لەوانەیە ساختە لە هەڵبژاردنەکاندا بکرێت و هێزە چەکدارەکان یا میرانی شەڕ هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەن، ئەمە بێجگە لە ناپیشەیی ڕۆژنامەگەری و پشت بەستنی بە دەوڵەت یا بە دەستبەژێری ئابوری. هەروەکو ساموێل هینتینگتۆن (1968) ئاماژەی پێداوە، کاتێك ئاستە بەرزەکانی بەشداریکردنی سیاسیی جەماوەر لەهەمبەر مامەڵەکردن لەگەڵ چالاکی سیاسیدا، توانای دامەزراوە لاوازەکان تێدەپەڕێنێت، ئەوا دەرئەنجامەکە دیموکراسی نابێت، بەڵکو ئاژاوە و پشێوییەکی ئەوتۆ دەبێت کە تێیدا هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، بڕیاری تاکلایانە دەدات: کرێکاران ماندەگرن، گرووپە ئەتنیکەکان کردەی توندوتیژی ئەنجام دەدەن، هێزە چەکدارەکانیش کودەتا دەکەن. حوکمەتێك بەم پێکهاتەیەوە، پێویستی بە بنەمایەکی ئایدیۆلۆجی هەیە، بۆ ئەوەی پشتگیری جەماوەر بەدەست بهێنێت. لەسایەی ئەم هەلومەرجەدا، ئایدیۆلۆجیا ئەو کەلینەی نێوان ئاستە بەرزەکانی بەشداریکردن و دامەزراوەی لاوازی سیاسیی پڕدەکاتەوە. دەشێت تەنها دیموکراسییەکی بە باشی دامەزراوەییکراو، گرەنتی حکومەتی "گەل" بکات، بەڵام دەشێت ئایدیۆلۆجیایەکی پۆپۆلیستی جێگرەوەیەکی ماقووڵی حکومەتێك بێت "لە پێناوی گەل"دا.

ڕەنگە ئەو ئایدیۆلۆجیایە بەفرەفۆرم دەربکەوێت، بەڵام بەزۆری فۆرمی ناسیۆنالستی وەردەگرێت (سنایدەر 2000). ناسیۆنالیزم، ئایدیۆلۆجی بیناکردنی ئەو دەوڵەتەیە کە پەیمان دەدا، یا دەوڵەت بۆ میللەتێکی بێ دەوڵەت بەدەستبهێنێت،

یا توانای دەوڵەتە باوەکە بەهێز بکات، بۆ ئەوەی باشتر خزمەتی ئامانجە ئایدیاڵەکانی میللەتێك بکات و بە کردار بتوانێت کۆتایی بە کەلێنی نێوان داواکارییە میللییەکان و دامەزراوە لاوازەکاندا بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ناسیونالیزم بەزەرورەت پەیمانی ئەوە نادات، سیستمی مافە مەدەنییەکان و لێپرسینەوەیەکی توند لەبەردەم دەنگدەرە نێوەنجییەکانیدا جێبەجێ بکات، بگرە بەپێچەوانەوەی ئەوەوە، زۆرێك لە کێشەی خواستەکانی ناسیونالیزم، پشت بە پەراوێزخستنی سیاسیی ئەتنیکەکان یا ئایدیۆلۆجییەکانی"دوژمنانی نەتەوە" دەبەستێت، بەم شێوازەش دەشێت مافەکانی بەشداری کردنی سیاسی کەم بکرێتەوە، بەپێی ئەم ئایدیۆلۆجیایە، حوکمڕانی "لە پێناوی میللەت"دا، ڕەنگە پێویستی بەوە بێت کۆتوبەند لەسەر حکومەت"لەلایەن گەلەوە" دابنرێت.

ناوەڕۆکە وردەکەی ناسیونالیزم، پشت بە سروشتی پێکهاتەی سیاسی قۆناغی دوای ستەمگری و ئەو "دوژمنان"ە دەبەستێت کە پێویستە دوور بخرێنەوە. بۆ نموونە، ناسیونالیزمی شۆڕشی فەرەنسی ڕکابەرە سیاسییە ئۆرۆستۆکراتەکانی ڕێك وەك دوژمنە بیانییەکان وەسف دەکرد؛ هەروەها ناسیونالیزمی ئەڵمانی نەیارانی شۆڕشی چینی نێوەنجیی دژ بە کرێکارە شۆڕشگێڕەکان بەنەیارانی ناسیونالیزم ناوزەدە دەکرد؛ کەچی ناسیونالیزمی سیربی لە دوورخستنەوە و دژایەتی کردنەکانیدا پشتی بە بنەما ئەتنیکییەکان دەبەست. دەشێت فێندەمێنتالیزمی ئایینی -کە مارك جیورگینزمایەر (Mark Juegensmeyer) (1993) پێیوایە فۆرمێکە لە فۆرمەکانی ناسیونالیزمی ئایینی - بەهەمان شێوە لە بیناکردنی دەوڵەتدا، خزمەت بە ستراتیجی پۆپۆلیستانە بکات، بەڵام ستراتیجییە پەراوێزخستنەکانی لە ڕێی ئایدیۆلۆجییە دژە-عەلمانییەکەیەوە (anti-secularist ideology) بوو. هەروەها پۆپۆلیستی سەربازیش لە شوێنەکانی دیکەدا، بۆ نموونە، ئەرجەنتین، ڕۆڵێکی هاوشێوەی گێڕا (لیڤی و ڤاکیلی 1992).

لەوانەیە هەموو جۆرەکانی دەستەبژێر، کاتێك ڕووبەڕووی ئاڵەنگارییە دامەزراوەییەکانی ژینگەی دوای ستەمگەری دەبێتەوە، ئەنگیزەیەك بۆ روو کردنە ئەمجۆرە ئایدیۆلۆجییە پۆپۆلیستانە یا ناسیونالیزمانەیە، بەدی بکات. ڕەنگە ئەمجۆرە ئایدیۆلۆجییانە بۆ ئەو دەستەبژێرە تازەدەرکەوتووانەی نوێنەرایەتی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە دەکەن کە لە ڕابردوودا دوورخراونەتەوە، سەرنجڕاکێش

بێت، بۆ نموونە، کەمایەتییە ئەتنیکەکان، ئەمە سەرباری ئەو دەستەبژێرانەی کە داڕوخانی ڕژێمە کۆنەکە هەڕەشەیان لێدەکات و هەوڵ دەدەن بۆ پاڵپشتی سیاسیی جەماوەرییان، شوێنپێیەك بۆ خۆیان پەیدا بکەن. ئایدیۆلۆجیای ئەو دەستەبژێرانە، ئامرازێك بۆ خۆلادان لە لێپرسینەوەی توندی دیموکراسی دەخاتەڕوو، بەڵام بە ڕووکارێکدا دەردەکەوێت وەکئەوەی وەپێر بەرژەوەندییە میللییەکانەوە بچێت. ڕەنگە ناسیونالیزم وەك ئامرازێك خزمەت بە دەستبژێرە کۆنەکانیش بکات کە بەرژەوەندی تەسکییان لە دامەزراوە سەربازییەکان، یا لە ئیمپراتۆرییەت، یا پارێزگەرایییەکان (حمائية - protectionist) هەبێت کە لە نێو جەرگەی دەوڵەتە ستەمگەرەکەی پێشوو و هاوپەیمانییە حوکمڕانەکەیە.

دەشێت ئەمجۆرە سیاسەتە ناسیونالیستییەی دوای ستەمگەری لە پێکهێنانی دامەزراوەی لاوازدا، لەڕێی چەندین میکانیزمی پەیوەندیدارەوە، هەڵگیرسانی شەڕی دەرەکی لێ بکەوێتەوە. یەکێك لەو میکانیزمانە پێفرۆشتنەوەی ناسیوناڵیستییە (المزايدة القومية): ڕەنگە هەر یەك لە دەستەبژێرە کۆن و تازەکە، لە پێناوی ئەوەی پشتگیری میللی بەدەستبهێنێت، هەوڵ بدات پێشنیازی بوێرانە بخاتەڕوو تا هەتەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڕەشانە بکات کە ئاراستەی نەتەوە دەکرێن، بانگەشەی ئەوە بکات ڕکابەرە سیاسییە لۆکاڵییەکان ناتوانن بەوپەڕی توانایانەوە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە بکەن. میکانیزمێکی دیکە پەرچەکرداری توندوتیژئامێزی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیستە: ناسیونالیستەکان پێیانوایە دەورەدراون بەو گوتارانەی پێداگری لەسەر دژایەتی کردنی ئەو هەڕەشانە دەکات کە ئاراستەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەکرێت، چونکە هەر یەك لە سیاسیی و لایەنگرەکانیان سروشیان لەو جیهانبینییە وەرگرتووە. بەڵام دوا میکانیزمیش کاری هەرەوەزییە (پاڵپشتی کردنی یەکتری). زۆرجار هاوپەیمانییە ناسیونالیستەکان، گرووپە سەربازی و ئیمپراتۆری و پارێزگەرایییەکان لەخۆدەگرێت کە لەڕێی هەرەوەزییەوە یەکدەگرن. ئەمجۆرە تاکتیکەش دەرفەتی تێوەگلانی دەوڵەت لە ململانێ بیانییەکاندا زیاد دەکات (مانسفێڵد و سنایدەر 1995، 2005).

مەترسییەکانی دیموکراتیزەکردنی ناتەواو

لە کارەکەی پێشووتردا، جیاوازیمان لە نێوان وەرگۆڕانی دیموکراسی تەواو و وەرگۆڕانی ناتەواودا کرد (مانسفێلد و سنایدەر 2002، 2005). وەرگۆڕانی تەواو لە دامەزراندنی دامەزراوە دیموکراسیی یەکانگیرەکاندا بەزوویی (لە ماوەی پێنج ساڵدا یا لەو دەوروبەرە) لە دوای دەستپێکردنی بە لوتکە دەگات. کاتێك دامەزراوە دیموکراسییەکان ڕەگدادەکوتن، ئیدی بەرپرسەکان لەبەردەم جەماوەردا بەرپرسیار دەبن و ڕۆژنامەی چاودێریکاریش توانای سیاسییەکان و گرووپە بەرژەوەندگەراکان سنووردار دەکات، بەو ستراتیجییانەی حوکمڕانی کە لە بەشی پێشوودا دیاریمان کردووە، سەرکەوتن بەدەستبهێنن. بەڵام حاڵەتی وەرگۆڕانی ناتەواو، بە داڕوخانی ئەو دامەزراوە ئۆتۆکراسییانە دەناسرێتەوە کە بەر لە پێکهێنانی دامەزراوە دیموکراسییەکان لە کار دەکەوێت. لەجیاتی ئەوەش، لەمجۆرە وەرگۆڕانەدا ڕژێمێکی تێکەڵ بەرهەم دێت کە ئەدگاری ئۆتۆکراسی و دیموکراسیشی هەیە. لەمجۆرە پێکهاتەیەدا، دامەزراوەی هاوبەشیی لاواز، ئەنگیزە و دەرفەت بۆ ستراتیجییەتی ئەو سیاسەتە دەخوڵقێنێت کە ئەگەری هەڵگیرسانی ململانێیەکی نێونەتەوەیی زیاتر دەکات.

یۆنان، تورکیا، ئێکوادۆر، پیرۆ، ئەرجەنتین، ئێرانی شۆڕشگێر، نیکاراگوای شۆڕشگێڕ و پاکستان، لە نێو ئەو وڵاتانەدا بوون کە بەدرێژایی نیو سەدەی ڕابردوودا، لە ساتەوەختێکدا، بەوەرگۆڕانی دیموکراسی ناتەواودا تێپەڕیون و پاشان لەگەڵ وڵاتانی دی بەشەڕ هاتوون. داڕوخانی حکومەتی ئۆتۆکراسی لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەدا، ڕێکاری دیموکراسیی پچڕپچڕ و بەکارهێنراوی لێ کەوتۆتەوە کە ئایدیۆلۆجی ناسیونالیستی یا ئایدیۆلۆجییە پۆپۆلیستەکانی دیکە جۆشوخرۆشی پێدەبەخشێت. هەروەها زۆربەی ئەو حاڵەتانەش لە سەرەتای وەرگۆڕانی لە ڕژێمی ئۆتۆکراسییەوە، بە دامەزراوەی سیاسی لاواز دەناسرانەوە.

لە ڕاستیدا بەڵگەی پێویستمان بەردەستە، دووپاتیدەکاتەوە کە ڕەنگە پشێوی و ئاشوب لە قۆناغی یەکەمی وەرگۆڕانی دیموکراسیدا ڕووبدات، کاتێك جۆرێك لە دەسەڵاتی سیاسیی لۆکاڵی لە دەستی فەرمانبەرە حکومییەکان چڕدەبێتەوە و دامەزراوە سیاسییەکانی وڵات لاواز یا شێواو دەبن (مانسفێلد و سنایدەر 2005). هەروەها ئەو تاقیکردنەوە ئامارییانەی هەموو وڵاتانی لە ماوەی

سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا گرتۆتەوە، ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ئەو وڵاتانەی بەوە دەناسرێنەوە دامەزراوەی لاوازیان هەبووە یا سەنتراڵیزە (centralization) بوون، لە وەرگۆڕانە دیموکراسییە ناتەواوەکەیانەوە، ئەگەری شەڕی دەرەکی لە نێوان چوارهێندە بۆ شازدەهێندەی لێ دەکەوێتەوە، بەراورد بەو وڵاتانەی وەرگۆڕان لە ڕژێمەکانیان ڕووی نەداوە. ئەوەش پشت دەبەستێت بەوەی بە چ ڕێکار و پێوەرێکی گۆڕین ڕژێمەکە شیدەکەینەوە. سەرباری ئەوەش، هەر وەرگۆڕانێکی دیموکراسی ناتەواو، بە ڕێژەی 50٪ - 200٪ زیاتر لە هەر جۆرە گۆڕانێکی دی لە ڕژێم (دیموکراتیزەکردنی تەواو، یا وەرگۆڕانی ئۆتۆکراسی تەواو، یا وەرگۆڕانی ئۆتۆکراسی ناتەواو)[59]، دەبێتە مایەی هەڵگیرسانی جەنگ.

ئەو دەرئەنجامانە بۆ کۆمەڵە گۆرانکارییەکی بەرفراوان لە نموونەی ئەو وڵاتانەدا بەهێزە کە شیکارییان بۆ کراوە، هەروەها تەکنیکەکانی هەڵسەنگاندن و ستراتجییەکانی ئەو مۆدێلانەش کە بەکارهاتوون، لەگەڵ گۆڕاوەکانی ئەو کۆنترۆڵەی کە دەیگرینەخۆ، ئەمە ئەگەر هەڵایسانی جەنگی جیهانی دووەمی لێ ئاوارتە بکەین. هەروەها ئەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتووین، ئەو بۆچوونە بەدرۆ دەخاتەوە کە دەڵێت؛ دیموکراسییە گوێزراوەکان، زۆر بە سادەیی، بەهۆی لاوازییە کاتییەکەیانەوە، بریتین لە ئامانجە سەرنجراکێشەکانی پەلاماردان: لە ڕاستیدا ئەو دیموکراسییانە پێیان باشە خۆیان دەستپێشخەری جەنگەکان بکەن. هەروەها دەتوانین ئەو ئەگەرەش بەلاوەبنێین کە کاریگەری تێبینیکراوی دیموکراتیزەکردن لەسەر جەنگ، بەکردار ڕەنگدانەوەی کاریگەری جەنگە لەسەر دیموکراتیزەکردن: پەیبردنەکانمان ئاماژە بەوە دەکەن کە جەنگ کاریگەرییەکی زۆر کەمی لەسەر وەرگۆڕانە دیموکراسییەکاندا

---

[59] - لە توێژینەوەیەکدا کە ماوەی دوای جەنگی جیهانی دووەم ڕووماڵ دەکات، ئەو بەڵگەیەمان دۆزییەوە کە دیموکراتیزەکردنی ناتەواو، سەرەتا دەبێتە مایەی ململانێی سەربازیی نێوان وڵاتان، واتە کۆمەڵە ڕووداوێك کە لە نێوان جەنگەوە بۆ بەکارهێنانی هێز جۆلانێ دەکات و قوربانی لێ ناکەوێتەوە. بڕوانە مانسفێڵد و سنایدەر (2002).

هەیە، یا داخۆ ئەو وەرگۆڕانانەی ڕوودەدەن، دامەزراوەی دیموکراسیی یەکانگیر بەرهەم دەهێنێت (مانسفیڵدو سنایدەر 2005)[60].

ئەنگێزەی وڵاتە دیموکراتیزەکراوەکان بۆ جەنگ، بەشێوەیەکی هەندەکی ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و چینە تازەکان، تێکەڵ بە کایەی سیاسیی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی لەم بوارەدا گرنگ بێت، خواستی دیموکراتیزەکردن بۆ لاوازکردنی ئەو دەزگا سەنتراڵە حکومییانەیە کە پرۆسەی سیاسی و دەرهاویشتەکانی ڕێك دەخات. بەڵام زنجیرە جیاوازەکانی بەدیموکراتیزەکردن، جیاوازی گەورەی لەو مەودایە لێ کەوتەوە کە دامەزراوە سەنتراڵە حکومییەکانی تیا لاواز کران. بۆ نموونە، وەرگۆڕانە دیموکراسییەکانی ئەمەریکای لاتین، پرۆسەی ڕێکوپێك و تاڕادەیەك نەرم بوون، بەشێوەیەکی ڕێژەییش ناسەقامگیرییەکی سیاسیی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە زۆرێك لە حاڵەتەکانی دیکەدا، ئەو وەرگۆڕانانە هاوڕای ناسەقامگیری دامەزراوە گەورەکان و لاوازییەکی زۆری دەسەڵاتی ناوەندی حکومەت بوون. بەگشتی دیموکراتیزەکردن دەبێتە مایەی هەڵایسانی جەنگ، گەر داوەشین و داخورانێکی گەورەی دامەزراوە و حکومەتێکی ناوەندی لاواز هاودەمی بکات.

---

[60] - کاریگەری جەنگ لەسەر دیموکراتیزەکردن زۆر گرنگە، بەڵام مەسەلەیەکی ئاڵۆزە. لە چەند حاڵەتێکی زۆر دەگمەندا، جەنگ هانی بەدیموکراتیزەکردنی داوە، بۆ نموونە، لە ڕێگەی شکستی سەربازیی وڵاتە ستەمگەرەکان لەسەر دەستی هێزە دیموکراسییەکاندا (وەك ئەڵمانیا و ژاپۆن لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا). لە حاڵەتەکانی دیکەدا، ئەو حکومەتانەی هەوڵ دەدەن مۆبێلیزەی پاڵپشتی کردنی گەل بۆ هەوڵە جەنگییەکانی چینی نێوەنجی، یا چینی کرێکاران بکەن، دەرفەتێکی گەورەتر بۆ بەشداریکردنی سیاسیی دەڕەخسێنن. بۆ نموونە، بڕوانە ئیندەرسۆن 1967و فێڵدمان 1966. سەرباری ئەوەش، دەشێت جەنگ هەڵوێستەکانی ناسیونالیستی نالیبڕالی بەهێز بکات و دامەزراوەی سەربازی تۆکمە بکات و ئاسایشی نەتەوەیی وەك پاساوێك بۆ سنووردارکردنی ئازادییە سیاسییەکان بەکاربهێنێت. ئەوەی لەم پەیپەرەدا بۆ ئامانجە دیاریکراوەکە گرنگ بێت، جەنگ کاریگەرییەکی سیستماتیکانەی لەسەر دیموکراتیزەکردن نییە کە کاریگەری لەسەر دروستی ئەو دەرئەنجامانە هەبێت کە پێی گەیشتووین. بەمەبەستی شیکردنەوەیەکی سیستماتیکانە دەربارەی ئەم مەسەلەیە، بڕوانە مانسفێڵد و سنایدەر (دواتر لەم کتێبەدا دەبینرێت).

دیموکراتیزەکردن و جەنگ لە ڕوانگەی مێژووییەوە

لانیکەم هەموو زلهێزەکان لە قۆناغی یەکەمی سەردەمی سیاسەتی جەماوەرییاندا، جەنگیان کردووە. بریتانیا لە ناوەڕاستی سەردەمی ڤیکتۆریا کە لەنێوان دیموکراسی هەندەکی بۆ یاسای ڕیفۆرمی یەکەم (First Reform Bill)ی ساڵی 1832 و دیموکراسی تەواو لە سەردەمی دواتری گلادستۆن دا جۆلانێی دەکرد، بەهۆی شەڕەنگێزی ڕای گشتییەوە، سەرقاڵی جەنگی قرم (Crimean) بوو. بەڵام فرەنسای ناپلیۆنی سێیەم کە لە حوکمڕانی ڕاپرسیی میللییەوە بۆ حوکمڕانی پەرلەمانی دەیگوازتەوە، زنجیرەیەك شەڕی هەڵایساند کە مەبەست لێی لێهاتوویی و شایستەیی بوو، وەك ئیمپراتۆرێکی نەتەوەیی لیبراڵ و پۆپۆلیست، کەچی دەستەبژێری فەرمانڕەوا لە ئەڵمانیا کە ڕووبەڕووی ماف دەنگدانی گشتی دەبووەوە، بەڵام بە لێپرسینەوەیەکی کەمی حکومەت، ویلهایم-یان ناچار کرد بە ئاراستەی جەنگی جیهانی یەکەم هەنگاو بنێت، ئەوەیش لە ڕێی کێبەرکێ توندەکەی لەگەڵ گرووپە جەماوەرییەکانی چینی نێوەنجی لەسەر پاوانکردنی باڵاپۆشی ناسیونالیزمی ئەڵمانی (the mantle of German nationalism). بەڵام "دیموکراسی تایشۆ"ی ژاپۆنی لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، سەردەمی سیاسەتی جەماوەریی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە سوپای ژاپۆنی بەرەو فۆرمۆڵەکردنی ئایدیۆلۆجی ئیمپریالی بنکە فراوان برد. لە هەموو حاڵەتێکدا، تێکەڵەیەکی دیموکراتیزەکردنی سەرەتایی و سەرچاوەی ماددی بۆ هێزێکی گەورەی ناسیونالیستی و شەڕەنگێز لە دەرەوەی وڵات و جەنگی گەورە، بەرهەم هێنا.

سەردەمی هاوچەرخ، بەڵگەی زیاتری خستەڕوو کە ڕەنگە دیموکراتیزەکردنی ناتەواو بۆ دەرکەوتنی ناسیونالیزمی شەڕەنگێز و هەڵگیرسانی جەنگ، گونجاو بێت. لە ساڵی 1991دا، لە شەش مانگی دوای هەڵبژاردن کە هێزی ئەتنیکە ناسیونالیزمەکانی دووپاتکردەوە، یۆگسلاڤیای بۆ چەند وڵاتێکی دژبەیەك لەبەریەکهەڵوەشایەوە (وودوارد 17:1995). لە سەرەتای داڕوخانی یەکێتی سۆڤێتدا، ئەو هەستە میللییانەی لە شەقام و سنووقەکانی دەنگداندا گوزارشتیان لێکرا، بووە مایەی ئەوەی لەسەر ناگۆرنۆ-کاراباخی جێناکۆك، شەڕ لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان دا هەڵبگیرسێت (کوفمان 2001: بەشی 31). هەر دوو حکومەتە ناسەقامگیرەکەی پیرۆ و ئیکوادۆر کە لە ماوەی هەشتاو نەوەدەکانی سەدەی

بیستەمدا، بەشێوەیەکی پچڕپچڕ دیموکراتیزەکرابوون، لە ڕێی زنجیرەیەك پێکدادانی چەکداری کە ساڵی 1995 بە شەڕێکی بچووك لە ناوچەی ئەمازۆنی سەروو گەیشتە لوتکە، جەماوەرێکی زۆریان پەیدا کرد (ماریس 2001: بەشی 7). چەند ساڵێك لە داڕوخانی دیکتاتۆرییەتی دێرگ (Derg) لە ئەسیوبیا، حکومەتە هەڵبژێردراوەکەی لە نێوان ساڵانی 1998و 2000دا، جەنگێکی خوێناوی لەسەر مەسەلەی سنوور لەگەڵ ئەریتیریا هەڵگیرساند کە بووە مایەی جێبەجێنەکردنی دەستووری ئەریتیریا کە دەمێك نەبوو تەبەنی کرابوو (نیگاش و ترۆنفۆڵ 2000).

بە تایبەتی لە حاڵەتێکی نیگەرانئامێزدا، کاتێك سوپای پاکستان لە ڕێی سنووورە شاخاوییەکەی کشمیری باکوورەوە دزەیان کرد، هەر دوو ڕژێمە هەڵبژێردراوە خاوەن ئەتۆمییەکەی هیند و پاکستان، ساڵی 1999، جەنگی کارگیل (Kargil)یان هەڵگیرساند. مردنی زیا ئەلحەق، دیکتاتۆرە سەربازییەکەی پاکستان لە ساڵی 1988دا، زنجیرە حکومەتێکی هەڵبژێردراوی لێکەوتەوە کە سەرپەرشتی هەڵکشانی میلیشیا ئیسلامییەکانیان دەکرد، بۆ ئەوەی کشمیری زۆرینە موسڵمان لە ژێر دەسەڵاتی هیند ڕزگار بکەن. لە ناو خودی کشمیریشدا، گەڕانەوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن لە دوای ئەو حکومەتە ستەمگەرە "باری نائاسایی"ەی ئەندێرا گاندی (Indira Gandi) سەپاندبوی، جڵەوی بۆ جەمسەرگەرییەکی توندی سیاسیی شل کرد کە بووە مایەی ململانێیەکی توندوتیژ لە نێوان موسڵمانەکان و دەوڵەتدا. ئەو پرۆسە شڵۆقەی دیموکراتیزەکردن بە جەنگ گەیشتە ترۆپك، سەرباری ئەو گوڕانکارییانەی دەستوور کە ساڵی 1977 لە پاکستان ئەنجام دران و مەبەست لێی بەهێزکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانە مەدەنییە هەڵبژێردراوەکان بوو[61].

سەرباری جەنگەکانی نێوان ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ دیموکراتیزەکردندا، ڕووبەڕووی ئەزموونی پەشێو و بەسوێ دەبنەوە، ئەوا نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووش شەڕی ناوخۆ و توندوتیژیی نێوان وڵاتە دیموکراتیزەکراوەکانی بەخۆیەوە بینیوە کە زۆرێکیان ڕەهەندی گەورەی نێودەوڵەتییان هەبوو. ئەو هەڵبژاردنەی ساڵی 1993،

---

[61] - دەربارەی هیند بڕوانە تابلۆت (2000). دەربارەی پاکستانیش بڕوانە زرڤی (2000). هەر یەك لە ڕۆسیت و ئۆنیل (2001: 48) گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەن، داخۆ پێویستە شەڕی کشمیر بە شەڕی نێوان دیموکراسیخوازەکان دابنرێت.

بەسەرپەرشتی نێودەوڵەتی لە بۆرەندی (Burundi) ئەنجام درا، جەمسەرگەری ئەتنیکی و زیاد لە 200000 دوو سەد هەزار حاڵەتی مردنی لێکەوتەوە. بەڵام لە تەیموری خۆرهەڵات دا، ئەو ڕاپرسییە گشتییە ساڵی 1999، بە چاودێری نێودەوڵەتی، دەربارەی جیابوونەوەی لە ئیندۆنیسیا ئەنجام درا، بووە مایەی توندتیژییەکی بەرفراوان و قەیرانی پەنابەران. لە شوێنەکانی دیکەی ئیندۆنیسیا، گۆڕێنی سۆهارتۆی دیکتاتۆر، هاوکات بوو لەگەڵ زنجیرەیەك حکومەتی هەڵبژێردراو و لاواز و ئاژاوەگێڕ و جەنگی جوداخوازانەی هەر دوو هەرێمی ئاجیە و پاپوای خۆرهەڵات، ئەمە بێجگە هەڵایسانی شەڕی تاییفی لە دوورگە دوورەدەستەکانی ئەرخەبێلی ئیندۆنیسیدا. بەڵام لە نەیجیریا، لە دوای فەرمانڕەوایی سەربازی و گەڕانەوە بۆ سیاسەتی هەڵبژاردن، توندوتیژیی نێوان گرووپە ئەتنیکی و ئایینییەکانی لێکەوتەوە[62]. هەروەها ڕوسیای تازە دیموکراتیزەکراو، لەگەڵ سەرکەوتنی ڤلادیمێر پوتن، لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی 2000دا، کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە هێزی سیاسەتە جەنگییە جەماوەردارەکەی دەبەست، دوو جەنگی دژ بە هەرێمی جوداخوازی چیچان هەڵگیرساندووە.

بەگشتی، وەرگۆڕانی دیموکراسی ناتەواو، بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم، سەرچاوەیەکی شیمانەیی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بووە (مانسفێڵد و سنایدەر 2007). ئەو وڵاتانەی بەمجۆرە وەرگۆڕانەدا تێدەپەرن، دووهێندەی ڕژێمە جێگیرەکان، گیرۆدەی شەڕی ناوخۆ دەبن. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ئەو وڵاتانە دووهێندەو نیو تا چوار هێندەی ڕژێمە ئۆتۆکراسییەکان ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆ ببنەوە[63]. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەو وڵاتانەی بەدیموکراتیزەکردنی ناتەواودا

---

[62] - لە نێوان ساڵانی 1999و پایزی 2002دا، 10000 هاوڵاتی نەیجیری لە پێکدادانە ئەتنیکی و ئایینییەکان کوژران، نۆریمیتسۆ ئۆنیشی "یەکلاکردنەوەی ئەتنیکی"، نیویۆرك تایمز، 1 تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر 2002، لA12.

[63] - تەنها بە بەراوردکردن لەگەڵ نموونەکانی دیموکراتیزەکردنی تەواودا، وەرگۆڕانی دیموکراسی ناتەواو کاریگەرییەکی تاڕادەیەك کەمی هەیە.

تێدەپەڕن، بەهەمان ئەو هۆیانەی پرۆسەی جەنگی نێوان وڵاتانی لێدەکەوێتەوە، ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆش دەبنەوە، (سنایدەر 2000)[64].

دیموکراتیزەکردن و ئەرکی بەجێهێنانی ئابوری

زۆرجار ئەم پرۆسەیە ئاکامی خراپ و نەخوازراوی دەبێت، تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە لە قۆناغی یەکەمی دیموکراتیزەکردندا، شەڕیان نەکردووە. بۆ نموونە، هەمان تایبەتمەندییەکانی وڵاتە دیموکراتیزەکراوە ناتەواوەکان کە بوونە مایەی ئەوەی شەڕی ناوخۆ یا شەڕی نێوان وڵاتەکانی لێ بکەوێتەوە، ئەو وڵاتانەش والێدەکات، بە کاری دڕندانە و پێشێلکاری گەورە لە مافەکانی مرۆڤ تێوەگلێن. هەروەکو دەزانرێت، جینۆساید و کردەی دڕندانەی دی لە ئۆتۆکراسەکان و لە وڵاتە دیموکراتیزە ناتەواوەکانیشدا ڕوودەدەن، دەشێت ئەو پێشێلکارییانە لە سیاسەتی ئەتنیك ناسیونالیستەوە بەرهەم بێت کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پرۆسەی گواستنەوە لە ڕژێمە سیاسییە دامەزراوە لاوازەکاندا دەروژێنرێت، بەوەی گۆڕینی سیاسی هەڕەشە لە دەستەبژێری فەرمانڕەوا دەکات. هەر یەك لە یۆگسلاڤیا و ئەفەریقیای نێوەند، دوو حاڵەتی هاوچەرخی دیارن.

سەرباری ئەوەش، دەشێت دیموکراتیزەی ناتەواو، ئاکامی ئابوری نەخوازراوی هەبێت. لەم بەشەدا، ئەوەش شیدەکەینەوە کە چۆن دیموکراتیزەکراوی ناتەواو هەوڵەکانی ڕیفۆرمی ئابوری بنکەن دەکات و بەشێوەیەکی تایبەتیش تیشك دەخەینەسەر سیاسەتی بازرگانی. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، یا نزیکە دەیەیەك، ڕێکخراوە نیونەتەوەییە جیاوازەکان، بە بانکی نێونەتەوەیی و سنووقی نەختێنەی نێونەتەوەییشەوە، گوشاری بەلیبراڵیزەکردنی سیستمی سیاسی و ئابوریان وەك مەرجێك بۆ وەرگرتنی هاوکارییەکان دەخستەسەر ئەو وڵاتانە. ئەو ڕێکخراوانە، لەپاڵ زۆرێك لە بەرپرسە حکومییەکان، پێیانوابوو بەزۆریی دیموکراتیزەکردن ڕیفۆرمی ئابوری بەهێز دەکات. پێشبینی دەکرێت دیموکراتیزەکردن - لێپێچینەوەی سیاسیی بەرپرسە حکومییەکان لەبەردەم گەلانی ئەو وڵاتانەدا - هانی زیاتری

---

[64] - بەمەبەستی گفتوگۆی پەیوەندیدار دەربارەی چۆنێتی توانای دامەزراندنی دیموکراسییەك پشتگیری لە توندوتیژی تایفی و پشێوی مەدەنی بکات، بڕوانە چیرۆت (لەم کتێبەدا).

بەرپرسەکان بدات، ئەو سیاسەتانە جێبەجێ بکەن کە ئەرکی بەجێهێنانی ئابوری لەو وڵاتانەدا تۆکمە و پتەو دەکات.

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەشەوە، ئەزموونی وڵاتگەلێك لە ئەفریقیا، ئەمەریکای لاتین و شوێنەکانی دی، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بەڵگەیەکی ڕوون دەخاتەڕوو بەوەی دیموکراتیزەکردنی ناتەواو بەزۆری ڕیفۆرمی ئابوری بنکەن کردووە. لەوانەیە بەرپرسە حکومییەکان لەڕێی وەرگۆڕان لە حکومەتی نادیموکراسییەوە بۆ حکومەتی دیموکراسی و بەر لە دامەزراندنی دامەزراوەی دیموکراسی سەقامگیر، سەوداو مامەڵەی کاری مۆڵکانە بکەن. ئەو بەرپرسانە کاتێك ڕووبەڕووی ئەگەری لێسەندنەوەی پۆستەکانیان دەبنەوە، لەوانەیە قازانجەکانی ئایندە بۆ پشتگیریکردنی ئەرکی بەجێهێنانی ماکرۆ-ئابوری (macroeconomic) بەزۆری بەلاوەبنێن و قۆناغی گواستنەوە وەك دەرفەتێك بۆ تەرخانکردنی مولکانە ببینن (ئەلیسینا 1991، هاگارد و کوفمان 1992: 24 کوفمان و ستالینگ 1991: 26-27). یەکێك لە ئامرازەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، سەپاندنی باجە بەسەر ئابوری ئەو کەرتانەی سەرچاویەکی زۆروزەوەندیان هەیە و بەسەرچاوەی سەرەکی هەناردەکردنی وڵات دادەنرێت، بەوەش مولکانە لەو کەرتەوە بۆ حکومەت دەگوێزرێتەوە و کوتوبەند بەسەر تەواوی بازرگانی وڵاتدا بسەپێنرێت (فیندلی 1991 28-30).

سەرباری ئەوەش، کاتێك قۆناغەکانی گواستنەوەی دیموکراسی تەواو دەبێت، دیموکراسیش دەچەسپێت، ئیدی بەگشتی بەرپرسە حکومییەکان توانایەکی کەمتریان بۆ کاری مولکانە دەبێت، بەسەپاندنی باج بەسەر بازرگانیشەوە، چونکە ڕەفتاری بڕیاردەرانی سیاسی لە دیموکراسییەکاندا لە چاو هەموو جۆرە ڕژێمەکانی دیکەدا، ڕوون و ئاشکراتر دەبێت. لەپاڵ ئەوەشدا، دەشێت بەتاڵانبردنی ئابوری ببێتە مایەی داڕوخانی بەجێهێنانی ئابوری وڵاتێك. هەروەها هەر دوو فاکتەرەکە لە توانای بەرپرسەکان کەم دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئابوری وڵات لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەلارێدابەرن و بۆ جاری دووەم لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

سەرباری ئەوەش، زۆرجار لاوازی و کەرتبوونی ڕژێمە دیموکراسییەکان، لە توانای بڕیاردەرانی سیاسی کەم دەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕیفۆرمی ئابوری ئەنجام بدەن، ڕەنگە دەوڵەتێکی سەنترالی بەهێز بتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات (بۆ نموونە، هاگارد و کوفمان 1995، ماراڤاڵ 1994). هەروەها ئەو هەلومەرجە حکومەتە دیموکراسییە ساواکانیش ناچار بە چەسپاندنی دەسەڵات دەکات، لەگەڵ بیناکردنی پاڵپشتیکردنێکی میللی، یا ڕووبەڕووبوونەوەی دەرفەتی دژەدیموکراتیزەکردن، بەگەڕانەوەش بۆ ڕژێمی ئۆتۆکراسی (مانسفێڵد و سنایدەر 2005؛ پرێزئۆرسکی 1991). هەروەها دابەشکردنی تایبەتمافو پاڵپشتییە ئابورییەکان بەسەر گرووپە دەستڕۆیشتووەکانی کۆمەڵگەدا، ئامرازێکی بەردەستە بۆ بیناکردنی ئەو پشتگیریکردنە. ئەو تایبەتمافو پاڵپشتییانە پاراستنی بازرگانی کەرتە ئابورییە تاڕادەیەك ناپێشبڕکێکارەکان و ئەو گرووپانەی دەستەبژێر لەخۆدەگرێت کە لە سایەی حکومەتێکی ئۆتۆکراسیدا گەشەیان کردووە و هەڕەشە لەسەر دیموکراسییە تازەکە دروست دەکەن (هاگارد و کوفمان: 152؛ 1995 - 159). ئەوەی کە ڕژێمە دیموکراتیزەکراوەکان پێویستیان بە پشتگیری زۆرێك لە گرووپەکانی کۆمەڵگە هەیە، ئاماژەیەکە بەوەی ڕەنگە پاراستن تاڕادەیەك بەربڵاو بێت.

لە ڕاستیدا، ئەوەی ئەم ئاراستەیە بەهێزترو دووهێندە دەکات، دەستەبژێرەکانی دیموکراتیزەکردن داوای بەشداریکردنێکی سیاسی زیاتر و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی نێوەند دەکەن، بەزۆریش زەحمەتە ئەو دوو داوایە لەگەڵ ئەو بەرنامانەی ڕیفۆرمی ئابوریدا بگونجێنرێن کە تێچووی زۆر بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنن (نیلسۆن 1993). سەرباری ئەوەش، زۆرجار ڕژێمەکانی دیموکراتیزەکردنی ناتەواو لەتوانایاندا نییە سیاسەتی خۆشنودی کۆمەڵایەتی پێویست پیادە بکەن، تا لە ئاستی ئەو تێچووانە کەم بکەنەوە (بریسەر پیریرا، ماراڤاڵ، پرزیۆرسکی 1993). لەبەر ئەوەی بەلیبراڵیزەکردنی بازرگانی گوشارێکی سیاسی گەورەتر لە توانای ئەو ڕژێمانە دەخولقێنێت، بۆیە پێدەچێت بۆ دوای چەسپین و بەهێزکردنی دیموکراسی دوابخرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، هۆیەکی دیکە هەیە بۆ کۆسپ خستنە بەردەم وەرگۆڕانی دیموکراسی ناتەواو، تا نەتوانێت ڕیفۆرمی ئابوری بکات، ئەوەش ئەم پرۆسەیە دەربارەی توانای حکومەت لە چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیدا، نادڵنیایی لەکن کۆمپانیا

و وەبەرهێنەکان بەهێزتر دەکات، بەوەش وەبەرهێنان لەکەمی دەدات و بازرگانیکردنی پەکیدەکەوێت. ڕەنگە وەربەرهێنەکان، تا ئەو کاتەی ئاماژەی ڕوون لەسەر بەردەوامبوونی دیموکراسی دەردەکەوێت، ئەو سەرمایە بەرهەمهێنە سنووردار بکەن کە کاڵایەك لەو وڵاتانە بەرهەمدەهێنێت، قابیلی بازرگانیکردن بێت، (بۆ نموونە، ئەلیسینا 1991، هاگارد و کوفمان 152؛ 1995). بەپێچەوانەشەوە، وەبەرهێنەکان ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە دەبنەوە کە ناسەقامگیری سیاسی و پاشەکشێی بەلیبراڵیزەکردنی سیاسەت، هەڕەشە لە سەرمایەکانیان بکات.

دواجار، ڕەنگە بەلیبراڵیزەکردنی بازرگانی لە وڵاتانی دیموکراتیزەکراودا لەکەمی بدات، چونکە بەرپرسە حکومییەکانی ئەو وڵاتانە - هەروەکو پێشتر گفتوگۆمان کردووە - بەزۆری بانگەشەی ناسیونالیستی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵات و بەدەستهێنانی پشتگیری گشتی بەکاردەهێنن. ناسیونالیستەکان دژایەتی ڕیفۆرمی بازار دەکەن، بۆ نموونە، بەلێبراڵیزەکردنی بازرگانی کردن، توانای کۆمپانیا ناوخۆییەکان لە پێشبرکێکردنی بیانی بەهێز و قاییم دەکات و بەشداریکردنی بیانیش لە ئابوریدا زیاد دەکات (نیلسۆن 443؛ 1993).

دیموکراتیزەکردن و بازرگانی لە ڕوانگەی مێژووییەوە

بەکارهێنانی ستراتیجییەتی نەتەوەیی پەیوەست بە ئەنگێزەی دەستەبژێری وڵاتە دیموکراسییە ناتەواوەکان، پشت بە پۆپۆلیزمی ئابوری دەبەستێت. ئەم بەکارهێنانە، ئامرازەکانی ئابوری دەگرێتەوە کە بەرپرسە حکومییەکان بۆ باشترکردنی ئەرکی بەجێهێنانی ئابوری وڵاتێك، گەر چی ڕاگوزەریش بێت، بەکاریاندەهێنن، تا پارێزگاری لە دەسەڵات بکەن یا بەدەستی بهێنن (دۆرنبوش و ئیدواردز 1991، رابیلۆ دی کاسترۆ و ڕۆنسی 1991؛ 151). بەربەرستە زۆرەکانی بازرگانی لە نێو ئەو هەنگاوانەدایە کە بەزۆری لە گورزە ئابورییە پۆپۆلیستەکاندا دەگیرێتەبەر (کوفمان و ستالینگ 1991). زۆرێك لە توێژینەوەکان بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە ڕژێمە سەقامگیرەکان، ئیدی چ دیموکراسی بێت یا ئۆتۆکراسی، پێیان باشە خۆیان لە ئابوری پۆپۆلیزمی بپارێزن. وەرگۆڕانە سیاسییەکان - بەتایبەتی وەرگۆڕانە دیموکراسییەکان - بەتایبەتی وڵاتەکان والێدەکات ئابوری پۆپۆلیزمی کاریان تێبکات (کوفمان و ستالینگ 1991، ڕابیلۆ دی کاسترۆ و ڕۆنسی 1991). هەروەکو ڕۆبێرت کوفمان و باربارە ستالینگ (1991؛

26) ئاماژەیان پێداوە "نادڵنیایی دامەزراوەکان لە دیموکراسییە تازەکاندا، ئەنگێزەی کورتکردنەوەی ئاسۆ زەمەنییەکان لە هەر یەك لە حکومەتی هەنووکەیی و ڕکابەرەکانیاندا هەیە. بۆ ئەمجۆرە حکومەتانە، خەڵات هەیە گەر پێشبینییەکانی دابەشکردن لە ماوەیەکی کورتی ئیداریدا ئەنجام بدەن، بێجگە لە کەمکردنەوەیەکی زۆری ئەو مەترسییە سیاسییانەی هاودەمی کێشەکانی دواتر دەکات کە خۆی لە بودجە پێدان و هەڵاوسانی ئابوریدا دەبینێتەوە". هەروەها لێرەدا هۆیەك بۆ ئەو پێشبینکردنە هەیە بەوەی ئەو فاکتەرانە، لەو وڵاتانە زێدەڕەوی پێوەدەکرێت کە وەرگۆڕانی دیموکراسی تێیاندا ڕوودەدەن؛ بەڵام تەواو نەکراوە، واتە ئەو وڵاتانەی دیموکراتیزەکردنی ناتەواو ئەزموون دەکەن.

سەرباری ئەوەی هێشتا تاقیکردنەوەیەکی ئەزموونی سیستماتیکانە بۆ ئەو وتەیە نییە، بەڵام مەسەلەگەلێك ئەو ڕاڤەکردنە بەردەست دەکات کە چۆن دەشێت دیموکراتیزەکردنی ناتەواو، بەربەست لەبەردەم کرانەوەی بازرگانی جیهانیدا دروست بکات. بۆ نموونە، لە برازیل بڕوانە، پاڵپشت بە داتاکانی حکومەت، بەرازیل لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، دیموکراسی ناتەواوی ئەزموون دەکرد (جاگرەز و گور 1995؛ مارشاڵ و جاگرەز 2005). وادیارە ئەم هێمایە لەگەڵ دیدوبۆچوونی زۆرێك لە شارەزایان یەکدەگرێتەوە، چونکە زۆرێك لە سیاسەتناسەکان، ساڵی 1985، کاتێك خۆسیە سارنی (Jose sarney) پۆستی سەرۆکایەتی وەرگرت، بە مێژووی لە دایکبوونی دیموکراسی برازیلی دادەنێن. بەڵام هەروەکو خوان لینز و ئەڵفرێد ستیپان (1996: 167، 168) دەڵێن؛ "وەرگۆڕانی بەرازیل لە ستەمگەرییەوە بە دانانی جەنەڕاڵ ئەرنیستۆ گیزل (Irnesto Geisel) لە 15 ئادار/ مارس... 1974، وەك سەرۆك دەستی پێکرد، وەرگۆڕانی بەرازیل تا هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك، فێرنادۆ کۆڵۆر دی میلۆ (Fernando Collor de Mello)، لە 15/ ئادار، مارس 1990 بە سەرۆك، تەواو نەبوو، هینتینگتۆن-یش هاوڕای ئەم وتەیەیە، پێیوایە لە کۆتایی حکومەتەکەی میدیسی (Medici)، ساڵی 1973، تا هەڵبژاردنی کۆڵۆر لە ساڵی 1989دا "دیموکراسییەکی ساختە لە ئارادا بوو... لە ڕاستیدا، بلیمەتی وەرگۆڕانی بەرازیل، بەنزیکەیی ئەستەمە بوترێت لە چ کاتێکدا بەرازیل وازی لە دیکتاتۆرییەت هێنا و بوو بە دیموکراسی".

بەرازیل، لە ماوەی نێوان 1964 تا 1974دا، بەتوندی پێداگری لەسەر پشتگیریکردنی هەناردەکردن و دانانی سنوورێك لەسەر هاوردەکردن دەکرد. ئەو ڕێکارانە بەتایبەتی گرنگی لەسەر لە ڕیفۆرمەکانی ساڵی 1967دا هەبوو، بەوەی زۆرێك لە تاریفەکانی (التعریفات -tariffs) بۆ زیاتر لە نیوە دابەزاند و هانی گەشەسەندی بازرگانی دا (کۆز 1991، 15؛ مۆنیوز 1994). بەڵام دۆناڵد کۆز (Donald Coes) (1991)، (هەروەها بڕوانە کلیمەنتس 1988)، دەڵێت؛" لە دەیەی دواتردا، بەرازیل، سیاسەتێکی توندتری لەسەر هاوردەکردن جێبەجێ دەکرد، کەچی هەناردەکردن ئەو گوڕوتینەی لە دەستدا کە ساڵانی پێشووتر بەدیهێنابوو! دانانی ئەو کۆسپانە بە شێوەیەکی هەندەکی وەك پەرچەکردارێك بوو لەسەر ئەو کورتهێنانەی کە هۆکاری یەکەم شۆکی نەوت بوو (کۆز 1991؛ مۆنیوز 1994، 66؛ ڕابیلۆ دی کاسترۆ و ڕۆنسی 1991). ئەمە سەرباری ئەوەی، فاکتەری سیاسەتی ناوخۆ پشکی لە پاشەکشێی بەلیبراڵیزەکردنی بازرگانی هەبوو، بەتایبەتی لەو ماوەیە ڕوویدا کە بە پۆپۆلیزمی ئابوری بەرفراوان دەناسرێتەوە (ڕابیلۆ دی کاسترۆ و ڕۆنسی 1991، 163).

سیاسەتی گۆڕینەوە بەو هاوردانەی کە گیزل جێبەجێی کرد، بووە مایەی ئەوەی کاڵا بەرخۆر و نێوەنجییەکانی تاریفەکان دوو بەرابەر زیاد بکەن و هاوردەکانیش یەکلەدواییەك لە ساڵانی حکومەتەکەیدا لەکەمیان دەدا (کلیمێنت 1998، 18- 19). سەنتەری ئەو سیاسەتانە، وەرگۆڕانی حکومەت بوو لە پاڵپشتی کردنی پیشەسازکارەکانی بەشی باشووری خۆرهەڵاتی بەرازیل دا، ئەوانەی دوودڵ بوون ڕیسك بە خولێکی تازە لە گۆڕینەوەی هاوردەکاندا بکەن، بۆ پاڵپشتی کردن لە سەنتەرە پیشەسازییە تازەکان لە بەشەکانی ناوەڕاست و باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی وڵاتدا، بەجۆرێك حکومەت زۆرێك لە وەبەرهێنەکانی دیاری کرد کە بە پلانی دووەمی گەشەکردنەکەیەوە پەیوەست بوون (سولا 1994، 162). ئەو سیاسەتە لەلایەن کارگەران و پیشەسازکارەکانی باشووری خۆرهەڵات، ڕووبەڕووی بەرهەڵستی بووەوە، بەڵام گیزل پابەندبوو بە بەلیبراڵیزەکردنی لەسەرەخۆی سیاسەت و ئەو سیاسەتی بازرگانییەش لەبەرامبەر کرانەوەی سیاسەتی ناوخۆدا، خزمەتی ئامانجێکی باشی دەکرد.

بەدەستەواژەکانی لۆردیس سولا (1994: 162)، ئەو سیاسەتانە "مەودای هاوپەیمانییە ناوچەییەکانی فراوانکردن. ئەو فراوانبووش زۆرینەیەکی باشی لە کۆنگریس مسۆگەر کرد و پاڵپشتی فەرمانڕەوایانی ویلایەتە پەیوەندیدارەکانی دەکرد". پێداویستی فراوانکردنی پێگەی جوگرافی بۆ پاڵپشتی کردنی حکومەت، بایەخێکی تازەی لە سایەی وەرگۆڕانی دیموکراسی ناتەواودا پەیداکرد کە خەریك بوو ڕوویدەدا.

پاڵپشت بە داتاکانی "ڕژێمی فەرمانڕەوا"، ئەرجەنتینیش، لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، وەرگۆڕانێکی دیموکراسی ناتەواوی ئەزموون کرد. ئەم گۆڕانە هاوکات بوو لەگەڵ بانگەوازەکەی ڕژێمە سەربازییەکە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساڵی 1972، و سەرکەوتنی هیکتۆر کامپۆرا (Hector C´ampora)، یەکەم سەرۆك بوو لە نێو ئەو چوار سەرۆکەی پیرۆنیستەکان (Peronist) کە دەسەڵاتی گرتە دەست، تا ئەو کاتەی سوپا لە ساڵی 1976دا، دووبارە دەسەڵاتی گرتەوە دەست. ئەمە لە کاتێکدا ئەو هەڵبژاردنە گواستنەوەیەکی دوور لە ئۆتۆکراسی بوو، بەڵام لێبوردەیی پیرۆنیستەکان، تەنانەت هاندانی توندوتیژیی هێزە نیمچە سەربازییەکانی "مۆنتینیرۆ"و ڕێزلێنەگرتنی مافی کەمایەتییەکان، لەگەڵ زۆرینەی پێناسەکانی دیموکراسیدا نەدەگونجا (لینز و ستیپان 1996: 199). لەوە دەچێت وەسفکردنی ئەرجەنتین بەوەی وەرگۆڕانی دیموکراسی ناتەواوی ئەزموون کردووە، کارێکی ماقووڵ "reasonab " بێت. گومانێکی کەم هەیە لەوەی ئەم وەرگۆڕانە هاودەمی زیادبوونی پارێزگەرایی بازرگانی و کەمبوونەوەی کرانەوەی بازرگانی کردبێت.

پلانی سێ ساڵەیی، ساڵی 1973، داوای لە دەوڵەت دەکرد دەستوەردانی فراوان لە ئابوری بکات و سنوورێك بۆ پشتبەستن بە بازرگانی نێودەوڵەتی دابنێت، لەگەڵ زیادکردنی تاریفەکان و کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر هەناردەکانەوە (ستورزینیگەر 1991: 83-85). بنکە و پایەی پشتگیریکردنی پیرۆنیست بە زۆری لە کرێکارە مەدەنییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. هەروەکو ولیام سمیس (William Smith) ڕوونی دەکاتەوە، "لەبەر ئەوەی سەرکردەکانی هێزی کاری ڕێکخراوەکە گفتوگۆکەری سەرەکی بوون؛ بۆیە بوونی حکومەتێکی پیرۆنی بەبێ بەشداریکردن و ڕەزامەندییان، لە تواناد نەبوو". ئەمەش لەلای خۆیەوە وایکرد پشت بە پۆپۆلیزمی

ئابوری ببەسترێت، بەتایبەتی سەبارەت بەو سیاسەتەی کە مەبەست لێی پاراستنی کرێکاران و توێژەکانی دیکەی ئەو هاوپەیمانە بوو کە پاڵپشتی لە حکومەت دەکرد. لەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە ئامانجە هەنووکەییەکانمانەوە هەیە، بەتایبەتی، ئەو پلانە داوای سەپاندنی ئەو "تاریفانەیان دەکرد لە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیان هەبوو"، لەگەڵ سیاسەتەکانی دیکەی ئابوری کە بۆ گواستنەوەی سامان بۆ کرێکاران و پیاوانی کاری مەدەنی ئامادە کرابوون (ستۆرزینیگەر 1991: 85، 115). ئەو سیاسەتانە لە سەرەتادا لە بازنەکانی هەڵبژاردنی پیرۆنیستەکاندا، شەعبییەتی هەبوو، بەڵام لە کۆتایی ساڵی 1976دا، ئەرجەنتینی گەیاندە لێواری داڕوخان، سەرباری ئەوەش، ئەو سیاسەتانە دابڕانێك بوو لەو دوا هەوڵانەی بۆ بەلیبراڵیزەکردنی بازرگانی دەدران. ئۆسکار مۆنیوز (Oscar Munoz) (1994: 67) ئاماژە دەکات بەوەی "لە سەرەتادا، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم و لە ماوەی ڕژێمی سەربازی ئەو دەمەدا، هەوڵێك بۆ بەلیبراڵیزەکردنی بازرگانی هەبوو، بەڵام بەهۆی ناڕەزایەتییەکی بەهێز بۆ ئەو هەوڵە، و دانانی دووەم جاری حکومەتەکەی خوان پیرۆن (Juan Person)، ئاوەژۆ کرایەوە. لە ماوەی حوکمڕانی ئەو ڕژێمە سەربازییەی کە بەدوای ئەوەدا هات، ساڵی 1976، هەوڵێکی نوێ بۆ ڕیفۆرمی بازرگانی درا". هەر بەڕاستی، سمیس، لە دژایەتیکردنی ئاشکرای سیاسەتی بازرگانی ئەرجەتینی لە ماوەی 1973 بۆ 1976دا، دەڵێت (1989: 233) "ئاراستەی سەرەکیی سیاسەتەکانی ئابوری، دوای 1976، بەپراکتیکی زۆر کۆن بوو، مێژووەکەی بۆ "بازرگانی ئازاد"، باوەڕگەی (doctrine) لیبراڵی کلاسیك دەگەڕێتەوە".

لەگەڵ ئەوەشدا، پۆپۆلیزمی ئابوری، تەنها تاکە هۆکارێك بوو تا وەگەڕانی دیموکراسی ناتەواو بۆ بەلێبرالیزەکردنی بازرگانی لە ئەرجەنتیندا پەکبخرێت. هەروەکو پێشتر باسمان لێوەکردووە، ڕەنگە وەرگۆڕانەکانی دیموکراسی لە نایەقین زیاد بکات، بەوەش وەبەرهێنان و کرانەوە سنووردار دەکات. لە ڕاستیدا، نادڵنیایی ئابوری لە نێوان 1973 تا 1983، بەهۆی زیادبوونی ڕەفتارە هەڵبژێرەکانی حکومەت و کەمتوانایی دادگا لە چارەسەرکردنی ململانێی نێوان کۆمپانیاکان، ڕووی لە زیادبوون کرد، ئەمە سەرباری زیادبوونی ناسەقامگیری سیاسیی ناوخۆ (دی لا باڵز 1995: 54). پەرەسەندنەکان ئەو مەترسییانەی زیاتر کرد کە ڕووبەڕووی

وەبەرهێن و کەرتی تایبەتی دەبوونەوە، ئەوەش بووە مایەی شێواندنی لێشاوی وەبەرهێنان و بردنە دەرەوەی سەرمایە کە لە لای خۆیەوە خاوبوونەوەی پشتگیریکردنی کرانەوەی بازرگانی لێکەوتەوە.

لە کۆتاییدا، بڕوانە سەنیگال کە داتاکانی "حکومەت" ئاماژە دەکەن بەوەی لە ناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، وەرگۆڕانی دیموکراسی ناتەواوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەمەش لەگەڵ دیدگای تۆماس کالاگی (1993: 496) (Thomas Callaghy) دەگونجێت کە دەڵێت "لە کۆتایی حەفتاکاندا، سەرۆك لیپۆڵد سەنگۆر (Leopold Senghor) دەستی بە پرۆسە ڕاوەستاوەکەی دیموکراتیزەکردن کردووە". سەرۆك عەبدو زیوف، جێنشینی سەنگۆر، ساڵی 1981، ئامانجی بەردەوامیدان بوو بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن و دانانی بەرنامەیەکی ڕیفۆمی ئابوری. هەوڵەکانی ڕیفۆرمی ئابوری، بەشێوەیەکی پچڕپچڕ، زیاد لە دەیەیەك بەردەوام بوو، بەڵام هەرگیز سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا.

هەروەکو کالاگی (1993: 498) دەڵێت: "ڕیفۆرمەکانی شکستیان هێنا، چونکە: بەخراپی بەرنامەڕێژییان بۆ کرابوو، زۆر بەخراپیش جێبەجێکران، بەتایبەتی بەلیبراڵیزەکردنی ئابوری کە زۆر بەخێرایی ئەنجام درا. هەروەها ئەو سیاسەتە قەرەبوگەرایانەی کە مەبەستیان سوککردنی گەورەیی زیانەکانی پارێزگەرایی بوو، بەشێوەیەکی خراپ داڕێژرابوون و بەهۆکاری سیاسی و ئەو هۆکارانەی پەیوەست بوون بە توانای دەوڵەتەوە، بەهەندەکی جێبەجێ کران. ژمارەیەك لە خانەی بازرگانی کۆن کە زۆربەیان بیانی بوون و کۆمپانیاکانی پیشەسازییە سوکەکان مایەپووچ بوون، بەڵام ئەوانی دیکە بە هۆی پاراستن و باربۆ و پاڵپشتی تۆڕە بەرکارە کۆنەکانەوە بەردەوام بوون".

لە کۆتایی هەشتاکاندا، ناڕەزایەتی کردنی ڕیفۆرمەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو بەهۆی "تەقینەوەی ژیانی سەندیکایی کە لە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن بەرهەم هاتبوو "، ڕووی لە هەڵکشان دەکرد (کالاگی 1993: 500). هەروەها بێکاری بووە سەرچاوەی نیگەرانییەکی زۆری حکومەت و گرژییە کۆمەڵایەتییەکانیش دەکوڵان. ئەو پەرەسەندنانە حکومەتی والێکرد لە ساڵی 1989دا لەمپەری بازرگانیکردن دابنێت و ساڵی 1991یش تاڕادەیەکی زۆر وازی لە هەوڵەکانی ڕیفۆرم

هێنا. سەرباری ئەوەی دیموکراتیزەکردن هۆکاری سەرەکی شکستەکەی نەبوو، بەڵام شارەزایان پێیانوایە فاکتەرێکی بەشداربووی گرنگ بووە (کالاگی 1993)[65].

سەرباری ئەوەی وەرگۆڕانی دیموکراسی ناتەواو بەربەستی گەورە لەبەردەم بەلیبراڵیزەکردنی بازرگانی دروست دەکات، بەڵام دەشێت دیموکراتیزەکردنی تەواویش گرفتی هاوشێوە بخوڵقێنێت. بەشێوەیەکی گشتی، تەنها کاتێك دیموکراسی دەچەسپێت، کاریگەرە بەسوودەکانی لەسەر بازرگانی بیانی بەڕوونی دەردەکەوێت (مانسفێڵد، میلنەر/ ڕۆزیندۆرف 2000، 2002؛ میلنەر لەگەڵ کوبۆتا 2005). بۆ نموونە، سەرهەڵدان و سەرەتای دیموکراسی لە ئەرجەنتین و بەرازیل، شتگەلێکی زۆریان بۆ پشتگیریکردنی بەلیبراڵیزەکردنی بازرگانی پێشکەش نەکرد (کوفمان و ستالینگ 1991/ 1989؛ مونیۆز 1994: 75-79). ڕیفۆرمە بازرگانییەکان لە هەر دوو وڵاتەکەدا دواخران تا ئەو کاتەی دووەم حکومەت بە شێوەیەکی دیموکراسییانە دەسەڵاتی گرتەدەست (مونیۆز 1994: 70). ئانا کروگەر (Anne Krueger) (1993) دەڵێت؛ دیموکراتیزەکردن لە بەرازیل لە ساڵانی هەشتاکاندا، دەوڵەتی لاواز کرد، پاشان توانای بڕیاردەرانی سیاسی لە جێبەجێ کردنی ڕیفۆرمە

---

[65] - بێگومان، دەبێ دڵنیابین لەوەی کاریگەری دیموکراتیزەکردنی ناتەواو لە سیاسەتی بازرگانیکردندا، لە چەند فاکتەرێکەوە سەرچاوە ناگرن کە کاریگەری لەسەر هەر یەك گۆڕینی ڕژێم و سیاسەتی ئابوری دەرەکی دابنێت. سەرباری ئەوەی چارەسەکردنی سیستماتیکانەی ئەم مەسەلەیە لە دەرەوەی توێژینەوەکەی ئێمەدایە، بەڵام دەتوانین لە دەسپێکێکی سەرەتاییەوە باسی لێوە بکەین، ئەویش دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان، دوودڵ و ڕاڕان دەستیاری ئەو وڵاتانە بکەن کە بە دەست وەرگۆڕانی ناتەواو دەناڵێنن، چونکە ئەوجۆرە دەوڵەتانە سەقامگیریان تیا نییە و ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەش ناکەن کە ئەو دامەزراوانە دەیانەوێت. بەهەمان شێوەش، ڕەنگە کەمکردنەوەی هاوکارییەکانی دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی پارێزگەرا بەهێز و تۆکمە بکات. بەلانیکەمەوە لەو سێ حاڵەتەی کە بەشیکارییەوە گفتوگۆمان لەسەر کردووە، پشتگیرییەکی کەم لەم تیورییە دەکرێت. داتامان لە پێگەی ئەلەکترۆنی سەر بە بانکی نێودەوڵەتی (Global Development Finance Online)(2007) کۆکردۆتەوە لەسەر قەرزەکانی هەر یەك لە ئەرجەنتین، بەرازیل و سەنیگال لە سنووقی نەختێنەی نێودەوڵەتی و بانکی نێونەتەوەیی وەك ڕێژەیەك لە داهاتی نەتەوەییان و ڕێژەکەش لەو ماوەیە کەمی نەکردووە کە ئەو وڵاتە وەرگۆڕانی دیموکراسی ناتەواویان ئەزموون کردووە. بەڵام سەبارەت بە سەنیگال، ئەو ڕێژەیە کەمێك بەرزبۆتەوە. بەوەش پاشەکشێی پێدانی قەرز لەلایەن سنووقی نەختێنەی نێودەوڵەتییەوە کاریگەری لەسەر توێژینەوەی کەیسەکانی ئێمە نابێت.

ئابورییەکاندا سنووردار کرد کە دەشێت زیان بەگرووپە سەرەکییە خاوەن بەرژەوەندییەکان بگەیەنێت. لە ڕاستیدا، تەنانەت ئەو کاتەی ئەو وڵات ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابوری دەبووەوە، "بەرهەڵستی گەورە بەرامبەر بە گۆڕانکاری هەبوو. سەرانی پیشەسازکاران نارەزایەتی پلانەکانی ریفۆرمیان دەکرد کە کرانەوەی ئابوری لێدەکەتەوە و هەڕەشەی لە کۆمپانیاکانی گۆڕینەوەی هاوردەکانی بەرازیل دەکرد کە بە شێوەیەکی زۆر باش پارێزگاری دەکران" (کروگەر 1993: 115؛ بڕوانە بریسییر پیرییرا، ماراڤاڵ، پریزۆرسکی 1993: 47-50). بە هەمان شێوە، ستیپان هاگارد و ڕۆبێرت، کوفمان دەڵێن؛ لە وڵاتانی ئەرجەنتین و بەرازیل و بۆلیڤیا و پیرۆی تازە دیموکراسی، لەمپەری سیاسیی ناوخۆی بەهێز بۆ بەلیبرالیزەکردنی ئابوری هەبوو. ئەو وڵاتانە و دیموکراسییە ساواکانی ئەمەریکای لاتین، لە سەرەتای دامەزراندنی دیموکراسیدا، بەربەستی بازرگانی گەورەیان دادەنا (پریزۆرسکی 1991: 142). لەمجۆرە حاڵەتانەدا، بۆ نموونە پیرۆ، کە هەوڵی بەلیبراڵیزەکردنی بازرگانی تیا دەدرا، نارەزایەتی کردنی ئەو گرووپانەی سوودیان لە بەربەرستی بازرگانی گۆڕینەوەی هاوردەکان وەردەگرت، دۆخەکەیان ئاوەژوو کردەوە (هاگارد و کوفمان 1995: 189).

مەترسی پەرچەکرداری توندیی ئۆتۆکراسی لەو وڵاتانەدا، تەنها لە هەشتاکاندا کەم بووەوە، هەروەها لە هەمان کاتیشدا، ئەو پێشبینییانە ڕەگیانداکوتا کە هەڵبژاردنی نیشتمانی لەسەر بنەمایەکی تارادەیەك ڕێکوپێك بەرێوەدەچێت. بەوپەری دڵنیاییەکەوە، دامەزراوەکانی هەڵبژاردن لە دیموکراسییە تازەکاندا، بەهەمان ئەندازە بەهێز نەبوون. بەڵام لەبەر ئەوەی مۆتەکەی هەڵبژاردنی پێشبڕکێکارانە و ڕێکوپێك، ئەنگێزەی موڵکداری لەلایەن بەرپرسە حکومەییەکانەوە کەم دەکردەوە، بە سیاسەتە پارێزگەراکانیشەوە، بۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە تەنها لە دوای ساڵی 1985ەوە پراکتیزەی بەلیبراڵیزەکردنی بازرگانی بەردەوامیان کرد (هاگاردو کوفمان 1995: بەشی 6).

دیموکراتیزەکردن، سەرباری ئەمەریکای لاتین، لە ئەورووپای باشووریشدا، شتێکی ئەوتۆی پێشکەش بە لیبراڵیزەکردنی ئابوری نەکرد. وەرگۆڕانی دیموکراسی لە یۆنان، پورتوگال و ئیسپانیادا، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانی ئابوری ڕوویدا. هەروەها حکومەتە تازە دیموکراسییەکانی ئەو وڵاتانەش، ڕووبەڕووی گوشارە

توندەکانی ئەو گرووپانە بوونەوە کە تێچووی قەیرانەکەیان لەسەر شان بوو، بەر لە دەرکەوتن و چارەسەری دیموکراسییانە، لە پرۆسەی سیاسی دوور خرانەوە، ئەمە بێجگە لە گوشاری گرووپەکانی نەیاری دیموکراسی کە هەڕەشەیان لە ڕژێمە تازەکان دەکرد (بریسسیر پیرییرا، ماراڤاڵ، پریزۆرسکی 1993: بەشی 2)[66]. کاریگەری ئەو گرووپانە و فشۆڵی دامەزراوە دیموکراسییەکان لە یۆنان و پۆرتوگاڵ و ئیسپانیا، پشکیان هەبوو لەوەی حکومەت توانای نەبێت ڕیفۆرمی گەورەی ئابوری، بە بەلیبراڵیزەکردنی بازرگانیشەوە، ئەنجام بدات. هەروەکو حاڵەتی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین کە پێشتر باسمان لێوەکردووە، ئەو وڵاتانەش تەنها دوای چەسپاندنی دیموکراسی، توانیان ڕیفۆرمی ئابوری و بازرگانی ئەنجام بدەن (بریسیر پیرییرا، ماراڤاڵ، پریزۆرسکی 1993: 92-104).

ئەنجامگیری

سێ دەیەی دوایی، بە شەپۆلێکی دیموکراتیزەکردن لە سیستمی نێودەوڵەتیدا دەناسرێتەوە. سیاسەتناسەکان و بڕیاردەرانی سیاسی، پێشبینی ئەو پەرەسەندنەیان کردووە و هیواخواز بوون پشتگیری ئاشتی و گەشەسەندن بکات. ئەوەش لە دوور مەودادا ڕوویدا. بەڵام لە نزیك مەودادا، ڕەنگە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی وەرگۆڕانی دیموکراسیدا، ڕوودانی ململانێ ناوخۆیی و دەرەکییەکان تاو بدات. داهێنانی تەکنیك بۆ ئیدارەدانی ئەو کێشانە، گرنگترین ئاڵەنگارییە کە ڕووبەڕووی بڕیاردەرانی سیاسەتی خۆرئاوا دەبێتەوە. کاتێك مەترسی دیموکراتیزەکردن توند دەبێت کە وەرگۆڕانەکان بە شێوەیەکی گونجاو ڕیزبەندی نەکرێن. ڕیزبەندی نەکردن بەشێوەیەکی گونجاو، هەر مەترسی شکستهێنانی لە چەسپاندنی دیموکراسی لێناکەوێتەوە، بگرە مەترسی ناسیونالیزمێکی بەهێز و هەڵگیرسانی جەنگیش دەوروژێنێت. بەئەگەرێکی زیاد کاتێك ئەوە ڕوودەدا کە دامەزراوە سیاسییەکانی دەوڵەت لاوازبن، بەتایبەتی لە سەرەتای وەرگۆڕان لە

[66] - هەروەها بڕوانە هاگارد و کوفمان (1995)، دەربارەی چۆنێتیی کاریگەری قەیرانە ئابورییەکان لەسەر توانای وڵاتە دیموکراتیزەکراوەکان بۆ بەلیبراڵیزەکردن لە ئەمەریکای لاتین و خۆرهەڵاتی ئاسیادا.

ئۆتۆكراسییەوە بۆ ڕژێمێكی بەهەندەكی دیموكراسی و كاتێك دیموكراتیزەكردن هەڕەشە لە دەستەبژێری وڵات دەكات.

گفتوگۆكانمان كاتێك بەڵگەی پێوانەیی دەبێت كە بڕیاردەرانی سیاسی، ئازادی ڕەفتاركردنیان لە هەمبەر كات دیاریكردن و ڕیزبەندیی وەرگۆڕانەكەدا هەبێت. لەو حاڵەتانەی پێداویستییە دامەزراوەییەكان، بۆ چەسپاندنێكی سەركەوتوو بەردەست نەبێت، واباشترە بەر لە دەسپێكی ئاڵەنگارییەكی سیاسی مەزن، دروست بكرێن.

بەهەمان شێوەش، لەو حاڵەتانەی تێكدەر و گەندەڵكاری شیمانەیی بەهێز، بەهۆی وەرگۆڕانی دیموكراسییەوە، هەست بەهەڕەشە بكەن، واباشترە، لە سایەی ڕژێمە دیموكراسییە چاوەڕوانكراوەكەدا، شێوازگەلێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانیان، نە دەسەڵاتیان بدۆزرێتەوە. سەرباری ئەوەی نابێت وەرگۆڕانەكان بەزەرورەت لەسەرەخۆ و بەشێوەیەكی پارێزگارانە بەرێوەبچێت، بەڵام پێویستە لەسەر بنەمایەكی دروست دامەزرێت و لە ڕێی كۆمەڵە كۆتوبەندێك و قاییل كردنەوە، گەندڵكاران بە تەواوەتی بێلایەن بكرێن (بیرمیۆ 1999؛ ستیدمان 1997).

سەرباری ئەوەی دیموكراتیزەكردنی ناتەواو خواستی ململانێی سیاسی و پاڵنەری پارێزگەرایی هەیە، كەچی چەسپاندنێكی سەركەوتووانەی دیموكراسی، بەزۆری ئاشتی و بازرگانییەكی كراوە هاودەمی دەكات (مانسفێڵدو سنایدەر 2005؛ میلنەر لەگەڵ كوبۆتۆ 2005). ئەمەش ئاماژەیە بەوەی كە پەیوەندیی نێوان دیموكراسی و هەر یەك لە ململانی و بەلیبرالیزەكردنی بازرگانی، لە سەرەتادا كێرڤێكی بەرەوخواری هەیە، پاشان بەرزدەبێتەوە تا لە خاڵی سەرەتا بەزرتر دەبێتەوە (بریمیر 2005). هەروەها قۆناغی یەكەم لە وەرگۆڕانی دیموكراسی دەبێتە مایەی پشێوی سیاسی و ئابوری، بەڵام چەسپاندنی دیموكراسی و بەهێزكردنی دامەزراوە دیموكراسییەكان لە ڕێژەی ململانێیەكان كەمدەكەنەوە و ڕیفۆرمەكانی ئابوری بەهێز و تۆكمە دەكەن. ئەگەر كارەكە بەو شێوەیە بێت، ئەوا زۆر گرنگە سیاسەتگەلێك دابرێژرێت كە ڕێگە بۆ تەواوكردنی وەرگۆڕانی دیموكراسییانەی

سەرکەوتوو خۆش بکات و لە ئاکامە نەخوازراوەکانی دیموکراتیزەکردنێکی ناتەواو دوور بکەوێتەوە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەشی دەیەم

ئایا هەناردەکردنی دیموکراسی سەرکەوتوو دەبێت؟[67]

میچیل ئا. سیلیگسۆن، ستیڤن ئا. فینکڵ، ئەنیباڵ پیرێز - لینیان

وردئاگایی بەشەکانی ئەم کتێبە لەسەر دوو تەوەرەی بەرین بوون. یەکەم، ئایا پێویستە پشتگیری دیموکراسی بکرێ؟، دووەم، چۆن پێویستە پشتگیری لە دیموکراسی بکرێ؟ ئەم توێژینەوەیە پرسیار دەکات و هەوڵیش دەدا وەڵامی سێیەم پرسیار بداتەوە: ئایا پشتگیریکردنی دیموکراسی سەرکەوتوو دەبێت؟ بە زۆر شێواز ئەمە پرسیاری یەکەمە، چونکە گەر نەتوانرێت پشتگیری دیموکراسی بکرێت، گەر پەیدابوون و پایەداربوون و داڕوخانی بە شێوەیەکی تەواو هەڕەمەکی بێت، یا پەیڕەوی لە شێوازێك دەکات کە بەهیچ شێوەیەك بە دەستوەردانی مرۆڤ ناگۆڕێت، ئیدی دوو پرسیارەکەی یەکەم، دەبێتە بابەتی گفتوگۆ کردن.

ڕەنگە تا ئێستا لە بواری توێژینەوەکانی دیموکراسیدا، لەو پرسیارە مشتومڕئامێزتر نەبێت کە دیموکراسییەکان چۆن پەیدا بوون و چۆن دەچەسپێن و دەروخێن. ئەدەبیاتێکی بەرفرە، بە شێوازی گرنگ، مانگانە ڕوو لە زیادبوون دەکات. بۆ نموونە، بڕوانە ڕۆڵی گەشەسەندنی ئابوری کە پێموایە فاکتەرێکە لەو فاکتەرە زۆرانەی گرنگی خۆی بۆ سەرهەڵدانی دیموکراسی و/ یا سەقامگیربوونی هەیە. ئەدەبیاتە کلاسیکییەکان بۆ لیپسیت (Lipset) دەگەڕێتەوە کە پشتگیرییەکی ئەزموونیی ئەو بیرۆکەیە دەکات، بەوەی ئاستە بەرزەکانی گەشەسەندنی ئابوری، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە وەرگۆڕان لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی هەیە (لیپسیت 1959). بەتێپەربوونی کات، هێندێك لە زانایان ئەو پەیپێبردنەیان

---

[67] - ئەم توێژینەوەیە بە بەخششی "نووسینگەی پەیوەندی سەندیکایی" بۆ زانکۆی ڤاندربێڵت و زانکۆی ڤێرجینیا و زانکۆی پیستبۆرگ-ەوە مایەدانی کراوە. سوپاسی هەر یەك لە مارگریت سارلز، دیڤید بلاك و ئەندرو گرین دەکەین لە ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی لەمەڕ پاڵپشتی و هاوکارییەکانیان، هەروەها سوپاسی ڕەخنە و ئامۆژگارییەکانی هەر یەك لە مایکڵ براتۆن، مایکڵ کۆپەیدج و پامیڵ پاکستۆن دەکەین. ئەو شیکردنەوە و بیروڕایانەی لەم توێژینەوەیەدا هاتووە، لەگەڵ شیکردنەوە و بیروڕاکانی ئاژانسی ئەمەریکا بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی یەکناگرێتەوە.

دووپات کردەوە، ئەمە لە کاتێکدا هێندێکی دیکە بەدرۆیان خستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، ئەو داتابەیسە گەورانەی تەکنیکێکی ئاماریی پێشکەوتووەکان هەبوو، لەسەرهەڵقبوونی لیپسیت-یان دووپات کردەوە (لویس- بیکەر و بۆرکهارت 1994؛ مۆلەر 1997). پاشان لە ساڵی 2000دا، بۆمبە ئەکادیمییەکە تەقییەوە، کاتێك پریزۆرسکی و هاوکارەکانی زۆرترین داتای گشتگیریان دەربارەی ئەو دەرئەنجامانە پێشکەش کرد کە پێیگەیشتبوون (گومانی تیا نییە پێشکەوتووترین نەخشەی ئامارییی بوون)، بەوەی گەشەسەندنی ئابوری کاریگەری نییە لەسەر ئەو ئەگەرەی کاتێك دیکتاتۆرییەت دەمرێت و دیموکراسی لە دایك دەبێت، بەڵام هەر ئەوەندەی دامەزرێت، ئیدی ئەگەرێکی ناچیز لەسەر داڕوخانی دیموکراسییە سەرکەوتووەکان هەیە (پریزۆرسکی و ئەوانی دی 2000). بەڵام کاتێك ئەو دۆزینەوانە بوونە (ژیرییەکی تەقلیدی) کە لە سەرتاسەری جیهاندا، لە سیمینارەکانی خوێندنی باڵادا دەخوێندران، ئیدی توێژنەوە تازەکان، تاڕادەیەك بەتەواوەتی ڕەتیان دەکردەوە. لە کۆمەڵە وتارێکدا، ئەوە ئاشکرا بوو کە دەرئەنجامەکان کاریگەری هەڵبژاردنی لایەنگیرانە و نەبوونی گۆڕاوی کۆنترۆڵی یەکلاکەرەوەیان (بۆیکس و ستۆکس 2003) لەسەر بووە، ئەمە سەرباری پێویستی دیدگایەکی دوور مەودا (گیرینگ و ئەوانی دی 2005)و گرنگی دوورکەوتنەوە لە دابەشبوونێکی توندی دیموکراسی/ دیکتاتۆری (ئیپستین و ئەوانی دی 2006). هەروەها ئەو توێژینەوە تازانە، ئاڵەنگاریی تیوریی ڤاییلکەریان بۆ ئارگیومێنتەکانی پریزۆرسکی و ئەوانی دی، دەربارەی کاریگەری/ ناکاریگەری گەشەسەندن لەسەر دیموکراسی، پێشکەش کرد.

وادیارە، بەلانیکەمەوە لە ئێستادا، "ژیریی تەقلیدیی"، دروست بووە و گەشەسەندنی ئابوری هاوکاری بەرهەمهێنانی دیموکراسی دەکات. لەپاڵ ئەم زۆنگاوە تیوریی و ئەزموونییەدا، توێژینەوەگەلێك هاتەگۆڕێ کە لە کاریگەری هاوکارییە بیانییەکانی سەر دیموکراسی دەکۆڵییەوە. ئەوەش بەدڵنیاییەوە ئەدەبیاتی گەلێك بچووك بوون، چونکە سەروکاریان لەگەڵ مەسەلەیەکی زۆر بچوکدا هەبوو، وەك ئەو مەسەلەیەی تەنها چەند دیموکراسییەکی پیشەسازیی پێشکەوتوو لەخۆدەگرت کە وەبەرهێنیان لە چالاکییەکانی پشتگیری دیموکراسی دەکرد. بەدڵنیاییەوە خودی پشتگیریکردنی دیموکراسی، چالاکییەکی تازە نەبوو، چونکە بەلانیکەمەوە

ڕەگوریشەی بۆ بەرنامەی دوای جەنگی جیهانی دووەم دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی مۆرکی دیموکراسی بە ژاپۆن و ئەڵمانیا بدات (لوینتاڵ 1991، میریت 1995). بەهەر حاڵ، لەدوای ئەو هەوڵە گەورەیە، سیاسەتەکانی جەنگی سارد زاڵ بوون، هەوڵێکی کەم بۆ لاوازکردنی دیکتاتۆرییەتی ڕاسترەو دەدرا (شۆڵتز 1981، شۆڵتز 1987)، ئەمە لە کاتێکدا دیکتاتۆرییە چەپڕەوەکان، تاڕادەیەکی زۆر بوون بە ئامانجی هەوڵەکانی پرۆپاگەندە، بۆ نموونە، پەخشی ڕادیۆی ئەوروپای ئازاد[68]. سەرباری ئەوەش، هەوڵێکی بەردەوام هەبوو بۆ پشتگیری کردنی جۆرێك لە دیموکراسی لە بەرنامەکانی لەبابەت دروستکردنی هەرەوەزی کشتوکاڵی و یەکێتییەکانی کرێکاران (کارۆتەر 1991).

ئەم پەیپەرە باس لە پێکهاتەی پڕۆژەی توێژینەوەیەکی زۆر گەورەتر دەکات کە هەوڵ دەدا ئەوە دیاری بکات، داخۆ بەڵگەیەکی ڕوون هەیە، پاڵپشتی گریمانەی سەرکەوتنی پشتگیری کردنی دیموکراسی بکات[69]. ڕەنگە وادەربکەوێت ئەم پرسیارە سادە و ساکار بێت، بەڵام بەوجۆرە نییە. بۆ نموونە، بەلانیکەمەوە لە 7/ ئەیلول/ سەپتەمبەری 1845دا، واتە کاتێك دکتۆر جۆن سنۆ (John Snow)، ئەنجوومەنی پاسەوانانی لە پاریش (Parish)، قەشە جێمس-ی قاییل کرد، دەسکی پەمپی ئاوی بیری کۆمەڵگە لە شەقامی برود (Broad) لابەرێت، کۆتایی بە خراپترین درمی کۆلێرا لە مێژووی شارەکەدا هات (توفتی 1997: 27-37)، تا ئێستاش زانایان هەوڵ دەدەن ئەوە بسەلمێنن کە دەشێت توێژینەوەکانیان سیاسەتێکی گشتیی باشی لێبکەوێتەوە. لە حاڵەتی تەندروستی گشتیدا، بەڵگەی سەرکەوتنێکی گەورە بوو، چونکە نەخۆشییەکان یەکلەدوایەك کۆنترۆڵ کران، بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا، حیکایەتەکە ڕوون نییە. لە حاڵەتە تێکچڕاوەکەی بەرنامەی "هیدستارت -

---

[68] - هەروەکو شۆڵتز (1981) دیکیومێنتی کردووە، تەنها لە ماوەیەکی کورتی جەنگی سارددا/ بۆ نموونە، دوو ساڵی یەکەم لە ئیدارەی کارتەردا، نیگەرانییەکانی بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ، بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی تێپەڕاند کە لە قاڵبی هاوپەیمانی دژەکۆمۆنیستدا پێناسەکرابوو

[69] - لە پاڵ نووسەرەکان، هەر یەك لە پرۆفیسۆر نیڵ تەیت و دینورا ئازیۆرۆ، بەشداری زۆر لایەنی پڕۆژەکەیان کردووە. ئەکادیمیای نیشتمانی بۆ زانستەکان لە ساڵی 2006-2007دا لیژنەکیان لە شارەزایان (میچێل سیلیگمان، یەکێك لە نووسەرەکانی ئەو پەیپەرە، لە نێو ئەندامانی لیژنەکە بوو) بۆ پەرەپێدانی میتۆدۆلۆجیا پێکهێنا، تا کاریگەری بەرنامەکانی هاوکاری دیموکراسی ئەزموون بکات.

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

"Head Start program" بڕوانە، بەرنامەیەکە لە دوای چەندین دەیە لە توێژینەوە، هێشتا چالاکی "دەستوەردانی پێشوەختەی" بۆ شکاندنی بازنەی هەژاری لەناوخۆی شارەکانی ئەمەریکادا نەسەلماندووە.

کێشەکانی توێژینەوەکە لە دۆخی "هید ستارت"دا، پاکۆتێ دەکات لە نێوان مەسەلە جیدییەکانی "هەڵاوێردی لایەنگرانە" (ئەو خوێندکارانەی بەشداری بەرنامەکە دەکەن، جیاوازن لەو خوێندکارانەی بەشداری ناکەن)، تا دەگات بە ئاڵۆزییەکانی زانینی کاریگەری خوێندنی بەر لە قوتابخانە لەسەر چەندین ساڵی دواتری ژیان (بۆ نموونە، تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی). بەربەرستەکانی پێودانگی سەرکەوتن و شکست لە بواری توێژینەوەی دیموکراتیزەکردندا، زۆر لە بواری "هیدستارت" گەورەترن. لە هیدستارتدا، کارێکی سانایە نیشانەکانی کاریگەری بەرنامەکە دەستنیشان بکرێت، ئایا بەشداربووان نمرەی باشتریان بەدەستهێناوە، یا بڕوانامەی پێشکەوتووتر، یا مووچەیەکی ساڵانەی زیاتر لەو کەسانە وەردەگرن کە بەشدارییان لە بەرنامەکە نەکردووە؟ بەڵام لە بواری دیموکراسیدا، دەتوانین چ پێودانگێك بۆ زانینی کاریگەرییەکە بەکاربهێنین؟ ئایا بە بەکارهێنانی پێودانگێکی کەم قاییل دەبین (بۆ نموونە، هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاك بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و لە کاتی خۆیدا)، یا ئێمە گرنگی بە پێناسەیەکی فراوانتر دەدەین تا ئەو مەودایەش بگرێتەوە کە تێیدا هاوڵاتیان مەودایەکی بەرفرەتریان لە ئازادییە مەدەنییەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هەیە، ئەمە بێجگە لە سیستمێك کە حیزبە سیاسییەکان تێیدا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە کێبەرکێ بکەن و زۆرێك لە توێژەران بە پێوەرێکی دیاریکراو ڕازی نەبن، بەڵام تاکە پێوەرێکی ئاسان بێت بۆ پێوانەکردنێکی بابەتیانە. بۆیە تا بەرەو پێناسەی زیاتر و زیاتری دیموکراسی بڕۆین، بە ڕێزلێنانی مافی کەمایەتییەکان و پاراستنی گرووپە لاوازەکانیشەوە.. هتد، پێوانە کردنی گۆڕاوە وابەستەکان (دیموکراسی لەم دۆخەدا) ئاڵۆزتر دەبێت.

بەبێ ڕێکەوتن لەسەر ستاندەرێکی جیهانی ڕەزامەندیلەسەرکراو بۆ پێناسەی گۆڕاوە وابەسەتەکە، زۆر زەحمەتە کاریگەری بەرنامەکانی دیموکراتیزەکردن ئەندازەگیری بکرێن. سەرباری ئەوەش، زۆرێك لەو ئاڵۆزییانە بەدیدەکرێن کە باڵ بەسەر هەر توێژینەوەیەکدا دەکێشێت کاریگەری لەسەر هەوڵەکانی هاوکاری دیموکراسی هەبێت و باسوخواس لە ئاڵۆزییە گۆڕاوە دژبەیەکە

لەهەژمارنەهاتووەکان دەکات. بەدڵنیاییەوە هاوکارییەکانی دیموکراسی بە خۆرایی ناڕوات. وڵاتان مێژووی خۆیان هەیە، بە مێژووی کۆلۆنیالیشەوە (واینەر 1987؛ واینەرو ئۆزبودون 1987، بۆیکس 2003؛ گیرینگ و ئەوانی دی 2005)، ئەوەش دەشێت وایان لێبکات، خواستی زیاتر یا کەمتریان بۆ پەیڕەوی کردن لە کاروانی دیموکرسی هەبێت. هەروەها ڕەنگە وڵاتەکان زۆر دەوڵەمەند یا هەژار بن و لە دابەشکردنی داهاتەکانیاندا یەکسانییەکی کەمتر یا زیاتر پەیڕەو بکەن، کەمتر یا زیاتر پاشکۆیەتی بۆ وڵاتانی دیکە بکەن، زۆر بابەتی دیکەی لەوجۆرە هەیە. بۆیە ئاڵەنگارییەکە لەوەدایە کاریگەری هاوکارییە دیموکراسییەکان لە گشت ئەو گۆڕاوانەی دی دابڕێت.

بەر لەوەی پیاچوونەوە بۆ ئەدەبیاتی خودی هاوکارییەکانی دیموکراسی بکەین، دەبێ ئاوڕ لە دوا دژواری بدرێتەوە. زۆرێك لە ڕاڤەکارانی بەرنامەی گەشەسەندن، پشت بە هەڵسەنگاندنی "تێکڕای گەڕانەوە" بۆ تێچووەکان و سوودەکان دەبەستن. واتە کاتێك کەسێك ڕێگایەك دروست دەکات، هەوڵ دەدا سوودە ئابورییەکانی سەبارەت بە تێچووە ئابورییەکەی دیاری بکات. بەم دواییانەش، فاکتەری دیکە تێکەڵ بە هاوکێشەکە کراوە، وەك کاریگەری ژینگە. بەڵام لە بواری دیموکراسیدا، ناتوانین بەهایەکی دارایی بۆ گەشەسەندنی دیموکراسی وەبەربهێنین. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، گۆڕاوە وابەستە فرەبەکارهاتووەکە کە پێمانوایە پێودانگی دیموکراسیی زۆر ماقووڵن، بەکاردەهێنین (خانەی ئازادی و سیستمی حوکمڕانی 4). بەڵام زۆر بەخێرایی ئەوەش سەربار دەکەین کە ڕەنگە گەشەسەندنی دیموکراسی بەهایەکی جەوهەریی ئەوتۆی هەبێت کە بەزەحمەت دیاری دەکرێت. بۆ نموونە، توێژینەوەیەك، زۆرجار ئاماژەی پێدەدرێ (ڕۆمڵ 1994)، ئاماری کوشتنی دەیان ملیۆن هاوڵاتی کردووە کە لەلایەن حکومەتە ستەمگەرەکانەوە کوژراون، بەراورد بەو ژمارە زۆر کەمەی هاوڵاتیان کە لەلایەن حکومەتە دیموکراسییەکانەوە کوژراون. سەرباری ئەوەش، ئەوەی پێی دەوترێت سوودەکانی "سیستمی دووەم"ی دیموکراسی بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەت، تەمومژێکی زۆر مشتومڕئامێزی ئەکادیمی دایدەپۆشێت. لەلایەکی دی، کاتێك ئەدەبیاتێکی زۆر باس لە "ئاشتی دیموکراسی" دەکەن، ڕەنگە دیموکراسییەکان کەمتر شەڕی یەکتری بکەن، بەڵام ئەوەش زۆر ڕوون نییە، داخۆ دیموکراسییەکان شەڕ لە دژی وڵاتە نادیموکراسییەکان هەڵدەگیرسێنن (ڕوسیت

1993؛ براون، لین، جۆنز، میلەر 1996؛ هیندرسۆن 2002؛ مۆر 2004؛ ڕاسلەر و تۆمپسۆن 2005؛ گیز، برۆك، مولەر 2006). لەم پەیپەرەدا هەوڵ دەدەین، دەربارەی کاریگەری هاوکاری دیموکراسی تەنها لەسەر ئاستی دیموکراسی، وەڵامی پرسیارە دیاریکراوەکە بدەینەوە.

ئەم تویێژینەوەیە بۆ سێ بەش دابەش دەکرێت. یەکەم ئەو ئەدەبیاتانە بەکورتی دەخاتەڕوو کە باس لە پشتگیری کردنی دیموکراسی دەکەن. دووەم لێکۆڵینەوە بۆ گۆڕاوە سەرەکییە سەربەخۆکان دەکات، بەدیاریکراویش ئاستی وەبەرهێنان لە بیناکردن و سروشتی دیموکرسی لەلایەن حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. بەڵام بەشی سێیەم دۆزینەوە سەرەکییەکانی بەرنامەی توێژینەوەکە تا ئەم ئەمرۆ، دەربارەی کاریگەری هاوکاری بیانی لەسەر دیموکراسی، پێشکەش دەکات.

لێکۆڵینەوەکەی پێشوو: چیمان فێر دەکات؟

تا هەنووکە لێکۆڵینەوە بۆ پێوانە کردنی کاریگەریی هاوکاری دیموکراسی لە چوارچێوەیەکی سنووردادا بووە. زۆرینەی لێکۆڵینەوەکان جۆرێتی بوون، زۆربەیان لە دەرئەنجامە زۆر یەکلاکەرەوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە پەیوەستبوون بە هەوڵەکانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دیکەی خۆرئاوا بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی. گشت ئەو کەسانەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکەیان کردووە، ڕەخنە جۆرێتێیەکەیان کردووە (کراوفۆڕد 2001)، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکانی دی، پێیانوایە سەرباری ئەو ڕەخنانەش، ئەوا دیموکراسی بووە بە پێوەرێکی نێودەوڵەتی کە بەشێوازێك لە شێوازەکان ئەکتەرە نێونەتەوەییەکان دەگرێتەوە، بەوەش هاوکارییە دیموکراسییەکان دەبنە فاکتێکی ژیان و دەبێ وڵاتان فێری ئەوە بن لەگەڵیدا هەڵبکەن (ماکفاول 2004). کاتێك لە کۆی لێکۆڵینەوەکە دەڕوانین، بە سێ دەرئەنجامی گشتی دەگەین. یەکەم، زۆرێك لە ئەدەبیاتەکان گرنگی بە مۆتیڤەکانی پشت هاوکارییەکان دەدەن تا ئەوەی گرنگی بە کاریگەرییەکەی بدەن. تاڕادەیەکی زۆر ئەو ئەدەبیاتە ڕەخنەگرانەیە، چونکە بەگومانێکی زۆرەوە لە پاڵنەرەکانی ئەو جۆرە هاوکارییانە دەڕوانن و بەتەواوەتی خزمەت بە بەرژەوەندییە خودییەکان دەکات (بۆ نموونە، زۆر تەسکبینانە شوێن بەرژەوەندییە ناسیونالەکانی ئەمەریکا دەکەوێت، هەروەکو شارەزایانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی فێرگەی

"واقیعی -realist " پێناسەی دەکەن) (مۆرگینتاو 1982؛ مۆرگینتاو و تۆمپسۆن 1993). ئەو ئەدەبیاتانە گریمانەی ئەوە دەکەن کە ئەوەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان باشە، ناشێت، یا ڕەنگە نەشێت، بۆ وڵاتە وەرگرەکان باش بێت. بەڵام ئەمە پرسیارێکی ئەزموونییە (empirical question). گەر پاڵنەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان "دروست" بن، یا نا، بۆ ئەوەی سیاسەتی پشتگیریکردنی دیموکراسی بگرێتەبەر، ئەوا ئەمە کارێکی جیاوازە، داخۆ ئەوجۆرە سیاسەتانە لە ناوکۆییە دیاریکراوەکاندا، سەرکەوتوو دەبن یا شکستدەهێنن. دەشێت "گومانبەرە واقعییەکان" بەهەمان ئەندازە پشت بە پاڵنەرە پەنهانەکانی ببەستن، بۆ ئەوەی سەرکەوتنی سیاسەتەکەی (لەو حاڵەتانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندی تایبەتیی مشتومڕئامێزی لە پشتگیری کردنی دیموکراسیدا هەیە) یا شکستەکەی ڕاڤە بکەن (لەو حاڵەتانەی ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی یا ئامانجە ئابورییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، گریمانەی ئەوەی بۆ دەکرێت لەگەڵ سیاسەتی ڕاگەیەنراوی پشتگیری کردنی دیموکراسی بەریەکدەکەون). سەرباری دژواری هەڵسەنگاندنی مۆتیڤە مێژووییە "ڕاستەقینەکان" (چونکە بەزۆری سیاسەتی دەرەوە، لە گەلێك چینی بڕیاردەر پێکدێت)، دەکرێت کاریگەری ئەوجۆرە سیاسەتانە لە ڕێی شیکارییەکی ئەزمونیی گونجاوەوە بەدۆکیومێنت بکرێن.

بەڵام دژواری دووەم کە لە توێژینەوەکەدا بەدیمانکردووە، بەشی هەرە زۆری جۆری بووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا نەنگییەك نییە، چونکە شێوازە جۆرییەکان توانای پەیداکردن و هەڵهێنجانی نەنگییان لەو میکانیزمانەوە هەیە کە هاوکاری دەرەکی لەڕێگەیەوە سەرکەوتوو دەبێت یا نا، بەڵام لەو کاتەی لێکۆڵینەوە لە شێوازە نێونەتەوەییەکاندا دەکەین کە سەنتەری هەوڵ و کۆششی لێکۆڵینەوەکانی ئێستایە، ئەوا زۆر زەحمەتە لێکۆڵینەوەی جۆری "سەربار" بکرێت و ئەو شێوازانەش پەیدا بکرێن. وادیارە بەڵگەی جۆری بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە گرنگە، کاتێك دەرکەوت هاوکاری بیانی ئاستی گەورەتر لە دیموکراتیزەکردن بەرهەمدەهێنێت یا نایهێنێت، لە کام بواردا سەردەکەوێت، یا شکست دەهێنێت و لە کام ناوچەی جیهان بە شێوەیەکی باشتر یا خراپتر کار دەکات. سێیەم، لەنێو ئەو کارە کەمانەی کە شێوازی چەندایەتی توند بەکاردەهێنرێت، سستی و لاوازییەکی زۆر گەورەمان دۆزیوەتەوە. ڕەنگە کێشەی هەرە جیدی، ئەو داتایانە بێت کە لێکۆڵینەوەکەی پێشووی لەسەر بینا

کراوە. زۆرێك لە کارە چەندایەتییەکان خۆیان لە سەردەمێکی کورت، یا چەند ناوچەیەکی لاوەکی لە جیهاندا قەتیس دەکەن.

بەڵام ئەو توێژینەوە کەمانەی کە جیهان ڕووماڵ دەکات و ساڵانێکی زۆرتریش دەگرێتەوە، داتای زۆر کەم لەبارەی هاوکارییە دەرەکییەکان بەکاردەهێنێت. ئەو جۆرە کارانە کۆی ژمارە مەزەندەییەکان بۆ هاوکاری ئەمەریکا بەکارهێناوە (ئەمەش بەبۆچوونی ئێمە کارێکی هەڵەیە)، بەو گریمانەیەی پێویستە هاوکارییە فەرمییە گشتییەکانی گەشەسەندن، دیموکراتیزەکردنی لێبکەوێتەوە[70].

توێژینەوەکانی چەندایەتی، بەگشتی، کەموکورتی زیاتریان تیایە، بەوەی دەخوازێت لە ڕێی شکستهێنانی لە زامنکردنی ژمارەی پێویست و کۆمەڵە گۆڕاوێکی کۆنترۆڵکردندا، دیاریکردنی نموونەکانی کەم بکاتەوە، هەروەها ئەو تەکنیکە ئامارییانە بەکاردەهێنێت کە ڕێگە بە دیاریکردنێکی ڕوونی "بەها سەربارەکە"ی هاوکارییە بیانییەکان نادات.

شێوازەکەمان پشتی بە پەرەپێدانی کۆمەڵە داتایەك بەستووە کە ڕەنگدانەوەی خەرجییەکانی چەندین ساڵەی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەییە دەربارەی پشتگیریکردنی دیموکراسی، لەسەرتاسەری جیهاندا. هەموو پابەندییەکانی ئاژانسی ئەمەریکامان لە کەرتی دیموکراسیدا لە پابەندییەکانی بوارەکانی دی جیاکردۆتەوە، بۆ نموونە، پەروەردە و تەندروستی، گەشەسەندنی ئابوری، هەروەها خەرجییەکانی گشت ئەو بوارانەشمان دابین کردووە، ئەمە بێجگە لە کۆمەڵە گۆڕاوێکی کۆنترۆڵ کردن لە نموونە ئامارییەکاندا[71]. ئەمەش یەکەم توێژینەوەی سەرتاپاگیری ئەو کاتەیە لەسەر ئەو کاریگەرە سنوردارانەی کە هاوکارییە "دیموکراسی"یەکەی ئەمەریکا لەسەر ئاستەکانی دیموکراسی لە وڵاتە

---

[70] - **وەك ئاوارتەیەکی گرنگئامێز هەر یەك لە سکۆت و ستێڵ (2005) کاریگەری مایەدانیان شیکردۆتەوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە زۆر بچووکە بەراورد بە قەوارەی بەرنامەکانی ئەمەریکا بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی لەسەرتاسەری جیهاندا (لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بەتێکڕایی گەیشتە 5٪).**

[71] -Note that “obligations” is used throughout this study to refer to “actual appropriations,” or the amount for which USAID is allowed by Congress to incur obligations for specified purposes

وەرگرەکاندا هەیبووە[72]. سەرباری ئەوەش، بڕی هاوکاری کەرتە لاوەکییەکانمان جیاکردۆتەوە کە لە دیموکراسی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی دیاریکراوە - هەڵبژاردن، پرۆسێسی سیاسی، سەروەری یاسا، کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستمی حوکمڕانی - لەگەڵ هەڵسەنگاندنی کاریگەریی هەر یەکیان لەسەر ئاستە گشتییەکانی دیموکراسی وڵاتان، ئەمە بێجگە لە کاریگەری لەسەر ئەو گۆڕاوە سەربارانەی کە ئاستەکانی گەشەسەندنی دیموکراسی ئەو وڵاتانە لەسەر "ڕەهەندەکانی کەرتە لاوەکییە دیاریکراوەکان" دەنوێنێت. بەوەش کاریگەری هاوکاری هەڵبژاردن لەسەر ئاستی پرۆسێسی هەڵبژاردنی ئازاد و کێبەرکێی وڵات و کاریگەری کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئازادی و سەربەخۆیی کەرتی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو وڵاتە ڕوون دەکەینەوە، سەرباری کاریگەری سیستمی حوکمڕانی لەسەر دەرئەنجامەکانی دیموکراسی پەیوەست بە سیستمی حوکمڕانی، هتد. هەر چەندە پێشتر هیچ جۆرە شیکارییەکی ڕەخنەگرانە بۆ هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بۆ ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەسەندنی نێونەتەوەیی ئەنجام نەدراوە.

ئێستا بەرەو خودی ئەدەبیاتی جۆری (qualitative literature) دەڕۆین، یەکێك لە کارە هەر بەراییەکانی ئەم بوارە کۆمەڵە نووسینێکە کە بەشێوازێکی باش ناونیشانی "هەناردەکردنی دیموکراسی"یان بۆ دانراوە (لوینتاڵ 1991، لوینتاڵ 1991). لەم کۆمەڵە نووسینەدا کە ڕەنگدانەوەی ڕەوتێکی بەرفراوانی زۆربەی ئەدەبیاتە جۆرییەکانە، نووسەرەکانیان گومانێکی زۆریان لە پاڵنەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیە، دەربارەی ئەو هەوڵەی لە پشتگیری کردنی دیموکراسی، لە ئەمەریکای لاتیندا دەیدات. بەدڵنیاییەوە ئەم گومان بردنە، درك پێکراوە، ئەگەر تۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەدەی نۆزدەهەم و بەزۆرێش لە سەدەی بیستەمدا لەبەرچاو بگرین کە پاڵپشتییەکی زۆری ڕژێمە دیکتاتۆر/ سەربازییەکانی ئەمەریکای لاتینی کردووە (شۆڵتز 1987، شۆڵتز 1998). بۆیە لەم توێژینەوە پێشوەختەدا کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاریدا دیموکراتیزەکردن بکاتە پێشینەی سیاسەتی

---

[72] - پاکستۆن و مۆریشیما (2005)، شیکردنەوەیان لەسەر فۆرمە سەرەتاییەکانی ئەو داتابەیسانە کردووە کە لە لێرەدا بەکاریدەهێنین و پەیوەندیی ئەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتووین لەگەڵ لە زۆرێك لەو خاڵانەی لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە.

دەرەوە، ماوەیەکی کورت نووسراوە، نووسەرەکان گرنگییەکی کەمیان دەدا بە پرسیاری "ئایا دیموکراتیزەکردن سەردەکەوێت؟"، بگرە زیاتر گرنگییان دەدا بە پرسیاری "بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو کارە ئەنجام دەدات؟".

ئەم بڕگە کاریگەرەی دایمۆند (1992) لە کتێبی "سیاسیەتی دەرەوە - Foreign Policy"، بەهەوڵێکی پێشوەختەی دیکە دادەنرێت کە تێیدا گومان لە ئەنگێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات. جیاوازی کردن لە نێوان "هەناردەکردنی دیموکراسی" کە تەوەری کۆمەڵەی لوینتاڵە و نێوان "پشتگیری کردنی دیموکراسی" بە بەشدارییە سەرەکییەکەی دادەنرێت.

دایمۆند هانی بڕیاردەرانی سیاسی دەدا لە مۆدێلی هەناردەکردن دوور بکەنەوە و لە جیاتی ئەوە پاڵپشتی کۆمەڵەکان بکەن، تەنانەت تاکەکانی ژێر دەسەڵاتی ستەمگەریش، ئەوانەی هەوڵ بۆ دیموکراسی دەدەن. ئەمەش، هەروەکو دایمۆند ئاڕگیۆی دەکات، بەو مانایە دێت کە پێویستە هاوکارییەکان لەڕێی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە ئاراستە بکرێن، بۆ نموونە، کۆمەڵە مەدەنییەکان و یەکێتییەکانی بازرگانی و ڕاگەیاندن.. هتد. بەڵام دایمۆند ڕەخنە لە ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی دەگرێت، بەوەی خودی خۆی ناتوانێت بەرنامەڕێژی هاوکارییەکان بۆ ئەو شوێنانە بکات کە پێویستییەکی زۆریان پێی هەیە. دایمۆندیش، هەروەکو زۆرێك لە ناوەوە و دەرەوەی ئاژانس لەوە تێدەگەن کە ڕاسپاردنی کۆنگریس و تەرخانکردنەکانی و کۆتبەندەکانی دی، بەتایبەتی سەرنج و تێبینییەکانی سیاسەتی دەرەوە کە وەزارەتی دەرەوەی دەیسەپێنێت، ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی والێدەکات، نەك بەزەحمەت، بگرە هێندێك جاریش ئەستەم دەبێت، سەرچاوەکانی تایبەت بەدیموکراسی بۆ ئەو شوێنانە تەرخان بکات کە پێویستییەکی زۆریان پێی هەیە. لێرەدا پەیپەرێکی دیکەی پێشووتر کە بە شێوەیەکی دووبارە ئاماژەی پێدەدرێت، پەیپەرێکی ڕێنوێنییە، نەك هەڵسەنگاندن بێت. هەر یەك لە گراهام ئەلیسۆن (Graham Alison) و ڕۆبێرت بێسچڵ کور (Robert Besschels JrU)، هاوبەشەکەی لە نووسیندا (ئەلیسۆن و بێسچڵ 1992)، دە پرەنسیپ یا ڕێنوێنی بۆ پشتگیری کردنی دیموکراسی دادەنێن و تێیدا وەسفی ئەوە دەکەن، چۆن دەشێت ژینگەی دەرەوە و ژێرخان و ستراتیجییەکان، بەرنامەڕێژی بکەن تا ئەوپەری چالاکی ئەنجام بدەن. بەڵام ئەو کارە بەزۆری لە هەر

هەوڵێك بەدوور دەبێت، بۆ ئەوەی کاریگەری هاوکارییە بیانییەکان لەسەر دیموکراسی هەڵسەنگێنێت، لەجیاتی ئەوە، دەربارەی زەرورەتی بەشداریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم هەوڵەدا، مشتومڕ دەکات.

وردترین و گشتگیرترین کاری هەڵسەنگاندن، لە چەند بەرهەمێکی تۆماس کارۆتەرز دەردەکەوێت (کارۆتەرز 1991؛ کارۆتەرز 1996؛ نیوبێرگ و کارۆتەرز 1996؛ کارۆتەرز 1999؛ ئۆتاوەی و کارۆتەرز 2000؛ کارۆتەرز 2004؛ کارۆتەرز و ئۆتاوەی 2005). کارۆتەرز، بەدرێژایی 15 ساڵ، لەسەر ڕۆڵی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەشێوەیەکی گشتی، ڕۆڵی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەسەندنی نێونەتەوەیی، بەشێوەیەکی تایبەتی، توێژینەوەی ئەنجام داوە. لەو ماوەیەدا، پەرەی بە کۆمەڵە کارێکی دا کە تێیدا پێشنیازی بۆ بیرۆکەیەکی هاوبەش دەکرد، پشتگیری کردنی دیموکراسی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، شایانی ئەوەیە ئەنجام بدرێت، چونکە گەر بە شێوازێکی باش ئەنجام بدرێت، سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام زۆربەی کات بەشێوازێکی باش ئەنجام نەدراوە، بۆیە شکست دەهێنێت. بۆ نموونە، کارۆتەرز لە توێژینەوەیەکی هاوبەشی لەگەڵ نیوبێرگ دا (نیوبێرگ و کارۆتەرز 1996)، ئارگیۆی ئەوە دەکات کە هاوکارییەکان بۆ وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیستی خۆرهەڵات و سەنتەری ئەوروپا، ئاستێکی مامناوەندی هەبووە، بۆیە کاریگەرییەکانیشی بەهەمان ئەندازە بووە، زیاتر لە بواری هەڵبژاردندا بووە و هەڵبژاردنی ئازاد و پاکیش ئەنجام دراون. کارۆتەرز، بەدرێژایی کتێبەکە (1999)، لەگەڵ فیکر و بابەتەکانی پێشووی لوێنتاڵ و دایمۆند، هاوڕای چارەسەرێکی گشتگیرانەیە و پێشتریش ئاماژەیان پێدراوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر سەرقاڵی پرۆسێسی "هەناردەکردنە"، تا ئەوەی پشتگیری لە دیموکراسی بکات. کارۆتەرز دەڵێت، لاوازی ئەم مۆدێلە لەوەدایە کە "کە تاکە ئەندازەیەك بۆ هەمووان ناگونجێت". بۆیە لە ئەنجامدا هەوڵەکانی چالاکی دیموکراسی پەککەوتە و ناتەواو دەبێت. لە کتێبە تازەکەیدا (کارۆتەرز 2004)، بیرۆکەیەك دووبارە دەکاتەوە کە لە بەرهەمەکەی لوێنتال دا وروژێنراوە، هەروەها شۆڵتز لە توێژینەوەیەکی تێروتەسەلدا پێیوایە، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامانجی دژبەیەکی هەیە، لەلایەك هەوڵ بۆ پشتگیری کردنی دیموکراسی دەدا، بەڵام سەرەتا و بەر لە هەموو شتێك تیشك دەخاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی. بەپێی کارۆتەرز،

ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، نەك هەر لێبوردەیە، بگرە پاڵپشتیشیان دەکات، وڵاتانی هەناردەکردنی نەوت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و چین لە نێو ئەو دیکتاتۆرانەن، ئەمە لە کاتێکدا لەو وڵاتانەی بەرژەوەندی ستراتیجی یا ئابورییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵیاندا نییە، زۆر بە ڕاشکاوی کار لەسەر پشتگیری کردنی دیموکراسی دەکات.

کارەکەی کارۆتەرز، ئەگەر هەمووی پێکەوە وەربگیرێت، دەکرێ بە مادە و کەرەستەی توێژینەوەی دۆخێکی تێروتەسەلی دەرەوەی ئەو هەڵسەنگاندنانە دابنرێت کە بە گرێبەست لەگەڵ خودی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەسەندنی نێونەتەوەیی نووسراوە (بۆ نموونە، هەڵسەنگاندنەکانی ئەو پڕۆژەیەی بەڵێندەرەکان لەگەڵ ئاژانسی ئەمریکی ئەنجامیان داوە). تۆمارەکە تێکەڵە، هەروەکو بەنزیکەیی حاڵەتی گشت پڕۆژەکانی گەشەسەندن، ئیدی چ ئابوری بێت، یا کۆمەڵایەتی، یا هەروەکو ئەم حاڵەتە، جەخت لەسەر دیموکراسی دەکاتەوە. سەرباری ئەوەی کارەکە هێندێك وانەی گرنگ پێشکەش بە جێبەجێکارانی بەرنامەکە دەکات، بەڵام زەحمەتە ئەوە دیاری بکرێت، داخۆ "هاوکارییەکە کار دەکات" یا "هاوکارییەکە کار ناکات".

وادیارە توێژینەوەی جۆری سەربار هەیە کە بەتەواوەتی لە دیدو تێڕوانینیدا نەرێنییە. کتێبەکەی سۆگ (Sogge)، پێیوایە هاوکارییەکان لە پشتگیری کردنی دیموکراسیدا شکستیان هێناوە، لەبەر ئەوەی وڵاتە بەخشەرەکان (الدول المانحة)، سەرەتا بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان لەبەرچاو دەگرن (سۆگ 2002)؛ پێشتر باسم لەو بیرۆکەیە کردووە، ئەو بیرۆکەیە بە تەوەری توێژینەوە و کتێبەکەی بیتەر بورنێڵ دادەنرێت (بورنێڵ 1997؛ بورنێڵ 2000). هەروەها هەڵسەنگاندنێکی زۆر نێگەتیف لە توێژینەوەیەکی هاوکارییە بیانییەکان بۆ باشووری ئەفەریقیاش هەیە (هێرن و وەرزی جیهانی سێیەم 2000). بەپێی ئەم توێژینەوەیە هاوکارییە بیانییەکان، لەسەر حیسابی پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاك، فۆکسیان لەسەر پایەدارکردنی سەقامگیری سیاسی بووە. دەرئەنجام گەشەسەندنی دیموکراسی پێشبڕکێکار لە باشووری ئەفەریقیادا سنووردار کرا. ئەم گریمانەیە لە کارەکەی کاراپیکۆ (Carapico)شدا دووبارە دەبێتەوە کە جەخت لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوە (کاراپیکۆ 2000)، چونکە هاوکارییەکانی

دیموکراسی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ناکۆکی نێوان حکومەت و ئەو ڕێکخراوانە و دیموکراتیزەکردنێکی کەمتری لێکەوتەوە.

بەگەڕانەوەمان بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو لەو توێژینەوە چەندایەتییانەی هەوڵیانداوە کاریگەری هاوکارییە بیانییەکان لەسەر دیموکراسی هەڵسەنگێنن، هەڵسەنگاندنێکی تێکەوڵاو بۆ کاریگەریی هاوکارییەکان لەسەر ئەو دەرئەنجامانە دەبینین کە پەیوەندییان بە دیموکراسییەوە هەیە. یەکەم توێژینەوە کە توانیمان پەیدای بکەین، بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکات، چونکە جەخت لەسەر خودی ئەو هاوکارییە بیانییانە ناکاتەوە، بەڵکو فۆکس دەخاتە سەر دەستێوەردانی سەربازی. ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆکردن، دەربارەی ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پشتگیریکردنی دیموکراسی لە ئەڵمانیا و ژاپۆن و ئیتاڵیا-ی دوای جەنگی جیهانی دووەم، چونکە بەشکستی ئەو وڵاتانە، پەیڕەوی لە هەوڵێکی "سەربازی"ی دەکرا بۆ ئەوەی بەشیوەیەکی گشتی پشتگیری لە دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت. بەوەش، توێژینەوەکە مامەڵە لەگەڵ ئەو هاوکارییە بیانییانە دەکات کە تایبەتە بەدیموکراسی و ڕادەستی "سەرباز" کراون. کارەکەی جێمس میرنێك (James Meernik) کە ساڵی 1996 بڵاوبووەوە (میرنێك 1996)، ئەم پرسە چارەسەر دەکات، "میرنێك" بە بەکارهێنانی مۆدێلی "پرۆبێت"، بەڵگەیەکی بەهێزی دەستدەکەوێت، بەوەی داگیرکارییەکان (هەوڵە گریمانەییەکانیان بۆ دیموکراتیزەکردن) لە دوور مەودادا یارمەتی پشتگیریکردنی دیموکراسی دەدا، کاتێکیش کاریگەرییەکەی بە شێوەیەکی تایبەتی بەهێز دەبێت کە ئامانجە ئاشکرا و دیاریکراوەکە دیموکراسی بێت، کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کاتی داگیرکردندا، دژایەتی ڕژێمی دەسەڵاتدار دەکات، ئیدی دیموکراسی بە بەکارهێنانی زنجیرە داتای گوور (Gurr) بۆ "سیستمی حوکمڕانی 2" پێوانە دەکرێت.

بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، ژمارەیەکی کەم لەو توێژینەوانە بڵاوبوونەتەوە کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پرسی هاوکارییە مەدەنییەکانی ئەمەریکا و پرسی بەدیموکراتیزەکردن دەکات. توێژینەوەی یەکەم (گۆڵد سمیس 2001)، بۆ ئەفەریقیای باشووری بیابانی گەورە تەرخانکراوە و فۆکسی لەسەر دیموکراسی نییە، بەڵکو لەسەر تێکڕای ئاستەکانی دیموکراسییە، ئیدی بەدەر لە دەوڵەتە هەناردەکارەکە. دانەر دەستوپەنجە لەگەڵ ئەو پرسیارە نەرم دەکات کە

پێیوایە ڕەنگە هاوکارییە بیانییەکان، لە ڕێی پاڵپشتی کردنی ڕژێمە لاوازەکانەوە، بە پراکتیك پشتگیری دیکتاتۆرییەت بکات. گۆڕاوی پشتپێبەستوو لە شیکارییەکەدا، ئەوەیە کە دیموکراسی بە بەکارهێنانی خاڵەکانی خانەی ئازادی و نیشانەدەری گوور بۆ دیموکراسی، پێوانە کراوە. دەرئەنجامەکان کاریگەری ئەرێنی هاوکارییە تایبەتەکان لەسەر دیموکراسی دەردەخەن، تەنانەت لەو کاتەشدا کە ژمارەیەك گۆڕاوی کۆنترۆڵکردنی چوارگۆشە بچووکە ئاساییەکان دەخرێنە نێو هاوکێشەکانی داکشانەوە (OLS) (خاڵە سەرەتاییەکانی خانەی ئازادی، پشکی تاك لە تێکڕای داهاتی تۆمارکراوی ناوخۆ (PPP)، شارنشینی، ڕێژەی کاسۆلیك، ڕێژەی موسڵمانان، تۆمارگەی دانیشتوان و تۆمارگەی ڕووبەری زەوی). گۆڵد سمیس، بەو دەرئەنجامە دەگات، ئەوانەی پێیانوایە هاوکارییە بیانییەکان، دکتاتۆرییەتەکان بەهێز دەکەن، بەهەڵەدا چوون، بەلانیکەمەوە سەبارەت بە ئەفەریقیای باشووری بیابانی گەورە.

توێژینەوە تازەکان بە فۆکس خستنەسەر کۆمەڵە وڵاتێکی زیاتر و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر، بەدەرئەنجامی جیاواز دەگەن. ستیفان ناك (Stephen Knack)، بە بەکارهێنانی کۆمەڵە شێوازێکی گونجاو بۆ شیکردنەوەی داتا درێژەڕۆکان (longitudinal data)و تێکڕای هاوکارییەکانی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری و گەشەسەندن، لە نێوان ساڵانی 1975 - 2000، وەك گۆڕاوێکی ڕوونکەرەوەی سەرەکی، هیچ کاریگەرییەکی هاوکارییە بیانییەکانی لەسەر دەرئەنجامەکانی دیموکراسی بەدرێژایی ئەوە ماوەیە بەدینەکردووە، تەنانەت گەر توێژینەوەکە بۆ ماوەی دوای جەنگی ساردیش کورت بێتەوە.

هەر یەك لە پاکستۆن (Paxton)و مۆریشیما (Morishima) دەڵێن: دەرئەنجامەکانی "ناك" کەموکورتی تێدایە، چونکە گۆڕاوە سەربەخۆکە، بریتیە لە "هەموو" هاوکارییە بیانییەکانی گشت وڵاتانی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری و گەشەسەندن، ئیدی بەدەر لەوەی داخۆ یارمەتییەکان پابەندبوونی پەیوەست بە دیموکراسی دەگرێتەوە یا نا.

بە بەکارهێنانی وێنە کۆنەکەی ئەو کۆمەڵە داتایانەی لەم شیکارییەدا بەکارمانهێناوە و تاڕادەیەك لەسەر کۆمەڵە وڵاتێکی بچوکتر، ئەوا کاریگەرییەکی کەمتر بەدیدەکەن، بەڵام ئەرێنیی هاوکارییە دیموکراسییەکان لە تێکڕای ئاستەکانی

دیموکراسیدا بەدیدەکەن، ئەوەش دۆزینەوەیەکە لە دوای بەکارهێنانی چەندین ڕێکاری ئاماریی جۆراجۆر بۆ لەبەرگرتنەوە و فراوانکردنی، شیکارییەکەی ناك (2000) دەسەلمێت. سکۆت (Scott)و ستیڵ (Steele)یش، لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، لەلای خۆیانەوە (2005) کاریگەری پارە تەرخانکراوەکانی ڕێکخراوی دەستئاوێز (وقف)ی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (the National Endowment for Democracy (NED) شیکردۆتەوە. ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەیشتن، کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی وەبەرهێنانی ڕێکخراوی دەستئاوێزیان لەسەر دیموکراتیزەکردن دیاری نەکرد، بەڵام هەوڵێکی ڕێکخراوەکە بوو بۆ وەبەرهێنان لە "حاڵەتە دژوارەکان"دا بۆ بەرهەڵستیکردنی ستەمگەری.

ژمارەیەك توێژینەوەی دی هەیە کە پەیوەندییان بە بابەتی دیموکراسی و هاوکارییە بیانییەکانەوە هەیە، بەڵام تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆیی کاریگەری هاوکارییەکە لەسەر دەرئەنجامەکانی دیموکراسی ناخەنەڕوو. جاکۆب سڤینسۆن (Jakob Svensson) (1999؛ 293-294) تیشك دەخاتە سەر گەشەکردنی کاریگەری هاوکارییە بیانییەکان. توێژنەوەکە ئەوە دەدردەخات کە دیموکراسی گرنگە بۆ بەدیهێنانی گەشەسەندن، چونکە "کاریگەری گەشەسەندنی هاوکارییەکان لە دوور مەودادا، مەرجدارە بە ئاستی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانەوە". واتە دیموکراسی هەلومەرجی گەشەکردنە، نەك بەپێچەوانەوە. نووسەر بەو دەرئەنجامە دەگات کە "پشتگیریکردنی دیموکراسی بەتەنیا بەهایەکی نییە، بەڵکو کاریگەری گەشەسەندن لە دوور مەودادا، هاوکارییە بیانییەکان زیاد دەکات". بەڵام کاتێك هاوکارییەکان مەرجدار نەبێت بە دیموکراسییەوە، ئەوا هاوکارییەکان دەستیاری بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دەکەن.

کەواتە، لێکۆڵینەوەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، لە پێناوی پشتگیریکردنی دیموکراسیدا، زەرورەتێك بۆ بەخشینی هاوکارییەکان هەیە، نەك لەبەر ئەوەی بەتەنها ئامانجەکەی بەدیدەهێنێت، بگرە لەبەر ئەوەی یارمەتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیکەی هاوکارییە بیانییەکانیش دەدات. بەڵام لێکۆڵینەوەکە ئەو ڕوون ناکاتەوە کە هاوکارییەکان، دیموکراسی بەرهەم دەهێنێت، بەڵکو دیموکراسی بۆ گەشەسەندن پێویستە. "ناك" باسی لە دۆزینەوەی وێکچوو کردووە (2003). لەم توێژینەوەیەدا "جۆرێتی ژیان"، گۆڕاوە وابەستەکەیە، هەروەکو بە نیشاندەری

گەشەسەندنی مرۆیی پێوانە کراوە. داتاکانی نێوان 1974 بۆ 1985 ڕوومالّ دەکات. جارێکی دیکە، دەرئەنجام و دۆزینەوەکان باس لە مەسەلەی کاریگەری هاوکارییەکان لەسەر دیموکراسی ناکەن، بەڵام ئەوە دەخەنەڕوو کە یارمەتییەکان جۆرێتی ژیان لە سیستمە دیموکراسییەکان باشتر دەکات.

بەکورتی ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکەی پێشوودا فێربووین، دەتوانین ئەم دەرئەنجامەی لێ بەدەست بهێنین. یەکەم، توێژینەوەیەکی کەم باس لە کاریگەری پشتگیریکردنی دیموکراسی لەسەر دیموکراسی دەکات. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گرنگییەی لەم ساڵانەی دواییەدا، لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا بە پشتگیریکردنی دیموکراسی دراوە، لەگەڵ مەزنیی قەوارەی توێژینەوەکان دەربارەی دیموکراسی و دیموکراتیزەکردن، بەشێوەیەکی گشتی، ئەم دەرئەنجامە هیوابەخش نییە. دووەم، زۆرێك لە کارکردنەکان جۆری بوون، نەك چەندایەتی. سێیەم، کارە جۆرییەکە لە هەڵسەنگاندنی کاریگەری هاوکارییە دیموکراسییەکاندا، تاڕادەیەکی زۆر نێگەتیڤانە بوو، ئەمە لە کاتێکدا لێکۆڵینەوە چەندایەتییەکە، بەلانیکەمەوە هێندێك ئاماژەی بۆ دۆزینەوە پۆزەتیڤەکان خستۆتەڕوو، بەتایبەتی ئەگەر هاوکارییە بیانییەکان بۆ توخمە دیموکراسی و نادیموکراسییەکان دابەش بێت.

شیکارییەکەمان بە دوو شێوازی گرنگ بۆ گشت هەوڵەکانی پێشوو شۆڕدەبێتەوە، هەروەکو دواتر دووپاتی دەکەینەوە. یەکەم پێودانگی باشترمان بۆ گۆڕاوە سەربەخۆکان هەیە (بۆ نموونە، هاوکارییە دەرەکییەکانی ئەمەریکا بۆ دیموکراسی)، ئەمە بێجگە لە کۆمەڵەیەکی گشتگیرتری گۆڕاوە وابەستەکان (بۆ نموونە، دەرئەنجامەکانی دیموکراسی)، ئەوەی تا ئەمرۆش بەکاردەهێنرێت. دووەم، ڕێکاری ئاماری گونجاوتر بەکاردەهێنین، تا ڕێگەی ئەو ئەزموونە شیمانەییەمان پێبدات کە دەڵێت هاوکارییەکانی دیموکراسی دەرئەنجامی ئەرێنی دیموکراسی لێدەکەوێتەوە، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییە قووڵەکانی گەلێك گۆڕاوی دیکە و کۆنترۆڵکردنی ڕێچکەی دیموکراسی دیاریکراوی هەر وڵاتێك بە تێپەربوونی کات. پاشان دەگوێزینەوە بۆ وەسفکردنی کۆمەڵە داتایەکی تایبەت بە خۆمان، سەرەتا لە دەسپێکی ئەوەی تێیدایە (و ئەوەی تێیدا نییە)، دواتر لەدەسپێکی ئەدگارە وەسفییە سەرەکییەکانییەوە.

هاوكارييە دەرەكييەكان ئەمەريكا بۆ ديموكراسييەت: چەندە؟

بۆ ئەوەی ئەم شیكردنەوەیە ئەنجام بدەین، كۆمەڵە داتایەكی تازەمان بەكارهێناوە كە 165 وڵات لە تەواوی ماوەی دوای جەنگی ساردا ڕووماڵ دەكات (1990-2005). سی وڵاتمان لە وڵاتە دیموكراسییە پیشەسازییە پێشكەوتووەكان لێدەركردووە، ئەو وڵاتانە لەو ماوەیەی كۆمەڵە داتا تایبەتەكەمان ڕووماڵیانی كردووە، هیچ هاوكارییەكی دەرەكییان وەرنەگرتووە و وەریشناگرن. جەوهەری كۆمەڵە داتاكان و خەرجییەكانی ئاژانسی ئەمەریكی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی لە بواری پشتگیریكردنی دیموكراسیدا گشتگیرە، ئەمە سەرباری زانیارییەكان دەربارەی گشت خەرجییە نادیموكراسییەكان كە 44958 تۆماری بودجەی جیاواز دەگرێتەوە و بەسەر ئەم بوارانەدا دابەشبوون: (1) دیموكراسی و سیستمی حوكمڕانی خەرجكردن لەسەر ئاستی وڵات، (2) كەرتە ناسەرەكییەكانی دیموكراسی و سیستمی هەڵبژاردن، سەروەری یاسا، كۆمەڵگەی مەدەنی و سیستمی حوكمڕانی، لەسەر ئاستی وڵات)، (3) كەرتە ناحكومییەكان لەسەر ئاستی وڵات (كشتوكاڵ و گەشەسەندنی ئابوری، خوێندن، ژینگە و یارمەتییە مرۆییەكان.. هتد) (4) ئەو بەرنامانەی لەسەر ئاستی ناوچە كار دەكەن (لە هەر یەكێك لەو بوارانەی باسیان لێوەكراوە)، (5) ئەو بەرنامانەی لەسەر ئاستی ناوچەی ناسەرەكی كار دەكەن (لە هەر یەكێك لە بوارەكاندا). ئەمە سەرباری ئەوەی ڕاپۆرتەكانی ئاژانسی ئەمەریكی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتیمان بەكارهێناوە كە (بەناوی "كتێبی سەوز") پێشكەش بە كۆنگرێس كراوە، تا هاوكارییە فەرمییەكانی گەشەپێدانی ئەمەریكی بەدۆكیۆمێنت بكات كە لە ڕێی ئاژانسی ناوبراوەوە ئەنجام نەدراون، جگە لەو مایەدانییەی (تمویل) لە ڕێی ڕێكخراوی دەستئاوێز نیشتمانی بۆ دیموكراسی حەواڵەكراوە[73]. گشت گۆڕاوەكان بە ملیۆنان دۆلاری ئەمەریكی بۆ ساڵی 2000 پێوانە كراوە. گۆڕاوە سەرەكییە وابەستەكان بۆ شیكاریكردن، ڕێكخستنی دیموكراسییە بۆ خانەی ئازادی، ئەمە سەرباری ڕیزبەندی "سیستمی حوكمڕانی 4". كۆمەڵە داتاكان، دەیان گۆڕاوی سەرباری بەكارهێنراو دەگرێتەوە كە وەك ڕەگەزەكانی كۆنترۆڵ كردن یارمەتیمان

---

[73] - مایەدانییەكە لە ماوەی نێوان 1990 - 2004 گەیشتە نزیكەی 1.5٪ی خەرجییەكانی ئاژانسی ئەمەریكی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی.

دەدەن ئاستی ڕێژەیی گەشەسەندنی ئابوری و هاوکاری سەربازی و توندوتیژی.. هتد، پێوانە بکەین. سەرباری ئەوەش، خەسڵەتی تاڕادەیەك سادەی وڵاتەکە بەکاردەهێنین، بۆ نموونە، ئاستی پێشووتری دیموکراسی، بەر لەبوونی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی، قەوارەی دانیشتوان، قەوارەی ناوچە جوگرافییەکان، ئاستی گەشەسەندن، دابەشبوون و پەرشوبڵاوی ئەتنیکی، نایەکسانی لە داهات و شکستی دەوڵەت. دەشێت ئەو وردەکاریانەش پەیدا بکرێن کە داتابەیسەکان وەسف دەکەن، ئەمە بێجگە لە خودی کۆمەڵە داتاکانی ئینتەرنێت لەسەر لینکی ئەلەکترۆنی:

http://www.pitt.edu/~politics/democracy/democracy.html

زۆرجار تێبینی کراوە کە هاوکارییە دەرەکییەکانی ئەمەریکا بە پێودانگی زۆرێك لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی دی، کەم بووە، بەڵام گرنگی بایەخدانەکەمان لە ئاراستەیەکی جیاوازدا خۆی متکردووە. دەمانەوێت مەودای گرنگیی هاوکارییە دیموکراسییەکان بەراورد بە کۆی هاوکارییە بیانییەکانی دیکە بزانین کە حکومەتی ئەمەریکا پێشکەشی دەکات. تێکڕای هاوکارییە دیموکراسییەکان لە نێوان 1990و 2005 دا بە ڕێژەی 7,7٪ لە کۆی هاوکارییەکان بووە. بەڵام مەیلێك هەیە بۆ زیاد کردنی ئەو ڕێژەیەی کە بۆ دیموکراسی خەرج دەکرێت؛ساڵی 2004 ، ڕێژەی تێکڕای هاوکارییەکان گەیشتە 12.3٪، و جەنگی عێراق و ئەفغانستانیش پاڵنەری ئەو زیادکردنە بوون. واتە هاوکارییەکانی دیموکراسی لە 128 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 1990 بۆ 902 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 2005 (بە دۆلاری جێگیر) بەرزبووەوە، واتە بۆ زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری ئێستا بەرزبۆتەوە. ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە سەرباری زیادبوونی گرنگیی هاوکارییە بیانییەکان لە بواری دیموکراسیدا، بەڵام زۆر لە بوارەکانی دی لەدواوەیە، بۆ نموونە، تەندروستی لە 41٪ی ئاستەکانی مایەدانی ئەم بوارە پێکدەهێنێت.

دابەشکردنی هاوکارییە دیموکراسییەکان، لەسەر ئاستی جیهاندا، بەشێوازێك لە شێوازەکان هەمەچەشن دەبێت. لەکۆی ئەو ماوەیەی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، تێکڕای ڕێژەیەکی گەورەتر لە هاوکارییە دیموکراسییەکان بەڕێژەی 20٪ بۆ ئەمەریکای لاتین و وڵاتانی دەریای کاریبی تەرخان کراوە، ئەمە لە کاتێکدا ئاسیا ڕێژەی کەمتر لە 12٪ بەرکەوتووە. بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی وڵاتانی هەر ناوچەیەك کە ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی مایەدانی تیا دەکات،

به تەواوەتی جیاواز دەبێت، بۆیە ئەو ژمارەیە مانایەکی گەورەتری دەبێت، تێکڕای مایەدانی هەر وڵاتێکی وەرگرە لە ماوەی نێوان 1990-2005دا (بە دۆلاری جێگیری ساڵی 2000). ئەو ژمارانە لە وێنەی 10-1دا دەردەکەون، هەروەها دەشێت تەنها ڕێژە کەمەکەی هاوکارییەکانی هەر وڵاتێك لە وڵاتانی ئەفەریقیا ، بەراورد بەو هاوکارییانە بەدیار بکەوێت کە وڵاتانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بەدەستیانهێناوە. هەر چەندە ئەو ژمارانە هێندێك جیاوازیش لە شێوازەکاندا دەشارانەوە، بۆ نموونە، زیادە دراماتیکییەکەی خەرجکردنی ساڵی 2004 لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (عێراق ڕێژەی 86٪ لە کۆی بودجەی دیموکراسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەو ساڵەدا پێکدەهێت)،و پاشەکشێ بەردەوامەکەی مایەدانی لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا. ئەو وەرگۆڕانانە ڕەنگدانەوەی زۆرێك لە فاکتەرەکان لەپێشبوونی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکایە، بەڵام ڕەنگدانەوەی چەسپێنێکی زیاتری هێزی دیموکراسیشیە لە زیاد لە وڵاتێکی ئەمەریکای لاتیندا، بەراورد بە شێوازەکان لە ئەفەریقیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.



وێنەی 10-1، تێکڕای مایەدانی هەر وڵاتێکی وەرگر، 1990-2005، بەگوێری ناوچەکە

ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدان، هاوکارییە دەرەکییەکانی بەسەر چەند پۆلبەندییەکدا دابەش کردووە، هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە. ڕێژەیەکی زۆری لەو ماوەیەدا بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی خەرج کردووە کە توێژینەوەی تیاکراوە (لە 38٪ لە کۆی هاوکارییەکان)، پاشان حکومەت بەڕێژەی 29٪ (بەزۆری تیشك دەخاتە سەر دژەگەندەڵی و چالاکییەکانی ناسەنترالیزەکردن)، ئینجا سەروەری یاسا بەڕێژەی 19٪و تەنها 14٪ بۆ هەڵبژاردنەکان تەرخان کراوە. سەرباری ئەوەش، ئەو ژمارانە بەزەرورەت ڕەنگدانەوەی پەسنی تاکە پێکهاتەیەکی دیموکراسی نییە بەسەر پێکهاتەکانی دیکەدا، بەڵام ڕەنگدانەوەی جیاوازییە لە تێچوون و دەرفەتەکاندا. بۆ نموونە، لەو کاتەی هەڵبژاردنی پاك و ئازاد، بەشێوەیەکی بەرفراوان بەپێویستییەکی حوکمی دیموکراسی دادەنرا، کەچی هاوکارییەکان زۆرگەورە نەبوون و بۆ دامەزراندنی سیستمەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران و چاپکردنی کارتی دەنگدان و ئامارکردنی کورت دەکرایەوە. بەڵام فۆرمەکانی دیکەی هاوکارییەکان، بۆ نموونە کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوکاری درێژخایەن و پڕتێچوون بوون، زۆربەی جار هەوڵ و کۆششی درێژخایەن بۆ پشتگیریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەگەڕدەخرا کە لەلای خۆیەوە کاری چڕوپڕ و پڕتێچوونی گەرەك بوو. لە پاڵ ئەوەشدا، بەڵگە لەسەر گۆڕانکاری لەو بەرنامانەدا هەیە، چونکە ساڵی 2003، حکومەت، کۆمەڵگەی مەدەنی تێپەڕاند.

هاوکاری دیموکراسی: چ کاریگەرییەکی هەیە؟

هەڵسەنگاندن

دیاری کردنی کاریگەری هاوکاریی بیانی لەسەر دیموکراسی، پێویستی بە چاودێریکردنێکی گەورەی چارەسەری داتاکان هەیە. بایەخدان و تێبینی سەرەکیمان لەسەر دابڕینی کاریگەری هاوکارییە دەرەکییەکان لەنگەر دەگرێت کە لە بارەی شێوازەکانی ئەو زێدە کاتەی لە وڵاتێك و لە سەرتاسەری جیهاندا ڕوودەدەن. بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم کارەش زانیاریی سیستماتیکانەی 165 وڵاتمان لە داتابەیسە تایبەتەکەمان لە ماوەی 1990 -2003دا کۆکردۆتەوە (2310 تێبینی لەسەر بووە؛ زانیاریی تایبەت بە ساڵانی 2004و 2005 لەبارەی هەموو بڕگە و توخمەکان بەردەست نەبوون). گۆڕاوە پشبەستووەکەمان، ئاستی دیموکراسییە کە لە ڕێی خاڵەکانی خانەی ئازادییەوە پێوانە کراون (نیشاندەرانی خانەی ئازادی بۆ

ئازادییە مەدەنییەکان و مافە سیاسییەکان ئاوەژوو و سەربار کران بۆ ئەوەی پێوەرێك بۆ ئەو دیموکراسیە دروست بکات کە لە نێوان 1و13دا جوڵانێ دەکات و ژمارە 13ەش بە بەرزترین خاڵی دیموکراسی دادەنرێت). ئاستی دیموکراسی چاودێریکراو لە هەر وڵات-ساڵێك، وەك ئەرکێك بۆ پێنج جۆر لە فاکتەرەکان هەڵسەنگاندووە.

1 - وەبەرهێنانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی لە بەرنامەکانی دیموکراسیدا:

- - پابەندبوونی ساڵانەی بەرنامەی دیموکراسی لە وڵاتەکەدا (وەك تێکڕاییەك بۆ ئەم ساڵ و ساڵی پێشووتر، بە ملیۆنان دۆلاری ساڵی 2000، دەپێورێت).
- مایەدانی ساڵانەی بەرنامەکانی دیموکراسی کە لەسەر ئاستی ناوچەیی یا ناوچە ناسەرەکییەکاندا کار دەکات.

1 - فۆرمەکانی دیکەی هاوکارییەکانی دیموکراسی:

- وەبەرهێنانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدان لە بەرنامەکانی گەشەپێداندا کە ئاراستەی دیموکراسی نەکراوە (تەندروستی، پەروەردە و خوێندن و کشتوکاڵ.. هتد).
- مایەدانی ساڵانەی بەرنامە نادیموکراسییەکان کە کار لەسەر ئاستی ناوچەیی یا ناوچەی لاوەکی دەکات.
- ئەو هاوکارییانەی ئەمەریکا کە لە ڕێی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی مایەدانی ناکرێن.
- هاوکارییە بیانییە نائەمەریکییەکان بۆ بەرنامەکانی دیموکراسی.

3 - پێشبینیدەکرێت گۆڕاوەکانی دیکەی کۆنترۆڵکردن، کاریگەرییان لەسەر دیموکراسی هەبێت (کە لەسەر بنەمای ساڵانە دەگۆڕێن):

- گەشەسەندنی ساڵانەی داهاتی تاك لە کۆی داهاتی ناپوختەی ناوخۆدا

- ڕێژەی بەخششی سەربازی ئەمەریکا و بەخششی نەهێشتنی مادەهۆشبەرەکانی تایبەت بە وڵاتێکی دیاریکراو لە ماوەی ساڵێکدا (وەك پێوەرێکی لەپێشبوونی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمەریکا).
- نیشاندەری توندوتیژی سیاسیی کە ئارسەر بانکس (Arthur Banks) دایمەزراندووە و زانیارییەکان پۆخت دەکاتەوە، دەربارەی تیرۆری سیاسی، مانگرتنی گشتی، جەنگی پارتیزانی، قەیرانەکانی حکومەت، هەڵمەتی پاکتاوکردن و ئاژاوەوپشێوی، شۆڕش و خۆپێشاندانەکانی دژ بە حکومەت.
- نموونەیەك ئاماژە دەکات بە جەنگی ئەتنیکی یا شۆڕشگێڕانە و زنجیرەی لەناوبردنی بە کۆمەڵ (جینۆساید)، یا گۆڕانکاری توندوتیژ لە ڕژێمدا لە هەر ساڵێکی دیاریکراودا (داتاکانی تیمێکی دیاریکراو تایبەت بە ناسەقامگیری سیاسی).
- پێودانگی بڵاوبوونەوەی دیموکراسی، تێکڕای ئاستی دیموکراسی لە گشت وڵاتانی جیهان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا تۆمار دەکات و دووری لە وڵاتە پەیوەندیدارەکە هەڵدەسەنگێنرێت.

4 - گۆڕاوەکانی کۆنترۆڵی وڵاتێك بە "خەسڵەتی نەگۆڕ" دادەنرێت (بۆ نموونە، بە تێپەربوونی کات ناگۆڕێت).

- قەوارەی ڕووبەری جوگرافیای وڵاتەکە.
- ژمارەی ئەو ساڵانەی کە لە ماوەی 1972 تا 1989 لەلایەن خانەی ئازادییەوە، بە وڵاتێکی "ئازاد" پۆلێنکراوە.
- کۆی هاوکارییەکانی گەشەپێدانی ئەمەریکی لە ماوەی نێوان 1960 - 1989دا
- ژمارە دانیشتوان (بەهەزاران).
- تێکڕای کۆی داهاتی ناپوختە بۆ هەر تاکێك لە ماوەی نێوان 2000 - 2005دا
- کەرتبوونی ئەتنیکی (لە نێوان سفر، یا هەژمونی ئەتنیکی و 1، یا کەرتکەرتبوون).
- پشکی ئەو داهاتەی وەریدەگرێت لە 20٪ دانیشتوان زیاترە.

- ژمارەی ساڵەکان لە نێوان 1960و 1989دا کە تێیدا وڵات بەدەست پشێوی سیاسیی یا دەستوەردانی بیانییەوە ناڵاندویەتی (بەپێی داتابەیسی "سیستمی حوکمڕانی 4").

5 - ڕەوتگەراییەکی بێوێنەی دەوڵەتێك (یا تێکڕای دیموکراتیزەکردن)، هەروەکو کاتپێوێکی (عداد الوقت) هێڵیی تۆماری کردووە[74].

فاکتەری پێنجەم زۆر گرنگە، چونکە شێوازی سەرەکی دیموکراتیزەکردن بە درێژایی 14 ساڵ دیاری دەکات، بەدەر لە حاڵەتە دیاریکراوەکانی خودی هەر ساڵێك (بە ئاستی وەبەرهێنان و ڕەفتاری دیکەی گۆڕاوەکانی کۆنترۆڵکردنیشەوە). بەڕێگەدان بەهاوکۆلکەی گۆڕاوی کاتپێو کە لە ڕێی حاڵەتەکانەوە گۆڕان بکات، ڕەوتی بێوێنەی هەر وڵاتێکمان تۆمار کردووە. بۆ نموونە، بڕوانە وێنەی 10-2 کە ڕەوتی خاڵەکانی خانەی ئازادی لە بیلاڕوسیا (ڕوسیای سپی) و مەکسیك لە ماوەی نێوان 1990و 2003دا ڕێکدەخات. هەر دوو وڵاتەکە لە ساڵی 1990دا، هەمان ئاستی دیموکراسییان (7 خاڵ) هەبوو، بەڵام تێکڕای گۆڕان لە دیموکراتیزەکردن، لە هەر دوو وڵاتەکەدا جیاوازییەکی زۆر زەقیان هەیە. لە بیلاڕوسیا، لادانی کاریگەری کات، زۆر نەرێنییە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی پاشەکشێیەکی زۆرە لە ڕیزبەندی خانەی ئازادی لە نێوان 1990و 1996دا، بەر لەوەی سەرلەنوێ لە خاڵی 3دا جێگیر بێت، بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، گەشەسەندنی مەکسیك بە تیپەربوونی کات، زۆر ئەرێنییە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی زیادبوونێکی شێنەییە لە 7 خاڵەوە بۆ 15 خاڵ لە خاڵەکانی خانەی ئازادی بە درێژایی 14 ساڵ. نموونە ئامارییەکەمان ئەمجۆرە ڕەوتانەی وڵاتە دیاریکراوەکان لەبەرچاو دەگرێت و "زێدە بەهای" هاوکارییەکانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی بۆ دیموکراسی و حکومەتداری لە ڕیزبەندی خانەی ئازادی بەرزدەنرخێنێت، هەروەها چاودێری ڕێڕەوی سەرەکی گەشەسەندن وڵاتەکە

[74] - ئەم گۆڕاوە کۆدی بۆ دانراوە، بەجۆرێك ساڵی 1990 =1، 1991 =2، 1992= 3... هتد. ئەگەر هاوکۆلکەکە لە ڕێی وڵاتانەوە ڕێگەی گۆڕانی بەم گۆڕاوە دا، ئیدی ئەو کاتە لادانی هەر حاڵەتێك ئاماژە دەکات بە تێکڕای ساڵانەی گۆڕین لە دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتەدا، بەدیاریکراویش لە ماوەی نێوان 1990 - 2003دا، دوای ئەوەی کۆنترۆڵی گشت فاکتەرەکانی دیکە دەکەین.

دەکات و چاودێری گۆڕاوەکانی دیکە دەکات کە ڕەنگە بەتێپەربوونی کات کاریگەریان لەسەر دەرئەنجامەکانی دیموکراسی هەبێت.



MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

وێنەی 2-10: گەشەکردن لە خاڵەکانی خانەی ئازادی، 1990-2003، بیلاڕوسیا و مەکسیك

جێبەجێکردنی ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنەی کارتێکردن، بە بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی چوارگۆشەی بچووکی ئاسایی پێوانەیی کارێکی گونجاو نییە، بەهۆی سروشتە ئاڵۆزەکەی زاراوە هەڵەکەی نموونە یەکگرتووەکەوە (تیکەڵ)[75]. بەمەبەستی چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، بە بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی ئەوپەری شیمانەیی، شێوازێکمان بەکارهێناوە کە پشت بە مۆدێلەکانی هێڵی هەڕەمی دەبەستێت. لە کاتێکدا وردەکارییەکان ئاڵۆزن و دەشێت لەسەر ئەو وێبسایتە ببینرێت کە پێشتر باسمان لێوەکردووە، ئەوا مۆدێلەکەمان توانای تۆمارکردنی گەشەسەندنی (یا پاشەکشێی) دیموکراسی هەیە، لەپاڵ گەشەسەندنی (یا پاشەکشێی) دیموکراسی، بەتێپەڕبوونی کات، لە یەکێك لە وڵاتانەکاندا، سەرباری جیاکردنەوەی بەشداریکردنی هاوکارییەکانی ئەمەریکا لەو فاکتەرانەی دیکە کە ڕەنگە گۆڕان لە دیموکرسیدا بەرهەم بهێنێت[76].

خەسڵەتی جیاکاری نموونە هەڕەمییەکان، ئەوەیە کە دەتوانین هاوکۆڵکەی ئەنگێزەی زەمەنی هەر وڵاتێك (هەروەکو لە وێنەی 10-2دا ڕوونکراوەتەوە)، وەك ئەو گۆڕاوانەی خەسڵەتی نەگۆڕی وڵاتەکەیە، هەڵسەنگێنین (قەوارەی ڕووبەری جۆگرافی، ئاستی کۆی گەشەسەندن، شارەزایی مێژووی لەگەڵ دیموکراسیدا .. هتد). بەوشێوەیە، کۆمەڵەی چوارەمی گۆڕاوەکانی سەرەوە بەکارهێنراوە، نەك بە تەنها بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشبینیکراوی هەر وڵاتێك، بەڵکو بۆ هەڵسەنگاندنی تێکڕای گۆڕانی پێشبینیکراو لە ئاستی دیموکراسی هەر وڵاتێکدا. دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان لە پاشکۆدا پێشان دراون.

---

[75] - ئەو شێوازەی بەکاریدەهێنین بە "نموونەی گەشەسەندنی ئاسۆیی هەڕەمی" دەناسرێتەوە، هەروەها "چەماوەی گەشەسەندنی تاکەکەسی"یشی پێ دەوترێت.

[76] - لە نموونەکانی دیکەدا، هەوڵمان داوە دڵنیابینەوە لەوەی کە هاوکارییەکانی ئەمەریکا، کار لە گۆڕینی دیموکراسی ناکات و هۆکارێکیش نییە. واتە بەوریاییەوە "یەکانگیری ناوخۆییمان" لە نموونەکان تاقیکردۆتەوە کە ڕەنگە ئەنجامی بڕیارەکەی ئەمەریکا بە خەرجکردنی پارەی تایبەت بۆ دیموکراسی لەو شوێنانەدا دەربکەوێت کە دیموکراسی بە باشی بەرێوەدەچێت و لەو شوێنانەشدا خەرجییەکانی کەم بکاتەوە کە دیموکراسی بە باشی بەرێوەناچێت. ئەنجامەکە لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی هەیە.

ئەنجامەکان

بە بەکارهێنانی پێوەری 13 خاڵەکەی خانەی ئازادی، زیادبوونی تێکڕای دەوڵەت بە نزیکەیی 0.4 خاڵ بۆ هەر ساڵێك بەدیدەکەین، واتە لە ماوەی توێژینەوەکەدا، تێکڕای دەوڵەت نزیکەی 0.6 یەکە لە ئاستی دیموکراسی زیادی کردووە. ئەم ئەنجامە ئاماژە بە زیادبوونێکی خاو دەکات، بەڵام لە تێکڕای زیادبوونی دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهاندا بەتێپەربوونی کات بەردەوامە. هەروەها دۆزینەوەکانمان ئاماژە دەکات بەوەی کە وڵاتە بچووکە فرەئەتنییەکان لە ماوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، هەنگاوی خێراتریان بەرەو دیموکراتیزەکردن هاویشتووە.

بەڵام هەنگاوی دووەم و هەرە گرنگ لە شیکارییەکەماندا، تێڕوانینە لە کاریگەری هاوکارییەکانی دیموکراسی و گۆڕاوەکانی دیکە لەسەروی هێڵی ئاراستە گشتییەکەی دیموکراسییەوە. ئەوەی بەدیمان کردووە، بەڵگەیەکی زۆر بەهێزمان پێشکەش دەکات کە ئەمجۆرە هاوکارییانە بەتێکڕایی بەرهەمی دەبێت. سەرباری ئەوەش، هاوکاری دیموکراسی تەنها لە تێکڕای دیموکراسی زیاد دەکات. هیچ کام لە فۆرمەکانی دیکەی هاوکارییەکان (وەك گەشەسەندنی ئابوری، تەندروستی و ژینگە.. هتد)، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە شایانی باس بێت. پراکتیزەکردنی نموونەکانمان بە بەکارهێنانی پڕۆژەی "سیستمی حوکمڕانی 1V"، وەك گۆڕاوێکی وابەستە، دووبارە کردەوە و بەنزیکەیی کاریگەرییەکانمان بەهەمان ئەندازە بینی، کاتێك بە شێوازی خانەی ئازادی (Freedom House) "سیستمی حوکمڕانی" پێوانە کرا. ئەم پەیبردنە ئەو هۆکارە ئاشکرا دەکات کە شیکارییەکانی پێشووی بەهەڵەدا بردووە، چونکە کەم تا زۆر هەموویان بەهەمان ئەو شێوازەی کە مامەڵەیان لەگەڵ فۆرمەکانی دیکەی هاوکارییەکاندا کردووە، مامەڵەشیان لەگەڵ هاوکارییەکانی دیموکراسیدا کردووە، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی کاریگەری بەرنامەکانی دیموکراسی بەتەواوەتی پەنهان و تەموژاوی بن. ڕەنگە ئەوجۆرە فۆرمانەی دیی لە هاوکاری، کاریگەری ناڕاستەوخۆیان هەبێت؛ هەروەکو لیپسیت پێشنیازی کردووە، لەوانەیە گەشەسەندنی ئابوری یارمەتی بەدیهێنانی دیموکراسی بدات، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی ئەوجۆرە فۆرمانەمان لە هاوکارییەکاندا بەدینەکردووە، گەر کاریگەرییەکیش هەبووبێت، دەشێت لە ڕێی هاوکارییە دیموکراسییەکانەوە بووبێت.

هەروەها لەوەش تێگەیشتووین کە ئەو وڵاتانەی ئابوورییەکەیان بە خێرایی گەشەی کردووە و لەناوچە هەرە دیموکراسییەکانی جیهاندا بوون (هەروەکو بە گۆڕاوی بڵاوبوونەوە پێوانە کراون)، ئاستی دیموکراتیزەکردنیان لەو وڵاتانە بەرزتر بووە کە ئابوورییەکەیان بەشێنەیی گەشەیان کردووە و لە ناوچە ئاست نزمەکاندا بوون. هەروەها بەوەش گەیشتووین کە توندوتیژی سیاسی لە کورت مەودادا، زیان بە گەشەسەندنی دیموکراسی دەگەیەنێت. بەڵام ئەو پەی پێبردنانە مایەی سەرسوڕمان نییە و لەگەڵ چەمکە گشتییەکانی ئەو فاکتەرانەدا دەگونجێت کە هانی دیموکراسی دەدا. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە لە توێژینەوەی گەشەسەندنی ناوخۆدا، ئەوەمان بەدینەکردووە کە ئاستی هاوکارییەکان دەرئەنجامی لایەنگیری ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی "لەگەڵ براوەکان"دا بووە. بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەوەمان بەدیکردووە؛ چونکە وڵاتانی وەك پۆڵەندا و وڵاتانی دیکە لە ئەورووپای خۆرهەڵاتدا کە دیموکراسییەکەیان چەسپی، کۆتاییان بە هاوکارییەکانی ئەمەریکا هێنا، چونکە ئەو وڵاتانە پێیانوایە "دەرچوون - graduated"، بۆیە ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی پێی باش بوو دەستبەرداری حاڵەتە سەرکەوتووەکان بێت و فۆکس بخاتە سەر حاڵەتە پڕزەحمەت و دژوارەکان.

گرنگی ئامارگەرا بە گرنگییەکی جەوهەری دانانرێت، بۆیە دەمانویست مەودای کاریگەری هاوکارییە بیانییەکان لەسەر دیموکراسی بزانین کە لە فاکتەرەکانی دیکەی نموونەکەمان واوەتر دەڕوات. ئەوەی دەرکمان پێکردووە، هەر دە ملیۆن دۆلار لە هاوکارییە دیموکراسییەکان، چارەکە خاڵێك لە نیشاندەرە سیازدە خاڵییەکەی خانەی ئازادی زیاد دەکات. شێوازێکی دیکە بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری جەوهەریی لەسەر بەرنامەکانی دیموکراسی هەیە، ئەوەش بە بەراوردکردنی لەگەڵ گریمانەکانی دژەواقیع دا - تێکڕای پێشبینیکردنی دیموکراتیزەکردن لە وڵاتی سەمپڵەکەدا. پێشبینی دەکرێت وەبەرهێنانی یەك ملیۆن دۆلار، تێکڕای نموونەی دیموکراتیزەکردن بەڕێژەی 65٪ بۆ هەر ساڵێك (0.040-0.026) زیاد بکات. ئێمە پەلەمانە ئەم دەرئەنجامانە بە ژەمێك (دۆز-dose) لە واقعییەت هێور بکەینەوە. پێویستە لە کاریگەرە بەهێزەکەی هاوکارییە دیموکراسییەکان لەسەر گەشەسەندنی دیموکراسی، ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە سەرباری دە ملیۆن دۆلار لە هاوکاری

دیموکراسی و سیستمی حوکمڕانی، زیاد لە پێشبینیکردنەکەی هێڵی ڕەوتی ئاسایی، خاڵەکانی خانەی ئازادی زیاد کردووە، بەڵام بە تێکڕایی وڵاتێك لە ماوەی 1990 بۆ 2005دا، تەنها 2,07 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە. بۆیە هەروەکو لە بەشی پێشوودا دووپاتمان کردۆتەوە، هاوکارییەکانی دیموکراسی لە کۆی هاوکارییەکاندا، ڕێژەیەکی زۆر بچووکە، خودی هاوکارییەکانی ئەمەریکاش بەراورد بە قەوارەی ئابوورییەکەی زۆر کەمە، کاتێك بە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی دیکەدا بەراورد دەکرێت.

ئەنجامگیری

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان بۆ کارە فیکرییەکەی ئەم کۆنگرەیە زۆر دڵخۆشکەرانە و ئارامبەخشە. توێژینەوەکەمان بەوە دەستپێکرد کە دوو پرسیارە سەرەکییەکەی کۆنگرەکە (ئایا پێویستە پشتگیری دیموکراسی بکرێت؟ چۆن پێویستە پشتگیری دیموکراسی بکرێ؟)، هیچ مانایەکیان نابێت، گەر پشتگیریکردنی دیموکراسی سەرکەوتوو نەبێت. بەڵام سەرکەوتنی پشتگیریکردنی دیموکراسیمان بینی. هەروەها ئەم ڕەوتە بەسەر هەموو جیهاندا پیادە دەبێت، تەنانەت کاتێك گشت کاریگەرە سەرەکییەکانی دیکەش چاودێری گەشەسەندنی دیموکراسی و فۆرمەکانی گشت هاوکارییە بیانییەکان دەکات. هەروەها کاریگەرییەکە بەهێز دەبێت، کاتێك بەهێڵی ڕەوتی "ئاسایی" گەشەسەندنی دیموکراسییەوە بەراورد دەکرێت.

ئەمەش ئاماژەیەکە بەوەی پێویستە لەسەرمان سەرنج بدەینە ئەم دوو پرسیارە "ئایا پێویستە؟"و "چۆن؟". سەرباری ئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان گرنگی بە هیچ یەکێك لەو دوو پرسیارە نادات، بەڵام لایەنگیرییەکی زۆرمان بەرامبەر بە پرسیاری یەکەم هەیە، بەوەی بە "بەڵێ" وەڵامی بدەینەوە. واتە لەو بڕوایەداین کە گەلێك هۆکاری ئەخلاقی هەیە بۆ ئەوەی دیموکراسی بەسەر دیکتاتۆریدا پەسن بکەین، لەو هۆکارانەش، هەروەکو ئاماژەمان پێداوە، دیموکراسییەکان توانایەکی کەمیان بۆ کوشتنی هاوڵاتییەکانی خۆیان هەیە. بەڵام پرسیاری "چۆن؟"، ڕەنگە بەشێوەیەکی هەندەکی بەکۆمەڵە داتایەکی تایبەت بە خۆمان، وەڵامی بدەینەوە، لەبەر ئەوەی زانیاری دەربارەی لاهاوکاری دیموکراسی لەخۆدەگرێت، ئەوەش ڕێگەمان پێدەدا لە هەر فۆرمێك لە فۆرمەکانی هاوکاری بڕوانین (کۆمەڵگەی مەدەنی، سەروەری یاسا... هتد)، کە لە سایەی چ هەلومەرجێکدا، بە باشترین شێوە کار دەکات. بەڵام ئەوجۆرە شیکاریی و گفتوگۆیە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی جیاوازە.

پاشکۆی 1: هەڵسەنگاندنەکانی نموونەی کێرڤی گەشەسەند

خانەی ئازادی (1-13)		
گۆڕاوی وابەستە	هاوکۆڵکە	هەڵەی پێوانەیی
ئاستی یەکەم		
دیموکراسی و هاوکارییەکانی دی		
هاوکارییەکانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی بۆ دیموکراسی و سیستمی حوکمڕانی	.026**	.006
هاوکارییەکانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدان نێودەوڵەتی بۆ نادیموکراسییەکان و سیستمی حوکمڕانی	.001	.001
هاوکارییەکانی دەرەوەی هاوکارییەکانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی	.0001	.005
ناوچەیی و لاناوچەیی بۆ دیموکراسی و سیستمی حوکمڕانی	.010	.130
ناوچەیی و لاناوچەیی بۆ نادیموکراسییەکان و سیستمی حوکمڕانی	.010	.014
هاوکارییەکانی بەخشکارەکانی دی بۆ دیموکراسی و سیستمی حوکمڕانی	.0004	.0004
هاوکارییەکانی بەخشکارەکانی دی بۆ نادیموکراسی و سیستمی حوکمڕانی	3.12 E-5	5.60E-5

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

فاکتەرە ئابوری و سیاسییەکان

گەشەکردنی کۆی داهاتە ناپوختەکەی تاکەکەسی	.008**	.003
بڵاوبوونەوەی دیموکراسی	.237**	.088
لەپێشبوونی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمەریکا	-.029	.021
مەودای توندوتیژی سیاسی	-.001**	.0004
شکستی دەوڵەت	-.772**	.085
ئاستی دووەم		
کاریگەری نارەزایەتی لەسەر ئاستی یەکەم		
تێکڕای ڕێگرتن	6.866**	.247
دیموکراسی پێشوو	.312**	.050
هاوکارییەکانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی بەر لە ساڵی 1990	4.77E-5	4.71E-5
ژمارەی دانیشتوان	-3.2E-6	2.49E-6
ڕووبەری وڵات بە کلیۆمەتری چوارگۆشە	-3.0E-6	.0002
تێکڕای داهاتی تاکەکەس	.097*	.052
پەرتبوونی ئەتنیکی	-1.882**	1.040
نایەکسانی لە داهات	.052	.033
شکستی دەوڵەت بەر لە ساڵی 1990	-.200	.132
کاریگەری لەسەر لاری ئاستی یەکەم		
تێکڕای لاری لەسەر چەماوەی گەشەکردن	.040**	.017
دیموکراسی پێشوو	-.004	.003
هاوکارییەکانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی بەر لە ساڵی 1990	-1.9E-6	2.74E-7
ژمارەی دانیشتوان	1.47E-7	1.50E-7
ڕووبەری وڵات بە کیلۆمەتری چوارگۆشە	-1.6E-5*	9.71E-6
تێکڕای داهاتی تاکەکەس	.003	.003
پەرتبوونی ئەتنیکی	.112*	.063

نایەکسانی لە داهات	.0004	.002
شکستی دەوڵەت بەر لە ساڵی 1990	-.006	.008
مۆدێلی ئامارەکان و ڕاگەیینەکانی (پارامێتەرەکان- Parameters) جیاوازکردن		
بەنزیکەیی ئاستی 1 ڕەگی چوارگۆشەیە	.40	
جیاوازی هەڕەمەکی (ڕێگرتن)	5.955**	.939
جیاوازی هەڕەمەکی (لاری)	.013**	.003
خودهاوبەندیی (Autocorrelation)	.794**	
نموونەی لادان	6256.052	6290.052

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

دوومایی

ئایا دیموکراسی هەناردە دەکرێت؟[77]

نانسی بیرمیۆ

چی بەڵگەکانی نیو وتارەکانی کتێبەکە یا بەڵگەی نموونەکانی جیهانی دەوروبەرمان بخەملێنین، ئەوا ناچارین بەو دەرئەنجامە بگەین کە دیموکراسی هەناردە ناکرێت. هەناردەکردن، دروستکردنی کاڵایەك لە شوێنێکدا دەگرێتەوە، پاشان کڕیارێك لە شوێنێکی دی پەیدا بکرێت کە بییەوێت نرخەکەی بدات و بەساغی بگەیەنرێتە دەستی. زۆر بەسادەیی دیموکراسی لەگەڵ خواستندا ناگونجێت.

یەکەم، دیموکراسی تاکە کاڵایەك نییە، بەڵکو کۆمەڵە دامەزراوە و ڕەفتارگەلێکی ئاڵۆزە کە دەشێت تەنیا لەلایەن ڕەفتاری بەخۆبەخۆی کەسە ناوخۆییەکانەوە لە شوێنی دروسست خۆیدا دابنرێت. دووەم، دیموکراسی تاکە کڕیارێکی ناوخۆی نییە.

زۆرێك هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، بەڵام دیدگایان بۆ پێکهاتە دامەزراوەییەکەی هەمەجۆر دەبێت، ڕەنگە زۆرێك لە بکەرە ناوخۆییەکانیش هەرگیز هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دیموکراسی نەدەن. لە ڕاستیدا ڕەنگە زۆرێك لە بکەرەکان، ئامادەییان تیابێت باجێکی قورس بدەن بۆ ئەوەی ڕێگری لە دیموکراسی بکەن، بەوەش تێچووی دامەزراندنی دیموکراسی، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش زۆر بەرز دەبێت کە حەز لە بەدیهێنانی دەکەن. دواجار، دامەزراوەکان زۆر بە دەگمەن بەبێ گۆڕین لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی دەگوێزرێنەوە. ڕەنگە تەنها فۆرمەکان وەك خۆیان بمێننەوە، بەڵام ناوەڕۆك و ئەرك بەشێوەیەکی دراماتێکی جیاواز دەبن.

جەنگی عێراق گرفتە هەنووکەییەکانی مۆدێلی هەناردەکردنی دیموکراسی وروژاند، سەرباری ئەوەش، هەروەکو مارك پلاتنەر (Marc Plattner) ئاماژەی پێدەدا، هەوڵەکانی دامەزراندنی دیموکراسی لە ڕێی داگیرکارییەوە، حاڵەتی "زۆر

---

[77] - تێبینی: زۆر سوپاس بۆ خاتوو جۆشوا وودۆرد-ی نووسەر لە زانکۆی ئۆکسفۆرد کە بە توێژینەوە بەنرخەکەی هاوکاری کردین.

دەگمەن" بوون (پلانتەر، لەم کتێبەدا)، هێشتا زۆرێك وەك هێمایەك بۆ هەوڵەکانی خۆرئاوا، یا وردتر، هەوڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ هەناردە کردنی دیموکراسی، لە جەنگی عێراق دەڕوانن. ئەزموونی عێراق شێوازیی زۆر جیاوازی لە دەستپێشخەرییەکانی دیموکراسی لەکەدار کردووە، ئەمە سەرباری ئەو دەستپێشخەرییە گرفتئامێزانەی فرەڕەگەزەکان بەسەر ئەفغانستانیاندا هێنا.

سەرباری ئەوەی دیموکراسی هەناردە ناکرێت، بەڵام دەرفەتی سەرکەوتنی (یا کۆسپ هێنانەڕێی) لە هەر وڵاتێکدا، ڕەنگە وڵاتە نزیك یا دوورەکان بەشداری تێدا بکەن. بۆیە کارێکی لۆجیکییە جیاکاری لە نێوان سێ زاراوەدا بکرێت کە بەزۆری لەجێگەی یەکتریدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەم وتارەدا، بەلانیکەمەوە وەك ئاماژەیەك لەسەر پڕۆژە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێت: (1) "هەناردەکردنی دیموکراسی" مانای گواستنەوەی سیستمێك بەتەواوەتی دەگەیەنێت؛ (2) پشتگیریکردنی دیموکراسی، واتە پڕۆژەیەکی وێناکراو بۆ ئەوەی دیموکراسی وەك باشترین فۆرمی حکومەت لە قاڵب بدرێت؛ (3) هاوکارییەکانی دیموکراسی، واتە پاڵپشتی کردنی ئەو دامەزراوە و ڕەفتارە پێکەوەگرێدراوە جیاوازانەی کە وێنای ئەوە دەکرێت دیموکراسییە تازەپێگەیشتووەکان پێویستییان پێی هەیە.

سەرباری ئەوەی ئەستەمبوونی هەناردەکردنی دیموکراسی سەلمێنراوە، بەڵام بڵاوبوونەوەی وەك بیرۆکە، بیرۆکەیەکی نایاب و مەزنە و هاوکارییە دیموکراسییەکانیش هێندێك سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. بە بەکارهێنانی وتارەکانی ئەم کتێبە وەك بنەمایەك، ئەم وتارە سەرکەوتنی پڕۆژەکانی هەناردەکردن، پشتگیریکردن و هاوکاریی و شکستەکانی شیدەکاتەوە و چەند پێشنیازێکی خاکی و سادەش دەربارەی باشترین ڕێگە بۆ پێشکەوتنی دیموکراسی لە ئایندەدا پێشکەش دەکات.

هەناردەکردنی دیموکراسی

گرفت و کێشەکانی بیرۆکەی هەناردەکردنی دیموکراسی لە میتافۆرە (استعارة) نەگونجاوەکان واوەتر دەڕوات، چونکە لە خودی ئالۆزییەکانی دیموکراسیدا ڕەگیداکوتاوە. پێناسە پەسەندکراوەکەی "ڕۆبێرت داهڵ" بۆ دیموکراسی، بەلانیکەمەوە تیشک دەخاتە سەر حەوت پێکهاتەی دامەزراوەیی. بەپێی داهڵ، دیموکراسی هاوچەرخ، جۆرە ڕژێمێکە بریتییە لە: (1) کۆنتڕۆڵکردنی بڕیارەکانی حکومەت.. بەپێی دەستوور بە بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان دەسپێردرێت... (2) هەڵبژاردنی بەرپرسەکان لە ڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ڕێکوپێك و پاك و دادوەرانەوە دەبێت.. (3) هەموو کەسێکی پێگەیشتوو، بەکردەیی مافی دەنگدانی هەیە... (4) هەموو کەسێك بەکردەیی مافی خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ ئەوەی پۆستێکی حکومیی بەدەست بهێنێت... (5) هاوڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە دەربارەی ئەو پرسە سیاسییانەی بە شێوەیەکی بەرفراوان پێناسە کراون، گوزارشت لە دیدوبۆچوونی خۆیان بکەن، بە مافی ڕەخنەکردنی بەرپرسانی حکومەتیشەوە... (6) هاوڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە، هەوڵ بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی جێگرەوەی ئەو زانیارانە بدەن کە یاسا دەیپارێزێت.. (7) هاوڵاتیان.. مافی دروستکردنی ڕێکخراو و سەندیکای تاڕادەیەك سەربەخۆیان هەیە، بە حیزبی سیاسی و گرووپی بەرژەوەندیشەوە (داهڵ 1982: 11). بۆیە پێویستە دەستوور، هەڵبژاردنی پاك و خاوێن، مافی دەنگدان، پۆست بەدەستهێنان، ئازادی دەربڕین، ئازادی زانیاری و ئازادی حیزبەکان، ڕەگداکوتاوبن و بەڕادەیەك ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتار و پێوەرەکان هەبێت کە مانایەکیان هەبێت. لەبەر ئەوەی دامەزراوانەکان هەرەوەزیی خۆبەشخانەی گەرەکە، بۆیە تەنانەت لە سایەی دەسەڵاتێکی بێهاوتاشدا، ناتوانرێت بسەپێنرێت. ژاپۆنی دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە. تەنانەت لەو سەرزەمینە داگیرکراوانەی بۆمبی تەقلیدیی و ئەتۆمی وێرانی کردبوون و ئەو فەرماندە باڵایانەی بەڕێوەیاندەبرد ئەوەندە دەسەڵاتیان هەبوو، لەم ڕۆژگارەدا بیریان لێ ناکرێتەوە، کەچی هێندێك کەڕەت دامەزراوە ناوخۆییەکان بەرهەڵستییەکی سەرکێشانەیان دەکرد. دەستووری وڵاتە وێرانەکە لە ماوەی شەش ڕۆژدا لەسەر دەستی تیمێکی ئەمەریکی دارێژرا کە لە هۆڵێکی سەماکردن لە تۆکیۆ کۆببوونەوە، بەڵام ئەو فەرماندە باڵایەی ئەم دەستپێشخەرییەی کردبوو، دەرکی بەوە کردبوو کە دەبێ

بەڵگەنامەکە لەلایەن ئیمپراتۆر هیرۆهیتۆ، بخرێتە بەردەم گەل، تەنها لەو کاتەشدا"پەسەند بوو کە تەختی پادشایەتی بە مەزنییە شکۆدارییەکەی دەهێشتەوە" (دۆوار 1999: 389). ناوکۆ ". کۆنتێکست" هەمیشە گرنگی خۆی هەیە.

لەبەر ئەوەی "بەشداریکردنی بیانی دەبێ زۆر بەوردی، بەپێی هەلومەرجی دیاریکراوی ناوچەیی دابرێژرێت" (بارانی لەم کتێبەدا)، لەبەر ئەوەی ئەو دامەزراوانەی لە شوێنێکدا دروستکراون، ڕەنگە لە شوێنێکی دیکە "سودیان نەبێت"، یا کاریان پێنەکرێت (چیرۆت لەم کتێبەدا)، بۆیە هەناردەکردنی تەواوەتی تەنانەت بۆ تاکە پێکهاتەیەك لە پێکهاتە دامەزراوەییە زۆروزەوەندەکانی دیموکراسی، گەلێك کێشە لە دوتوێیدا هەڵدەگرێت. زۆرێك لە کاریگەرییەکانی ناوکۆی بەهێز بەشێوەیەکی گەورەتر لەو هەڵبژاردنە کارەستبارانەدا ڕوون دەبێتەوە کە لە ئاکامی گوشارە بیانییەکان بۆ بە دیموکراتیزەکردنی خێرا ئەنجام دراون. ئەو "هەڵبژاردنە خێرایانەی" لەلایەن ئەو بیانییانەوە دەسەپێنرێت کە شارەزاییان لەسەر بارودۆخە ناوچەییەکە نییە (چیرۆت لەم کتێبەدا)، زۆرجار دەبێتە ئەو پزیسکەی ململانێیەکی درێژخایەن هەڵدەگیرسێنێت. وتارەکانی ئەم کتێبە، ئەوەمان وەبیردەهێنێتەوە کە ئەو هەڵبژاردنەی ساڵی 1993 بە ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی لە بۆرۆندی بەڕێوەچوو، مردنی 200000 هەزار کەسی لێکەوتەوە، ئەو ڕاپرسییەی ساڵی 1999، بەچاودێری نێودەوڵەتی لە تەیموری خۆرهەڵات ئەنجام درا، بووە مایەی پرۆسەی کوشتوبڕ و ئاوارەییەکی زۆر (چیرۆت لەم کتێبەدا)، دەشێت لە زۆر وڵاتدا، "هەڵبژاردنی سەپێنراو ببێتە هۆی ململانێیەکی ئەتنیکی" (مۆزەر لەم کتێبەدا). بەهەمان شێوەش، ئەو هەڵبژاردنەی بە ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی 1992، لە ئەنگۆلا ئەنجام درا، شەپۆلێکی نوێی لە شەڕ و پێکدادان لێکەوتەوە و ڕۆژانە زیاتر لە هەزار کەس دەبوونە قوربانی و دوو ملیۆن کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و ئاوارە بوون، سێ ملیۆن مرۆڤی دیکەش ڕووبەڕووی برسێتی بوونەوە (پایکرۆفت 1994: 241). تەنانەت کاتێك هەڵبژاردنی خێرا توندوتیژی نوێیشی لێنەکەوێتەوە، ئەوا لە جیاتی ئەوە شەرعییەت بە سەرکردە توندوتیژەکان دەبەخشێت. هەروەها ئەو هەڵبژاردنەی ساڵی 1996 بەخێرایی بەسەر بۆسنەدا سەپێنرا "لە سەرەتاوە تا کۆتایی" لەلایەن دەستەبژێری دژەدیموکراسییەوە ساختەکاری تیا کرا و لە کۆتاییشدا

تەنها بەشەرعییەت کردنی پاکتاوکردنی ئەتنیکی لێکەوتەوە (مانیننگ 2004: 64).

سەرباری ئەوەی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی پەندی لە هەڵەکانی ڕابردوو وەرگرتووە و لە ئێستادا بەزۆری لەبەرامبەر گوشارەکاندا دەوەستێتەوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی نیشتمانی ئەنجام بدرێت (ڕایلی 2004: 117)، بەڵام هێشتا دەبینین کە دیموکراسی بەشێنەیی هەنارده دەکرێت و نەکردەییشی دەسەلمێنێت. بۆ نموونە، سەرباری سێ ساڵ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی تەموز/ یۆلیۆی 2006 لە کۆنگۆی دیموکراسی کە براوەیەکی ئاشکرا بەرهەمەکەی بوو، تەنها توندوتیژییەکی لابەلاشی لێکەوتەوە، بەڵام دوای 18 مانگ وڵات نقومی شەڕێکی خوێناوی بوو. بەهای زیاد لە نیو ملیار دۆلار لە هاوکارییەکان و هێزێکی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێکهاتبوو لە 17600 سەرباز، بەس نەبوون، بۆ ئەوەی قەرەبووی پێواری دامەزراوەکان و ڕەفتارەکانی دیکە بکەنەوە کە دیموکراسییەکی ئاشتیخواز پێویستیی پێی هەیە (کاپلان 2007: 229-300).

بەوپێیەی توندوتیژی و داڕوخانی ڕژێم کە بەدوای هەڵبژاردندا دێن، بۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە هەر یەك لە مانسفێڵد و سنایدەر، پێداگری بکەن لەسەر زەرورەتی پێکهێنانی مەودایەکی فراوان لە "پێداویستی دامەزراوەیی بەر لەوەی دەست بە پێشبڕکێیەکی سیاسی گەورە بکرێت" (مانسفێڵد و سنایدەر، لەم کتێبەدا). لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە پلەبەندییە سەپێنراوەکەش ڕێك بە ئەندازەی هەڵبژاردنە سەپێنراوەکە، کێشەئامێز بێت.

هێزە نێودەوڵەتییەکان لەسەر چی بنەمایەکی ئەخلاقی یا کردەیی ڕێگری لە میللەتان دەکەن هەڵبژاردن بکەن، ئەگەر بیانەوێت ئەو کارە بکەن؟ ڕۆبێرت داهڵ بەر لە دەست پێکردنی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتیزەکردن، تیشکی خستۆتە سەر ئەو گرفتە، بەوەی ڕێڕەوی ئایدیاڵ و پلەبەندیی بەرامبەر بە حوکمی فرەیی، چیدی لەڕووی سیاسییەوە مومکین نییە (داهڵ 1971). هەروەها مایکڵ ماکفاوڵ لەم بارەیەوە وەبیرمان دەهێنێتەوە کە "ڕێگەیەکی دادوەرانە یا پراکتیکی نییە داوا لە هاوڵاتیان بکات دەستبەرداری مافی دەنگدان بن" (ماك فاوڵ 2007: 166). گرنگیدانی میللی بە هەڵبژاردن و ئەو قوربانیدانە زۆرەی خەڵکانی ئاسایی بۆ

ڕوخاندنی دیکتاتۆرەکان و هەڵبژاردنی سەرکردەکانیان داویانە، تیشك دەخاتە سەر شەعبییەتی دیموکراسی وەك بیرۆکە.

دیموکراسی وەك بیرۆکە

بیرۆکەی دیموکراسی بەوپێیەی فۆرمۆڵەیەکی گشتیی سیستمی حوکمڕانییە، ڕەونەقێکی بەرفراوانی حاشاهەڵنەگری هەیە. "گیلوێرمۆ ئۆدۆنێل" لەسەر هەق بوو کاتێك پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی دیموکراسی "بەنزیکەیی لە سەرتاسەری جیهاندا، لە شەڕی فیکردا سەرکەوتوو بووە" (ئۆدۆنێل 2007: 7). ئەم سەرکەوتنە، بەشێوەیەکی هەندەکی، لەو هەوڵە دەستەقەستانەوە سەرچاوە دەگرێت کە وەك بیرۆکەیەکی باشی بەرفراوان پشتگیری لە دیموکرسی دەکات. وادیارە لەم دەسپێکە تەنگەوە، پشتگیری کردنی دیموکراسی، زۆر سەرکەوتوو بووە. دووپاتکردنەوەکەی "مارك پلاتنەر" بەوەی "دیموکراسی تاکە سیستمی سیاسییە کە بانگەشەی ماقووڵبوونی شەرعییەتی جیهانی دەکات" (پلاتنەر لەم کتێبەدا)، چونکە بکەرە نێودەوڵەتییەکان و دەستەبژێرە لۆکاڵییەکان، گەر هەمیشە ڕەفتاریش نەبێت، بە بەڵگەی ڕاپرسی میللی و بە زمان، پاڵپشتی لێ دەکەن.

دیدوبۆچوونی گەل دەربارەی دیموکراسی

شێوازێکی جێگرەوە بۆ ئەو ڕێکخراوە سیاسیانە نییە کە بەپێی ناوچەکان لە کێش و قورساییدا لە دیموکراسی نزیك بێتەوە. توێژینەوە تازە بانیشتمانییەکان لە 13 وڵاتی پۆست-کۆمۆنیستدا، "بەڕێژەی 82٪ی ئەو کەسانەی ڕووپێوەکەی دەیگرتنەوە، دیموکراسیان پەسەند کردووە، لە بەرامبەر 7٪دا دیکتاتۆرییان پەسەند کردووە، بەڵام 11٪ شتێکیان لە نێوان ئەو دووانەدا پێ باش بووە" (ڕۆز 2007: 113). سەرباری ئەوەی بێ متمانەیی بە سیاسی و حیزبە سیاسییەکان لە ئاستێکی بەرزدا بووە، بەڵام ئاستی پشتگیری کردنی فۆرمە نادیموکراسییەکانی سیستمی حوکمڕانی زۆر نزمە بووە. لە 90٪ هاوڵاتیانی وڵاتە پۆست-کۆمۆنیستەکان، بیرۆکەی حکومەتێکی سەربازییان ڕەتکردۆتەوە، بەڵام 80٪ گەڕانەوەیان بۆ حوکمی کۆمۆنیست ڕەتکردۆتەوە. هەروەها 75٪ی هاوڵاتیانی کۆماری چیك، هەنگاریا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا و ڕۆمانیا، بیرۆکەی حوکمڕانی کەسێکی بەهێزیان ڕەتکردۆتەوە.

دوولەسەرسێی هاوڵاتیانی دە ئەندامە تازەکەی یەکێتی ئەوروپا، سێ جێگرەوەکەی دیموکراسییان ڕەتکردۆتەوە (ڕۆز 2007: 114-114).

سەرباری لاوازی بەجێهێنانی زۆرێك لە دیموکراسییە نوێیەکانی ئەفەریقیا، بەڵام زۆرێك لە تازە ڕاپرسییە گشتییەکانی ئەفەریقیادا لە 61٪ هاوڵاتیان، ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە دیموکراسی بەسەر هەموو فۆرمەکانی دیکەی حوکمڕانیدا پەسەند دەکەن. ڕێژەی 75٪ وەڵامی ئەوانەی ئاشنابوون بە چۆنێتی پێناسەی چەمکەکە لە خۆرئاوا هەبووە، پشتگیرییان لە دیموکراسی دەکرد (براتۆن 2007: 100).

بەرزیی ئاستی لایەنگیریکردن لە دیموکراسی لە ئەفەریقیا، نیشانەی زۆر خراپ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی دیموکراسی نییە. بەشی هەرە زۆری ئەفەریقییەکان شارەزایی و ئاگاییەکی باشیان لەسەر کەموکورتی سیستمە سیاسییەکەیان و کەلینی نێوان واقیعی و ئایدیاڵی هەیە. توێژینەوەکەی مایکڵ براتۆن، هاوئاهەنگییەکی جیاکار لە نێوان چەمکە گشتییەکان و شارەزایان بەرامبەر بە دیموکراسی لە هێندێك وڵاتی ئەفەریقیا ڕوون دەکاتەوە (براتۆن 2007: 104). هەروەها ئەوەش زۆر گرنگە کە ئەفەریقییەکان بە پەراوێزێکی زۆر فراوان، هەموو فۆرمەکانی دیکەی سیستمی حوکمڕانی ڕەتدەکەنەوە و بەنزیکەیی سێ لەسەر چواریشیان حوکمی سەربازی ڕەتدەکەنەوە، کەچی 71٪یان حوکمی تاکە حیزبی و 78٪یان، بەشێوەیەك کە مایەی سەرسوڕمانە، حوکمی تاکەکەسی ڕەتدەکەنەوە. ئەمە بێجگە لەوەی زیاد لە نیوەی ئەو کەسانەی ڕاپرسییەکەیان لەسەر کراوە، هەر سێ جێگرەوەکە ڕەتدەکەنەوە (براتۆن 2007: 102).

هەر سێ جێگرەوەکەی دیموکراسیش لەلایەن زیاتر لە نیوەی وەڵامدەرەوەکان لەو دوا ڕاپرسییە ڕەتکراونەتەوە کە پڕۆژەی بارۆمەتری ئاسیایی (Asian Barometer) ئەنجامی داوە. ڕێژەی ئەو هاوڵاتیانەی حوکمی سەربازییان ڕەتکردۆتەوە گەیشتۆتە زیاتر لە 81٪، بەڵام 76٪ حوکمی تاك حزبییان

ڕەتکردۆتەوە و ئەوانەشی حوکمی تاکەکەسیان ڕەتکردۆتەوە، گەیشتۆتە 65٪ [78]. زیاتر لە نیوەی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی "هەمیشە بەسەر هەموو جۆرەکانی دیکەی سیستمی حوکمڕانیدا پەسەندتر بووە"، ئەمە لە کاتێکدا 85٪ی وەڵامدەرەوەکان حوکمی دیموکراسییان لە وڵاتەکەیاندا پێ پەسەند بووە (چیانگ و ئەوانی دی 2007: 70-73). توێژنەوەیەکی ڕاپرسی لە کۆماری چینی میللی، دەرئەنجامی وێکچووی ئاشکرا کردووە کە مایەی سەرسوڕمان بووە - بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا (وانگ 2007).

بەڵام لە ئەمەریکای لاتیندا، داتا تازەکانی ڕاپرسییە باننیشتمانییەکان، ئەوەیان دەرخستووە کە 72٪ی هاوڵاتیان لەو باوەڕەدان دیموکراسی "باشترین سیستمی حوکمڕانییە" (بارۆمیتەری لاتینی 2007: 80). بەڵام ئەوانەی جیاوازییەکی کەم لە نێوان ستەمگەری و دیموکراسیدا دەبینین، ڕێژەکەیان تەنها 20٪ بووە (دابەزینێکی کەمی بەخۆیەوە بینییەوە، ڕێژەی 23٪ لە ساڵی 2003دا)، تەنها 17٪ لەو باوەڕەدابوون کە سیستمی حوکمڕانی ستەمگەری، پاساوی خۆی هەیە (بارۆمیتەری لاتینی 2007: 79-81).

پشتگیریکردنی دیموکراسی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر بەرز بووە. ئیدی چ دەرئەنجامی ڕاپرسییە بەها جیهانییەکانی نێوان 1999و 2002، یا ڕاپرسییەکانی "دامەزراوەی زانستی نەتەوەیی" لە ساڵانی 2003و 2004دا، لەبەر چاوبگرین، ئەوا ڕێژەی ئەو عەرەبانەی پێیانوایە دیموکراسی "لە سیستمە سیاسییەکانی دیکە باڵاترو لەپێشترە"، هەمیشە ڕێژەی لە 80٪ی تێپەڕاندووە و بەزۆری لە مەودای 90٪دا بووە. بەپێچەوانەی پێشبینی هێندێك کەسیشەوە، پاڵپشتی کردنی دیموکراسی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا "بەجیاوازی جێندەر، یا پەروەردە، یا تەمەن، جیاواز نابێت" (تیسلەر و گاو 2005: 8). ژمارەیەکی تاڕادەیەك کەم لەو هاوڵاتییانەی لایەنگیری دیموکراسی ناکەن... بە نزیکەیی بە یەکسانی لە نێوان ستەمگەرە عەلمانی و ئایینییەکاندا دابەشبوون

[78] - ئەو ژمارانە بریتی بوون لە تێکڕای ڕێژەی سەدی هەر یەك لە تایوان، کۆریای باشوور، فلپین، تایلەند و مەنگۆلیا بوون. بەڵام دەرئەنجامەکانی ژاپۆن لە 65٪ دژ بە ڕێبەرایەتی کەسی بەهێز و لە 67٪ دژ بە حوکمی تاکەحیزب و لە 95٪ دژی حوکمی سەربازی بوو (چیانگ و ئەوانی دی 2007: 73).

(تیسلەر و گاو 2005: 92). بەڵام لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا، لە ڕاپرسی ساڵی 2007دا کە لە نێو 6000 کەسدا ئەنجام دراوە، پاڵپشتی کردنی دیموکراسی لە وڵاتانی ئەندونیسیا، ئوردن، لوبنان و مەغریب، بەنزیکەیی بە ڕێژەی 80٪دا بووە، ئەمە لە کاتێکدا لایەنگیری کردن لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەم ساڵانەی دواییەدا لە کەمی داوە (پرۆژەی پیو بۆ هەڵویستە نێونەتەوەییەکان). سەربارەی چەندین دەیە لە مۆبێلیزەکردنی ئیسلامییانەی دژ بەدیموکراسی، ئەوا لە ئێستادا دوولەسەرسێی ملیارێك موسڵمانی جیهان لە سایەی ئەو حکومەتانەدا ژیان دەگوزەرێنن کە دیموکراسییانە هەڵبژێردراون (ئیبراهیم 2007: 6). هەروەها داتا ڕاپرسییەکان لە سەرچاوە هەمەڕەنگە فراوانەکانەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە پاڵپشتی کردنێکی میللییانەی بەهێز لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا بۆ دیموکراسی هەیە (ماکفاوڵ 2004 -2005: 152).

دیموکراسی - ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە حکومییەکان

شەعبییەتی دیموکراسی لەلای هاوڵاتییە ئاساییەکان، لەگەڵ دۆخی دیموکراسی لەلای ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و ڕێکخراوە حکومەییە هەمەجۆرەکان هاوتا دەبێت و دەگونجێت. هەروەکو مایکڵ ماکفاوڵ ئاماژەی پێدەدا، دیموکراسی لە ژیانی دامەزراوەیی سەرتاسەری جیهاندا "چەسپیوە"، بەوەش بۆ ماوەیەك دەبێت بە بەشێك لە دیمەنە سیاسییەکە (ماکفاوڵ 2004-2005: 152). تەنانەت گەر ڕێکخراوی دەسئاوێزی نیشتمانی دیموکراسی لەکاتی دامەزراندنیدا مشتومڕئامێز بووبێت، ئەوا لە ئێستادا ئەو ڕێکخراوانە تەشەنەیان سەندووە کە سەرچاوەکانیان بۆ پشتگیریکردنی بەها و دامەزراوە دیموکراسییەکان لەجیهاندا تەرخان دەکەن (پلانتەر لەم کتێبەدا). لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا، ساڵانە 5و1 ملیار دۆلار بۆ هاوکارییە دیموکراسییەکان خەرج دەکەن (ماکفاوڵ 2007: 47). هەروەها ئێستا وڵاتانی ئەوروپا لە ئەمەریکا پارەی زیاتر بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی تەرخان دەکەن و یەکێتی ئەوروپاش تەنها یەکێکە لەو بکەرە ئەوروپییانەی کە پارەیەکی زۆر بۆ پرۆژەی دیموکراسی تەرخان دەکات. ئەمە بێجگە لەوەی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەروپا لە پێشکەش کردنی هاوکاری دیموکراسیدا چالاکی لە حەڤدە وڵاتدا هەیە و تەنها لە ساڵی 2006دا، زیاد لە 162 ملیۆن یۆرۆی خەرج کردووە (بوونسترا 2007: 14). سەرباری ئەوەش، وڵاتانی

ئەمەریکای لاتین لە ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکی بە فەرمی پابەندە بە "پشتگیری کردن و چەسپاندنی دیموکراسی نوێنەرایەتی" و بەرگری کردن لەو دیموکراسییانەی کە وادیارە لەلایەن بکەرانی ئەنتی دیموکراسی و بکەرانی بانیاساییەوە ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری دەبنەوە (ماکفاوڵ 2004: 156-157). هەروەها یاسای بنچینەیی یەکێتی ئەفەریقیا، وڵاتانی ئەندام ناچار دەکات "ڕێز لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، سەروەری یاسا و حکومەتی باش بگرن"، ئەمە سەرباری "سەرکۆنەکردن و ڕەتکردنەوەی گۆرانکاری نادەستوورییانەی حکومەتەکان" (یەکێتی ئەفەریقی 2001). هاوبەندی وڵاتانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا (ئاسیان)، لە کانونی یەکەم/ دیسمبەری 2005دا، پەیماننامەی دیموکراسییان واژوو کرد، بەڵێنیان دا لە هەر شوێنێك دامەزراوەی دیموکراسی هەبێت، پشتگیری بکەن و پشتگیری "دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ.. شەفافییەت و حکومەتی باش" لە گشت ناوچەکەدا بکەن (ئاسیان 2005). هەروەها لە ئێستادا نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕێی ڕێکخراوە نوێیەکان و لە ڕێی سەرلەنوێ دووپاتکردنەوەی بەرنامە کۆنەکان، پارەیەکی زۆریان بۆ پشتگیری کردنی دیموکراسی تەرخان کردووە. ئێستا دۆکیۆمێنتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، دیموکراسی وەك "بنچینە"ی گەشەسەندنی مرۆیی دیاری دەکەن (پرۆژەی گەشەسەندنی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان 2002: 3). ئەو گرنگیدانەی بانکی نێودەوڵەتی و سنوقی نەختێنەی نێودەوڵەتی بەسیستمی حوکمڕانی دەدەن، بە بەشێك لەم ڕەوتە نێونەتەوەییە دادەنرێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو ڕوانگەیەوە کە "پشتگیریکردنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی"، "بەردی بناغەی شەڕی دژ بەتیرۆر" پێکدەهێنێت (دۆبریەنسکی 2001)، ئێستا بەرنامەی پشتگیریکردنی دیموکراسی لە گشت دامەزراوە حکومییەکانیدا هەیە. "ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی" بەڵێنی داوە، "ئەو وڵاتانەی ڕوو لە دیموکراسی دەکەن" لەسەر ئەو هەنگاوانەی دەیگرنەبەر "بەهاوکاری دەرەکی زیاتر خەڵات دەکرێن" (وێندسۆر 2003: 52). سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش، بەڵێنی ئەوەی دا "هەژماری ئاڵەنگاری هەزارییی" کە ڕەنگە ساڵانە بە پێنج ملیار دۆلار بگات، دەدرێت بەو وڵاتانەی "دادوەرانە حوکمڕانی دەکەن" (وێندسۆر 2003: 51). بیرۆکەی پشت ئەو دەستپێشخەرییانە، یارمەتی ئەو ڕاڤەکردنە دەدا کە بۆچی خەرجییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری دیموکراسی لە 128 ملیۆن

دۆلاری ساڵی 1990 بۆ 902 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 2005دا زیادیان کردووە (سلیگسۆن و ئەوانی دی لەم کتێبەدا). هەروەها وتارەکەی "زۆلتان بارانی" سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکشێت کە پابەندبوونی فەرمی بەرامبەر بەدیموکراسی، بەشێوەیەك پەلی کێشاوە، تەنانەت بۆ سوپای ئەمەریکاش شۆڕبۆتەوە. بەوپێیەی بەزۆری سوپای ئەمەریکا لە ڕابردوودا بۆ پاڵپشتی کردنی دیکتاتۆرەکان بەکارهێنراوە، بۆیە مایەی سەرنجە بەرپرسان لە فەرماندەیی باشووری ئەمەریکا لە ئێستادا ئەوە ببینن کە ئەرکەکەیان خۆی لە "پشتگیریکردنی دامەزراوە دیموکراسیەکان"دا دەبینێتەوە (بارانی لەم کتێبەدا). سەرکەوتنی دیموکراسی وەك بیرۆکە لە کارەکەی "جۆن کاری" دەربارەی دەستوورەکان ڕوون دەبێتەوە. لە کاتێکدا 76٪ ئەو دەستوورانەی لە نێوان 1789و 2005دا نووسراونەتەوە، باسی دیموکراسییان کردووە و لە 94٪ ئەو دەستوورانەی لە نێوان 1990و 2005 داڕێژراون، ئەم زاراوەیان بەکارهێناوە (کاری لەم کتێبەدا).

بێگومان، هەروەکو کاری بە ڕوونی دەڵێت، دەستوورەکان بەزۆری پشتگوێ دەخرێن، بەڵام تەنانەت خۆ بە دیموکرسی دەرخستنیش، کارێکی گرنگ و بایەخدارە، هەروەها حەقیقەتی گۆڕینی ئامانجەکان بە تێپەربوونی کات، بێ مانا نییە. گیرمۆ ئۆدۆنێل ئەم کارەی بەپاراوی داڕشتووە، کاتێك دەڵێت "دیموکراسیبوون یا بانگەشەکردنی دیموکراسیبوون لە دراو دەچێت: بە بڕوابوونەوە بەدەستییەوە بگریت، سەرمایەی سیاسی زیاد دەکات" (ئۆدۆنیل 2007: 6).

مایەی گاڵتەجارییە سەرکەوتنی دیموکراسی وەك بیرۆکە، بەشێوەیەکی نموونەیی بە سروشتیی ئەو دەستەبژێرە سیاسییانە ڕوون دەکرێتەوە کە بێپەروایانە قسە لەسەر ئەدگارەکانی دیموکراسی دەکەن و زۆرێك لەو سەرکردانەش هەست دەکەن بە ناچاری هەڵبژاردن دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا ڕەتیدەکەنەوە خۆیان بەشداری کایەی پێشبڕکێیەکی تەواو کراوە بکەن. سەرەك وەزیرانی چین، وەین جیاباو (Wen Jiaobao)، لە دوا دانیشتنی کۆنگرەی میللی نیشتمانی لە ئازار/ مارسی 2007دا، لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا، بەڵگەیەکی بەهێزی لەسەر سەرکەوتنی فیکری دیموکراسی خستەڕوو. وەکئەوەی پێی خۆش بێت، ئەوە بگونجێنێت کە ئێستا بە نزیکەیی وادیارە لەسەر چۆنێتی ڕێکخستنی حکومەتەکان، تێڕوانینێکی باڵادەست بێت، وەین وتی "دیموکراسی، یاسا، ئازادی، مافەکانی مرۆڤ، یەکسانی و برایەتی،

ئەدگاری بێهاوتای تایبەت بە سەرمایەداری نییە. بەڵکو بەری هاوبەشی شارستانییەکە لە مێژووی گشت جیهانەوە سەرچاوەی گرتووە". پاشان بەردەوام دەبێت و دەڵێت؛ دەبێ سیستمی ئابوریی ڕوو لە بازار "مافی گەلان لە هەڵبژاردنی دیموکراسی و دیموکراسییەتی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی دیموکراسی و سەرپەرشتی دیموکراسی، زامن بکات" (وەین هەروەکو لە کارەکەی یانگ دا هاتووە 2007: 61). وادیارە ئەم دەستەواژانە بانگەشەکەی "نۆدیا" بەرجەستە دەکات، بەوەی دیموکراسی بووە بە "هاووڵاتای خودی شارستانییەت" (پلاتنەر لەم کتێبەدا). بە هەر حاڵ، ئەوان پێشنیاز دەکەن کە تەنانەت "خودی دەستەبژێری فەرمانڕەوای چین-یش دەربارەی ئازادی و دیموکراسی، جێگرەوەیەکی بۆ گوتاری جیهانی پێ نییە" (یانگ 2007: 62).

وادیارە کۆمەڵەیەکی سەرسورهێنەر لەو سەرکردە سیاسییانە هەیە کە لە ئێستادا پێیانوایە جێگرەوەیان بۆ هەڵبژاردن، وەك ڕێگەیەك بۆ بەشەرعیکردنی دەسەڵاتەکەیان، هێندێك جاریش بۆ گۆڕان لە سیاسەتدا پێ نییە. ئەو هەڵبژاردنە دیاریکراوانەی زۆرێك لە دیموکراسییەکانی شەپۆلی سێیەم و چوارەم ئەنجامیاندا، نەگونجانی پڕۆژەی "هەناردەکردن" ڕوون دەکاتەوە، بەڵام ئەو سەلماندنە نادروستەش دەخاتەڕوو کە پشتگیریکردنی دیموکراسی وەك بیرۆکە سەرکەوتوو بووە.

هەروەکو ڕۆبێرت مۆزەر وەبیرمان دەهێنێتەوە، هەڵبژاردن شەرعییەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی سەربار دەکات (مۆزەر لەم کتێبەدا)؛ ئێستاش تەنها هەڵبژاردن ئەو ڕۆڵە بەجێدەهێنێت، چونکە هیچ فۆرمۆڵەیەکی جێگرەوەی نێودەوڵەتی بۆ شەرعییەت نییە و "دیموکراسییە نالیبراڵەکان"، بەدیاریکراوی هەڵبژاردن بەکاردەهێنێن بۆ ئەوەی شەرعییەت بە ئۆتۆکراسییەکەیان بدەن، لەبەر ئەوەی ستەمگەرەکان هەست دەکەن پێویستیان بەو فۆرمەی شەرعییەت هەیە (چیرۆت لەم کتێبەدا). "ئەمرۆ، هەروەکو پێشتر ڕووینەداوە" فەرمانڕەوا ستەمگەرەکان لە ڕێی دانانی ناڕاشکاوانە بە پرەنسیپی سەروەری میللییەوە، ستایشی ڕەندی دەکەن (ئۆدۆنێل 2007: 7). هەمیشە حاڵەتەکە بەو شێوەیە نەبووە.

هۆیەك بۆ تیامان و سڵكردەیی

شەعبییەتی دیموكراسی لە نێو كەسە ئاساییەكانی سەرتاسەری جیهان و باوەشبۆكردنەوەی لەلایەن ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان و بڵاوبوونەوەی نیمچە تەواوی گوتاری دیموكراسی لە نێو سەركردە سیاسییە جیاوازەكاندا، گەوایی لەسەر سەركەوتنی دیموكراسییە وەك بیرۆكە دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، هۆكارگەلێك هەیە كە بەرفراوانی باوەشبۆكردنەوە بۆ دیموكراسی و سەركەوتنی پشتگیریكردنی دیموكراسی، وریایی و سڵكردەیی گەرەكە. یەكەم، شەعبییەتی دیموكراسی بەلانیكەمەوە بەشێوەیەكی هەندەكی دەرئەنجامی فرەماناكەیەتی. هەروەها لایەنگرانەكانی مەرجەعی جیاواز و پێشبینی جیاوازیان هەیە، پاشان پەرچەكرداری جیاوازیان دەبێت، ئەمە ئەگەر ڕژێمەكە خۆی بە دیموكراسی دابنێت. بۆ نموونە، لە ڕژێمە كۆمۆنیستەكانی پێشووی ئەوروپای خۆرهەڵاتدا "دیموكراسی مانای .. ئازادی كردار و وتنی ئەوەی دەتەوێت؛ هەڵبژاردنی حكومەت لە ڕێی هەڵبژاردنی كێبەركێكار و دەوڵەتی خۆشنوودی دەگەیاند" (ڕۆز 2007: 113)، سەرباری ئەوەی بڕوایەكی جیهانی نییە كە دیموكراسی دەوڵەتی خۆشنوودی بگرێتەوە، بەڵام لە ڕژێمە كۆمۆنیستەكانی پێشوودا، گرنگییەكەی لە تێگەیشتنی خەڵكییە بۆ زاراوەكە كە كاریگەری لەسەر هەڵسەنگاندنی هاوڵاتیان هەیە بەرامبەر بە ئەدای ڕژێم.

هۆیەكی دیكە بۆ تیامان و سڵكردەیی بەرامبەر پرۆژەی پشتگیریكردنی دیموكراسی هەیە، ئەویش ڕەنگە ئاستە بەرزەكانی هەنووكە بۆ پشتگیریكردنی دیموكراسی لەنێو هاوڵاتیانی ئاساییدا، دابەزێت و نەمێنێت. ڕووپێوە هەرە تازەكەی بارۆمەتری ئاسیایی ئەوەی ئاشكرا كردووە كە "هەموو نیشاندەرێك بۆ تێكڕای لایەنگیری كردنی دیموكراسی لەنێوان ساڵی 2001و 2006دا، پاشەكشێی بەخۆیەوە بینیوە" (چانگ و ئەوانی دی 2007: 71)، ئەمە سەرباری ئەوەی "هەموو كەسێك، كەم تا زۆر، بڕوای بەدیموكراسی وەك بیرۆكە هەیە.. بەڵام تەنها ژمارەیەكی كەمیان وەك فۆرمێكی پەسەندكراوی حكومەت لە هەموو هەلومەرجێكدا لایەنگیری لێدەكەن و تەنها ژمارەیەكی زۆر كەمیشیان دیموكراسی بەسەر گەشەسەندنی ئابوریدا پەسەند دەكەن"، ئەمە ئەگەر ناچاربن هەڵبژاردن لەنێو هەردووكیاندا بكەن (چانگ و ئەوانی دی 2007: 72).

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

وادیارە پۆپۆلیزم، لە نێو هێندێك كەرتی كۆمەڵایەتی چەند وڵاتێكی ئەمەریكای لاتیندا، ئاڵەنگارییەك بۆ دیموكراسی لیبراڵی دروست دەكات. لە ڕووپێوی ساڵی 2006ی"بارۆمێتری ئەمەركییەكان -Americas Barometer"دا، بۆ پێودانگی لایەنگیریكردنی هاوڵاتییان لە پۆپۆلیزم، پرسیار لە هاوڵاتیان دەكرا، سەبارەت بە لایەنگیریكردنیان لەو پێنج ڕێكارەی دەسەڵاتی سەرۆكەكان بەهێز دەكات، لەسەر حیسابی دامەزراوە دیموكراسییەكانی دیكە و جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان بەشێوەیەكی گشتی. سەرباری ئەوەی دوولەسەرسێی وەڵامدەرەوەكان، بە هەموو شێوەیەك قبووڵكردنی ڕێكارە پۆپۆلیستییەكانیان ڕەتكردەوە، بەڵام بە نزیكەیی سێیەكیان بەلانیكەمەوە ئامادەییان تیابوو، تاكە ڕێكارێك قبووڵ بكەن و بەنزیكەیش نیوەیان ئامادەیی قبووڵ كردنی دوو ڕێكاریان تیابوو. ئەوەش سەلمێنرا كە هەستە میللییەكان بەزۆری لە نێو وەڵامدەرەوە هەر نەدار و نەخوێندەوار و لاوەكاندا دیار و بەرجەستە بوو. تەنانەت دوای دوورخستنەوەی سامان و پەروەردەش، وەڵامدەرە گەنجەكان زۆر لایەنگیریان لەوە دەكرد "ڕێكاری پۆپۆلیستی لەسەر حیسابی دیموكراسی لیبراڵی" ئەنجام بدرێت (سیلیگستۆن 2007: 90). بەردەوامبوونی ئەو هەڵوێستانە كاتێك ئاكامی مەترسیدار دەبێت، گەر ئەو توێژەی گەنجان، بەشێكی گەورە لە كۆی دەنگەكانی هەڵبژاردن پێكبهێنن.

وادیارە خۆرهەڵات و ئەورووپای ناوەڕاست گیرۆدەی شەبەنگی پۆپۆلیزم بوون، چونكە چاودێرە قاڵبووەكان دەڵێن "كاردانەوەی توندوتیژی پۆپۆلیستی"، لە "تەقینەوەی مەترسییە شیمانەییەكانی دژ... بەدەستووریبوونی لیبراڵ دیموكراتیك" دێتەگۆڕێ (ڕوپنیك 2007: 20-24). ساڵی 2007، توێژینەوەیەكی بەرفراوان لە بیست و نۆ وڵات و ناوچەی پۆست-كۆمۆنیستی لە ئەورووپای سەنتراڵ و ئوراسیا ئەنجام درا و بەو دەرئەنجامە گەیشت كە "پۆپۆلیزم و ڕەوتی دژەلیبرالیزم ڕوو لە زیادبوونە" (خانەی ئازادی 2007).

كارە ئابرووپارێزەكە مانای گەلێك شت لە ئەورووپای خۆرهەڵات و ئەمەریكای لاتین دەگەیەنێت. سەربارەت بە هێندێك كەس "پۆپۆلیزم دژە لیبراڵیزمە، بەڵام دژە دیموكراسی نییە" (كراستۆڤ 2007: 60)؛ بۆ هێندێكی دیكەش لەگەڵ دیموكراسیدا دەگونجێت (شمیتەر 2006)، بەڵام سەبارەت بە زۆرێك

لە پسپۆرە ناوچەییەکان، هەستێك هەیە کە بەهۆی زیادبوونی مەیلی پۆپۆلیستی لە نێوان هاوڵاتیاندا "پێشوەچوونی دیموکراتی، خاوبوونەتەوە" (بوتوا 2007: 55).

دەرکەوتنی زیاتری "سەرمایەداری ستەمگەری" لە ڕوسیا و چین، هۆکاری سێیەمی نیگەرانییەکە بەرامبەر هەژموونی هەمیشەیی بیرۆکەی دیموکراسی دەخاتەڕوو. توانای هەر دوو سیستمەکە لە بەرجەستەکردنی وێنەیەك لە نێوان داینەمیکێکی ئابوری نایاب و ئەو ناسیونالیزمە کۆبکاتەوە کە سازشی لەسەر ناکرێت، سەرنجی ئەو هاوڵاتیانە ڕادەکێشێت کە هەوڵ بۆ باشکردنی ئاستی بژێوییان دەدەن، بەڵام هەست بە هەڕەشەی بازاری جیهانی لیبراڵیش دەکەن کە دیموکراسییەکانی خۆرئاوا لەڕووی سیاسییەوە هەژمونیان بەسەریدا هەیە. سووربوونی پوتین لەسەر ئەوەی بیانییەکان ماڤی ئەوەیان نییە بڕیار لەسەر "دیموکراسییە سەروەری"یەکەی بدەن (سیستانۆڤیچ 2007: 124)، دەتوانێت چوارچێوەیەکی نیشتمانی سەرنجڕاکێش لەبارەی ستەمگەرییەوە دابنێت. ئەو ئاراستانە تۆماس کارۆسەری بەرەو ئەو دەرئەنجامە برد کە "لێرە بەدواوە ناتوانین گریمانەی کۆدەنگییەك دەربارەی بڵاوبوونی دیموکراسی لە نێوان بکەرە جیۆستراتیجییە سەرەکییەکانی جیهاندا بکەین"، بۆیە پێویستە "دەربارەی بەهای خودی دیموکراسی، بگەڕێنەوە بۆ ئاڵەنگارییەکانی بەشداریکردن لە گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکاندا" (کارۆسەرز 2007: 115).

بەڵام دوا هۆ بەرامبەر سەرکەوتنی ئەو پڕۆژە فیکرییەی کە سڵکردەیی گەرەکە، ڕەنگە کێش و ڕەونەقی هەنووکەیی دیموکراسی بەشێوەیەکی کەمتر لە هەوڵی دەستەقەستی حکومەتەکان بۆ پشتگیریکردن لە دیموکراسی هاتبێتەئاراوە، تا ئەوەی لە چۆنێتی کار کردنی دیموکراسی (یا وێناکردنی) وڵاتەکان بڕوانین. کارێکی ڕێکەوت نەبوو "تۆماس بانگل" وتارەکەی بەو تێبینییە دەست پێ بکات کە دیموکراسی بە وزەیەکی سەرسوڕهێنەر "خۆی بڵاودەکاتەوە" (بانگل لەم کتێبەدا)، یا زۆر بەسادەیی دیموکراسی ئەتنیکی لە نەك ڕێی هێز، بەڵکو بە سەرکەوتنە نموونەییەکەی بڵاوبووەوە. لە سەردەمی ئەسیناوە، تەنانەت ڕەعییەتیش بە چاودێری کردنی (یا وێناکردنی) شێوازی کارکردنی سیستمێکی سیاسیی دی، دەیتوانی لە"گەشەسەندنی مرۆیی تێبگات" (پانگڵ لەم کتێبەدا). "گیا نۆدیا"ش ئاماژە بەوە دەکات کاتێك دەڵێت؛ دیموکراسی لە ڕێی "لاسایی کردنەوە"وە

بڵاودەبێتەوە (پلاتنەر لەم کتێبەدا) - ئەوەش پرۆسەیەکە بە تەواوەتی لە پرۆسەی سەپاندن جیاوازە.

لەگەڵ میدیای بەجیهانیکردندا، تواناکانی چاودێری کردن و خوێندن و لاساییکردنەوە، زۆر زیاتر بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر ئەوەی میدیای ئازاد بەتەنیا تیشك ناخاتە سەر "گەشەی مرۆیی"، بۆیە ئەم توانا زۆرە، دوو زیانی مەترسیداری بۆ ئەو کەسانە هەیە کە مەیلیان لە پشتگیریکردنی بیرۆکەی دیموکراسی هەیە، بەوپێیەی فۆرمێکی باڵای حوکمڕانییە. بۆیە پێویستە لەسەر بیانییەکان، تەنها دیوە باشەکەی نەبینن، بگرە دیوە خراپەکەی و هێندێك جاریش دیوە دزێوەکەی ببینن. وێنە و جێمتمانەیی دیموکراسی ئەمەریکی لەم ساڵانەی دواییدا، بەهۆی چەند ڕووداوێکەوە، زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە، بەو مشتومڕە گەرمەشەوە کە لەسەر پاکێتیی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2000 کەوتەوە و گفتوگۆکان دەربارەی ئۆردۆگاکانی گرتن لە گوانتانامۆ و ئەو کارەساتەی لە زریانی کاترینا کەوتەوە و دیمەنە قێزەونەکانی ئەو پێشێلکارییانەی لە گرتووخانەی ئەبوغرێب ڕوویاندا. ئەو ڕووداوانە و وێنە زیندووەکانی میدیا لەسەر مەینەتییە مرۆییەکانی عێراق، ڕەنگە یارمەتی ڕاڤەکردنی ئەو هۆیە بدات کە "پرۆژەی پیو بۆ هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان" ئاشکرای کردووە، بەوەی زیاد لە 80٪ی تورکەکان و 70٪ی پاکستانییەکان... فیکری ئەمەریکییان دەربارەی دیموکراسی پێ باش نییە (تروب 2007: 19).

هەروەها هەڵوێستی ژمارەیەك وڵاتی خۆرئاوا، لە حاڵەتێکی باشتردا نەبوو، لە فەرەنسا ڕێژەکە 76٪ بوو، بەڵام لە ئەرجەنتین و برازیل، ڕێژەی ئەو هاوڵاتیانەی خۆشییان بەفیکری ئەمەریکی بەرامبەر بەدیموکراسی نەدەهات لە 67٪ بوو. گەر سەرکەوتنی پشتیگریکردنی دیموکراسی، هەروەکو "ستیڤن فیش" دەڵێت، پشت بە "مەیلی خەڵکی بەرامبەر بەدیموکراسی" دەبەستێت، ئەوا هەوڵ و کۆششەکانی پشتگیریکارانی دیموکراسی ئەمەریکی، بەهۆی لادانە بەدۆکیۆمێنتکراوەکان لە ئایدیاڵە دیموکراسییەکاندا، زیانێکی زۆر بەرکەوتووە.

لێرەدا هۆگەلێك هەیە بۆ خۆلادانی خودڕەزامەندی سەبارەت بە دەرکەوتنی سەرکەوتووانەی دیموکراسی وەك بیرۆکە، بەڵام ئەمەش ئارگیۆمێنتێك نییە، بۆ

ئەوەی واز لە پڕۆژەی فیکریی بهێنرێت. هەروەها ئەو تێبینییانەی سڵکردەیی و ئاگاداری گەرەکە، ئارگیومێنتێك نییە دژ بە پڕۆژە واقیعی و وشیارانەکەی هاوکاری دیموکراسی بێت، بەڵکو پڕۆژەی هاوکارییەکە پڕزەحمەت دەکات. بەڵام چۆن دەتوانرێ ئەو وانانەی لە هەوڵەکانی ڕابردوودا هەڵهێنجراون، سیاسەتی هاوکارییەکانی ئاینده دەوڵەمەند بکات؟

هاوکاری دیموکراسی

پێویستە بەگوێرەی ئەو وڵات یا وڵاتانەی کە سیاسەتەکانی هاوکاری دادەڕێژن، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لە سەرەوە هاتووە، جیاواز و هەمەڕەنگ بێت، چونکە چەمکە لۆکاڵییەکان بەرامبەر بکەرە بیانییەکان ئاکام و گرنگییەکی زۆریان هەیە (فیش لەم کتێبەدا)، هەروەها لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی سیاسەتی هەر وڵاتێك لە بوارێکدا، ڕەنگە لە بوارێکی دیکەدا، کار لە سیاسەتەکانی بکات. هەر بەپێی ئەوەش شیکارییەکەی خوارەوە، بەدیاریکراوی تیشك دەخاتەسەر سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان؛ ئەگەرچی ڕەنگە هێندێك ئارگیومێنتی پێشکەشکراو، زۆر گشتی بن.

وتارەکانی ئەم کتێبە، سەرباری هەمەڕەنگی وردئاگایی و شێوازەکەیان، زۆرێك لە بابەتە یەکانگیرەکانی پەیوەست بە داڕشتنی هاوکاریی دیموکراسی پێشکەش کردووە. گشت وتارەکان ئاماژەیان بۆ ئاڵەنگاری و کەلێن و هەڵدێرە مەترسییەکان کردووە، بەڵام هیچ یەکێکیان بەو دەرئەنجامە نەگەیشتوون کە ئەو هاوکارییانە بێسوود یا ئەستەم بوون. ئەو بەشەی کە هەر یەك لە سلیگسۆن، فینکڵ و پێریر-لینان، نووسیویانە، پێشنیازی ئەوەیان کردووە، سەرباری نەگونجان و کەموکورتییە زۆروزەوەندەکان، بەڵام سەرچاوە داراییە تەرخانکراوەکان بۆ بەرنامەکانی هاوکاری دیموکراسی ئەمەریکی، کاریگەری ئەرێنییان هەبووە. ئەوەش ئاشکرا بووە کە "هاوکاری بە بەهای یەك ملیۆن دۆلار دەبێتە مایەی زیادبوونی تێکڕای نموونەیی دیموکراتیزەکردن بە ڕێژەی 65٪ بۆ هەر ساڵێك"، وتەزایەکی دیاری نائومێدکارانەیە لە سوود و قازانجی هەوڵەکانی هاوکاری (سلیگسۆن و ئەوانی لەم کتێبەدا). هەروەها بە تێڕوانینێکی گشتیی ئەو گۆڕانە سیاسییەی لە ماوەی نێوان 1991و 2003دا لەو وڵاتانەدا ڕوویان داوە کە هاوکاریی دیموکراسی ئەمەریکییان وەرگرتووە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە 98 وڵاتیان بەلانیکەمەوە ماوەی

یەك ساڵ، هاوکاری دیموکراسی و سیستمی حوکمڕانیان وەرگرتووە، لە 58٪ زیاتر بەدیموکراسیتر بوون و 19٪ کەمتر بە دیموکراسیتر بوون، کەچی 23٪ هیچ گۆڕانێکیان بەخۆیانەوە نەبینیوە. (پێوەری گۆڕان، بریتییە لە خاڵەکانی سیستمی حوکمڕانی لە کۆمەڵە داتاکانی سلیگسۆن و ئەوانی دی، لەگەڵ 6 خاڵ کە ئاستانەی دیموکراسی هەڵبژاردن دەنوێنێت)



وێنەی سی 1: قەوارەی گۆڕانی سیاسیی ئەرێنی لەو وڵاتانەی هاوکارییان وەرگرتووە (1991-2003)

بەهەموو دڵنیاییەکەوە ئەم ژمارانە هیچ شتێکمان لەبارەی سۆنگایەتییەوە (السببية) پێ نالێن، بەڵام زیاتر لە نیوەی ئەو وڵاتانەی کە هاوکاری دیموکراسییان وەرگرتووە، لەو ماوەیەی لە ژێر توێژینەوەدا بوون، بەپراکتیکی بە گۆڕینی ئەرێنی سیاسییدا تێپەریان کردووە. وێنەی "س-1"، ئەو ڕووندەکاتەوە کە لە کۆی ئەو 56 دەوڵەتەی بە گۆڕانی ئەرێنیدا تێپەربوون، 24 دەوڵەتیان وەك دەوڵەتی ستەمگەری مانەوە و 21یان بوون بە دیموکراسی نوێی هەڵبژاردن و 11 دەوڵەتیان جۆرێتی دیموکراسییەکەیان باشتر کرد[79]، هاوکات لەگەڵ ئەو ئارگیومێنتە سۆنگەییەی سلیگسۆن و ئەوانی دی پێشکەشیان کرد، ئەو ژمارانەش ئاماژە بەوە دەکەن کە

---

[79] - ئەگەر وڵاتێك بەکەمتر لە 6 کۆتایی هات= بەنادیموکراسی دەمێنێتەوە، ئەگەر وڵاتێك بەکەمتر لە 6 دەستی پێکرد و بووە >6= دیموکراسی هەڵبژاردن. ئەگەر وڵاتێك بە >6 دەستی پێکرد و بە > 8 تەواو بوو= دیموکراسییەکی سەقامگیرە

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

هاوكاری دیموكراسی تاڕادەیەك كاریگەریی هەبووە. بەڵام چۆن پڕۆژەی هاوكارییەكان باشتر دەكرێت؟ وتارەكانی ئەم كۆمەڵەیە، چەندین وانە پێشنیاز دەكەن، دەربارەی ئەوەی پێویستە لەگەڵ كێ كار بكرێت، دەبێ چی ئەنجام بدرێت و پێویستە چی شتێك بەلاوەبنرێت.

كێ؟

كاركردن لەگەڵ دەستەبژێرانی ئێستا، كارێكی پڕگرنگە بۆ سەرخستنی هاوكارییەكانی دیموكراسی، هەروەكو سلیگسۆن وەبیرمان دەهێنێتەوە، دەستەبژێری لۆكاڵی لە هەر كۆمەڵگەیەكدا "هەڵگری بەرنامەی ئایدیۆلۆجین" (سلیگسۆن لەم كتێبەدا). پشتگوێخستن و نادیدەگرتنیان دەبێتە مایەی سەرئێشە و دەردەسەری، تەنانەت گەر هەڵگرانی بەرنامەی ئایدیۆلۆجی پێكهاتەی دیموكراسیشیان نەبێت. سەرباری ئەوەی بیرۆكەی ئەبستراكتی دیموكراسی شەعبییەتێكی زۆری پەیدا كردووە، بەڵام جەوهەرێكی "ناجێگیری" هەیە (ئۆدۆنێل 2007: 6)، واتە جەماوەرەكەی بەشێوەیەكی بەرفراوان لە چەمكە خودییەكان و بڕوابوون بە تاكگەرای جیاواز دەبێت كە لە بنەمای فۆرمە لیبراڵییەكەی دیموكراسیدا خۆی متكردووە، هەروەكو بانگڵ وەسفی كردووە. بەڵام سلیگسۆن بە تەركیزكردنە سەر كۆمەڵگە ناخۆرئاواییەكان، ئەوەمان وەبیردەهێنێتەوە، بریكارانی هاوكارییە دیموكراسییەكان، بەزۆری لەو شوێنانە كار دەكەن كە تاكەكانی خۆیان وەك تاك نابینن، بەڵكو هەر لە بنەڕەتەوە وەك ئەندامی كۆمەڵە ڕێژەییەكان لەخۆیان دەڕوانن. بۆیە كەی و لەكوێ ناسنامانەی گرووپ بەسەر ناسنامەی تاكدا باڵادەست بێت، ئەوا دواڕۆژ، بەزۆری و لە بەشە گەورەكەیدا، لەسەر دەستی سەركردەی ئەو گرووپانە دروست دەبێت كە شەرعییەتی تەقلیدییان هەیە. ئەگەر بە شێوازێك لە شێوازەكان توانرا ئەم دەستەبژێرە تێكەڵ بە سیستمی تازە بكرێت، ئەوا ڕەنگە بەردەوام بێت.

وردئاگایی لەسەر دەستەبژێر، پاساوی خۆی هەیە، تەنانەت كاتێك دەسەڵات و شەرعییەتیش بەشێك لە گەمەكە نەبن. مانسفێڵد و سنایدەر ئەوەمان وەبیردەهێننەوە، بەوەی كاتێك دەستەبژێر بە هەر جۆرە دیموكراتیزەكردنێك هەڕەشەیان لێبكرێ، ڕەنگە دەردەسەرەییەكان بەردەوام بن، دیموكراسیش

پێشدەکەوێت، گەر لایەنگرانی هەوڵ بدەن، ڕێگەگەلێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەو کەسانە بدۆزنەوە کە ڕەنگە سەرئێشە دروست بکەن.

هەروەها چیرۆت-یش کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر کۆمەڵگە دابەشبووەکان دەنووسێت، لەبارەی زەرورەتی تیشك خستنەسەر دەستەبژێر، پەیامێکی بەهێزی هەیە. چونکە ئارگیوی ئەوە دەکات کە پێویستە دەستەبژێری کۆمەڵگە دابەشبووەکان دڵنیا بکرێنەوە، بەوەی بەشێکن لە دەوڵەت، سامان و دەسەڵاتە لۆکاڵییەکەیان یا دەرفەتی سوود وەرگرتن لە دەست نادەن (ئەم کتێبە). هەروەها پێشنیاز دەکات بەتایبەت جەخت لەسەر نەوە تازەکە و دەستەبژێری ڕووناکبیر بکرێتەوە و دەڵێت؛ پێویستە "هۆکاری جەوهەرییان بۆ بەشداریکردن پێبدرێت"، بۆ ئەوەی ڕێگەیان لێبگیرێت لە سەرچاوە مۆبێلیزەکەیانەوە بەرەو پرۆژەکانی دژەدیموکراسی بڕۆن کە "شێری بێرمان" گفتوگۆی کردووە. پێویستیی کارکردن لەگەڵ دەستەبژێرە لۆکاڵییەکان تا سوپا و پۆلیس-یش شۆڕدەبێتەوە. لەبەر ئەوەی پێویستە پارێزگاری لە ئاسایشی سەرەکی بکرێت تا دیموکراسییەت بەردەوام بێت، بۆیە "بارانی"یش لایەنگیری "کارکردن دەکات، بەلانیکەمەوە، بەشێوەیەکی کاتی لەگەڵ ئەو سەربازانەی بەردەستن" (ئەم کتێبە).

جەختکردنە سەر گشتگیری کە لە وتارەکانی دیکەدا دەردەکەوێت، زەرورەتی بیرکردنەوە، لە کاتی ئامادەکردنی بەرنامەکانی هاوکاریدا، بەشێوەیەکی فراوان بەهێز دەکات. هەروەکو مۆزەر وەبیرمان دەهێنێتەوە، قەدەغەکردنی حیزبە سیاسییە دیاریکراوەکان، خودی هاوکارییەکانی دیموکراسی وەك دژە دیموکراسی ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا قەدەغەکردنی حیزبی سیاسیی، بەئەگەرێکی زۆرەوە گلەییەکە دەخرێتە ئەستۆی بکەرە نێودەوڵەتییەکان (مۆزەر لەم کتێبەدا). بۆیە دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆی لە قەدەغەکردنی حیزبەکان بەدوور بگرێت و لایەنگیری لە یاسا گشتگیرەکانی حیزبایەتی بکات.



وێنەی سی 2: ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی: هاوکاری سەربازی و پشتگیریکردنی دیموکراسی و جگە لە هاوکارییەکانی دیموکراسی و سیستمی حوکمڕانی

هەروەها پێویستە بەرنامەی هاوکارییەکانی ئەمەریکا، هانی پرۆسەی گشتگیرکردنی داڕشتنی دەستوورەکان بدات؛ سەرباری ئەوەی لەمجۆرە بۆنانەدا، وادەردەکەوێت دەستەبژێری هەڵبژێردراو، ئەرکە قورسەکە لەئەستۆ دەگرێت. هەروەها "کاری" پەی بەوە بردووە کە"ژمارەی ئەو بکەرانەی بە دیموکراسی هەڵبژێردراون"و بەشداری لە پرۆسەی داڕشتن و دەرکردنی یاسا دەکەن، پشکیان دەبێت "لە ئاستە بەرزەکانی دواتری دیموکراسی"و سەپاندنی "کۆتوبەندی زیاتر بەسەر دەسەڵاتی حکومەت"و زیادبوونی "سەقامگیریی دەستوور"دا، ئەو بەڵگەیە سەربار دەکات کە گشتگیری دەرئەنجامی باش وەبەردەهێنێت (ئەم کتێبە). بەدڵنیاییەوە "گشتگیریی دواخستن و قەیرانی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ڕەنگە مەترسی دوورخستنەوە گەورەتر بێت. هەروەکو چیرۆت دەڵێت؛ وەلاوەنانی دەستەبژێری ناوچەیی.. وەك بەشێك لە دیموکراتیزەکردن، لە ڕەچەتەی کارەساتێك دەچێت" (ئەم کتێبە).

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پێویستە چی بکرێت؟

ئەم وتارە کورتە شوێنێك نیە بۆ ئەوەی پێشنیازی سیاسی ورد پێشکەش بکات، لە هەموو حاڵەتێکدا، پێویستە سیاسەتێکی لەوجۆرە بۆ هەر وڵاتێك بە جیا دابڕێژرێت. بەڵام بەشەکانی ئەم کتێبە تیشك دەخەنە سەر هێندێك بابەتی پێوانەیی.

یەکێك لەو بابەتانەی کە هێزێکی زۆری بۆ سەرکەوتنی هاوکارییەکانی دیموکراسی هەیە، پشت بە توانای دەوڵەت دەبەستێت. لەبەر ئەوەی دیموکراسی فۆرمۆڵەی دامەزراوەکانی حکومەت لەخۆدەگرێت، نەك دامەرزەکانی دەوڵەت، بۆیە ئەو پاشکۆیەتییە هەمیشە ڕوون نییە، بەڵام ئاماژەکانی مەزنن. وتارەکەی "زۆڵتان بارانی" بایەخی توانا تۆپزییەکانی دەوڵەت دووپات دەکاتەوە. دامەزراوە سەرەکییەکانی دیموکراسی، بە هەڵبژاردنی ئازاد و ئازادی دەربڕینیشەوە، پشت بە توانای پۆلیس و سوپا دەبەستێت بۆ ئەوەی سیستم و بەشداریکردن لە سەروەری یاسا دەستەبەر بکات. هەروەکو وێنەی "س 2" ڕوونی دەکاتەوە، یارمەتییە سەربازییەکانی ئەمەریکا، هاوکارییە دیموکراسییەکەی بێ بەها و نادیدە دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی دوو دەسپێشخەرییەکە نایەکانگیرن، ئەوا بەزۆری یەکەم لە بەهای دووەم کەم دەکاتەوە.

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

خشتەی سی1: هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ ئۆتۆکراسییەکان، 1991-2003 (بە ملیۆنان دۆلار بۆ ساڵی 2006)

جەزائیر	2.3
ئەنگۆلا	3.0
ئازەربیجان	14.0
بیلاڕوسیا	1.1
کەمبۆدیا	7.9
کامیرۆن	4.5
ساحل ئەلعاج (Cote d'Ivoire)	7.4
میسر	20,965.9
گینیا	7.2
هاییتی	24.4
عێراق	177.5
کازاخستان	26.0
نیپاڵ	24.5
عومان	132.8
پاکستان	623.8
ڕاواندا	100.7
سۆماڵ	37.6
سوازیلاند	1.5
تاجیکستان	4.9
تۆگۆ	0.7
تونس	157.5
تورکمانستان	7.3
ئۆزبەکستان	66.0
ڤێتنام	3.7
زیمبابۆی	6.7

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بە مسۆگەری کاریگەری هاوکارییەکان بۆ گرووپە مەدەنی و حیزبە سیاسییەکان و ڕۆژنامەی سەربەخۆ، بەهۆی ئەو هاوکارییە سەربازییانەوە لەکەمی دەدات کە لە جیاتی سەرووەری یاسا، لایەنگیری لە حکومەتە ستەمگەرەکان دەکات. گەر هاوکارییە سەربازییەکان بۆ بەپیشەییکردنی زیاتری سوپا و بیناکردنی توانای زۆرەملێی دەوڵەتی دیموکراسی بەکاربهێنرێت، کاریگەرییەکەی ئەرێنی دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەکو خشتەی "س1" ڕوونی دەکاتەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ملیۆنان دۆلار بە شێوەی هاوکاری سەربازی ڕەوانەی ڕژێمە ستەمگەرەکان دەکات. سەعدەدین ئیبراهیم، یەکێك لە بەرهەڵستکارە دیارەکانی میسر، بەتازەکی پێشنیازی ئەوەی کردووە کە "یەکێك لە شێوازە کاراکان بۆ یارمەتیدانی دیموکراسیخوازەکانی عەرەب، ئەوەیە زۆرێك لە هاوکارییەکان بۆ ستەمگەرەکان ڕابگیرێت" (ئیبراهیم 2007: 13). پێویستە لەسەر ئەوانەی بۆ باشکردنی هاوکارییەکانی ئەمەریکا تێدەکۆشن، ئەو ئامۆژگارییە لەبەرچاو بگرن، چونکە قابیلی ئەوەیە لەسەرتاسەری جیهاندا جێبەجێ بکرێت.

لاوازی توانای دەوڵەت لە دامەزراوە مەدەنییەکاندا، ڕەنگە زیان بە دیموکراسی و بەرنامەی هاوکارییە دیموکراسییەکان بگەیەنێت. هەر یەك لە مانسفێڵد و سنایدەر ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە ئەو دیموکراسییە تازانەی دامەزراوەی دەوڵەتیی لاوازیان هەیە، ڕووبەڕووی جەنگ و شکستی ئابوری دەبنەوە. تا ئەو دەمەی دامەزراوەکان "لە ئیدارەدانی چالاکی سیاسی"دا زۆر لاواز بن، "ناسیونالیزمی" شەڕەنگێز "بۆشاییەکە پڕدەکاتەوە"و دەستەبژێرەکان ناچار دەبن خۆیان سەرقاڵ و خەریکی پارێزگەرایی و ئەو زنجیرە تەواوەی سیاسەت بکەن کە بازرگانی و گەشەسەندن پەکدەخات (ئەم کتێبە). چیرۆت سەرنجمان بۆ زەرورەتی توانای دەوڵەت لە دەستەبەرکردنی پاراستنێکی بەهێزی یاسایی بۆ خاوەندارێتی ڕادەکێشێت. هەروەها دەڵێت "پێواری مافە جێگیرەکانی خاوەندارێتی" لە ناوکۆی سەرچاوە کەمەکاندا، ئاستی ململانێ لە هەر دیموکراسییەکی فەرمیدا کەم ناکاتەوە (ئەم کتێبە). هەروەها "بارانی" لە گفتوگۆ کردنی دەربارەی ڕیفۆرمی هێزە چەکدارەکاندا، داوای پشتگریکردنی توانای دامەزراوەکان دەکات و ئەوەمان

وەبیردەهێنێتەوە کە "سەرپەرشتی کردنێکی چالاك، بەبێ هەبوونی دامەزراوەی بەهێزیی سیاسی لەتوانادا نابێت" (ئەم کتێبە).

"شیری بیرمان" تیشك دەخاتە سەر پەیوەندییە هەرە گرنگەکەی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەو وانەیەی لە گفتوگۆیەکەوە هەڵدەگۆزرێت، بریتییە لە؛ ئەو هاوکارییەی پێشکەش بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت، ڕەنگە لە حاڵەتێکدا دەرئەنجامی پێچەوانەی هەبێت کە دامەزراوەکانی دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکان پەککەوتەبن. کۆمەڵگە مەدەنییە بەهێزەکان، هەمیشە لە بەرژەوەندی دیموکراسیدا کارناکەن.

تەنانەت ئەو کۆنتراکەتە فشۆڵە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەش بنکۆڵ دەکات کە زۆرجار پاڵپشتی ڕژێمە دیموکراسییە تازەکان دەکات. لەو ناوکۆیەی دەوڵەت تێیدا توانایەکی کەمی بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و دادوەری هەیە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەلێنەکە پڕدەکەنەوە و پاشان ئەو توانا و دەسەڵاتە کەمەی دەوڵەتیش لەبەین دەبەن. بەڵام لەو ناکۆیەی حیزبەکان تێیدا لاوازن، ڕەنگە کۆمەڵگەی مەدەنی بە هەڵمژین و قووتدانی ئەو وزە و بەهرەیەی خودی حیزبە سیاسییەکان پێویستییان پێی هەیە، زیان بە دیموکراسی بگەیەنێت. دەشێت کۆمەڵگەی مەدەنی، تەنانەت لە سیستمێکی سیاسی پڕلەکێشەشدا، لە خزمەتی شتێکی خراپتردا کار بکات (بیرمان لەم کتێبەدا). ڕەنگە هەوڵەکانی ئەو یارمەتییانەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەسەر کۆمەڵگەی سیاسی و بیناکردنی توانای دەوڵەتدا پەسەند دەکەن، بە نابەجێی و بەخراپی ئاراستە بکرێن. پێویستە لێرەدا ئەوەش بوترێت کە ژیانی سەندیکایی و ئەنجوومەنی دیموکراسی لە بنچینەکانی حوکمی فرەییدایە، بەڵام هەموو ژیانی ئەنجوومەنایەتی دیموکراسی نییە، تەنانەت ئەو سەندیکا و ئەنجوومەنانەی وەك بێلایەن دەردەکەون، لەوانەیە هێزە ستەمگەرەکان بەکاریان بهێنن. پەیامەکەی سلیگمان ئەم خاڵە دووپاتدەکاتەوە و ئاگاداریشمان دەکاتەوە لەوەی "بەئاگابین لەو گریمانە تایبەتانەی کە دەیدەینە پاڵ بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەرلەوەی هەوڵی پشتگیریکردنی ڕەندییەکانی لەسەرتاسەری جیهاندا بدرێت" (ئەم کتێبە).

گومانی تێدا نییە کە زۆرێك لەو هاوکارییانەی پێشکەش بە کۆمەڵگەی مەدەنی کراون، بەباشی خەرجکراون. ئەمەش یارمەتیدەرە تا هۆی هەبوونی پەیوەندی لە نێوان ئەو پارانەی بۆ هاوکاری دیموکراسی و خودی دیموکراتیزەکردندا خەرج کراون، ڕوون بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، گەر ئەو ئارگیومێنتانە دروست بن کە لەم کتێبەدا هاتوون، ئەوا پێویستە لەپێشبوون بۆ هەوڵەکانی پشتگریکردنی تواناکانی دەوڵەت بێت، لەگەڵ "دروستکردنی حیزبی سیاسی خاوەن دەسەڵات و پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ بازنە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی کۆمەڵایەتی" (مۆزەر لەم کتێبەدا). لەبەر ئەوەی وێنەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دەرەوە تەڵخ و شێواوە، ڕەنگە توانای لە یارمەتیدانی حیزبە سیاسییەکاندا سنووردار بێت. هەروەها ئەو بکەرە ناوچەییانەی پێیانوایە بە هۆی لێهاتوویانەوە دوارۆژێکی سیاسییان هەیە، حەز نەکەن بە پەیوەندی کردنیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان، ڕیسك بەئایندەیانەوە بکەن. بۆیە هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ ئەو بکەرانە دەبێت کە گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە (فیش لەم کتێبەدا).

بۆیە پێویستە هاوکارییەکانی ئەمەریکا کە لە ڕێی وەبەرهێنان لە بەرنامەکانی سیستمی حوکمڕانی و سەروەری یاساوە، تواناکانی دەوڵەت بونیات دەنێت، لە پێشینەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بێت. بەداخەوە، ئەو بەرنامانە لە ڕابردوودا لە ئەولەوییاتدا نەبوون، لە نێوان 1990و 2005دا، تەنها 29٪ لە پارەی هاوکارییەکان بۆ بەرنامەکانی سیستمی حوکمڕانی و 19٪ بۆ بەرنامەکانی سەرەوەری یاسا تەرخان کراون، کەچی نزیکەی 40٪ لە پارەی هاوکارییەکان بۆ بەرنامەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەرخان کراوە (سلیگسۆن و ئەوانی دی لەم کتێبەدا). لەگەڵ ئەوەشدا لە پێشبوونەکان دەگۆڕێن. ساڵی 2003، وەرگۆڕان لە خەرجییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بۆ سیستمی حوکمڕانی بەدیارکەوت (سلیگسۆن و ئەوانی دی لەم کتێبەدا). ڕەنگە ئەو وەرگۆڕانە لە ئەنجامی ئەو کۆتوبەندە تازانەوە بێت کە سەرکردە ستەمگەرەکان، بە هەڵگرتنی شوێن پێی پۆتن و چاولێکردنی، سەپاندیان بەسەر ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا (گێرسمان و ئەلین 2005). لەگەڵ ئەوەشدا، گەر ئارگیومێنتەکانی ئەم کتێبە ڕاست و دروست بن، ڕەنگە ئەم وەرگۆڕانە کاریگەری پۆزەتیڤیان هەبێت.

چ شتێك پێویستە وەلاوەبنرێت؟

ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بەلانیکەمەوە لە هێندێك لەو مەترسیانە دوور بکەوتایەتەوە کە لە ڕابردوودا سەرکەوتنی هاوکارییە دیموکراسییەکانی پەکدەخست، ئەگەری کاریگەری پۆزەتیڤانە زیاتر دەبوو. بۆ نموونە، زۆر زەرورییە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە نەدات کە دەکرێ واز لە دیموکراسی بهێنرێت. تەنانەت بەرنامەکانی هاوکاری دیموکراسیش کە زۆر بەوردی ئامادەکراون، زیانی پێدەگات، کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕەتیدەکاتەوە کار لەگەڵ ئەو حیزبانەدا بکات کە لە هەڵبژاردنە ئازادەکاندا، پشتگیری خەڵك بەدەست دەهێنن. زۆرێك پێیانوابوو پەرچەکرداری ئەمەریکا بەرامبەر بە سەرکەوتنی حیزبوڵلا-ی لوبنانی و بزوتنەوەی حەماس لە ناوچەکانی دەسەڵاتی فەڵەستینی لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پشتگیری ئەمەریکا بۆ دیموکراسی ساختە بووە. پەرچەکرداری ئەمەریکا لە دوای داگیرکردنی عێراق، ڕووبەڕووی گاڵتەجاڕی زۆرێك بووەوە، بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەرباری ئەوەش، پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خستنی دەمودەستی ئەو سەرکردانەی دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردن، دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، کارێکی پڕزیان و خراپە. کاتێك ئیدارەی بوش لە نیسان/ئەپریلی 2002دا، پشتیوانی کودەتا سەربازییەکەی دژ بە هوگۆ چاڤیز-ی کرد و ئامادەیی خۆی پێشاندا مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەنجوومەنە سەربازییە بکات کە بەڕوونی دەستووری فەنزەویلی پێشێل کردبوو، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو پەیامەی نارد کە پاڵپشتیکردنی ئەمەریکا بۆ دیموکراسی مەرجدارە (کۆپیدج 2007: 36-38). هەروەها کاتێك سوپای تایلەندی حکومەتەکەی تاکسین شیناوارتا (Thaksin Shinawarta)ی لە دەسەڵات دوور خستەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیامێکی نارد، بەوەی پشتیوانی کردنی بۆ دیموکراسی شلەتێن بووە. گەرچی حکومەتی ئەمەریکا گوێڕایەڵی یاسا تایبەتەکانی خۆی بوو، هاوکارییەکانی ئەمەریکای ڕاگرت کە 24 ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام دژایەتی ئەو کودەتا سەربازییەی نەکرد کە ئامادەیی بۆ دەکرا (وۆڵ ستریت جۆرناڵ 2006)، تەنانەت دوای کودەتاکەش، جۆن بۆڵتۆن (John Bolton)، باڵوێزی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەزمانێك کە جەنگی ساردی وەبیرمان دەهێنایەوە، وتی "پێمانوایە هێمنی و ئارامی شەقامەکان و پاراستنی دەستوورەکەیان

کارێکی گرنگە (سی ئین ئین 2006). ئەو پەیامانە ئاماژەیەك بوو بەوەی کە دەشێت بەرامبەر "هێمنی و ئارامی سەر شەقامەکان"، یا بەرژەوەندی کۆمەڵە بکەرێك دژ بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵەکانی دی، قوربانی بە دیموکراسی بدرێت، جێمتمانەیی هەوڵەکانی دیموکراسی ئەمەریکی بنکەن دەکات. بۆیە پێویستە بڕیاردەرانی سیاسەتی ئەمەریکی، خۆیان لە ناردنی ئەوجۆرە پەیامە بەدوور بگرن.

هەروەها پێویستە بڕیاردەرانی سیاسەتی ئەمەریکا، خۆیان لەجیاکردنەوەی هاوکارییەکانی دیموکراسی لە بەرنامەکانی گەشەسەندنی ئابوری بەدوور بگرن. بەدەیان توێژینەوە ئەوەیان دەرخستووە کە گەشەسەندنی ئابوری، گوڕوتینی ئارەزووی دیموکراتیزەکردن و توانای چەسپینی دیموکراسی بەهێز دەکات. وتارەکانی ئەم کتێبە پشتگیری ئەم بیرۆکەیە دەکەن. گەشەسەندنی ئابوری، هەر بەڕاستی "ژێوەر- حیوی"یە، هەروەکو چیرۆت دەڵێت، هەروەها خاووخلیچکیشی لە شوێنانی وەك میسر، یارمەتی سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەکان دەدا (بیرمان، چیرۆت، سلیگسۆن و ئەوانی دی، لەم کتێبەدا، ویکمان 2002). لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئێستادا، بەزۆری هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ هاوکاری کردنی دیموکراسی و ئامادەکردنی سیاسەتێکی ئابوری، کار بە ئامانجی دژبەیەك دەکەن. پشتیوانی ئەمەریکا بۆ ڕیفۆرمە ئابورییە لیبراڵییە تازەکان، میراتییەکی جێهشتووە ئەو ڕیفۆرمە سیاسییە بنکەن دەکات کە هاوکارییەکانی دیموکراسی بەهێز و پتەوی دەکات. ئەو میراتییە لە ناو دەوڵەت و کۆمەڵگەدا بەتەواوەتی ڕوون و ئاشکرایە.

بەڵام میراتی لەناوخۆی دەوڵەتدا، پێداگری لەسەر بەلیبراڵیزەکردنی ئابوری، ئەو دامەزراوانە بنکەن دەکات کە بەرنامەکانی دیموکراسی هەوڵ بۆ بەهێزکردنیان دەدات. بەرنامەکانی بەلیبراڵیزەکردنی ئابوری، ئەو فەرمانڕەوا بەتواناییانە بەهێز دەکەن کە لەسەر بنەمای تەکنۆکرات، بڕیاری توند دەدەن و گوشاری حیزب و پەرلەمان و گرووپەکانی بەرژەوەندی بەهەند وەرناگرن. بەرنامەکانی هاوکاریکردنی دیموکراسی هەوڵ دەدەن پشتگیری ئەو دامەزراوانە بکەن کە بەزۆری ڕیفۆرمیستە نیو-لیبراڵەکان خۆیانی لێ لادەدەن. بەهێزکردنی حیزب و پەرلەمان و گرووپە مەدەنییەکان بە دیارترین ئامانجی بەرنامەکانی هاوکارییە دیموکراسییەکان دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مۆدێلە ئابورییەی بڕیاردەری تەکنۆکرات و سەربەخۆیی دەسەڵاتی جێبەجێکار پەسەند دەکات، بەهێزکردنی ئەو

دامەزراوانە زەحمەت دەكات. سەرباری هەوڵە مەزنەكان و بەخشینی ملیۆنان دۆلار، بەڵام حیزبە سیاسییەكان و پەرلەمان و گرووپە مەدەنییەكان، لە زۆربەی دیموكراسییە تازەكاندا، بە شێوەیەكی ئابرووبەرانە، بەلاوازی دەمێننەوە. لە ڕاستیدا، ئەو مۆدێلە ئابورییە هەژمونداره‌ی كە سەربەخۆیی دەسەڵاتی جێبەجێكار پەسەند دەكات، دەستیاری ڕاڤەركردنی هۆكارەكە دەكات.

ناهاوئاهەنگی نێوان بەرنامەكانی گەشەسەندنی ئابوری و بەرنامەكانی هاوكاریكردنی دیموكراسی، كاریگەری كۆمەڵایەتییان هەیە كە لە سوود و قازانجی پڕۆژەی دیموكراسی كەم دەكەنەوە. مۆدێلی نیو-لیبراڵ لە هێندێك وڵاتدا، گەشەسەندنی ئابوری بەهێز كردووە، بەڵام دوو میراتی جێهشتووە كە گەشەسەندنی دیموكراسی پەكدەخەن. میراتی یەكەم، بریتییە لە ئاستێكی بەرز لە نایەكسانی ئابوری. بەزۆری ئەو هاوڵاتییە نەدارانە دوور دەكەونەوە كە هەست دەكەن لەو ئابورییە جیهانییەی بەتەواوەتی لە سیاسەتەوە سەرهەڵدەدا، ئاوارتە دەكرێن، لەجیاتی ئەوەش، وردئاگاییان دەخەنەسەر ململانێی ڕۆژانە بۆ ئەوەی پێداویستییە سەرەكییەكانیان دابین بكەن. زۆرجار ئەو هاوڵاتییە نەدارانەی كە لەڕووی سیاسییەوە مۆبێلیزەكراون، دەبنە خەڵكانێكی تینوی دەركپێكراو بۆ ئەوەی سامانەكان یەكسەریی دابەش بكەنەوە. هەر یەك لەو دوو پەرچەكردارە قۆرت بۆ پێشكەوتنی ئەو دیموكراسییە دروست دەكەن كە ویلایەتە یەكگرتووەكان پێی باشە پشتگیریان بكات. بێباكی لە تواناكانی نوێنەرایەتی كردن و لێپرسینەوە بنكەن دەكات، ئەمە لە كاتێكدا مۆبێلیزەی زیاد لە پێویست، توانای سازشكردن لەنێو دەبات و بەشداری لە جەمسەرگیری سیاسیی توند دەكات.

ئەو وشیارییە گەشەكردووە (و وردە)ی پێیوایە، هەموو هێزە بیانییەكان ڕۆڵێكی وێرانكار لە دروستكردنی سیاسەتی نیشتمانیدا دەگێڕن، ئەركی هاوكاریكردنی دیموكراسی ئاڵۆزتر دەكات. بەڵام میراتی دووەم بۆ مۆدێلی گەشەسەندنی نیو-لیبراڵ، زیاتر هانی بانگەشەی سەربەخۆیی نیشتمانیی دەدات - ئەو بانگەشانە وادەكات تەنانەت بە گومانەوە لە دەستپێشخەریی هاوكارییە نیاز پاكەكانی ئەمەریكاش، بڕوانرێت. لە پاڵ ئەو وێنا وردەی زۆربەی جار پێیوایە پەرلەمان و حیزبە سیاسییە سەرەكییەكان لاوازن، ئەوا ئەنگیزەی دووهێندەیی بۆ چارەسەركردنی دەمودەستی نایەكسانی و زیادبوونی سەربەخۆیی نیشتمانی،

ژینگەیەکی بەپیت بۆ پۆلۆلیزم بەرهەم دەهێنێت. بە ڕێکەوت نییە کە هوگۆ چاڤیز، تاکسین سیناوارتا، ئیڤۆ مۆڕالیس (Evo Morales)، خوان کوریا (Juan Correa) و پۆپۆلیستەکانی دیکە، شەعبییەت لەو کەرتانەی کۆمەڵگەوە بەدەست دەهێنن کە هەستیان بە سوود و قازانجی ڕیفۆرمەکانی نیو-لیبراڵ نەکردووە. دیسانەوە ڕێکەوت نییە کە گشت ئەو سەرکردانە بەرامبەر بە بەرنامەکانی هاوکاری دیموکراسی ئەمەریکی، بانگەوازی وڵاتپارێزی بە وێنا میللییەکان ڕەنگڕێژ دەکەن.

لەبەر ئەوەی پابەندبوونی ئەمەریکا بەرامبەر مۆدێلی گەشەسەندنی نیو-لیبراڵ لە ئایندەیەکی نزیکدا ناگۆڕێت، بۆیە ئەرکەکە دەکەوێتە ئەستۆی لایەنگرانی هاوکاریکردنی دیموکراسی بەوەی سیاسەتێك بگرنەبەر ئەو میراتییە نەرێنییە قەرەبوو بکەنەوە کە لەسەرەوە باسیان لێوەکراوە. وێنەی "س3" ئەوجۆرە سیاسەتە قەرەبووگەرا دەمودەست پێویستە، ڕوون دەکاتەوە.

زۆربەی ئەو دیموکراسییە تازانەی لە ساڵی 1991ەوە پەیدابوون، دیموکراسییەکی زۆر هەژارن، چونکە هیچ یەکێك لەو دیموکراسییانە لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا، زیادەیەکی ئەوتۆیان لە کۆی بەرهەمی خۆماڵیدا نەبووە کە شایانی باس بێت. ئەوجۆرە ڕژێمە تازانە، سەرباری هەموو شتێك، بە دیموکراسی دادەنرێن، بەڵام ژێرخانی دامەزراوەیی و چینایەتیان لاوازە کە لە ڕابردوودا بەدیموکراتیزەکردنی سیستمی سیاسی بەستراونەوە. تەنها حەقیقەتی پەیدابوونیان، بەئەنجامی سەرکەوتنی دیموکراسی وەك بیرۆکە دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەو وتارانەی لەم کتێبەدا هاتوون (و تێکڕاییەکەی لە ئەدەبیاتێکی گەورەتردا هەیە)، ڕاست و دروست بن، ئەوا چەسپینی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا زۆر زەحمەت دەبێت، ئەمە ئەگەر ئەستەم نەبێت. بەڵام گەر ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بڕیاری یارمەتیدانی ئەو دیموکراسیانەدا ڕاستگۆ بێت، دەبێ بەرنامەی هاوکارییەکانی قەرەبووی میراتییە نەرێنییەکەی نیو-لیبراڵ بکاتەوە. دەبێ ئەو بەرنامانە لەگەڵ بەرنامەکانی ئەو هاوکارییە دیموکراسییە ڕێك بخرێن کە لە واقیعدا گەشەسەندن بەهێز دەکات. ئەو سەرچاوە کەمانەی لە ئێستادا بۆ هاوکاری دیموکراسی تەرخان کراون، هەرگیز لەگەڵ ئەم ئەرکەدا ناگونجێن. بۆیە پێویستە لەپێشبوونی بودجەی تەرخانکراو بگۆڕێت.

هەروەها پێویستە ئەو ئارگیومێنتە ئەرکگەرایانەش بگۆڕێن کە بۆ بەرگریکردن لە هاوکارییەکانی دیموکراسی بەکاردەهێنرێن، چونکە ئەو ئارگیومێنتانە دەرئەنجامی پێچەوانەییان لێدەکەوێتەوە. چێوەکردنی (تأطیر) هاوکاریکردنی دیموکراسی وەك چەکێك لە جەنگی ئەمەریکا دژ بە تیرۆر، کێشە و گرفتی زۆر لەخۆدەگرێت. سەرەتا بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەوەی دیموکراسی بەرگری (مناعة) دژەتیرۆر بەردەست دەکات. مێژووی دوورودرێژی ڕێکخراوی "ئیتا" لە ئیسپانیا، سوپای کۆماری ئێرلەندا لە بریتانیا، سوپای نوێی میللی لە فیلیپین و بەورەکانی تامیل لە سریلانکا، بەرەو دەرئەنجامی پێچەوانەمان دەبات. تەنانەت کەسە سەرەکییەکانی هێرشەکەی یازدەی ئەیلول/ سیپتەمبەر، لەو وڵاتانەوە هاتوون کە ڕژێمی ستەمگەری تێیاندا باڵادەستە، کەچی ئەنجامدەرانی هێرشە تیرۆریستەکانی ئیسپانیا و بریتانیا (خاتووی نووسەر ئاماژە بەو تەقینەوانە دەکات کە لە 2004/3/11دا لە میترۆی مەدرید ڕوویاندا، 191 قوربانی لێکەوتەوە، هێرشە خۆکوژییەکەی لەندەنیش لە 2005/7/7دا، 52 کوژراو زیاد لە 700 بریندراری لێکەوتەوە)، نیشتەجێی وڵاتە دیموکراسییەکان بوون. بەڵام چێوەکردنی هاوکاریکردنی دیموکراسی، وەك چەکێك بۆ پاراستنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە تیرۆر، ئاماژە بۆ خوێندنەوەیەکی بژاردەیی بۆ مێژوو دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم چوارچێوەیە بەشێوەیەکی ئابرووبەرانە خزمەتی بەرژەوەندییەکان دەکات، بۆیە ئاماژەی خوێندنەوەیەکی هەڵەیە بۆ جەماوەری هاوکارییەکە. هەروەها ئاماژەیەکە لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی پێشناکەوێت، لەبەر ئەوەی خۆی لە خۆیدا شتێکی باشە، یا لەبەر ئەوەی بە قازانجی وڵاتە بەشداربووەکان دەگەڕێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندیی زلهێزەکان دەکات. ڕەنگە ئەو ئارگیومێنتە سوودگەرایە لە کۆنگرێسی ئەمەریکا سوودبەخش بێت، بەڵام لە دەرەوە تەنها بەشەرعەنەکردنی گومانبردن، هەوڵی هاوکارییەکانی ئەمەریکا پەکدەخات.



وێنەی س-3: کۆی بەرهەمی ناوخۆ بۆ هەر تاکەکەسێك لەو وڵاتانەی لە رێی هەڵبژاردنەوە بوون بەدیموکراسی (1991 - 2003).

ئەو پەیامە ئەرکگەرایەی پێیوایە دیموکراسی بە ئاشتی دادەمەزرێت (نەك بەسادەیی کۆتایی هێنان بە تیرۆر)، سەرلەنوێ هێندێك بیرکردنەوەی گەرەکە. گرفتەکەی ئەم پەیامە، تەنها لەبەر ئەوە نییە خزمەت بە بەرژەوەندییە خودییەکان دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە واقیعی نییە. بەڵگەیەکی زۆروزەوەند هەیە لەسەر ئەوەی دیموکراسییە چەسپیوەکان جەنگ لە دژی یەکتری هەڵناگیرسێنن (دۆیڵ 1986)، بەڵام ئەو ڕژێمانەی هاوکاری دیموکراسی وەردەگرن، دیموکراسی چەسپیو نین. لە ڕاستیدا، ڕەنگە ئەو ڕژێمانە هەرگیز بە دیموکراسی نەبن. ئەو وتارانەی لەم کتێبەدا هاتوون، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە قۆناغە بەراییەکانی گۆڕینی ڕژێم، ڕەنگە لێوانلێو بن لە ئاژاوە و پشێوی. هەر یەك لە مانسفێڵد و سنایدەر گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە دیموکراسییە سەرەتاییەکان، بەزۆری شەڕەنگێزن. هەروەها هەر یەك لە چیرۆت و بیرمان، پێیانوایە توندوتیژی، بەپێی داخوازییەکانی دیموکراتیزەکردنی سەرکەوتوو، بەشێکی دانەبڕاوی پرۆسەی بیناکردنی دەوڵەت پێکدەهێنێت. توێژینەوەیەکی تازەی چەندێتی پێشنیازی ئەوە دەکات کە دیموکراسی لە وڵاتە هەژارەکاندا بەپراکتیکی لە ئەگەری ڕوودانی توندوتیژی سیاسیی ناوخۆ زیاد دەکات. دەوڵەت لە دیموکراسییە هەژارەکاندا توانای بەرپێگرتنی یاخیبوونەکانی نییە، هەر کاتێك یاخیبوونێك سەرهەڵدەدا، خودی دامەزراوە دیموکراسییەکان، ڕێگە نادەن تەکنیکەکانی سەرکووتکردنی تایبەت بەخۆی بەکاربهێنێت. هەر چەندە دیموکراسی "لە ئاستە باڵاکانی داهاتدا پشتگیری لە ئاشتی دەکات"، کەچی بە پراکتیکی ئەگەری یاخیبوونی چەکداری لەو وڵاتانەدا زیاد دەکات کە کۆی داهاتی ناوخۆ بۆ تاکەکەس لە خوار ئاستی 2750 دۆلارەوە بێت (کۆلییر و ڕۆهنەر 2007: 2-4). ئابوری هەموو وڵاتە دیموکراسییەکانی هەڵبژاردن، جگە لە سێ وڵاتیان، کە لە ساڵی 1991 دەرکەوتن، لەخوار ئەو ئاستەیە (بڕوانە وێنەی "سی3"). کارێکی سەیرو نامۆ نییە کە زۆرێك لەو دیموکراسییانە، بەدەست ئاستبەرزی توندوتیژی سیاسییەوە دەناڵێنن و هێندێکیشیان لایاندا و سەرلەنوێ بەرەو ڕژێمی ستەمگەری گەڕانەوە. بۆیە زەرورییە بەرنامەکانی هاوکاریکردنی دیموکراسی ئەمەریکی ئەو ڕاستیانە لەبەرچاو بگرن. هەروەها دەبێت ئەو ستراتیجییانەی ئاشتی زامن دەکات، ببێتە هەرە لەپێشبوونی بەرنامەکانی هاوکاریکردنی دیموکراسی (کۆلییرو ڕۆهنەر 2007: 3). هەروەها پێویستە ئەو ستراتیجییانە سوپای دیموکراسی دروست بکەن، هەروەکو بارانی ئاماژەی پێدەدا، بەڵام دەبێ پشتگیریکردنی کۆمەڵەیەکی فراوانیش لە

دامەزراوە مەدەنییەکان لەخۆبگرێت کە بەرپرسیارێتی سەروەری یاسا هەڵبگرن. لێرەدا پێویستە ئەوەش بوترێت کە دامەزراندنی دیموکراسی شەرعی لەڕووی مێژووییەوە، کارکردنێکی نەپساوەی چەندین نەوەی گەرەکە (چیرۆت لەم کتێبەدا)، لەمرۆدا هۆیەك نییە کە پێشبینی پێ بکەین پرۆسەکە بەخێراییەکی زۆر جۆڵە پێ بکات. بەهەر حاڵ دەبێ هێزە لۆکاڵییەکان، داینەمۆی دامەزراندنی دیموکراسی شەرعی بن. هەروەها پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بکەرە بیانییەکانی دیکە، لەسەر هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان یارمەتی و دەستوەردان هەنگاو بنێن. دەبێ واز لە ئەفسانەکانی ئەرکگەرا بهێنن کە دیموکراسی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. لەبەر ئەوەی دیموکراسی هەمیشە بەپێی ناکۆیەکان و بەپێی کات، هەمەچەشن و هەمەڕەنگ دەبێت، بۆیە پێویستە دیموکراسی بە چییەتییەکەی وەربگیرێت، نەك ئەوەی ئەنجامی دەدات.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

سەرچاوەکان

Bibliography

Absalom, Roger. 1995. Italy Since 1800: A Nation in the Balance? New York: Longman.

African Elections Database. 2007 <http://africanelections.tripod.com/>.

African Union. 2007. Meeting of the Draft African Charter on Democracy, Elections and Governance and on the Lome Declaration, April 6–7 ´ <www.africaunion.org/root/au/conferences/past/2006/april/pa/apr7/meeting.htm>.

Aguero, Felipe. 1995. ¨ Soldiers, Civilians, and Democracy: Post-Franco Spain in Comparative Perspective. Baltimore, MD: Johns Hopkins University Press.

Aguero, Felipe. 2002. “A Political Army in Chile: Historical Assessment and ¨
Prospects for the New Democracy.” In Kees Koonings and Dirk Kruijt, eds.,
Political Armies: The Military and Nation Building in the Age of Democracy. New
York: Zed Books.

Agulhon, Maurice. 1995. The French Republic 1879–1992. Trans. Antonia Nevill.
Cambridge, MA: Blackwell.

Ajami, Fouad. 1986. The Vanished Imam: Musa Sadr and the Shia of Lebanon. Ithaca,
NY: Cornell University Press.

Ajami, Fouad. 1995. “The Sorrows of Egypt.” Foreign Affairs 74: 72–88.

Alesina, Alberto. 1991. “Comment.” In Rudiger Dornbusch and Sebastian
Edwards, eds., The Macroeconomics of Populism in Latin America. Chicago: University of Chicago Press.

Alfons´ın, Raul. 1995. “The Transition toward Democracy in a Developing Coun- ´
try: The Case of Argentina.” In Daniel N. Nelson, ed., After Authoritarianism:
Democracy or Disorder? Westport, CT: Greenwood Publishing Group, Inc.

NAM HUMANITARIAN FOUNDATION

Allison, Graham T., Jr., and Robert P. Beschel. 1992. “Can the United States
Promote Democracy?” Political Science Quarterly 107: 81–89.
Almond, Gabriel, and Sidney Verba. 1963. The Civic Culture. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Al-Sayyid, Mustapha. 1995. “A Civil Society in Egypt?” In Augustus Richard
Norton, ed., Civil Society in the Middle East. New York: E. J. Brill.
Anderson, Benedict. 1991. Imagined Communities. London: Verso.
Anderson, Olive. 1967. A Liberal State at War. London: Macmillan.
265266 Bibliography
Anglin, Douglas G. 1998. “International Election Monitoring: The African Experience.” African Affairs 97: 471–495.
Arceneaux, Craig L. 2001. Bounded Missions: Military Regimes and Democratization
in the Southern Cone and Brazil. University Park: Pennsylvania State University
Press.
Arendt, Hannah. 1958. On the Human Condition. Chicago: University of Chicago
Press.
Arendt, Hannah. 1973. The Origins of Totalitarianism. New York: Harcourt Brace
Jovanovich.
Bagehot, Walter, and Norman St. John-Stevas. 1965. Bagehot’s Historical Essays.
Garden City, NY: Anchor.
Balibar, Etienne, and Immanuel Wallerstein. 1991. Race, Nation, Class: Ambiguous
Identities. London: Verso.
Balze, Felipe A. M. de la 1995. Remaking the Argentine Economy. New York: Council
on Foreign Relations.
Banac, Ivo. 1984. The National Question in Yugoslavia. Ithaca, NY: Cornell University
Press.
Banti, Alberto Mario. 2000. “Public Opinion and Associations in Nineteenth Century Italy.” In Nancy Bermeo and Philip Nord, eds., Civil Society Before Democracy: Lessons from Nineteenth-Century Europe. New York: Rowan and Littlefield.
Banting, Keith, and Richard Simeon. 1983. “Federalism, Democracy, and the

Constitution.” In Keith Banting and Richard Simeon, eds., And No One Cheered:
Federalism, Democracy, and the Constitution Act. Toronto: Methuen.
Barany, Zoltan. 1997. “Democratic Consolidation and the Military.” Comparative
Politics 30: 21–44.
Barany, Zoltan. 2003. The Future of NATO Expansion: Four Case Studies. New York:
Cambridge University Press.
Barany, Zoltan. 2006. “NATO’s Post-Cold War Metamorphosis: From 16 to 26 and
Counting.” International Studies Review 8: 165–178.
Barany, Zoltan. 2007. Democratic Breakdown and the Decline of the Russian Military.
Princeton, NJ: Princeton University Press.
Barany, Zoltan. 2008. “Civil-Military Relations and Institutional Decay: Explaining Russian Military Politics.” Europe-Asia Studies 60: 581–605.
Barany, Zoltan, and Lawrence S. Graham. 1994. Democratic Transitions and CivilMilitary Relations: Comparing Eastern and Southern Europe. Grant report prepared
for NATO.
Barber, Benjamin. 1973. The Death of Communal Liberty: A History of Freedom in a
Swiss Mountain Canton. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Barkan, Joel. 1995. “Elections in Agrarian Societies.” Journal of Democracy 6: 106–
116.
Barkey, Karen, and Mark Von Hagen. 1997. After Empire: Multiethnic Societies and
Nation-Building. Boulder, CO: Westview Press.
Bartholomeusz, Tessa J., and Chandra R. De Silva, eds. 1998. Buddhist Fundamentalism and Minority Identities in Sri Lanka. New York: State University of New
York Press.Bibliography 267
Bayat, Asef. 1998. “Revolution without Movement, Movement without Revolution: Comparing Islamic Activism in Iran and Egypt.” Comparative Studies in
Society and History 40: 136–169.
Bebler, Anton. 1996. “Civil-Military Relations in Slovenia.” In Constantine P.

Danopoulos and Daniel Zirker, eds., Civil-Military Relations in the Soviet and
Yugoslav Successor States. Boulder, CO: Westview Press.
Bejczy, Istvan. 1997. "Tolerantia: A Medieval Concept." Journal of the History of
Ideas 58: 365–384.
Bell, Daniel A. 2006. Beyond Liberal Democracy: Political Thinking for an East Asian
Context. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Bellah, Robert, Richard Madsen, William Sullivan, Ann Swidler, and Steven
Tipton. 1985. Habits of the Heart: Individualism and Commitment in American Life.
Berkeley: University of California Press.
Belmont, Katharine, Scott Mainwaring, and Andrew Reynolds. 2002. "Introduction: Institutional Design, Conflict Management, and Democracy." In Andrew
Reynolds, ed., The Architecture of Democracy: Constitutional Design, Conflict Management, and Democracy. New York: Oxford University Press.
Berman, Sheri. 1997. "Civil Society and the Collapse of the Weimar Republic."
World Politics 49: 401–429.
Berman, Sheri. 2003. "Islamism, Revolution, and Civil Society." Perspectives on
Politics 1: 257–272.
Berman, Sheri. 2008. "Taming Extremist Parties: Lessons from Europe." Journal
of Democracy 19: 5–18.
Bermeo, Nancy. 1992. "Surprise, Surprise: Lessons from 1989 and 1991." In
Nancy Bermeo, ed., Liberalization and Democratization: Change in the Soviet Union
and Eastern Europe. Baltimore, MD: Johns Hopkins University Press.
Bermeo, Nancy. 1999. "Myths of Moderation: Confrontation and Conflict during
Democracy Transition." In Lisa Anderson, ed., Transitions to Democracy. New
York: Columbia University Press.
Bermeo, Nancy, and Phil Nord, eds. 2000. Civil Society Before Democracy: Lessons from

Nineteenth-Century Europe. New York: Rowan and Littlefield Publishers.
Bertrand, Jacques. 2004. Nationalism and Ethnic Conflict in Indonesia. Cambridge,
UK: Cambridge University Press.
Birnir, Johanna. 2004. “Stabilizing Party Systems and Excluding Segments of
Society?: The Effects of Formation Costs on New Party Foundation in Latin
America.” Studies in Comparative International Development 39: 3–27.
Black, Earl, and Merle Black. 2002. The Rise of Southern Republicans. Cambridge,
MA: Harvard University Press.
Blackbourn, David. 1984. “Between Resignation and Volatility: The German
Petite Bourgeoisie in the Nineteenth Century.” In Geoffrey Crossick and
Heinz-Gerhard Haupt, eds., Shopkeepers and Artisans in 19th Century Europe.
London: Methuen.
Bleicken, Jochen. 1994. Die Athenische Demokratie. 2nd ed. Paderborn: Schoningh. ¨
Boix, Carles. 1999. “Setting the Rules of the Game: The Choice of Electoral Systems in Advanced Democracies.” American Political Science Review 93: 609–624.268 Bibliography
Boix, Carles. 2003. Democracy and Redistribution. Cambridge: Cambridge University
Press.
Boix, Carles. 2005. “Constitutions and Democratic Breakdowns.” Working Paper
2005/222. Centro de Estudios Avanzadas en las Ciencias Sociales, Fundacion ´
Juan March.
Boix, Carles. 2006. “The roots of democracy.” Policy Review 135: 3–21.
Boix, Carles, and Susan C. Stokes. 2003. “Endogenous Democratization.” World
Politics 55: 517–549.
Boone, Catherine. 2003. Political Topographies of the African State. Cambridge: Cambridge University Press.

Boonstra, Jos. 2007. “OSCE Democracy Promotion: Grinding to a Halt?” FRIDE
Working Paper 44, October.
Bratton, Kathleen A., and Leonard P. Ray. 2002. “Descriptive Representation,
Policy Outcomes, and Municipal Day-Care Coverage in Norway.” American
Journal of Political Science 46: 428–437.
Bratton, Michael. 2007. “Formal versus Informal Institutions in Africa.” Journal of
Democracy 18: 96–110.
Bremmer, Ian. 2006. The J Curve: A New Way to Understand Why Nations Rise and
Fall. New York: Simon and Schuster.
Bresser Pereira, Luiz Carlos. 1993. “Economic Reforms and Economic Growth:
Efficiency and Politics in Latin America.” In Luiz Carlos, Bresser Pereira, Jose´
Mar´ıa Maravall, and Adam Przeworski, eds., Economic Reforms in New Democracies: A Social-Democratic Approach. Cambridge: Cambridge University Press.
Bresser Pereira, Luiz Carlos, Jose Mar ´ ´ıa Maravall, and Adam Przeworski, eds.
1993. Economic Reforms in New Democracies: A Social-Democratic Approach. New
York: Cambridge University Press.
Brown, Michael E., Sean M. Lynn-Jones, and Steven E. Miller. 1996. Debating the
Democratic Peace. Cambridge, MA: MIT Press.
Bruneau, Thomas C. 2006. “Introduction.” In Thomas C. Bruneau and Scott D.
Tollefson, eds., Who Guards the Guardians and How: Democratic Civil-Military Relations. Austin: University of Texas Press.
Bruneau, Thomas C., and Richard P. Goetze, Jr. 2006. “Ministries of Defense and
Democratic Control.” In Thomas C. Bruneau and Scott D. Tollefson, eds., Who
Guards the Guardians and How: Democratic Civil-Military Relations. Austin: University of Texas Press.
Bruneau, Thomas C., and Scott Tollefson, eds. 2006. Who Guards the Guardians and

MHF
HUMANITARIAN
FOUNDATION

How: Democratic Civil-Military Relations. Austin: University of Texas Press.
Bunce, Valerie. 2003. "Rethinking Recent Democratization: Lessons from the
Postcommunist Experience." World Politics 55: 167–192.
Bunce, Valerie J., and Sharon L. Wolchik. 2006. "Favorable Conditions and Electoral Revolutions." Journal of Democracy 17: 5–18.
Bunce, Valerie J., and Sharon L. Wolchik. 2006. "International Diffusion and
Postcommunist Electoral Revolutions." Communist and Post-Communist Studies
39: 283–304.Bibliography 269
Burk, James. 2001. "The Military's Presence in American Society, 1950–
2000." In Peter D. Feaver and Richard H. Kohn, eds., Soldiers and Civilians:
The Civil-Military Gap and American National Security. Cambridge, MA: MIT
Press.
Burke, Edmund. 1839. Works of Edmund Burke. Vol. 4. Boston: Little and Brown.
Burke, Edmund. 1958–1978. The Correspondence of Edmund Burke. Vol. 7. Thomas
W. Copeland, ed. Chicago: University of Chicago Press.
Burnell, Peter. 1997. "The Changing Politics of Foreign Aid: Where to Next?" State
of the Art 17: 117–25.
Burnell, Peter J., ed. 2000. Democracy Assistance: International Co-operation for Democratization. Portland, OR: Frank Cass and Co., Ltd.
Burton, Michael, Richard Gunther, and John Higley. 1992. "Introduction: Elite
Transformations and Democratic Regimes." In Richard Gunther and John
Higley, eds., Elites and Democratic Consolidation in Latin America and Southern
Europe. New York: Cambridge University Press.
Buruma, Ian. 2007. "The 'King Never Smiles': A Biography of Thailand's Bhumibol Adulyadej." New York Review of Books 54: 43–45.

MHP
MAHAMANTANAN
FOUNDATION

Butora, Martin. 2007. “Nightmares From the Past, Dreams of the Future.” Journal
of Democracy 18: 47–55.
Caiazza, Amy. 2004. “Does Women’s Representation in Elected Office Lead to
Women-Friendly Policy? Analysis of State-Level Data.” Women and Politics 26:
35–70.
Callaghy, Thomas M. 1993. “Political Passions and Economic Interests: Economic
Reform and Political Structure in Africa.” In Thomas M. Callaghy and John
Ravenhill, eds., Hemmed In: Responses to Africa’s Economic Decline. New York:
Columbia University Press.
Campbell, David E., and Christina Wolbrecht. 2006. “See Jane Run: Women
Politicians as Role Models for Adolescents.” Journal of Politics 68: 233–247.
Canon, David T. 1999. Race, Redistricting, and Representation: The Unintended Consequences of Black Majority Districts. Chicago: University of Chicago Press.
Carapico, Sheila. 2002. “Foreign Aid for Promoting Democracy in the Arab
World.” The Middle East Journal 56: 379–395.
Carothers, Thomas. 1991. In the Name of Democracy: U.S. Policy toward Latin America
in the Reagan Years. Berkeley: University of California Press.
Carothers, Thomas. 1996. Assessing Democracy Assistance: The Case of Romania.
Washington, DC: Carnegie Endowment Book.
Carothers, Thomas. 1997. “The Observers Observed.” Journal of Democracy 8: 17–
31.
Carothers, Thomas. 1999. Aiding Democracy Abroad: The Learning Curve. Washington, DC: Carnegie Endowment for International Peace.
Carothers, Thomas. 2004. Critical Mission: Essays on Democracy Promotion. Washington, DC: Carnegie Endowment for International Peace.
Carothers, Thomas. 2007. “A Quarter-Century of Promoting Democracy.” Journal

of Democracy 18: 112–115.270 Bibliography
Carothers, Thomas, and Marina Ottaway. 2005. Uncharted Journey: Promoting
Democracy in the Middle East. Washington, DC: Carnegie Endowment for International Peace: Brookings Institution Press, distributor.
Carroll, Royce, Gary W. Cox, and Monica Pachon. 2006. “How Political Parties
Create Democracy, Chapter 2.” Legislative Studies Quarterly 31: 153–174.
Casanova, Jose. 1994. Public Religions in the Modern World. Chicago: University of
Chicago Press.
Centeno, Miguel A. 2002. Blood and Debt: War and the Nation-State in Latin America.
University Park, PA: Pennsylvania State University Press.
Chang, Yu-Tzung, Yun-han Chu, and Chong-Min Park. 2007. “Authoritarian
Nostalgia in Asia.” Journal of Democracy 18: 66–80.
Chirot, Daniel. 2006. “The Debacle in Cote d’Ivoire.” ˆ Journal of Democracy 17: 63–
77.
Chirot, Daniel, and Clark McCauley. 2006. Why Not Kill Them All? Princeton, NJ:
Princeton University Press.
Clark, William, and Matt Golder. 2006. “Rehabilitating Duverger’s Theory – Testing the Mechanical and Strategic Modifying Effects of Electoral Laws.” Comparative Political Studies 39: 679–708.
Clay, Henry. 1961. The Papers of Henry Clay. 14 vols. James F. Hopkins and Margaret W. M. Hargreaves, eds. Lexington, KY: University of Kentucky Press.
Clements, Benedict J. 1988. Foreign Trade Strategies, Employment, and Income Distribution in Brazil. New York: Praeger.
CNN, September 19, 2006.
Cobb, Richard. 1998. The French and Their Revolution. London: John Murray.
Coes, Donald. 1991. “Brazil.” In Michael Michaely, ed., Liberalizing Foreign Trade.
Vol. 4. Cambridge, MA: Basil Blackwell.
Collier, Paul, and Dominic Rohner. 2007. Democracy, Development, and Conflict.
Working Paper. Oxford University.

MHF
HUMANITARIAN
FOUNDATION

Collier, Paul, and Dominic Rohner. 2008. “Democracy, Development, and Conflict.” Journal of the European Economic Association 6: 531–540.

Colomer, Josep M. 2001. Political Institutions: Democracy and Social Choice. New York: Oxford University Press.

Colton, Timothy J., and Cindy Skach. 2005. “The Russian Predicament.” Journal of Democracy 16: 117–119.

Commonwealth Human Rights Initiative. 1999. Best Practices of Participatory Constitution Making <http://www.humanrightsinitiative.org/programs/ai/const/india/practices.htm>.

Coppedge, Michael. 2007. “In Defense of Polyarchy.” NACLA Report on the Americas 40: 36–45.

Corrales, Javier. 2006. “Power Asymmetries and the Origins of Self-Enforcing Constitutions: Venezuela since 1945, Latin America in the 1990s, and the United States in 1787.” Paper presented at the annual meeting of the American Political Science Association, Philadelphia, PA, August 31.

Cox, Gary W. 1997. Making Votes Count: Strategic Coordination in the World’s Electoral Systems. Cambridge: Cambridge University Press.Bibliography 271

Crabtree, John, and Lawrence Whitehead. 2001. Toward Democratic Viability: The Bolivian Experience. New York: Palgrave.

Crawford, Gordon. 2001. Foreign Aid and Political Reform: A Comparative Analysis of Democracy Assistance and Political Conditionality. New York: Palgrave.

Crook, Richard C. 1997. “Winning Coalitions and Ethno-Regional Politics: The Failure of Opposition in the 1990 and 1995 Elections in Cote d’Ivoire.” African Affairs 96: 215–242.

Crouch, Harold A. 1996. Government and Society in Malaysia. Ithaca, NY: Cornell University Press.

Cunsolo, Ronald. 1990. Italian Nationalism. Malabar, FL: Krieger.

Dahl, Robert. 1971. Polyarchy: Participation and Opposition. New Haven: Yale University Press.
Dahl, Robert. 1982. Dilemmas of Pluralist Democracy. New Haven: Yale University
Press.
Dahl, Robert. 1998. On Democracy. New Haven: Yale University Press.
Davis, Hannah. 1992. “Taking up Space in Tlemcen: The Islamist Occupation of
Urban Algeria.” Middle East Report 179: 11–15.
De Grand, Alexander. 1978. The Nationalist Association and the Rise of Fascism in Italy.
Lincoln, NE: University of Nebraska Press.
Dekmejian, R. Hrair. 1995. Islam in Revolution: Fundamentalism in the Arab World.
Syracuse: Syracuse University Press.
Denoeux, Guilain. 1993. Urban Unrest in the Middle East: A Comparative Study of
Informal Networks in Egypt, Iran, and Lebanon. Albany: State University of New
York Press.
Diamond, Larry. 1992. “Promoting Democracy.” Foreign Policy 87: 25–46.
Diamond, Larry. 1994. “Rethinking Civil Society: Toward Democratic Consolidation.” Journal of Democracy 5: 4–17.
Diamond, Larry. 1999. Developing Democracy: Toward Consolidation. Baltimore, MD:
Johns Hopkins University Press.
Diamond, Larry. 2002. “Thinking About Hybrid Regimes.” Journal of Democracy 13:
21–35.
Diamond, Larry. 2005. Squandered Victory: The American Occupation and the Bungled
Effort To Bring Democracy to Iraq. New York: Henry Holt and Co.
Dobriansky, Paula. 2001. Heritage Foundation. Washington, DC, December 21.
Dolan, Kathleen. 2006. “Symbolic Mobilization? The Impact of Candidate Sex in
American Elections.” American Politics Research 34: 687–704.
Dornbusch, Rudiger, and Sebastian Edwards. 1991. “The Macroeconomics of Populism.” In Rudiger Dornbusch and Sebastian Edwards, eds., The Macroeconomics

MHF
HALI HUMANITARIAN
FOUNDATION

of Populism in Latin America. Chicago: University of Chicago Press.
Dower, John W. 1999. Embracing Defeat: Japan in the Wake of World War II (New
York: W. W. Norton).
Doyle, Michael. 1986. "Liberalism and World Politics." American Political Science
Review 80: 1151–1169.
Eaton, Kent. 2007. "Backlash in Bolivia: Regional Autonomy as a Reaction against
Indigenous Mobilization." Politics and Society 35: 1–32.272 Bibliography
Eckstein, Harry. 1992. Regarding Politics. Berkeley, CA: University of California
Press.
Edwards, Bob, Michael Foley, and Mario Diani. 2001. Beyond Tocqueville: Civil Society and the Social Capital Debate in Comparative Perspective. Hanover, NH: University Press of New England.
Eisenstadt, S. N. 1995. Power, Trust and Meaning. Chicago: University of Chicago
Press.
Eley, Geoff. 1994. Reshaping the German Right: Radical Nationalism and Political
Change After Bismarck. Ann Arbor: University of Michigan Press.
El-Khazen, Farid. 2000. The Breakdown of the State in Lebanon, 1967–1976. Cambridge, MA: Harvard University Press.
Elkins, Zach, and Thomas Ginsburg. 2007. Comparative Constitutions Project. Champaign, IL: University of Illinois.
Elkins, Zachary, Tom Ginsburg, and James Melton. 2006. "The Lifespan of Written
Constitutions." Working paper.
Elklit, Jorgen, and Palle Svensson. 1997. "What Makes Elections Free and Fair?"
Journal of Democracy 8: 32–46.
Ellul, Jaques. 2004. Islam et judeo-christianism. Paris: Presses Universitaires de
France.
Elster, Jon. 1995. "Forces and Mechanisms in the Constitution-Making Process."
Duke Law Journal 45: 364–396.

Elster, Jon. 1997. “Ways of Constitution-Making.” In Axel Hadenius, ed., Democracy’s Victory and Crisis. New York: Cambridge University Press.
Encarcion, Omar. 2003. ´ The Myth of Civil Society. New York: Palgrave.
Entelis, John. 1996. “Civil Society and the Authoritarian Temptation in Algerian
Politics.” In Augustus Richard Norton, ed., Civil Society in the Middle East. New
York: E. J. Brill.
Epstein, David L., Robert Bates, Jack Goldstone, Ida Kristensen, and Sharyn
O’Halloran. 2006. “Democratic Transitions.” American Journal of Political Science 50: 551–569.
Ertman, Thomas. 2000. “Liberalization, Democratization and the Origins of a ‘Pillarized’ Civil Society in Nineteenth Century Belgium and the Netherlands.” In
Nancy Bermeo and Phil Nord, eds., Civil Society Before Democracy: Lessons from
Nineteenth Century Europe. New York: Rowan and Littlefield.
Esposito, John L. 1999. The Islamic Threat: Myth or Reality? New York: Oxford University Press.
Feldman, Gerald D. 1966. Army, Industry, and Labor in Germany, 1914–1918. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Fenton, Steve. 2003. Ethnicity. Cambridge, UK: Polity Press.
Ferrara, Federico, Erik S. Herron, and Misa Nishikawa. 2005. Mixed Electoral Systems: Contamination and Its Consequences. New York: Palgrave Macmillan.
Findlay, Ronald. 1991. “The New Political Economy: Its Explanatory Power
for LDCs.” In Gerald M. Meier, ed., Politics and Policy Making in Developing Countries: Perspectives on the New Political Economy. San Francisco: ICS
Press.Bibliography 273
Firro, Kais M. 1992. A History of the Druzes. Leiden, Netherlands: Brill.
Fish, M. Steven. 2002. “Islam and Authoritarianism.” World Politics 55: 4–37.
Foley, Michael, and Bob Edwards. 1996. “The Paradox of Civil Society.” Journal
of Democracy 7: 38–52.

Fox, R. L. and Lawless, J. L. 2005. “To Run or Not to Run for Office: Explaining Nascent Political Ambition.” American Journal of Political Science 49: 642–659.

Franklin, Benjamin. 1959–2003. The Papers of Benjamin Franklin. 37 vols. L. Labaree et al., eds. New Haven: Yale University Press.

Freedom House. 2007. “Nations in Transit.” Press Release, June 1, <www. freedomhouse.org>.

Friedman, Milton. 2002. Capitalism and Freedom. Chicago, IL: University of Chicago Press.

Fritzsche, Peter. 1990. Rehearsals for Fascism: Populism and Political Mobilization in Weimar Germany. New York: Oxford University Press.

Fromm, Erich. 1941. Escape From Freedom. New York: Rinehart.

Fukuyama, Francis. 1995. Trust: Social Virtues and the Creation of Prosperity. New York: Free Press.

Fukuyama, Francis. 2004. State-Building: Governance and Order in the 21st Century. Ithaca, NY: Cornell University Press.

Fukuyama, Francis. 2006. “Guidelines for Future Nation-Builders.” In Frances Fukuyama, ed., Nation-Building: Beyond Afghanistan and Iraq. Baltimore, MD: Johns Hopkins University Press.

Fukuyama, Francis. 2006. “Nation-Building and the Failure of Institutional Memory.” In Frances Fukuyama, ed., Nation-Building: Beyond Afghanistan and Iraq. Baltimore, MD: Johns Hopkins University Press.

Fukuyama, Francis, ed. 2006. Nation-Building: Beyond Afghanistan and Iraq. Baltimore, MD: Johns Hopkins University Press.

Gallagher, Tony. 2001. “The Northern Ireland Conflict: Prospects and Possibilities.” In Daniel Chirot and Martin Seligman, eds., Ethnopolitical Warfare. Washington, DC: American Psychological Association Press.

Geary, Patrick J. 2002. The Myth of Nations. Princeton, NJ: Princeton University Press.

Geis, Anna, Lothar Brock, and Harald Muller. 2006. ¨ Democratic Wars: Looking at the

Dark Side of Democratic Peace. New York: Palgrave Macmillan, 2006.
Gellner, Ernest. 1988. Plough, Sword and Book: The Structure of Human History.
Chicago: University of Chicago Press.
Gellner, Ernest. 1994. Conditions of Liberty: Civil Society and its Rivals. London: Allan
Lane.
Gerring, John, Philip Bond, William T. Barndt, and Carola Moreno. 2005.
"Democracy and Economic Growth: A Historical Perspective." World Politics
57: 323–364.
Gershman, Carl, and Michael Allen. 2006. "The Assault on Democracy Assistance." Journal of Democracy 17: 36–51.
Giraldo, Jeanne Kinney. 2006. "Legislatures and National Defense: Global Comparisons." In Thomas C. Bruneau and Scott D. Tollefson, eds., Who Guards274 Bibliography
the Guardians and How: Democratic Civil-Military Relations. Austin: University of
Texas Press.
Goldsmith, Arthur A. 2001. "Donors, Dictators and Democrats in Africa." Journal
of Modern African Studies 39: 411–436.
Greenfeld, Liah. 1992. Nationalism. Cambridge, MA: Harvard University Press.
Gries, Peter Hays. 2005. China's New Nationalism: Pride, Politics, and Diplomacy.
Berkeley, CA: University of California Press.
Gunther, Richard. 1992. "Spain: The Very Model of a Modern Elite Settlement."
In Richard Gunther and John Higley, eds., Elites and Democratic Consolidation in Latin America and Southern Europe. New York: Cambridge University
Press.
Habermas, Jurgen. 2006. ¨ The Divided West. Trans. Ciaran Cronin. Cambridge:
Polity Press.
Haggard, Stephan, and Robert R. Kaufman. 1992. "Institutions and Economic
Adjustment." In Stephan Haggard and Robert R. Kaufman, eds., The Politics

of Economic Adjustment. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Haggard, Stephan, and Robert R. Kaufman. 1995. The Political Economy of Democratic Transitions. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Haider-Markel, D. 2007. "Representation and Backlash: The Positive and Negative
Influence of Descriptive Representation." Legislative Studies Quarterly 32: 107–
133.
Hall, John A., ed. 1995. Civil Society: Theory, History, Comparison. Cambridge, England: Polity Press.
Halperin, Morton H., Joseph T. Siegle, and Michael M. Weinstein. 2005. The
Democracy Advantage: How Democracies Promote Prosperity and Peace. New York:
Routledge.
Hamilton, Alexander. 1961–1987. The Papers of Alexander Hamilton. 27 vols. Harold
C. Syrett et al., eds. New York: Columbia University Press.
Hamilton, Alexander, John Jay, and James Madison. 2001 (1787–1788). The Federalist. Indianapolis: The Liberty Fund.
Hardin, Russell. 1989. "Why a Constitution?" In Bernard Grofman and Donald
Wittman, eds., The Federalist Papers and the New Institutionalism. New York:
Agathon.
Harris, John. 2002. "Whatever Happened to Cultural Nationalism in Tamil Nadu."
Commonwealth and Comparative Politics 40: 97–117.
Harrison, Lawrence, and Samuel Huntington. 2000. Culture Matters. New York:
Basic Books.
Hartz, Louis. 1955. The Liberal Tradition in America. New York: Harcourt, Brace and
World.
Hawthorne, Amy. 2004. "Middle Eastern Democracy: Is Civil Society the
Answer?" Carnegie Paper 44, March.
Hayden, Robert M. 1992. "Constitutional Nationalism in the Formerly Yugoslav
Republics." Slavic Review 51: 654–673.

IMAM HUMANITARIAN FOUNDATION

Hearn, Julie. 2000. "Aiding Democracy? Donors and Civil Society in South
Africa." Third World Quarterly 21: 815–830.Bibliography 275
Hechter, Michael. 2000. Containing Nationalism. Oxford, UK: Oxford University
Press.
Hefner, Robert. 2000. Civil Islam: Muslims and Democratization in Indonesia. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Hefner, Robert. 2005. "Muslim Democrats and Islamic Violence in Post-Soeharto
Indonesia." In Robert W. Hefner, ed., Remaking Muslim Politics. Princeton, NJ:
Princeton University Press.
Helmke, Gretchen, and Steven Levitsky. 2004. "Informal Institutions and
Comparative Politics: A Research Agenda." Perspectives on Politics 2: 725–
740.
Henderson, Errol Anthony. 2002. Democracy and War: The End of an Illusion? Boulder: Lynne Rienner Publishers.
Hirschman, Albert O. 1977. The Passions and the Interests. Princeton, NJ: Princeton
University Press.
Holmes, Stephen. 1988. "Precommitment and the Paradox of Democracy." In
Jon Elster and Rune Slagstad, eds., Constitutionalism and Democracy. New York:
Cambridge University Press.
Horowitz, Donald L. 1985. Ethnic Groups in Conflict. Berkeley, CA: University of
California Press.
Horowitz, Donald L. 2001. The Deadly Ethnic Riot. Berkeley, CA: University of California Press.
Horowitz, Donald L. 2002. "Constitutional Design: Proposals Versus Processes."
In Andrew Reynolds, ed., The Architecture of Democracy: Constitutional Design,
Conflict Management, and Democracy. New York: Oxford University Press.
Hourani, Albert. 2002. A History of the Arab Peoples. Cambridge, MA: Harvard University Press.

MHF
PAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

Howard, Marc. 2003. The Weakness of Civil Society in Post-Communist Europe. New
York: Cambridge University Press.
Howard, Marc, and Philip Roessler. 2006. “Liberalizing Electoral Outcomes in
Competitive Authoritarian Regimes.” American Journal of Political Science 50:
365–381.
Htun, Mala. 2004. “Is Gender Like Ethnicity? The Political Representation of Identity Groups.” Perspectives on Politics 2: 439–458.
Hunter, Wendy. 1997. Eroding Military Influence in Brazil: Politicians against Soldiers.
Chapel Hill: University of North Carolina Press.
Huntington, Samuel P. 1968. Political Order in Changing Societies. New Haven, CT:
Yale University Press.
Huntington, Samuel P. 1991. The Third Wave: Democratization in the Late Twentieth
Century. Norman, OK: University of Oklahoma Press.
Ibrahim, Saad Eddin. 1980. “Anatomy of Egypt’s Militant Islamic Groups:
Methodological Note and Preliminary Findings.” International Journal of Middle East Studies 12: 423–453.
Ibrahim, Saad Eddin. 1995. “Civil Society and Prospects for Democratization in
the Arab World.” In Augustus Richard Norton, ed., Civil Society in the Middle
East. Vol. 1. New York: E. J. Brill.276 Bibliography
Ibrahim, Saad Eddin. 1996. “Reform and Frustration in Egypt.” Journal of Democracy 7: 125–135.
Ibrahim, Saad Eddin. 2007. “Toward Muslim Democracies.” Journal of Democracy
18: 5–13.
Ignatieff, Michael. 2001. Human Rights as Politics and Idolatry. Princeton: Princeton
University Press.
Il Giorno. 24.11.2000. “Il sindaco alla larga dalle chiese infedeli.”
International Peace Academy. 2005. Conference Report: Governance and Power After
Conflict. New York: International Peace Academy.
Inter-Parliamentary Union. Parline Website <www.ipu.org>.

Jaggers, Keith, and Ted Robert Gurr. 1995. “Tracking Democracy’s Third Wave
with the Polity III Data.” Journal of Peace Research 32: 469–482.
Jefferson, Thomas. 1903. “Letter to Samuel Kercheval, 1816.” In Andrew A.
Lipscomb and Albert E. Bergh, eds., The Writings of Thomas Jefferson, Memorial
Edition. Washington, DC: Thomas Jefferson Memorial Association.
Jefferson, Thomas. 1984. The Writings of Thomas Jefferson. M. Peterson, ed. New
York: Penguin Putnam, Library of America.
Johnson, Jo. 2007. “A Creed of Loathe Thy Neighbor.” Financial Times, 31 March/
1 April.
Jomo, K. S. 1997. “A Specific Idiom of Chinese Capitalism in Southeast Asia:
Sino-Malaysian Capital Accumulation in the Face of State Hostility.” In Daniel
Chirot and Anthony Reid, eds., Essential Outsiders. Seattle, WA: University of
Washington Press.
Jones, Larry Eugene. 1972. “‘The Dying Middle’: Weimar Germany and the Fragmentation of Bourgeois Politics.” Central European History 5: 23–54.
Jones, Mark P. 2004. “Quota Legislation and the Election of Women: Learning
from the Costa Rican Experience.” Journal of Politics 66: 1203–1223.
Jones-Luong, Pauline, and Erika Weinthal. 1999. “The NGO Paradox: Democratic
Goals and Non-Democratic Outcomes in Kazakhstan.” Europe-Asia Studies 51:
1267–1284.
Judah, Tim. 1997. The Serbs. New Haven, CT: Yale University Press.
Juergensmeyer, Mark. 1993. The New Cold War? Religious Nationalism Confronts the
Secular State. Berkeley, CA: University of California Press.
Kagan, Donald. 1969. The Outbreak of the Peloponnesian War. Ithaca: Cornell University Press.
Kant, Immanuel. 1902. Kants Werke. 9 vols. Berlin: Preussischen Akademie der

Wissenschaften.
Kasparov, Garry. 2007. "Battling KGB, Inc." Journal of Democracy 18: 114–119.
Kaufman, Robert R., and Barbara Stallings. 1989. "Debt and Democracy in the
1980s: The Latin American Experience." In Robert R. Kaufman and Barbara
Stallings, eds., Debt and Democracy in Latin America. Boulder, CO: Westview
Press.
Kaufman, Robert R., and Barbara Stallings. 1991. "The Political Economy of Latin
American Populism." In Rudiger Dornbusch and Sebastian Edwards, eds., TheBibliography 277
Macroeconomics of Populism in Latin America. Chicago: University of Chicago
Press.
Kaufman, Stuart. 2001. Modern Hatreds: The Symbolic Politics of Ethnic War. Ithaca,
NY: Cornell University Press.
Keesing's. 1990–2007. "Various Articles." Keesing's record of world events. 36–53.
Kentworthy, L., and M. Malami. 1999. "Gender Inequality in Political Representation: A Worldwide Comparative Analysis." Social Forces 78: 235–268.
Kepel, Gilles. 1985. Muslim Extremism in Egypt: The Prophet and Pharaoh. Berkeley:
University of California Press.
Kepel, Gilles. 2002. Jihad: The Trail of Political Islam. Cambridge: Harvard University Press.
Keyder, Caglar. 1997. "The Ottoman Empire." In Karen Barkey and Mark von ˘
Hagen, After Empire: Multiethnic Societies and Nation-Building. Boulder, CO:
Westview Press.
King, Gary, J. Alt, N. R. Burns, and M. Laver. 1990. "A Unified Model of Cabinet
Dissolution in Parliamentary Democracies." American Journal of Political Science
34: 846–871.
Knack, Stephen. 2004. "Does Foreign Aid Promote Democracy?" International

MAHP
MAHAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

Studies Quarterly 48: 251–266.
Koonings, Kees, and Dirk Kruijt, eds. 2002. The Military and Nation-Building in the
Age of Democracy. London: Zed Books.
Kornhauser, William. 1959. The Politics of Mass Society. Glenco, IL: The Free Press.
Kosack, Stephen. 2003. “Effective Aid: How Democracy Allows Development Aid
to Improve the Quality of Life.” World Development 31: 1–22.
Koshar, Rudy. 1986. Social Life, Local Politics and Nazism. Chapel Hill, NC: University of North Carolina Press.
Kostadinova, T. 2007. “Ethnic and Women’s Representation under Mixed Electoral Systems.” Electoral Studies 26: 418–431.
Krastev, Ivan. 2007. “The Strange Death of the Liberal Consensus.” Journal of
Democracy 18: 56–63.
Krueger, Anne O. 1994. The Political Economy of Reform in Developing Countries. Cambridge, MA: MIT Press.
Kuzio, Taras. 2006. “Civil Society, Youth and Societal Mobilization in Democratic
Revolutions.” Communist and Post-Communist Studies 39: 365–386.
Kwon, Hyeong-Ki. 2004. “Associations, Civic Norms, and Democracy: Revisiting
the Italian Case.” Theory and Society 33: 135–166.
La Republica. 15.10.2000. “Lodi, la lega alla guara santa.”
Latinobarametro. Informe de Prensa 2007: 79–81. <www.latinobarometro.org>.
Lawless, J. 2004. “Politics of Presence? Congresswomen and Symbolic Representation.” Political Research Quarterly 57: 81–99.
Lee, Hock Guan. 2000. “Ethnic Relations in Peninsular Malaysia.” Social and Cultural Issues (Singapore Institute of Southeast Asian Studies), No. 1, August.
Lenin, V.I. 1939 (1916, 1917). Imperialism, the Highest Stage of Capitalism. New York:
International Publishers.278 Bibliography
Levitsky, Steven, and Lucan Way. 2002. “The Rise of Competitive Authoritarianism.” Journal of Democracy 13: 51–65.
Levy, Jack S., and Lily Vakili. 1992. “Diversionary Action by Authoritarian
Regimes.” In Manus Midlarsky, ed., The Internationalization of Communal Strife.

London: Routledge.
Lewis-Beck, Michael, and Ross E. Burkhart. 1994. “Comparative Democracy:
The Economic Development Thesis.” American Political Science Review 88: 903–
910.
Lijphart, Arend. 1977. Democracy in Plural Societies. New Haven, CT: Yale University
Press.
Lijphart, Arend. 1991. “Constitutional Choices for New Democracies.” Journal of
Democracy 2: 72–84.
Lijphart, Arend. 1994. Electoral Systems and Party Systems. Oxford: Oxford University Press.
Lijphart, Arend. 2002. “The Wave of Power-Sharing Democracy.” In Andrew
Reynolds, ed., The Architecture of Democracy: Constitutional Design, Conflict Management, and Democracy. New York: Oxford University Press.
Lijphart, Arend. 2004. “Constitutional Choices for Divided Societies.” Journal of
Democracy 15: 96–109.
Lin, Jih-wen. 2002. “Transition through Transaction: Taiwan’s Constitutional
Reforms in the Lee Teng-Hui Era.” American Asian Review 20: 123–
155.
Lincoln, Abraham. 1953–55. The Collected Works of Abraham Lincoln. 9 vols. New
Brunswick, NJ: Rutgers University Press.
Linz, Juan J. 1978. The Breakdown of Democratic Regimes: Crisis, Breakdown, and
Reequilibrium. Baltimore, MD: Johns Hopkins University Press.
Linz, Juan J., and Alfred Stepan. 1996. Problems of Democratic Transition and Consolidation: Southern Europe, South America, and Post-Communist Europe. Baltimore,
MD: Johns Hopkins University Press.
Lipset, Seymour Martin. 1959. “Some Social Requisites of Democracy: Economic
Development and Political Legitimacy.” American Political Science Review 53: 65–
105.

MHF
MAHI HUMANITARIAN
FOUNDATION

Lowenthal, Abraham F. 1991. Exporting Democracy: The United States and Latin America. Baltimore: Johns Hopkins University Press.

Lowenthal, Abraham F. 1991. Exporting Democracy: the United States and Latin America: Themes and Issues. Baltimore: Johns Hopkins University Press.

Lowenthal, Abraham F. 1991. Exporting Democracy: The United States and Latin America: Case Studies. Baltimore: Johns Hopkins University Press.

Lublin, David. 1997. The Paradox of Representation: Racial Gerrymandering and Minority Interests in Congress. Princeton: Princeton University Press.

Luce, Edward. 2007. In Spite of the Gods: The Strange Rise of Modern India. New York:
Doubleday.

Lyttelton, Adrian. 2000. “Liberalism and Civil Society in Italy.” In Nancy Bermeo
and Philip Nord, eds., Civil Society Before Democracy. New York: Rowan and
Littlefield.Bibliography 279

MacFarquhar, Neil. 2001. “To U.S. a Terrorist Group; to Lebanese, a Social
Agency.” New York Times, 28 December <http://www.nytimes.com/2001/12/
28/international/middleeast/28LEBA.html>.

Machiavelli, Niccolo. 1964 (1519–1520). ` The Art of War. Trans. Neal Wood. Cambridge, MA: Da Capo Press.

Machiavelli, Niccolo. 1995 (1513/1532). ` The Prince. Trans. David Wootton. David
Wootton, ed. Indianapolis: Hackett.

Maddy-Weitzman, Bruce. 1996. “The Islamic Challenge in North Africa.” Terrorism and Political Violence 8: 171–188.

Madison, James, Alexander Hamilton, and John Jay, eds. 1788 (1961). The Federalist Papers. New York: Mentor.

Madrid, Raul. 2005. “Ethnic Cleavages and Electoral Volatility in Latin America.”
Comparative Politics 38: 1–20.

Mainwaring, Scott. 1999. Rethinking Party Systems in the Third Wave of Democratization: The Case of Brazil. Stanford: Stanford University Press.

Mainwaring, Scott, and Matthew S. Shugart. 1997. "Juan Linz, Presidentialism, and Democracy: A Critical Appraisal." Comparative Politics 29: 449–
471.
Mainwaring, Scott, and Edurne Zoco. 2007. "Political Sequences and the Stabilization of Interparty Competition: Electoral Volatility in Old and New Democracies." Party Politics 13: 155–178.
Malley, Robert. 1996. The Call from Algeria. Berkeley, CA: University of California
Press.
Manent, Pierre. 2006. La raison des nations: reflexions sur la d ´ emocratie en Europe ´ .
Paris: Gallimard.
Mannheim, Karl. 1980. Man and Society in an Age of Reconstruction. New York: Routledge & Kegan Paul.
Manning, Carrie. 2004. "Elections and Political Change in Post-War Bosnia and
Herzegovina." Democratization 11: 60–86.
Mansbridge, Jane. 1999. "Should Blacks Represent Blacks and Women Represent
Women? A Contingent 'Yes.'" Journal of Politics 61: 628–657.
Mansfield, Edward D., Helen V. Milner, and B. Peter Rosendorff. 2000. "Free to
Trade: Autocracies, Democracies, and International Trade." American Political
Science Review 94: 305–321.
Mansfield, Edward D., Helen V. Milner, and B. Peter Rosendorff. 2002. "Why
Democracies Cooperate More: Electoral Control and International Trade
Agreements." International Organization 56: 477–513.
Mansfield, Edward D., and Jack Snyder. 1995. "Democratization and the Danger
of War." International Security 20: 5–38.
Mansfield, Edward D., and Jack Snyder. 2002. "Incomplete Democratization and
the Outbreak of Military Disputes." International Studies Quarterly 46: 529–549.
Mansfield, Edward D., and Jack Snyder. 2005. Electing to Fight: Why Emerging
Democracies Go to War. Cambridge, MA: MIT Press.

MAHI HUMANITARIAN FOUNDATION

Mansfield, Edward D., and Jack Snyder. 2007. “Democratization and Civil War.”
Ts. University of Pennsylvania and Columbia University.280 Bibliography
Mansfield, Edward D., and Jack Snyder. Forthcoming. “Does War Influence
Democratization?” In Elizabeth Kier and Ronald R. Krebs, eds., In War’s Wake:
International Conflict and the Fate of Liberal Democracy.
Maravall, Jose Mar ́ ́ıa. 1994. “The Myth of the Authoritarian Advantage.” Journal
of Democracy 5: 17–31.
Mardin, Serif. 1997. “The Ottoman Empire.” In Karen Barkey and Mark von
Hagen, After Empire: Multiethnic Societies and Nation-Building. Boulder, CO:
Westview Press.
Mares, David R. 2001. Violent Peace: Militarized Interstate Bargaining in Latin America.
New York: Columbia University Press.
Marshall, Monty G., and Keith Jaggers. 2005. “Political Regime Characteristics
and Transitions, 1800–2004.” Center for International Development and Conflict Management, University of Maryland.
Marshall, Monty G., and Keith Jaggers. 2007. Polity IV Project: Political Regime Characteristics and Transitions, 1800–2004. George Mason University, Arlington, VA:
Center for Global Policy <http://www.cidcm.umd.edu/polity/>.
Martinez, Luis. 2000. Trans. and Pref. Jonathan Derrick. The Algerian Civil War.
New York: Columbia University Press.
Marx, Anthony W. 1998. Making Race and Nation. Cambridge, UK: Cambridge University Press.
Marx, Anthony W. 2003. Faith in Nation: Exclusionary Origins of Nationalism. New
York: Oxford University Press.
Matland, Richard E. 1993. “Institutional Variables Affecting Female Representation in National Legislatures: The Case of Norway.” Journal of Politics 55:
737–755.
Matland, Richard E. 1998. “Women’s Legislative Representation in National Legislatures: A Comparison of Democracies in Developed

and Developing Countries." Legislative Studies Quarterly 28: 109–125.

Matland, Richard E., and Donald Studlar. 1996. "The Contagion of Women Candidates in Single Member and Multi-Member Districts." Journal of Politics 58: 707–733.

McDowall, David. 1997. A Modern History of the Kurds. London: I. B. Tauris.

McFaul, Michael. 2001. "Explaining Party Formation and Nonformation in Russia – Actors, Institutions, and Chance." Comparative Political Studies 34: 1159–1187.

McFaul, Michael. 2004–05. "Democracy Promotion as a World Value." Washington Quarterly 28: 147–163.

McFaul, Michael. 2005. "Transitions from Postcommunism." Journal of Democracy 16: 5–19.

McFaul, Michael. 2007. "Are New Democracies War-Prone?" Journal of Democracy 18: 160–167.

McFaul, Michael. 2007. "Ukraine Imports Democracy: External Influences on the Orange Revolution." International Security 32: 45–83.

McGarry, John, and Brendan O'Leary. 1995. Explaining Northern Ireland. Oxford, UK: Blackwell.Bibliography 281

Meernik, James. 1996. "United States Military Intervention and the Promotion of Democracy." Journal of Peace Research 33: 391–402.

Meiggs, Russell. 1972. The Athenian Empire. Oxford: Oxford University Press.

Mendelson, Sarah, and John Glenn. 2002. The Power and Limits of NGOs. New York: Columbia University Press.

Mendelson Forman, Joanna. 2006. "Striking Out in Baghdad: How Postconflict Reconstruction Went Awry." In Frances Fukuyama, ed., Nation-Building: Beyond Afghanistan and Iraq. Baltimore, MD: Johns Hopkins University Press.

Merritt, Richard L. 1995. Democracy Imposed: U.S. Occupation Policy and the German
Public, 1945–1949. New Haven: Yale University Press.
Mill, John Stuart. 1965–81. The Collected Works of John Stuart Mill. 33 vols. J.
Robson et al., eds. Toronto: University of Toronto Press.
Milner, Helen V., with Keiko Kubota. 2005. "Why the Move to Free Trade?
Democracy and Trade Liberalization in the Developing Countries." International Organization 59: 107–143.
Moon, Katharine H. S. 2003. "Korean Nationalism, Anti-Americanism, and
Democratic Consolidation." In Samuel S. Kim, ed., Korea's Democratization.
New York: Cambridge University Press.
Moore, John Norton. 2004. Solving the War Puzzle: Beyond the Democratic Peace.
Durham, NC: Carolina Academic Press.
Moraski, Bryon, and Gerhard Loewenberg. 1999. "The Effect of Legal Thresholds
on the Revival of Former Communist Parties in East-Central Europe." Journal
of Politics 61: 151–170.
Morgenthau, Hans Joachim. 1982. In Defense of the National Interest: A Critical Examination of American Foreign Policy. Washington, DC: University Press of America.
Morgenthau, Hans Joachim, and Kenneth W. Thompson. 1993. Politics Among
Nations: The Struggle for Power and Peace. Brief ed. New York: McGraw-Hill.
Moser, Robert G. 2001. "The Effects of Electoral Systems on Women's Representation in Post-Communist States." Electoral Studies 20: 253–269.
Moser, Robert G. 2001. Unexpected Outcomes: Electoral Systems, Political Parties, and
Representation in Russia. Pittsburgh: University of Pittsburgh Press.
Moser, Robert G. 2008. "Electoral Systems and the Representation of Ethnic
Minorities: Evidence from Russia." Comparative Politics 40: 273–292.
Moser, Robert G., and Stephanie Holmsten. 2008. "Do Ethnic Parties Discriminate

against Women?" Paper presented at the annual meeting of the American
Political Science Association, Boston, MA, August 30.
Moser, Robert G., and Stephanie Holmsten. 2008. "The Paradox of Descriptive
Representation: Can PR Simultaneously Elect Women and Ethnic Minorities?" Paper presented at the annual meeting of the Midwest Political Science
Association, Chicago, IL, April 3–6.
Moser, Robert G., and Ethan Scheiner. 2007. "Electoral Systems and the Representation of Ethnic Minorities: Evidence from Four Mixed Electoral Systems."
Paper presented at the University of Texas, February 5.282 Bibliography
Moser, Robert G., and Frank Thames. 2001. "The Origins of Russia's MixedMember Electoral System." In Matthew Shugart and Martin Wattenberg, eds.,
Mixed-Member Electoral Systems: The Best of Both Worlds? Oxford: Oxford University Press.
Moskos, Charles C., and John Sibley Butler. 1996. All that We Can Be: Black Leadership and Racial Integration the Army Way. New York: Basic Books.
Muller, Edward N. 1997. "Economic Determinants of Democracy." In Manus
I. Midlarsky, ed., Inequality, Democracy, and Economic Development. Cambridge:
Cambridge University Press.
Munoz, Oscar. 1994. "Toward Trade Opening." In Joan Nelson, ed., ˜ Intricate Links:
Democratization and Market Reforms in Latin America and Eastern Europe. New
Brunswick, NJ: Transaction Publishers.
Naimark, Norman M. 2001. Fires of Hatred: Ethnic Cleansing in Twentieth Century
Europe. Cambridge, MA: Harvard University Press.
Nakash, Yitzhak. 2003. The Shi'is of Iraq. Princeton, NJ: Princeton University
Press.
Namy, Sophie. 2006. "Investigating Tamil Ethnonationalism: Indian Democracy
and Sri Lankan Violence." Unpublished paper, Seattle: University of Washington, Henry M. Jackson School of International Studies.

Nasr, Vali. 2006. The Shia Revival. New York: W.W. Norton.
Negash, Tekeste, and Kjetil Tronvoll. 2000. Brothers at War: Making Sense of the
Eritrean-Ethiopian War. Oxford: James Currey.
Nelson, Daniel N., ed. 1995. After Authoritarianism: Democracy or Disorder? Greenwood, CT: Praeger.
Nelson, Joan. 1993. “The Politics of Economic Transformation: Is the Third World
Experience Relevant in Eastern Europe.” World Politics 45: 433–463.
Neumann, Sigmund. 1942. Permanent Revolution. New York: Harper.
Newberg, Paula R., and Thomas Carothers. 1996. “Aiding – and Defining –
Democracy.” World Policy Journal 13: 97.
Newton, Kenneth. 2001. “Trust, Social Capital, Civil Society and Democracy.”
International Political Science Review 22: 201–214.
Nichols, Thomas M. 1993. The Sacred Cause: Civil-Military Conflict over Soviet National
Security, 1917–1992. Ithaca, NY: Cornell University Press.
Nipperdey, Thomas. 1976. “Verein als soziale Struktur in Deutschland im
spaten 18. und fr ¨ uhen 19. Jahrhundert: Eine Fallstudie zur Modernisierung.” ¨
In Thomas Nipperdey, ed., Gesellschaft, Kultur, Theorie: Gesammelte Aufsatze zur ¨
neueren Geschichte. Gottingen: Vandenhoeck & Ruprecht. ¨
Nirenberg, David. 1996. Communities of Violence: Persecution of Minorities in the Middle
Ages. Princeton: Princeton University Press.
Nohlen, Dieter, ed. 2005. Elections in the Americas: A Data Handbook. Oxford: Oxford
University Press.
Nohlen, Dieter, Florian Grotz, and Christof Hartmann, eds. 2001. Elections in Asia
and the Pacific: A Data Handbook. Oxford: Oxford University Press.
Nohlen, Dieter, Michael Krennerich, and Bernhard Thibaut, eds. 1999. Elections
in Africa; A Data Handbook. Oxford: Oxford University Press.Bibliography 283

Norris, Pippa. 2004. Electoral Engineering: Voting Rules and Political Behavior. Cambridge: Cambridge University Press.
Norris, Pippa, and Ronald Inglehart. 2002. "Islamic Culture and Democracy: Testing the 'Clash of Civilizations' Thesis." Comparative Sociology 1: 235–263.
North, Douglass C. 1990. Institutions, Institutional Change, and Economic Performance.
New York: Cambridge University Press.
North, Douglass C., William Summerhill, and Barry Weingast. 2000. "Order, Disorder, and Economic Change: Latin America vs. North America." In Bruce
Bueno de Mesquita and Hilton L. Root, eds., Governing for Prosperity. New
Haven, CT: Yale University Press.
Norton, Augustus Richard, Roger Owen, Diane Singerman, and James Gelvin.
n.d. The Civil Society Debate in Middle Eastern Studies. Los Angeles: UCLA Near
East Center Colloquium Series.
O'Donnell, Guillermo. 1986. "Modernization and Military Coups: Theory, Comparisons, and the Argentine Case." In Abraham F. Lowenthal and J. Samuel
Fitch, eds., Armies and Politics in Latin America. New York: Holmes and Meier.
O'Donnell, Guillermo. 1994. "Delegative Democracy." Journal of Democracy 5: 55–
69.
O'Donnell, Guillermo. 1998. "Horizontal Accountability in New Democracies."
Journal of Democracy 9: 112–126.
O'Donnell, Guillermo. 2007. "The Perpetual Crises of Democracy." Journal of
Democracy 18: 5–11.
Okin, Sarah M. 1999. Is Multiculturalism Bad for Women? Princeton: Princeton University Press.
O'Leary, Brendan. 2001. "Nationalism and Ethnicity." In Daniel Chirot and Martin Seligman, eds., Ethnopolitical Warfare. Washington, DC: American Psychological Association Press.
Ottaway, Marina, and Thomas Carothers. 2000. Funding Virtue: Civil Society Aid and
Democracy Promotion. Washington, DC: Carnegie Endowment for International

Peace.
Ottaway, Marina, and Thomas Carothers. 2004. “Think Again: Middle East
Democracy.” Foreign Policy 145: 22–28.
Ottemoeller, Dan. 1998. “Popular Perceptions of Democracy: Elections and Attitudes in Uganda.” Comparative Political Studies 31: 98–124.
Owen, John M. 1997. “Perceptions and the Limits of Liberal Peace: The MexicanAmerican and Spanish American Wars.” In Miriam Fendius Elman, ed., Paths
to Peace: Is Democracy the Answer? Cambridge, MA: MIT Press.
Pappas, Takis S. 2005. “Shared culture, individual strategy, and collective action:
explaining Slobodan Milosevi ˇ c’s charismatic rise to power.” ´ Southeast European
and Black Sea Studies 5: 191–211.
Patrucco, Armand. 1973. The Critics of the Italian Parliamentary System, 1860–1915.
Dusseldorf: Bertelsmann Universitatsverlag. ¨
Paxton, Pamela, and Rumi Morishima. 2005. “Does Democracy Aid Promote
Democracy?” The John Glenn Institute for Public Service and Public Policy,
Ohio State University.284 Bibliography
Perry, Charles M., and Dimitris Keridis. 2004. Defense Reform, Modernization, and
Military Cooperation in Southeastern Europe. Dulles, VA: Brassey’s.
Pew Foundation. 2007. “Global Unease with Major World Powers.” Pew Global
Attitudes Project, released June 27. <pewglobal.org>.
Pew Global Attitudes Survey 17. 2005. Andrew Kohut, Director. Islamic Extremism
Common Concern for Muslim and Western Publics.
Phillips, David L. 2005. Losing Iraq: Inside the Postwar Reconstruction Fiasco. New
York: Basic Books.
Pierson, Paul. 1993. “When Effect Becomes Cause.” World Politics 45: 595–628.
Plumb, J. H. 1973. The Growth of Political Stability in England 1675–1725. Harmondsworth, UK: Penguin.

Pocock, J. G. A. 1975. The Machievellian Moment. Princeton: Princeton University
Press.
Poggi, Gianfranco. 1978. The Development of the Modern State. Stanford, CA: Stanford University Press.
Potter, David M., and Don E. Fehrenbacher. 1976. The Impending Crisis. New York:
Harper Collins.
Przeworski, Adam. 1991. Democracy and the Market. Cambridge: Cambridge University Press.
Przeworski, Adam. 2007. "Is the Science of Comparative Politics Possible?" In
Carles Boix and Susan C. Stokes, eds., Oxford Handbook of Comparative Politics.
New York: Oxford University Press.
Przeworski, Adam, Michael E. Alvarez, Jose Antonio Cheibub, and Fernando
Limongi. 2000. Democracy and Development: Political Institutions and Well-being
in the World, 1950–1990. Cambridge: Cambridge University Press.
Puddington, Arch. 2007. "The 2006 Freedom House Survey." Journal of Democracy
18: 125–137.
Putnam, Robert D. 1993. Making Democracy Work: Civic Traditions in Modern Italy.
Princeton, NJ: Princeton University Press.
Putnam, Robert D. 1994. Making Democracy Work: Civic Traditions in Modern Italy.
Princeton, NJ: Princeton University Press.
Pycroft, Christopher. 1994. "Angola – 'the Forgotten Tragedy.'" Journal of Southern
African Studies 20: 241–262.
Rabello de Castro, Paulo, and Marcio Ronci. 1991. "Sixty Years of Populism in
Brazil." In Rudiger Dornbusch and Sebastian Edwards, eds., The Macroeconomics
of Populism in Latin America. Chicago: University of Chicago Press.
Ramos, A. J., R. C. Oates, and T. L. McMahon. 1992. "The U.S. Southern Command: A Strategy for the Future." Military Review, November: 32–39.

MHF
MAHI HUMANITARIAN
FOUNDATION

Rasch, Bjorn Erik, and Roger D. Congleton. 2006. "Amendment Procedures and
Constitutional Stability." In Roger D. Congleton and Brigitta Swedenborg,
eds., Democratic Constitutional Design and Public Policy. Cambridge, MA: MIT
Press.
Rasler, Karen A., and William R. Thompson. 2005. Puzzles of the Democratic Peace:
Theory, Geopolitics, and the Transformation of World Politics. 1st ed. New York:
Palgrave Macmillan, 2005.Bibliography 285
Reed, John S. 1983. Southerners. Chapel Hill, NC: University of North Carolina
Press.
Reilly, Ben. 2002. "Electoral Systems for Divided Societies." Journal of Democracy
13: 156–170.
Reilly, Benjamin. 2004. "Elections in Post-Conflict Societies." In Edward Newman
and Roland Rich, eds., The UN Role in Promoting Democracy: Between Ideals and
Reality Tokyo: United Nations University Press.
Reilly, Ben, and Andrew Reynolds. 1999. Electoral Systems and Conflict in Divided
Societies. Washington, DC: National Academy Press.
Remington, Thomas, and Steven Smith. 1996. "Political Goals, Institutional Context, and the Choice of an Electoral System: The Russian Parliamentary Election Law." American Journal of Political Science 40: 1253–1279.
Reynolds, Andrew. 1999. "Women in the Legislatures and Executives of the
World: Knocking at the Highest Glass Ceiling." World Politics 51: 547–
572.
Reynolds, Andrew. 2005. "Constitutional Medicine." Journal of Democracy 16: 54–
68.
Reynolds, Andrew. 2006. "The Curious Case of Afghanistan." Journal of Democracy
17: 104–117.

Riker, William H. 1982. Liberalism against Populism. Prospect Heights, IL: Waveland
Press.
Riker, William. 1982. “The Two-Party System and Duverger’s Law: An Essay on
the History of Political Science.” The American Political Science Review 76: 753–
766.
Riley, Dylan. 2005. “Civic Associations and Authoritarian Regimes in Interwar
Europe: Italy and Spain in Comparative Perspective.” American Sociological
Review 70: 288–310.
Rizvi, Hasan-Askari. 2000. Military, State and Society in Pakistan. New York: St.
Martin’s.
Robespierre, Maximilien. 1967. Oeuvres de Maximilien Robespierre. 10 vols. M.
Bouloisou et al., eds. Paris: Presses Universitaires de France.
Rodman, Kenneth A. 1994. “Public and Private Sanctions against South Africa.”
Political Science Quarterly 109: 313–334.
Rose, Richard. 2007. “Learning to Support New Regimes in Europe.” Journal of
Democracy 18: 111–125.
Rose, Richard, Neil Munro, and Stephen White. 2001. “Voting in a Floating Party
System: The 1999 Duma Election.” Europe-Asia Studies 53: 419–443.
Rotberg, Robert I., ed. 2004. Crafting the New Nigeria. Boulder, CO: Lynne Rienner.
Rousseau, Jean Jacques. 1959–95. Oeuvres completes ` . 5 vols. Gagnebin and Raymond, eds. Paris: Pleiade. ´
Rudolph, Susan H., and Lloyd I. Rudolph. 2002. “New Dimensions of Indian
Democracy.” Journal of Democracy 13: 52–66.
Rummel, R. J. 1994. Death by Government. New Brunswick: Transaction Press.
Russett, Bruce M. 1993. Grasping the Democratic Peace: Principles for a Post-Cold War
World. Princeton, NJ: Princeton University Press.286 Bibliography

Russett, Bruce, and John Oneal. 2001. Triangulating Peace: Democracy, Interdependence, and International Organizations. New York: W.W. Norton.
Samuels, David. 2004. “Presidentialism and Accountability for the Economy in
Comparative Perspective.” American Political Science Review 98: 425–436.
Samuels, Kristi. 2006. “Post-Conflict Peace-Building and Constitution-Making.”
Chicago Journal of International Law 2: 663–682.
Sartori, Giovanni. 1968. “Political Development and Political Engineering.” In
John Montgomery and Alfred O. Hirschmann, eds., Public Policy 17. Cambridge: Harvard University Press.
Sartori, Giovanni. 1986. “The Influence of Electoral Systems: Faulty Laws or
Faulty Method?” In Bernard Grofman and Arend Lijphart, eds., Electoral Laws
and Their Political Consequences. New York: Agathon.
Schedler, Andreas. 2002. “The Menu of Manipulation.” Journal of Democracy 13:
36–50.
Schmitter, Philippe. 2004. “The Ambiguous Virtues of Accountability.” Journal of
Democracy 15: 47–60.
Schmitter, Philippe C. 2006. “A Balance Sheet of the Vices and Virtues of Populism.” Paper presented at the “The Challenge of the New Populism” conference, Sofia, Bulgaria, May 10–11.
Schmitter, Philippe, and Terry Lynn Karl. 1991. “What Democracy Is . . . and Is
Not.” Journal of Democracy 2: 75–88.
Schoultz, Lars. 1981. Human Rights and United States Policy toward Latin America.
Princeton, NJ: Princeton University Press.
Schoultz, Lars. 1987. National Security and United States Policy toward Latin America.
Princeton, NJ: Princeton University Press.
Schoultz, Lars. 1998. Beneath the United States: A History of U.S. Policy Toward Latin
America. Cambridge, MA: Harvard University Press.

MHF
MAHUMANITARIAN FOUNDATION

Schuller, Wolfgang. 1995. “Zur Entstehung der griechischen Demokratie ausserhalb Athens.” In Konrad Kinzl, ed., Demokratia: Der Weg zur Demokratie bei den
Griechen. Darmstadt: Wissenschaftliche Buchgesellschaft.
Schumpeter, Joseph. 1976. Capitalism, Socialism, and Democracy. New York: Harper
and Row.
Schwindt-Bayer, L. 2006. “Still Supermadres? Gender and the Policy Priorities of
Latin American Legislators.” American Journal of Political Science 50: 570–585.
Scott, James M., and Carie A. Steele. 2005. “Assisting Democrats or Resisting
Dictators? The Nature and Impact of Democracy Support by the United States
National Endowment for Democracy, 1990–99.” Democratization 12: 439–460.
Seligman, Adam. 1992. The Idea of Civil Society. New York: The Free Press.
Seligman, Adam. 1995. The Idea of Civil Society. Princeton: Princeton University
Press.
Seligman, Adam 2004. Modest Claims. Notre Dame: Notre Dame University Press.
Seton-Watson, Christopher. 1967. Italy from Liberalism to Fascism. London:
Methuen.
Sheehan, James. 1995. German Liberalism in the Nineteenth Century. Atlantic Highlands, NJ: Humanities Press.Bibliography 287
Shepherd, Robin. 2005. “Russia’s Misplaced Pride Holds Back Its Democracy.”
Financial Times, 25 November.
Shils, Edward. 1963. “The Theory of Mass Society.” In Philip G. Olson, ed.,
America as a Mass Society: Changing Community and Identity. New York: Free
Press.
Shils, Edward. 1975. Centre and Periphery: Essays in MacroSociology. Chicago: University of Chicago Press.
Shugart, Matthew S. 1995. “The Electoral Cycle and Institutional Sources of

Divided Government." American Political Science Review 89: 327–343.
Simon, Jeffrey. 2003. Hungary and NATO: Problems in Civil-Military Relations.
Lanham, MD: Rowman & Littlefield.
Sisson, Richard, and Leo Rose. 1990. War and Secession: Pakistan, India, and the
Creation of Bangladesh. Berkeley, CA: University of California Press.
Skach, Cindy. 2005. Borrowing Constitutional Designs: Constitutional Law in Weimar
Germany and the French Fifth Republic. Princeton, NJ: Princeton University
Press.
Skinner, Quinten. 1990. "The Republican Ideal of Political Liberty." In G. Bock,
Q. Skinner, and M. Viroli, eds. Machiavelli and Republicanism. Cambridge: Cambridge University Press.
Smith, Anthony D. 1986. The Ethnic Origin of Nations. Oxford, UK: Blackwell.
Smith, Anthony D. 2001. Nationalism. Cambridge, UK: Polity Press.
Smith, William C. 1989. Authoritarianism and the Crisis of the Argentine Political Economy. Stanford: Stanford University Press.
Snyder, Jack. 2000. From Voting to Violence: Democratization and Nationalist Conflict.
New York: W. W. Norton.
Sogge, David. 2002. Give and Take: What's the Matter with Foreign Aid? London: Zed
Books.
Sola, Lourdes. 1994. "The State, Structural Reform, and Democratization in
Brazil." In William C. Smith, Carlos H. Acuna, and Edwardo A Gamarra, eds.
Democracy, Markets, and Structural Reform in Latin America. Miami: North-South
Center.
Soyinka, Wole. 1996. The Open Sore of a Continent: A Personal Narrative of the Nigerian
Crisis. New York: Oxford University Press.
Stedman, Stephen John. 1997. "Spoiler Problems in Peace Processes." International Security 22: 5–53.

MHF HUMANITARIAN FOUNDATION

Steinberg, Jonathan. 1996. Why Switzerland? Cambridge, UK: Cambridge University Press.
Stepan, Alfred. 1988. Rethinking Military Politics: Brazil and the Southern Cone.
Princeton, NJ: Princeton University Press.
Stepan, Alfred. 2004. "Religion, Democracy, and the 'Twin Tolerations.'" Journal
of Democracy 11: 37–57.
Stone, Suzanne. 1991. "Sinaitic and Noahide Law: Legal Pluralism in Jewish
Law." Cardozo Law Review 12: 1157–1214.
Strategie gouvernance de la coop ´ eration franc¸aise ´ . 2007. Paris: Ministere des Affaires `
etrang ´ eres. `288 Bibliography
Sturzenegger, Federico A. 1991. "Description of a Populist Experience: Argentina,
1973–1976." In Rudiger Dornbusch and Sebastian Edwards, eds., The Macroeconomics of Populism in Latin America. Chicago: University of Chicago Press.
Svensson, J. 1999. "Aid, Growth and Democracy." Economics and Politics 11: 275–
298.
Swayd, Samy. 2006. Historical Dictionary of the Druzes. Lanham, MD: Scarecrow
Press.
Taagepera, Rein, and Matthew Shugart. 1989. Seats and Votes. New Haven: Yale
University Press.
Talbot, Ian. 2000. India and Pakistan. London: Arnold.
Tambiah, Stanley J. 1992. Buddhism Betrayed? Religion, Politics and Violence in Sri
Lanka. Chicago, IL: University of Chicago Press.
Tannenbaum, Edward. 1972. The Fascist Experience: Italian Society and Culture, 1922–
1945. New York: Basic Books.
Tarrow, Sidney. 1996. "Making Social Science Work across Space and Time: A
Critical Reflection on Robert Putnam's Making Democracy Work." American
Political Science Review 90: 389–397.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

Tate, Katherine. 2003. Black Faces in the Mirror: African Americans and Their Representatives in the U.S. Congress. Princeton: Princeton University Press.
Tavits, Margit, and Taavi Annus. 2006. "Learning to Make Votes Count: The Role
of Democratic Experience." Electoral Studies 25: 72–90.
Taylor, Brian D. 2003. Politics and the Russian Army: Civil-Military Relations, 1689–
2000. New York: Cambridge University Press.
Taylor, Charles. 1985. "What is Human Agency." Human Agency and Language:
Philosophical Paper. Vol. 1. Cambridge: Cambridge University Press.
Taylor, Charles. 1992. Multiculturalism and the Politics of Recognition. Princeton:
Princeton University Press.
Tessler, Mark, and Eleanor Gao. 2005. "Gauging Arab Support for Democracy."
Journal of Democracy 16: 83–97.
Thayer, John. 1964. Italy and the Great War: Politics and Culture, 1870–1915.
Madison, WI: University of Wisconsin Press.
Tilly, Charles, ed. 1974. The Formation of the National States in Western Europe.
Princeton, NJ: Princeton University Press.
Tilly, Charles. 2004. Contention and Democracy in Europe 1650–2000. New York:
Cambridge University Press.
Tolbert, C., and G. Steuernagel. 2001. "Women Lawmakers, State Mandates and
Women's Health." Women & Politics 22: 1–39.
Traub, James. 2007. "Persuading Them." New York Times Magazine, November 25.
Trinkunas, Harold A. 2005. Crafting Civilian Control of the Military in Venezuela: A
Comparative Perspective. Chapel Hill: University of North Carolina Press.
Trofimov, Yaroslav. 2001. Complex Foe: Brandishing Weapons and Aid, Hezbollah Tests U.S. Resolve. Wall Street Journal, 17 December, 1, 6.

MHF
IMAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

Trounstine, Jessica. 2006. "Dominant Regimes and the Demise of Urban Democracy." Journal of Politics 68: 879–893.Bibliography 289
Tsebelis, George. 1995. "Decision-Making in Political Systems: Veto Players
in Presidentialism, Parliamentarism, Multicameralism and Multipartyism."
British Journal of Poltical Science 25: 289–325.
Tsebelis, George. 1999. "Veto Players and Law Production in Parliamentary
Democracies: An Empirical Analysis." American Political Science Review 93: 591–
608.
Tsebelis, George, and Jeannette Money. 1997. Bicameralism. New York: Cambridge
University Press.
Tufte, Edward R. 1997. Visual Explanations: Images and Quantities, Evidence and Narrative. Cheshire, CT: Graphics Press.
Uddin, Sufia. 2006. Constructing Bangladesh. Chapel Hill, NC: University of North
Carolina Press.
U.K. Ministry of Defence. 1997. "Review of Parliamentary Oversight of the Romanian Ministry of National Defence and the Democratic Control of Its Armed
Forces." London: U.K. Ministry of Defence, February.
Ullman, Richard. 1999. "The U.S. and the World: An Interview with George
Kennan." New York Review of Books 46: 4, 6.
UNDP (United Nations Development Programme). 2003. Human Development
Report 2002. New York: UNDP.
U.S. Government. 2001. U.S. Assistance to Partnership for Peace – Report to Congressional Committees, GAO 01-734. Washington, DC: U.S. Government
Accounting Office, July.
Varshney, Ashutosh. 2001. "Ethnic Conflict and Civil Society – India and
Beyond." World Politics 53: 362–398.
Varshney, Ashutosh. 2003. Ethnic Conflict and Civic Life: Hindus and Muslims in India.
New Haven: Yale University Press.

Veremis, Thanos. 1997. The Military in Greek Politics: From Independence to Democracy.
Montreal: Black Rose Books. ´
Wall Street Journal, September 20, 2006.
Walter, E. V. 1964. "'Mass Society:' The Late Stages of an Idea." Social Research 31:
391–410.
Wang, Zhengxu. 2007. "Public Support for Democracy in China." Journal of Contemporary China 16: 561–579.
Way, Lucan A. 2005. "Authoritarian State Building and the Sources of Regime
Competitiveness in the Fourth Wave: The Cases of Belarus, Moldova, Russia,
and Ukraine." World Politics 57: 231–261.
Weber, Eugen. 1976. Peasants into Frenchmen. Stanford, CA: Stanford University
Press.
Wehler, Hans-Ulrich. 1974. "Der Aufstieg des Organisierten Kapitalismus und
Interventionsstaates in Deutschland." In Heinrich August Winkler, ed., Organizierter Kapitalismus: Voraussetzungen und Anfange ¨ . Gottingen: Vandenhoeck ¨
und Ruprecht.
Weiner, Myron. 1987. "Empirical Democratic Theory." In Myron Weiner and
Ergun Ozbudun, eds., Competitive Elections in Developing Countries. Durham, NC:
Duke University Press.290 Bibliography
Weiner, Myron, and Ergun Ozbudun. 1987. ¨ Competitive Elections in Developing Countries. Durham, NC: Duke University Press.
Weingast, Barry. 1997. "The Political Foundations of Democracy and the Rule of
Law." American Political Science Review 91: 245–263.
Welch, Claude E., Jr. 1976. "Civilian Control of the Military: Myth and Reality."
In Claude E. Welch, ed., Civilian Control of the Military: Theory and Cases from
Developing Countries. Albany: State University of New York Press.
Weldon, Steven A. 2006. "The Institutional Context of Tolerance for Ethnic
Minorities: A Comparative, Multilevel Analysis of Western Europe." American Journal of Political Science 50: 331–349.

Welsh, Jennifer. 1995. Edmund Burke and International Relations: The Commonwealth
of Europe and the Crusade against the French Revolution. New York: St. Martins.
Whittington, Keith. 1998. “Revisiting Tocqueville’s America. Society, Politics and
Associations in the Nineteenth Century.” American Behaviorial Scientist 42: 21–
32.
Wickham, Carrie Rosefsky. 2002. Mobilizing Islam: Religion, Activism, and Political
Change in Egypt. New York: Columbia University Press.
Widner, Jennifer. 2007. Constitution Writing and Conflict Resolution Project. Princeton,
NJ: Princeton University <http://www.princeton.edu/∼pcwcr/>.
Widner, Jennifer. 2007. “The Effects of Constitution Writing Procedures on
Choice of Terms and Patterns of Violence: Some Data, Some Observations,
and Many Reasons for Modesty.” Working Paper for Stanford Workshop in Comparative Politics.
Wilkinson, Steven. 2004. Votes and Violence: Electoral Competition and Ethnic Riots in
India. New York: Cambridge University Press.
Williams, Bernard. 1996. “Toleration: An Impossible Virtue.” In M. Heyd, ed.,
Toleration: An Elusive Virtue. Princeton: Princeton University Press.
Wilson, Jeyaratnam A. 2000. Sri Lankan Tamil Nationalism. Vancouver, Canada:
University of British Columbia Press.
Windsor, Jennifer. 2003. “Promoting Democratization Can Combat Terrorism.”
Washington Quarterly 26: 43–58.
Winkler, Heinrich August. 1972. Mittelstand, Demokratie und Nationalsozialismus: Die
politische Entwicklung von Handwerk und Kleinhandel in der Weimarer Republik.
Cologne: Kiepenheuer & Witsch.
Wolin, Sheldon. 1996. “Transgression, Equality, and Voice.” In Josiah Ober and

MHF
IMAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

Charles Hedrick, eds., Demokratia: A Conversation on Democracies, Ancient and
Modern. Princeton: Princeton University Press.
Woodward, E. L. 1938. The Age of Reform. Oxford, UK: Clarendon Press.
Woodward, Susan. 1995. Balkan Tragedy. Washington, DC: Brookings Institution.
World Bank. 2000. New Paths to Social Development: Community and Global
Networks in Action. Working Paper 22339, May 31.
World Values Survey <www.worldvaluessurvey.org>.
Yang, Dali. 2007. "China's Long March to Freedom." Journal of Democracy 18: 58–
64.Bibliography 291
Young, Thomas-Durrell. 2006. "Military Professionalism in a Democracy." In
Thomas C. Bruneau and Scott D. Tollefson, eds., Who Guards the Guardians
and How: Democratic Civil-Military Relations. Austin: University of Texas Press.
Zakaria, Fareed. 1997. "The Rise of Illiberal Democracy." Foreign Affairs 76: 22–43.
Zaki, Moheb. 1995. Civil Society and Democratization in Egypt. Cairo: Konrad Adenauer Stiftung.
Zijderveld, Anton C. 1998. "Civil Society, Pillarization, and the Welfare State." In
Robert Hefner, ed., Democratic Civility. New Brunswick, NJ: Transaction Publishers.
Zimmern, Alfred. 1961. The Greek Commonwealth: Politics and Economics in Fifth
Century Athens. 5th ed. Oxford: Oxford University Press.
Zubaida, Sami. 1992. "Islam, the State, and Democracy: Contrasting Conceptions
of Society in Egypt." Middle East Report 179: 2–10.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پێڕستی دەقە ئینگلیزییەکە

Abidjan, 90
Abu-Ghraib, 252
Aceh, 212
Adams, John, 22
Afghanistan, 1, 4, 31, 141, 149, 233, 242
Africa, 81, 85, 90, 92, 96, 104, 143, 213, 233, 234, 245–246
  Central Africa, 213
  sub-Saharan Africa, 47, 76, 230
African Elections Database, 165
African National Congress (ANC), 83
African Union (AU)
  Constitutive Act, 247
African Union (AU), 7
Ajami, Fouad, 86
Albania, 76, 79
Alfonsín, Raúl, 191, 193, 194
Algeria, 50, 94, 95
  French Algeria, 24
Algerian Berbers, 94
Allison, Graham, 228
Almond, Gabriel, 58
alternative vote (AV). *See* electoral system
Alvarez, Michael E., 222–223
Amazon, 211
American Civil War, 88–89, 92, 100, 104, 105
American Constitution, 157
American Revolution, 23–24
Anatolia, 106
Angola, 244
anti-American sentiment, 75
anti-Muslim sentiment, 117
Appalachian Mountains, 88
Arendt, Hannah, 19
Argentina, 179, 189–194, 195, 208, 209, 217–218, 219, 252
  National Defense Law (1988), 194
  Three Year Plan (1973), 217
armed forces. *See* civil-military relations *and* democratic armed forces
Armenia, 211
Articles of Confederation, 100, 164
Asia, 144, 233
  East Asia, 47
  Southeast Asia, 76
Asia Foundation, 72
Asian Barometer Survey, 246, 250
Association of Southeast Asian Nations (ASEAN), 7, 247
  Democracy Charter, 247
Athenian vector, the, 19, 21, 22, 27, 29
Athens, Classical, 16–20
Atlantic Alliance, 193, 201
Aylwin, Patricio, 191
Azerbaijan, 211

Balkans, 116
Bangladesh, 93–94, 95
  East Pakistan, 93–94
Banks, Arthur, 236
Banting, Keith, 157
Barany, Zoltan, vii, 11, 248, 254, 255, 256–257, 262

Barber, Benjamin, 60
Belarus, 8, 145, 237
Berlin Wall, 7
Berman, Sheri, vii, 10, 37, 254, 257, 262
Bermeo, Nancy, vii, 178–179
Besancon, Alain, 117
Beschel, Robert, Jr., 228
Bismarck, Otto von, 40
Bloc Quebecois, 147
Bohemia, 196
Boix, Carles, 92, 131
Bolivia, 93, 219
Bolton, John, 258
Bosnia, 8, 76, 79, 136, 179, 244
Bratton, Michael, 246
Brazil, 63, 82, 101, 190, 192, 193, 195, 215–217, 219, 252
  Médici government, 216
  Second Development Plan, 216
Britain, 92, 100, 211, 260, 262. *See also* United Kingdom *and* England, 2, 4
  First Reform Bill of 1832, 211
  Gladstone era, 211
Buddhism, 79
Bulgaria, 198, 200, 204
Bunce, Valerie, 81
Burke, Edmund, 20, 21, 23, 24
Burma, 6, 95
Burnell, Peter, 229
Burton, Michael, 157
Burundi, 95, 212, 244
Bush, George W., 4, 76, 84, 205, 248, 258

Callaghy, Thomas, 218
Cambodia, 8
Cámpora, Hector, 217
Canada, 98, 152
  1982 Constitution Act, 157
Canadian International Development Agency (CIDA), 72
Carapico, Sheila, 230
Carey, John M., vii, 11, 155, 248, 255
Caribbean, 233
Carothers, Thomas, 143, 228–229, 251
Carter Center, 83, 84
Carter, Jimmy, 5, 84
Casanova, Jose, 121
Centeno, Miguel, 101
centripetalism. *See* electoral system
Ceylon. *See* Sri Lanka
Chavez, Hugo, 8, 258, 260
Chechnya, 212
Cheibub, Jose Antonio, 222–223
Chile, 79, 179, 189–194
China, 5, 7, 33, 71, 246, 248, 249, 251
  National People's Congress, 248
Chirot, Daniel, viii, 11, 111, 254, 255, 256, 259, 262
Christian Democratic Party (Germany), 73
Christianity, 79
civil society, 110–111, 143, 257
  democracy assistance, 235, 240
  ethnic violence, 53
  history of, 111
  Islamism, 46
  new republican theory, 21
  NGOs, 112
  organizations, 106, 134
  problem of difference, 114
  problem of recognition, 117
  promotion of, 230
  rise of fascism in Italy, 43
  the state, 37
  tolerance, 111
  USAID, 227
  Weimar Republic, 39
civil-military relations, 178–204. *See also* democratic armed forces *and* democratization
  civilian control, 180, 183, 184, 185–186, 187–189, 202, 203, 257
  conscription-based army, 181–182
  ethno-religious representation, 182
  gender and sexual identity, 182
  ideal civil-military relations, 183
  professional armed forces, 181, 182, 183, 184, 256
  role of armed forces, 183–185
  social laboratory, 182–183
  volunteer army, 181–182
Clay, Henry, 30
Clermont-Tonnerre, Stanislav de, 116
clientelism, 218

MAH HUMANITARIAN FOUNDATION

Clinton, Bill, 6, 201, 205
Coes, Donald, 216
Cold War, 4, 194, 195, 205, 223, 258
Collor de Mello, Fernando, 216
color revolutions, 8
Columbia, 63
Commonwealth Human Rights Initiative, 156, 159
Commonwealth Parliamentary Association, 73
communism, 3, 89, 91, 96, 112, 245
Comparative Constitutions Project, 156, 161, 162, 163, 165, 166, 168
competitive authoritarian regimes, 8, 136
Confucianism, 79
Congo, 95
consociationalism, 98, 145, 149
Constant, Benjamin, 60
Constitution Writing and Conflict Resolution project, 161, 162, 166, 168, 172
constitutional moments, 155–156, 159–160
  institutional actors, 162
  veto players, 163
contamination effect, 152
Correa, Juan, 260
Côte d'Ivoire, 90–91, 96
Council of Europe, 7, 194
Crimean War, 211
critical junctures, 189
Croatia, 88, 94, 198
culture
  as an institution, 58–59
  definition, 58
  elites, 111
Czech Republic, 81, 104–105, 207, 245
Czechoslovakia, 196, 199
  Velvet Divorce, 196

Dahl, Robert, 110, 131, 243, 245
Dahrendorf, Ralf, 15
democracy
  communal conflict, 90–99
  communal divisions, 85–90
  constitutional ideals, 157
  definition, 131, 224
  delegative, 137
  electoralist fallacy, 131
  equality, 60, 65
  historical precedents, 99–102
  international norm, 226
  liberal, 89, 90, 106, 108, 259
  nonliberal, 90, 94, 249
  problem of difference, 114
  tolerance, 60, 61
democracy assistance, 5, 222–223, 224, 225, 227, 240, 243, 248, 252, 253–260
democracy building, 178, 183, 225
democracy promotion, 142, 143–144, 195, 202, 205, 222, 223, 225, 226, 227, 228–230, 231–232, 240, 243, 245, 247, 248, 249–252
  culture, 57
  level of economic development, 57
  nationalism, 69
  protestantism, 73
  public safety, 178
  Reagan administration, 6
democratic armed forces, 204
  basic requirements, 181
  building democratic armies, 178–180
  definition, 178, 180–181
  features, 181–183
democratic peace theory, 205, 206–207, 225, 262
Democratic Republic of Congo, 244
democratization, 180, 205–206
  civil-military relations, 178–179
  competitive elections, 131
  complete transition, 209, 214, 215, 221
  democratic consolidation, 207, 220, 221, 222, 247, 259, 262
  diffusion, 239
  domestic prerequisites, 2, 10
  economic development, 205, 212–215, 223, 239, 258–259
  incomplete transition, 209, 210, 211, 212, 213, 214, 215, 217, 218, 219, 221
  institutional design, 11
  mixed regime, 209

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

democratization (*cont.*)
nationalism, 206
post-civil war environment, 179
post-colonial environment, 179
post-communist environment, 179, 180, 187, 189, 202
post-praetorian environment, 179, 180, 187–195, 196, 201
post-war environment, 179
rent-seeking, 213–214
sequencing of transition, 220–221
third wave, 245
tolerance, 111
transition, 209–211, 215, 220
US foreign policy, 8
violence, 206
war, 205, 206–209, 211–212, 220
waves, 2, 220
Department of State, 72, 228
Bureau of Democracy, Human Rights, and Labor, 6
Bureau of Human Rights and Humanitarian Affairs, 6
Derg dictatorship, 211
descriptive representation, 138, 140, 146–150
Diamond, Larry, 228, 229
Diouf, Abdou, 218
Druze, 87
Duverger's Law, 150

East Pakistan. *See* Bangladesh
East Timor, 8, 212, 244
Ecuador, 209, 211
Effective Number of Electoral Parties (ENEP), 152
Egypt, 5, 8, 46, 48, 75, 256
war with Israel, 47
Egyptian Fatimids, 87
election monitoring, 133, 134, 143–144
Election Results Archive, 165
election timing, 133, 141
election-related foreign aid, 133, 134
Electoral College, 142
electoral engineering, 131–154
definition, 133
electoral manipulation, 143–144
electoral rules, 131–134, 140, 141–143, 153, 154
nomination rules, 134
registration rules, 134
secondary election rules, 133
electoral system, 133
alternative vote (AV), 145
centripetalism, 145
definition, 133
mixed system, 148–151, 152, 154
party-list proportional representation, 147
plurality, 150–153. *See also* plurality system, 141, 142, 147, 149
preference voting systems, 145
proportional representation (PR), 133, 141, 142, 145–153, 154
single non-transferable vote (SNTV), 141
single transferable vote (STV), 145
single-member districts (SMD), 133, 147–150, 151
vote-pooling, 145
electoral threshold, 143, 147, 153, 154
Eley, Geoff, 40
elites, 90–91, 92, 93, 94–95, 96, 100, 101, 131, 136, 142, 152, 190, 194, 196, 198, 206, 207, 208, 211, 215, 220, 244, 245, 248, 249, 253–255, 256
democratization, 106–108
Elkins, Zachary, 161
Ellul, Jacques, 117
England, 24, 25, 100, 101, 102, 104, 106, 113. *See also* United Kingdom *and* Britain
Tudor/Stuart Parliaments, 100
Enlightenment, 86, 107
Eritrea, 211
Ethiopia, 211
ethnic cleansing, 105. *See also* genocide
ethnicity, 87–88
Eurasia, 136, 143, 144, 250
Europe, 83, 91, 116, 117, 118, 119, 149, 193, 220, 247
Central Europe, 118, 199, 229, 250

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

Eastern Europe, 81, 112, 118, 196–201, 229, 239, 249, 250
Northwestern Europe, 69
Western Europe, 63, 89, 100, 101, 102, 112, 114
European Commission, 73
European Economic Community (EEC), 194
European Union (EU), 7, 15, 70, 73, 201, 245, 247
Euskadi ta Askatasuna (ETA), 260
exporting democracy, 1–4, 228, 229, 242–245, 249

Fallaci, Oriana, 117
Federalist Papers, 21
Ferguson, Adam, 116
Figueiredo, João Baptista, 192
Finkel, Steven E., viii, 11, 12, 144, 252
Fish, M. Steven, viii, 10, 57, 247, 252
Flanders, 117
France, 32, 70, 71, 91, 100, 101, 104, 105, 208, 211, 252
Albigensian Crusades, 104
Fifth Republic, 100
Franklin, Benjamin, 23
Freedom House, 63, 225, 230, 233, 235, 236, 237, 238, 239
French Revolution, 21, 23, 25, 28, 104
Declaration of the Rights of Man and Citizen, 116, 118
Friedman, Milton, 85–86, 89
Friedrich Ebert Foundation, 72, 84
Fritzsche, Peter, 42
Fukuyama, Francis, 203
Für, Lajos, 199

Gandhi, Indira, 97, 212
Geisel, Ernesto, 216
Gellner, Ernest, 117, 118, 121, 123, 124, 126
gender quota, 153
genocide, 104, 106, 213
ethnic cleansing, 103, 105
George C. Marshall European Center for Security Studies, 201
Georgia, 8, 33, 143
Germany, 39–43, 54, 72, 73, 83, 89, 179, 201, 204, 208, 211, 223, 230
Ghagbo, Laurent, 91
Ghana, 63
Ginsburg, Tom, 161
Gorbachev, Mikhail, 197, 200
Great Depression, 42
Greece, 104, 190, 193, 194, 209, 220
ancient, 115
Commitee on Foreign Affairs and Defense, 194
Greenfeld, Liah, 105
Guantanamo detention camps, 251
Guatemala, 95
Gunther, Richard, 157
Gurr, Ted Robert, 230

Habermas, Jurgen, 32
Haggard, Stephan, 219
Haiti, 8
Hamas, 137, 258
Hamilton, Alexander, 21, 22, 25, 26, 27
Hardin, Russell, 160
Head Start program, 224
Hefner, Robert, 98
Hegel, Georg Wilhelm Friedrich, 27, 112, 116
Hezbollah, 51, 258
Higley, John, 157
Hirohito, Emperor, 244
Hirschman, Albert, 86
Holbroke, Richard, 136–137
Holmes, Stephen, 60
Horowitz, Donald, 89, 145
Houphouët-Boigny, 91
Human Development Index, 231
human rights, 5
Carter administration, 6
democracy, 6–7
Hume, David, 113
Hungary, 81, 104, 199, 245
Defense and Security Committee, 197
revolution of 1848, 25
Huntington, Samuel, 2, 207, 216
Hurricane Katrina, 251
hybrid regimes, 143

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

Ibrahim, Saad Eddin, 256
import substitution, 216
India, 53, 80, 82, 96–97, 98, 102, 106, 107, 116, 138, 152, 179, 201, 202, 203, 211–212
British India, 24
ethnic rioting, 53
Indonesia, 70, 71, 78, 80, 82, 83, 98, 182, 212, 247
Inglehart, Ronald, 148
International Institute for Democracy and Electoral Assistance, 156
International Monetary Fund (IMF), 213, 248
International Peace Academy, 159
International Republican Institute (IRI), 72, 84
Inter-Parliamentary Union, 138
Iran, 75, 76, 127, 209
Iraq, 1, 4, 15, 31, 32, 75, 85, 86–87, 131, 178, 182, 199, 202, 203, 233, 234, 242, 252, 258
Civil War, 203
Ireland, 104, 105
Irish Republican Army (IRA), 260
Islam, 117, 119
Islamic Salvation Front, 50
Islamism, 39, 46
Israel, 81, 84
war with Lebanon, 51
Istanbul, 106
Italian city-states, 115
Italy, 39, 43–46, 54, 70, 71, 117, 152, 230
bienno rosso, the, 45
ius gentium, the. See "law of nations"
Ivanov, Sergei, 198, 199

Jamal, Amaney, 51
Janša, Janez, 198
Japan, 31, 179, 187, 203, 211, 223, 230, 243
Taisho democracy, 211
Jay, John, 22
Jefferson, Thomas, 25, 60
Jewish Question, 114, 116
Jiaobao, Wen, 248–249
Jordan, 75, 247
Juergensmeyer, Mark, 208
just discourse, the, 16, 17, 19, 20
just-war, 21

Kant, Immanuel, 28
league of nations, 29, 30
Kantian self-regulation, 123, 128
Kargil War (1999), 211
Karzai, Hamid, 141
Kashmir, 96, 97, 211–212
Kaufman, Robert, 215, 219
Keesing's World News Archive, 163, 165
Kennan, George, 70
KGB, 199
Knack, Stephen, 230–231
Konrad Adenauer Foundation, 73, 82
Kosack, Stephen, 231
Kosovo, 8, 76
Kossuth, Lajos, 25
Krennerich, Michael, 165
Krueger, Anne, 219
Kučan, Milan, 198
Kulturkampf, 40
Kvashnin, Anatolii, 198
Kwanza, 117
Kyrgyzstan, 76, 79

Latin America, 30, 83, 84, 93, 101–102, 105, 136, 143, 144, 149, 187, 189–195, 201, 210, 213, 219, 220, 228, 233, 234, 246, 247, 250
Central America, 6
law of nations, the, 20, 21, 23
Le Pen, Jean-Marie, 117
Lebanon, 85, 86–87, 98, 99, 179, 247, 258
Lenin, V.I., 89
Liberia, 8, 104
Lijphart, Arend, 98, 145, 149
Limongi, Fernando, 222–223
Lincoln, Abraham, 25, 89, 103
Linz, Juan, 186, 215–216
Lipset, Seymour Martin, 60, 222, 239
Lithuania, 149, 152
Locke, John, 21, 23
Lowenthal, Abraham F., 227–228, 229
Lukashenka, Alexander, 8

MHF
IMAM HUMANITARIAN FOUNDATION

Macedonia, 79, 196
Machiavelli, Niccolò, 21, 178, 181
Madison, James, 21, 22, 116
Magna Carta, 100, 102
Mahatir, Mohamad, 102
Malaysia, 83, 95–96
  New Economic Policy, 95
Mali, 76
managed elections, 136
Mandela, Nelson, 82, 83
Manent, Pierre, 15
Mansfield, Edward D., viii, 11, 137–138, 244–245, 254, 256, 262
Marx, Anthony, 101
Marx, Karl, 27, 112, 113
Marxism, 89
Matland, Richard E., 146, 148
Mbeki, Thabo, 82
McFaul, Michael, 8, 245
medieval Canon law, 125
Melians, 17, 20
Menem, Carlos Saúl, 193
Mexico, 143, 237
Middle East, 47, 79, 80, 83, 84, 85, 87, 116, 144, 205, 230, 234, 258
military intervention, 230
Mill, John Stuart, 24, 60
Millenium Challenge Account, 248
Milošević, Slobodan, 88, 94
minority groups, 102–106
minority-majority districts, 147
Moldova, 76
Montenegro, 198
Montesquieu, 4, 21, 22, 27, 60, 86
Montoneros, 217
Morales, Evo, 260
Morishima, Rumi, 231
Morocco, 75, 247
Moser, Robert G., viii, 11, 249, 254
Mozambique, 8
Mubarak, Hosni, 8
Mugabe, Robert, 8, 82
multiculturalism, 104, 105
  tolerant multiculturalism, 104
Muñoz, Oscar, 217
Muslim Brotherhood, 48
Nagorno-Karabakh, 211
Naimark, Norman, 105
Napoleon, 27
Napoleon III, 211
Nasr, Vali, 87
Nasser, Gamal Abdel, 46
nation
  definition, 87–88
National Democratic Institute (NDI), 72, 82
National Endowment for Democracy (NED), 1, 6, 8, 231, 233, 247
National Science Foundation, 246
National Socialism, 42
nationalism, 57, 69, 101, 104, 137, 207–208, 209, 211, 213, 214–215, 220, 221, 256, 260
  definition, 207–208
  democracy promotion, 69
  logrolling, 209
  nationalist blowback, 208–209
  nationalist outbidding, 208
  prickly and smooth, 69
  quality of, 73
nation-building, 203
natural law, 124
Nazis, 42, 43
Nehru, Jawaharlal, 97
neo-Nazis, 117
Netherlands, 182
  pillarization, 99
new institutionalist approach, 189
New People's Army, 260
New Zealand, 15, 149, 152
Newbert, Paula, 229
Nicaragua, 209
niche party, 153
Nietzsche, Friedrich, 27
Nigeria, 93, 203, 212
Noahide commandments, 124
Nodia, Ghia, 3, 249, 251
Nohlen, Dieter, 165
nomination rules, 136
Norris, Pippa, 145, 148
North Africa, 80
North America, 63, 69, 193

MHF HUMANITARIAN FOUNDATION

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION